


کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: رەحمان نەقشی

ڕەزبەری ٢٧١٨ی کوردی - ئۆکتۆبەری ٢٠١٨ی زایینی

# سۆزی باران

هەتاو سوور و خەزان سوور، شەممە سوورە

وڵاتی ژان و حەسەرت بێ سنوورە

لە شەوقی وەسڵی دەریای شینی هەر مان

هەناوی نۆزدە رووبار پڕ لە نوورە

لە دەوری مۆمی هیوای هاتی ئاوات

حەز و عیشقی پەپوولانە سەری هات

نەوەستان و نەحەجمین تا گڕیان گرت

گڕەو بۆ تۆڵە بۆ ناخی شەو ئەڕوات

گوڕەی بێدەنگی وەک هەوری بەهاران

دەگرمێنێ بە ریتمی سۆزی باران

بەهار دێنێ و دەبخشێ تا ئەبەد یاد

بە باڵای گڕ پژێنی پۆلی یاران

بێبەش پیرۆتی

# پێرست

## ڕاگەیاندراوەکان حیزب ........... لاپەڕەی ............ ١٥

١- دەستدرێژیی مووشەکیی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان...
٢- پەلاماری هەوایی و مووشەکیی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان...
٣- شەهیدەکانی تاوانی هێرشی مووشەکیی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر قەڵای دیموکرات...
٤- شەهیدانی موشەکبارانەکەی قەڵای دێموکرات بە خاک سپێردران...
٥- پەیامی سکرتێری گشتیی حدک دوای ڕووداوی هێرشە موشەکییەکەی سەر قەڵای دێموکرات ...
٦- کۆمیتەی بەرێوەبەری یەکیەتی ژنانی دیموکراتی کوردستان دەرەوەی ولات...
٧- یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان کۆمیتەی سوئێد...
٨- مامە قالە، شەهیدێکی دیکە مووشەکبارانی ١٧ای خەرمانان...
٩- سوپاس نامەی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان!...

## هاوخەمی کەسایەت و حیزب و ڕێکخراوەکان ....... لاپەڕەی .... ٣٤

١- سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان...
٢- پەیامی مەسعوود بارزانی...

٣- پەیامێک لە کۆسرەت رەسوڵ عەلی...

٤- لێدوانێکی رۆژنامەگەریی لە سەرۆکایەتیی کۆمار...

٥- یەکێتی نیشتمانی کوردستان...

٦- کۆمەڵە (رێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)...

٧- کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران...

٨- کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان...

٩- رێکخراوی خەبات،ی شۆڕشگێڕی کوردستان...

١٠- شووڕای دیمۆکڕاسی خوازانی ئێران...

١١- پارتی ئازادیی کوردستان...

١٢- پارتی سەربەستیی کوردستان...

١٣- فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان...

١٤- راگەیەندراوی هاوبەشی ١٠ رێکخراوی سیاسی...

١٥- وەزارەتی دەرەوەی عێراق...

١٦- رێکخراوی خەڵکی کرمانجی خوراسان...

١٧- دکتۆر نەجمەدین کەریم...

١٨- پەیامی یەکیەتییەکانی ژنان، لاوان و خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران...

١٩- کۆما جڤاکێن کوردستان (کەجەکە)...

٢٠- پارتی ژیانی ئازادی کوردستان - پژاک...

٢١- رێکخراوی داکۆکیی لە مافی مرۆڤی کوردستان ئێران...

٢٢- هێرشی ئێران بۆ سەر کەمپێک لە ناو خاکی هەرێمی کوردستان لە عێراق...

٢٣- ئەمریکا لەبارەی هێرشەکەی کۆیە: ئێران رۆڵێکی خراپ لە عێراقدا دەگێڕێت...

٢٤- پارتی سوسیالیستی کوردستان...

٢٥- تەڤگەری ئازادی کۆمەڵگەی کوردستان...

٢٦- یەکێتیی دیموکراتی کوردستان - ئێران...

٢٧- پەیامی هاوخەمی قەشەی کڵێسای کۆیە...

٢٨- پارتی سوسیال دیموکراتی سوید...
٢٩- راگەیەندراوی کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کوردستانی ئێران...
٣٠- کۆمەڵێک لە ئاکادێمیسیەن و رووناکبیرانی کورد...
٣١- رێکخراوی ئەنترناسیونالی سۆسیالیست...
٣٢- ژمارەیەک حیزب و لایەنی سیاسیی چوار پارچەی کوردستان...
٣٣- شەپۆلی هاوخەمی و، پشتیوانی کردنی خەڵکی کوردستان...
٣٤- پارتی دێموکراتیکی گەلان"هەدەپە"...
٣٥- مەڵبەندی پێشمەرگە دێرینەکان...
٣٦- پەیامی هاوخەمیی بەشێک لە تەشکیلاتی حیزب لە ناوخۆی وڵات...
٣٧- رێکخراوی خەڵکی کرمانجی خوراسان...
٣٨- بەردەوامیی مەحکوومکرانی مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات...
٣٩- پارێزگاریی لە کوردەکانی ئێران بکەن...
٤٠- لێدوانی نوێنەری بریتانیا لەبارەی هێرشی مووشەکیی ئەم دواییانە بۆ سەر عێراق...
٤١- پەیامی هاوخەمیی بنەماڵەی رامین حوسێن پەناهی...
٤٢- رێکخراوی نێونەتەوەیی لاوانی سۆسیالیست...
٤٣- شیرین عیبادی پاریزەر و کەسایەتی ناسراوی ئیرانی
٤٤- هەڵوێستی ١٥ نوێنەری پەرلەمانی بریتانیا لە هەمبەر مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات
٤٥- نیکی هێلی؛ نوێنەری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووکان
٤٦- نوێنەرێکی دیکەی کانادا، هێرشی مووشەکیی ئێرانی بۆ سەر قەڵای دێموکراتی مەحکووم کرد

## مانگرتنی گشتی لە رۆژهەڵاتی کوردستان ........... لاپەڕەی ........... ١٠٥


١- ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستان بۆ مانگرتن...

٢- رۆژهەڵاتی کوردستان لە مانگرتنی گشتیدایە...

٣- یەکەم بەیاننامەی ئەمڕۆی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران...

٤- خرۆشانی کۆمەڵانی خەڵکیی کوردستان! ..................................................... ڕەزا محەممەدئەمینی

٥- ئافەرین رۆژهەڵاتی کوردستان ................................................................ سمایل شەرەفی

٦- مانگرتنی گشتیی ئەمجارەی کوردستان و وەحشەتی ڕێژیم لە پەیامەکەی ............................. قادر وریا

٧- پەیام بە بۆنەی سەرکەوتنی شکۆداری مانگرتنی گشتی لە کوردستان ...................... ڕەحمان حسەین زادە

٨- مانگرتن وەک غرووری ئازادی ................................................................. ڕێبوار کەریمی

٩- مانگرتنی کوردستان و یەکریزیی نەتەوەکەمان ............................................ ڕەزا محەممەدئەمینی

١٠- میلیتاریزە کردنی کوردستان دوای مانگرتنی ٢١ی خەرمانان ..........................................

١١- لە پەراوێزی بیست و یەکی خەرمانانی ٩٧دا ..................................................... کەیوان درووودی

١٢- دەنگدانەوەی بەربڵاوی مانگرتنی گشتیی کوردستان لە میدکاندا .......................................

١٣- دەسبەسەرکرانی دوازدە چالاکی مەدەنی بە بۆنەی پشتیوانی لە مانگرتنی خەڵکی رۆژهەڵات ............

١٤- شەپۆلێکی نوێ لە سەرکوتی خەڵکی کوردستان و ئاکامێکی پێچەوانە ......................... شاوەیس حەمدی

١٥- سپاس و پێزانینی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران

١٦- دەنگدانەوەی بەربڵاوی مانگرتنی گشتیی کوردستان لە میدکاندا

١٧- دەسبەسەرکرانی دوازدە چالاکی مەدەنی بە بۆنەی پشتیوانی لە مانگرتنی

## چالاکی لە دەرەوە و ناوخۆی کوردستان ........... لاپەڕەی ........... ١٤٩

١- بەرێوەچوونی خۆپێشاندانێک لە دانمارک...

٢- خۆپێشاندانی کوردانی بریتانیا...

٣- سەردانی شاندێکی پارلەمانی هەرێمی کوردستان لە حیزبی دێموکراتی کوردستان...

٤- خۆپێشاندانی کوردستانیانی ڤانکوڤێری کانادا...

٥- بەرێوەچوونی رێورەسمی پرسە و سەرەخۆشیی شەهیدانی ١٧ی خەرمانانی قەڵای دێموکرات...

٦- بەرێوەچوونی خۆپێشاندانی نارەزایەتی لە وڵاتی فینلاند...

٧- خۆپیشاندانی کۆمەڵێک چالاکوانی سیاسی لە شاری یۆتێبۆری سوید...

٨- کۆبوونەوەی نارەزایەتی لەهەمبەر مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات لە هەولێر...

٩- بەشداری ئەندام و لایانگرانی ح د ک لە خۆپێشاندانی ریسوا کردنی رژیمی ئیسلامی ئێران لە شاری لەندەن...

١٠- بەرێوەچوونی کۆبوونەوەی نارەزایەتی لە وەڵاتی هۆلەند...

١١- خۆنیشاندن بۆ دژایەتی تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامی ئێران لەبەردەم وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا...

١٢- بەرێوە چوونی ئاکسیۆنێک بۆ مەحکوم کردنی پەلاماری هەوایی لە وڵاتی ئاڵمان...

١٣- بەرێوەچوونی خۆپێشاندانێکی بەرین لە کۆپێنهاگی وڵاتی دانمارک...

١٤- خۆپیشاندانی سەدان کەس لە ستۆکهۆڵم بۆ شەرمەزارکردنی موشەک بارانی قەڵای دێموکرات...

١٥- پرێس کۆنفرانسی جێگری سکرتێری حیزبی دیموکراتی کوردستان لە شاری هەولێر...

١٦- سەردانی هەیئەتێکی کومیتەی ح د ک بۆ وەزارەتی دەرەوەی سوید...

١٧- هەیئەتێکی حدک سەردانی بارەگای سەرەکیی نەتەوە یەکگرتووەکانیان لە نۆروێژ کرد...

١٨- دیدارێکی تایبەت لە پارلمانی بریتانیا...

١٩- سەردانی شاندێکی هاک پارتی لە سکرتاریای حیزبی دێموکراتی کوردستان...

٢٠- پشتیوانی کردنی خەڵکی مەریوان لە حیزبی دێموکراتی کوردستان...

٢١- لە شاری سەقز، رێز لە شەهیدانی ١٧ی خەرمانان گیرا...

٢٢- بەڕێوەچوونی چالاکیی تەبلیغی بۆ پشتیوانی کردن لە حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە شاری سەردەشت...

٢٣- بەرێوە چوونی ئاکسیۆن لەبەر دەم کۆنسولگەری ئامریکا لە شاری فرانکفۆرت...

٢٤- بەرێوەچوونی خۆپێشاندانی نارەزایەتی لە پاریس لە دژی کۆماری ئیسلامی...

٢٥- ئاکسیۆنێک دژ بە هێرشی مووشەکیی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆسەر قەڵای دێموکرات، لە نۆروێژ....

٢٦- بەرێوەچوونی سمیناری "کورد قوربانی تیرۆریزم" لە وڵاتی فینلاند...

٢٧- کۆڕی پرسە و رێزلێنان لە شەهیدانی کارەساتی قەڵای دێموکرات لە دانمارک...

٢٨- خۆپیشاندانی کوردانی ئۆتریش و مەحکووم کردنی هێرشی مۆشەکی قەڵای دیموکرات...

٢٩- کۆرپادی رێزگرتن لە شەهیدانی ١٧ای خەرمانان لە ستۆکهۆڵمی پایتەختی سوید...

٣٠- پەیمانی وەفاداریی بەشێک لە ژنانی نێوخۆی وڵات، لە گەڵ شەهیدان "نەسرین و سوهەیلا"...

٣١- چالاکیی تەبلیغی بە بۆنەی شەهیدانی ١٧ای خەرمانان لە شاری سنە...

٣٢- رێورەسمی بەرز راگرتنی یادی شەهیدانی قەڵای دێموکرات و تیرۆری میکۆنووس لە وڵاتی ئاڵمان...

٣٣- خۆپیشاندانی نارەزایەتی کوردانی دانیشتووی سویس لە بەردەم رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان...

٣٤- خۆپیشاندانی کوردستانیانی دانیشتووی شاری ترۆندهایمی نۆروێژ...

٣٥- لەشاری بریزبێنی ئوسترالیا کۆرێک بۆ رێزگرتن لەشەهیدانی هەشتی سیپتامبر...

٣٦- رێو رەسمی رێزگرتن لە شەهیدانی ١٧ای خەرمانان و شەهید دوکتۆر سادق شەرەفکەندی و هاورێیانی! لە شاری " تورکو"ی وڵاتی "فینلاند"...

٣٧- رێزگرتن لە شەهیدانی قەڵای دیموکرات شاری ناشویل،ی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا...

٣٨- لە شاری ئادالایدی وڵاتی ئوسترالیا رێز لە شەهیدانی قەڵای دیموکرات گیرا...

٣٩- کۆر یادی رێز گرتن لە شەهیدانی موشەکبارانی ١٧ای خەرمانانی قەڵای دێموکرات لە ڤانکۆڤێری کانادا...

٤٠- بەرێوەچوونی کۆرێکی یادکردنەوە لە شەهیدانی ٨ی سیپتامبر لە وڵاتی سویس...

٤١- لە دەڤەری واشنگتۆن،ی پایتەختی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا رێز لە شەهیدانی قەڵای دیموکرات گیرا...

٤٢- پێکهاتنی کەمپەینێک لە ژێرناوی "من دێموکراتم" لە کوردستان...

٤٣- چالاکیی تەبلیغی بە بۆنەی شەهیدانی میکۆنووس و شەهیدانی قەڵای دێموکرات لە شاری شنۆ...

٤٤- کۆبوونەوەی نارەزایەتی بە دژی مووشەک بارانی قەڵای دێموکرات لە وڵاتی سوئیس...

٤٥- بە بەشداری سەدان کەس لە وڵاتی نۆروێژ کۆری پرسە و ماتەمینی شەهید "مامە قالە ریشە"...

٤٦- چالاکیی تەبلیغی ئەندامانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان، لە شاری تاران...

٤٧- بەرزڕاگرتنی یادی شەهیدانی قەڵا، لە پارێزگای ئیلام...

٤٨- چاوپێکەوتنی بەرپرسی بەشی پێوەندییەکانی دەرەوەی کۆمیتەی ح د ک لە سوید لەگەڵ نوێنەری حیزبی کۆمونیستی ئەو وڵاتە...

٤٩- کۆڕیادی شەهیدانی ١٧ی خەرمانان لە شاری "ترۆندهایم"ی نۆرویژ...

٥٠- بەڕێوەچوونی کۆڕیادی شەهیدانی قەڵای دیموکرات لە شاری یۆتێبۆری سوید...

٥١- چاوپێکەوتنی بەرپرسی پەیوەندییە بیانیەکانی حدک لە رۆژئاوای کانادا لەگەڵ ران مەکانن ئەندام پارڵمانی فیدراڵی کانادا...

٥٢- پرسی شەهیدانی قەڵای سەربەرزی دێموکرات گەیشتە پارڵمانی کانادا...

٥٣- خۆپیشاندانی ئەندامانی حدک و دژ بەرانی ڕژیمی ئیسلامی لە بەردەم ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە نیۆیۆرکی ئەمریکا...

٥٤- سەردانی بەرپرسی بەشی پەیوەندیەکانی حدک لە نوسینگەی هەردووک وەزیری بەرگری و دادی کانادا...

٥٥- چالاکیی تەبلیغی لە شاری سنە، بە بۆنەی ١٧ی خەرمانان...

٥٦- سەردانی بەرپرسی کومیتەی بەڕێوەبەریی دەرەوەی وڵاتی حدک لە وەزارەتی کاروباری دەرەوەی هولەند...

٥٧- دیداری جێگری سکرتێری گشتیی حیزب لەگەڵ بێرنارد کوشنێر و پیتەر گاڵبریس سەبارەت بە موشەکبارانی قەلای دێموکڕات...

٥٨- گردبوونەوەی ڕێکخراوی ژنانی دێموکرات،لە شاری هەولێر...

٥٩- سەردانی د. بێرنارد کوشنێر لە قەڵای دێموکڕات...

٦٠- سەردانی بەرپرسی کومیتەی بەڕێوەبەریی دەرەوەی وڵات لە بنکەی سەرەکی ئەمنیستی ئینتەرناشناڵی هولەند لە ئەمستردام...

٦١- سەردانی چیمەن خان بەرپرسی یەکیەتیی ژنان لە سنووری شاری کۆیە بۆ یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان...

٦٢- سەردانی نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بریتانیا لە پارلمانی ئەو وڵاتە...

## دیدو بۆچوونی نووسەران ........... لاپەڕەی ........... ٢٧١

١- هـاودەردیی و وردە تێرِوانینێـک لە سـەرکردەوەی تیرۆریسـتی کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران لە دەشـتی کـۆیە ........................................................................................... عەزیز شێخانی

٢- چاوساغ و سیخوڕەکانی ئیتیلاعات لەکۆیە کێن؟ ....................................................... ئـاوێنە

٣- بۆردومانەکەی ئێران ................................................................ ئاری محەمەد هەرسین

٤- بۆردومانی کۆیە! ....................................................................... ئارێز عەبدوڵلا

٥- هێرشەکەی کۆیە و چەند ڕاستییەکی سادە ................................................. فەیسەڵ شێخانی

٦- کوردو جەنگی ناهاوسەنگ ................................................................ ئاراس فەتاح

٧- کۆیە ............................................................................................ عەزیز ڕەوف

٨- ئێران چۆن گەیشتە کۆیە!! ............................................................... ڕەحمان غەریب

٩- بۆردوومانەکەی کۆیە و پەیامەکەی سەرۆک بارزانی ........................................... سوورە مەرگەیی

١٠- ئێران بە خەونە مەترسیدارەکانیەوە لە پەلەقاژێ دایەو ....................................... هادی باڵەیی

١١- پێگەی بەرزی حیزبی دێموکراتی کوردستان و کردەوەی ترسەنۆکانەی تاران ................... سمایل شەرەفی

١٢- هێرشەکەی سەر کۆیە پەیامێکە لە ئێرانەوە بۆ ئەمریکا و سعودیە و ئیسرائیل"................. عەلی زەڵمی

١٣- پەلاماردانی کۆیەو زیاتر لەپەیامێک .................................................... هیوا سەید سەلیم

١٤- هێزی مووشەکیی ئێران و تەگەرەی ئەمنییەتی ................................... دوکتور محەممەد حسەینزادە

١٥- ڕۆژهەڵاتی کوردستانم: ................................................................. سەرکەوت کەلاری

١٦- ئەوەی لە کۆیە روویدا نیشانەی شکڵگرتنی خواستی نەتەوایەتی کوردە ......................... هیدایەت جان

١٧- مووشەکەکان پەیام بوون، یان ستراتیجی ئێران؟ ............................................ عارف قوربانی

١٨- تا لەنێو هەژمووونی زلهێزەکاندا نغرۆ نەبووین! ............................................... مستەفا محەمەد

١٩- هێرشەکەی ئێران بۆ سەر کوردەکان، پەیامێکە بۆ واشنتۆن، ریاز و ئۆرشەلیم ................... سێس جەی. فرانتزمان ........................................................ وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: پەیرەو ئەنوەر

٢٠- لە تۆڵەی کەربەلاکەی دەشتی کۆیە ........................................................ ڕێبوار کەریمی
٢١- خوێنەکەو دیموکرات و ئێران ........................................................ لەتیف فاتیح فەرەج
٢٢- لە کۆیەوە بەرەو ئەدلب ........................................................ هونەر تۆفیق
٢٣- هاشم گیان، کاروانی سوور و بریندارتان، لە دەشتی کۆیە نیشتەجێ بوون .................. گەلاوێژی حسینی
٢٤- ناوێک بۆ هەمیشە زیندوو ........................................................ بەرزان شیوەجانی
٢٥- مووشەکبارانی بنکەکانی دێموکرات، هۆکار و دەرئەنجامەکانی ........................................ کاروان
٢٦- تێرۆریزمی مووشەکی ........................................................ کەریم پەرویزی
٢٦- هێندێک کارەسات هەن زۆر دڵتەزێن و جەرگبڕن ........................................ کوێستان فتوحی
٢٧- کۆماری ئیسلامی لەبەرچی حدک کردە ئامانجی مووشەکە بالستیکەکان؟ ..................... عەلی بداغی
٢٨- مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات و هەڕەشە بۆ سەر هەرێمی کوردستان ...................... نەبی محەممەدی
٢٩- بۆمبارانی کۆیەو حکومڕانانی هەرێم ........................................................ بەهادین نوری
٣٠- نامترسێنێ گولله، پەتک، سێدارە ........................................................ نەسرین یوسفزادە
٣١- سڵاو لە شەهیدانی قەڵای دیموکرات و شارەکانی سنە، مەریوان و میاندواو ..................... هاشم کەریمی
٣٢- لەو ململانێیەدا کێ چی بەدەست هێنا؟ ........................................................ عەبدوڵڵا موهتەدی
٣٣- کۆدی قۆناخێکی تازە: پێکدادانی کورد - ئێران! ........................................ زریان رۆژهەڵاتی
٣٤- سپاس و پێزانین؛ ........................................................ بنەماڵەی شەهید هاشم عەزیزی
٣٥- هاوکاری پێویستی بە فێربوونی هاوبەشە ........................................................ مەجید حەقی
٣٦- سپاس و پێزانین ........................................................ ژیلوان و ژیوار حسنپور
٣٧- با بە کۆدەنگی پلان و پیلانی کۆماری ئیسلامی پووچەڵ کەینەوە ........................ مستەفا شەڵماشی
٣٨- مووشەکبارانی "قەڵای دێموکرات" و هەڵەیەکی گەورە ........................................ سمایل شەرەفی
٣٩- ترسی هیستریکی ڕێژیم لە وێژمانی حیزبی دێموکراتی کوردستان ........................ حەسەن شێخانی
٤٠- تیرۆر و توندوتیژی میکانیزمی هەمیشەییی ڕێژیمی تاران بۆ سەرکوتی گەلی کورد .......... ساماڵ ئەحمەدی
٤١- حدک و دیفاکتۆی کوردستانی سەربەخۆی لە زەینی تاکی کورددا ................................ ژیوار رەسووڵی
٤٢- بەیاننامە: لەبارەی بەڕێوەچوونی "پلینۆمی شەهیدانی ١٧ی خەرمانانی قەڵای دێموکرات" ......................
٤٣- ئەو ڕۆژەی "پێشەوا"م ناسی ........................................................ قادر وریا

٤٤- سپاس و پێزانین بنەماڵەی شەهید هاوڕێ شێخانی ........................................ خالید وەنەوشە
٤٥- هەیبەتی پێشمەرگانەی بۆ ساتێک لە بەرچاوم ون نابێ ........................................ قادر وریا
٤٦- وتاری نیکی هێلی باڵویزی ئەمریکا لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان ...... و: مەحمەد خادمیانی
٤٧- ئەگەر گوڵ بان ........................................................................ ئاوات حەسەن پوور
٤٨- ١٧ای خەرمانان و ١٧ای سێپتامبر دوو "شاکار"ی دەستی تاوان ........................................ ئاوات
٤٩- بزووتنەوەی کورد و پرسی کورد لە ئێران لە دەلاقەی ڕووداوەکەی ١٧ خەرمانانەوە ........... عەزیز شێخانی
٥٠- کارەساتی ١٧ای پووشپەر و تەناهی نێودەوڵەتی ........................................ ئاگری ئیسماعیل نیژاد
٥١- مووشەک تێگرتن لە "ئەوانی تر" ........................................................ ڕزگار ئەمین‌نژاد
٥٢- قۆرتێکی گەورە لە بەردەم ڕێژیمی ئێران ........................................................ قادر وریا
٥٣- بۆ حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بۆتە ئامانجی مووشەکە دوور هاوێژەکانی ڕژێمی ئێران ..... تاهیر مولان نژاد
٥٤- مووشەک بارانی قەڵای دێموکرات و وورەی بەرزی پێشمەرگە ........................................ برایم چووکەڵی
٥٥- هونەری دەروەست لە قووڵایی کارەساتدا ................................................ دیمانە: شەونم هەمزەیی
٥٦- بۆچی قەڵا؟ بۆ حیزبی دێموکڕاتی کوردستان؟ ........................................................ وریا رەحمانی
٥٧- هێرشی درندانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی بۆ سەر قەڵای دێموکڕات و کاردانەوەی لە میدیای جیهانییدا ........................................................................................ کەماڵ حەسەن پوور
٥٨- کاتێک کۆمەڵگە لە سەر سیاسییەکانی دێتە دەنگ ........................................ خالید محەممەدزادە
٥٩- سیلەلێگردنی هەمیشەیی کۆماری ئیسلامی لە حیزبی دێموکراتی کوردستان، هۆ و هۆکارەکان! .. عومەر باڵەکی
٦٠- مووشەکی کۆماری ئیسلامی و چەکی عەقڵانیی حیزب ........................................ کارۆ حەسەنزادە
٦١- ووتەکانی لۆرد گلاسمەن و کاک خالید عەزیزی لە پانێلی کنفراسی سالانەی لیبەر پارتی لە لیفەرپوول .....
٦٢- ڕێژیمێکی تێرۆریستپەروەر بە زمانێکی لووسی دێپلۆماتیکەوە ........................................ سمایل شەرەفی
٦٣- پاش موشەک بارانی قەڵای دێمۆکرات، زۆر زیاتر و چاکتر لە جاران دەرکەوت کە حدک چ سەرمایەیەکی دەوڵەمەندی ئینسانی هەیە ........................................................ سەعید بەگزادە
٦٤- سپاس و پێزانین‌ای؛ ........................................................ بنەماڵەی شەهید برایم زێوەیی
٦٥- لە وەڵامی کۆمەڵە کەسێکی ترسەنۆک و بێ‌ئێعتبباردا ........................................ سمایل شەرەفی
٦٦- تا بمێنم یادت دەکەم ........................................................................ ئازاد عەبباسیان

٦٧- ئەمڕۆژانە ناخۆشترین و تاڵترین ڕۆژەکانی ژیانم ........................................ سورەییا پەیرەوان
٦٨- هۆی هێرشی موشەکی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر "قەڵای دیموکرات" لە باشور! ......................... هۆمەر
٦٩- ڕژێم ئامانجی نەپێکا ............................................................... مستەفا شەڵماشی
٧٠- ئەمشەو سەربازی تۆم فەرماندە ........................................................ ئازاد عەبباسیان
٧١- لە جیاتی خەڵاتێک .................................................................. قادر وریا
٧٢- قۆناغی نوێی تیرۆری نەیاران لە دەرەوەی وڵات و پێویستیی بەرپەرچدانەوەی ..................... قادر وریا
٧٣- بۆ تێکۆشەر کاک مەحمەد حەسەن پوور ................................................ عەلی سوورەچومی
٧٤- یادت لە دڵمایە تا بمێنم ............................................................ ئازاد عەبباسیان
٧٥- موستەندی٣٦٠ دەرەجە و چەند قسەیەک ................................................ برایم چووکەڵی
٧٦- نیزامی کۆماری ئیسلامی و ناهاوسەنگیی لەگەڵ نەزمی جیهانی ................................ عومەر باڵەکی
٧٧- تێرۆر، بەڵگەی ڕوونی نارەوابوون ..................................................... ڕەحمان سەلیمی
٧٨- سوپاس و پێزانین ................................................... بنەماڵەکانی حەداد و حەسەنپوور

## هونراوەکان .......... لاپەڕەی ........... ٥١٢

١- تاگومی خوێنم قووڵتر بێ ............................................................ نزار کوێستانی
٢- ئەستێرە بارانە ....................................................................... ئاشق ئیسماعیلی
٣- ئازار و خەم ........................................................................ ئاسۆ خەبات
٤- گوڵی ............................................................................. بێبەش پیرۆتی
٥- میوانە تازەکانی گۆڕستانی شەهیدان ................................................. ڕەسووڵ سوڵتانی
٦- شەهید ............................................................................. ڕەسووڵ سوڵتانی
٧- دوو خووشک و دوو هاوڕێی دایک شێوەی ژیانی پێشمەرگایەتیم ................................. ئاسۆ خەبات
٨- بۆ شەهیدانی خاک .................................................................. عەزیز شێخانی

٩- ئەمڕۆ لە کۆڕیادی شەهیدانی ئازیزماندا لە فینلەند! ........................................ نزار کوێستانی
١٠- تاران لەرزی ............................................................................ بێبەش پیرۆتی
١١- زامی قەڵا ............................................................................ کوێستان عومەرزادە
١٢- لێمگەڕێ با کوڵی دڵ هەڵڕێژم ............................................................ ڕەسووڵ سوڵتانی
١٣- من چەند بیرم کردوون! ...................................................................... ئاسۆ خەبات
١٤- دارەپیرە، لەناو خوێنا ...................................................................... عەلی بداغی
١٥- بۆ میرزا برایم زێوەی ......................................................... محەممەدی فەقێ عەلی
١٦- تۆ بڵێی ................................................................................. کامەران عەبدوڵاهی
١٧- قەڵایەک دەکێشمەوە ........................................................ فەوزیە سوڵتان بەیگی
١٨- بمبوورە کە زۆر کەم گریام ................................................................ خاڵە قازی
١٩- بۆ هەموو قەڵاکانی نیشتمانم .......................................................... شەهلا دەباغی



## دەستدرێژیی مووشەکیی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان




**بە ئاگاداریی بیروڕای گشتی دەگەیەنین کە کاتژمێر ١٠:٤٥ی پێشنیوەڕۆی ئەمڕۆ شەممە، ٨ی سێپتامبری ٢٠١٨، قەڵای دیموکرات، بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، لە کاتی بەڕێوەچوونی پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی دا کەوتە بەر هێرشی مووشەکی و هەوایی کۆماری ئیسلامیی ئێران. لە کاتی ئەو هێرشە و بە دوای ئەو هێرشە دا، فڕۆکەی بی سەرنشین بە ئاسمانی کۆیەدا خولاوەتەوە. هەر دوا بە دوای هێرشە مووشەکییەش بۆ سەر سکرتاریای حیزب، قەڵای دیموکرات کەوتە بەر هێرشی چەندین مووشەکی دیکە.**

**بە داخەوە ژمارەیەک لە تێکۆشەرانی حیزب بە هۆی ئەم هێرشەوە، شەهید و بریندار بوون. لە ڕاگەیەندراوەکانی داهاتوو دا زانیاریی زیاتر بە ئاگاداریی بیروڕای گشتی دەگەیەنین.**

**دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان**

**١٧ی خەرمانانی**

**نیوەڕۆی ٨ ی سێپتامبری ٢٠١٨**

## بەیاننامە: پەلاماری هەوایی و مووشەکیی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان




**خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان!**

**هێز و ڕێکخراوە سیاسییە کوردستانی و ئێرانییەکان!**

**ناوەند و کۆڕ و کۆمەڵە مرۆڤدۆستەکان!**

**کۆماری ئیسلامیی ئێران هەر چی زیاتر لە نێوخۆی وڵات لە گەڵ پەرەگرتنی نارەزایەتییەکانی خەڵک و، لە دەرەوە لە گەڵ گوشارە سیاسی و ئابوورییە نێودەوڵەتییەکان بەرەوڕوو دەبێ، پتر پەنا بۆ سەرکوت و دەستدرێژی و تاوان و تیرۆر لە دژی ئازادیخوازانی کوردستان و ئێران لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات دەبا.**

**هەر وەک لە راگەیەندراویی خەبەریی نیوەڕۆی ئەمڕۆمان دا هاتبوو، کاتژمێر ١٠:٤٥ ی ئەمڕۆ شەممە ٨ی سیپتامبر(١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧) قەڵای دیموکرات، بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، لە حاڵێک دا پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی لێ بەڕێوە دەچوو، کەوتە بەر پەلاماری هەوایی و مووشەکیی سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران. پێویستە بگوترێ بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب کە لە نزیک شاری کۆیە و لە قووڵایی خاکی هەرێمی کوردستان دا هەڵکەوتووە، هەر ئەو شوێنەیە کە لە شەوی یەلدای١٣٩٥ (٢١ی دیسامبری ٢٠١٦)، بوو بە ئامانجی هێرشی تیرۆریستیی کۆماری ئیسلامی کە بە داخەوە شەهید بوونی ٧ کەسی لێ کەوتەوە.**

هاوکات لە گەڵ ئەم پەلامارە مووشەکی و هەواییەی ئەمڕۆ بۆ سەر بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، فڕۆکەی بێ سەرنشینی سوپای پاسداران لە ئاسمانی ئەو ناوچەیە دا دەخولایەوە. بە هۆی ئەو پەلامارە مووشەکییە، بە داخێکی گرانەوە ١٤ تێکۆشەری حیزبی دیموکراتی کوردستان شەهید و پتر لە ٣٠ کەسیشیان بریندار بوون. (ناو و زانیاریی پیوەندیدار بە شەهیدەکان هەر لە درێژەی ئەم بەیاننامەیە دا هەیە.)
بەو هۆیەوە کە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب ناوەندی چالاکیی کۆمەڵێک ڕێکخراو و دامەزراوەی مەدەنییە، ژمارەیەک لە ژنان و منداڵان، کەسانی پیر و بەساڵداچوو و کەم ئەندام بە هۆی ئەم پەلامارەوە بریندار بوون و بنکە و دامەزراوەکانی تایبەت بەوانیش زیانی ماڵی و وێرانییەکی زۆریان بەر کەوت.

پەلاماری دڕندانەی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ سەر بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە کاتێک دا ڕێکخرابوو کە شەوی رابردووش ٣ بەندیی سیاسیی کورد بە ناوەکانی زانیار و لوقمان مرادی و رامین حوسێن پەناهی، سەرەڕای داواکاریی کۆڕوکۆمەلە مرۆڤدۆستەکان بۆ هەڵوەشانەوەی حوکمی ئێعدامیان، بە هۆی جەللادەکانی ئەو ڕێژیمە خوێنرێژە ئێعدام کران. شایانی وەبیر هێنانەوەیە کە دەستدرێژیی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر خاکی هەرێم لە رۆژانی رابردووەوە بە شێوەی تۆپبارانی ناوچە سنوورییەکانی نێوان سۆران و پیرانشار، دەستی پێ کردبوو.

دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، وێڕای مەحکوومکردنی دەستدرێژی و پەلاماری مووشەکیی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر بنکەکانی حیزب لە خاکی هەرێمی کوردستاندا و هەر وەها نوێترین تاوانی ئەو ڕێژیمە بەرامبەر ٣ بەندیی سیاسیی کورد، سەرەخۆشی و هاوخەمیی قووڵی خۆی بە بنەماڵە وهاوسەنگەرانی شەهیدەکان وسەرجەم خەڵکی کوردستان رادەگەیەنێ و چاکبوونەوەی هەر چی زووتری بریندارەکان بە ئاوات دەخوازێ.

ئەگەر چی شەهید بوونی پۆلێکی گەورە لە ئەندامانی ڕێبەری و ژنان و پیاوانی پێشمەرگە و تیکۆشەری دێرین وبەوەج، بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی ئازادیخوازی لە رۆژهەڵاتی کوردستان، زیانێکی گەورە و زەبرێکی بە ژانە، بەڵام حیزبی دیموکراتی کوردستان دڵنیایی بە هەموو دلسۆزانی خۆی و سەرجەم خەڵکی کوردستان دەدا کە ئەم جۆرە تاوانانە، ئەم حیزبە لە سەر خەبات بۆ ئامانجە لەمێژینەکانی و بەربەرەکانی لە گەڵ ڕێژیمی دیکتاتۆر و خوێنرێژی کۆماری ئیسلامیی ئێران شێلگیرتر دەکا. حیزبی دیموکراتی کوردستان، ڕاهاتوە

کە زەبر و پەلاماری کۆماری ئیسلامی بۆ سەر ڕێبەران و تێکۆشەرانی- هەر چەندیش گەورە و بە ژان بن- بە چۆکی دانەهێنن و لە خەبات ساردی نەکەنەوە. ڕۆڵە بە هەست و دلسۆزەکانی گەلی کوردیش وەک هەمیشە نیشانیان داوە کە ناهێڵن چەکی خەباتکارەکانی کورد بکەوێتە سەر ئەرز و ڕێگەی تیکۆشەرانی شەهید بی ڕێبوار ناهێڵنەوە.

ئێمە وێڕای دەربڕینی پێزانینی خۆمان بەرامبەر بە بە دەنگەوەهاتنی خەڵکی دلسۆز و دامو دەزگا تەندروستی و خزمەتگوزارییەکانی شاری کۆیە بۆ بە فریاکەوتنی بریندارەکان و خەڵکی ئاوارەبووی کەمپەکانی دیموکرات بە دوای ئەو پەلامارە مووشەکیەدا ، ڕادەگەیەنین کە دەیان برینداری ئەو ڕووداوە وسەدان بنەماڵەی دانیشتووی کەمپەکانی سەر بەحیزبی دیموکرات کە بە هۆی ئەو پەلامارە مووشەکی و هەواییەوە، مال و حاڵی خۆیان بە جێ هێشتوە، پێویستییان بە هاوکاری و پێڕاگەیشتنی مرۆڤدۆستانەی بە پەلە هەیە.

چاوەڕوانین نوێترین تاوانی کۆماری ئیسلامی لە دژی حیزبی دیموکرات و ڕۆلە بەندکراوەکانی کورد، ببێتە هەوێنی مانگرتنی گشتی و نارەزایەتیدەربڕینی یەکگرتووانەی خەڵک لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. لە هێزولایەنە سیاسی و خەباتکارەکانی کورد و ئێرانی لە هەرێمی کوردستان و دەرەوەی وڵاتیش داوا دەکەین بە ڕێپێوان و کۆبوونەوە و ئاکسیۆنی جۆراوجۆری دیکە ، دژی نوێترین تاوانەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەنگ هەڵبڕن

داوا لە ناوەند و کۆڕ و کۆمەڵە نێودەوڵەتییەکان و بیروڕای گشتی جیهانیش دەکەین بەرامبەر بە دەستدرێژی و تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی لە دژی ئازادیخوازانی کورد لە نێوخۆی ئێران و لە دەرەوەی سنوورەکان بە تایبەتی بەرامبەر کۆمەڵکوژیی ئەمڕۆ لە قەلای دیموکرات بە دەستی ئەو ڕێژیمە، بیدەنگ و بێهەلویست نەبن.

ئەوە کە کۆماری ئیسلامی لە دوو تاوانی نوێ دا، هاوکات گیانی چەندین تێکۆشەر و خەباتکاری کورد لە حیزب و ڕێکخراوی سیاسیی جۆراوجۆری ڕۆژهەلاتی کوردستانی کردوەتە ئامانجی کردەوەی جینایەتکارانەی خۆی، جێی خۆیەتی هاندەری هەموو لایەکمان بێ بۆ یەکگرتوویی، هاوپشتی وهاوخەباتی لە گەڵ یەکتر و، بەهێزکردنی خەبات تا کۆتایی هێنان بە تەمەنی پڕ لە سەرکوت و تاوانی ئەو ڕێژیمە.

سڵاو لە گیانی نوێترین شەهیدانی حیزبی دیموکرات و گەلی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان،
ڕسوایی و مردن بۆ ڕێژیمی دیکتاتۆر و خوینرێژی کۆماری ئیسلامیی ئێران.

**حیزبی دیموکراتی کوردستان**

**دەفتەری سیاسی**

**ئیوارەی سەمە ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧ - ٨ی سیپتامبری ٢٠١٨**

## شەهیدەکانی تاوانی هێرشی مووشەکیی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر قەڵای دیموکرات




لە پەلاماری مووشەکیی ئەمرۆی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر قەلای دیموکرات بە داخەوە ١٥ کادر و تیکۆشەری بە وەجی دیموکرات شەهید بوون و نزیک بە ٤٠ کەسیش بریندار بوون. شەهیدەکان بریتیین لە:

١- کەریم مەهدەوی(کەریم سەقزی)، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب

٢- ابراهیم ابراهیمی(برایم زیوەیی)، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب،

٣- نەسرین حەداد، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب،

٤- رەحمان پیرۆتی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب،

٥- سوهەیلا قادری، ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندیی حیزب،

٦- هاشم عەزیزی، ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندیی حیزب،

٧- عوسمان عوسمانی، تێکۆشەری لە مێژینەی حیزب،

٨- کەریم رەسووڵزادە(مام شێرکۆ)، تێکۆشەری لە مێژینەی حیزب،

٩- هاوڕێ کارساز(هاوڕێ شێخانی)، کادری بەوەجی حیزب،

١٠- پێشەوا سەید عومەر، پێشمەرگە،

١١- جەماڵ ئەکبەری، پێشمەرگە،

١٢- مەنسوور ئەکبەری پوور، پێشمەرگە،

١٣ - ١٤ - دوو پێشمەرگەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە فێرگەی ئەم حیزبە کە هاوکات لە گەڵ قەلای دیموکرات کەوتە بەر هێرشی مووشەکی (ناوەکانیان بە رەسمی هێشتا رانەگەیەندراوە).

١٥- محەممەد حەسەنپوور، تێکۆشەری دیرین و ناسراوی حیزبی دیموکراتی کوردستان کە بە هۆی توندیی برینەکانی بە داخەوە ئەمشەو، گیانی لە دەست دا.

پێویستە بگوترێ دوو هاوڕێی پێشمەرگەشمان بێ سەروشوێنن و هێشتا شوێنەوارێکیان لێ نەدۆزراوەتەوە.

یادیان بەرێز و سلاو لە گیانی پاکیان

کۆمیسیۆنی سیاسیی نیزامیی حیزبی دیموکراتی کوردستان

٨ - ٩ - ٢٠١٨

١٧ - ٦ - ١٣٩٧

### شەهیدانی موشەکبارانەکەی قەڵای دێموکرات بە خاک سپێردران تەرمی شەهیدانی ١٨ی خەرمانان لە ئامێزی شەهیدانی کوردستاندا ئارامیان گرت.



بەیانیی ڕۆژی یەکشەممە، ١٨ی خەرمانان بەبەشداریی سەدان کەس لە کادر و پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات و نوێنەری حیزب و لایەنە ئیداری و حکومییەکانی کۆیە و هەرێمی کوردستان، تەرمی شەهیدانی پەلامارە موشەکییەکەی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر قەڵای دێموکرات و بنکەکانی دیکەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە خاک سپێردران.

لەو پەلامارە مەشەکییەدا ١٣ کادر و پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە شەش کەسیان ئەندامی ڕێبەریی حیزب بوون، لەگەڵ دوو پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان شەهید بوون. هەروەها بە دەیان کەسیش لەو هێرشەدا بریندار بوون کە ژمارەیەک لەوان ئێستاش لەبەر قورسیی برینەکانیان لە نەخۆشخانەکانی هەرێمی کوردستاندا لەژێر چاودێریی وردی پزیشکی دان.

٩ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

## پەیامی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان دوای ڕووداوی هێرشە موشەکییەکەی سەر قەڵای دێموکرات




**ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان!**

**خەڵکی تێکۆشەری کوردستان!**

**دۆستانی گەلی کورد!**

هەروەک ئاگادارن، بەیانیی ڕۆژی ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی لە کاتێکدا کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە کۆبوونەوەدا بوو، کۆماری ئیسلامی بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی ئێمە و ڕاست شوێنی بەڕێوە چوونی کۆبوونەوەکەی مووشەک باران کرد. لە ئاکامدا بەداخەوە پۆلێک لە ئەندامانی ڕێبەریی حیزب و کادر و پێشمەرگەکانی حیزب شەهید بوون و ژمارەیەکیش لە هاوڕێیان بریندار بوون.

ئەمە یەکەم جار نیە ڕێژیمی ئێران لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆی و لە دەرەوەی مەیدانی ئەسڵیی خەباتی ئێمە لەگەڵ ئەو ڕێژیمە، ڕێبەریی حیزبی دێموکڕات بە ئامانج دەگرێ. تەنیا شتی نوێ ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی بەهۆی ئەو مەترسییانەی ئەم ڕۆژانە لەسەر ئایندەی خۆی هەستی پێ دەکا، لێ براوە دڕندانەتر لە هەر کاتێک و بە بەزاندنی هەرچی زیاتری سنووورە یاسایی و ئینسانییەکان زەربە لە ئێمە بوەشێنێ. ئەوەش کە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و ڕێبەریی حیزبی ئێمە بۆتە ئامانجی ئەم هێرشە بێ وێنەیە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کۆماری

ئیسلامی ئەوەندەی لە فشارە دەرەکییەکان نیگەرانە، چەند ئەوەندەش هێزی خەڵک و بزوتنەوەی سیاسیی کوردستان بەتایبەتی حیزبی ئێمە وەک ئاڵاهەڵگری خەباتی فرەچەشن بەدژی ئەم رێژیمە بە مەترسی بۆ سەر مانەوەی خۆی دەزانێ.

مووشەک بارانی رێژیم بۆ سەر دەفتەری سیاسیی حیزبی ئێمە بە هەموو پێوەرێک مەحکوومە. لەگەڵ ئەوەدا حیزبی ئێمە بە شانازییەوە لە بەرامبەر هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر خەڵکی کوردستان خۆڕاگریی چەکدارانەی کردووە و وەک حیزبێکی شۆڕشگێڕ بۆ پارێزگاری لە مان و مەوجودیەتی گەلەکەمان خاوەنی هێزی پێشمەرگەیە، بەڵام ئێمە هەمیشە لایەنگری چارەسەری سیاسیی پرسی کورد لە ئێران بووین و بۆ یارمەتیدان بە دروستبوونی بەستێنێکی سیاسی و دێموکڕاتیک لەو وڵاتەدا تێچووی زۆر گەورەشمان داوە. کەچی کۆماری ئیسلامی هەمیشە وەڵامی خواستی رەوا و ئاشتیخوازانەی خەڵکی کوردستان و حیزبی ئێمەی بە تێرۆر و ئێعدام و سەرکوتی بەربڵاو نەک هەر بەدژی تێکۆشەرانی حیزبی ئێمە بەڵکوو بەدژی چالاکانی مەدەنی لە نێوخۆی وڵاتیش داوەتەوە.

لەم هەلومەرجە هەستیارەدا کە بەهۆی ئەو هێرشە دڕندانەیەوە هاتۆتە پێش، لەلایەن رێبەریی حیزب و هاوڕێیانی دەفتەری سیاسییەوە ئەو ئەرکەم پێ سپێردراوە کە لە رێگای ئەم پەیامەوە لەپێشدا پڕبەدڵ سوپاسی خۆمان بە خەڵکی نیشتمانپەروەری کوردستان بەتایبەتی خەڵکی شاری کۆیەی خۆشەویست، دامودەزگاکانی ئەمنی و فریاکەوتن و تەندروستیی حکومەتی هەرێم و بە گشتی هەموو ئەو لایەن و کەسانە بکەم کە لە یەکەمین ساتەکانی روودانی ئەم جینایەتەوە هەتا ئێستا بە هانامانەوە هاتوون و لە یارمەتیدانمان بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەو کارەساتە هەرچی لەتوانایان دا بووە درێغییان نەکردوە. ئەوان بەهەق نیشانیان دا کە ئەولاتر لە بەرپرسایەتیی ئەخلاقی و ئینسانی، پاڵنەرێکی گەورەتریشیان هەیە کە هاونەتەوەبوونە. هەروەها سوپاس بۆ هەموو ئەو تێکۆشەر و نیشتمانپەروەرانە لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات و هەموو دۆستانی حیزب کە لە کۆستی لەدەستدانی پۆلێک لە باشترین تێکۆشەرانی حیزبەکەماندا هاوخەمییان لەگەڵ کردووین و هاوپێوەندی و پشتیوانیی خۆیان پێ راگەیاندووین.

چەند و چۆن و دەرەنجامەکانی قۆناغی نوێی هێرش و دەستدرێژییەکانی کۆماری ئیسلامی و کاریگەریی لەسەر دۆخی خەباتی ئێمە پێویستی بە بەدواداچوون و لەقاودان و دەرس لێ وەرگرتنی زیاتر هەیە. بۆ هەموو ئەو

کارانە ئێمە پێویستیمان بە هەوڵ و هیممەتی هەرچی زیاتری تێکۆشەرانی دێموکڕات و هەماهەنگی و یەکگرتنی زیاتری هێز و لایەنەکان و بەدەنگەوە هاتنی دۆستانی گەلی کورد لەنێو کۆڕ و کۆمەڵە مێدیایی و سیاسییەکانی ئێران و ناوچە و جیهان هەیە.

هەروەک هەموو لایەک دەزانن حیزبی ئێمە عادەتی کردوە کە زەبری زۆر گەورە تەحەمول بکا. ئەمجارەش حیزبی ئێمە، دڵگەرم و پشتگەرم بە ئیمان و ئیرادەی تێکۆشەرانی دێموکڕات و پشتیوانیی خەڵکی کوردستان، لەگەڵ هەموو قورسی و جەرگبڕیی کارەسات و جینایەتەکە، لە خەبات و تێکۆشانی شێلگیرانە هەتا گەیشتن بە ئامانجە رەواکانی گەلی کورد بەردەوام دەبێ و ناهێڵێ مەشخەڵی دەستی رەفیقە شەهیدەکانمان بۆ ساتێکیش بکەوێتە سەر عەرز.

سڵاو لە گیانی پاکی شەهیدانی مووشەکبارانی قەڵای دێموکڕات.
ریسوایی و نەمان بۆ کۆماری ئیسلامی.
سەرکەوتن بۆ خەباتی رەوای گەلی کورد و بزوتنەوەی ئازادیخوازانەی ئێران.

مستەفا مەولوودی

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

٢٠ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی

## بۆ شەهیدان و نەمرانی سوور خەڵاتی پلێنۆمی نۆیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان

کات نزیک ١١ ی بەیانی یا قاوڵتوون، بە کاتی باشووری کوردستان بوو. لە کۆیسەنجەق بەرەو دوا ساتەکانی یەکەمین برگەی نۆیەمین پلینۆمی حدک دەچوو. رێکەوت شەممۆ ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧، بەرانبەر بە ٨ی سێپتامبری ٢٠١٨ بوو. کۆمەڵێک رێبەری سیاسی و خۆ بە بەرپرس زان لەنێو بەتەمەنترین حیزبی سیاسی لە رۆژهەڵاتی کوردستان، لە قەڵای دێموکرات شوێنی ٢٥ ساڵەی مەکۆی بەرخۆدان بەشێک لە تیکۆشەران، لە پلینۆمێکی پر لە ئومێد باسی مەسەلە سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، فەرهەنگیی لە ئێران و رووداوەکانی بەرفرانباری ١٣٩٦ بەولایە و مەسەلەی کورد لە ناوچەکە و بەتایبەتی رۆژهەڵاتی کوردستان و خەبات و بەرخۆدان و سوور بوون بۆ خەباتی ئازادیخوازنە و ماف پێشێل کراوی نەتەوەکەمان دەکرا. ژمارەیەک کادر و پێشمەرگەش پارێزەو و ئەرک راپەڕینەرانی کاری رۆژانە، لە ژوورەکانی دیکە لە سکرتاریا و حەوشەکە، ئەرکی حیزبیان بەڕێوە دەبرد. قەڵا بە وێنەی پۆڵا تەژی و پڕ لە تێکۆشەرانی ژن و پیاو، کچ و کور، بە تەمەن و لاو رۆژێکی خەباتکاریان تێپەڕ دەکرد.

لە نەکاو هاژەیەکی سامناک بەتۆن ئاگر و ئاسن قەڵا و ژوورەکانی سکرتاریا و شوێنی پلینۆمیان پێکا. مەخابن ئاگر و ئاسنی مووشکە دورهاوێژەکان لە ئەرز و ئاسمان دڵی پر تاسەی ژمارەیەک لە خەباتکارانی دێموکراتیان لە لێدان خست و ژمارەیەکی دیکەش بریندار و بەداخەوە نەقوستان کران.

ئەو بەڕێز و ئازیزانەی لە جێوە و دواتریش- کە هەتا نووسینی ئەم دێرانە بەداخەوە ١٦ کەسن.- گیان و ژیانیان لێئەستاندن، زۆربەیان کتێبی ٤٠ ساڵ خەبات و بەرخۆانیان لە مێژووی ژیانی سیاسی و ئازادیخوازی خۆیان دا،

هەبوو. لەنێو ئەو پۆلە شەهید و بریندرانە دا، سێ خانم و خاتوونیان تێدابوو کە ژیانی هەرکامیان دەیان دەرس و وانەی بەخۆردان تێدایە کە چۆن خویان پێگەیاندوەو لە فەزای زۆر دژاورتر لە پیاوەکان بۆ مێژووی بەشێکی گرینگی خەباتخوازنی رۆژهەلاتی کوردستان، پێناسەی ژنیان بەرز و بەرزتر کردوە.

خوشکە خەجیجی مەحزوور- کە بەخۆشییەوە ژیانی بە زیندویی بەردەوامە و تەمەنی درێژ بی و بە ئاوەتەکانی شاد بێ- دەنگی ئاشنا و بە برشتی لە رادیو دەنگی کوردستانی ئێران و دواتر هاوکاری تلویزیۆنی کورد کانالْ و رادیو دەنگی کوردستان، دەنگە بەسۆز و پڕ بڕواکەی بۆ هەزاران کەس لە هەلومەرجی سەخت و دژواری خەبات دا، ئاشنای ئاشنایە. ئەو خاتوونەی ژیان و باشترین و بەسوودترین ماوەکانی تەمەنی لە شاخ و چیاکان لە بن بەرد و ئەشکەوتەکان، لە ژێر چادر و مالْە گلْ و بە بلووکەکان و قەلاْی دیمۆکڕات تێپەڕ کرد، و خۆی پێگەیاند. ئەو بەڕێزە، لە کۆنگرەی یازدەمی حدکا دا، بە ئەندامی رێبەری هەلْبژێرا.

خوشکە خەجیج دوویەمین کەس بوو کە لە کۆنگرە و مێژووی پتر لە ٥٠ سالْەی حدکا و حدک دا، بوو بە ئەندامی رێبەری و رەچەشکێنی نێو کچان و ژنان بۆ ئەرک دار کردنی ئەو بەشە هەرە گرینگە لە خەبات و بەرخۆدانە. لەجێدایە بلێین ئەو تێکۆشەرە دێرینە لە پێشمەرگایەتی تا رێبەری و خوێندن لە زانستگا و یەکەم بەرپرسی ئیدارەکاری ئۆرگانێکی حیزبی و خوێندن و خوێندەوەی بەردوامی بەشێکی هەرە دروشاوەی کارنامەی ئەو تێکۆشەرە مەزنن.

مامۆستا نەسرین حەداد- کە بەداخەوە شەهید بوو- لە کاتی لە دایکبوونی را بە بنەمالْە و پتر لە ٤٠ سالْیش وەک کەسایەتی خۆی خەباتکار و سیاسی بوو. ئەو نەمرە زۆربەی کاتەکانی ژیان و تێکۆشانی لە پێشمەرگە و کادر بوونی دا، ئەرکی بە نرخی مامۆستای قوتابخانە وەئەستۆ گرتبوو. سەدان مندالْی کادر و پێشمەرگەکانی فێری زمانی کوردی کردن و ژمارەیەکیان گەیشتنە بەرپرسانی پەلە سەروی رێبەری حیزبی و دکتور و پزشک و خوێندەواری بالاْیان لێ بەرهەم هات. ئەو بەڕێز گیان لێئەستێندراوە لە کۆنگرەی ١٥ دا، بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەلْبژێرا و بە ورە بەرزی ئەو ئەرکەی درێژ دا. پێویستە بگوترێ سەد مەخابن شەهید محەممەدی حەسەنپوور- دوویەمین شەهیدی بنەمالْە- هاوسەری ژیانی مامۆستا نەسرین بوو کە ئەوەیش خەباتکارێکی مەزنی رێی ئازادی و مافی نەتەوەیەتیمان و لە شەهیدانی ئەو کارەساتەیە.

سوهیلا خانم قادری لە منداڵی و بە بنەماڵەوە لە ریزەکانی حیزب دابوو. ئەو بەڕێزە لە وێژەری رادیو دەنگی کوردستانی ئێران، هەتا سەرشانە لە تەشکیلاتی ژنان و کچانی حیزبی و کارکردنی وێژەری و بەڕێوەبەری لە کورد کاناڵ و بوونی بە ئەندامی رێبەری حیزب لە کۆنگرەی ١٥ دا، و دواتر بەرپرسایەتیی یەکێەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان، سیمایەکی کاریگەر و بە ئەزموون لەنێو رێکخراوێکی مەدەنیی نێوحیزبی دا، بوو. ئەو نەمرە جگە لە کاری حیزبی کارمەند لە حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش بوو. کاراکتری ئەو بەڕێز بۆ خەباتی هاوبەشی رێکخراوەکانی ژنان لەگەڵ حیزب و رێکخراوەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، زۆر بەرچاو و دیار بوو. هەستی جوان و ناسکی، رنگاورەنگ دیتنی ژیان ، خەبات و بەرخۆدان، سۆز و دڵئاوایی لە شێعرەکانی دا، بەرجستەبوون و چاپکردنی بەشێکیان قوتابخای کوردیان پێ دەوڵەمەندە.

سوهیلا قادری کە ئەندامی هەئیەتی حدک - لە ناوندەی هاوکاری حیزبەکانی کوردستان ئێران- یش بوو، ئەزموونێکی دیکەی جگە لە بەشی ژنان بۆ هاوکاریی و یەکریزی لەنێو کۆبوونەوەکانی ئەو حێزبانەوە بوو. هەروەها تارادەیەک مشووری چالاکانی مەدنی لە رۆژهەڵاتی کوردستانیشی هەبوو. ئەو بەڕێزەوە، چەند خولەک پێش کارەساتەکە، زۆر وەرد و بەرپرسانە سەربارەت بە ناوەندەکە دوا. هەروەها،سەبارەت بە پرسی ژنان و هاتنە مەیدانی بوێرانەیان لە خەباتی نێوخۆیٚ ئێران خوازیاری گرینگی پێدانی پتری پلێنۆم بەو خەباتە بەگشتیی و کاری کچەکانی شەقامی شۆڕش بە تایبەتی بوو.

هۆ خەڵکینە، هۆ رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ ئەوە چەند دێرە وێنە کورتە لەسەر خەباتی تەنیا سێ کەس لە کارەساتی ١٧ی خەرمانانە، کە چەند دڵتەزێنە بە مووشک بەهاڕن کە تەنیا تاوانیان ئازادیخوازی و مافی رەوا بۆ نەتەوە بن دەستەکەیان لە کردەوە دا بوون. ئەو رووداوە دڵتەزێنەوە لە هێڵی ٣٦ دەرجەی بڕیاری ٦٨٨ یش دابێ؟! ئەگەر تا ئێستا و لە ڕۆژەکانی داهاتوو دا، هەڵوێستتان نەبێ، ٣٠ ماددەی راگەیاندراوی مافی مرۆڤ جگە لە نووسراوە جوانەکانی سەر کاغەز نابێ. پێویستە ئاماژە بە هەنگاوی ئەرێنی وڵاتی کانادا بکرێ کە لەسەر کوژرانی زیبا (زارا) کازمی- رۆژنامە نووسی ئێرانی- کانادایی- لە زیندانی ئەوینی تاران و ئیزن نەدان بە لێکۆڵینەوە لەسەر رووداوەکە، پێوەندی خۆی لەگەڵ پساند و بۆۆ بۆ دژبەری رێژیمی مرۆڤ کوژی ئیسلامی سیاسی لە ئێران لەبواری پێشێلکاری مافی مرۆڤ دا.

ئومێدەوارین خوێنی شەهیدانی کارەساتی ١٧ ی خەرمانـای قەڵای پڕهەیبەتی لە شکان نەهاتووی دێموکرات لە کۆیە و ئیعدامی رامینی حوسێن پەناهی و مرادییەکان لە زیندانی رەجایی شاری کەرج، ببین بە هەوێنێک هەم بۆ یەکگرتوویی و خەباتی نەتەوەیەتیی و رێکخراوەیی لە لایەک و خەباتی سەرانسەری گەلانی بەرایی لە ئێران لە لایەکی دیکە و پشتیوانی رای گشتیی لە وڵاتە دێمۆکراتیکەکان کە، کۆماری ئیسلامی ئێران ٤٠ ساڵە سەڵوەگەڕی نەمابێ. هەروەک رێژیمی سەرەڕۆیی پەهلەوی دوویەم کە لە ١٧ ی خەرمانانی ١٣٥٧ (١٩٧٨) دا، بە کۆشتاری مەیدانی ژالەی تاران، دژی کردەوەکان بەدژی پتر بوون و دوای پتر لە پێنج (٥) مانگ بە مێژوو سپێردرا.

یادی شەهیدان و نەمرانی کارەساتی ١٧ی خەرمانی حدک و هەموو شەهیدانی رێی ئازادی و کورد و کوردستان، بەرز و بەڕێز بێ

**کۆمیتەی بەرێوەبەری یەکیەتی ژنانی دیموکراتی کوردستان دەرەوەی وڵات**

١٠ - ٩ - ٢٠١٨

## پەیامی هاوخەمی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان سەبارەت بە کارەساتی پەلاماری هەوایی و مووشەکیی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

ئەورۆ شەممە ڕێکەوتی ٨ی سێپتامبر بە هۆی هێرشی دڕندانەی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ سەر بارەگاکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دەشتی کۆیە، ژمارەیەک لە ئەندامانی ڕێبەری، پێشمەرگە و ئەندامی ئەو حیزبە شەهید و بریندار بوون. لە نێو شەهیدەکاندا دوو هاوڕێی تێکۆشەر و دڵسۆزی یەکیەتی ژنانی دێموکرات خاتوو سۆهەیلا قادری بەرپرسی گشتی یەکیەتی ژنانی دێموکرات و مامۆستا نەسرین حەداد بەرپرسی پێشووی ڕێکخراوەکەمان شەهید بوون. هەردوو تێکۆشەر ئەندامی کۆمیتەی ناوەندەی حیزبی دێموکرات بوون و بەداخەوە بە هۆی هێرشی دڕندانەی مووشەکی چوونە ڕیزی کاروانی شەهیدان و گیانیان بەختی ڕزگاری کوردستان کرد بەو بۆنەوە ئێمە وەکوو یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان، سەرەڕای مەحکومکردنی ئەو کردەوە تڕۆریستیە، سەرەخۆشی لە خەڵکی کوردستان، بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان، ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەگشتی و ڕێکخراوەکەمان بەتایبەتی دەکەین

داوا لە مرۆڤدۆستان و ئازادیخوازان دەکەین ئەو هێرشە نامرۆڤانەیە مەحکوم بکەن و یارمەتی بنەماڵە و پێشمەرگەکان بدەن. هیوای چاکبوونەوەی بریندارەکان بە زووترین کات دەخوازین.

هەر ئەوڕۆش پەیمان لەگەڵ تازەترین شەهیدانمان خاتوو سۆهەیلا و مامۆستا نەسرین و گشت شەهیدانی ڕێگای

ڕزگاری نویّ دەکەینەوە کە تاکوو سەرکەوتن درێژەدەری ڕێگایان دەبین.

مەرگ و نەمان بۆ کۆنەپەرستان و ترۆریستان.

یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان

کۆمیتەی سوئێد

۱۰ - ۹ - ۲۰۱۸

## مامە قالە، شەهیدێکی دیکە مووشەکبارانی ۱۷ی خەرمانان



قادر عیزەتی، یەک لە بریندارانی پەلامارە موشەکییەکەی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر قەڵای دێموکرات دوای دوازدە ڕۆژ بەربەرەکانی لەگەڵ مەرگ شەهید بوو.
قادر عیزەتی، ناسراو بە "مامە قالە ڕیشە"، کادری بەوەجی حیزبی دێموکرات ماوەی چوار دەیە لە ڕیزی شۆڕشدا خزمەتی گەل و نیشتمانی کرد و لە پێناو ئازادی و بەختەوەریی گەلەکەیدا گیانی بەخت کرد.

مامە قالە، یەک لە بریندارەکانی پەلامارە موشەکییەکەی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو کە بەهۆی سەختیی برینەکەی و پاش نیزیک بە دوو حەوتوو بەربەرەکانی لەگەڵ مەرگ، چووە ڕیزی کاروانی نەمرانەوە.

جێی بیرهێنانەوەیە لە ئەنجامی ئەم پەلامارەی ڕێژیم بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان ١٤ کادر و پێشمەرگەی حیزب شەهید بوون و نیزیک بە ٤٠ کەسیش بریندار بوون.

١٩ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

## سوپاس نامەی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان !

## سوپاسنامە و داوای هەنگاوی زیاتر لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان

بۆ سەرنجی باڵیۆزی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە نەتەوە یەکگرتووەکان و نوێنەرانی ئەندامانی دائیمیی دیکەی ئەنجومەنی ئاسایش کەمتر لە دوو حەوتوو دوای هێرشی مووشەکیی ئێران بۆ سەر بارەگای سەرەکیی حیزبی ئێمە (حیزبی دێموکڕاتی کوردستان)، باڵیۆز نیکی هێلی نوێنەری دائیمیی ئەمریکا لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی ئاسایشی ئەو ڕێکخراوەدا بە فەرمی ئاماژەی بەو هێرشە کرد و

مەحکوومی کرد. ئەمە گرینگترین کاردانەوەی نێودەوڵەتی لەدوای ئەم هێرشەوەیە کە لە بەرزترین ئۆرگانی بڕیاردانی نێودەوڵەتی‌دا خراوەتە روو.

ئاشکرایە کە هێرشی مووشەکی بۆ سەر بنکەی سەرەکیی حیزبی ئێمە تەنیا بەو مەبەستە نەبووە کە ئێران رێبەرایەتیی حیزبی ئێمە لەنێو ببا. بەڵکوو رێژیمی ئێران بەو هێرشەی هەروەها ویستی بۆ جارێکی دیکەش دەمەلاسکەی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بکا و توانای تێکدەرانەی خۆی لە ناوچەدا نیشان بدا.

هەربۆیە، وێڕای دەربڕینی سوپاس لە تیمی دیپلۆماسیی ئەمریکا کە سەرنجی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانی بۆ لای هێرش بۆ سەر بنکەی سەرەکیی حیزبی ئێمە راکێشاوە، داوا لە ئەندامانی دائیمیی دیکەی ئەنجومەنی ئاسایش دەکەین کە وڵامێکی ئەرێنی بەو هەوڵانە بدەنەوە کە ئەمریکا بە مەبەستی دژکردەوە نیشاندانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بەرامبەر مانۆڕی خراپکارانەی ئێران لە ناوچەدا وەڕێی خستوون.

لە حاڵەتێکدا کە بە هۆکاری سیاسی هیچ رێکارێکی خێرا لە چوارچێوەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکاندا نەگیرێتە پێش، ئێمە لەو باوەڕەداین کە ئەوە بەرپرسایەتیی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە کە ئەولاتر لە راگەیاندراو و هەڵوێست دەربڕین، هەنگاوی کۆنکرێت و خێرا هەڵێنێتەوە بۆ ئەوەی پێش لەوە بگرێ کە کۆماری ئیسلامیی ئێران جینایەتی لەم جۆرە بەدژی حیزبی ئێمە و کەسانی سیڤیلی سەر بە حیزبی ئێمە و پارتە سیاسیەکانی دیکەی کوردی ئێران لە کوردستانی عیراق دووبارە بکاتەوە.

حیزبی دێموکڕاتی کوردستان

دەفتەری سیاسی

کۆیە، ٢١ی سێپتامبری ٢٠١٨

# پەیام و پرسە و هاوخەمی

## راگەیێندراوی سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان

**پێشنیوەڕۆی ئەمڕۆ ٨ - ٩ - ٢٠١٨ بارەگاکانی حیزبی دێموکراتی ئێران (حدکا) و حیزبی دێموکراتی کوردستان (حدک) لە قەزای کۆیە لەلایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە بۆمباران کران کە لە ئەنجامدا چەند کەسێک گیانیان لەدەستدا و ژمارەیەکی دیکەش بریندار بوون.**

**وێڕای ئیدانەکردنی ئەو بۆمبارانە، دووپاتی ناڕەزایەتیی خۆمان لە بەکارهێنانی خاکی هەرێمی کوردستان بۆ هێرشکردنە سەر وڵاتانی دراوسێ دەکەینەوە کە بە هیچ شێوەیەک قبووڵکراو نییە و دەبێتە هۆی تێکدانی ئارامی و سەقامگیریی هەرێمی کوردستان، بۆیە داواکارین دووبارە نەبێتەوە، ڕێز لە یاساکانی هەرێمی کوردستان بگیریت و هەرێم نەکرێتە گۆڕەپانیی یەکلاکردنەوەی ململانێکان.**

**پرسە و سەرەخۆشی لە کەسوکاری قوربانیان دەکەین و هیوای زووچاکبوونە بۆ برینداران دەخوازین، هەموو لایەکیش دڵنیا دەکەینەوە کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئەرکی خۆی بۆ هاوکاریکردنی لێقەوماوان جێبەجێ دەکات و**

**تیمەکانی فریاگوزاریمان راسپاردووە بە هەموو توانایەکی خۆیانەوە فریای زیانلێکەوتووان و خەڵکی سڤیلی ناوچەکە بکەون.**

**سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان**

**٨ی ئەیلولی ٢٠١٨**

## پەیامێک لە بارزانییەوە لەبارەی بۆردوومانی بارەگاکانی هەردوو حیزبی دیموکرات لە کۆیە



**بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان**

**بە پەلاماری مووشەکی و بوردومانی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ سەر بارەگاکانی هەردوو حیزبی دیموکرات لە شاری کۆیە زۆر نیگەران و خەمبارم بە تایبەت کە زیانێکی زۆری گیانی و ماددی بەجێهێشتووە. لە کاتێکدا کە ئیدانەی ئەو پەلامارە دەکەم، سەرەخۆشیی خۆم ئاراستەی کەسوکاری شەهیدانی ئەو پەلامارە دەکەم و هیوای چاکبوونەوە بۆ بریندااران دەخوازم.**

داوا لە هەموو لایەکیش دەکەم کە هەرێمی کوردستان نەکرێتە گۆڕەپانی ململانێ چونکە خودی هەرێم کێشە و تەحەددیات و هەڕەشەی گەورەی لەبەردەمە. بە پێویستیشی دەزانم ئەوە بە گشت لایەک رابگەیێنم کە کێشەی گەلی کورد بە توندووتیژی و کوشتن و بوردومان چارەسەر ناکرێت و رێگە و شێوازی ئاشتییانە باشترین چارەسەرە بۆ هەموو کێشەکان.

مەسعود بارزانی

٨ - ٩ - ٢٠١٨

## پەیامێک لە کۆسرەت رەسوڵ عەلی - یەوە



بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

کەسوکاری سەربەرزی شەهیدانی کارەساتی ٨ی ئەیلوول

زۆر بەداخەوە ئەمڕۆ لە کۆیە ئێران تۆپبارانی بارەگاکانی هەردوو حزبی دیموکراتی کردو بەهۆیەوە دەیان سەرکردەو کادیری قارەمان شەهیدبوون و ژمارەیەک لە ژن و منداڵ و هاووڵاتی سڤیل بریندار بوون، لێرەوە هاوکاتی ئیدانەکردنی ئەم تۆپبارانە دەرهەق بە هەردوو حزبی دیموکرات، پرسەو سەرەخۆشی و هاوخەمی قووڵی

خـۆم ئاراسـتەی کەسـوکاری شـەهیدانی کارەسـاتی 8ی ئەیلـوول دەکەم و هیـوای زوو چـاکبوونەوە بـۆ برینـدارەکان دەخوازم.

مێـژوو سـەلماندوویەتی، کە نە شـەڕی چەکـداری، نە تۆپبـاران و بۆمبـاران، نە راگواسـتن و زینـدانی کـردن و لەسێدارەدان نـاتوانێ کۆتـایی بەداوا رەواکـانی گەلـی کـورد بێنـێ، بـۆیە تـاکە چارەسـەری راسـتەقینەو شـاڕێگای گەیشـتنی کـورد بە مافەکـانی و گەڕانەوەی دۆخـی سـەقامگیر و ئاشـتی بـۆ نـاوچەکە، تەنهـاو تەنهـا گفتوگـۆو کۆبوونەوەی هەمووانە بۆ دۆزینەوەی چارەسەری ئاشتیانە.

داواکاریشـین لە هەمـوو لایەک کە هەرێمـی کوردسـتان نەکەنە گۆڕەپـانی ململانـێ سیاسـی و سـەربازییەکان لە ناوچەکە، کوردستان خۆی بە دۆخێکی هەستیاردا تێپەڕدەبێ.

کۆسرەت رەسوڵ عەلی

جێگری سکرتێری گشتیی

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

٩ - ٩ - ٢٠١٨

## لێدوانێکی رۆژنامەگەریی لە سەرۆکایەتیی کۆمارەوە سەبارەت بە بۆردومانکردنی کامپەکان لە کۆیە

نوسینگەی راگەیاندنی بەڕێز سەرۆک کۆمار دکتۆر فوئاد مەعسوم ئاشکرای کرد ئەو هێرشانەی کراونەتە سەر کامپی خێزانو بارەگاکانی حزبی دیموکراتی ئێران لە شاری کۆیەی سەر بە پارێزگای هەولێر گڕسەندنێکی ترسناک و پێشێلکردنێکی ئاشکرای ئاسایشی وڵاتە.

نوسینگەکە رونیکردۆتەوە بەڕێز سەرۆک کۆمار نیگەرانییو ئەسەفی قوڵی خۆی دەردەبڕێت کە ئەو روداوە ژمارەیەکی زۆری قوربانییو برینداری لە نێو خەڵکی مەدەنیی بێ دیفاعی لێکەوتۆتەوە، کە زۆریان منداڵو ژنن. ئەوەیش دەخاتەڕوو کە بەکارهێنانی هێزو گورزسرەواندن رێوشوێنێکی باشو ئەڵتەرناتیڤی دیالۆگی ئاشتی نییە، هاوکات ستایشی سەرکردایەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەکات بەوەی تێگەیشتنی هەیە بۆ ئەنجامی باشی کردنەوەی دەرگای دیالۆگ و لێک تێگەیشتن لەگەڵ هێزە نیشتمانییەکاندا بەو جۆرەی بەرژەوەندیی گەلو دەوڵەتی ئێرانی دۆستی تێدایە.

٩ - ٩ - ٢٠١٨

## پەیامی یەکێتی نیشتمانی کوردستان

پێشینوەڕۆی ئەمڕۆ (٨ - ٩ - ٢٠١٨) لەناکاو بۆردومانی بارەگاکانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کراوەو سەرەنجام زیانی گیانی و مادی بەرچاو، روویداوە.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لەساڵانی رابردوودا، سیاسەتی رۆشن بووە کە:

**یەکەم:** هەموو چەشنە چالاکیەکی عەسکەری، کە لەباشوری کوردستانەوە و لەپەنای سەروەری یاسا و ئاسایشی هەرێمەوە، پێشێلکردنی هەموو ئەو پەیمانانەیە، کە بەراشکاویی، بەلایەنە کوردستانیەکانمان گەیاندووە.

**دووەم:** ئەم بۆردومانکردنەش، دوورونزیک، سەرکردایەتی یەکێتی نەک ئاگادارنەکراوە، بەڵکو مایەی ناڕەزایی یەکێتیشە، کە زیاتر لە (٣٥) ساڵە، هەوڵمانداوە، روداوی چاوەڕوانەکراو، نە بەرامبەر میوانداریو نە بەرامبەر سەروەری یاسا، رونەدات.

سەرەخۆشیی لەکەسوکاری شەهیدەکان دەکەینو هیوای زوو چارەسەری بریندارەکانیش دەخوازین.

وتەبێژی؛ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

٨ - ٩ - ٢٠١٨

## ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە سەبارەت بە هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر بارەگاکانی ناوەندی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان و حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران

ئەمرۆ شەممە ١٧ی مانگی خەرمانان، سەعات ١٠ و ٤٥ دەقیقە بە کاتی محەللی لە لایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە هێرشی موشەکی و ئاسمانی کرایە سەر مقەڕەکانی ناوەندی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان و حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران. لەو هێرشە جەنایەکارانەیەدا ژمارەیەک لە کادر و پێشمەرگەکانی هەر دوو لا گیانیان بەخت کرد و ژمارەیەکیش بریندار بوون. ئەم شوێنانەی کە بەم شێوەیە کەوتنە بەر پەلامار، نەک لە سەر سنورەکان، بەڵکوو لە قوڵایی هەرێمی کوردستان و لە پاڵ شارێکی گەورەی وەکوو شاری کۆیە هەڵکەوتوون. بەم جۆرە کۆماری ئیسلامی بە ئاشکرا ترین شێوە سنورەکانی هەرێمی کوردستانی بەزاندووە کە بە نیسبەت ئاسایشی هەرێمی کوردستانەوە هیچ پاساوێک هەڵناگرێ دە چیتە خانە ی جینایە تکانی رژیم لە ذژی نە یارانی. کۆماری ئیسلامی هاوکات لەگەڵ ئەو هێرشە بۆ سەر مقەڕەکانی حیزبی دیمۆکرات، سێ لاوی تێکۆشەری کوردستانیشی لە زیندانی ڕەجایی شاری کەرەج لە سێدارە دا.

کۆماری ئیسلامی ئێران لە حاڵێکدا لە ناوەوەی وڵات دەستی داوەتە ئێعدامی تێکۆشەران و لە دەرەوەی سنورەکانیش، بەم شێوەیە پەلامار دەباتە سەر هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن کە خوی لە هەموو لایەکەوە کەوتۆتە ژێر فشار و دەرەتانێکیش بۆ ڕزگار بوون شک نابات. جەماوەری خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش و ئازادیخواز لە هەموو ئێران لەو ڕژیمە هاتوونەتە سەر شەقام و ترسیان لە زەبر و زەنگ نواندنی شکاوە. هەر بۆیە ئێمە ڕووداوەکانی

ڕۆژی شەممە ١٧ی خەرمانان نەک هەر وەکوو دەستکەوتێک بۆ کۆماری ئیسلامی تۆمار ناکرێت، بەڵکوو دە توانی بیتە هاندەرێکی دیکە بۆ گەشە و بەرەوپێش چوونی خەباتی جەماوەری. ئێمە چاوەڕوانی ئەوە دەکەین و هەوڵ دەدەین کە لە ڕۆژانی داهاتوو کوردستان و دەرەوەی وڵات،ببیتە گۆڕەپانی دەربڕینی ئێعتراز و ناڕەزایەتیی زۆرتر و دلنیاین کۆماری ئیسلامی باجی ئەو دەستدرێژیانەی خۆی دەداتەوە.

کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە وێڕای دەربڕینی هاوخەمی خۆی لەگەڵ هەموو ڕیزەکانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان و حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران ئەو هێرشە جەنایەتکارانەیە بە توندی مەحکووم دەکات و سەرەخۆشی دەکات لە بنەماڵە و کەس و کاری گیانبەختکردووان و هیوای چاکبوونەوەی خێرا بۆ برینداراەکان دەخوازێت.

کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە لە هەمان کاتدا داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات کە بەرانبەر بەو هێرشانەی کە بەم جۆرە ئاسایش و ئەمنیەتی هەرێمی کوردستان دەخەنە مەترسیەوە بێدەنگ نەبێت و هەڵوێستی سیاسی و کرداری لێبڕاوانە نیشان بدات.

کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧

٨ - ٩ - ٢٠١٨ی زایینیی

## ڕاگەیاندنی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە سەبارەت بە هێرش کردنە سەر بارەگاکانی حدک و حدکا




**سەرلەبەیانی ئەمڕۆ ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی ڕێکەوتی ٨ی سێپتامبری ٢٠١٨ کۆماری ئیسلامی ئێران هێرشی کردە سەر بنکەی هەردوو حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە نزیک شارۆچکەی کۆیە لە باشووری کوردستان و بە داخەوە هەواڵە سەرەتاییەکان باس لە شەهید و بریندار بوونی پۆلێک لە کادر و ئەندام و پێشمەرگەکانی حدک و حدکا دەکەن.**

**دیارە ئەمە یەکەم جار نییە کە کۆماری ئیسلامی بۆ زیان لێدان و سڕینەوەی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان پیلانی لەو شێوەیە دەگێڕێ.**

**کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ وێڕای دەربڕینی هاوخەمی قوڵی خۆی لەگەڵ بنەماڵە و کەس و کاری ئەو شەهیدانە و هەموو هاوسەنگەرانیان و ڕێبەرایەتی حیزبی دێمۆکرات و حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران و هیوای هەرچی زوو چاک بوونەوەی بریندارەکان و بەدەست هێنانەوەی سلامەتییان،ئەم هێرشە بە توندی مەحکووم دەکات. ئەم هێرشە خوێناوییە و لە سێدارەدانی سێ بەندکراوی کورد لە زیندانی ڕەجایی شار، هاوڕێ رامین حسێن پەناهی و زانیار و لوقمان مورادی لە بەرەبەیانی ئەمڕۆ دوایین پەلەقاژەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ دەرباز بوون لەو قەیرانە فراوانە ناوخۆی و دەرەکییانەی کە تووشی هاتووە و تا دێ بڕستی لێ دەبڕێ. ئەزموونی خەباتی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵات گەلێک خەساری وای بەر کەوتووە، بەڵام هەرجارە و بە ورەیەکی بەرزتر و سوورتر لە جاران لە خەباتەکەی خۆی**

بەردەوام بووە.

مەرگ و نەمان بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران

سەرکەوێ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد

کومیتەی ناوەندیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی

٨ی سیپتامبری ٢٠١٨

## ڕاگەیەنراوی کۆمەڵە: لەسەر هێرشە تیرۆریستییەکانی رژیم بۆ سەر بارەگاکانی دیموکرات و لەسێدارەدانی سێ هەڵسوڕاوی سیاسی

بەداخەوە پێشنیوەرۆی ئەمرۆ ١٧ی خەرمانان بنکەو بارەگاکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانو حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەنزیک شاری کۆیە، لەلایەن هێزەکانی کۆماری ئیسلامییەوە موشەکباران کرا کە بەهۆیەوە ژمارەیەک ئەندامی سەرکردایەتیو کادرو پێشمەرگەی هەردوو حیزب شەهیدو برینداربوون.

هەر ئەمرۆ رژێمی پەتو سێدارەی ئیسلامی سەرەڕای ناڕەزایی بەرینی ناوخۆییو جیهانیی، سێ زیندانی سیاسی ناسراوی کورد، رامین حسەین پەناهی، لوقمان موراددیو زانیار مورادی لەسێدارەدا.

تاوانە تیرۆریستییەکانی ئەمڕۆی کۆماری ئیسلامی یەکەمجار نیەو دواجاریش نابێت کە رووبداتو رژیم هەر لەسەرەتای هاتنەسەرکاریەوە دوژمنایەتی خۆی لەگەڵ خەڵکی کوردستان نیشانداوەو هەرجارەو بەشێوازی جیاجیا دژی خەڵکی کوردستان تاوانی دژە مرۆیی ئەنجامداوە.

ئێمە سەرەڕای مەحکومکردنی هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆ سەربارەگاکانی حیزبی دیموکراتو لەسێدارەدانی سێ بەندکراوی سیاسی کورد، دڵنیاین ئەم کردەوە تیرۆریستییانە لەلایەن جەماوەری خەڵکی خەباتکاری کوردستانەوە بێ وەڵام نامێنێتەوەو رژیمی ئیسلامی وەڵامی خۆی وەردەگرێتەوە.

ئێمە حکومەتی هەرێمی کوردستانو هەر دوو حیزبی دەسەڵاتدار بۆ پارێزگاری لە بنکەو بارەگای حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بە بەرپرسیار دەزانینو داواکارین راشکاوانە ناڕەزایی خۆیان بەرامبەر بەم هێرشەی ئێران بۆ بنکەو بارەگاکانی حیزبی دیموکرات لە قوڵایی خاکی هەرێمی کوردستان دەرببڕن.

ئەو هێرشە درِندانە بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی دوو حیزبی دیموکرات و بۆ سەر بنەماڵە و ژن و منداڵی پێشمەرگە جارێکی دیکە دەخوازێ کە هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان یەک چارەنوسیان هەیە و پێویستە هاوکاری و کۆبوونەوە لە ژێر چەترێکی یەکگرتوو بخرێتە ئەولەویەتی کارمان تا بە هەموو تواناوە وزە گەلی کورد ڕێکبخرێ بۆ بەربەرەکانێی جیدی لەگەڵ کۆماری تیرۆر و سێدارە. دڵنیاین گەلی کورد بەسەر ئەو پەلەقاژەی سەرەمەرگی کۆماری ئیلامیدا زاڵ دەبێ و چارەنوسی خۆی بە باشی دیاری دەکات.

بەم بۆنەوە لەلایەن هەموو ریزەکانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانەوە سەرەخۆشی گەرمی خۆمان ئاراستەی خانەوادەو کەسوکارو هاوڕێیانی گیانبەختکردوانی هەردوو حیزبی دیموکراتو سێ هەڵسوڕاوی سیاسی کورد دەکەینو هیوا زوو چاکبوونەوە بۆ بریندارانی هێرشەکەی کۆیە دەخوازین.

**مەرگو نەمان بۆ دەسەڵاتی رەشی کۆماری ئیسلامی بژی خەباتی رەوای خەڵکی کوردستان**

**کومیتەی ناوەندیی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان**

**١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧ — ٨ی سپتامبری ٢٠١٨**

## ڕاگەیەندراوی ڕێکخراوی خەبات.ی شۆڕشگێڕی کوردستان سەبارەت بە بۆمبارانکردنی بنکەی سەرکردایەتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان




**بە ناوی خودای بەخشندەی مێهرەبان**

**خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان!**

**هێز و لایەنە تێکۆشەرە سیاسییەکان!**

**بەداخەوە جارێکی دیکەش ڕژیمی بەناو کۆماری ئیسلامیی ئێران چنگی بە خوێنی ڕۆڵەکان گەلەکەمان سوور کرد و دەیان کەسی لێ شەهید و بریندار کردن.**

**پێشنیوەڕۆی ئەمڕۆ ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧ (٨ - ٩ - ٢٠١٨ ز) ڕژیمی دژەکوردی تاران بە مووشەک و بۆمباران هێرشی کردە سەر بنکەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران لە نزیک کۆیە. لە**

ئەنجامدا تا ئێستا ١٥ پێشمەرگە و کادر و ئەندامی ڕێبەریی ئەو دوو حیزبە شەهید و دەیانی دیکەشیان بریندار بوون. ئەوە لە کاتێکدا بووە کە هەر ئەم بەیانیە ڕژیم سێ زیندانیی سیاسیی کوردی بە ناوەکانی ڕامین حوسێن پەناهی، زانیار مورادی و لوقمان مورادی لە چاڵە ڕەشەکانی خۆیدا لە دار دا.

ئێمە لە ڕێکخراوی خەبات،ی شۆڕشگێڕی کوردستان زۆر بەتوندیی ئەو تاوانە گەورەی تەتەرەکانی تاران مەحکووم و ڕیسوا دەکەین. هەر بەوبۆنەی ئەم کارەساتە دڵتەزێنەوە هاودەردیی خۆمان لەگەڵ دۆستانمان لە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران دەردەبڕین و، سەرەخۆشیی گەرم پێشکەش بە خەڵکی کوردستان و حیزبی دێموکڕات و هاوسەنگەر و بنەماڵەی ئەو قوربانییانە دەکەین و لەم غەم و کۆستەدا خۆمان بە شەریکیان دەزانین و، هیوای چاکبوونەوەی خێراش بۆ بریندارەکان دەخوازین. هەروەها سەرەخۆشیی و هاودەردیی لەگەڵ بنەماڵە و هاوەڵ و کەسوکاری ئەو سێ بەندییە لەداردراوە دەردەبڕین.

دەسەڵاتدارانی تاران، کە سەرتاپایان نوقمی خوێن و غەدر و تاوانی ترسنۆکانەیە، چوار دەیەیە لە ناوخۆ و لە ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتییدا دەستیان لە هیچ ئاژاوە و زوڵم و ستەمێک نەپاراستووە و، لە هیچ جۆرە جینایەت و تاوانێک نەسڵەمیونەوە. ئەو ڕژیمە تیرۆریست و تیرۆریستپەروەرە لەکاتێکدا سەرتاپای نوقمی قەیران و گرفتی سیاسیی و ئابوورییە و لەگەڵ نارەزایەتیی بەردەوامی خەڵکی وەزالەهاتوو دەستەویەخەیە و تان و پۆی تەونی سیستمەکەیان ئاڵۆز و تێکهاڵاوە، لەژێر تارمایی تەپوتۆزی گرفتە نێودەوڵەتیی و هەرێمییەکان و بە کەڵکوەرگرتن لە ئاڵۆزییەکانی ناوچەکە، کە هەر بۆخۆی سەرچاوەی سەرەکیی ئەو نائارامیی و ئاژاوانەیە، بەبەرچاوی دنیاوە سنووری دەوڵەتان دەپەڕێنێ و یاسا نێودەوڵەتییەکان دەشکێنێ و دەستی دەچێتە خوێنی خەڵکی بێتاوان و ئازادیخوازانی کوردەوە و تاوان و جینایەت دەخوڵقێنێ.

بە بڕوای ئێمە ئەم هێرشە، وەک زۆر جاری دیکە، پێش هەر شتێک شکاندنی شکۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و بنپێنانی عورفی هاوسێیەتییە و مەبەست لێی لەیەکتردڕدۆنگکردنی کوردە، هەربۆیە نەدەبوو و نابێ ڕێگە بدەن ئەو ڕژیمە، کە دژمنی قەستەسەری کوردە، ئەرز و ئاسمانی نیشتمانەکەمان بکاتە مۆڵگە و مەیدانی تیرۆر و تاوان.
بێگومان هێرشی ئەم جارە کۆست و کارەساتێکی گەورەیە و زیانێکی قەرەبوونەکراوە بە بزووتنەوەی مافخوازانەی کوردستان و حیزبی دێموکڕات دەگەیەنێ، بەڵام لەوەش دڵنیاین کە بزووتنەوەکەمان و ڕۆڵە ئازا و

ئازادیخوازەکانی گەلەکەمان قوربانیی زۆر لەوە زۆرتر و بەنرختریان پێشکەش بە ئازادیی کردووە و، بە ئیرادەی شۆڕشگێڕانە و ئیمان بە حەقانیەتیی ئازادیی و مافەکانی بەسەر کۆست و بەربەست و لەمپەری زۆر لەوە گەورەتردا زاڵ بوون و بە سەری بڵند و ورەی بەرزەوە کاروانی خەباتیان درێژەپێداوە و، درندە دڵڕەش و چنگ و قامکبەخوێنەکانی تارانیش لە ڕووڕەشیی و ڕیسوایی زیاتر هیچیان بۆ نەماوەتەوە.

ئێمە وەک زۆر جاری دیکە ڕامانگەیاندووە، پێمان وایە پیلانە تیرۆریستییەکان و سیاسەتی کوشت و کوشتاری ئەم ڕژیمە بۆ تاوێکیش نەک هەر ڕاناوەستن بگرە تا دێن شێوە و میتۆدی ترسناکتر بەخۆوە دەگرن. بۆیە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو بەرنامانە و بەتاڵکردنەوەی ئەو پیلانانە پێویستییان بە وریایی و هاوکاریی و هەماهەنگیی بەکردەوەی هێزە سیاسییەکانی کوردستان هەیە.

جارێکی دیکە سەرەخۆشیی و هاوخەمیی خۆمان بۆ هەموو لایەک دەردەبڕین.

**ڕێکخراوی خەبات،ی شۆڕشگێڕی کوردستان**

**کومیتەی ناوەندیی**

**١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاویی**

**٨ - ٩ - ٢٠١٨ی زایینیی**

## ڕاگەیاندراوی شووڕای دێمۆکڕاسی خوازانی ئێران سەبارەت بە هێرشی مووشەکی بە بنکەی حیزبی دێموکراتی کوردستان




**هێرشی مووشەکی کۆماری ئیسلامی بۆ حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە توندی مەحکووم دەکەین. بەپێی زانیارییەکانی گەیشتوو لە لایەن حیزبی دێموکڕات بە شووڕای دێمۆکڕاسی خوازانی ئێران، ئەمڕۆ ٨ ی سێپتامبری ٢٠١٨ بەرانبەر بە ١٧ ی خەرمانانی ١٣٩٧ سەعات ١٠ و ٤٠ خولەک بە مووشەک هێرش کراوەتە پێگەیەکی حیزبی دێمۆکرات لە کوردستانی عێراق و بەداخەوە کارەساتی بەدواە بوو.**

**ئەو هێرشە لە کاتی بەڕێوەچوونی پلێنۆمی ئەو حیزبە رووی دا. بە پێی زانیاریی باوەڕپێکراو هەتا بڵاوکراوەی ئەو ڕاگەیاندراوە پتر لە ١٠ کەس شەهید و پتر لە ٣٠ کەسیش برینداربوون. هەواڵەکان هەروەها، باس لەوەدەکەن فڕۆکە بێ فڕۆکەوانەکان (پهبادها)، لەسەر پێگەکانی حیزبی دێموکڕات و هەموو ناوچەکە دەخولێنەوە.**

**کۆماری ئیسلامی کە لە بەرەبەری ڕەوتی رووخان دایە، هەوڵ دەدا بەو هێرشی وحشیانە نیزامییە و بەچەکی قورس بە حیزبە گەلییەکانی کوردستان، بەتایبەتی حدک، ئەو چارەنووسە وەدوابخا. بەڵام هەمووماان دەزانیین بەو هێرشە دژی گەلیانە، چارەنووسی بێ ئەملاوئەولای لەنێوچوونیان ناگۆڕدرێ.**

**ئەمڕۆ خەڵکانی سەرانسەری لە ئێران و کوردستان، بەهۆی تالانی وڵات بەدەستی دزەکان و بەرپرسانی گەندڵ،**

بەدژی دەسەڵاتی سەدەکانی نێوەڕاست، بڕیاری لێیڕاوایان داوە کە ئەو ماکە فەسادە لە زبڵدانی مێژوو باوێژن. خەڵکی سەرانسەری وڵات لە خەبات بە دژی رێژیمی نگریسی کۆماری ئیسلامی لە حیزبی دێمۆکرات و حیزبەکانی دیکە پشتیوانی دەکەن و هەتا رێشەکێش کردنی ئەو دەسەڵاتە گەندەڵە و ئیجرای عەدالەت لە وڵات، پشتیوان و هاوڕایان دەبن.

شووڕای دێموکراسی خوازانی ئێران ئەو جینایەتە وەحشیانەیە کە لە لایەن کۆماری ئیسلامی کراوە مەحکووم دەکا و لە هەموو رێکخراو و نیهادە نێونەتەوەییەکان و وڵاتانی دێمۆکڕاتی جیهان داوا دەکا، سەبارەت بەو کارساتە دژی گەلییە بێ دەنگ نەبن و کردەوە نیزامییەکانی کۆماری ئیسلامی بە دژی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان مەحکووم بکەن.

دبیرخانەی شووڕای دێمۆکراسی خوازانی ئێران

٨ - ٩ - ٢٠١٨

## لێدوانی وتەبێژی سیاسیی پارتی ئازادیی کوردستان سەبارەت بە لێدانی بارەگاکانی حیزبی دیموکرات لە کۆیە

لەدرێــژەی تیــرۆر و دەســتدرێژییەکانی دەوڵەتــی داگیــرکەری ئێــران بــۆ ســەر نەتەوەی کــوردو بــزووتنەوە ئازادییخوازییەکەی ، کاتژمێر ١٠:٤٥ ئەمرۆ شەممە رێکەوتی ٨ - ٩ - ٢٠١٨ بنکەو بارەگاو شوێنی نیشتەجێبوونی بنەماڵە و پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی بۆردومان کرد.بە داخێکی زۆرەوە، لە ئاکامی ئەو هێرشەدا ژمارەیەک لە تێکۆشەرانی هەر دوو لایان، شەهیدو برینداربوون.

ئەو پەلامارەی دەوڵەتی تاران هاوکات بوو لەگەڵ لەسێدارەدانی سێ رۆڵەی نەتەوەکەمان: رامین حسێن پەناهی، زانیار و لوقمان مورادی.

پارتی ئازادیی کوردستان بە توندی ئەو تاوان و پەلامارە مەحکوم دەکاو بە نیشانەی پەلەقاژێ و بێ دەرەتانی سیاسیی تارانی دەزانێ. ئێمە داوا لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ناوەندە بریاربەدەستەکانی جیهان دەکەین بێوەڵام و هەڵوێست نەبن بەرامبەر ئەو دەستدرێژییە.

هاوکات وێرای دەربرینی هاوخەمی لەگەڵ هەر دوو لایەنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی دێموکراتی کوردستان و بنەماڵەی شەهیدو بریندارەکان، ئامادەیی پارتی ئازادیی کوردستان بۆ بەرپەرچدانەوەی هاوبەش و پوچەڵکردنەوەی پیلانگێری و پەلامارو کردەوەتیرۆریستیەکانی تاران دەردەبرین.هەروەها رادەگەێنین کە: درگای بنکەو بارەگاو شوێن و رێگاکانمان ئاوالە و لەسەر پشتە بۆ پێشوازی و حەواندنەوەی ئەو خێزان و بنەماڵانەی

دیموکرات کە لە ئاکامی ئەو بۆردومانەدا، ئاوارەبوون.

هەر لێرەوە،هاوخەمیی و داخ و کەسەری خۆمان پێشکەشی بنەماڵەکانی حسەینپەناهی و مورادی دەکەین، بۆ لەسێدارەدرانی رۆڵەکانیان.

وتەبێژی سیاسی پارتی ئازادیی کوردستان

١٧ی خەرمانانی ٢٧١٨

٨ی سێپتامبری ٢٠١٨

---

## بەیاننامەی ژمارە ١ پارتی سەربەستیی کوردستان، بە بۆنەی هێرشەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ سەر بنکەکانی حیزبی دیمۆکرات، و لە سێدارەدانی چەندین لاوی ڕۆژهەلاتی کورستان.




کۆروکۆمەڵانی سیاسی و دەسەڵات و چاودێری جیهانی.
خەڵکی وڵاتداگیرکراو هەمیشە بریینداری کوردستان

ئەمرۆ ٨ - ٩ - ٢٠١٨ کۆماری ئیسلامی ئێراان، بە پێ گۆێدان لە یاساکانی جیهانی سنووربەزاندن، هاتووەتە ناو قووڵایی خاکی باشوری کوردستان، و بە تووندی لە ڕێگەی فرۆکەی بێ فرۆکەوان و کاتیوشاو ئامێرەکانی دیکە، پەلاماری بارەگاکانی هەردوو بەشی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان و حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێرانی داوە، بە دەیان شەهید و برینداری لێکەوتووەتەوە.

ئەم جۆرە کردەوە تروریستی و نایاساییانەی کۆماری ئیسلامی ئێران، لە پێشچاوی هەمووتانەوە ئەوە ئەسەلمێنێت کە ئەم ڕێژیمە لە تێکدانی ئاشتی و ئارامی لە جیهاندا نموونەی بێ ڕکابەرەو وەک هەمیشە هیچ حیسابێک بۆ یاساو دەسەڵاتەکانی جیهانی ناکات، و بگرە ڕۆژانە ملهۆری خۆی زیاتر پێشاندەدات.

وەک پارتی سەربەستیی کوردستان، داوا لە هەموو ڕێکخراو وڵات و دەسەڵاتدارانی جیهانی دەکەین، کە ژیان و گیانی کوردانی ڕۆژهەڵات نێشتەجێ لە باشوری کوردستان بپارێزین و ڕێگگری لە ملهوری ئەم ڕێژیمە درندەیە بگرن. چی دیکە مەبنە تەماشاکەری ناعەداڵەتی و مرۆڤکوژی ئەم ڕێژیمە دژی ئازادی و ئاراميیە.

پارتی سەربەستیی کوردستان هاوخەمی خۆی ئاراستەی هەردوو حیزبی ناوبراو نێشاندەدات، سەرەخۆشی لە حیزب وکەس و کاری شەهیدەکان دەکات، و هیوای هەنگاوی بە پەلە بۆ هەرچی خێرا چاکبوونەوەش بۆ بریندارەکان دەخوازێت.

هەر لەو پێوەندییەدا داوا لە دەسەڵاتی باشوری کوردستتان دەکەین، کە لە بواری بەرگری و یاسای نێودەوڵتێیشەوە بە خێرایی بەرگری لەو سەدانجار سنووربەزاندنەی ئەم ڕیژیمە کوردکوژ و ئازدی کوژە بکەن، و ڕێگە نەدەن هەر لە سەر خاکی کوردستان ڕۆڵەکانی گەلی کوردمان قەتڵ و عام بکەن، داوا بکەن لە هاوپەیمانانتان بە تایبەت ئەمرئکا کە قەدەغەی دژە فرین بە سەر سنوورەکانی هەردوو بەشی کوردستاندا ڕاگەیەنێت.

کۆماری ئیسلامی ئێران هەر بەرەبەیانی ئەمرۆ کاک ڕامین حسێن پەناهی بەندی سیاسی کورد و چەندین بەندی دیکەی کوردستانی لە سێدارەدا وە، و بە هەزاران لە هێزەکانی خۆی و چەکی قورسی بە پەلە هێناوەتە دەوروبەری شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە گڕاچوونەوەی هەرجۆرە خۆپێشاندانێک، بە تایبەت لە شاری سنە و

لە کاتی وەرگرتنەوەی تەرمی و شەهید ڕامین حسێن پەناهی

پارتی سەربەستیی کوردستان، وێرای ئیدانەکردنی بەردەوامی کردەوە مرۆڤ و ئازادیکوژییەکانی ڕێژیمی داگیرکەری فارسی ئێرانی، سەرەخۆشی ئاراستەی بنەماڵەی حسێن پەناهی و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران, و گشت هاوسەنگەرانی دەکات.

ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی سەربەستیی کوردستان

٨ - ٩ - ٢٠١٨

## گۆڕان داوای کۆبوونەوەی نائاسایی پەرلەمان دەکات



بزووتنەوەی گۆڕان سەبارەت بە بۆردوومانی بارەگاکانی حدک و حدکا داوای کۆبوونەوەی نائاسایی پەرلەمان دەکات.

فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان لە راگەیەندراوێکدا سەبارەت بە بۆردوومانەکانی ئەمڕۆی بارەگاکانی حدک و حدکا لە کۆیە، کە بوونە هۆی گیانلەدەستدانی ١٦ کەس و برینداربوونی زیاتر لە ٤٠ کەسی دیکە، داوا

دەکات پەرلەمانی کوردستان کۆبوونەوەیەکی نائاسایی لەمبارەیەوە ئەنجامبدات.

دەقی راگەیەندراوەکە:

ئێمە وەکو فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان، بەتووندی ئیدانەی پەلاماری دەوڵەتی ئێران دەکەین بۆ سەر حزبی دیموکرات و، بە کۆمەڵکوژیی و پێشێلکارییەکی گەورەی سیاسی و یاسایی لەقەڵەمی دەدەین. بۆیە بەپێویستی دەزانین و داوادەکەین حکومەتی هەرێم هەڵوێستی هەبێت و بێدەنگی بەرانبەر ئەو کارەساتە بشکێنیت و، بەڕەسمی داوادەکەین کۆبوونەوەی نائاسایی پەرلەمان ئەنجامبدەین بۆ هەڵویستی جدی و یاسایی لەسەر ئەم پەلاماردانە.

وەکو فراکسیۆنی گۆڕان وێڕای هاوخەمی بۆ حیزبی دیموکرات و کەسوکاری شەهیدان و هیوای چاکبوونەوەی بریندارەکان، پاڵپشتی خۆمان بۆ خەباتی دیموکراتییانە و چارەسەر ئاشتیانەی پرسی کورد لە ئێران دەردەبرین.

فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان

٨ - ٩ - ٢٠١٨

## ڕاگەیەندراوی هاوبەشی ١٠ ڕێکخراوی سیاسی: جینایەتی لە سێدارەدانی ٣ بەندکراوی سیاسی و، هێرشی مووشەکی بۆسەر بنکەکانی حیزبەکانی کوردستان مەحکووم دەکەین.



ئەمڕۆ شەممە ١٧ی خەرمانان، ٨ی سێپتامبر، حوکمی لە سێدارەدانی سێ کەس لە بەندییە سیاسییەکانی کوردستان (رامین حوسێن پەناهی، زانیار و لوقمان مرادی) سەرەڕای هەوڵ و ماندووبوونی زۆر لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات بۆ ڕێگری کردن لێی، بەڕێوەچوو.

هاوکات بنکە ناوەندییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کەوتنە بەر هێرشی مووشەکیی سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی. جگە لە زەرەر و زیانێکی زۆر، ژمارەیەک لە کادر و ئەندامەکانیان گیانیان لەدەستدا و ژمارەیەکی زۆریش برینداربوون.

ئەم هێرش و کردەوە جینایەتکارانەیەی ڕێژیم لە هەلومەرجێکدایە کە خەباتی خەڵکی کوردستان لە کوردستان و سەراسەری ئێران پەرەی سەندوە. قەیرانی ئابووری و نەبوونی ئەمنییەت، هەموو لایەنەکانی ژیانی خەڵکی گرتوەتەوە. ڕەهەندەکانی ئەم نارەزایەتیانە سنوورەکانی وڵاتی بڕیوە. بۆ وێنە، تەنیا ڕۆژێک بەر لەم هێرشە دڕندانەیە، خەڵکی نارازیی بەسرە، پێگە میلیشیاکانی سەر بە ئێران و هەروەها کۆنسوولخانەی ئەم ڕێژیمەیان وێران کرد و ئاگریان تێبەردا و بەو شێوەیە ڕق و بێزاریی خۆیان لە دەستدرێژییەکانی ئێران لە خاکی عێراقدا نیشاندا.

ئـێمە گومانمــان نـیە کە ئەم ئێعـدامانە و ئەم هێرشـە جینایەتکـارانەیە، نەک هەر ورەی خەڵکــی کوردســتان دانابەزێنن، بەڵکوو سەنگەری بەرگری و خەبات لە دژی ئەم رێژیمە سەرکوتکەرە پتەوتر دەکەن. ئێمە ئەم تیرۆر و دەستدرێژییە رێکخراوە مەحکووم دەکەین و داوا لە هەموو خەڵکی ئێران دەکەین ئەم جینایەتە دڕندانەیە بە سووربوون لەسەر خەبات لە دژی ئەم رێژیمە وڵام بدەنەوە. خەبات و خۆڕاگریی خەڵکی کوردستان هاوتەریبە لەگەڵ خەباتی سەراسەریی ئێران و پێوەندیی قوڵیان هەیە. ئێعدامی چالاکانی سیاسی، کوشتنی کۆڵبەران و دەستدرێژی بۆ سەر بنکەکانی ئەم حیزبانە، نەک تەمەنی نگریسی ئەم رێژیمە درێژ ناکەنەوە بەڵکوو مەرگ و نەمانی خێراتر دەکەن.

ئێمە خەم و نیگەرانیی قووڵی خۆمان بە بۆنەی شەهیدبوونی کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات و ئێعدانی سێ چالاکی سیاسی رادەگەیەنین و سەرەخۆشی لە بنەماڵە و هاوسەنگەرانیان و هەموو خەڵکی کوردستان و ئێران دەکەین.

ئـێمە بەڵـێن دەدەیـن بە پتەوترکردنـی یەکیەتـی و هاوپێوەنـدیی نێـوان خۆمـان و هێـزە هاوتەریبەکـانی نێـو ئۆپۆزیسیۆن، ئەم کردەوە سەرکوتکەرانە و جینایەتکارانەی رێژیم بە هەوڵدان بۆ پێکهێنـانی یەکیەتییەکی بەریـن و گشتگیر وڵام بدەینەوە و بە ئیرادەیەکی پتەوتر، درێژە بە خەباتی خۆمان دەدەین بۆ دروستکردنی ئێرانێکی ئازاد و ئاوەدان و دێموکراتیک و یەکسانیی هەموو دانیشتوانی.

بڕووخێ رێژیمی کۆماری ئیسلامی

سەرکەوتن بۆ جەماوەر

١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧ — ٨ی سێپتامبری ٢٠١٨

یەکیەتی میللی دێموکراتیکی ئازەربایجان

جولانەوەی کۆماریخوازانی دێموکراتیک و لایکی ئێران

حزب تزامن دمکراتیک اهواز

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

حیزبی دێموکراتی کوردستان

کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

حیزبی خەڵکی بەلوچستان

ڕێکخراوی یەکیەتیی فدائیانی خەلقی ئێران

شورای کاتی سوسیالیستهای چەپی ایران

کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان

٩ - ٩ - ٢٠١٨

## وەزارەتی دەرەوەی عێراق نارەزایەتی خۆی دژ بە هێرشی موشەکی ئێران بۆ سەر بنکەی د.س حدک دەربڕی




لە یەکەم کاردانەوەی فەرمی حکومەتی عێراق لە پەیوەندی لەگەڵ هێرشی موشەکی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە شاری کۆیە، وەزارەتی دەرەوەی ئەو وڵاتە نارەزایەتی دژ بەو هێرشەی ڕژیمی ئێران دەربڕی.

ئەحمەد مەحجووب،ی وتەبێژی فەرمی وەزارەتی دەرەوەی عێراق، لە بەیاننامەیەک دا ڕایگەیاند کە حکومەتی عێراق دژی هەر جۆرە پێشلکارییەکی سەروەری خاکی عێراقە و ئەو هێرشە مووشەیەکی ئێران ڕەت دەکەینەوە چونکا خەڵکی سڤیلی کردووەتە ئامانج و جەندین کەس کوژراون و بریندار بوون.

پێویست بە ئاماژەیە کە ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٨ی سێپتامبری ٢٠١٨ی زایینی قەڵای دیموکرات، بنکەی دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستان کرایە ئامانجی هێرشی موشەکی ڕژیمی کۆنەپەرست و تێرۆریستی ئیلامی ئێران و بە هۆیەوە ١٥ کەس کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی ڕێبەری حیزب شەهید بوو و دەیان کەسی دیکەش بریندار بوون.

٩ - ٩ - ٢٠١٨

## دکتۆر نەجمەدین کەریم بەیانامەیەک ئاراستەی



کەسوکاری سەربەرزی شەهیدانی کارەساتی ٨ی ئەیلوول و کەسوکاری رامین حسێن پەناهی و زانیار و لوقمان مورادی دەکات.

زۆر بەداخەوە کارەساتەکان دژی نەتەوەکەمان بەردەوامە ئمرۆ کارەساتێکی تر بەرۆکی نەتەوەکەمانی گرت کەلایەن ئیرانەوە تۆپ بارانی هەردوو حزبی دیموکراتی کرد لەشاری کۆیە بەو هۆیەوە دەیان سەر کردەو کادر و پێشمەرگەی قارەمان شەهید و بریندار کران هاولاتی سڤیل و ژن و مندال بوونە قوربانی تۆپەکان

لەگەل ئەوەشدا رۆلەکانی نەتەوەکەمان لە ئێران لەسێدارە دران

ئیدانەی ئەو کارانەدەکەم هاوخەمی و هاوسۆزی وپرسەی خۆم ئاراستەی کەسوکاری شەهیدان دەکەم هیوای زوو چاکبوونەوە بۆ برینداران دەخوازم

داوای راوەستاندنی بریاری لەسێدارانی گەنجانی نەتەوەکەمان دەکەم

لێرەوە بەهەموو لایەکی رادەگەیەنین کە بەشەهید کردن و تۆپ بارانکردن و لەسێدارانی گەنجانی نەتەوەکەمان کێشەی کورد چارەسەرنابێت هیچ کاتێک بڕین و کوشتن و زیندانەکان وپەتی سێ دارە کۆلی بەداواکردنی مافەسەرەتاییەکانی نەتەوەکەمان نەداوەو نایدات

تاکەچارەسەر دانشتن و گفتوگۆی ئاشتیانەیە بۆ چارەسەری کێشەی نەتەوەکەمان

هیوادارم جیتر کارەساتی لەو جۆرە دووبارە نەبێتەوە کوردستانمان پارێزراوبێت گەنجانمان نەبردرێنە ژێر پەتی سێدارە.

جیتر بەهۆکاری جیاواز کوردستان نەکەنە گۆرەپانی ململانێی سیاسەتی دەرەکی .

٩ - ٩ - ٢٠١٨

## پەیامی یەکیەتییەکانی ژنان، لاوان و خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران
## بە بۆنەی شەهیدبوونی پۆلێک لە تێکۆشەرانی ڕێگای ئازادی

**هاونیشتمانیانی ئازیز**

**کوڕ و کۆمەڵە مرۆڤدۆستەکان**

**هەروەک ئاگادارن، سەر لە بەیانیی ڕۆژی شەممە ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی بەرانبەر بە ٨ی سێپتامبری ٢٠١٨ی زایینی، دەسەڵاتی کوردکوژ و داگیرکەری ئێران، جارێکی دیکە ڕقی پەنگخواردووی هەزاران ساڵەی خۆی بە سەر نەتەوەی مافخوازی کورد و ڕۆڵە تێکۆشەرەکانی ئەم گەلەدا هەڵڕشت و بە هۆڤانییەت و دڕندایەتییەک کە هەر لە خۆیان دەوەشێتەوە، جارێکی دیکە خاکی پیرۆزی کوردستانیان بە خوێنی شەریفترین و ئازاترین ڕۆڵەکانی نەتەوەکەمان سوور کرد.**

**ڕێژیمی مرۆڤکوژی تاران کە ئێستا زیاتر لە هەمیشە، سیمای نگریس و ناخی قیزەونی وەکوو تاقمێکی کاولکەر و دژە شارستانیەت و بەڵایەک بۆ گیانی مرۆڤایەتی و گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست ناسراوە، لە لایەکەوە لە زیندانی ڕەجایی شەهری کەرەج، سێ چالاکی سیاسیی کوردی بە شێوەی دڕندانەی باوی خۆی لە سێدارە دا و لە لایەکی دیکەوە، لە هێرشێکی مووشەکی و ئاسمانیی ترسنۆکانەدا کەمپی بنەماڵەکان و بنکە و بارەگاکانی حیزبی دێموکرات و تێکۆشەرانی ڕێگای ئازادیی کوردستانی کردە ئامانج و لە سەرەمەرگ و بەرەبەری ڕووخانیی یەکجاریی خۆیدا، بۆ جارێکی دیکە سەلماندی کە ترس و دڵەراوکێی لە نەتەوەی کورد و ڕۆڵە تێکۆشەرەکانی لە سەرەوەی هەموو**

نیگەرانی و دڵەراوکێکانی داناوە و بە هەموو هۆڤانییەت و توانای کاولکاری و خوێنڕشتنیەوە دەیهەوێ لە ئێستاوە تۆڵەی ڕووخان و دوارۆژی ڕەشی خۆی لە نەتەوەی کورد بکاتەوە.

لە هێرشەکەی دوێنێی کوردکوژانی تاراندا، دەیان ڕۆڵەی تێکۆشەر و ئازا و پێگەیشتووی نەتەوەکەمان و لە نێویاندا چەندین ژن و منداڵ شەهید و بریندار بوون کە لە ڕیزی ئەواندا دەتوانین ئاماژە بە ناوی هاوڕێی پێشمەرگە و ئەندامی بەووەجی یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، شەهید فارووق حەسەن خەیات بکەین کە وەکوو ئەندامێکی کارا و دڵسۆز، وێڕای بەشداریی چالاکانە لە ئەرکە حیزبییەکانیدا وەکوو مامۆستای فێرگەی دێموکرات، شانی دابووە بەر ڕاپەڕاندنی ئەرکی ڕێکخراوەیی لە یەکیەتیی خوێندکاراندا و ماندوویی نەناسانە لەو بوارەشدا تێدەکۆشا.

شەهیدبوونی ئەو پۆلە تێکۆشەرە کە سەر بە چەند حیزب و ڕێکخراوی جیاجیای کوردستانی ڕۆژهەڵات بوون، پێمان دەڵێ کە ئێمەی کورد چەندەش پەرتەوازە بین و بە هەموو کەلێن و ناکۆکییەکانی نێوانمانەوە، لە ڕوانگەی دوژمنانەوە هەر یەک تاوانمان هەیە کە کوردبوون و پێداگری لە سەر کوردستانی بوونمانە و یەک سزاشمان بۆ دیاری کراوە کە ئەویش ژینۆساید و کوشتن وماڵوێرانییە.

لە بەرانبەر ئەو هەموو لێبڕاوییەی داگیرکەراندا بۆ دژایەتیکردن و ژینۆسایدی نەتەوەی کورد، ئێمەش دەبێ لێبڕاوانە و زیاتر لە هەمیشە، بەو قەناعەتە بگەین کە یەکخستنی ڕیزەکان و وە سەر یەکخستنی تواناکانمان، باشترین شێوازی ڕێزگرتن و پاراستنی حورمەتی ئەو خوێنە بە ناهەق ڕژاوانە و باشترین میکانیزمی تۆقاندن و ئامادەکاری بۆ ڕامالێنی داگیرکەر تا ئەو پەڕی سنوورەکانی کوردستانێکی ئازاد و بەختەوەرە کە لەوێدا چیدی گیان و ماڵ و کەرامەت و ژینگە و سەروەریی خاک و تاکی کورد پێشێل نەکرێت.

ئێمە لە ڕێکخراوەکانی ژنان، لاوان و خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا، پێمان وایە کە پێویستە فەرهەنگی تۆڵە لە ناخ و ویژدانی هەموو تاکەکانی کۆمەڵگاکەماندا جێگیر بکرێت و ئەم فەرهەنگە تا دابینکردنی هەموو مافەکانمان و ڕامالێنی یەکجاریی داگیرکەر لە خاکە پیرۆزەکەمان، ڕێنوێنی تێکۆشانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی تاک بە تاکی نەتەوەکەمان بێت.

هەروەها باوەڕمان وایە کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەگەر تۆزقاڵێک پابەندی دروشم و ڕێسا مۆدێرن و مرۆڤتەوەرانەکانی خۆی بێت و تەنانەت ئەگەر ئازادی و بەختەوەریی مرۆڤ لە وڵاتەکانی خۆیانیشدا بۆیان گرینگە، نابێ چیدی لە بەرانبەر پەلهاوێشتنی دڕندایەتیی و دەستدرێژییەکانی ڕێژیمی مرۆڤکوژی ئێران و خولقاندنی تاوان و ژێنۆساید دەرهەق بە نەتەوەی مافخوازی کورد بێ هەڵوێست بێت.

لە کۆتاییدا وێڕای دەربڕینی پەیمانی وەفا و ئەمەگناسی بۆ دوایین شەهیدانی سوورخەڵاتی ڕێگای ڕزگاریی نەتەوەکەمان، هیوا دەخوازین برینداڕانی ئەو هێرشە دڕندانەیەش هەرچی زووتر برینەکانیان سارێژ بێتەوە و بە تەندروستی بگەڕێنەوە سەر کار و ژیانی ئاسایی خۆیان.

هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان
شەرم و ڕیسوایی بۆ خۆفرۆشان و داردەستەکانی داگیرکەر
بڕووخێ ڕێژیمی کوردکوژی کۆماری ئیسلامیی ئێران

یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران
یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران
یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران

١٨ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی
٩ی سێپتامبری ٢٠١٨ی زایینی

## کۆما جڤاکێن کوردستان هێرشی سەر مەقەڕەکانی حیزبی دێموکراتی مەحکووم کرد



**ئاژانسی کوردپا: کۆما جڤاکێن کوردستان (کەجەکە)، ڕاگەیاندراوێکی سەبارەت بە هێرش بۆ سەر مەقەڕەکانی حیزبی دێموکرات لە سیدارەدانی سێ زیندانی سیاسی کورد مەحکووم کرد.**

**کەجەکە لەو ڕاگەیاندراوەدا دەڵێت: هەتا کێشەی کورد چارەسەر نەکرێت، مومکین نییە ناکۆکی و شەڕ کۆتاییان پێبێت. بە لەسێدارەدان، زەخت و هێرشەکان کێشەکە کۆتایی نایەت، بەپێچەوانەوە ئاریشەکە قورستر دەکات.**

**دەقی ئەو ڕاگەیاندراوە بەم چەشنەیە:**

**لە ئێران ڕێژەیەکی گرینگی دانیشتوانی کورد هەیە. بەڵام کوردان لە ئێران لە مافەکانیان بێ بەشن. خۆبەڕێوەبەریی کوردان لەسەر بنەمای ئازادیی ناسنامە، زمان و کولتوور نییە. ئەمە دەبێتە هۆکار کە لەنێوان دەوڵەتی ئێران و گەلی کورد-دا کێشە، ناکۆکی و شەڕێکی هەمیشەیی ڕووبدات. هەتا کێشەی کورد چارەسەر نەکرێت، مومکین نییە ناکۆکی و شەڕ کۆتاییان پێبێت. بە لەسێدارەدان، زەخت و هێرشەکان کێشەکە کۆتایی نایەت، بەپێچەوانەوە ئاریشەکە قورستر دەکات.**

**ئێمە هەمیشە دەستنیشانمان کردووە کە ئەگەر کێشەکە بە گوێرەی مێژوو، نەریتی سیاسی و ئەزموونی ئێران**

هەڵسەنگێنرێت، هەروەها بەو شێوازەی ئیسلام کە دان بە هەبوون و ئازادیی ڕەنگە جیاوازەکان دەنێت، هەڵسەنگێنرێت، ئەوا کێشەکە چارەسەر دەکرێت. لەسەر بنەمای بەها دیموکراتییەکانی تایبەتمەندیی فیدراسیۆنی سرووشتیی مێژووی ئێران، ئەگەر خۆسەری و خۆبەڕێوەبەرایەتی بئافرێنرێت، کورد دەبنە خاوەن ژیانێکی ئازاد و دیموکرات.

بەڵام حکوومەتی ئێستای ئێران لە بری ئەوەی نەریتی سیاسی، کۆمەڵایەتی و مێژوویی ئێران بە بنەما بگرێت و شێوازە یەکسانیخوازییەکەی ئیسلام لە بەرانبەر ڕەنگە جیاوازەکان بە بنەما بگرێت، بە زیهنیەتی دەوڵەتی نەتەوەیی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری و دەسەڵاتدارەتیی ئۆتۆریتەر و ناوەندیپارێز مامەڵە دەکات. لەبەرئەوە سیاسەتێک بەڕێوە دەبات کە لە مێژوو، نەریتی کولتووری و کۆمەڵایەتیی ئێران ناوەشێتەوە. ئەم مامەڵەیەش دەبێتە هۆی ئەوەی کێشەکانی ئێران سەختتر بن و لە ناوچەکە و ڕۆژهەڵاتی ناوین کێشەگەلی نوێ سەرهەڵدەن.

چارەسەریی کێشەکانی نێوان گەلی کورد و دەوڵەتی ئێران سەخت دەکات

دەوڵەتی ئێران بە لەسێدارەدانی لاوانی کورد و بە تیرۆری سیاسی لە ڕێی هێرشی مووشەکی کێشەکانی نێوان گەلی کورد و دەوڵەتی ئێران قورستر دەکات. چارەسەریی کێشەکانی کوردان لەگەڵ دەوڵەتی ئێران لە ڕێی ڕێککەوتنی دیموکراتیانە سەخت دەکات. مادام کێشەکان بە شەڕ یان سەرکوتکاری چارەسەر نابن، کەواتە پێویستە دەست لەو ڕێبازانە بەربدرێت کە دژی داواکارییە سیاسییەکانی کوردانن. کاتێک هەبوون و مافە دیموکراتییەکانی گەلی کورد لە ڕێی دەستووری بنەڕەتیی و قانوونەکانەوە مسۆگەر کرا، ئەو کاتە کێشەی کورد چارەسەر دەبێت. ڕێگرتن لە ئەگەری دەستێوەردانی ناوخۆیی و دەرەکی بەم شێوەیە دەبێت.

پێویستە ئێمە ئەمە دەستنیشان بکەین؛ بە لەسێدارەدان، بە تیرۆری سیاسی و بە ڕێبازەکانی سەرکوتکاریی سیاسی و کۆمەڵایەتی، کێشەکانی ئەو وەڵاتە بە بنبەست دەگەن. بۆیە بانگی دەوڵەتی ئێران دەکەین دەست لەو ڕێبازانەی خۆی بەردا کە دژی گەلی کورد و هێزە ئۆپۆزسیۆنە سیاسییە دیموکراتییەکانن و کێشەکانی خۆی لەگەڵ کوردان بە ڕێککەوتنی دیموکراتیانە چارەسەر بکات.

ئێمە جارێکی دیکە دەستنیشانی دەکەین؛ ئەگەر ئێران لەم بوارەدا لەپێناو چارەسەریی کێشەکە بەم شێوەیە هەنگاو بنێت، ئێمەش وەک گەلی کورد، هانی هێزە سیاسی و دیموکراتییەکان دەدەین. مومکین نییە کە داوای ڕەوای تێکۆشانی ئازادیی کوردان بە زەخت و زۆرداری، بە ڕێبازی نۆکەرایەتی و سیخووڕی سەرکوت بکرێن.

سەرەخۆشی لە خانەوادەی شەهیدان دەکەین

ئێمە باوەڕمان وایە کە یاد و حەسرەتی شەهیدانی سێدارە و ئەوانەی بە مووشەکەکان شەهید بوون، بە ئازادیی کوردستان و بەدیموکراتیبوونی ڕۆژهەڵاتی ناوین بەدی دێت. بەم بیر و باوەڕەوە سەرەخۆشی ئاراستەی خانەوادەی شەهیدان دەکەین و شیفای خێر بۆ برینداران دەخوازین.»

١٩ - ٦ - ١٣٩٧

١٠ - ٩ - ٢٠١٨

## پارتی ژیانی ئازادی کوردستان- پژاک بۆ بەڕێز: حیزبی دیموکراتی کوردستان




دەسپێک سەرەخۆشی پارتیمان ئاراستەی بنەماڵەی شەهیدان و حیزبی دیموکراتی کوردستان دەکەین. لەم سەردەمە هەستیارەدا کە ئاڵوگۆڕی لە ناوچەکەدا بەخێرایی دەچێتە پێش، پێویستە گەلی ئێمە بە هەستیاری و بەشێوەیەکی زانستیانە ئەم دۆخە لێکداتەوە و بە پێی ئەم ڕەوشە لەچوارچێوەی پلان و پرۆژەی نەتەوەیی و بەڕوحی

ئازادیخوازی هەڵسوکەوت بکات. تێگەیشتن لە پلانەکانی دوژمنانی گەلەکەمان ڕێگە خۆشکەر دەبێت لەداڕشتنەوەی سیاسەتی دروست و عیلمانی پێشڕەوان و ئەم شێوازە گەیشتن بە ئامانجی گەلەکەمان بۆ ئازادی و سەربەستی نیزیکتر دەکاتەوە.

بەڕێزان، بنەماڵەی شەهیدانی ئەم ڕووداوە تێرۆریستیانە و کادیر و ئەندامان و بەڕێوەبەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، لەناخی دلگرانی خۆمان لەهەمبەر ئەم خەسارە مەزنە دەردەبڕین و هیوای چاکبوونەوە بۆ برینداران دەخوازین. ئەم کردەوە قیزەونەی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەچوارچێوەی کۆنسێپتێکی گشتی کە لەدژی ئازادی گەلەکەمان پەیڕەو دەکرێت و پێویستە هەموو پێشەنگانی گەلەکەمان ئەم بابەتە بە وردی بنرخێنێ و بە باشی لێ تێبگەن کە بە گشتی ئەم سیستمە دیکتاتۆر ق تۆتالیتەرە دژی هەر جۆرە ئازادی و ئازادیخوازییە و هەموو بەهاکانی مرۆڤایەتی ژێر پێ ناوە.

بە تێگەهێشتنی ئێمە لەم قۆناخە هەستیارەدا زیاتر لەهەموو کات و ساتێکدا، زەروورەت و پێویستی یەکڕیزی گەل و ئازاتیخوازان و هەوڵدان بۆ یەکڕیزی نەتەوەیی دەخوازێت. لەم قۆناخە هەستیارەدا بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی نەتەوەیی، کە مەترسی پاکتاوکردن لەئارادایە، یەکڕیزی تێکۆشان و خەبات پێویستییەکی حەیاتییە.

لەکۆتاییدا جارێکی تر سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی گەلی کورد و بنەماڵەی شەهیدان و حیزبی دیموکراتی کوردستان دەکەین و هیوای سلامەتی و چاکبوونەوە بۆ برینداران ئاواتەخوازین.

هاوسەرۆکایەتی کۆدار - پەژاک

١٠ - ٩ - ٢٠١٨

## RMMK: مووشەکباران کردنی نووسینگەی حیزبە کوردییەکان، تەقە لە ئوسووڵی بناغەی مافی مرۆڤە



ئاژانسی کوردپا: ڕێکخراوی داکۆکیی لە مافی مرۆڤی کوردستان بە بڵاوکردنەوەی بەیاننامەیەک، ئێعدام کردنی سێ زیندانی سیاسیی کورد و هێرش مووشەکی بۆ سەر مەقەڕەکانی حیزبی دێموکراتی مەحکووم کرد.

لەو بەیاننامەیەدا، هاتووە: ڕێکخراوی داکۆکیی لە مافی مرۆڤی کوردستان وێڕای هاوخەمی دەربڕین لەگەڵ بنەماڵەی ئێعدام کرا و گیان لە دەستداوان، سەرەخۆشی لە خەڵکی کوردستان، لە چوارچێوەی ئوسووڵی ڕاستەقینە و ڕێککەوتننامەی مافی مرۆڤ کە باوەری بە بنەماکانی خۆی هەیە،لە سێدراەدانی ڕامین حوسێن پەناهی و زانیار و لوقمان مورادی بە شێوەی نادادگەرانە بووە و مەحکوومی دەکات.

ئەو ڕێکخراوە مافی مرۆییە لە بەشێکی بەیاننامەکەیدا ڕایگەیاندووە: ئەم ڕێکخراوەیە هەروەها ڕاکێت و مووشەبارانکردنی ناوەندە مەدەنییەکانی حیزبە دژبەرەکان و کوشتاری بە کۆمەڵی دژبەران لەژێرپێنانی تەواوی ئوسووڵە قەبووڵ کراوەکانی مافی سیاسی و مەدەنی و جەنایەتی دژی مرۆڤایەتی دەزانێ. لەو ڕووەوە ڕێکخراوی داکۆکیی لە مافی مرۆڤی کوردستان ئێعدامی زیندانیانی سیاسیی کورد لە سێدارەدانی مافی ژیان و ئوسووڵی دادگەری، تەقە کردن لە نووسینگە و ناوەندە ئیداری و مەدەنیی حیزبە کوردستانییەکان، تەقە لە ئوسووڵی

بنەڕەتی مافی مرۆڤ لە قەڵەم دەدات و ئەو دوو هەوڵە جێقەبووڵ کردن نییە و بە توونـدی مەحکـوومی دەکەیـن. لە بەشێکی دیکەی بەیاننامەیەکی ئەو ڕێکخراوەدا، هـاتووە: هاوکـار لەگەڵ لە سێدارەدانی سێ زینـدانیی سیاسیی کـورد، نووسـینگە و ناوەنـدە مەدەنییەکـانی حیزبەکـانی کوردسـتانی "ڕۆژهەڵات" بە تـایبەتی نووسـینگەی ناوەنـدی حیزبی دێموکراتی کوردستان کـراوەتە ئـامانجی چەنـدین مووشـەکی دوورهـاوێژ و لەو ڕووداوەدا بە داخەوە ١٦ کەس لە ئەندامانی ڕێبەری و مەدەنیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە تایبەتی نەسرین حەداد و سەهیلا قادری، کەریـم مەهدەوی، ئیبراهیم ئیبراهیمی، ڕەحمان پیرۆتی، هاشم عەزیزی، عوسمان عوسمانی، کەریم ڕەسووڵزادە، پێشـەوا سەید عومەر، جەماڵ ئەکبەری، مەنسوور ئەکبەری‌پوور، فـاروق حەسـەن حەیـات، محەممەد حەسـەن‌پوور و هـاوڕێی کارساز گیانیان لە دەست دا.

١٩ - ٦ - ١٣٩٧

١٠ - ٩ - ٢٠١٨

## هێرشی ئێران بۆ سەر کەمپێک لە ناو خاکی هەرێمی کوردستان لە عێراق



دانیشتنی ژمارە: ١٩ - ٢٠١٧

بڕواری دانیشتن: ١٠ - ٩ - ٢٠١٨

سپۆنسەری سەرەکی: ماری گلێندن

سپۆنسەرەکان:

لە ڕێی ئەو نووسراوە، پارڵمان، بۆردومانی کەمپی سیاسی و پەنابەرانی کوردی ئێرانی لە کۆیە، لە قوولایی ٢٠٠ کیلۆمەتری ناو سنوری فەرمی کوردستانی عێراق، لە لایەن سپای پاسدارنی شۆڕشی ئێران، بە توندی ئیدانە دەکات. لە پێوەندی لە گەڵ شەش ڕاکێتی زەوی بە زەوی و بە کارهێنانی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان، هاوکات لە گەڵ بەڕێوە چوونی دانیشتنی کۆمیتەی ڕێبەرایەتی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێران، هاوخەمی و سەرخۆشی خۆمان ڕادەگەیێنین بۆ بنەماڵەی گیان بەخت کراوان، و ئاواتی چاک بوونەوەی خێرا بۆ برینداران دەخوازین. ئەو پارڵمانە بڕوای وایە کە ئەو هێرشە، بەزاندنی ئاشکرای یاسای نێودەوڵەتی، پڕنسیپەکانی سەروەری و جیرانەتیە. هەروەها جێی ئاماژەیە، کە ئامریکا و هاوپەیمانی نێودەڵەتی تا ئێستاش بەرپرسن لە پاراستنی سنووری هەوایی عێراق، و مەترسی ئەوە هەیە، لە ئەگەری نەبوونی کاردانەوە دژی هەڕەشەی ئێران، ئەوا ڕژێمی ئێران بۆ دوبارە کردنەوەی کردەوەی هاوشێوەهان بدات. پارڵمان پێی وایە کە خاکی عێراق و هەرێمی کوردستان نابێ ببێتە گۆڕەپانی یەکلاکردنەوەی ململانەی زلهێزەکان. بەو پێوەرەش، پارڵمان داوای بە پەلە دەکات لە بریتانیا و ولاتانی تر بۆ ئیدانەی ڕژێمی ئێران لە نەتەوە یەکگرتوەکان و شوێنی پێوەندیداری دیکە لە ئاستی جیاوازدا، بە مەبەستی ڕاگرتنی خێرای ئەو چەشنە کردەوانەی ڕژێم.

https://www.parliament.uk/edm/2017-19/1606

١٠ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

## ئەمریکا لەبارەی هێرشەکەی کۆیە: ئێران ڕۆڵێکی خراپ لە عێراقدا دەگێڕێت




**لەلایەن ڕێکار عەزیز**

**هێزە ناوێرت، گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا**

**ڕووداو - واشنتن**

**گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە وەڵامی داواکاری ئێران بۆ ڕادەستکردنەوەی حیزبی دیموکرات و داخستنی بنکەکەیان لە کۆیە گوتی" دەبێت عێراق ئەو بڕیارانە دەربکات نەک ئێران". ڕاشیگەیاند "ئێران ڕۆڵێکی خراپ لە ناوچەکە و لە عێراقیشدا دەگێڕێت".**

**لە کۆنفرانسی ڕۆژنامەڤانی هەفتانەدا هێزەر ناوێرت، گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا هێرشی توندی کردە سەر ئێران لەبارەی "دەستوەردان لە کاروباری عێراق" و گوتی "ئێران بەردەوامە لە دەستوەردان، ئێران ڕۆڵێکی خراپ لە ناوچەکە و لە عێراقدا دەگێڕێت. ئەو هێرشەی ئەمدواییە هەوڵێکی ئێرانە بۆ ناسەقامگیرکردنی وڵاتەکە و حکومەتەکەی و ناوچەکەش".**

**هێزەر ناوێرت گوتیشی "هێرشە مووشەکییەکەی ئێران بۆ سەر کۆیە ئیدانە دەکەین، هەروەک پێشتریش ئیدانەمان**

کـردووە. ئەوە پێشـێلکارییێکی روونـی سـەروەری خـاکی عێـراق و مافەکـانی عێـراقە. ئـێمە بەردەوامـدەبین لە پشتگیریکردن لە سەروەری خاکی عێراق".

لە وەڵامی پرسیارێکدا لەبارەی لێدوانەکەی سەرۆکی ئەرکانی هێزە چەکدارەکانی ئێران کە داوای لە حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان کردبوو ئەندامانی حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان رادەستی ئێران بکەنەوە یان دەریانبکەن، هێزەر ناوێرت گوتی "ئێمە چاوەڕێدەکەین ئێران رێز لە سەروەری عێراق و وڵاتانی دیکەی ناوچەکە بگرێت و ئەم هەوڵە ناسەقامگیرییانە بوەستێنێت. ئێمە پشتگیری لە سەروەری خاکی عێراق دەکەین و دەبێت عێراق ئەو بڕیارانە دەربکات نەک ئێران".

رۆژی شەممە (٨ - ٩ - ٢٠١٨) بارەگایەکی حیزبی دیموکراتی کوردستان (حدک) لە کۆیە لەلایەن ئێرانەوە بۆردوومانکرا، بەو هۆیەوە ١٧ ئەندام و سەرکردەی حدک و حدکا گیانیانلەدەستدا و زیاتر لە ٤٠ کەسی دیکەش بریندارببوون، لەنێویاندا ئافرەت و منداڵ هەبوون.

رووداو نێت ١١ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

## پەیامی سەرەخۆشی پارتی سوسیالیستی کوردستان




**دوابەدوای کارەساتی مووشەکبارانی قەڵای دیموکرات لەلایەن ڕیژیمی جینایەتکاری کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە کە بەداخەوە بوو بە هۆی شەهید و بریندار بوونی دەیان ئەندامی ڕێبەری و کادر و پێشمەرگەکان حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان وێڕای مەحکومکردنی ئەو جینایەت درندانەیە، پەیامی سەرەخۆشییان بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستان و ماڵباتی شەهیدان ناردووە. بەڕێز مەسعود تەک سەرۆکی گشتی پارتی سوسیالیستی کوردستان_ تورکیەش پیامێکی سەرەخۆشی بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستان ناردووە و تێدا زۆر بەتوندی ئەو هێرشەی کۆماری ئیسلامی مەحکوم کردووە و هیوای هەرچی زووتر چاکبوونەوەی بۆ برینداڕانی ئەو کارەساتە خواستووە.**

**پارتی سوسیالیستی کوردستان**

**١١ - ٩ - ٢٠١٨**

## پەیامی سەرەخۆشی تەڤگەری ئازادی کۆمەڵگەی کوردستان




**لە درێژەی پیامی سەرەخۆشی و مەحکوم کردنی مووشەکبارانی بارەگای سەرەکی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ڕۆژی شەممە ١٧ی خەرمانان کە بەداخەوە بوو بە هۆی شەهید و بریندار بوونی دەیان ئەندامی ڕێبەری و کادر و پێشمەرگەکان ڕێکخراوی تەڤگەری ئازادیی کۆمەڵگەی کوردستان پەیامێکی سەرەخۆشی ئاڕاستەی حیزبی دیموکراتی کوردستان کردوە و وێڕای سەرەخۆشی لە ماڵباتی شەهیدان و هیواخوازی بۆ هەرچی زووتر ساڕێژبوونەوەی برینداران، هێرشی مووشەکی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیان بەتوندی مەحکوم کردووە. لە بەشێک لەو پیانەدا هاتووە: هێرش و بۆمبارانی موشەکی جمهوری ئیسلامی ئێران بۆسەر بارەگای حیزبی دیموکراتی کوردستان حدک و کەمپی نیشتەجێبوونی هاولاتیانی ڕۆژهەلاتی کوردستان لە کۆیە بەتووندی ئیدانە و شەرمەزار دەکەین.**

**لە بەشی کۆتایی ئەو پەیانەدا وێڕای مەحکومکردنی سیاسەتی سەرکوت و تۆقاندنی گەلی کورد لە لایەن داگیرکەرانی کوردستانەوە هاتووە: داواکارین هەرچی زووە هێزو لایەنە سیاسیەکان لە ئاستی هەموو بەشەکانی کوردستان و کەسایەتی و ڕێخستنە مەدەنیەکان بڕیاری ئازایانە و بەرپرسانە بدەن بۆ هانگاونان بەرەو کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان وەک باشترین وەڵام بۆ داگیرکەران کە تەنیا بەو تێکۆشانە دلی برینداری گەلەکەمان و روحی شەهیدان ئاسودە دەبیت.**

**تەڤگەری ئازادی کۆمەڵگەی کوردستان**

**١١ - ٩ - ٢٠١٨**

## پرسەنامەی: یەکێتیی دیموکراتی کوردستان - ئێران




**شەهید بالای بەقەد بالای کوردستانە**

**بەداخەوە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران ڕۆژی شەممە ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی - ٨ی سێپتامبری ٢٠١٨ی زایینی لە سەعات ١٥ و ٤٥ خولەکی پێش نیوەڕۆ بە موشوک بنکە و بارەگاکانی هەردوو حیزبی دیموکراتی کوردستان و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی لە شارۆچکەی کۆیە لە باشووری کوردستان داوەتە بەر هێرش و بەداخێکی زۆرەوە دەیان سەرکردە و پێشمەرگەی هەرفوو حیزب شەهید و بریندار بوون.**

**کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ پەردەپۆش کردنی شکستەکانی خۆی لە ناوخۆی ولات و هەروەها ڤیزەونبوونی سیمای دەسەڵات و حکوومەتەکەی لە دەرەوە، لە ئەنجامیهیچ جۆرە کردەوەیەکی نامرۆڤانە و دوور لە بەها ئینسانیەکان سڵ ناکاتەوە و مووشەکباران کردنی بارەگای حیزبەکان هەر لەو پێناوە دایە. بەڵام دەبێ کۆماری ئیسلامی ئێران ئەوە بزانێت کە گەلی کورد دەیان ساڵە خەبات دەکات و هەزاران قوربانی داوە کە ئازادی و سەربەستی خۆی بەدەست بێنێت و بە ئەو جۆرە لە هێرش و پەلامار و دڕندەیی و تاوانە ناتوانێت ئیرادەی نەتەوەکەمان بشکێنێت.**

**وەک یەکێتیی دیموکراتی کوردستان بەتوندی ئیدانەی تاوانەکانی ڕێژیمی کوماری ئیسلامی دەکەین و خۆمان بە هاوخەمی و هاوسۆزی بنەماڵەی شەهیدان و برینداارانی هەردوو حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی**

دموکراتی کوردستانین و سەرەخۆشی لە گەلی کورد و سەرکردایەتی و کادیر و پێشمەرگەکانی هەردوو حیزبی دیموکراتی کوردستان وحیزبی دموکراتی کوردستانی ئێران دەکەین و هیوای زووچاکبوونەوە بۆ بریندارانیش دەخوازین و لە هەمانکاتیشدا ڕوومان لە هێزە سیاسیەکان و گەلەکەمان دەکەین کە یەکێتی نەتەوەیی و یکهەڵوێستیی نەتەوەکەمان دەتوانێت بە سەر دوژمنان و داگیرکەرانی کوردستاندا سەرمانخات و شکست بە دوژمنان بێنێت.

یاد و ناوی شەهیدانی کوردستان بەرز و پیرۆز بێت

یەکێتیی دیموکراتی کوردستان

١١ - ٩ - ٢٠١٨

## پەیامی هاوخەمی قەشەی کڵێسای کۆیە و هەرمۆتە




بەناوی خودای گەورە و میهرەبان

بۆ ڕێبەران و هاوڕێیانی حیزبی دیموکرات

هەڵبەتە کارەساتی ٢٠١٨/٩/٨ کارەساتێکی جەرگ بڕبوو و هەموو مرۆڤێکی خاوەن ویژدانی هێنایە ژان، چجای ئەوەی ئێمەی دانیشتوانی گوندی هەرمۆتە، کە جیران و دۆستێکی لەمێژینەی یەکترین و خۆشەویستییەکی بەتین لە نیوانماندا هەیە، بۆیە بۆ ئێمە ئازارەکان بەسفتوسۆتر و کۆستەکەش گەورەتربوو. بەناوی دانیشتوانی گوندی هەرمۆتە هاوخەمی و پرسە و سەرەخۆشی خۆمانتان ئاراستە دەکەین، هیوادارم دواکارەسات بێت و شەرمەزاری و ریسوایش بۆ دوژمنانی کورد.

براتان قەشە دنحا تۆما

قەشەی کڵێسای کۆیە و هەرمۆتە

١١ - ٩ - ٢٠١٨

## پارتی سوسیال دیموکراتی سوید هێرشی موشەکی ئێران بۆ سەر بنکەی دەفتەری سیاسی ح د ک بە توندی مەحکووم دەکات




پارتی سوسیال دیموکراتی سوید لە بەیاننامەیەک دا کە لە سەر پێگەی ئینتێرنێتی بڵاو کراتەوە و بۆ دەفتەری سیاسی حیزبیشمان نێردراوە، هێرشی موشەکی ڕژیمی تێرۆرسیتی ئێرانی بە توندی مەحکووم کراوە. لەو بەیاننامەیە دا هاتووە:

ڕۆژی شەممە بنکە و بارەگاکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، کە حیزبێکی سوسیال دیموکراتە، لە شاری کۆیەی هەرێمی کوردستانی عێراق کەوتە بەر هێرشی ڕژێمی ئێران، کە تا ئێستا ١٨ کەس گیانیان لە دەست داوە و ٥٠ کەسیش بریندار بوون.

سوسیال دێموکراتەکان ئەو هێرشەی ئێران بۆ سەر حیزبی دیموکراتی کوردستان مەحکووود دەکات و داوای ڕاگرتنی بە پەلەی ئەو هێرشانە دەکات و خوازیاری ئەوەیە کە ترس و تۆقاندن دژی ئۆپۆزێسیۆن دژبەرانی خۆی لە ناوخۆ و دەرەوەی ولات بوەستێنێ.

" یوهان هاسێل" سکرتێری نێونەتەوەیی پارتی سوسیال دیموکراتەکان

" ئەڤین ئینجەر" جێگری بەرپرسی بەشی نێونەتەوەیی سوسیال دیموکراتەکان

---

## Socialdemokraterna fördömer attackerna mot civila i staden Koya

**Under lördagen attackerades det socialdemokratiska partiet, Kurdistans demokratiska parti i Iran (KDPI), i staden Koya i KRG (Kurdistans regionala regeringsområde i Irak) av Iranska regimen. Hittills har 18 personer mist livet och 50 .personer har skadats**

**Socialdemokraterna fördömer den Iranska regimens attacker mot KDPI och kräver att attackerna omedelbart upphör. Regimens ständiga attacker och skrämsel av .oppositionella i och utanför Iran måste få ett slut**

**Johan Hassel, internationell sekreterare för Socialdemokraterna**

**Evin Incir, biträdande internationell sekretare för Socialdemokraterna**

## بانگەوازی کۆمەڵێک لە ئاکادێمیسیەن و ڕووناکبیرانی کورد



**کۆمەڵێک لە ئاکادێمیسیەن و ڕوناکبیرانی کورد ڕوو لە لایەنە سیاسییەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بانگەوازێکیان بڵاو کردەوە.**

**دەقی بانگەوازەکەم بەم چەشنەیە:**

**لە ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧دا هێزەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران چەندین هێرشی موشەکییان کردە سەر دەفتەر و کەمپی بنەماڵەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان (حدک) و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران (حدکا) لە شاری کۆیە، واتا قوڵایی خاکی هەرێمی کوردستانی ئێراق بێ ڕەچاو کردنی یاسا نێودەوڵەتییەکان. ئەم هێرشانە بوونە هۆی گیان لەدەستدان و برینـدار بوونی ژمارەیەکی بەرچاوی ئەندامانی ئەم حیزبانە و دانیشتوانی مەدەنی وا لە کەمپەکان دەژین.**

**لەهەمان ڕۆژدا، ڕێژیمی ئێران سێ بەندکراوی سیاسیی کوردی بە ناوەکانی ڕامین حوسێن پەناهی، لوقمان مرادی و زانیار مورادی لەسێدارە دا. فەرمانی لە سێدارەدانەکان بەڕێوە چوون سەرڕای ئەوەی کە ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤی**

نێودەوڵەتی لە کەموکورتیی ئاشکرای شێوەی دەستبەسەرکردن و دادگایی کردنەکەیان دووابوون و داوایان کردبوو حوکمی لە سێدارەدانی ئەو سێ کەسە ڕابگرن.

پاشخانی بەرفراوانتری ئەم توندوتیژییانە قەیرانی قووڵی کۆمەڵایەتی - ئابووریی ناوخۆیی لە ئێراندا و قۆناغی کۆتایی شەڕی ناوخۆیی سوریایە کە تێیدا هێزە جۆراوجۆرە نێوخۆیی و ناوچەییەکان لەسەر وێرانەی شەڕی ماڵوێرانکەری ناوخۆیی سوریا لە ڕکابەری دان کە لە ساڵی ٢٠١١ەوە بەردەوام بووە.؛ شەڕێک کە ئێران و تورکیا و هاوپەیمانە ناوچەییەکانیان دەورێکی سەرکیی تێدا دەگێڕن.

سەرەڕای هەموو جیاوازییەکانیان، دەوڵەتەکانی ئێران، عێراق، تورکیە و سوریە وەک هەمیشە یەکگرتوون بۆ لێسەندنەوەی ئەو دەستکەوتانەی خەڵکی کورد و هێزە سیاسییەکانیان لە چەند ساڵی ڕابردوودا بە خەبات و بەرخۆدانی بەردەوام و ئازایانەیان بەرانبەر بە داعش بەدەستیان هێناوە. ئەم دەوڵەتانە زۆرجار نیشانیان داوە کە ویستوویانە و دەتوانن هەموو جیاوازییەکانی نێوانیان وەلا بنێنێن تا خەباتی ڕەوای نەتەوەی کورد بۆ مافی چارەنووسی خۆی سەرکوت بکەن.

بەداخەوە، هەمان یەکێتیی ئامانج و کردار لە نێوان هێزە سیاسییەکانی کورددا بەگشتی و، بەتایبەتی لە نێوان هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا نییە. ئەم نیگەرانییانە لە ئێستا دوو هێندە زیاد دەبن کە گەلی کورد لە ڕۆژهەڵات خۆی لە یەکێک لە هەستیارترین قۆناغەکانی مێژووی خۆیدا دەبینێتەوە. ئێستا خەباتە ڕەواکەیان بۆ مافە سیاسی و کولتوورییەکانیان لەگەڵ دەرفەت و بەربەستی کەم وێنە بەرەوڕوو بووە لەکاتێکدا کە ڕێژیمی ئێران گیرۆدەی گەندەڵیی نێوخۆیی وگوشاری دەرەکیی بووە.

**بەڕەچاو کردنی ئەم بارودۆخە گرنگە ئێمە واژوومان کرد کە:**

١- لە ناخی دڵەوە سەرەخۆشی لە حدکا و حدک و هەموو ئەوانە دەکەین کە کە خۆشەویستیکیان بەهۆی هێرشی بێ بەزەییانەی ڕێژیمی ئێرانەوە لەدەست داوە. هەر وەها سەرە خۆشی گەرمی خۆمان ئاراستەی بنەماڵەی ڕامین حوسێن پەناهی، زانیار مرادی و لوقمان مرادی دەکەین و سێبورییان بۆ دەخوازین.

٢- داوا دەکەین لەهەموو هێزە سیاسییانەی کورد، بێ جیاوازی، کە ئێستا بۆ مافی سیاسیی کوردان خەبات دەکەن و لە ڕۆژهەلات چالاکن، دەستبەجی کۆببنەوە بۆ پێکهێنانی بەرنامەیەکی لانیکەمی هاوکاریی سەربازی، ئاسایشی و دیپلۆماتیک وەک کاریگەرترین هەوڵ بۆ خۆڕاگریی لەبەرانبەر دەستدرێژیی بێ بەزەییانە، و کوێرانە و بێ جیاوازیی ئێران. بەشێوەیەکی ئایدیال ئەم گفتوگۆیانە دەتوانێت ببێتە هۆی پێکهاتنی یەکێتییەکی نەتەوەیی – دیموکراتیکی کورد لە ڕۆژهەلات. ئێمە باوەڕمان وایە کە ئەم داوایە بۆ پێکهێنانی بەریەکی یەکگرتوو زۆربەی گەلی کورد لەڕۆژ هەلات پشتیوانی لێدەکات.

٣- داوا لە هەموو هێزە سیاسییەکانی کورد دەکەین کە لەسەرتای گفتوگۆکانیاندا بۆ ئەم هاوکارییە فرەڕەهەندییە، جیاوازییە ئایدۆلۆژیکی و سیاسییەکان بە ڕەسمی بناسن، ڕێزی لێبگرن و لەسەر بناغەیی ترین زەمینەی هاوبەش، واتا، مافەنەتەوەییەکانی کورد و بەرگریی، ئاسایش و سیاسەتی دیپلۆماتیکی هاوبەش بەرانبەر بە ڕێژیمی ئێران و هێزە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان پێکوەرن.

٤- بەبیرهەموو پارتە ڕۆژهەلاتییەکانی دێنینەوە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان نەبەتەمایە و نەدەتوانێت گەرەنتیی ئاسایشی ئەوان لەبەرانبەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا بکات.هەر بۆیە، ئەوان دەبێت پێکەوە کاربکەن بۆ کەمکردنەوەی بوونی فیزیکیی خۆیان لە ناوچەی ژێر دەسەلاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

٥- هەموو پارتە سیاسییە کوردەکان بانگهێشت دەکەین بۆ ئەوەی کە بەشێوەی فەرمی پابەندبن بە پارێزکردن لە بەکار هێنانی چەک بۆ چارەسەری جیاوازییە ئایدۆلۆژی و سیاسییەکانیان. ئەم چەشنە جیاوازییانە، بەو جۆرەی کە هەن، پێویستە ئاشتییانە و لەڕێگای ئامرازی دیموکراتیکەوە بخرێنە بەرباس و گفتوگۆ و گەلی کورد دادوەری یەکلا کەرەوە بێت.

واژووکەران (بە پێی ڕیزبەندیی ئەلفوبێ):

د. ئازاد مورادیان (رەوانناس؛ بەرپەرسی کومیتەی کۆردەکانی نیشتەجێی ئەمریکا بو دیمۆکراسی و مافی مرۆڤ)
ئاگری ئیسماعیل نەژاد (ڕۆژنامەوان)

د. ئالان فتوحی (زانکۆی کارۆلینسکا، سوێد)

ئالان گۆران (چالاکوانی مەدنی)

ئاڤا هوما (نوسەر)

د. ئەحمەد محەممەد پوور (زانکۆی ماساچۆسێت – ئەمهێرست)

د. ئەمیر شەریفی (زانکو ی ولایەتی کالیفورنیا لونگ بیچ)

د. بەرزوو ئالیاسی (زانکۆی لینیێس، سوێد)

د. بێهروز شوجاعی (نوسەر)

د. بێهنام ئەمینی (زانکۆی یۆرک، کانادا)

د. خالید خەیاتی (مامۆستای زانکۆ, سوێد)

جانی دیلان (ڕۆژنامەوان)

د. رامین مەفاخیری (لێکۆلەر)

د. ڕەحیم سورخی (زانکۆی کارلتن، کانادا)

ساسان ئەمجەدی (لیکۆڵەر، زانکۆی لۆسێرن، سویس)

د. سوڕەییا فەللاح (زانکوی ولایە تی کالیفورنیا)

د. سەردار سەعدی (لێکۆلەر لە زنکۆی تۆرێنتۆ)

د. سیوان سەعید (مامۆستای زانکۆ)

د. مەنسور سۆهرابی (مامۆستای زانکۆ)

شاهید عەلەوی (ڕۆژنامەوان)

شەهلا دەباغی (نوسەر)

د. کامران مەتین (زانکۆی ساکسێس، بریتانیا)

د. کەماڵ سولەیمانی (کوینز کالج، نیویورک)

د. کاوە قوبادی (لیکۆڵەر)

پرۆفیسۆر عەبباس وەلی (مامۆستای زانکۆ)


د. ناسر ئەحمەدی، لێکۆڵەر

د. هاشم ئەحمەدزادە (مامۆستای زانکۆ، سوێد)

د. هێمن سەییدی (نوسەر)

١١ - ٩ - ٢٠١٨

## ڕێکخراوی ئەنترناسیونالی سۆسیالیست هێرشی ئێران بۆ سەر کوردانی ئێران لە عێراق ئیدانە دەکات



لە ڕێگای ئەو نوسراوە، ڕێکخراوی ئەنترناسیونالی سۆسیالیست تووڕەیی خۆی نیشان دەدات لەمەڕ هێرشی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ سەر بارەگاکانی دو ئەندامی سۆشیالْ ئینتەرناشنالْ بیتی لە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێران کە لە کوردستانی عێراق نیشتەجێێن.

بنکە سەرەکی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان لە کاتی بەڕێوە چوونی دانیشتنی کۆمیتەی ڕێبەرایەتی، کەوتە بەر هێرش و تڕاژدی گیان بەخت کردنی ١٦ کەس و برینداربوونی ٥٠ کەسی لێکەوتەوە. ڕژێمی ئێران هەروەها بنکە سەرەکی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئیران و کەمپی پەنابەران لە شاری کۆیە دایە بەر پەلامار.

بەو هۆیە، سۆشیالْ ئینتەرناشنالْ هاوخەمی قووڵی خۆی بۆ بنەماڵەی قوربانیان، و پەیامی هاودڵی لە گەڵ بریندارەکانیش دەردەبڕێت.

هێرشی ڕشە کووژی پلان بۆدارێژڕاو دژ بە کوردانی ئێران، هاوکات بوو لە گەڵ لە سێدارەدانی سێ زیندانی سیاسی کورد لە لایەن ڕژێمی ئێران، لەوانیش ڕامین حوسێن پەناهی، ئەندامی حیزبی کۆمەڵە کوردستانی ئێران وەک ئەندامێکی دیکەی سۆشیاڵ ئینتەرناشناڵ. شایانی باسە کە سۆشیاڵ ئینتەرناشناڵ کەیسی ناوبراوی خستبۆ ڕۆژەفی کۆلەگای نێودەوڵەتی و ڕێکخراوەکانی جیهانی مافی مرۆڤ.

ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران بە هێرش کردنە سەر خەڵکی بێ گوناهی مەدەنی، سەروەری وڵاتێکی جیران و یاساکانی نێودەڵەتیشی بەزاند. هەر بۆیەش سۆشیاڵ ئینتەرناشناڵ داوا لە هەموو کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەکات تا دژی ئەو کردەوە قزێونانە بوەستنەوە.

١١ - ٩ - ٢٠١٨

## بانگەوازی ژمارەیەک حیزب و لایەنی سیاسیی چوار پارچەی کوردستان سەبارەت بە موشەک بارانی قەڵای دێموکرات




بەڕێز نوێنەرایەتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەرێمی کوردستان

نوێنەرایەتیی یەکیەتی ئەورووپا و لایەنگرانی مافی مرۆڤ

**کونسوولگەریەکانی وڵاتانی بیانی لە هەرێمی کوردستان**

**ڕاگەیەنە گشتییەکان وخەڵکی نیشتمانپەروەری کوردستان**

**وەک دەزانن چەند ڕۆژێکە ڕۆژهەلاتی کوردستان بەهۆی جینایەتە یەک لە دوای یەکەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە زامدارە و ئەو بارودۆخە نالەبارەش هەموو کوردستانیانی هەر چوار پارچەی کوردستانی تووشی بێزاری و دڵگرانی کردووە.**

**بەرەبەیانی ڕۆژی شەممە ٨ی سێپتەرمبەری ٢٠١٨، سێ لاوی کورد بە ناوەکانی رامین حوسێنپەناهی، زانیار مواردی و لوقمان مواردی لە زیندانی رەجایی شاری کەرەج لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە لەسێدارە دران.**

**هەرلە هەمان ڕۆژ و کاتژمێر ١٠:٤٥ خولەکی پێشنیوەڕۆ، بنکە و بارەگاکانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان- ئێران لە قوولایی خاکی هەرێمی کوردستان لە شاری کۆیە بە مووشەکی دوور هاوێژ مووشەکباران کران، کە بەم هۆیەوە دەیان کەس لە تێکۆشەرانی دێموکرات کە ژن و منداڵیشیان لەناودا بوون، شەهید و بریندار بوون و سەدان بنەماڵەی کەمپەکانیان کە ژن و منداڵ و خەڵکی سیڤیلن، ئاوارە و دەربەدەر بوون.**

**ئێمە کوردستانیانی هەر چوار پارچەی کوردستان لێرە کۆ بووینەتەوە کە دەنگی ناڕەزایەتی خۆمان بەرامبەر بەم کردەوە نامرۆڤانانەی کۆماری ئیسلامی و کەمتەرخەمیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەرامبەر بە دەسدێژییەکانی کۆماری ئیسلامی بەرز بکەینەوە و وێڕای ئیدانە و مەحکوومکردنی ئەم کردەوە نامرۆییە داوا لە رێکخراو و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان و لایەنگران و چاودێرانی مافی مرۆڤ دەکەین کە ئەم کردەوانەی کۆماری ئیسلامیی ئێران ئیدانە بکەن و سنوورێک بۆ ترۆریزمی دەوڵەتیی ئەم رێژیمە دابنێن کە تا ئێستا بە سەدان تێکۆشەری ڕۆژهەلاتی کوردستانی لە هەرێمی کوردستان تیرۆر کردووە.**

**رێژیمی ئێران لە ناوخۆی وڵات خەریکی گرتن، کوشتن، لەسێدارەدان و زاڵکردنی کەشوهەوای ئەمنی بۆ سەر ژیانی خەڵکی کوردستانە، لە دەرەوەی وڵاتیش وێڕای دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتان و ئاژاوەگێڕی و ناسەقامگیری دروستکردن، سەرلەنوێ ترۆریزمی دەوڵەتیی خۆی وەگەڕ خستووە و بە پێشێلکردنی سەروەریی وڵاتان و یاسا**

نێودەوڵەتییەکان، بە هێرشکردن بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی حیزبەکان و ژن و منداڵەکانیان لە قووڵایی خاکی هەرێمی کوردستان، دەیهەوێت شکست و قەیرانە نێوخۆیی و دەرەکییەکانی پێ بشارێتەوە و ڕای گشتی خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران و کوردستان بەلاڕێدا ببات و ناوچەکە هەرچی زیاتر بەرەو ئاڵۆزی و ناسەقامگیری ببات.

بە پشتبەستن بە هەموو بنەما نێوەنەتەوەییەکان و لەڕووی ئەرکی نەتەوەیی و ئەخلاقییەوە لێرەدا کۆ بووینەتەوە کە کردەوەکانی کۆماری ئیسلامی ئیدانە بکەین و لە هەمانکاتدا داوا لە کۆمەڵگەی جیهانی دەکەین چیتر بەرامبەر بە تیرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی بێدەنگ نەبن و پێش بە سیاسەتی قەلاچۆکردنی خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستان لەلایەن ئەو ڕێژیمە دیکتاتۆرەوە بگرن و هاوکات پشتیوانی لە خەباتی ڕزگاریخوازی و مافە ڕەواکانی گەلی کورد بۆ گەیشتن بە ئازادی بکەن.

نوێنەرایەتیی ژمارەیەک لە حیزب و لایەنە سیاسی و جەماوەرییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان

١٢ی سێپتەمبەری ٢٠١٨ی زایینی

## شەپۆلی هاوخەمی و، پشتیوانی کردنی خەڵکی کوردستان لە گەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان




**دوای کارەساتی دڵتەزێنی مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات لە لایەن رێژیمی جینایەتکاری کۆماری ئیسلامییەوە، خەڵکی بە پەرۆشی کوردستان لە رێگای جۆراوجۆرەوە لە گەڵ تێکۆشەرانی دێموکرات، بە تایبەتی بنەماڵەی شەهیدانی ١٧ی خەرمانان، هاوخەمی و هاوسۆزی خۆیانیان لەو پێوەندییەدا دەربڕی.**

**بەشێکی بەرچاو لە چالاکانی مەدەنی و هەڵسووڕاوانی سیاسیی کورد لە نێوخۆ وڵات، لە یەکەم چرکەی ئەو کارەساتە بە پێوەندیگرتن، لە گەڵ رێبەران و بەرپرسانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، وێڕای هاوخەمی کردن، نوێترین کردەوەی تیرۆریستییەکەی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیان لە دژی تێکۆشەارنی دێموکراتی کوردستانیان مەحکووم کرد.**

**هەروەها بە پێی ئەو ڕاپۆرت و هەواڵانەی بە دەستمان گەیشتووە، بەشێکی دیکە لە خەڵکی بە پەرۆشی کوردستان بە نەزر ونیاز کردن، هیوای سڵامەتی و چاکبوونەوەیان بۆ برینداراانی ١٧ی خەرمانان خواستووە، وەک هەمیشە پاڵپشتی خۆیانیان لە حیزبی دێموکراتی کوردستان دەربڕیوە.**

**جێیوەبیرهێنانەوەیە رۆژی ١٧ی خەرمانانی ٩٧ی هەتاوی، لە ئاکامی مووشەکبارانی بنکەی سەرەکیی حیزبی**

دێموکراتی کوردستان، بەشێک لە ڕێبەرایەتی ئەو حیزبە شەهید و، بریندار کران و، ئەوەش تووڕەیی و خەمباری خەڵکی کوردستانی لێکەوتەوە.

١٢ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

## پەیامی پارتی دێموکراتیکی گەلان"هەدەپە" بە بۆنەی مووشەکبارانی قەلای دیموکرات!




بۆ سەرکردایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان(حدک) و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران(حدکا)

ئێمە ئەو هێرشەی کۆماری ئیسلامی ئێران شەرمەزار دەکەین کە لە ٨ی ئەیلوول کرایە سەر ناوەندی حیزبی دمیوکراتی کوردستان(حدک) و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران(حدکا) لە شارۆچکەی کۆیەی سەربە هەولێر. سەرەخۆشی ئاراستەی خانەوادەی شەهیدان، هەوالان و هۆگرانی حدک و حدکا و خەڵکی کوردستان دەکەین و شیفای خێرا بۆ برینداران دەخوازین.

ئەو هێرشانەی کە لە لایەن دەوڵەتانی سەردەست دژی گەلی کورد دەکرێن، تازە نین، پێشتریش زۆر جاران گەلی کورد تووشی هێرش و کۆمەڵکوژیی جۆراوخۆر بوون، بەلام کوردان هیچ جارێک دەستیان لە تێکۆشانی ئازادیی خۆیان بەرنەدا. بێگومان ئەو هێرشانەش ناتوانن ببنە ڕێگر لە تێکۆشانی بەهاداری کوردان لە ڕۆژهەلاتی ناوین.

ئێمە جارێکی دیکە ئەم هێرشەی دەوڵەتی ئێران و هەموو ئەو دەوڵاتانەی دەیانەوێت بە کوشتن و توندوتیژی کوردان لە تێکۆشانیان لە پێناو مافە سەرەکی و دینوکراتەکان دوور بخەنەوە شەرمەزار دەکەین. بانگی دەمودەستی ئێمە لە دەوڵەتی ئێران و هەموو دەوڵەتان ئەوەیە کە بە ڕێگەی ئاشتیانە و دانووستان، داواکارییە ئاشتی و دیموکراتییەکانی کوردان چارەسەر بکەن

ڕێز و سڵاو

پەروین بوولدان - سەزای تەمەلی هاوسەرۆکی گشتی پارتی دیموکراتی گەلان( هەدەپە)

١٢ - ٩ - ٢٠١٨

## پەیامە لە لایەن مەڵبەندی پێشمەرگە دێرینەکانەوە




بەڕێزان ڕێبەری حیزبی دیموکرات

بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان

سڵاوێکی گەرمی شۆڕشگێڕانە

ڕژیمی کۆنەپەرست و تێرۆریستی ئیسلامی ئێران بە درێژایی تەمەنی پڕ لە شوورەیی خۆی جگە لە مەرگ و کوشتار و وێرانی هیچ شتێکی دیکەی بە دیاری بۆ گەلی کورد و گەلانی دیکەی ئێران پێ نەبووە. گەلەکەمان هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی هاتنە سەر دەسەڵاتی ئەو ڕژیمەوە بە تێکۆشان و خەباتی چەکداری هەوڵی پاراستنی گەل و وڵاتەکەی داوە و لەو پێناوەش دا هەزاران ڕۆڵەی خۆی کردووەتە قوربانی. ڕێچکەی خەباتی پڕ لە شانازی حیزبەکەمان بە درێژایی دەیان ساڵی ڕابردوو پڕە لە قوربانی دان و بەخشینی گیان و تا ئێستاشی لەگەڵ دا بێ ئەو کاروانە بەردەوامە کە دوایین ڕێبوارانی ئەو کاروانە لە پسان نەهاتووە، شەهیدانی سەربەرزی ١٦ی خەرمانانی قەڵای دیموکرات و فێرگەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و ٤ لاوی گەلەمان بوو کە بە غەدر و بوختان و تاوانی ناڕەوا برانە بەر پەتی سێدارە.

ئەو ڕژیمە دژ بە گەلە جگە لە زمانی زۆر و کوشتار هیچ زمانێکی دیکە نازانێ و هەر دەبێ بەو زمانەش وڵامی بدرێتەوە، بۆ ئەو ئەرکە پیرۆزەش یەکبوون و یەکگرتوویی حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە سەرووی هەموویانەوە یەکگرتن و یەکبوونی هەر دووک لای دیموکرات زەروورەت و پێویستییەکی بێ ئەم لاو لایە.
مەڵبەندی پێشمەرگە دێرینەکانی دیموکرات کە بەشێکی زۆر لە پێشمەرگە و تێکۆشەرە دێرینەکانی حیزبی دیموکرات لە خۆ دەگرێ جگە لە سەرکۆنە و ریسوا کردنی هێرشی موشەکی ڕژیمی تێرۆریستی ئیسلامی ئێران، هاوخەمی خۆی پێشکەشی هەموو گەلی کورد، ڕێبەری هەردووک لای دیموکرات و بنەماڵە و کەس و کاری سەربەرزی شەهیدان دەکات و خۆی لەو خەمە گەورەیە دا بە شەریک و بەشدار دەزانێ.

یەکگرتن و یەکریزی حیزب و ڕێکخراوە و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان زامنی سەرکەوتن و تێکشانی پیلانە نگریسەکانی ئەو حکومەت و بەکرێگیراوە هەرێمییەکانییەتی.

مەڵبەندی پێشمەرگە دێرینەکانی دیموکرات

١٢ - ٩ - ٢٠١٨

## پەیامی هاوخەمیی بەشێک لە تەشکیلاتی بانە، سەقز، بۆکان ، مهاباد و چۆمی مەجیدخان




**بەڕێزان سکرتێر و ئەندامانی دەفتەری سیاسی و کۆمیتە ناوەندی و کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان!**

**بەبۆنەی ئەم کارەساتی شەهیدبوون پۆلێک لە هاوڕێیانی بەوەج و تێکۆشەر لە ئاکامی مووشەکبارانکرانی بنکەی دەفتەری سیاسی دا سە رەخۆشی لە ئێوە و بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان و هەموو خەڵکی نیشتمانپەروەری کوردستان دەکەین و خۆمان بە بەشدار و شەریکی ئەم خەمە دەزانین و هیوای زوو چاک بوونەوە بۆ برینندارەکان دەخوازین.**

**با دوژمن بزانێ کە ئێمە درێژەدەری ڕێگای شەهیدەکانمانین نە دێڵین سەنگەریان چۆڵ بێ و نە چەکیان لە سەر زەوی بمێنێتەوە و نە بیر و باوەڕیان دەتوێتەوە. ئێمە نە شەهیدەکانمان لە بیر دەکەین و نە لە دوژمنیش خۆش ئەبین. ئێمە وەک بەشێک لە تەشکیلاتی نێوخۆی ح.د.ک لە شارەکانی بانە، سەقز، بۆکان، مهاباد و چۆمی مەجیدخانی بۆکان ئامادەی جێبەجێ کردنی هەموو ئەرک و فەرمانێکین کە لەلایەن حیزبەکەمانەوە پێمان بسپێردرێ. نەمان و ژێرکەوتن بۆ دەوڵەتی ئیسلامیی تیرۆر و کوشتن و ئاژاوە و برسیەتی.**

**١٣ی سێپتەمبەری ٢٠١٨**

## بەیاننامەی ڕێکخراوی خەڵکی کرمانجی خوراسان لە پێوەندی لەگەڵ مووشەکبارانی قوڵای دیموکرات




ڕێکخراوی خەڵکی کرمانجی خوراسان ڕۆژی سێشەممە ٢٠ی خەرمانان و پاش مووشەکبارانی بنکەی سەرەکی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە لایەن ڕژێمی کوردکوژی کۆماری ئیسلامی کە بەداخەوە دەیان سەهید و برینداری لێکەوتەوە، بە دەرکردنی بەیاننامەیەک وێرای مەحکووم کردنی ئەو کردەوە جتنایەتکارانەیەی کۆماری ئیسلامیی ئێران، سەرەخۆشی لە حیزبی دیموکرات و ماڵباتی شەهیدانی ١٧ی خەرمانان کردووە.

لەبەشێک لەو بایاننامەیەدا هاتووە: خەڵکی کوردستان لە سەرەتای شۆڕشی ٥٧ی هەتاوییەوە تا ئەمڕۆ بۆ ماوەی چل ساڵە کە لە شەڕێکی نابەرانبەر بە دژی حکومەتی مەلایانی دواکەتوو دان و لە بەرانبەر هێرشی درندانەی هێزەکانی ڕێژیم بەرگری ڕەوا لەخۆیان دەکەن.

لەبەشێکی دیکەی ئەو بەیاننامەیەدا وێڕای ئاماژە بە کوشتاری بەندییە سیاسییە کوردەکان هاتووە: دادگایی ناعادیلانە و شاراوە و دەرکردنی سزای لەسێدارەدان بۆ چالاکانی مەدەنی، پارێزەرانی مافی مرۆڤ و ژینگە و خەڵکی بێتاوان لە کوردستان، لەژێرپێنانی هەموو یاسا و ریساکانی پەسندکراوی نێودەوڵەتیە و ئەو ڕێژیمە بەشێوەی ڕەمەکی و بۆ دامرکاندنی قین و بوغزی خۆی لاوانی کورد لەسێدارەدەدا.

١٣ - ٩ - ٢٠١٨

## بەردەوامیی مەحکوومکرانی مووشەکبارانی قەڵای دێموکڕات



لە درێژەی مەحکوومکرانەکانی مووشەکبارانی قەڵای حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەلایەن سپای ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، باڵوێزی بریتانیا لە عێراق لە پەرێس کۆنفرانسێکدا، نیگەرانیی خۆی لەم کردەوە تیرۆریستی و نامرۆڤانەیە دەربڕی و گوتیشی ئەم کردەوەیە شکاندن و بەزاندنی ئاشکرای سەروەرییەکانی خاکی هەرێمی کوردستان و عێراقە.

"جان ویلێکس" لە درێژەی قسەکانیدا، وێڕای ئاماژە بەوەیکە ئامانجی ئێران لەم هێرشە ڕەکەژیی خەڵکی سڤیل بووەو ئەم کردەوەیە بە هیچ شێوەیەک بۆ چاوپۆشی نابێ، گوتی: ئەم هێرشە لە کاتێکدا بووە کە بەرپرسانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە کۆبوونەوە دابوونەو ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هیچ ڕێزێکی لە سەروەریی خاکی عێراق نەگرتووە، هەر بۆیەش ئێمە بەو ئاکامە گەیشتین کە ئێران بەو کردەوانەی ناوچەکە هاڵۆز و تووشی پشێوی دەکات و دەبێ پێشی پێ بگیردرێ.


هەر لەم پێوەندییەدا وڵاتانی کانادا، ئامریکا، فەڕانسە، عێراق، حکومەتی هەرێمی کوردستانو زۆربەی پارتو حیزبە کوردییەکانی کوردستان وێڕای مەحکوومکردنی ئەم کردەوە تیرۆریستییە پشتیوانی خۆیان لە حیزبی دێموکڕات و گەلی کورد دووپات کردەوە.

جیی وەبری هێنانەوەیە کە کاتژمێر ١٠:٤٥ی پێشنیوەڕۆی ڕۆژی شەممە، ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی ، قەڵای دیموکرات، بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، لە کاتی بەڕێوەچوونی پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی دا کەوتە بەر هێرشی مووشەکی و هەوایی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە لە ئاکامدا بە داخەوە ژمارەیەک لە تێکۆشەرانی حیزب بە هۆی ئەم هێرشەوە، شەهید و بریندار بوون و ئەو کارەساتە هاوخەمی و پشتیوانیی بەربڵاوو بەرچاوی دێموکراتدۆستان و گەلدۆستانی لێکەوتەوە.

لە کاردانەوەی ئەم کردەوە تیرۆریستییەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و لە ئاکامی بانگەشەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕۆژی چوارشەممە ٢١ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی بە گشتی لە تەواوی شارەکان مانیان گردت و لە ماڵەکانیان مانەوە بۆ پشتیوانی لە کارەساتی قەڵای دێموکڕات.

١٣ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

## پارێزگاریی لە کوردەکانی ئێران بکەن



من وەک لایەنگرێکی دێموکراسی لە ئێران و دانیشتووی ئەم ناوچەیە کە ئێوە لە کۆنگرێس نوێنەرایەتیی دەکەن داواتان لێدەکەم کە لە گەڵم هاودەنگ بن بۆ پشتیوانیی لە کوردەکانی ئێران و حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک حیزبێکی مەزنی کورد لە ئێران.

حەوتووی ڕابردوو دەوڵەتی ئێران شەڕێکی فرە ڕەهەندی دژی کوردەکانی خۆی کرد. لە لایەکەوە، سەر لە بەیانی ٨ی سێپتامبر، ڕێژیمی ئێران سێ لاوی کوردی ئیعدام کرد کە بەندکراوی سیاسی بوون. لە لایەکی دیکەوە، ڕێژیمی ئێران، کەڵکی لە مووشەکی بالیستیکی بۆ هێرش کردن بۆ سەر کەمپە پەنابەرییەکانی کوردانی ئێرانی وەرگرت کە لە ناوجەرگەی خاکی عێراق هەڵکەوتوون. جگە لەمە ئێران ٧ ڕۆژ کوردستانی عێراقی تۆپ باران کرد.

کاتێک کە زانیار مورادی و لوقمان مورادی، کە ئەندامی یەک بنەماڵە بوون، ئەم شەممەیە ئیعدام کران، ئەوان ١٠ ساڵ بوو لە زیندان بوون و لە ژێر تووندترین ئەشکەنجە دا ناچار کران ئیعتراف بە تاوانێک بکەن کە هەرگیز نەیان کردبوو. ڕامین حوسێن پەناهی بە هەمان شێوەو لە هەمان بەیانی دا ئیعدام کرا، لە کاتێکدا کە بۆ نارەزایەتی دەربڕین بەرامبەر بە دادوەریی نادادپەروەرانە، بە پەلە و بێ ڕەچاو کردنی پرۆسەی باوی سزادان مانی لە خواردن گرتبوو.

هێرشی ئێران بۆسەر کەمپی پەنابەران و حیزبە کوردییەکانی ئێران، کە ناچار بە ژیان لە تاراوگە لە کوردستانی عێراق کراون، پێشێلکارییەکی ئاشکرای یاسا و نۆرمە ناونەتەوەییەکانە. بە هۆی ئەم هێرشەوە لانی کەم ١٦ کەس کوژران و ٤٠ کەس بریندار بوون. بە داخەوە ویلایەتە یەکگرتووەکان و کۆمەڵگای نێودەوڵەتیی هێشتا هەڵوێستێکی بەهێزیان بۆ شەرمەزار کردنی ئەم کردەوە تاوانکارانە و ترسنۆکانەی ئێران نەگرتووە.

ئەم هێرشە، هەرچی بێ، لە پێش هەموو شتێکدا، پەیامێکە بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانەکانی لە ناوچە کە ئێران کۆنترۆڵی تەواوی بەسەر عێراقدا هەیە و ئەوان لەوێ هەر چی بیانهەوێ دەیکەن. ئەمە گرینگە کە هێزە دێموکڕاتیکەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بزانن کە ویلایەتە یەکگرتووەکان توانایی پشتیوانیی لە بەرژەوەندییەکانی لە ناوچەدا هەیە. بێ دڵنیا کردنەوە، داهاتووی هێزە دێموکڕاتیکەکان و داهاتووی ئەم هێزانەی کە نزیکترین دۆستی ویلایەتە یەکگرتووەکانن و هاوپەیمانەکانی ئەون دەکەوێتە مەترسییەوە.

حیزبی دێموکڕاتی کوردستان هەمیشە دەوری سەرەکیی بۆ لێک نزیک کردنەوەی لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیی هەبووە و خەڵکی ئێران کوردەکان وەک خەباتکاری ڕاستەقینە بۆ ئازادی و دێموکڕاسی ئێران سەیر دەکەن. پێویستە ویلایەتە یەکگرتووەکان خەڵکی ئێران دڵنیا بکاتەوە کە لایەنە هەرە دێموکراتیکەکانی ئۆپۆزیسیۆن بە

تەنیا جێ ناهێڵێ. بۆیە من لە لایەن خۆم و گەلێک خەڵکی دیکە لە کۆمەڵگای خۆم داوا لە بەڕێوەبەرایەتیی و کۆنگرە دەکەم کە ئاشکراتر پشتیوانیی لە کوردەکانی ئێران بە تایبەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بکا کە بەتەمەنترین و مەزنترین حیزبی سیاسی کوردییە.

١٥ - ٩ - ٢٠١٨

---

## لێدوانی نوێنەری بریتانیا لەبارەی هێرشی مووشەکیی ئەم دواییانە بۆ سەر عێراق

دوابەدوای هێرشی ئەم دواییانە بۆ سەر عێراق، وتەبێژێکی دەوڵەتی بریتانیا لێدوانێکی بڵاو کردەوە. وتەبێژێکی دەوڵەتی بریتانیا گوتی:

"بریتانیا بە نیگەرانییەوە چاودێریی ڕووداوەکانی ئەم دواییانەی عێراق و هەرێمی کوردستان دەکا. دوای هێرشەکەی نزیک کۆیە، ئەم هەفتەیە باڵوێزی بریتانیا لە عێراق سەردانی هەرێمی کوردستانی کرد و لەگەڵ سەرکۆنسول ( هی بریتانیا) لە هەولێر لەگەڵ گشت لایەنەکان چاوپێکەوتنی کرد.

هێرشی ئێران بۆ سەر کۆیە لە ئەندازە بەدەر و مەترسیدار بوو. بریتانیا پشتیوانیی لە لێدوانەکانی دەوڵەتی عێراق، حکومەتی هەرێمی کوردستان و یونامی دەکا. ئێمە داوا لە گشت لایەنەکان دەکەین کە ددان بەخۆدا بگرن و

ڕێز بۆ سەربەخۆیی و سەروەریی عێراق دانێن.

بریتانیا بە توندترین شێوە هەر جۆرە توندوتیژیی بەرامبەر بە نوێنەرایەتییە سیاسییەکان، لەناویاندا ئەوانی ویلایەتە یەکگرتووەکان، هەر وەک لە بەسرە و بەغدا لە ڕۆژانی ڕابردوو دا دیتمان مەحکوم دەکا.

بریتانیا داوا لە گشت لایەنەکان دەکا کە درێژە بە هەوڵەکانیان بۆ پێکهێنانی دەوڵەتێکی گشتگر بە گوێرەی کاتی دیاریکراو لە یاسای بنەڕەتییدا بدەن، کە نوێنگەی ویست و هیواکانی سەرجەم شارۆمەندانی عێراقە."

١٥ - ٩ - ٢٠١٨

## پەیامی هاوخەمیی بنەماڵەی ڕامین حوسێن‌پەناهی گەیشتە سکرتاریای حدک



ئەمجەد حوسێن‌پەناهی، برای شەهید ڕامین حوسێن‌پەناهی سەردانی سکرتاریای حیزبی دێموکراتی کوردستانی کرد و پەیامی هاوخەمیی بنەماڵەی حوسێن‌پەناهیی گەیاندە ڕێبەریی حیزبی دیموکرات.

بەیانیی ڕۆژی دووشەممە، ٢٦ی خەرمانان ئەمجەد حوسێن‌پەناهی، برای زیندانیی سیاسیی ئێعدامکراو ڕامین حوسێن‌پەناهی سەردانی سکرتاریای حیزبی دێموکراتی کوردستانی کرد و لەلایەن شاندێکی ڕێبەریی حیزبەوە بە

گەرمی وەرگیرا.

لەو دیدارەدا ئەمجەد حوسێن پەناهی پەیامی هاوخەمیی بنەماڵەکەی سەبارەت بە مووشەک بارانی بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی گەیاندە ڕێبەریی حیزب و گوتی ئێعدامی ڕامین و زانیار و لوقمان مرادی لە بەیانیی ئەم ڕۆژەدا پیلانێک بوو بۆ ئەوەی زەبر لە تەواوەتیی بزووتنەوەی کورد بدەن و لەم ڕۆژەدا خوێنی بنەماڵە ئێمە و زیندانیانی سیاسیی دیکە و حیزبی دێموکرات تیکەڵ بە یەکتری بوون.

ئەمجەد حوسێن پەناهی پێی لەسەر ئەوەی داگرت کە بەرگری لە زیندانیی سیاسیی سەر بە هەر ڕێکخراوەیەکی سیاسی دەبێ ببێتە نەریتی هاوبەش هەموو بزووتنەوەی کورد. ناوبراو نەیشاردەوە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان زیاتر لە هەموو حیزبە سیاسییەکان بەر لە ئێعدامی ڕامین، خاوەندارەتیی لێ کرد و هەموو هەوڵێکی بۆ پشتیوانی لە کەمپینی ڕزگاریی ڕامین لە ئێعدام خستەگەڕ.

هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانیش هاوخەمیی خۆیان سەبارەت بە ئێعدامی ڕامین حوسێن پەناهی و زیندانیانی سیاسیی دیکە لەو ڕۆژەدا و ڕۆژانی دواتریشدا ڕاگەیاند و سڵاویان نارد بە ڕووحی بەرەنگاری و خۆڕاگریی بنەماڵەی حوسێن پەناهی، بەتایبەت دایە شەریفە و باوکی بەڕێزی شەهید ڕامین.

١٧ - ٩ - ٢٠١٨

## ڕێکخراوی نێونەتەوەیی لاوانی سۆسیالیست: هێرشی هەوایی و مو شەکی بۆ سەربارەگای ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە توندی مەحکوم دەکەین




ڕێکخراوی نێونەتەوەیی لاوانی سۆسیالیست بە توندی هێرشی هەوایی و موشەکی بۆسەر بارەگای ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە باشوری عێراق و لە هەمان کات دا لە سێدارەدانی سێ لاوی کورد مەحکوم دەکەین.

ئێمە سەرەخۆشی قووڵی خۆمان دەنێرین بۆ کەس وکار و هاوڕییانی قوربانیان و هاودەردی دەکەین لەگەڵ هەمو ئەوانەی کە لەو هێرشە دا زیانیان پێ گەیوە.

ڕۆژی شەممە ٨ی سیپتامبر سەعات ١٠:٤٥ دەقیقە بارەگای سەرەکیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان درایە بەر هێرش لە لایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە.

ئامانجی هێرشی هەوایی و موشەکیی پلینۆمی کومیتەی ناوەندی بو کە لە بارەگای سەرەکی حیزب بەڕێوە دەچو. لە کاتی هێرشەکەدا و لە دوای هێرشەکەش فرۆکە بێ سەرنشین بە ئاسمانی شاری کۆیەدا کە لە نیزیک بارەگای حیزبە، دەخولانەوە.

چەندین ئەندامی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەو هیرشەدا کوژراون و بریندار بوون.

ئێمە بە پەلە داوای دەخالەتی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی و دەوڵەتەکان دەکەین هەنگاو هەڵێنن بۆ وەستاندنی کوشتار و لە سێدارەدانی خەڵکی سیفیل لە لایەن حکومەتی ئێرانەوە.

ڕێکخراوی نێونەتەوەیی لاوانی سۆسیالیست هەمیشە تێدەکۆشێ لە دژی توندئاژۆ دواکەوتوەکان، لە دژی هەڵاواردن و ناعەداڵەتی کۆمەڵایەتی و بۆ جیهانێکی پڕ لە ئاشتی ئەوتو کە دانیشتوانەکەی بتوانن ژیانی خۆیان بنیات بنێن بە ڕێگایەکی دڵخۆشکەر دا.

١٩ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

## شیرین عیبادی، مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات و ئێعدامی لاوانی کوردی مەحکوومکرد



چالاکی بواری مافی مرۆڤ و براوەی خەڵاتی ئاشتی نوبێل، شیرین عیبادی، لە وتوێژێکدا وێڕای مەحکوومکردنی هێرشی هەوایی و مووشەکبارانی بنکەی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، سەبارەت بارودۆخی کورد لە کوردستانی ئێران کۆمەڵێک خاڵی پێوەندیدار بە پێشێلکرانی مافەکانی مرۆڤ لە ئێران و کوردستان خستەبەرباس.

شیرین عیبادی لە وتووێژێکی تایبەت لەگەڵ کوردستان ٢٤، وێڕای مەحکوومکردنی نوێترین کردەوەی تیرۆریستی

کۆماری ئیسلامی و مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات و هەروەها لە سێدارەدانی چەندین لاوی کورد، لە حەوتووی ڕابردوودا، باسی لە چەوساونەوەی گەلی کورد لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی کرد و، گوتی: کورد لە ئێران دووجار دەچەوسێتەوە.

شیرین عیبادی بە باس کردن لە بارودۆخی ئێران و بەتایبەتی کوردستان لەو بارەوە گوتی: کورد لە ئێراندا دووجار بێبەش بووە لە مافەکانی، جارێک وەک هەموو هاووڵاتییەکی ئێران و، جارێکیش وەک یەکێک لە گەلەکانی ئێران.

ناوبراو لە درێژەی قسەکانیدا بە باس کردن لە کێشە وگرفتەکانی گەلی کورد لە ئێران لەو پێوەندییەدا ڕایگەیاند:

کورد لە ئێران جگە لەو کێشانەی هەموو خەڵکی ئێران هەیانە، کۆمەڵێک کێشەی دیکەیان هەیە. یەکێک لەو کێشانە ئەوەیە ڕێگەیان پێ نادرێت بە زمانی دایک بخوێنن. ئەمە لەکاتێکدا دەستووری ئێران ڕێگەی بەوە داوە. دوای ٤٠ ساڵ لە دانانی دەستوور، حکومەت ئامادە نییە جێبەجێی بکات. زۆربەی لەسێدارەدانەکان هی گەلانی ئێرانە. ئێران لە ناوچەکانی کوردستان زۆر بە کەمی سەرمایەگوزاری دەکات. بە هۆی نەبوونی هەلی کارەوە، هەندێک خەڵک، ناچارن کۆڵبەری لە ناوچە سەختەکان بکەن. جگە لەوە هیچ کارێکی دیکەیان نییە. حکومەت بەوان دەڵێت قاچاغچی و تەقەیان لێدەکات و دەیانکوژێت. کاتێکیش نارەزایەتی دەردەبڕن، دەڵێن قاچاغچی، ئەگەر بڵێین ئەو کارە یاسایی نییە، خۆ دەبێت بە یاسا ڕێگری بکرێت، نەک بکوژرێن. ئەوە چ دەسەڵاتێکە!؟ ئەوە وایکردووە، کوردەکانی ئێران ناڕازیتر بن لە خەڵکی دیکە. ئەم نارەزایەتییانە هەندێکجار لەسەر شەقام و بە شێوەی توندتر خۆی دەربڕیوە. ئەگەر هەڵسوکەوتی حکومەت لەگەڵ کوردەکان باشتر بوایە، ئێمە کوردستانێکی ئارامنان دەبینی.

شیرین عیبادی لە بەشێکی دیکەی لە قسەکانیدا ئاماژەی بە هێرشی هەوایی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر بنکەی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و لە سێدارەدانی لاوی کورد کرد و ڕایگەیاند؛ئێران بەو رەفتارانەی بەرەو چارەنووسێکی نادیار هەنگاو دەنێ.

٢٠ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

## هەڵوێستی ١٥ نوێنەری پەرلەمانی بریتانیا لە هەمبەر مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات




لە درێژەی کاردانەوە نێونەتەوەییەکان سەبارەت بە هێرشی هەوایی و مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات کە بۆ بەهۆی شەهیدبوون و برینداربوونی پۆلێک لە کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، پارلەمانی بریتانیا بە جیددی ئەو سەرەڕۆییەی کۆماری ئیسلامیی ئیرانی مەحکوومکرد و، داوای لە کۆڕوکۆمەڵی نێودەوڵەتی کردوە، کە پێش لە دووپاتبوونەوەی ئەو کارەساتانە بگرن.

١٥ نوێنەری پارلەمانی وڵاتی بریتانیا لە هەڵویستێکی فەرمیدا ئەو موشەکبارانەیان ئیدانەکردوە و هیوای چاک بوونەوە بۆ بریندارەکانی رووداوەکەیان خواستوە.

ئەو ئەندام پەرلەمانانە لە نامەکەیاندا ئێشارەیان بەوە کردوە کە موشەکبارانی بنکەی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێشێلکردنی یاسا نێودەوڵەتییەکان و سەروەری وڵاتانە، هەروەها ئەوەیان وەبیر ئەمریکا و هاوپەیمانانی نێودەوڵەتی هێناوەتەوە کە ئاسمانی عێراق لەژێر کۆنترۆلی ئەوان دایە، لە ئەگەری وڵامنەدانەوەی بەپەلە بەو دەستدرێژیەی بۆسەر خاکی عێراق، وا لە ئێران دەکات کە بەردەوام بێت لەو کارە تێکدەرانە و دووپات کردنەوەی ئەو کارەساتە!

شیاوی باسە لە درێژەی نامەی ١٥ پارلەمانتاری بریتانایی‌دا، داوا کراوە کە دەوڵەتی بەریتانیا و وڵاتانی دیکە دەبێ لە گەڵ ڕێکخراوە جیهانییەکان و، نەتەوە یەکگرتووەکان نارەزایەتی خۆیان بەدژی ئەو جینایەتە دەرببڕن و، پێشگیری لە دووپاتبوونەوەی کارەساتی هاوشێوە بکەن.

هەر لە پێوەندی لەگەڵ مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات لە ڕۆژی ١٧ی خەرمانان، حکومەتی بەریتانیا نوێنەری خۆی لە عێراق راسپاردوە، کە لەگەڵ لایەنە عێراقی و کوردستانییەکان کۆببێتەوەو، نیگەرانی خۆی ئاراستەی هەموو ئەو لایەنانە بکات و، هەروەها داوا دەکات کە خاکی عێراق نەبێتە مەیدانی یەکلاکەرەوەی هێزە جیهانییەکان.

٢٠ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

## نیکی هێلی، هێرش بۆ سەر حیزبی دێموکراتی کوردستانی مەحکووم کرد



لە درێژەی کاردانەوە نێونەتەوەییەکانی هێرش و مووشەکباران کردنی بنکەی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە، باڵوێزی ئامریکا لە ڕێکخراوی وڵاتەیەکگرتووەکان ، ئەو کردەوە تیرۆریستییەی بە توندی مەحکوومکرد.

نیکی هێلی ڕۆژی پێنجسەممە ٢٩ی خەرمانان لە کۆبوونەوەی شورای ئەمنیەتی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، وێرای ئاماژەدان بە مووشەکباران کردنی بنکەی سەرەکیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕۆژی ١٧ی خەرمانان، سەرلەنوێ سیاسەتی دەستێوەردان و تیرۆریستیانەی کۆماری ئیسلامی مەحکووم کرد.

نیکی هێلی بە ناو هێنانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و هێرشی هەوایی بۆ سەر ئەوحیزبە، سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی بە مەترسی بۆسەر مرۆڤایەتی لە قەڵەمدا و، لەو پێوەندییەش ئەندامانی شورای ئەمنیەتی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانی ئاگادار کردەوە کە دەبێ بە جیددی ڕووبەڕووی پیلان وسیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی ببنەوە.

باڵوێزی ئامریکا لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، لە دەسپێکی قسەکانی دا، ئێرانی بە سەرچاوەی ئاژاوەو کێشەنانەوە لە جیهان باس کردو ڕایگەیاند کە نیزیک بە چل ساڵە کۆماری ئیسلامی پرنسیپ و یاسا نێونەتەوەییەکان پێشێل دەکات و، هیچ ئاژاوەیەک لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕوو نادات، کە دەستی ئێرانی تێدا نەبێ.

نیکی هێلی لە بەشێکی دیکە لە قسەکانیدا باسی لەوە کرد کە کە دەوڵەتی تاران، میلیشیاکانی عێراق و سووریە پڕچەک دەکات و، لە گرووپە تیرۆریستییەکان پشتیوانی ماڵی دەکا.

هەروەها بە خستنە بەرباسی تازەترین کردەوەی تیرۆریستی کۆماری ئیسلامی و هێرشی هەوایی و مووشەکباران کردنی بنکەی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕایگەیاند؛ کە ئێران هەتادێ، پەرە بە دەستێوەردانەکانی خۆی لە عێراق دەدا و سەروەری وڵاتانی دەراوسێ پێشێل دەکات و، دووپاتبوونەوەی کردەوەی هاوشێوە واتە هێرش بۆسەر دژبەرانی ئەو وڵاتە لە وڵاتێکی دیکەدا چیترقەبووڵ ناکرێ و، دەبی پێشی لێبگیردرێت.

شیاوی باسە هەر لەو پێوەندییەدا ، حەوتووی ڕابردوو سێناتۆر مارکۆ ڕووبیۆ لە ئەندامانی باڵای سنای ئامریکا لە توویتێکدا هێرشی مووشکی سپای پاسداران بۆ سەر مەقەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی مەحکووم کرد و

خوازیاری وڵامی توند بەو هێرشە مووشەکییەی حکوومەتی ئێران بوو و هێرشی مووشەکیی سپای پاسداران بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی حیزبی دێموکراتی بە بەشێک لە هەوڵەکانی حکوومەتی ئێران بۆ نائەمن کردنی ناوچەکە زانی.

٢١ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

## نوێنەرێکی دیکەی کانادا، هێرشی مووشەکیی ئێرانی بۆ سەر قەڵای دێموکراتی مەحکووم کرد



"گارنێت جێنس" نوێنەری پارلمانی کانادا، لە نامەیەکدا هێرشی مووشەکیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی لە ڕێککەوتی ١٧ی خەرمانان بۆسەر حیزبی دێموکرات ئیدانە کرد و، داوای لە وەزیری ئەمنییەتی کانادا کرد کە سپای تیرۆریستی پاسدارانی ئێران بخەنە لیستەی تیرۆری ئەو وڵاتەوە.

لە بەشێک لەو نامەیەدا هاتووە کە پێشتریش پارلمانی کانادا گەڵاڵەی خستنە لیستەی تیرۆری سپای پاسدارانی پەسەند کردووەو داواش لە وەزیری ئەمنییەتی وڵاتەکەی کرابوو کە بۆ پێشگیری لە چالاکیی تیرۆریستیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە زووترین کاتدا ئەم گەڵاڵە پەسەند کراوەیە بخاتە بواری جێبەجێ کردنەوە.

ئەوە یەکەمجار نییە کە پارلمانی کانادا چالاکییە تیرۆریستییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی مەحکووم دەکاو، پێشتریش "تام کەمچ" نوێنەری پارلمانیی ئەو وڵاتە کە ئەویش هەر ئەندامی حیزبی "کێنسترڤاتیۆ"یە، هێرشی تیرۆریستیی مووشەکیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئیدانە کردبوو.

هەر لەو پێوەندییەدا وەزیری بەرگریی کانادا هێرشە مووشەکییەکەی ١٧ی خەرمانانی بۆ سەر قەڵای حیزبی دێموکراتی کوردستان و شەهید بوونی پۆلێک کادر و پێشمەرگەی ئەو حیزبەو بریندار بوونی پێشمەرگەو بەتایبەتی ژن و منداڵانی مەحکووم کردو، هۆکاری سەرەڕۆییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیشی بێدەنگی کۆمەڵگای جیهانی لە بەرامبەر ئەو ڕێژیمە زانی.

٢٦ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

سەرچاوە ئەم بەشە؛ ماڵپەڕی کوردستان و کورد و حدک میدیا

# مانگرتنی گشتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

## ڕاگەیاندراوی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستان بۆ مانگرتنی گشتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

**بە هەڵوێستێکی شیاو و یەکگرتووانە بەرەوڕووی تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی دەبینەوە!**

ڕۆژی ١٧ی خەرمانی ئەمساڵ(٨ی سیپتامبری ٢٠١٨) ڕژیمی جینایەتکاری کۆماری ئیسلامی لاپەڕەیەکی ڕەشی دیکەی خستە سەر مێژووی پڕ لە تاوان و دڕندەیی خۆی بەرامبەر گەلی کورد. ڕاست لە بەرەبەیانی ئەو شەوەدا کە جەللادەکانی ئەو ڕژیمە،٣ بەندکراوی سیاسیی کورد بە ناوەکانی زانیار و لوقمان مورادی و رامین حسێن پەناهییان لە دار دا، سوپای پاسداران بنکەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیان لە نزیک شاری کۆیە دایە بەر هێرشی مووشەکی. لە ئاکامی هێرشی مووشەکیی سوپای پاسداران، ١٣ کەس لە ئەندامانی ڕێبەری و کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و، دوو کەس لە پێشمەرگەکانی حیزبی

دیموکراتی کوردستانی ئێران شەهید بوون. نزیکەی ٤٠ کەس لە تێکۆشەران و بنەماڵەکانی کوردی ڕۆژهەڵات بە هۆی ئەو هێرشە مووشەکییە، بریندار بوون کە بە داخەوە بارودۆخی ژمارەیەکیان ناجێگیرە.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران تاوانی دڕندانەی ئێعدامی ٣ لاوی ئازادیخوازی کورد، شەهیدان رامین حسێن پەناهی، زانیار و لوقمان مورادی، هەروەها هێرشی مووشەکی و کۆمەڵکوژانەی سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر پلینۆمی کومیتەی ناوەندیی حدک بە توندی مەحکووم دەکا. ئێمە وێڕای هاوخەمیی قووڵمان لە گەڵ بنەماڵە و هاوسەنگەرانی شەهیدەکان، چاکبوونەوەی هەرچی زووتری بریندارەکانی ئەو هێرشە دڕندانەیە بە ئاوات دەخوازین.

تیرۆر، دەستدرێژی و تاوانخوڵقێنیی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەرامبەر بە گەلی کورد و ڕۆڵە ئازادیخوازەکانی نەتەوەکەمان، بەردەوام و لە زیادبووندا دەبێ و ناوەندی هاوکاریی بە ئەرکی خۆی زانیوە پێش ڕووداني ئەم کارەساتانە لە ڕێکەوتی ٢٧ی جوولای بە نووسینی نامەیەکی سەرئاوەڵا هەموو لایەنە پێوەندیدارەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ ئاگادار بکات.

ئەگەر خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هێزە سیاسییەکانیان بە هەڵوێستێکی شیاو وەڵامێکی ددانشکێن بەرەوڕووی ئەو ڕێژیمە نەبنەوە.

ئێمە لە ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بە سەرنجدان بەو راستییە، داوا لە خەڵکی خۆڕاگر و بە هەڵوێستی کوردستان دەکەین ڕۆژی دووشەممەی داهاتوو، ١٩ی خەرمانان بە مانگرتنی گشتی، بێزاریی خۆیان لە نوێترین تاوانەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران رابگەیەنن. جارێکی دیکە بە نەهاتنەدەر لە ماڵەکانتان، چۆڵکردنی شەقامەکان و داخستنی دوکان و بازاڕ، نمایشێکی پڕ شکۆ لە بێزاربوون و "نا" گوتنی خۆتان بەو ڕژیمە خوێنڕێژ و دژە کوردە، نیشان بدەنەوە. لە هەموو چالاکێکی ئازادیخوازی کورد لە نێوخۆی کوردستان و دەرەوەی وڵاتیش، داوا و چاوەڕوانیمان ئەوەیە بە هەموو توانای خۆیانەوە پشتی ئەم بانگەوازە بگرن و هەوڵی سەرخستنی بدەن.

ڕسوایی و نەمان بۆ ڕێژیمی تیرۆر و سەرکوت و تاوان، کۆماری ئیسلامیی ئێران

سەرکەوێ ئیرادەی شۆڕشگێڕانەی گەلی کورد

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران

١٨ی خەرمانانی ١٣٩٧

٩ی سێپتامبری ٢٠١٨

## ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە مانگرتنی گشتیدایە




خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەمڕۆ چوارشەممە ٢١ی خەرمانان بەرامبەر ١٢ی سێپتەمبر، لە شارەکانی: بانە، سەقز، مەریوان، سنە، مهاباد، شنۆ، پیرانشار، بۆکان، پاوە و.. ماگرتنی گشتییان ڕاگەیاند و دووکان و بازاڕیان داخست و لە ڕۆشتن بۆ سەرکار و چوونەدەرەوە خۆیان پاراست و لە ماڵ دانیشتن.

بەپێی هەواڵێک کە لە شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە بەدەستمان گەیشتووە لە بەیانییەوە هەتا ئێستە شارەکانی بانە، سەقز، مەریوان، سنە، مهاباد، شنۆ، پیرانشار، بۆکان، پاوە و..

مانگرتنی گشتییان ڕاگەیاند. لەسەر داوای چالاکی مەدەنی لە نێوخۆی کوردستان و ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران بۆ پێشاندانی نارەزایەتی بەدژی مووشەکبارانکردنی قەڵای دیموکرات و ئێعدامکردنی زیندانیانی سیاسی کورد ئەمڕۆیان وەکو ڕۆژی مانگرتنی گشتیی لە کوردستان ڕاگەیاندبوو کە داوایان کردبوو خەڵک لە ماڵی خۆیان نەیەنەدەرەوە و نارەزایەتییەکی مەدەنیانە بەرامبەر کۆماری ئیسلامی ئێران بنوێنن کە چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بەدەم ئەم بانگەوازەوە هاتن و بە داگیرکەریان سەلماند قەڵای دیموکرات لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و ناتوانێ بەئێعدامکردنی لاوانی کورد، شۆڕشگێڕانی نەتەوەکەمان چاوترسێن بکات.

١٢ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

---

## *یەکەم بەیاننامەی ئەمڕۆی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران*

خەڵکی تێکۆشەری کوردستان!

یەکگرتنتان پیرۆز بێ

ئەورۆ خەڵک لە هەموو کوردستان بە مانگرتنی گشتیی بێ وێنە وەڵامێکی توندیان بە جینایەتەکانی ڕۆژی ١٧ خەرمانان لە لایەن داگیرکەرانی ئیسلامی دایەوە. هەموو توێژەکانی کۆمەڵگا، پیر و جوان، ژن و پیاو، شار و دێ خرۆشان و یەکیانگرت و بەو یەکێتی و یەک هەڵوێستیە دڵی داگیرکەرانیان لەرزاند.

مانگرتنی ئەورۆ ٢١ خەرمانان نیشانیدا کوردستان دژ بە کۆماری سێدارەیە و بە بێگانەیان دەناسێ و پشتگری ڕۆڵە خەباتکارەکانی خۆیەتی. با دنیا ببینێ و هەموان بزانن کوردستان مەکۆی ئازادی و خۆڕاگریە، ئەورۆ ئێوە بە کردەوەی بوێرانەی خۆتان سەلماندتان کە کۆماری ئیسلامی لەو وڵاتە لەسەر بۆرکانی ئاگر دانیشتوە. سپاس و دەستخۆشی بۆ ئێوە.

ئێمەش جارێکی دیکە بەڵێنتان لەگەڵ نوێ دەکەینەوە کە بە هەموو توانی خۆمان یەکگرتوویی لە نێو هێزە سیاسیەکان پەرە پێدەدەین تا وڵامدەرەوی ئاوات و ئامانجی گشتیمان بین.

بەم زوانە راگەیەنراوێکی دیکە لەلایەن ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستان بڵاودەکرێتەوە.

سڵاو لە یەکگرتوویی خەڵکی کوردستان

مەرگ و نەمان بۆ کۆماری ئیسلامی

ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران

٢١ - ٦ - ١٣٩٧

١٢ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

## خرۆشانی کۆمەڵانی خەڵکیی کوردستان!




**ڕەزا محەممەدئەمینی**

دوابەدوای مووشەکباران کردنی بنکەی سەرەکی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ڕۆژی شەممە ١٧ی خەرمانان لەلایەن سپای پاسدارانی ڕێژیمی کوردکوژیی کۆماری ئیسلامیەوە کە بەداخەوە دەیان شەهید و بریندار لێکەوتەوە کە لەنێویاندا چەند ئەندامی ڕێبەری تێدابوون و هەروەها پاش لەسێدارەدرانی چەند بەندکراوی سیاسیی کورد لە گرتووخانەکانی ڕێژیم، لەسەر بانگەوازی ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران، بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی لە کردەوەی جینایەتکارانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی خەڵکی بەشەرەف و پێشمەرگە پەروەری کوردستان لە ڕۆژی چوارشەممە ٢١ی خەرمانان لە خرۆشێکی بێوێنەی سەرانسەری لە زۆربەی شارەکاندا، بە نیسانەی رق و توورەیی لە کردەوە قیزەونەکانی ئەو ڕێژیمە، دووکان و بازاریان داخست و بەمچەشنە بە ڕێژیمی دژی گەلی کۆماری ئیسلامیان نیشاندا کە وەک هەمیشە لە پشت تێکۆشەرانی گەلەکەیانن و هەڕەشە و چاوسوورکردنەوە، ناتوانی ورەیان بشکێنێ.

ئەو مانگرتنە بۆ هەموولایەک بەڵگەیەک بوو کە حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان، ئەو هێزانەی لەناخی کوردستان و نەتەوەی کورد لەوبەشە لە کوردستاندا هەلقولاون، وەک هەمیشە لە دڵی نەتەوەکەیان دان و ڕەگ و ڕیشەیان لە هەناوی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دایە؛ هەربۆیەشە پاش مووشەکبارانی قەلای دیموکرات و لەسیدارەدرانی بەندکراوە سیاسییەکان، خەڵکی کوردستان بەوپەڕی ئازایەتییەوە بەپیل بانگەوازی ناوەندی

هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێرانەوە هاتن و سەرەرای کەشوهەوای ئەمیەتی زاڵ بەسەر شارەکاندا رق و بێزاری خۆیان لە ڕێژیمی جینایەتکاری کۆماری ئیسلامی بەوشێوەیە دەربڕی.

مانگرتنی سەرانسەری شارەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان وەبیرهێنەرەوەی ئەو مانگرتن و نارەزایەتیە بوون کە پاش شەهیدکرانی ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی هەموو شارەکانی کوردستانی گرتەوە. وەک چۆن کۆماری ئیسلامی بە تیرۆری ڕێبەرانی حیزب و گەلەکەمان نەیتوانی حیزبی دیموکرات بەچۆکدابێنی و خاشەبری بکات، بەدڵنیاییەوە نە دوورکەوتنەوەی نەخوازراوی تەشکیلاتی ئاشکرای تێکۆشەرانی دیموکرات لە نێوخۆی ڕۆژهەلاتی کوردستان و نە بۆمباران و موشەکبارانی بنکەو بارەگاکانی حیزب، توانای توانەوەی بنەماڵەی گەورەی دیموکراتیان نییە. حیزبی دیموکرات و سەرجەم حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەلات کە خاوەندارییەتی هەزاران شەهیدی سەربەرزو دەیان هەزار بنەماڵەی شەهیدان و زندانیان سیاسی و پێشمەرگەکان دەکەن، نیشانیان داوە، سەرەرای کوموکورییەکانیان و ئەو ئینشعاب و لەتبوونانەی کە بەراستی زەرەروو زیانێکی زۆری لێکەوتوەتەوە، وەک هەمیشە هیوای نەتەوەکەیانن و لە چووکترین دەرفەتدا دەتوانن بە میلیۆن کەس لە خەڵکی کوردستان لەدەوریی خۆیان کۆبکەنەوە؛ هەر ئەو راستیەشە کە کۆماری ئیسلامی ترساندووە و هانیداوە تێکۆشەرانی نەتەوەکەمان بکاتە ئامانجی خۆی و لە بەندیخانەکانیش لاوەکانمان لەسیدارە بدا.

بێگومان کۆماری ئیسلامیی ئێران هیچ جێگەوپێگەیەکی لە کوردستاندا نییە و دەکرێ بڵێین لەئەگەری راپەرینی کۆمەلانی خەڵکی ئێران، سەرەرای هێزی زۆر و پۆشتەو پەرداخی ڕێژیم لە کوردستاندا، زۆر زوو تووشی شکان و پاشەکشە دەبێ و ئەوە هێزی پێشمەرگەی کوردستانە کە راوراوین بە هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی دەکا؛ کۆماری ئیسلامیش باش دەزانێ هیچ پێگەیەکی لەنێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا نییە و کوردستان خاڵی هەرەلاوازی ئەو ڕێژیمەیە و بەئاسانی ناتوانێ کۆنترۆڵی بکاتەوە، هەبۆیەش دەبینین کە سەرەرای تێپەرینی چوار دەیە لە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی کوردستان هەروا بە میلیتاریزەیی ماوەتەوە. ئەگەر چەند بەکرێگیراویش هەبن کە بۆ پارە خۆیان فرۆشتووە، بەدڵنیاییەوە لەوکردەوەیان پەژیوان دەبنەوە و دەگەرێنەو باوشی کۆمەلانی خەڵکی و داوای لێبووردن لەکار و کردەوەکانی پێشوویان دەکەن.

مانگرتنی ڕۆژی چوارشەممە پەیامێکیشی بۆ حیزب و ڕێکخراوەکانی کوردستان پێبوو. کۆمەلانی خەڵکی کوردستان

لەو مانگرتنەدا و لە بۆنەکانی دیکەدا هەمیشە داوای یەکبوون و یەکگرتنەوەیان کردووە و دەزانن لە یەکگرتوویی و یەکریزی بنەماڵەی گەورەی دیموکرات و کۆمەڵەکاندایە کە گەلی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان دەتوانی ماف و ئازادییەکانی خۆی دەستەبەر بکات و لە ئەگەری هەرچەشنە ڕووداوی نەخوازراو دوورکەوێتەوە. کۆمەلانی خەڵکی کوردستان پاش تێپەڕینی زیاتر لە دە سال لە لەتبوونی حیزبی دیموکرات ئێستاش ئەو دووبەرەکی و لەتبوونەیان هەزم نەکردووە و نایانهەوێ وەک ئەمری واقع وەک دیاردەیەکی ناخۆش قوبووڵی بکەن. ئەوان حیزبی پێشەواقازی محەممەد و قاسملوو و شەڕەفکەندی و هەزاران شەهیدی دموکراتیان بەیەکگرتوویی دەوێ و تێدەگەن کە ڕەمزی سەرکەوتنی گەلی کورد لە یەکگرتوویی دایە.

کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و بگرە هەموو خەڵکی ئێران باش دەزانن هەتاوی تەمەنی کۆماری پەتوسێدارە لە ئاوابوون دایەو ئەو ڕێژیمە هیچ داهاتوویەکی جگە لە ڕووخان لەپێشدا نەماوە. لەڕاستیشدا هیچ کات کۆماری ئیسلامی ئەوەندەی ئێستا تووشی قەیران و داماوی نەهاتووە و ئەوەندە کۆڵەکەکانی دەسەڵاتی لەرزۆک نەبووە؛ هەربۆیەش لەلایەک چاونەترستر لە پێشوو دینە سەرشەقامەکان و بەگڕ هێزە سەرکوتکەرەکاندا دێنەوە و لەلایەکی دیکەش گەلی کورد خوازیاری یەکبوون و یەکگرتوویی دیموکراتەکان و ڕیکخراوەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانن.

١٢ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

## ئافەرین رۆژهەڵاتی کوردستان...




**سمایل شەرەفی**

دوای موشەکبارانکردنی قەڵای دێموکرات و بنکەو بارەگاکانی ئەم حیزبە لە لایە باندی مافیای سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە، زۆر کەسمان چاوەڕوانی دژکردەوەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بووین. هەرچەند بە پێی فەزایەکی ئەمنیەتی - میلیتاریستی کە رێژیم بە سەر کۆردستانیدا سەپاندوە، هەست دەکرا کە دژکردەوەی خەڵک بەرانبەر بە دەستدرێژیی کۆماری ئیسلامی بەو جۆرە نەبێ کە چاوەڕوان دەکرێ، بەڵام مانگرتنە جەماوەرییەکی رۆژی چوارشەممە، رێکەوتی ٢١ی خەرمانان کۆمەڵێک پەیامی گرینگ و لە هەمانکاتدا دەڵخۆشکەری بڵاو کردوە. خەڵکی کوردستان لەم مانگرتنە جەماوەرییەدا پێش هەموو شتێک ئەو ڕاستییەیان سەلماند کە بە پێچەوانەی ئەو ئیدیعا پڕوپووچانەی کە رێژیم و دوژمنانی بزووتنەوەی مافخوازانەی رۆژهەڵاتی کوردستان دەیکەن، حیزبی دێموکرات وێڕای حیزبەکانی دیکەی رۆژهەڵات ڕۆڵی نوێنەرایەتیی ئەم بزووتنەوەیە دەگێڕن و جێی متمانەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانن. دەسەڵاتیی سیاسیی ناوەندگەرای تاران کە هەمیشە هەوڵی داوە داواکارییە سیاسییەکانی حیزبی دێموکرات و حیزبەکانی دیکە بە پرسێکی جیاواز و جیا لە مافی نیشتمانی و نەتەوەیی خەڵکی کوردستان پێناسە بکات و لێکیان داببڕێ، دەبێ لەم مانگرتنە جەماوەرییەی خەڵکی کوردستانەوە بەو ڕاستییە گەیشتبێ کە پیلان و سیاسەتەکانی چەندە مایەپووچ دەرچوون.

خەڵکی زۆرێک لە شار و ناوچەکانی کوردستان بەم مانگرتنە گشتی و جەماوەرییە سەلماندیان کە هێرشی مووشەکیی سپای پاسدارانی رێژیم بۆ سەر قەڵای دێموکرات، هێرش بۆ سەر نوێنگەی بیروباوەڕی نەتەوەیی و نیشتمانیی میللەتێک بوو. کۆماری ئیسلامی ئەگەر توانی لە گەرابەندیی مووشەکەکانیدا دیقەتێکی ئەوەندە ورد بکات کە شوێنی کۆبوونەوەی رێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان بپێکێ، بەڵام بێگومان لە تێگەیشتن لە پێگەی ئەم حیزبە لە بیر و باوەڕ و رەفتاری خەڵکی کوردستاندا زۆر بەهەڵەدا چووە. ئەم رێژیمە کە هەمیشە هەوڵی داوە پرسی مافخوازانەی کورد لە ئێران تەنیا ببەستێتەوە بە حیزبێک و کۆمەڵێک کەس کە لە دەرەوەی وڵات خەبات دەکەن و وا نیشان بدات کە خەڵکی کوردستان بیرکردنەوەیەکی جیاوازیان لە حیزبەکان هەیە، ئێستا و دوای ئەم مانگرتنانە دەبێ باشتری بۆ دەرکەوتبێ کە بە چ هەڵەیەکی گەورەدا چووە.

مانگرتنی خەڵکی کوردستان بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین بەرانبەر بە موشەکبارانکردنی قەڵای دێموکرات و لەسێدارەدانی سێ چالاکی سیاسیی کورد، دەریخست کە سیاسەتەکانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ کپکردنی دەنگی خەڵک و تەسلیمکردنیان و دوورخستنەوەیان لە حیزبەکان و ترساندنیان لە هەڵوێست نواندن، بە تەواوەتی شکستی هێناوە. ئەوەی لە رۆژی چوارشەممەدا وەک مانگرتنی گشتی و جەماوەری لە رۆژهەڵاتی کوردستان رووی دا، بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبەکانی دیکەی رۆژهەڵات جێی شانازی پێوەکردن و ئافەرین پێوتنە و بۆ کۆماری ئیسلامی ئێرانیش زەبوونی و داماوییە.

۱۳ی سێپتەمبەری ۲۰۱۸

## مانگرتنی گشتیی ئەمجارەی کوردستان و وەحشەتی ڕێژیم لە پەیامەکەی




**قادر وریا**

ڕۆژی چوارشەممەی ڕابردوو ٢١ی خەرمانان، ڕۆژهەڵاتی کوردستان لاپەڕەیەکی پڕشکۆی دیکەی لە یەکگرتوویی و بەهەڵوێستبوونی خەڵکەکەی خۆی لە توێی حەرەکەتێکی مەدەنیی گشتی وبەرین دا تۆمار کرد.لەم ڕۆژەدا خەڵکی چەندین شار لە هەر چوار پارێزگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وڵامی بانگەوازی هیزە سیاسییەکانی کوردستانیان داوە. ئەوان بۆ مەحکوومکردنی مووشەکبارانی "قەڵای دیموکرات" و شەهیدکرانی ١٥ سەرکردە و کادر و پێشمەرگەی تێکۆشەری دیموکرات، هەر وەها بۆ دەربڕینی نارەزایەتی لە ئێعدامی ڕۆڵەبەندکراوەکانیان، لە ماڵەکانیان نەچوونە دەر، شەقام و شوێنە گشتییەکانیان بایکۆت کرد، دوکان و بازاڕیان داخستو بەم جۆرە هاودڵی و هاوپێوەندییەکی گشتگیرو کەم وێنەی دیکەیان لە گەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستانو هێزە سیاسییەکانی دیکەی نێو جوولانەوەی نەتەوەیی و ئازادیخوازیی خۆیان، نیشان دایەوە.

پەیامەکانی ئەو مانگرتنە گشتییە و بەستێنی بەڕێوەچوون و سەرکەوتوو بوونەکەی شتێکی شاراوە نین. نەفرەت و نارەزایەتی لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاری ئەو ڕێژیمە، لە هەناوی ڕۆژهەلاتی کوردستاندا هەبووە و هەتا هاتوە زیادی کردوە. چونکە ئەو ڕێژیمە بیجگە لە هەڵاواردن و ستەم و سەرکوت و تاوان شتێکی بۆ خەڵکی کوردستان پێ نەبووە. سەرەرای هەموو بێبەشی و ڕۆژڕەشییەک کە کۆماری ئیسلامیی ئێران

بۆ ئەم خەڵکە پێکی هێناوە، ڕۆژ نیە ڕۆڵەکانیان لێ نەستێنێ. یا لە دەرەوەی سنوورەکان بە تیرۆر ، تەقینەوە ، تۆپباران، بۆمباران، مووشەکباران و پیلانی جۆراوجۆری دیکە هەوڵی زەبروەشاندن لە تێکۆشەرانی ئەو گەلە دەدا، یا لە نێوخۆی ولات، هەر هەوڵێکی مافخوازانە و ئازادیخوازانەیان دەکاتە بیانووی بەند کردن و ئێعدام و گیان لێ ئەستاندنیان لە ژێر ئەشکەنجەدا. ئەمەش بە جێگای خۆی کە ئەوانەش کە کاری سیاسی ناکەن و خەریکی پەیداکردنی بژیوێکی مەمر مەژی بۆ بنەماڵەکانیانن، بە هاسانی دەداتە بەر گوللە و ڕۆژانە چەند کەسێکیان لێ دەکوژێ. کەوایە نارەزایەتی و نەفرەتێکی هەمیشەیی بەرامبەر ئەو ڕێژیمە هەیە و، هەر کات دەرفەتی بۆ بڕەخسێ، یا کارەسات وتاوانێکی گەورە ڕوو بدا، ئەم بێزارییە پەنگخواردووە، لێوڕێژ دەبێ و خۆی دەنوێنێ. ئەمجارەشیان ئەم ڕێژیمە ڕاست لە ڕۆژێکدا کە پەتی خنکانی خستە ملی٣ بەندیی سیاسیی کورد، هێرشێکی مووشەکیی کەم وێنەی کردە سەر پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە دەرەوەی سنوورو لە قووڵایی خاکی هەریمی کوردستاندا.

ئاشکرایە لە سەر ئەم بەستێنە و بە دوای ئەم دوو تاوانە گەورەیەدا، کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵات زۆرترین ئامادەیی بیزاری دەربڕین و دژکردەوەنیشاندانی هەبوو. بەڵام دەبوایە ئەم ئامادەییە بجووڵێنرێ و بەرەو پێکهێنانی حەرەکەتێکی هاوشانی گەورەیی کارەساتەکە، هان بدرێ و ڕینوێنی بکرێ. حیزبی دیموکراتی کوردستان لە بەیاننامەی دەفتەری سیاسیی خۆی لە بارەی تاوانە گەورەکەی ڕۆژی ١٧ی خەرمانان دا بە حەق داوای کردبوو: "چاوەڕوانین نوێترین تاوانی کۆماری ئیسلامی لە دژی حیزبی دیموکرات و ڕۆڵە بەندکراوەکانی کورد، ببێتە هەوێنی مانگرتنی گشتی و ناڕەزایەتیدەربڕینی یەکگرتووانەی خەڵک لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان." ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران"یش لە بەیاننامەی خۆی لە پێوەندی لە گەڵ تاوانەکانی ١٧ی خەرماناندا، ڕاستییەکی گەورەی وەبیر خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستان هێنابووە:

"تیرۆر، دەستدرێژی و تاوانخوڵقێنیی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەرامبەر بە گەلی کورد و ڕۆلە ئازادیخوازەکانی نەتەوەکەمان، بەردەوام و لە زیادبوون دا دەبێ، ئەگەر خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستان و هیزە سیاسییەکانیان بە هەڵوێستێکی شیاو و وڵامێکی ددانشکێن بەرەورووی ئەو ڕێژیمە نەبنەوە. " بە دڵنیابوون لەو ڕاستییە و بەئاگاداریی لە بێزاریی خەڵکەکەمان لە ڕێژیمی تیرۆر و تاوان، و بوونی هەستێکی قووڵی هاوخەمی وهاوپێوەندی لە نیو ئەو خەڵکەدا، ناوەندی هاوکاریی حیزبەکان، خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستانی بۆ مانگرتنێکی

گشتی و بەرین بانگەوازی کرد. ئەم بانگەوازە لە گەڵ پێشوازی و پشتیوانیی هێزو لایەنە سیاسییەکانی دیکەی کوردستان و چالاکانی سیاسی و مەدەنیی کورد لە نێوخۆی ڕۆژهەلات و دەرەوەی کوردستان بەرەوروو بوو . بەم جۆرە خەڵکی کوردستان لە گەڵ بانگەوازێک بەرەوڕوو بوونەوە کە هێزولایەنە سیاسییەکان و چالاکانی مەدەنی، زۆرترین کۆدەنگی و هاودەنگیان لە سەری هەبوو. هەر بۆیەش سەرەڕای هەموو هەڕەشە و گوشارێکی ڕۆژانی پێشتر بۆ سەرچالاکان وپێشەنگانی خەباتی مەدەنی لە نێوخۆ، سەرەرای ئەو هەمووە هێزە سەرکوتکەرەی ڕێژیم لە بەرەبەیانی ڕۆژی ٢١ی خەرمانانەدا، هێنابوویە سەرسەقام و شوێنە گشتییەکان، خەڵکی وشیار و بە هەڵوێستی کوردستان بانگەوازی مانگرتنی گشتییان جیبەجێ کرد و وڵامە ددانشکێنەکەی خۆیان بە تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی دایەوە.

ئیتلاعات و سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی دوای تاوانەکانی ١٧ی خەرمانان هەوڵیان دا زۆرترین مانۆر و فڕوفیشال لە سەر سەرکەوتن و دەسکەوتەکانی هێرشە مووشەکییەکەیان وەڕێ بخەن. وایان نواند حیزبی دیموکراتی کوردستان و هێزە سیاسییەکانی دیکە لە نێوخۆ، هیچیان لێ نەماوە و لە دەرەوەی سنوورەکانیش، دەستیان لێ ناپاریزن ونایانهێڵن. بەڵام مانگرتنی گشتیی خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستان و پێشوازییە بێ وێنەکەیان لە بانگەوازی یەکگرتووانەی حیزب و ڕێکخراوە سیاسیەکانیان، بە کۆماری ئیسلامی و بە دنیای ڕاگەیاند کە حیزبی دیموکرات و هێزە سیاسییەکانی کوردستان، لەو خەڵکە جیا نین و ئەم خەڵکە لە هیچ هەلومەرجێک دا تەسلیمی ئەو ڕێژیمە نابن و پشتیوانی لە ڕۆڵەکانی خۆیان دەکەن.

تاوانەکانی ١٧ی خەرمانانی کۆماری ئیسلامی کە بە مانگرتنە گشتییەکەی ٢١ی خەرمانانولام درایەوە، ئەگەر لە ڕووی نیزامییەوەش سەرکەوتنێک بۆ ئەو ڕێژیمە بووبێ، لە باری سیاسییەوە شکستێکی گەورە بوو، چونکە بۆوە هۆی نوێبوونەوەی یەکگرتوویی خەڵک و تازەبوونەوەی هاوپێوەندییان لە گەڵ هێزە سیاسییەکانی کوردستان. ئەم حەرەکەتە سەرکەوتوانەیە، وره و ئیرادەی خەبات و بەرخۆدانی لە نێوخەڵکی ڕۆژهەلات دا بە هێز کردەوە. هێزە سیاسییەکانی کوردستانی لە پشتیوانیی خەڵکی ڕۆژهەڵات لە خەبات و قوربانیدان و خۆراگرییان دڵنیا کردەوە. بێ پێگەیی و ئەو پەڕی بێزراوبوونی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان جارێکی دیکە و ئەویش لە کاتێک دا کە ئەو ڕێژیمە دەیەوێ خۆی وەک زلهێزێکی ناوچەیی نیشان بدا، سەلماندەوە.

ئەم پەیامـانەی مـانگرتنی گشـتی تـا ئەو رادەیە بەڕێـوەبەرانی ئیتلاعـات و سـوپای پاسـدارانیان تۆقانـدوە کە دەستیان کردوە بە بانگ کردن و گوشارخستنە سەر چالاکانی نێوخۆ کە رابگەیەنن ئەوان و خەڵکی ڕۆژهەلات، سەبارەت بە ئێعدامی ٣ بەندیی سیاسیی کورد، ئەویش لە بەر بێئاگاییان لە نیوەرۆکی پەروەندەکەیان وحاڵی نەبوون لە هۆی سزای بە حەقیان! ئەم دژکردەوە ئیحساسییەیان نیشان داوە و مانگرتنەکەیان پێشوازی و پشتیوانی لە بانگەوازی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان نەبووە!! بەڵام ئەم جۆرە هەولانە تازە بێ سوودن و بێجگە لە بوونە هۆی ڕیسواتربوونی بەڕێوەبەرانی ئەو ڕێژیمە، ئاکامێکی دیکەیان نابێ. پەیامی مانگرتنەکە بە گوێی هەموو لا گەیشتوون و ئەوەندە روون و ئاشکران کە بەم جۆرە هەولانە ناشاردرێنەوە.

١٤ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

---

## پەیام بە بۆنەی سەرکەوتنی شکۆداری مانگرتنی گشتی لە کوردستان



سوپاس گوزاری لە خەڵکی کوردستان !

(پەیامی ڕەحمان حسەین زادە بە بۆنەی سەرکەوتنی شکۆداری مانگرتنی گشتی لە کوردستان)

خەڵکی تینووی ئازادی !

بە بۆنەی سەرکەوتنی گەورەی مانگرتنی گشتی ٢١ شەهریوەر لە شارەکانی کوردستان پیرۆزبایتان لێ دەکەم. ئەم نمایشە فراوان و شکۆدارەی ئێوە وەڵامێکی مەحکەم بوو بە تاوانکارییەکانی ئەم دواییەی جمهوری ئیسلامی و دیارییەکی شایستەش بوو بۆ دایکان، باوکان و کەس و کاری دڵ بریندراری زانیار و لوقمان مرادی و ڕامین حسەین پەناهی و هەموو ئەو ئینسانانەی کە لە هێرشی مووشەکی جمهوری ئیسلامی بۆ سەر بارەگا سەربازییەکانی هەردوو حزبی دیموکراتی کوردستاندا گیانیان لەدەست دا. هەروەها لە سەر و بەندی سی هەمین ساڵوەگەڕی کوشتاری بە کۆمەڵی زیندانیان بە فەرمانی خومەینی، جەللادی ئەسڵیی جمهوری ئیسلامی، سەرکەوتنی ئەم مانگرتنە ئارام بەخشە بۆ تەواوی کەس و کاری دڵ بریندراری ئەوان و سەرجەم دڵسووتاوانی دەستی جمهوری تاوانکاری ئیسلامی لەم چوار دەهەیەدا.

وە پیرۆزبایی خۆم ئاراستەی ڕێکخەران و هەڵسووڕاوانی ناوخۆی کوردستان دەکەم، کە لە ژێر گوشار و هەڕەشەی جمهوری ئیسلامیدا، بوێرانە دەست بەکار بوون و ئەم نمایشەیان بە کردەوە دەرهێنا. پیرۆزبایی لە دانە دانەی هاوڵاتیان لە چین و توێژە جیاجیاکان دەکەم کە بەشدارییان کرد لەم مانگرتنەدا، هەروەها پیرۆزبایی خۆم ئاراستەی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان دەکەم کە دەست پێشکەرییان کرد و بانگەوازی خەڵکی کوردستانیان کرد بۆ ئەنجامدانی ئەم مانگرتنە.

نزیک بە چل ساڵ پێش ئێستا لە ڕیفراندۆمی "بەڵێ یاخود نا بۆ جمهوری ئیسلامی" خەڵکی کوردستان بە پێشڕەوی و ڕێنوێنی کۆمۆنیستەکان و ئازادیخوازان، یەکگرتووانە و یەکپارچە ووتیان "نا" بۆ ڕژێمی ئیسلامی.

بزووتنەوەی جەماوەری بۆ نەویستنی جمهوری ئیسلامی لەو کاتەوە بناغەکەی دانراوە و ئەمڕۆ لە ڕیفراندۆمێکی دیکەدا ئەم نەخێر و نەویستنە بەرجەستەتر و تۆکمەتر دووپات کرایەوە.

ئەم مانگرتنە سەرکەوت، چونکە لە هەنگاوی یەکەمدا، ئامانجی دەستبەجێی جمهوری ئیسلامی واتە سەپاندنی پاشەکشە بەسەر بزووتنەوەی نارەزایی جەماوەری و بەرفراوان بوونەوەی ڕۆژ بە ڕۆژی ئەو لە ئاستی ئێران و کوردستاندا ناکام کردەوە. جمهوری ئیسلامی نەک تەنیا بۆ چاوترسێن کردن، بەڵکو لە بەرامبەر بە هێرشی ڕادیکاڵی جەماوەریدا بە دژی مەوجودییەتی خۆی، کە لە مانگی (دەی – دیسەمبەر، ژانویە) ٩٦ – ٢٠١٧ لە زیاد

لە سەد شاری گەورەی ئێراندا هاتە مەیدان، وە لە مانگەکانی ڕابوردوودا بەردەوامی وەرگرت و لە دوو هەفتە پێشتردا بۆ ڕێزگرتن لە گیان بەخت کردووانی چوار هەڵسووڕاوی ژینگە پارێز لە شاری مەریوان و سنە بە ئاڵای سوورەوە ڕادیکاڵترین ئامانج و داخوازییان هێنایە مەیدان، پێویستی بە بەربەستێکی دیفاعی بوو. بە خەیاڵی خاوی خۆی پێوستی بەوە بوو، هاوسەنگی هێز لە بەرژەوەندی خۆی بگێڕێتەوە. لەم پێناوەدا دەستی دایە ئەنجامدانی تاوانی ئیعدام کردنی زانیار و لوقمان مردای و ڕامین حسەین پەناهی و هێرش بۆ سەر بنکە سەربازییەکانی هەردوو حزبی دیموکراتی کوردستان. جمهوری ئیسلامی حساباتی و لێکدانەوەکانی هەڵە و کوێرانە بوون. مانگرتنی سەرتاسەری، یەکگرتووانە و یەکپارچەی خەڵکی کوردستان و پەرەگرتنی بۆ شارەکانی دەرەوەی کوردستانیش، هەنگاوێکی گەورەی دیکە هاوسەنگی هێزی لە بەرژەوەندی ڕیزی خەباتی ئازادیخوازانە و بزووتنەوەی سەرنگوم کردنی ڕژێم لە شارەکانی کوردستان و لە سەراسەری ئێرانیشدا گۆڕی. بە ڕوونی ئاشکرا و دیارە، بزووتنەوەی نارەزایی جەماوەری لە ڕێڕەوی هێرشی زیاتر بۆ سەر بنچینەکانی جمهوری ئیسلامی و ڕژێمی جەهل و خورافە و سەرکوت لە مەوقعییەتێکی دیفاعی زیاتردا گیرساوەتەوە. دەورەی ڕاپەڕینی لێبڕاوانەتر بۆ وەشاندنی گورزی کۆتایی لە جمهوری ئیسلامی و کۆتایی هێنان بە حوکمڕانی ڕەشی جمهوری ئیسلامی نزیک بۆتەوە. دوای مانگرتنی سەرکەوتووانەی شارەکانی کوردستان، بزووتنەوەی سەرنگوم کردنی جمهوری ئیسلامی، بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە ڕادیکاڵەکانی دیکە لە ئێران و کوردستان، لە پێناو جێبەجێ کردنی ئامانجە ڕەواکانی خۆیاندا بۆ دیاری کردنی چارەنووسی کۆتایی لەگەڵ نەزمی سەرمایە و جمهوری ئیسلامیدا، بە باوەڕ بەخۆ بوونێکی زیاترەوە هەنگاوی تۆکمەتر دەهاوێ. ئەم دەسکەوتە گرنگەی مانگرتنی گشتیی لە کوردستان دەبێ ڕێز لێ بگرین.

بۆ پێشەوە بەرەو وەشاندنی گورزی کۆتایی لە جمهوری ئیسلامی و سەرنگوم کردنی ئەو

درود بۆ ڕێکخەران، بەشدار بووان و دەست پێشکەرانی مانگرتنی گەورەی شارەکانی کوردستان

بڕوخێ جمهوری ئیسلامی

بژی ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری

١٦ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

# مانگرتن وەک غرووری ئازادی



**ڕێبوار کەریمی**

ڕۆژی ٢١ ی خەرمانان شتێکی سەیر لە وڵاتی ئێمە ڕووی دا، شتێک وەک پەرجوو. تەنیا بەماوەی ٤ ڕۆژ دوای کارەساتێکی گەورەی نەتەوەیی، کۆمەڵگەیەک هەستایەوە سەرپێیان. مانگرتنێکی سەراسەری خۆی لە خۆیدا ئەکتێکی سیاسیی جێی تەقدیرە، بەڵام پرسیار ئەوەیە ئاخۆ چۆن تاکەڕۆژێک مانگرتن توانیی ئەو هەموو کاریگەرییە سایکۆسیاسییە بەرهەم بهێنێ؟ چی وای کرد هەموو توێژەکانی کۆمەڵگەیەکی فرەبۆچوون، بێ چەندوچوون، هەست بە پێویستیی هەرەوەزێکی ئاوا یەکبڕ بکەن؟ خۆ پێشترین هێزە سیاسییەکان ڕوویان لە خەڵکی نابوو بۆ مانگرتن یان بایکۆتی سیاسی، ئەی چۆن بوو قەت ئاوا بە تۆپزی گەل بەدەمەوە نەدەهات؟ ئەوەی ٢١ ی خەرمانان ڕووی دا چی بوو؛ ئایا تەنیا بەخاوەندەرکەوتن لە شەهیدانی ١٧ی خەرمانان بوو؟ ئایا وەک هێندێکان دەڵێن؛ مانگرتنی تۆڵەسەندنەوە بوو؟ (ئایا ئەسڵەن وەڵامدانەوەی خوێنڕشتن بە مانگرتن، لەگەڵ مەفهوومی تۆڵەسەندنەوە یەک دێتەوە؟) مانگرتن چ پەیامێکی بەگوێی حاکمیەتێکی ڕووهەماڵدراودا دا کە نایهەوێ سەرخۆی بهێنێ، هەرچەند بەڕوونی تەنگەتاوی کرد؟ ئەی چی وای کرد کۆمەڵگەیک دڵی سوکنایی بێت؟ لەوەش زیاتر؛ ئایا هەموو دەلالەتەکانی ئەودیوی ئەم مانگرتنە بۆ ئەوەبوو دڵەکان سوکناییان بێت؟!

مانگرتنی ٢١ی خەرمانان هەڵدەگرێ لەزۆر لاوە شەنوکەو بکرێ. من بۆ ڕاڤەیەکی ئەو ڕووداوە مێژووییە هانا دەبەمە بەر برێک لە بنەما تیۆرییەکانی بیریاری سیاسیی سەدەی بیستەم هانا ئارنت. دەڵێم "ڕووداوی مێژوویی"؛

چونکە بەبڕوای ئارنت بەشی زۆربەی ئەو چالاکییە مرۆڤیانەی مێژووی مرۆڤایەتی کە ناوی لێنراوە سیاسەت، سیاسەت نییە. ئەوە لە کاتێکدا مانگرتنی ٢١ی خەرمانان، سیاسەت بوو ئەویش، بە تەعبیرێکی ئارنتی، "سیاسەتی پەتی"! بەر لە وەردانەوەیەکی ئارنتییانەی دەلالەتەکانی ئەودیو مانگرتنی ٢١ی خەرمانان، ڕوونکردنەوەیەکی سەرپێیی ڕاڤەی هانا ئارنت بۆ چەند چەمکێکی سیاسیی، بۆ تێگەیشتن لە بەستێنی باسەکە، بە پێویست دەزانم. هەڵبەت خوێنەری شارەزا یان خوێنەری پشووکورت، دەتوانێ باز بەسەر ئەو بڕگەیەدا بدا و ڕاست لە بڕگەی دووهەم ڕا، شوێنی باسەکە هەڵبگرێ.

### یەکەم: سیاسەت وەک هەرەوەزی ئازادی

سەرەتا با لەو خاڵە بنەڕەتییەوە دەست پێ بکەم کە ئارنت پێی وایە "هۆکاری وجوودیی سیاسەت، ئازادییە و، گۆڕەپانی ئەزموونکردنیشی، تێکۆشانی بەکردەوە". کەواتە ئازادی (و، بەدوای ئەویشدا، بەرابەری) ئامیانی ئەندێشەی سیاسیی ئارنتن. سیاسەت بەلای ئارنتەوە بایەخێکی هەبوونناسانەی هەیە، چونکە لە گوێن وی، مرۆڤ بوونەوەرێکە لە گۆڕەپانی سیاسی دایە کە مانای خۆی و ئازادیی خۆی پەیدا دەکا. یەکێک لە جمگە سەرەکییەکانی لادانی ئارنت لە نەریتە دێرینەکانی فەلسەفەی سیاسی پێوەندیی بە تێڕوانینی ئەو بۆ پێوەندیی نێوان ئازادی و تێکۆشانەوە هەیە. ئارنت پێی وایە ئازادیی تێکۆشان لەخودی تێکۆشانەکە دایە. واتە، پێوەری تێکۆشان نەک لە ئامانجەکەیدا، بەڵکو دەشێ لە ئیفادەی خودی تێکۆشانەکەدا خۆی بنوێنێ، ئەویش تێکۆشانێکی هەرەوەزی و، بێ پسانەوە. لەڕاستیدا ئارنت "پێکڤەبوونی گشتی" یان "خۆنمایشکردنی وێکڕایی" بە سەرەکیترین هەوێن و هێمای ناسێنەری ئینسانی ئازاد دەنرخێنێ. خۆنمایشکردنی هەرەوەزی و بەرابەرانەی یەکترییە جیاوازەکان، هەوێنی تێکۆشان بەرجەستەدەکا. ئازادی ڕێک لەم بەستێنەدایە وەدی دێت، نەک پێش ئەم و نەک دوای ئەم. بەم پێیە، ئازادی دۆخێک نییە لە ژینگەیەکی ئایدیالی داهاتوودا، بەڵکوو هەوێنی هەوڵ و تێکۆشانێکی بێوچانە هەر لێرە و لەم چرکەساتەدا. بەدربڕینێکی تر، ئازادی لە کەیفیەتی خەبات بۆ ئازادی دایە کە خۆی نیشان دەدا.

ئەگەر بە پەیژەی ئەندێشە وردەکانی ئارنتدا داگەڕێین، دواجار دەگەین بە چەمکێکی بنەڕەتی کە ئەویش بەڵێن و پەیمانە. ئارنت بنەمای ئازادیی مرۆڤ لە هێزی بەڵێندانی مرۆڤ هەڵ دەگۆزێت: "هێزێک کە مرۆڤەکان لێک خڕدەکاتەوە، هێزی بەڵێن یان ڕێکەوتنی دوولایەنەی نێوانیانە". ئەم هێزەیە کە مرۆڤەکان دەربەستی یەکتری

دەکا، تەنانەت ئەگەر بەجەستەش لێک دوور بن. ئەوکاتەی مرۆڤەکان ئەرکدار دەبن کە بەڵێنی خۆیان ببەنەسەر، ئەوکاتەیە کە زەمینەی پێکهاتنی پەیمانی کۆمەڵایەتی پێک دێ. هەڵبەت پەیمانی کۆمەڵایەتی لەڕوانگەی ئارنتەوە، پەیمانێکی ئاسۆییە. پەیمان لە ڕوانگەی ئارنتەوە مانایەکی جیاواز لە مەبەستی بیریارە کلاسیکەکانی تیۆری کۆمەڵایەتیی هەیە. مەبەستی ئارنت لە پەیمان، ڕێکەوتنێکی ئاسۆییە لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەدا، ئەوە لەکاتێکدا، بۆ وێنە لای تۆماس هابز، پەیمانی کۆمەڵایەتی سروشتێکی ئەستوونیی هەبوو بەشێوەیەک کە تاکەکان هێزی خۆیان ڕادەستی "کەسایەتییەکی دەسکرد"ی سەرووی خۆیان دەکرد. هابز ئەو کەسایەتییە دەسکردەی ناو نابوو "لێڤیاتان". هەڵبەت بەلای ئارنتیشەوە "پەیمان" پابەندێتی دەهێنێ، بەو جیاوازییەوە کە، پەیمانێک کەوا سروشتی ئاسۆیی هەبێ، هەرچەند کە توانا و دەسەڵاتی تاکەکان سنووردداریش بکا، بەڵام هێشتا ئەو دەسەڵاتە جڤاکییە دەپارێزێ کە تاکەکان پێکەوە پێکیان هێناوە. بەدەربڕینێکی تر، هێزی بەڵێن و پابەندێتیی تاکەکان تەنیا نابێتە هۆی پێکهێنانی دەوڵەت یان هێزێکی سەرووی خۆیان، بەڵکو بەرلەوە، دەبێتە هۆی سازکردنی جڤاکێکی مرۆڤی، کە تەنانەت دوای تێکچوونی شیرازەی دەوڵەت یاخود بوونی بە دەسەڵاتدارێتییەکی زۆرداریش، هێشتاش دەتوانێ بەپایەداری بمێنێتەوە.

کەواتە لە ڕوانگەی ئارنتەوە، تاکەکان لەم بەستێنە پێش - سیاسییەوەیە Prepolitical کە بناوانی دەسەڵاتی خۆیان هەڵ دەبەستن. دەسەڵاتێک کە دەتوانێ، لە ڕەوتی گەشەیەکی ئایدیالدا، بناغەی مەشروعیەتی دەسەڵاتی سیاسیی باڵادەست دەستەبەر بکات، یان لە خراپترین حاڵەتی خۆیدا، ببێتە دوایەمین مەتەرێزی بەرگریی تاکەکانی مرۆڤ لە ئازادیی خۆیان. لێرەدا بۆ ئەوەی باشتر لە تێڕوانینی ئارنت بۆ هێز و دەسەڵاتی تاکەکەس و حوکمڕانان تێ بگەین، ئاماژە بە جیاکارییەکی ورد و هەستیار کە ئارێنت لەنێوان دەسەڵات و زەبروزەنگدا دەیکا، زۆر پێویستە: وەک دەزانین، لە نەریتی تیۆری سیاسیدا وا باوە، کە توندوتیژی بە فۆڕمێکی ڕادیکاڵی پرۆڤەی دەسەڵات پێناسە دەکرێ. ئارنت بەرپەرچی ئەم تێڕوانینە دەداتەوە. ئارنت دەڵێ "دەسەڵات وابەستەی هەژمارە، بەڵام زەبروزەنگ تاڕادەیەکی زۆر، پشت بە ئامراز دەبەستێ"، بۆ وێنە دەسەڵات دەشێ لە دۆخی "هەمووان بەرامبەر یەکێک"دا بێتەبەرچاو، بەڵام زەبروزەنگ لە دۆخی "یەکێک بەرامبەر هەمووان‌دا" خۆی بنوێنێ. زەبروزەنگ سروشتی ئامرازینی هەیە و پشت بەخۆی نابەستێ؛ زەبروزەنگ کارەکتەرێکی وێرانکارانەی هەیە و پشت بە ترساندن و تۆقاندن دەبەستێ. لەبەرامبەر ئەمەدا، ئارنت پێی وایە دەسەڵات تایبەتمەندییەک نییە بە تاکەکەسێکییەوە گرێ بدەین، بەڵکو سروشتێکی کۆمەڵایەتیی هەیە و بەرهەمی یەکگرتوویی مرۆڤەکانە. دەسەڵات،

بەپێچەوانەی زەبروزەنگەوە، حەوجێی بە ئاشتی و کەشی تێکەڵ بە متمانە هەیە. ئارنت بگرە واوەتر دەچێ و دەڵێ؛ "ئەوەندە بەس نییە کە بڵێین دەسەڵات و زەبروزەنگ لێک جیاوازن، بەڵکو دەبێ بڵێین ئەو دووانە خاڵی پێچەوانەی یەکترین... بە تەعبیرێک لەگەڵ یەک 'مانع الجمعن'. زەبروزەنگ ئەوکاتە دێتە کایەوە کە دەسەڵات لەمەترسیدا دەبێ. بەوەشەوە، زەبروزەنگ دەتوانێ دەسەڵات تەفروتونا بکا، بەڵام هەرگیز ناتوانێ پێکی بهێنێ." ئارنت دەڵێ "لە لوولەی تفەنگەوە لەوانەیە ملکەچی سەرهەڵ بهێنێ، بەڵام هەرگیز دەسەڵات سەردەرناهێنێ". ئەوەی لێرەدا زۆربایەخدارە ئەوەیە کە، بەپێچەوانەی زەبروزەنگەوە، دەسەڵات جەوهەرێکی کۆمەڵایەتیی هەیە و بەری هاوپێوەندیی و هاودڵیی نێوان هێزە مرۆییەکانی کۆمەڵگەیە. هەر لێرەشدایە کە چەمکی پەیمان بایەخ پەیدا دەکاتەوە.

ئەوەی لەم باسەدا بۆ من گرینگە، ئەو بناوانەیە کە هانا ئارنت بۆ "ملنەدانی مەدەنی" و هێزی هەڵگەڕانەوەی مرۆڤی هەڵ دەبەستێ. ئارنت ئەم هێزە بە چەمکی پەیمانبەستنەوە گرێ دەدا. نەک هەر لەبەر ئەوەی پەیمان کانگای هێزە، بەڵکوو بەو هۆیەوە کە پەیمان، بەشێوەیەکی هاودژانە، هەم پابەندی و بەرپرسیارەتی بۆ تاکەکان دروست دەکا، هەم دەشبێتە نوێنگەی ئازادیی ئەوان. لە ڕوانگەی ئارنتەوە، پەیمان ڕاستەوخۆ نابێتە هۆی فەزیلەتی سیاسیی هاووڵاتیان، بەڵام بناوانە پێش_سیاسییەکانی بۆ دابین دەکا. کەواتە ئارنت بەجێی ئەوەی تێکۆشانی سیاسی، بۆ وێنە وەک جان ڕاوڵز، بە ویژدانی تاکەکانەوە گرێ بدا، بە هێزی پەیمان بەستنەوە گرێی دەدا. ئەمەش بۆ ملنەدانێکی مەدەنی کە پشت بە تێکۆشانی خۆبەخشانە دەبەستێ، بایەخی تایبەتیی هەیە. لێرەدا خاڵێکی گرینگ لە ئاڕادایە: ئەگەر تۆ ویژدان پێوەرت بێت، دواجار تەنیا ڕێکەوتنت لە گەڵ خۆت هەیە، بەڵام کاتێک باسی پەیمان دەکرێ، هەرهیچ نەبێ دووکەس لەگۆڕێ دان. بەم شێوەیە، پەیمان لەڕوانگەی هانا ئارنتەوە، ڕەهەندێکی بەهێزی پێش_سیاسی، واتە جڤاکسازانە و کۆمەڵگەخوڵقێنی، هەیە.

لەبەر ڕۆشنایی ئەو سەرهێڵە ئارنتییانەی سەرەوەدا، با بزانێکین بۆچی مانگرتنی ٢١ی خەرمانان ڕووداوێکی مێژوویی بوو؟

## دووهەم؛ نەتەوەیەک وەک هۆمۆساکر

سەرەتا با بپرسین، بەهۆی ئەو جینایەتانەی ڕۆژی ١٧ی خەرمانانەوە، حاکمییەت ویستی چی بە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڵێ؟ پێم وابێ پەیامەکە ڕوون بوو. حاکمییەت ویستی بڵێ: من هەموو تاکە سەربزێوەکانت قڵتوبڕ دەکەم؛ گەنجەکانت (نەوەی نوێت) لەبەندیخانەکاندا هەڵدەواسم و گۆڕبزریشیان دەکەم و، دواجار زەفەر بە قەڵای ئەوانەش دەبەم کە دەیانەوێ تۆ بپارێزن. (قەڵا لێرەدا، وەک دواپەناگا، دوایین مەتەرێزی پارێزگاری، "قەڵای پارێزەرانی ڕۆژهەڵات"، نەخشێکی هێمایی یەکجار گەورەی هەیە). حاکمییەت ویستی بە کۆمەڵگە بڵێ: تۆ ڕووتیت! تۆ لە هەر پارێزبەندییەکی مرۆڤی داماڵدراویت و هیچ ڕێگەی ترت نیە جگە لە خۆبەدەستەوەدان. ویستی پێی بڵێ؛ چیتر هیچ کۆڵەکەیەک نەماوە تۆ پاڵی پێوە بدەیت، کەواتە ملت کەچ کە و سەرت داخە! ئەوەی سپای پاسداران کردی پێدانی پەیامێک بوو لە بەدەویترین شێوەی مێژوویی خۆیدا. شتێک لەشێوەی ڕەفتاری ڕۆمییەکان لەگەڵ هۆمۆساکرەکان: فڕێدانە دەرەوەی ژیانی سیاسی، داماڵین لە بەهای مرۆڤی. بەم شێوەیە، ئەگەر بە دەستەواژە باوەکانی ئەم سەردەمە بدوێین، ئەوەی لەرۆژی ١٧ی خەرماناندا ڕووی دا سێرەگرتنی کۆماری ئیسلامی بوو ڕاست لە کەرامەتی مرۆڤی کورد.

کارەساتی ١٧ی خەرمانان بەڵام ڕووداوی مێژووسازی ٢١ی خەرمانانی لێ کەوتەوە. لە ٢١ی خەرماناندا چی ڕووی دا؟ ئایا دەتوانین بڵێین ڕۆژهەڵات "تۆڵە"ی کەرامەتی شکاوی خۆی سەندەوە؟ ئایا مانگرتن تۆڵەسەندنەوە بوو؟ ئەگەر هانا ئارنت بکەین بە سەرپشک، هەڵبەت بەلای ئەوەوە، بەکارهێنانی چەمکی "تۆڵەسەندنەوە" ناڕاست و بگرە کەمکردنەوەیە لە بایەخ و دەلالەتەکانی ئەو دیو مانگرتنەکە. بەبڕوای ئارنت، تۆڵەسەندنەوە هێمای ئەوەیە کە مرۆڤ نە توانایی بەخشینی هەیە، نە توانایی بڕیاردانی سەربەخۆ. وەک لە درێژەی ئەم نووسینەدا و، هەر بە یارمەتیی ئارنت، نیشانی دەدەم، ئەوەی لە ٢١ی خەرماناندا ڕۆڵی سەرەکیی گێڕا، شێوەی مامەڵە لەگەڵ چەمکی ئازادی بوو نەک هەستی تۆڵەسەندنەوە.

### سێهەم؛ دەرنەکەوتن وەک خۆدەرخستن

لە خوێندنەوەی کۆدەکانی مانگرتنی ٢١ی خەرماناندا ڕەنگە یەکەمین خاڵی جێی سەرنج لە فۆڕمی مانگرتنەکەدا بووبێ: نەهاتنەدەرلەماڵ. ئەم فۆڕمەی ملنەدانی مەدەنی، بەڕواڵەت پێچەوانەی تێڕوانینی ئارنتی بۆ تێکۆشانی ئازادانەیە، چونکە ئارنت پێ لەسەر خۆدەرخستن و خۆنمایشکردنی ڕاشکاوانە بۆ یەکتری دادەگرێ. بەووشەوە،

دەرنەکـەوتن وەک تـاکتیکی مـەدەنیی بەرنگاربوونـەوە، پڕاوپـڕی خۆدەرخسـتن و خۆنمایشـکردن بـوو لـە مانـا ئارنتییەکەیدا. یەکێک لەنووسەرانی کورد ئەمەی بەجوانی پێکا: "هەموو شاردنەوەیەک شتێک ئاشکرا دەکا، هەموو ئاشکراکردنێکیش شتێک دەشارێتەوە... کوردەکان مان دەگرن، لە مـاڵ نـایەنە دەرێ، دەر و دوکـان نـاکرێنەوە، ئەم خۆشاردنەوەیە بۆ ئاشکراکردنی ڕێژێمێکی ملهوڕە کە لە بنەڕەتدا بڕوای بە یاسا نێودەوڵەتییەکان نییە."

لەڕاستیدا لەوکاتەوە کە، بەدسپێشخەریی چالاکـانی نـاوخۆ و دواتـر بـە داوانامەی هاوبەشی هێـزە سیاسییەکانی کوردستان، جارێ مانگرتنی گشتی لە کوردستان درا، حاکمییەت هەڵوێستێکی دووفاقـەی گرتەبـەر: لەلایەکەوە بـە بانگکردن و هەڕەشەوگوڕەشە لە کەسایەتییەکان لەلایەن ئیـدارەی ئیتلاعاتـەوە، هـەوڵی تەسککردنەوەی پـەراوێزی مانگرتنەکەی دا و لەلایـەکی تریشـەوە، لێگـەڕا، بـۆ وێنـە تۆڕەکـانی میـدیای کۆمەڵایـەتی کـاری خۆیـان بکـەن و هێڵەکانی ئینتێرنێت هەروا لەگەڕدا بن. واتە، ئەگـەر لەلایەکـەوە حاکمییـەت پـارێزی خـۆی دەکـرد، لەلایەکیشـەوە لەسەرهەست بـوو تـا بزانـێ ئـاخۆ ڕێـژەی هەستیاریی کۆمەڵگە بەرامبـەر بـەو تـاوانـە گـەورە چەنـدە؟ خـۆ ئەگـەر ئەمجارەش، وەک هێندێک جاری پێشوو، کۆمەڵگە بەپرژوبلاوی پێشوازیی لـە داوای مـانگرتن بکردایـە، ئـەوە ئیتـر حاکمییەت مافی خۆی دەبوو لـە گرتنـی دواسـەنگەر و تێکشکاندنی دوایـن هێڵـی بـەرگریی کۆمەڵگـەی کوردی دڵنیـا بێ. حاکمییەت، کوردگوتەنی، خەونی گولیی بە ڕۆژهەلاتەوە دەبینی! مەحەکی هەڵسەنگاندنیش سادەبوو:

حاکمیەت گەرمیی بازاڕ و، ژاوەژاوی نێو کۆمەڵگەی دەویست. ئەمە مانـای بەردەوامیی ژیانی ئاسایی دەگەیانـد. هـەر ئەم بەردەوامییەش لە ژیانی ئاسایی، دەبووە هێمای بەرقەراربوونی دەسەڵاتی حاکمییـەت (بـەمانا ئارێنتییەکـەی). لەڕاسـتیدا، کـاتی مـانگرتن چرکەسـاتی تاقیکردنەوەیـەکی دوولایەنـە بـوو. حاکمییـەت ڕێـک لـە ڕۆژی مانگرتنـدا گەرمای دوکان و بـازاڕ و، ژاوەژاوی دەویست، چونکە لێرەدا ژاوەژاو ڕێـک مانـای ئـاسایی بـوونی ژیـانی دەبەخشـی؛ "دەنگـەدەنگ" ڕێـک دەبـووە هێمـای بێـدەنگی! حاکمیـەت بێـزوی بـەم بێدەنگییـەوە دەکـرد تـا پـەیامی ڕەزامەنـدیی کۆمەڵگـەی کـوردیی لـێ هـەڵ بگـۆزێ. بێـدەنگیی گـەلێکی کەرامەتشـکێندراو، ئەوپـەڕی پـەیامی مەشـروعیەتی بـە حاکمییەت دەبەخشی. ڕێک لەم ساتەوەختە هەستیارەدا بـوو کۆمەڵگەی ڕۆژهـەڵات ڕێزمـانی دەربڕینـی گـۆڕی و، لـە جێی مژاری دەنگەدەنگ و بێدەنگی پرسی دەرکەوتن و دەرنەکەوتنی هێنایە ئارا. ئەویش بە داهێنەرانەترین شێوەی ڕێتێچوو؛ تەبا لەگەڵ تێگەیشتنێکی ئارنتی بۆ "تێکۆشانی ئازادانە".

مانگرتن ڕێک ئەو ساتەوەختە درەوشاوەیە بوو کە نیشانی دا ئێمە لە گەڵ کۆمەڵگەیەک بەرەوڕووین کە دەتوانێ لە چرکەساتێکی مێژوویيدا ئازادیی خۆی لە بەرزترین ئاستدا بەرجەستە بکا. لە ڕۆژی ٢١ی خەرماناندا، ڕۆژهەڵات سیگناڵێکی بەهێزی دەستەجەمعیی بە حاکمییەت بەخشی و، تێیگەیاند کە ئەو تا ڕادەی موتڵەق، ناڕازییە. ئەگەر بەڵێن بێ بنەمای دەسەڵاتی حاکمییەت بەسەر کۆمەڵگەدا، ڕەزامەندیی هاووڵاتیان و، لە سۆنگەی ئەو ڕەزامەندییەشەوە بەرپرسیارەتیهەڵگرتن و پابەندێتیی هاووڵاتیان بەرامبەر حاکمیەت بێ، ئەوا مانگرتنی ٢١ی خەرمانان پەیامێکی کورت و پوختی بەدەسەڵاتدارێتیی حاکم دا: تۆ نەک هەر مەشرووع نیت، بەڵکو کەمترین دەسەڵاتیشت نییە، لەبەر ئەوەی ئێمە کەمترین ڕەزایەتمان لێت هەیە و کەمترین پشکی ئیرادەی ئازادیی خۆشمان لە گەڵ تۆ بەش ناکەین! پەیامی ٢١ی خەرمانان بۆ حاکمیەت ئەمە بوو: تۆ زەبروزەنگت هەیە نەک دەسەڵات؛ ڕێژەی ئەو زەبروزەنگەش ئاستی بێدەسەڵاتیی تۆ، بە ئێمە نیشان دەدا!

بەڵام ئەوە کۆی بابەتەکە نەبوو. خەباتی ناتوندوتیژانەی ڕۆژهەڵات، دەبوایە لوتکەی دەسەڵاتی کۆمەڵگەش بنوێنێتەوە، تا لەکۆنتراستی خۆیدا لە گەڵ بێدەسەڵاتیی حاکمیەتێک کە تەنیا بە زاراوەی توندوتیژی زمانی گۆ دەکا، ببێتە نوێنگەی ئازادی و هەوێنی توانامەندیی نەتەوەیی National Empowerment. ڕۆژهەڵات ئەمەی لە نیشاندانی توانای پەیمانبەستندا بەرجەستەکرد.

## چوارەم: پەیمانبەستن وەک هەوێنی ئازادبوون

لەڕاستیدا، پەیامی مێژوویی مانگرتنەکەی ٢١ی خەرمانان ئەوە بوو کە کۆمەڵگە ڕایگەیاند توانایی پەیمانبەستنی هەیە. لە ڕوانگەی فەلسەفەی سیاسیی هانا ئارنتەوە، توانایی پەیمانبەستن نیشانەی غرووری ئازادییە. غرووری ئازادی واتە خودئاگایی مرۆڤ بەرامبەر بە ئازادیی خۆی. غروری ئازادی ئەو دۆخەیە کە تێیدا مرۆڤ یان کۆمەڵ هەست بە سەر-بە-خۆ-بوونی خۆی دەکا، واتە وشیارە بەرامبەر ئیرادەی خۆی. غرووری ئازادی لەوەدا بەرجەستە دەبێ کە تۆ شتێک دەکەی کە دەتوانی نەیکەی. واتە، ڕێک خۆپابەندکردنی وشیارانە بە بەڵێن و، خۆدەروەستکردن لە ئاست ئەوانی دی، هێمای بەئاگابوونی مرۆڤە بەرامبەر بەوەی کە ئەو شتێکی هەیە، کە دەتوانێ بەر بە ناچاربوونی بگرێ بە پابەندبوون. ئەم شتەش ڕێک ئەو شتەیە کە لەچرکەساتی پەیمانبەستندا وەدی دێت: ئازادی. مرۆڤ لە ڕێی پەیمانبەستنەوە بەرامبەر بە بوونی ئەو ئازادییە زاتییەی خۆی وشیار دەبێتەوە. لە کەیسی

مانگرتنە سەراسەرییەکەی ڕۆژهەڵاتدا، لوتکەی غروری ئازادی لەوەدا بەرجەستە بوو کە هیچ کۆسپێکی دەرەکی نەیتوانی ڕێگە بە چێبوونی ئەو پەیمانە و نمایشکردنی بەکردەوەی، بە باشترین شێوە، بگرێ.

بایەخی مانگرتنی دەستەجەمعیی کۆمەڵگە لێرەدا دەگاتە لوتکە، غروری ئازادی لێرەدا بەرجەستە دەبێ کە تاکەکانی کۆمەڵگە مامەڵە لەسەر کەرامەتیان ناکەن. لێرەشدا دوو پەیامی گەورە، ڕوون و ڕاشکاو دەردەبڕدرێن؛ پەیامێک ڕوو بە حاکمییەت و پەیامێکیش ڕوو بە کۆمەڵگە خۆی. ڕوو بە حاکمییەت دەڵێ؛ تۆ دەسەڵاتت نییە، بەڵکو زەبروزەنگت هەیە. بەزەبروزەنگیش تەنیا دەتوانی ئازادیی دەرەکی لە ئێمە زەوت بکەی. کەواتە، لە پانتایی ئیرادەی ئێمەدا، تۆ ئەسڵەن هەربوونت نییە، چونکە تۆ بوونی خۆت لە ئاوتۆریتەیەکدا پێناسەکردووە کە ئێمە لەبنەڕەتدا دان بە بوونیدا نانێین!

پەیامێکیش ڕوو بە خودی کۆمەڵگە کە دەڵێ؛ خاوەنی ئازادیی تۆ، تەنیا خۆتیت! تۆی کە ئاوێنەی بالانوێنی ئازادیی هەموو ئێمەیت، نەک دەسەڵاتێک کە مانای هەبوونی لە نەبوونی ئازادیی ئێمە هەڵدەهێنجێ. کەواتە، تەنیا تۆی کە هەیت، نەک حاکمییەت!

ئەم خاڵەی دواییان زۆر گرینگە: لەڕاستیدا، مانگرتن نمایشی خاوەنداریێتی بوو. لە نمایشی خاوەنداریێتیدا تاکەکان، ئازادیی خۆیان بە پەیمانێکی هاوبەش دەبەخشن، تا لە ڕێیەوە ببنە خاوەنی هێزی ئازادیی هەموو هاوپەیمانەکان، هەموو کۆمەڵگە. لێرەدایە کە ئێمە لە پەتیترین و دێمۆکراتیکترین مانای سیاسەت نزیک دەبینەوە، سیاسەت وەک بابەتی "هاوبەشی لەدابەشیننەهاتوو". هاوبەش، بەو مانایەی کە هەر بەشدارێک دەتوانێ خۆی لە هەمووی بەخاوەن بزانێ، چونکە لەدابەشین نایات. لەدابەشیننەهاتووش، بەو مانایەی کە خاوەن ڕەگەزێکی یەکدانەیە (منحصربفرد) کە هیچ ئاکتۆرێکی سیاسەت (نە تاک، نە گروپ) ناشێ لەپاوانی خۆی بنێ. کەواتە، تۆ لە (وەدیهێنانی) ئازادیی هەمووماندا و، هەمووانیش لە (وەدیهێنانی) ئازادیی تۆدا بەشدارن! پێشمەرجی هەموو ئەمانەش یەک شتە: توانای لە خۆ تێپەڕین؛ پەڕینەوە بەرەو پانتایی سیاسەت؛ پەڕینەوە لەو شتەوە کە هەیت بۆ شتێکی مەزنتر؛ شتێکی هاوبەشی لەدابەشیننەهاتوو: پرۆڤەی ئازادی لە هەرەوەزی تێکۆشانێکی بێ پسانەوەدا.

پێنجەم: پاژنەی ئاشیلی ڕۆژهەڵات

گەلۆ ئاخۆ "هێزە سیاسییەکان"ی ڕۆژهەڵات دەکەونە کوێی ئەو مەنزوومەیەی سەرەوە؟ با ڕاشکاوانە بپرسین؛ هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات، بەو مەفهوومە ئارنتیەی سەرەوە، تاچەندە سیاسین؟! لەجێدا حاشا لەوە ناکرێ کە ئەوان وەک کاتالیزۆرێک یارمەتییان بە سەرکەوتنی مانگرتنی ٢١ی خەرمانان کرد. ئەوەش حاشاهەڵنەگرە کە ئەو مانگرتنە پەیامی هاودڵییکی گەورەش بوو لە لایەن ڕۆژهەڵاتەوە بۆ هێزە سیاسییەکانی خۆی. بەڵام لەدەرەوەی ئەم دانوستانە کاتییەدا، کە تەوەرەکەی تراژێدییەکی نەتەوەیی یەکانگیرکەر بوو، ئایا حیزبەکان چەندە لێوەشاوەیی تێکۆشانی سیاسییان بە مانایەکی ئارێنتی، واتە نەک "تێکۆشان بۆ ئازادی" بەڵکو "تێکۆشانێکی ئازادانە" هەیە؟ تێکۆشانێک کە خۆی لە توانایی پەیمانبەستندا بەرجەستە دەکا.

کۆمەڵگە توانای پەیمانبەستنی لەخۆی نیشان دا، چونکە غرووری ئازادیی هەیە؛ کۆمەڵگە سەلماندی بڕوای زاتیی بەوە هەیە کە لە کاتی هەرەوەز و پابەندبوون بە بەڵێن و پەیمانی ئازادانەدا، ئازادیی ڕاستەقینە وەدی دێ؛ وەدیی هێنا و کردی بە هەوێنی نمایشێکی پەرجووئاسا لە ڕۆژی ٢١ی خەرماناندا.

با مەحەکی هەڵسەنگاندنەکە دەورە بکەینەوە: مەرجی سیاسەتێکی ئازادی_تەوەر توانایی پەیمانبەستنە؛ مەرجی پەیمانبەستن توانای لەخۆ تێپەڕینە؛ پێشمەرجی لەخۆتێپەڕینیش بوونی خودئاگاییە سەبارەت بە ئازادی (ئەوەی کە تاکەکان بلووغی کۆمەڵایەتیی خۆیان لە تێکەڵکێشکردنی ئازادییەکانیان و دەستەبەرکردنی دەسکەوتێکی "هاوبەشی لەدابەشیننەهاتوو"ی مەزنتردا دەبیننەوە). بەو مەحەکە، دەشێ چ نرخاندنێک بۆ حیزبەکانی ڕۆژهەڵات بکەین؟ ئەوان چەندە توانایی لەخۆتێپەڕینیان لەخۆیان نیشان داوە؟ پێم وانیە وەڵامی ئەو جۆرە پرسیارانە بۆ کەسمان ناڕوون بێ.

ئێمە لەگەڵ هاودژییەکی تراژێدیک بەرەوڕووین: لەگەڵ کۆمەڵگەیەک کە مەرجە ئارنتییەکانی شایستەگیی ژیانێکی ئازادانەی لەخۆیدا نیشان داوە، لەبەرامبەر بزووتنەوەیەکی سیاسیدا کە، بەهیوای ئازادی لەداهاتوودا، تاڕادەیەکی دڵتەزێن، سیاسەتی بە مەفهوومە ئارنتییەکەی هەڵپەساردووە. ئەوەی کە ئەوان کەمترین ئەنگیزەیان بۆ لەخۆتێپەڕین، بۆ پەڕینەوە لە ئەنگیزە حیزبییە بەرتەسکەکان نیشان داوە، ئەوەی کە کەمترین کاریان بۆ

یەکانگیرکردنی تواناییەکانی خۆیان لە چوارچێوەی ڕێکخستنێکی سەرووحیزبیدا ئەنجام نەداوە؛ ئەوەی کە ئەوان کەمترین ئەنگیزە و توانایی کاری هەرەوەزی و پەیمانبەستنیان لە خۆیان نیشان داوە، ئایا بەو مانایە نییە کە، بەپێچەوانەی کۆمەڵگەوە، ئەوان غرووری ئازادییان لەخوارەوەترە؟! واتە، ئەوان تاڕادەیەکی زۆر مەحرووم لەو خودئاگاییە بەرامبەر ئازادی کە بیانگەیەنێتە ئەو قەناعەتەی کەوا؛ لەڕێی پەیمانبەستنیانەوە لەگەڵ یەک، ئەوان ئازادتر و بەهێزتر دەبن. ئایا ئەمە نیشانەی ئەوە نییە کە "حیزبە ئازادیخوازەکانی ڕۆژهەڵات" تاڕادەیەکی زۆر بە ئەخلاقیاتی ئازادیخوازانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیی ئەم سەردەمە، نامۆن؟

بەتێگەیشتنی من، ئالێرەدایە کە ڕۆژهەڵات ڕووبەڕووی پاژنەی ئاشیل یان خاڵە لاوازەکەی ستراتیژی ئازادیخوازانەی خۆی دەبێتەوە. لێرەدا و، لەبەراوردی تاوانکارییەکانی سیستمی مەیلەوتۆتالیتاریستیی کۆماری ئیسلامی و ئاکاری خەمساردانەی بەشی زۆربەی حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتدا، من بیری قسەیەکی دڵتەزێنی هانا ئارنت دەکەومەوە. سەبارەت بە هەڵکشانی جوونەیاریی نازییەکان و باڵکێشانی تۆتالیتاریسم بەسەر ئاڵمانی ساڵانی سییەکان و چلەکانی سەدەی ڕابردوودا و، هەروەها خەمساردیی فیلسووفە هاوپیشە ئاڵمانییەکانی خۆی لەبەرامبەر ئەو دیاردەیەدا، هانا ئارێنتی بەڕەگەز جوو گوتبووی، "ئەوەی لەو ساڵانە[ی باڵکێشانی نازیسم]دا هەژێنەر و دڵتەزێن بوو نەک کردەوەی نازییەکان، بەڵکو ئاکاری هاوڕێ و رفیقەکانی خۆمان بوو!"

٢١ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

# مانگرتنی کوردستان و یەکریزیی نەتەوەکەمان



**ڕەزا محەممەدئەمینی**

کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە مانگرتنی سەرانسەریی بێوێنەی خۆیان لە ڕۆژی چوارشەممە ۲۱ی خەرمانان، لاپەڕەیەکی زێڕین و مێژوویان لە خەبات و بەرەنگاربوونەوە بە دژی ڕێژیمی کوردکوژی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەڵ دایەوە. ئەو مانگرتنە کە لەسەر بانگەوازی ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران بەڕێوە چوو و لەلایەن کەسایەتییە ناسراوەکان و چالاکانی مەدەنی و ئایینی و بەگشتی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان پشتیوانی لێ کرا، بوو بە شەپۆلی ڕق و تووڕەیی و خرۆشانی نەتەوەیی لە بەرانبەر جینایەتکارانی زاڵ بەسەر ئێراندا.

ئەو مانگرتنە دەربڕ و هەڵگری زۆر لە ڕاستییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو؛ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بەو خرۆشانە بەربەرینە نیشانیان دا کە چیتر لە ئاست تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی بێدەنگ نابن و ئامادە نین دەست لەسەر دەست دابنێن و شاهیدی مووشەکباران و شەهیدکرانی بەکۆمەڵی تێکۆشەرانی دێموکرات و لەسێدارەدرانی ڕۆڵەکانیان لە گرتووخانەکانی ڕێژیمدا بن. جگە لەوەش بە پیلەوەهاتنی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بۆ بانگەوازی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران نیشانی دا سەرەڕای تەبلیغاتی چەندین و چەند ساڵەی کۆماری ئیسلامی لەمەر بەناو نەمان و توانەوەی حیزبەکانی کوردستان! و نەبوونی پێگە و باوەڕی خەلکی بەوان! دیتمان و هەموو دۆست و دڵسۆزانی نەتەوەکەمان و دوژمنەکانیشمان شاهید بوون کە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان چۆن بە

گوڕوتینەوە وەخۆکەوتن و لە زۆربەی شارەکانی کۆردستان دوکان و بازاڕەکانیان داخست و بیزاریی خۆیان لە سیاسەتە دژی گەلییەکانی ڕێژیم جینایەتکاریی کۆماری ئیسلامی نیشانی خەڵکی ئێران و جیهان دا. ئەو خرۆشانە دەربڕی ئەو ڕاستییە بوو کە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەسەرووی هەموویانەوە "حیزبی دیموکرات" لە دڵ و دەروونی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا ڕیشەیان داکوتاوە و دوورکەوتنەوە لە ڕۆژهەڵات بەهۆی هێرش و سەرکوتی هەمەلایەنەی کۆماری ئیسلامی لەماوەی دەسەڵاتداریتی خۆیدا، نەیتوانیوە جێگە و پێگەیان لەرزۆک بکا و کۆمەڵانی ئازادیخوازی کوردستان لە حیزبەکانیان دوور بکاتەوە.

هەروەها ئەو مانگرتنە جارێکی دیکە ئەو ڕاستییەی سەلماند کە کۆماری ئیسلامی بە پێچەوانەی چەواشەکاریی و درۆ و دەلەسەکانی، هیچ پێگەیەکی لەنێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا نییە و ئەوەی توانیویەتی ئەو ڕێژیمە لە کوردستاندا لەسەرپێ ڕاگرێ ئەرتەش و سپای پاسداران و بەگشتی زەبروزەنگە و خەڵکی کوردستان ڕابردوویەکی زۆر تال و خوێناوییان لەگەڵ ئەو ڕێژیمە هەیە و هیچکات لەبیریان ناچێتەوە کە هەر ئەو ڕێژیمە بوو خەڵکی بێتاوانی کوردستانی کۆمەڵکوژ کرد، و خومەینی دامەزرێنەری ئەو نیزامە بوو کە فتوای جیهادی لە دژی گەلی کورد دەرکرد. هەر ئەو کۆماری ئیسلامییە بوو کە بە فێڵ و تەڵەکە ڕێبەرانی حیزب و گەلەکەمانیان لەهەندەران شەهید کرد و بە سەدان کادر و پێشمەرگەی دێموکرات و تێکۆشەرانی ڕێکخراوە سیاسییەکانی دیکەی کوردستانیان لە باشووری کوردستاندا تێرۆر کرد.

خەڵکی کوردستان دەزانن کۆماری ئیسلامی ئەوەی بۆی گرینگ نییە، گیانی تاکی کوردە و لە ماوەی چوار دەیە دەسەڵاتدارەتی خۆیدا سەلماندوویەتی بۆ سەرکوتی گەلی کورد لە هیچ کاروکردەوەیەکی جینایەتکارانە ناپرینگێتەوە و دەست بۆ هەموو ئامرازەکان درێژ دەکا؛ تەنانەت جینایەتی وەک کوشتاری خەڵکی بێتاوانی شار و گوندەکانی کوردستان و لەسێدارەدانی بەکۆمەڵی دەیان لاوی کورد کە دەچێتە خانەی کۆمەڵکوژی و ژینوسایدەوە ئەنجامی داوە. لە ئێرانی ژێردەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا تاکی کورد تا ئەو جێگایە پارێزراوە کە داوای ئازادی و مافە نەتەوایەتییەکانی خۆی نەکا و ڕخنە لە دەسەڵات نەگرێ و لە ئاست وێرانکارییەکانی سرووشتی وڵاتەکەی و بەتاڵانبردنی سەروەت و سامانەکەی کپ و بێدەنگ بێ؛ ئەگینا ئەو کەسانە، واتە تاکی ڕخنەگری کورد لە هەموو بوارەکاندا، بەناو دژی شۆڕشە و دەبی سزا بدرێ.

دیارە بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کادر و پێشمەرگەکانی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و چالاکانی مافی مرۆڤ و ژینگەپارێزان بەگشتی هەرکەسێک کە ملکەچی یاسا دواکەوتووەکانی نەبێ، لە بەرەیەک دایە و لە سۆنگەی ڕێژیمەوە دەبێ بە هەرشێوەیەک بێ بێدەنگ بکری یان لەنێو ببردرێ، جا ئەو کردەوەیە دەتوانێ لە چوارچێوەی جینایەتی بێوێنەی مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات و شەهید و بریندارکردنی دەیان کەس لە ئەندامانی ڕێبەری، کادر و پێشمەرگە و تەنانەت منداڵی پێشمەرگەکاندا بێ، یان لەسێدارەدانی شەش لاوی بەندکراوی سیاسیی کورد لە گرتووخانەکان لە ماوەی سێ ڕۆژاندا بێ. بەندکراوانێک کە لەژێر گوشار و ئەشکەنجەی جەلادانی ڕێژیم ناچار بە دانان بە تاوانگەلێک کراون کە هیچ چەشنە بەڵگەیەکی دادگاپەسندیان لە پشت نەبووە، پاشان هەر هەموویان وەدرۆخستووەتەوە.

کۆماری ئیسلامی بە مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات و شەهیدکردنی کادر و پێشمەرگەکانی حیزب و هاوکات لەسێدارەدانی لاوانی بەندکراوی کورد لە گرتووخانەکان، جگە لە هەڵڕشتنی ڕق و کینی پەنگخواردووی خۆی لە نەتەوەکەمان، لە ڕاستیدا هەویستی لەلایەک زەبرێکی کاریگەر لەو حیزبە بدا و ڕێبەرییەکەی، وەک کاکڵەی ئەو حیزبە لەنێو بەرێ و بە ئاواتی لەمێژینەی خۆی بگا، و لەلایەکی دیکەش بەو هێرشە مووشەکییە و لەسێدارەدانی بەندکراوە سیاسییەکانی کوردستان لەڕۆژێکدا، فەزای ترس و تۆقاندن بەسەر نەتەوەکەماندا بسەپێنێ. بۆ کۆماری ئیسلامی، کوردستان وەک باقی ناوچەکانی دیکەی ئێران نییە و بۆ مان و بوونی ئەو ڕێژیمە سەرکوتکردنی گرینگیی تایبەتی هەیە؛ چونکە کۆماری ئیسلامی باش دەزانێ کوردستان بەو هۆیە کە ڕێژیم هیچ پێگەیەکی تێدا نییە و هەمیشە جووڵانەوەی ئازادیخوازی و نەتەوایەتی و مافخوازانەی تێدا هەبووە و هەیە، لاوازترین خاڵی سەقامگیری ڕێژیمە و دەتوانێ لە ئەگەری هەر ڕووداوێکی ناوچەیی و نێوخۆییدا بەو پۆتانسیەلەی کە هەیەتی ببێ بە پێگە و سەنگەری سەرەکی ئازادیخوازانی ئێران بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی و کوردستان زۆر زوو لە کۆنترۆڵی دێتە دەرێ. هەر بۆیەشە ڕێژیم تێچووی نێوخۆیی و ناوچەیی ئەو هێرشە هەرچەند گرانیش بێ قەبووڵ دەکا و نەک لە سەرسنوورەکان، بەڵکوو لە قووڵایی خاکی باشووری کوردستان هێرش دەکاتە سەر بنکەی حیزبی دێموکراتی کوردستان و جینایەتی ١٧ی خەرمانان دەخوڵقێنێ و لاوەکانی لە گرتووخانەکان لەسێدارە دەدا. بەڵام کۆماری ئیسلامی پێشبینی نەدەکرد خەڵکی کوردپەروەری کوردستان دوای مووشەکبارانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و لەسێدارەدانی لاوانی بێتاوانی کورد، وەها لەسەر تێکۆشەرانی خۆیان و ڕۆڵە لەسێدارە دراوەکانیان بێنە دەنگ و بە پێشوازیی داوای ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانیان بێن و مانگرتنێکی ئاوا مەزن و مانادار وەرێ بخەن. لە

ڕاستیدا ئەو مانگرتنە سەرانسەرییە جگە لەوەی کە دەربڕینی خەم و پەژارە بۆ تێکۆشەرانی نەتەوەکەمان و شەهیدانی دیموکرات و لاوە لەسیدارەدراوەکان بوو، "نا"یەکی گەورە بوو کە کۆمەلانی خەلکی کوردستان بە کۆماری ئیسلامییان کوت و لەلایەک ڕق و تووڕەیی خۆیان سەبارەت بە جینایەتی ١٧ی خەرمانان پێ ڕاگەیاند، لەلایەکی دیکەش بۆ جارێکی دیکە و بەو کردەوە بوێرانەیە بە خەلکی ئێران و جیهانیان ڕاگەیاند لە کۆماری نگریسی کوردکوژی مووشەک و پەت و سیدارە بێزارن نەفرەتی لێ دەکەن و تەنیا ئەوەی لەدلیان دایە و هەست و سۆزیان بۆی هەیە تێکۆشەرانی ڕێگای ئازادیی کوردستانە.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ لێدانی قەلای دیموکرات سەرووەریی خاکی عێراق و باشووری کوردستانی شکاند و لە پێناو لەنێوبردنی حیزبی دێموکرات ئامادە بوو سەرکۆنەی هەموو ولاتانی جیهان قبوول بکا و تێچوویەکەی بدا؛ هەروەها ئەو ڕێژیمە کە هەموو سالێ لەلایەن ڕێکخراوەکانی پارێزەری مافی مرۆڤ سەبارەت بە لە ژێرپێنانی سەرەتاییترین مافەکانی مرڤ مەحکووم دەکرێ سەرەڕای داوای زۆری ئەو ڕێکخراوانە بۆ لەسیدارەنەدانی بەندکراوە کوردەکان، شەش لاوی کوردی لەماوەی سێ ڕۆژدا لەسێدارە دا، بەدلنیاییەوە ئەگەر زانیبای جینایەتی ١٧ی خەرمانان وەها ڕەنگدانەوەیەکی لە نێو کۆمەلانی خەلکی کوردستاندا دەبێ و ئاوا لە نێوخۆ و دەرەوە دەسەلاتەکەی شەرمەزار و زەبوون دەکرێ، تەنانەت ئەگەر زانیبای دەتوانێ زیاتر لەوەی خەسارەتی گەیاندووەتە حیزبی دیموکرات، دەسکەوتی دەبێ، هیچکات هێرشی مووشەکی لەوچەشنەی نەدەکرد و لاوانی بەندکراوی لەهەمان ڕۆژدا لەسێدارە نەدەدا. چونکە بەراستی ئەوەی بۆ کۆماری ئیسلامی دوای جینایەتی ١٧ی خەرمانان مایەوە تەنیا ڕووڕەشی و شکست و داماویی بوو لەئاست نەتەوەی کورد و تێکۆشەرانی ڕێگای ئازادی کوردستان.

کۆمەلانی خەلکی کوردستان لەو خرۆشانەدا بەگژ تەواوەتی ڕێژیمی کۆماری جینایەتکاری ئیسلامیدا هاتنەوە و دووپاتیان کردەوە کە قەلای دێموکرات، تەنیا ئەو قەلایە نییە کە بنکەی سەرەکیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی لە گیرساوەتەوە، بەلکوو قەلا و شوورەی ڕاستەقینەی دێموکرات، لە ڕۆژهەلاتی کوردستان و لە هەناوی کۆمەلانی خەلکی کوردستان دایە و ئەوانن کە هێزو تین دەبەخشنە ڕۆلەکان و تێکۆشەرەکانیان. شک لەوەدا نییە تابۆ و هەیمەنەی ڕیژیم لە کوردستان شکاوە و سیاسەتی زەبروزەنگ و چاوسوورکردنەوە کاریگەری نەماوە و ناتوانێ لاوانی کورد بێدەنگ و بێهەلوێست بکا لەئاست جینایەتەکانی؛ هەر بۆیەشە دەبینین لە مانگرتنی سەرانسەری ٢١ی خەرمانانیدا سەرکوتکەرانی ڕێژیم بە هەڕەشە و گوڕەشە و گرتن نەیانتوانی بەر بەو حەرەکەتە بگرن. هەروەها ئەو

خرۆشە سەرانسەرییەی کوردستان دەتوانێ هاندەرێکی بەهێز بێ بۆ ناوچەکانی دیکە و باقی گەلانی ئێران هەتا ڕاپەڕینێکی بەهێزتر و بەتەوژمتر لە ڕاپەرینی بەفرانباری ڕابردوو دەست پێ بکا و تۆماری کۆماری ئیسلامی تێکەوە پێچێ و بیخاتە نێو لاپەڕە ڕەشەکانی مێژوو.

٢١ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

## میلیتاریزە کردنی کوردستان دوای مانگرتنی ٢١ی خەرمانان



دوای مانگرتنی سەرانسەریی خەڵکی کوردستان بە مەبەستی مەحکوومکردنی مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات و، لە سێدارەدانی چەند بەندیی سیاسیی کورد، دەزگا ئەمنییەکانی ڕێژیم ترسیان لێنیشتوەو، بۆتە هۆی زیادبوونی جمۆجۆڵە نیزامییەکان لە شارەکانی کوردستان.

بە پێی ئەو زانیارییانەی بە دەستمان گەیشتووە، هەر رۆژێک دوای مانگرتنی ٢١ی خەرمانان، دەزگا ئەمنییەکانی کۆماری ئیسلامی دەستیان دایە دەسبەسەرکردن و، بانگکردن و، هەڕەشە کردن لە خەڵک، بەتایبەتی چالاکانی مەدەنی و هەروەها لە چەندین شاری کوردستان ئەندامانی سپای پاسداران و بەکرێگیراوانی ڕێژیم بە بەڕێوەبردنی مانۆڕی نیزامی لە نێو شارەکان، ویستوویانە خەڵک بترسێنن.

لە لایەک دیکەش رۆژی ڕابردوو ٣١ی خەرمانان هێزێکی زۆر لە شارەکانی کوردستان بەتایبەتی شاری سەقز بیندراوەو چەکوچۆڵی قورس و مووشەکی دوورهاویژ لە تارانەوە بەرەو ناوچە سنوورییەکانی کوردستان گواستراوەتەوە.

گواستنەوەی مووشەک بۆ ناوچە سنوورییەکانی کوردستان لە کاتێک دایە کە رۆژی ١٧ی خەرمانانی ٩٧ی هەتاوی بە هۆی هێرشی هەوایی و مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات، لە لایەن سپای پاسدارانەوە، پۆلێک لە ئەندامانی ڕێبەری و کادر وپێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان شەهید وبریندار کران.

جێی ئاماژەیە لە ماوەی رۆژانی رابردوودا فەرماندەکانی سپای پاسداران، سەرلەنوێ هەڕەشەیان لە حیزبی دێموکرات کردووە.

٢٣ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

## لە پەراوێزی بیست و یەکی خەرمانانی ٩٧دا



### کەیوان دروودی

ئەوەی بیست و یەکی خەرمانانی ئەمساڵ لە کوردستان روویدا، تەنیا مانگرتنێکی ئاسایی نەبوو بەڵکوو ڕیفراندۆمێک بوو بۆ "نا"وتن بە دەسەڵاتێکی داسەپاو. ئەم ڕۆژە لەو ڕووەوە گرینگە کە دەریخست کۆمەڵگەی کوردستان و حیزبە سیاسییەکان و هەڵسووڕاوانی دیاری ناوخۆ و دەرەوە، هەر هەموو لەسەر یەک تەوەر کۆک و هاودەنگن کە ئەویش داسەپاوبوونی دەسەڵاتی تاران بەسەر کوردستان بوو. لەم ڕۆژە بەولاوە ئیتر بە کردەوە دەستەواژەی ئۆپۆزیسیۆنی سەرانسەری لە ئەدەبیاتی سیاسی کوردستان و ئێراندا سڕدرایەوە.

هەروەها دەرکەوت کە دەزگای پرۆپاگاندەی ڕێژیم بەو هەموو تێچووەوە کە بۆ سەقامگیرکردنی دەسەڵاتی خۆی داویە، سەرکەوتوو نەبووە لەوەیکە شەقڵێک بخاتە نێو ڕیزەکانی خەڵک و حیزبە سیاسییەکانی کوردستان. کوردستان لە یەکێک لە میلیتاریزەترین ڕۆژەکانیدا، بێ ئەوەی هیچ سندووقێکی گشتپرسی دابنرێت، بۆ دووهەم جار لە دوای ١٢ی خاکەلێوەی پەنجاوهەشت، "نا"یەکی گەورەی بە ڕێژیم وت و سەلماندی کە سوورە لەسەر ئەو بڕیارەی لە دووی ڕێبەندانی ١٣٢٤ داویە.

ئەمە لەخۆیدا گەڕاندنەوەی شکۆیەکی گەورە بوو بۆ نەتەوەی کورد و هەروەها پەیڤێکی ڕوون بوو، ڕوو لەوانەی کە ئامادەن لەسەر بنەمای ڕێزی بەرامبەر، هەوڵ بۆ لابردنی سێبەری فاشیزم بەسەر پێکهاتەکانی ناو جوغرافیای ئێران بدەن.

**دەرهاویشتەکانی ٢١ی خەرمانان:**

- دەرکەوت کە کوردستان خاوەنی نەخشەڕێگایەکی تایبەتە کە پێداگری لەسەر بەرژەوەندییە باڵاکانی خۆی دەکات.

- ئەو ڕاستییە سەلمێندرا کە خەباتی کوردستان ڕزگاریخوازانەیە و بۆ ئەو مەبەستەش لە هەموو پۆتانسییەلەکانی کەڵک وەردەگرێ.

- ئاشکرا بوو کە ئۆپۆزیسیۆنی سەرانسەری جیا لە چەمکێکی ئابستراکت، بوونی دەرەکیی نییە و تاقە ڕێگەیەک کە بۆ گشتگیرکردنی خەباتێکی بەربڵاو لەبەردەمدا هەیە، پێکەوەکارکردنە لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لە بەرژەوەندییەکانی یەکتر.

- ئەو راستییە سەلما کە دەشێت کوردستان ببێتە هێڵێکی مێحوەری بۆ دەسپێکی تێکۆشانی هەمەلایەنەی ئازادیخوازانی راستەقینە و پێکهاتە ژێرچەپۆکەکان لە دژی دەسەڵاتی سەرەڕۆی تاران.

ئەگەر ئەم چوار خاڵە وەکوو سەرەکیترین دەرهاویشتەکان لەبەرچاو بگرین، ئەوە پێویستە ئەو هۆکارانەش دەسنیشان بکەین کە ئەم سەرکەوتنە بەشکۆیەیان دەستەبەر کرد. لەڕاستیدا پێش لە هەر شتێک دەکرێ بڵێین ئەو بەستێنە کولتووری، مێژوویی و کۆمەڵایەتییەی کە لە کوردستان بووە و هەیە لە ناخی خۆیدا یەکەم هۆکار و گرینگترین هۆکار بوو. پێویستە ئەوەش لەبیر نەکەین کە هاودەنگی و بانگەوازی هاوبەشی حیزبە سیاسییەکان بۆ ئەو مەبەستە، شوێندانەریی تایبەتی خۆی هەم لەڕووی ڕێکخستن و هەم لەڕووی ڕەوانییەوە بەدواوە هەبوو.

پێش لەم سەرکەوتنە لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا هەرەوەزیی شار و گوندەکان بۆ پاراستنی ژینگەی نیشتمان، هاریکاریی و بەهاناوەچوونی گشتی بۆ خەڵکی ناوچەی بوومەلەرزەلێدراوی سەلاس و سەرپێڵ، نەورۆزیی جامانە و لەم دواییەش ڕێزگرتن لە کەسایەتی و بیری نیشتمانپەروەرانەی شەهید شەریفی باجوەر لە زۆربەی ناوچەکانی

کوردستان، نیشانی دا کە کورد چووەتە ناو پرۆسەیەکی نوێی نەتەوەسازییەوە.

گرینگە ئەوەمان لەبەرچاو بێت کە پێناسەی باو و کلاسیک لە نەتەوە، ئەگەرچی هێشتاش لەجێی خۆیەتی بەڵام دەبێ بزانین کە توخمە پێکهێنەرەکانی نەتەوەیەکی ژێرچەپۆکی وەک کورد لە ڕەوڕەوەی مێژوویەک لە بندەستی و لەژێر شوێندانەری جمگە کاراکانی دەسەڵات وەکوو پەروەردە و فێرکاری، سیستمی برۆکراسی و ڕاگەیاندن و هەروەها لەژێر کۆنترۆڵی سیستمی پاداشت و سزادا تووشی خەساری گەورە و بەلاڕێداچوون ئەبێت کە زمان یەکێک لەبەرچاوترینی  ئەم نموونە بەرهەستانەیە.

بەو پێیە، ئێمە دەبێ ڕێوشوێنێک بگرینەبەر کە لەسەر بنەمای خواستی هاوبەشی گشتیدا ئیرادەی پێکەوەنانی کیانێکمان بۆ دروست بکات. لەبەر ئەوە خواستی هاوبەش لەم پرۆسەیەدا گرینگە کە دەتوانێ ئاراستەیەکی پێچەوانەی دڵخوازی دەسەڵات دروست بکات و ئەمەش دەبێتە بەردی بناغەی خۆپێناسەکردنێکی گشتگیری سیاسی و کۆمەڵایەتی کە ئێمە لەویتر جیا دەکاتەوە. وەک بینیمان ڕێژیم لە بەرامبەر ئەکتی هاوبەشی ڕێزگرتن لە کاک شەریف پێچەوانەی ویستی دەروونیی خۆی دەستی دایە پرۆپاگاندە و ویستی خۆی لەگەڵ ئەو ویستە هاوبەشە ڕێک بخات کە لە کۆتاییشدا سەرکەوتوو نەبوو و لای کەس شاراوە نییە کە دەزگای پرۆپاگاندەی ڕێژیم بەو هەموو تێچووەوە نەیتوانی خۆی بسەلمێنێ و لەناو ئیرادەی خەڵکی کوردستان توایەوە.

## بۆ دەرەوەی کوردستان

بەخۆشییەوە پێکهێنانی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران ئەو بەستێنەی پێکهێناوە کە هێزی سیاسیی کوردستان تووشی مێملی هەمیشەیی بزاڤی کورد (لێکترازانی سیاسی) نەبێ و یەکدەنگی و یەکگرتوویی ناوخۆیی - سەرەڕای لەبەرچاوگرتنی پرەنسیپی فرەیی و پلۆرالیزم - بپارێزێ.

ئەمە زۆر گرینگە کە ئەم ڕەوتە درێژەی هەبێ و لەگەڵ ئەوەی گرینگترین مەسەلە ڕاگرتنی ئەم یەکپارچەییەیە، بەڵام هەوڵ بۆ بەهێزکردنی یەکێک لە سەرەکیترین ئەرکە مێژووییەکانە. وەک دەزانین حیزبە سیاسییەکان لە کۆمەڵگەی کوردستان دەورێکی جیاواز لە هەرشوێنێکیتری جیهان دەگێڕن و لە فۆرم و ناوەرۆکدا وەکوو دەوڵەتێکی

دوورخراون کە پێویستە بەجێگەی دەوڵەتێک (حاکمییەت)ی گشتگیر بەرژەوەندیی نەتەوەیی دیاری بکەن و هەوڵی دەستەبەرکردن و پاراستنی بدەن و کۆمەڵانی خەڵکیش لەو ئاقارەدا مۆبیلیزە بکەن.

بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی پێکهاتەکانی نێو جوغرافیای ئێران و نیشانەکانی قەیرانی سەرتاپاگری ڕێژیمی ئیسلامی لەڕووی داماڵران لە ڕەوایی ناوخۆیی، پووکانەوەی ئایدیۆلۆژیک، شکستهێنانی سیاسەتی دەرەکی و دارِمانی ئابووری و ئەو ڕەوتەی ڕێژیم روو بە دەرەوە گرتوویەتە پێش، پێویستە کە هەرچی زیاتر دۆست و هاوپەیمان بدۆزرێتەوە و هەم لە ناوخۆی ئەم جوغرافیایە و هەم لە ناوچە و دەرەوەدا لە هەموو بژاردەکان بەگوێرەی هەلومەرج کەڵک وەربگیردرێت. ئەوە زۆر دوور لە چاوەڕوانی نییە کە کوردستان ببێتە جەمسەرێکی شوێندانەر و چەترێکی بەشکۆ بۆ هەموو ئەوانەی کە داهاتوویان لە تێپەڕبوون بەسەر لەمپەڕی ڕێژیمی ئیسلامیدا دەبیننەوە.

## سەرکەوتنی هێزی ڕەوایی بەسەر توانای زۆرەملێدا

سیستەمە دەسەڵاتخواز (ئۆتوریانیست)ەکان بەهۆی چییەتییان، بەو ڕادەیە کە بەرەو قەیران و هەڵوەرینی سەرمایەی کۆمەڵایەتی دەچن، زیاتر لە توانای زۆرەملێ (قوەی قهریە) بۆ پێشگیری لە نافەرمانی کەڵکاژۆ دەکەن بەڵام لەم حاڵەتە بەرهەڵستکارانیان کە زۆربەی هێزە دێموکراتیکەکانن، دەتوانن لەو مەسەلە وەکوو کرانەوەیەکی دڵخواز بۆ بانگەشەی بیروڕایان کەڵک وەربگرن.

بزاڤی کورد وەکوو بەشێک یان باشترە بڵێین سەرەکیترین بەشی ئەم هێزە دێموکراتیکانە لەناو جوغرافیای ئێران، دەتوانێ لە ڕەوایی خۆی بۆ سەرخستنی ئامانجەکانی هەنگاو بنێ و لەگەڵ هەموو ئەوانەی کە لە بەرەی دێموکراتیکدان بکەوێتە تەعامولێکی ئامانجتەوەر.

بە دیویێکیتردا، ناوچەسزای ڕێژیمی ئێران هەمان لاوازیی ڕەوایەتییەتی و دەشێت ئەم ناوچەیە لە کاتی گونجاودا بە دەست هێزە دێموکراتیکەکان کۆنترۆڵ بکرێ. مەبەست لە هێزە دێموکراتیکەکان هەموو ئەو ڕەوت و لایەنانەیە کە دان بە ماف و مەوجوودییەتی پێکهاتە جیاجیاکانی نێو ئێران دابنێن.

قەیرانی ڕەوایی ڕێژیم لەمێژە دەستی پێکردووە و لە داهاتوودا بەپێی گریمانەی پەرەسەندنی نارەزایەتیی لەلای خەڵک و لە بەرامبەردا سەرکوتی زیاتری ئەو داواکارییانە لەلای ڕێژیمەوە، ئەو قەیرانە خۆی لە حاڵەتی شاراوە و کەڵەکەکراو بۆ حاڵەتی دەرکەوتنی ئۆبژەکتیڤ دەگۆڕێ و پێویستە کە ئەم هەلە، لەم بارودۆخەدا بۆ ڕزگاریی هەموو پێکهاتەکان لەژێر سێبەری عەقڵانییەتی فاشیستیی ئێرانی - ئیسلامی بگوازرێتەوە.

٢٤ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

ماڵپەڕی کوردستان میدیا

١٢ی سێپتامبری ٢٠١٨ی زایینی

---

## دەنگدانەوەی بەربڵاوی مانگرتنی گشتیی کوردستان لە میدکاندا




ڕۆژی چوارشەممە ٢١ی خەرمانی ٩٧ هەتاوی، خەڵکی شار و ناوچەکانی کوردستان بە مانگرتنی سەرانسەری وبێوێنە خۆیان، وڵامی سەرەرۆییەکانی کۆماری ئیسلامیی‌ئێرانیان دایەوە.

بە پێی داواکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران و پاڵپشتی چالاکان و هەڵسووڕاوانی سیاسی و مەدەنیی کورد، ڕۆژی چوارشەممە ٢١ی خەرمانان خەڵکی کوردستان بۆ شەرمەزار کردنی نوێترین کردەوە تیرۆریستییەکەی کۆماری ئیسلامی، مووشەکبارانی بنکەی سیاسیی حیزب دێموکراتی کوردستان و لە هەمان کاتدا لە سێدارەدانی سێ بەندیی سیاسیی کورد، مانگرتنی گشتییان ڕاگەیاند و دوکان وبازارییان داخست و بەشێکی بەرچاوی دیکەش لە خەڵکی کوردستان نەچوونە سەرکار و دەوامی ڕۆژانە.

لە یەکەم ساتەکانی ڕۆژچوارشەممە میدیا کوردییە وبیانییەکان، ڕوومالی ئەو مانگرتنە بێوێنەیان کردو، هەروەها بەشێوەی بەربڵاو لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیش دەنگی دایەوە.

شیاوی باسە خەڵکی کوردستان بەهەموو چین وتوێژەوە بە یەکرێزییەوە، پێشوازییان لە یەکگرتوویی حیزبەکانی کوردستانیان کرد و، پاڵپشتی خۆیانیان لە تێکۆشەران و فیداکارانی بزووتنەوەی کورد دەربڕی.

بەربڵاوی مانگرتنەکان لە سەرجەم شار و ناوچەکان کوردستان لە بەشێکی بەرچاو لە میدیاکان دەنگدانەوەی هەبوو.
هەر لەو پێوەندییەش چالاکانی کورد، کەمپەینێکیان لە ژێرناوی "من لە ماڵ نایەمەدەر" پێکهێناو لە لایەن خەڵکێکی زۆرەوە پێشوازی لێکرا.

شیاوی باسە دامودەزگاکانی ڕێژیمیش بە شێوە جۆراوجۆر هەوڵیان دا، ئەو مانگرتنانە بە لارێدا ببەن و، خەڵک بترسێن، هەتا لە ماڵەوە نەمێنەوەو دوکان و بازارەکانیان بکەنەوە.

یەکێک لە ماڵپەڕەکانی سەر بە ڕێژیم بۆ کەتمان کردنی یەکریزی خەڵک و پشتیوانی کردنیان لە حیزبە کوردییەکان، ئەو مانگرتنانەی بۆ نارەزایەتی دەربڕینی خەڵک، لە هەمبەر بارودۆخی خراپی ئابووری لە قەڵەم داوە، هەروەها کۆمەڵێک لە چالاکانی مەدەنیش لەو پێوەندییەدا دەسبەسەر کراون.

١٢ - ٩ - ٢٠١٨

# دەسبەسەرکرانی دوازدە چالاکی مەدەنی بە بۆنەی پشتیوانی لە مانگرتنی خەڵکی ڕۆژهەڵات



لە درێژەی پشتیوانیی بانگەوازی حیزبە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دوازدە چالاکی مەدەنی لە شارە جیاجیاکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەسبەسەر کران.

لە شاری سنە دوو چالاکی کرێکاری بە ناوەکانی " خالید حوسێنی" و " موزەفەر ساڵح نیا" و "موختار زارعی" چالاکی مەدەنی دەسبەسەر کران. هەروەها "سۆران دانیشوەر"، "موسلیم بەهرامی"، "ئارام فەتحی"، "محەممەد ئێزکات"، "دلێر ڕۆوشەن"، ئەحمەد تەبیرە" و "نەوشیرەوان ڕەزایی" لە شاری مەریوان و دوو چالاکی دیکەش بە ناوەکانی "خالید گەنجی" و "ڕەشید ناسرزادە" خەڵکی شاری شنۆ لە لایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە لە دوای ئەوەیکە بەدەم داواکاریی حیابەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە مەڕ مانگرتنی سەرانسەری دەسبەسەر کراون.

لە دوای ئەوەیکە لە ١٧ی خەرمانان و مووشەکباران کرانی قەڵای دێموکڕات و لەلایەکی دیکەشەوە لە سێدارە درانی سێ کورد بە ناوەکانی ڕامین حسێن پەناهی و لقمان و زانیار مورادی لە گرتووخانەی کەرەج، حیزبە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەسەر بانگەشەی بەڕێوەبردنی چالاکییەکی مەدەنییانە بە داخستنی دووکانەکان و مانەوە لە ماڵەکاندا ڕێککەوتن و هەر لەو پێوەندییەشدا چالاکانی سیاسی و مەدەنیی سارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پشتیوانی خۆیان لەم بانگەوازە دەربڕی.

١٢ - ٩ - ٢٠١٨

# شەپۆلێکی نوێ لە سەرکوتی خەڵکی کوردستان و ئاکامێکی پێچەوانە



**شاوەیس حەمدی**

دوای مانگرتنە جەماوەرییەکەی رۆژی ٢١ی مانگی خەرمانان بە نیشانەی ناڕەزایەتی دەربڕین بە موشەکبارانی سەر قەڵای دێموکرات و لە سێدارەکانی سێ لاوای تێکۆشەری سیاسی، دەزگا ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم گوشارێکی زیاتریان خستۆتە سەر کۆمەڵگای کوردستان. هەر لەم پێوەندییەدا سپای پاسدارانی ڕێژیم بە گواستنەوەی سەدان چەکی قورس بۆ شارەکانی کوردستان لە هەوڵ دایە ترس بخاتە دڵی خەڵکەوە.

هەر لە ماوەی چەند حەوتووی ڕابردوودا جیا لە بانگکردنی دەیان کەس لە چالاکانی سیاسی و مەدەنی لە شارەکانی کوردستان بۆ ناوەندە ئەمنییەتییەکان و لێپرسینەوەکردن لێیان و لێئەستاندنی تەعەهوود بە مەبەستی بەرتەسکردنەوەی چالاکییەکانیان، دەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم بە ناردنی نامەی پڕ لە بێڕێزی بۆ کۆمەڵێک لە چالاکانی کورد، پێیوەن فەزایەکی پڕ لە ترس و تۆقاندن بە سەر کۆڵگای کوردستاندا زاڵ بکەن.

ڕێژیم دوای ئەوەی لە مانگرتنە جەماوەرییەکەی ٢١ی خەرمانانەوە بۆ جارێکی دیکە بۆی دەرکەوت کە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چ جێگەوپێگەیەکی سیاسی و جەماوەرییان لە نێو کۆمەڵگای کوردستاندا هەیە و دوای ئەوەی

دیسان لەم نارەزایەتییە گشتییەدا بۆی دەرکەوتەوە کە نیزامی کۆماری ئیسلامی ئێران چەندە بە لای خەڵکی کوردستانەوە نامۆ و ناپەسەندە، بە هەموو جۆرێک دەیهەوێ تۆڵە لە خەڵکی کوردستان بکاتەوە.

ئەم ڕێژیمە کە ماهییەتێکی دژیگەلی هەیە و سەلماندویەتی دوژمنایەتی کورد و کوردستان و بزووتنەوە ڕەواکەی دەکات، بە جێی ئەوەی ئەم واقعیەتە وەک خۆی قبووڵ بکات کە دوای چل ساڵ داسەپاندنی سیاسەتی سەرکوت و داپڵۆسین نەیتوانیوە ئەم میللەتە و بزووتنەوە ڕەواکەی تەسلیمی خۆی بکات و ئیرادەی تێک بشکێنی و، بە جێی ئەوەی وڵامی ئەو پرسیارە ئەساسییە بداتەوە کە بۆچی خەڵکی کوردستان تا ئێستایش هەر پشت و پشتیوانی هێزگەلێکن کە ئەو وەک دەسەڵاتێک حاشا لە بوون و ماهییەتیان دەکات و بە جێی ئەوەی وەک دەسەڵاتێکی مەسئول گوێ لە خەڵک کوردستان و بزووتنەوە مەشروعەکەی بگرێ، دیسانیش خەریکە ڕێگایەک دەپێوێ و درێژەی پێ دەدات کە دوای چل ساڵ جیا لە شکست هیچ ئاکامێکی بۆ ئەو تێدا دەستەبەر نەکراوە.

کۆماری ئیسلامی ئێران کە هەر لە سەرەتای هاتنە سەر کارییەوە بە چاوی ئەمنیەتییە لە خەلکی کوردستان و ویست و داخوازییە نەتەوەییە ئینسانییەکانی دەڕوانێ، هەمیشە هەوڵی داوە بە گرتنە پێشی ڕێکاری ئەمنیەتی و میلیتاریزەکردنی کوردستان و سیاسەتی سەرکوت ڕووبەڕووی خەڵکی کوردستان ببێتە. سیاسەت و ڕێکارێک کە بۆ دواییںجار لە ٢١ی خەرمانانددا دەرکەوت کە جیا لە شکست و زیاتر یەکخستنی کۆمەڵگای کوردستان بە دژی ئەم نیزامە، ئاکامێکی دیکەی لێنەکەوتۆتەوە.

بۆیە دڵنیاین لەوەیکە ئەم شەپۆلە نوێیە لە گوشارخستنە سەر چالاکانی سیاسی و مەدەنی خەلکی کوردستان و میلیتاریزەکردنی زیاتری کوردستان، جیا لەوەیکە خەڵکی کوردستان زیاتر لەم نیزامە بێزار و بێزراوتر دەکات، کۆمەڵانی هوشیاری خەڵکی کوردستان زیاتر لە سەر یەکگرتوویی و درێژەدان بە خەبات بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانیان و دژایەتی بەرانبەر بەم نیزامە سوورتر دەکا.

١ی ئۆکتوبەری ٢٠١٨

## سپاس و پێزانینی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران

**بە بۆنەی پێشوازیی پڕ شکۆی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بانگەوازی مانگرتنی گشتیی**

**بە پێی ئەو هەواڵ و دێکۆمێنتانەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هەر لە ورمێ و شنۆ، پیرانشار، مەهاباد و بۆکان و سەقزەوە تا دەگاتە بانە، سەوڵاوا، سنە، پاوە، مەریوان و کرماشان و سەرپێلی زەهاو و کەنگاوەر پێمان گەیشتوون و بڵاوبوونەوە، ڕۆژهەڵاتی سەربەرز و شۆڕشگێڕ ئەمڕۆ بەپیر بانگەوازی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران و سەرجەم لایەنە سیاسییەکان و چالاکانی مەدەنیی کوردستانەوە هاتوون و بە مانگرتنی گشتی و داخستنی دوکان و بازاڕ، وێڕای مەحکوومکردنی تاوانەکانی ئێعدامی سێ بەندکراوی سیاسی کوردستان و پەلاماری مووشەکی و پیلانی تیرۆریستی بۆ سەر هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات لە خاکی هەرێمی کوردستان دا، جارێکی دیکە یەکگرتووانە، جینایەتەکانی ٤٠ ساڵ دەسەڵاتدارێتی کۆماری ئیسلامی دژ بە خەڵکی کوردستان و بزووتنەوە حەقخوازانەکەیان مەحکووم و ڕیسوا کردەوە و هاوکات پشتیوانی و پشتگیریی خۆیان بۆ سەرکردایەتیی سیاسیی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دووپات کردوەتەوە.**

**کۆمەڵانی خەڵکی تێکۆشەری کوردستان!**

**ئەو هەڵوێستە سیاسییە مانادارەی ئێوە سەلماندی کە جینایەتە سیستماتیک و پیلان بۆ داڕێژراوەکانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بە درێژای چل ساڵی ڕابردوو بۆ دابڕاندنی جەماوەری کوردستان لە سەرکردایەتی سیاسیی بزووتنەوە ڕەواکەیان، ناسەرکەوتوو و پووچەڵ بووە . هەڵوێستی جێی شانازیی ئەمڕۆتان جارێکی دیکە**

دەریخستەوە کە گرتن، ئەشکەنجە ، ئێعدام و سێدارە، تیرۆر، تۆپباران و مووشەکباران، چەواشەکاری و زەخت و گوشار و هەڕەشە و سەرکوت، ناتوانن ئیرادەی گەلی کورد بۆ درێژەدانی خەبات و تێکۆشان لە پێناو بەدەستهێنانی مافە ڕەوا و سەرەتاییەکانی خۆیان تێک بشکێنن.

خەڵکی وشیاری کوردستانی ڕۆژهەلات!

ئێوە بەو مانگرتنە گشتییە بە بەرچاوی هەموو جیهانەوە، بە دۆست و دوژمنتان سەلماند کە ئێمە هەموومان وەک پەیکەرەیەکی یەکگرتوو و لێک جیانەکراو، سوورین لە سەر ڕێبازی بەرحەقمان بۆ گەیشتن بە ئازادی و، ئەوەندەی دیکە کۆماری ئیسلامی ئێرانتان لە بەرچاوی گەلانی ئێران و ڕای گشتی جیهانی، سووک و ڕیسوا کرد.

ئێوە بە پێشوازیی پڕشکۆی خۆتان لە بانگەوازی سەرکردایەتی سیاسی بزووتنەوەی کوردستان، سەلماندتان کە بزووتنەوەی کوردستان، بزووتنەوەیەکی پێگەیشتوو و پێشکەوتووی بەرینە کە لە کات و ساتی خۆیدا لە هەموو پۆتانسییێل و تایبەتمەندییەکانی خەباتی جەماوەری بە هەموو ڕەهەندەکانییەوە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی، کەڵک وەردەگرێت.

با کۆماری ئیسلامی و هەموو دەست و پێوەندەکانی بزانن کە کوردستان، سەنگەر لەشکان نەهاتووی خەبات بۆ ئازادییە و، گەلێک کە خاوەنی ئەو ئیرادە پۆلایینە بێت بۆ ئازادی و مافەکانی، لە هیچ کۆسپ و تەگەرەیەک ناپرینگێتەوە و لە خەبات و تێکۆشان تا گەیشتن بە لوتکەی ئازادی هەدا نادات.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، پێکهاتوو لە پێنج حیزب و لایەنی سیاسی، سپاس و پێزانینی گەرمی خۆی لە ئاست پێشوازیی گەرم و کەم وێنەی ئێوە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە بانگەوازی خۆی ڕادەگەیەنێ . بە دەنگەوەهاتن و پشتیوانیی لایەنە سیاسییەکانی دیکە لە بانگەوازی مانگرتنی گشتی و، بەشداریی ژنان و پیاوانی ئازادیخواز، چالاکانی سیاسی و مەدەنی و هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردستان لەم مانگرتنە گشتییەدا، سەری سەرکردایەتی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هی خۆشتانی لە بەردەم هەموو خەڵکی ئێران و جیهاندا بەرز کردەوە و ئیرادە و بڕیاری گشتیی بۆ خەبات و بەربەرەکانی بەرامبەر ئەم ڕێژیمە دیکتاتۆر و تاوانکارە، پتەوتر کردەوە. ئێوە جارێکی دیکە سەرشۆڕی و زەبوونیتان کردە حاسڵی

پیلانگێڕییەکانی ڕژیمی داگیرکەری کۆماری ئیسلامی و لاپەڕەیەکی پڕشنگدار و زێڕینی ترتان لە مێژووی خەباتی نەتەوەکەماندا تۆمار کرد کە دەتوانێ ببێت بە سەردەقی قۆناغێکی نوێ لە خەبات بۆ تۆمار کردنی ڕزگاریی یەکجاریمان.

ئێوە بە مانگرتنی گشتی و یەکگرتووانەی خۆتان، ئەم پەیامەشتان گەیاندە ئێمە هیزە سیاسییەکانی خۆتان کە ئەگەر یەکدەنگ وهاوخەبات و یەکگرتوو بین، ئێوە سەدقات باشتر بە دەنگمانەوە دێن. ئێمەش لەم رۆژە پڕشکۆیەدا بەڵێنتان پێ دەدەین کە بەرامبەر پەیامە پیرۆزەکەی ئێوە سەری ڕێز دادەنوێنین وبە شانازی و بە ئەرکی خۆمانی دەزانین ئەم پەیامەتان لێ وەربگرین.'

سڵاو لە یەکگرتوویی خۆراگری و ئیرادەی خەباتگێڕانەتان،

سلاو لە گیانی پاکی نوێترین شەهیدانی گەلەکەمان لە ڕۆژهەلاتی کوردستان کە ئێوە ئەمڕۆ بە مانگرتنی پڕ شکۆی خۆتان، گیانی ئەوان و بنەماڵەکانیان و هاوسەنگەرانی ئەوانتان شاد و هێور کردەوە و، ڕێژیمی تاوانخوڵقێنی کۆماری ئیسلامیتان ڕسوا کرد.

پتەوتر بێ یەکگرتوویی و هاوپێوەندیی نێوان هێزە سیاسییەکان و کۆمەڵان خۆراگری خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستان.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران

ئێوارەی ٢١ خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی

***سەرچاوەکان: ماڵپەڕی کوردستان و کورد و حدک میدیا***

# چالاکی لە دەرەوە و ناوخۆی کوردستان

## بەرێوەچوونی خۆپێشاندانێک لە دانمارک بۆ مەحکووم کردنی کۆماری ئیسلامی ئێران



ڕۆژی شەمە ڕێکەوتی ٩ی سێپتامبری ٢٠١٨ ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دانمارک بە هاوکاری هێز و لایەنە کوردستانێکانی دیکە خۆپێشاندانێکیان لە ناوەندی شاری کۆپێنهاگ ڕێکخست، دوای هێرشی مووشەکی ئێران بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بەڕێوەچوونی حوکمی ناڕەوای لە سێدارەدانی سێ بەندکراوی سیاسی کورد لە ئێران، کوردانی دانیشتووی دانمارک لە گردبوونەوەیەکدا نارەزایەتی و بێزاری خۆیان لەو کردەوە دژە مرۆڤیانەی کۆماری ئیسلامی ئێران دەربڕی و هاوخەمی خۆیان ئاراستەی بنەماڵەی قوربانیانی ئەو جنایەتانە کرد.

خۆپێشاندانەکە بە سروودی نەتەوەیی ئەی ڕەقیب و ساتێک بێدەنگی بۆ گیانی پاک و خوێن بە ناحق ڕژاوی

هەموو شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری گەل دەستی پێکرد، لە بڕگەی یەکەمی خۆپێشاندانەکەدا پەیامی ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران بە کوردی و ئینگلیسی و دانمارکی لە لایەن خالیدی ڕەواندووست و حوسێن مەحموودی و یلماز یلدزەوە خوێندرایەوە و برگەی دووهەمی خۆپێشاندانەکەش تایبەت بوو بە خوێندنەوەی پەیامی هاوخەمی لایەنەکان و شێعر و پەخشان لە لایەن بەشداربووانەوە.

ئەو لایەنانەی لە گردبوونەوەکەدا پەیامیان هەبوو بریتین لە:

پارتی دێموکراتی کوردستانی سووریە

ناوەندی سێکۆلاری کوردستان

پارتی سۆسیالیستی کوردستانی باکوور

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری

پارتیا ماف و ئازادی باکوور

٩ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

## خۆپێشاندانی کوردانی بریتانیا بۆ محکوم کردنی موشەک بارانی بنکەکانی حیزبی دێموکرات



بەمەبەستی مەحکووم کردنی هێرشی مووشەکیی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ سەر بنکەی سەرەکی حیزبی دیموکرات و لەسێدارەدانی سێ زیندانی سیاسی کورد، رۆژی دووشەممە ١٠ سێپتامبر،ی ٢٠١٨ی زایینی خۆپێشاندانێکی بەرین بەبەشداری ئەندامان و لایەنگرانی هەر دوو حیزبی دیموکرات و کوردانی دانیشتووی بریتانیا لەبەردەم باڵوێزخانەی کۆماری ئیسلامی لە لەندەن بەڕێوەچوو.

لەسەرەتای خۆپێشاندانەکەدا دوای سروودی نەتەوەیی ئەی ڕەقیب و ساتێک راوەستان بۆ رێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدان، "مادح ئەحمەدی" لە لایەن هەر دوو لای حیزبی دیموکراتەوە بەخێرهاتنی بەشداربووانی کرد و کورتەیەکی لەسەر کردەوە تیرۆریستییەکەی ١٧ی خەرمانان و لە سێدارەدانی سێ زیندانی سیاسی کورد لە زیندانی "رەجائی شهر" باس کرد.

دوابەدوای قسەکانی مادح ئەحمەدی، "رزگار قادرزادە"، بەرپرسی کومیتەی بریتانیای حیزبی دیموکراتی کوردستان پەیامێکی بە زمانی ئینگلیزی لەسەر رووداوەکە پێشکەش کرد.

لە برگەیەکی دیکەی رێوڕەسمەکەدا پەیامی ناوەندیی هاوکاریی هێزەکانی کوردستانی ئێران لە لایەن "فەرید

دەیهیم"، بەرپرسی کومیتەی بریتانیای حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران پێشکەش کرا.

هەربەم بۆنەوە "ئاکام رەحیمی"، کوڕی شەهید "چەکۆ رەحیمی" پەیامێکی کورتی بە زمانی ئینگلیزی لەسەر هێرشی خوێناوی ١٧ی خەرمانان پێشەکەشی ئامادەبووان کرد.

لە درێژەی رێوەرەسمەکەدا، پەیامی ١٠ حیزب و رێکخراوی کوردستانی و ئێرانی،

- پەیامی رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان
- رێکخراوی مافی ژنی کورد
- پەیامی بنەماڵەی رامین حسێن پەناهی
- حیزبی تەزاموونی ئەهواز، شورای دمکراسی خوازانی ئێران
- راگەیندراوی خەبەری کۆمیسیۆنی سیاسیی نیزامیی حیزبی دیموکراتی کوردستان پێشکەش کران.

هەروەها لە برگەیەکی رێوەرەسمەکەدا، ئاریاکۆ رەحیمی، پەخشانێکی بە زمانی ئینگلیزی لەسەر کارەساتی ١٧ی خەرمانان پێشکەشی ئامادەبووان کرد.

ناوئاخنی بەرنامەکانی ئەم خوپێشاندانە بریتی بوون لە وتنەوەی سرودی شۆرشگێری و دروشم بە دژی کۆماری ئیسلامی ئێران.

جێگای ئاماژەیە کە راگەیندراوی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە بەزمانی ئینگلیسی ئامادە کرابوو بەسەر خەلکی بیانی و بەشداربووان دا بلاوکرایەوە.

لە کۆتایی رێورەسمەکەدا ژمارەیەکی زۆر لە بەشدارانی خۆپێشاندانەکە پەلاماری سەفارەتی کۆماری ئیسلامییان دا کە لە لایەن هێزەکانی پۆلیسەوە رێگریان لێکرا و شەش کەسیش بە شێوەی کاتی لە لایەن پۆلیسەوە دەستگیر کران.

ئەم خۆپێشاندانە بەرینە کە بە بەشداریی ژمارەیەکی زۆر لە کوردانی دانیشتووی بریتانیا بەڕێوەچوو کاتژمێری ٢ی دوای نیوەڕۆ دەستی پێکرد و بۆ ماوەی سێ سەعات بەردەوام بوو.

١٠ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

## سەردانی شاندێکی پارلەمانی هەرێمی کوردستان لە حیزبی دێموکراتی کوردستان



ڕۆژی دووشەممە ١٩ی خەرمانان شاندێکی پارلەمانی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی پارلەمانتاران ئەیووب قولادزێیی و نازم هەرکی و کۆمەڵێک پارلەمانتاری دیکە، بە مەبەستی دەربڕینی هاوخەمی لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی مووشەکبارانی دەفتەری سیاسی و شەهید و برینداربوونی کۆمەڵێک لە ئەندامانی ڕێبەری و کادر و پێشمەرگەکانی حیزب و سەرەخۆشیی لە بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدانی ١٧ی خەرمانان و مەحکووم کردنی کردەوە قێزەونەکەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، سەردانی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان کرد و لەلایەن بەڕێز مستەفا مەولوودی سکرتێری حیزب و شاندێکی هاورێیانی ڕێبەری پێشوازیان لێکرا.

لەو دیدار و چاوپێکەوتنەدا شاندی پارلەمانی هەرێمی کوردستان وێڕای هاوخەمی لەگەڵ حیزب و بنەماڵەی

شەهیدان، هەرچەشنە هێرشی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیان بۆ سەر بارەگاکانی حیزب محکووم کرد و ئەو کردەوانەیان وەک پێشێلکردنی یاسا نێودەوڵەتییەکان و شکاندنی سەروەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی عێراق هێنایە ئەژمار. شاندی میوان وێڕای سەرە دووبارە لە حیزب و بنەماڵەی شەهیدان، هیوای چاکبوونەوەی هەرچی زووتری زامدارانی ئەو ڕووداوەیان خواست.

شایانی باسە پێش نیوەڕۆی ڕۆژی شەممە ١٧ی خەرمانان بارەگای دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان کەوتە بەر پەلاماری مووشەکی سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە بەداخەوە ١٦ کەس لە ئەندامانی ڕێبەری و کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێمۆکرات شەهید و ٤٠ کەسیش بریندار بوون.

١٠ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

## خۆپێشاندانی کوردستانیانی ڤانکۆڤێری کانادا بۆ لە قاو دان و مەحکوم کردنی جنایەت و موشەک باران کردنی بنکە و بارەگاکانی حیزبی دێموکڕات لە لایەنکۆماری ئیسلامی ئێرانەوە!




ناوەندی هەواڵ - کانادا: ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی ١٠ی سیپتامبری ٢٠١٨ی زایینی لە لایەن حیزبەکانی ئەندام لە ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ڕەوەندی کورد لە ڤانکۆڤێری کانادا لە کات ژمێر ١٢ی

نیوەڕۆ خۆپێشاندنێک دژ بە هێرشی جنایەتکارانەی موشکی ڕێژیمی ترۆریستی ئێران بۆ سەر دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و بنکە و بارەگاکانی حدک و حدکا لە قولای باشوری کوردستان کە بە داخەوە بوە هوێی شەهید بوونی ۱۳ کەس لە ئەندامانی سەرکردایەتی و کادر و پێشمەرگەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و هەر وەها شەهید بوونی دوو پێشمەرگەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران و لە هەمان ڕۆژ دا لە سێدارە دانی سێ زیندانی سیاسی کورد بە دەستی جنایەتکارنی ڕێژیمی ترۆریستی ئێران لە ڕۆژهەلاتی کوردستان و مەحکوم کردنی جنایەتەکانی ڕێژیمی ترۆریستی ئێران دژ بە گەلی کورد ، لە ئارت گالەری ناوندی شاری ڤانکۆڤێری کانادا ڕێکخرا.

سەرەتای خۆپێشاندانەکە وێڕای بە خێر هێنانی بەشدار بووانی خۆپێشاندان لە لایەن حەمید بەهرامی بە سروودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب و ڕاگرتنی دەقەیەک بێ دەنگی بۆ ڕێز گرتن لە گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێکرد.

دواتر پەیامێک لەو پێوەندیە دا کە لە لایەن ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان ئامادە کرابوو بە زمانی کوردی لە لایەن ئەنوەر کەریمی بەرپرسی کومیتەی حیزبی دێموکرتی کوردستان خوێندرایەوە.دواتر پەیامێک بە زمانی ئینگلیسی لە لایەن سمایل ئیبراهیمی بەرپرسی کومیتەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران خوێندرایەوە.

و هەروەها گوتنەوەی چەندین دروشم بە زمانی ئینگلیسی دژ بە ڕێژیمی ترۆریستی ئێران بەشێکی دیکەی بەرنامەکە بوو.

دوای بەشداری بەرچاوی کوردستانیان کانادا لەو خۆپێشاندانە دا کات ژمێر ۲ی دوانیوەڕۆ کۆتایی بە خۆپێشاندانەکە هات.

کومیتەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان

١٠ی سیپتامبری ٢٠١٨ی زایینی

## بەرێوەچوونی رێورەسمی پرسە و سەرەخۆشیی شەهیدانی ١٧ی خەرمانانی قەڵای دێموکرات




**لە رێورەسمێکی بەشکۆدا یادی شەهیدانی مووشەک بارانەکەی قەڵای دێموکرات بەرز ڕاگیرا.**

**دوانیـوەرۆی رۆژی دووشـەممە، ١٩ی خەرمانـان، لە رێورەسـمێکدا بە بەشـداریی هەزاران کەس بەرێوەچـوو، یـاد و بیرەوەریی شەهیدانی دێموکرات بەرز ڕاگیرا.**

**لەو رێورەسمەدا نوێنەرانی حیزبە سیاسییەکانی باشووری کوردستان، نوێنەرانی دامودەزگـا ئیدارییەکانی هەرێمی کوردستان، نوێنەرانی حیزبە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان و شەپۆلی هەراوی جەماوەری کۆیە و دۆستان و خۆمخـۆرانی کـورد لە زۆربەی شـارەکانی هەرێمـی کوردسـتان بەشـدار بـوون و بە هـاوخەمیی خۆیـان ئەو تـاوانە گەورەیەی کۆماری ئیسلامییان مەحکووم کرد**

**لە کۆتایی رێورەسمەکەدا، جەلیل گادانی، تێکۆشەری دێرینی حیزبی دێموکرات وتارێکی پێشکێش کرد و رێزی لەو شەپۆلی هاوخەمی و هـاودەردییە گرت کە بە نیسبەت ئەو کارەسـاتەوە لەگەڵ حیزبـی دێموکراتی کوردستان وەرێ کەوتووە.**

کاک جەلیل گادانی لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا وێڕای هێنانەبەرباسی هۆکارەکانی ئەو پەلامارە تێرۆریستی و هەروەها سنووربەزاندنەی کۆماری ئیسلامی، پێی لەسەر بەردەوامی کاروانی خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستان داگرتەوە.

١٠ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

## بەڕێوەچوونی خۆپێشاندانی نارەزایەتی دژی کۆماری ئیسلامی ئێران لە وڵاتی فینلاند



ناوەندی هەواڵ- فینلاند: ڕۆژی دووشەممە ١٠ - ٩ - ٢٠١٨ بە بەشداری سەدان کەس لە کوردستانیان دانیشتووی وڵاتی فینلاند، خۆپێشاندانێک بۆ شەرمەزارکردنی کردەوە تیرۆریستی و مرۆڤ کوژیەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران و هێرشی مووشەکی ڕێژیم بۆ سەر بارەگاکانی حیزبی دێموکڕات لە ڕۆژی ١٧ی خەرمانان دا و شەهید بوونی شەش ئەندامی ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و چەند کادر و پێشمەرگەی دوو لایەنی حیزبی دێموکڕات و بریندار بوونی دەیان کەس لە کادر و پێشمەرگە و ژن و منداڵ لە نزیک شاری کۆیەی باشووری کوردستان و پێشێل کردنی سەروەریەکانی هەرێمی کوردستان و لە سێدارەدانی ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد لە بەندیخانەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران دا، وەرێخرا.

خۆپێشاندەران لە کاتژمێر ٠٠:١٣ی دوانیوەرۆ تا ٠٠:١٥ بە شێوەیەکی هێمنانە لە گۆرەپانێکی شاری هێلسینکی پێتەختی فینلاندوە بەرەو باڵیۆزخانەی کۆماری ئیسلامی ئێران وەرێکەوتن. ئەو خۆپێشاندانە، کە لەلایەن ناوەندی هاوکاری هێزە کوردستانیەکانی کوردستانی ئێران و هاوکاری کۆمەڵە سازمانی کوردستانی حیزبی کمۆنیستی ئێرانەوە وەڕێخرابوو ، بە سروودی نەتەوایەتی ئەی رەقیب و ساتێک وەستان بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدان دەستی پێکرد. بەدوای ئەودا پەیامی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە لایەن "مووسا لیلانەی" یەوە پێشکەش کرا کە لەو پەیامەدا ئیشارە بە هێرشی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ سەر بارەگاکانی حیزب، شەهید و برینداربوونی تێکۆشەرانی دێموکڕات و ژن و منداڵ و ئێعدامی رۆڵەکانی کورد لە بەندیخانەکانی کۆماری ئیسلامی یەوە کرابوو. ئەوجار بەناوی رێکخەرانی خۆپێشاندانەکە وتاریک لە لایەن مەجید حەقی بەرپرسی کومیتەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران پێشکەشی بەشداران کرا. لە بەشی دیکەی خۆپێشاندانەکەدا بڕیارنامەی هاوبەش بە زمانەکانی کوردی، فارسی و فینلاندی پێشکەش کرا. بەدوای ئەودا نوێنەری چەند حیزب و ڕێکخراو و کەسایەتی بەشدار، وتار و پەیامیان لە مەڕ شەرمەزارکردنی کۆماری ئیسلامی پێشکەش کرد.

هاوکات لە گەڵ بەرێوەچوونی خۆپێشاندانەکە بەشدارن بە دروشمەکانی دژی کۆماری ئیسلامی ئێران رق و بێزاری خۆیان لەو رێژیمە دەربڕی.

دەستەی بەرێوەبەری خۆپێشاندان:

حیزبی دێموکراتی کوردستان - کۆمیتەی فینلاند

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران - کۆمیتەی فینلاند

کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران - کۆمیتەی فینلاند

کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان - کۆمیتەی فینلاند

کۆمەڵە سازمانی کوردستانی حیزبی کمۆنیستی ئێران - کۆمیتەی فینلاند

سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران - رێکخراوی فینلاند

١٠ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

## خۆپیشاندانی کۆمەڵێک چالاکوانی سیاسی لە شاری یۆتێبۆری سوید، دژ بە ڕژیمی ئیسلامی ئێران




کۆمەڵێک چالاکڤانی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پیکهاتوو لە ئەندام و لایەنگرانی هیزە سیاسي یەکانی روژهەڵات بە مەبەستی شەرمەزارکردنی رژیمی ئیران لە پەیوەندی لەگەڵ ئێعدامی زندانیانی سیاسی و چالاکانی مەدەنی وهەروەها مەحکووم کردنی هیرشی مووشەکی روژی ٨ی مانگی سیپتەمبر بۆ سەر بنکەی دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستان، لە مەیدانی برونز پارکن لە شاری یوتوبوری سوئید کوبوونەوەیەکی ئیعترازیان پیک هینا. بەشداران بە بەرزکردنەوەی ئالای پیروزی کوردستان و ئارم و هیمای ریکخراوەیان و وینەی شەهیدانی قەڵای دیموکرات و هەر سێ شەهیدی زیندان رامین حوسین پەناهی و زانیار و لوقمان مرادی، سەرەرايي باو بارانیکی زور بو ماوەی کات ژمیریک بە گوتنەوەی شیعاری دژ بە ڕژیمی کوماری ئیسلامی و داوای هاوکاری بو گەلی کوردستان، سەرنجی ریبوارانی سوئیدی و بیانیان بو لای خویان راکیشا. شایانی باسە کە خاتوو شادیە حەیدەری خانمە پارلمانتاری کورد پارلەمانی سوید سەر بە حیزبی سوسیال دیموکرات، هەتا کۆتایی لە ناو خۆپیشاندەران دا بوو پەیامی هاودەردی کومیتەی هاوکاری هیزە سیاسیەکانی کوردی و کوردستانی لە لایەن ریزدار رەزا لووتفی پیشکە ش کرا. بەشدار بوویکی ئیرانی فارس زمان هاوخەمی خوی پیشکەش بە بەشداربووان کرد و لە جیاتی هەموو ئیرانەکان داوای لیبووردنی لە گەلی کورد کرد.

لایەنە بەشدارەکان بریتی بوون:

- حیزبی دێموکراتی کوردستان
- حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێران
- کۆمەڵەی شورشگێری زەحمەتکیشانی کوردستانی ئیران
- کۆمەڵەی زەحمەتکیشانی کوردستان

١١ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

## کۆبوونەوەی ناڕەزایەتی لەهەمبەر مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات لە هەولێر



ڕۆژی چوارشەممە ٢١ی خەرمانان هاوکات لەگەڵ مانگرتنی شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەسەر بانگهیشتی بەشێک لە حیزبە کوردییەکانی هەر چوارپارچەی کوردستان و چالاکانی مەدەنی کۆبوونەوەیەکی ناڕەزایەتی بە بەشداری دەیان کەس لە خەڵکی کورد بە دژی مووشەکبارانی بارەگاکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە لایەن سپای پاسدارانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و هەروەها لەسیدارەدرانی لاوانی کورد لە گرتووخانەکانی ڕێژیم زاڵ بەسەر ئێراندا لەبەردەم دەفتەری یوئێن لە هەولێر بەڕێوە چوو.

لەم بارەیەوە باسنیوز لە تۆی ڕاپۆرتێکدا دەڵێ: بەشداربووان بە هەڵگرتنی وێنەی شەهیدانی کارەساتی

مووشەکبارانی قەڵای دیموکرات چالاکانی سیاسیی لەسێدارەداوی ڕۆژهەڵات و هەڵواسینی پۆستەر و هەڵگرتنی دروشم دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران، سیاسەتەکانی ئەو حکوومەتیان لەدژی کورد مەحکوم کرد.

نوێنەرایەتیی حزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە خوێندنەوەی ڕاگەیەندراوێک داوایان لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، نوێنەرایەتیی یەکێتیی ئەورووپا لە هەرێمی کوردستان و کونسوولگەریی وڵاتان و لایەنگرانی مافی مرۆڤ کردووە کە لە بەرانبەر هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر بارەگاکانی حزبی دیموکرات و لەسێدارەدانی چالاکانی سیاسیی ڕۆژهەڵات بێدەنگ نەبن و لەدژی ئێران و سیاسەتەکانی بوەستنەوە.

پاشان هەرکام لە حزب و لایەنە سیاسییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان و ڕێکخراوە مەدەنییەکان و ڕۆژنامەنووسانی بێلایەن پەیامی تایبەت بەو بۆنەیان خوێندەوە و دواتر چەند کەس و لایەنێک بە نوێنەرایەتیی ئەو جەماوەرە نارزاییە یادداشتێکیان ئاراستەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەرێمی کوردستان کرد.

شایانی باسە ڕۆژی شەممە ١٧ی خەرمانان سپای پاسدارانی ڕێژیمی کوردکوژی کۆماری ئیسلامی بنکەی سەرەکی حیزبی دیموکراتی کوردستان مووشەکباران کرد کە بەداخەوە دەیان شەهید و برینداری لێکەوتەوە کە لە نێویاندا چەند ئەندامی ڕێبەریشی تێدابوون

١٢ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

## بەشداری ئەندام و لایانگرانی ح د ک لە خۆپێشاندانی ڕیسوا کردنی ڕژیمی ئیسلامی ئێران لە شاری لەندەن




ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ١٢ی سێپتامبری ٢٠١٨ی زایینی کاتژمێر ٢ تا ٤ی پاشنیوەڕ، ئەندام و لایانگرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە وڵاتی بریتانیا، بەشدارییان کرد لە خۆپێشاندانێکی نارەزایەتی دا کە دژ بە ڕژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی ئێران لە بەردەم باڵوێزخانەی ئەو ڕژیمە لە شاری لەندەنی پایتەختی بریتانیا بەڕیوە چوو. لەو خۆپیشاندانە دا کە بەشێکی بەرچاو لە حیزب و ڕێکخراوەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران و دەیان کوردی خاوەن هەڵوێستی دانیشتووی لەندەن تێیدا بەشدار بوون، دەیان درووشم دژ بە ڕژیمی تێرۆریستی ئێران گوترانەوە و هێرشی ڕژیمی تێرۆریستی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ سەر بنکەی دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستان و ئێعدامی لاوانی کورد لە چاڵە ڕەشەکانی ڕژیم دا بە توندی ڕیسوا و سەرکۆنە کرا.

پێویست بە ئاماژەیە کە لە شوێنی خۆپیشاندانەکە سەدان ئاڵای کوردستان، وێنەی شەهیدانی ئەم دواییانەی و ئارمی حیزب ڕازێندرابووەوە.

**حیزبی دیموکراتی کوردستان - کومیتەی بریتانیا**

**١٢ی سێپتەمبەری ٢٠١٨**

# بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەی نارەزایەتی لە وەڵاتی هۆلەند



ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هەروەها بەشێکی بەرچاو لە لایەنە سیاسی و کەسایەتییە سیاسییەکانی نیشتەجێی وەڵاتی هۆڵەند، بە مەبەستی نارەزایەتی دەربڕین و مەحکووم کردنی تاوانە تێرۆریستییەکەی سەر قەڵای دێموکڕات و سەر بنکەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران و، هەروەها نارازایەتی دەربڕین لەهەمبەر لە سێدارەدانی سێ لاوی کورد، کە هاوکات لەگەڵ جینایەتەکەی سەر قەڵای دێموکڕات لە لایەن کۆماری ئیسلامی لە سێدارە دران بەڕێوەچوو.

سەرەتای کۆبوونەوەکە بە سرودی نەتەوایەتی ئەی رەقیب و دواتر چەند ساتێک بێدەنگی بۆ رێزگرتن لە گیانی شەهیدان دەستی پێ کرد. دواتر لە لایەن کاک مەحمود ریشە بەرپرسی کۆمیتەی هۆلەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان، پەیامی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکڕات پێشکەکەش کرا. کاک مستەفا شڵماشی ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستان دوای پەیامی دەفتەری سیاسی چەند وتەیەکی لەسەر ئەم بابەتە پێشکەش کرد و جەختی کردەوە کە ئەم کارانەی کۆماری ئیسلامی ئێران، شۆڕشگێڕان بەحەقی گەلی کورد لە پێ ناخەن و لەسەر داوا رەواکانمان شێلگیرترمان دەکا و هانمان دەدا کە تا دوا هەناسەی ژیانمان، بۆ وەدی هاتنی ئامانجی شەهیدانی کوردستان لە خەبات و تێکۆشان نەوەستین و، رۆژ لەدوای رۆژ توندو تۆڵتر بۆ ئامانجەکانمان حەول بدەین. لەبەشێکی دیکەی قسەکانیدا بەرێزیان ئاماژەی بەوەی کرد کە هۆکاری ئەم کردەوە تێرۆریستییەی کۆماری ئیسلامی لە بێدەرەتانی و سەرلێشێواوی دەسەڵاتدارانی تاران و، لە ئەسەری گۆشاری نێووخۆیی و دەرەکی ئەم

کارەی کردەوە تا بتوانێ تۆزێک لەم گووشارانە کەم بکاتەوە و خەڵکی نێوخۆ بەو کردەوانەی بخافڵێنێ، بەڵام نەک هەر لە پێکانی ئامانجەکەیدا سەرکەوتوو نەبوو، بگرە لەئاکامی ئەم کردەوەیەیدا ، خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان بەم مانگرتنەی ئەورۆکە، دیسان دووپاتیان کردەوە کە حوکمەتەکەی تاران بێگانەیەکە لە خاکی کوردانـدا و خەڵکی رۆژهەڵات نیشانیان دا کە وزەو چەکی سەرەکی دێموکرات و تەواوی هێزە شۆڕشگێڕەکانن. دوای وتارەکەی کاک مستەفا شەڵماشی بەڕێز حەسەن شنۆیی بەرپرسی کۆمیتەی هۆلەندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران چەند وتەیەکی پێشکەش کرد. بەڕێزیان لە وتەکانیدا ئاماژەی بەوەی کرد کە بە هەموو تواناو وزەوە و، پێداگیرتر لە جاران لە سەر رێبازی شەهیدا بەردەوام دەبن و، ئەم کردەوانە ناتوانێ ساردمان کاتەوە. ئەم کردەوانە نەک لێمان ناخات بگرە دەبێتە هەوێنی یەکگرتوویی و یەک هەڵوێستی زیاتر لە نێوان لایەنە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان و هەروەها خەڵکی نێوخۆی رۆژهەڵات. لە بەشێکی دیکەی ئەم کۆبوونەوە نارەزایەتییەدا هەرکام لە کۆمەڵەی هاڤکاری، پارتی ئازادی کوردستان، کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران و پارتی دێموکراتی کوردستان وتاریان پێشکەش و لە وتارەکانییاندا جەختیان لە پشتگیری خەباتی رۆژهەڵاتی کوردستان و خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان کرد و ئامادەیی خۆیان بۆ هاوکاری زیاتری نێوان لایەنە سیاسیەکانی کوردستان دەربڕی. لەبەشی کۆتایی کۆبوونەوەکەشدا چەند سروودێکی شۆڕشگێڕی گووترایەوە و هەروەها لە لایەن بەشداروانەوە چەندین درووشم لە دژی کۆماری ئیسلامی گوترا و ئەم کردەوەیە تێرۆریستییە و لە سێدارەدانی لاوانی رۆژهەڵاتیان بۆ جارێکی دیکە مەحکووم کرد.

١٢ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

## خۆنیشاندن بۆ دژایەتی تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامی ئێران



ڕۆژی چوارشەممە، ڕێکەوتی ١٢ی سێپتەمبری ٢٠١٨، بەرانبەر بە ٢١ی خەرمانان، لەسەر داوای ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران، خۆنیشاندانێک لەبەردەم وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بۆ پشتیوانی لە خەباتی رزگاریخوازانەی کوردستان بەڕێوە چوو کە تێیدا وێرای بێزاری دەربڕین لە مووشەکباران کردنی بنکەکانی حیزبی دێموکرات لە شاری کۆیە، کە تێیدا ١٧ تێکۆشەری دێموکرات و لە نێویان دا ئەندامانی ڕێبەری شەهید بوون و پتر لە ٤٠کەسیش بریندار بوو. هاوکات خۆنیشاندەران لە داردانی سێ بەندکراوی بێتاوانی کورد کە رۆژی ١٧ی خەرمانان لە لایەن ڕێژیمی پەت و سێدارەوە لە دار دران، مەحکووم کرد.

خۆنیشاندەران، بە وتنەوەی دروشم و بەرزکردنەوەی ئالای کوردستان و وێنەی شەهیدانی مووشەکبارانی بنکەکانی دێموکرات لەکۆیەو گیراوە سیاسی و پێشمەرگە ئێعدام کراوەکانی ١٧ی خەرمانان، تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامی ئێرانیان مەحکووم کردو هاوکات ڕێزیان لە یادو بیرەوەری شەهیدان بە گشتیی و نوێترین شەهیدانی کوردو کوردستان گرت و پەیمانیان نوێ کردەوە کە تاکوو وەدیهاتنی ئامانجی ئەو شەهیدانە، درێژەدەری ڕێگاو ڕێبازیان دەبن.

خۆنیشاندەران بە وتنەوەی دروشم بە زمانەکانی ئینگلیسی، فارسی و کوردی و هەروەها سرودی شۆرشگێری پشتیوانی خۆیان بۆ خەباتی پێشمەرگە دووپات کردەوەو تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامیان مەحکووم کرد.

خۆنیشاندەران، داوای هاوکاری ئەمریکان بۆ گۆڕینی ڕژیم لە ئێران کردو پێیان وابوو تاکوو کۆماری ئیسلامی هەبێ ئاشتی و سەقامگیری لە ڕۆژهەڵاتی نێوەراست نایەتە دی.

لە درێژەی ئەو بەرنامەدا، کامران باڵنور بە نوێنەرایەتی ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران، بڕیارنامەی خۆنیشاندەرانی خوێندەوە کە تێیدا داوا لە ئەمریکا کرابوو لە هەمبەر دەستێوەردانەکانی ئێران لە کاروباری نێوچەکە کاردانەوەی جیددتری هەبێ. دواتر ئەو بڕیارنامەیە رادەستی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا کرا. لە بڕگەیەکی دیکەی بەرنامەکەدا، ڕەحیم رەشیدی لەسەر مانگرتنی سەراسەری خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان قسەی کردو وێڕای سپاس و پێزانینی خۆنیشاندەران بۆ ئەوان، وتی کە پەیام و داوای خەڵکی کوردستان یەکریزی و یەکگرتوویی پتری حیزبە سیاسییەکان وو کاری هاوبەشی ئەوانەچووکەدوژمن بە یەک چاو هەمووومان دەبینێ. شیاوی باسە کە، وێڕای نوێنەرانی حیزبە سیاسییەکانی چوارپارچەی کوردستان، کۆمەڵێک لە ئازادیخوازانی نەتەوەکانی ئێران و چالاکانی مافی مرۆڤ و ڕاگەیەنەرە کوردی و بیانییەکان ئامادەی خۆنیشاندانەکە بوون. شیاوی باسە کە بڕیارە ناوەندی هاوکاری ڕۆژی یەکشەممەش کۆڕیادی شەهیدانی هەشتی سپتەمبەر بەڕێوەببات و لەسەر لە قاودانی تیرۆریزمی ئێران بەردەوام بێ.

١٢ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

## بەرێوە چوونی ئاکسیۆنێک بۆ مەحکوم کردنی پەلاماری هەوایی و مووشەکیی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ سەر بنکەکانی حیزبی دێموکرات و لە سێدارەدانی بەندییە سیاسییەکان.



سەر لە نیوەرۆی دۆینێ چوارشەممە ١٢ی سێپتامبری ٢٠١٨ کاتژمێر ١ی نیوەرۆ ئەندامان و لایەنگرانی حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بە بەشداری هێزە کوردستانیەکانی نیشتەجێی وڵاتی ئاڵمان لەبەر کۆنسوولگەری کۆماری ئیسلامی ئێران لە شاری هامبۆرکی ئاڵمان ئاکسیۆنێکی گەورەیان پێک هێنا.

سەرەتای ئاکسیۆنەکە بە خوێندنەوەی سرودی نەتەوایەتی ئەی رەقیب و دەقەیەک بێدەنگی بۆ رێز گرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی رێگای ئازادی کوردستان دەستی پێکرد.

بەشدار بوانی ئەم ئاکسیۆنە بە وتنی درووشمەکانی دژ بە سیاسەتە دژە مرۆییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران رق و بێزاری خۆیان بۆ رژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران دەربڕی.

لەم ئاکسیۆنەدا لە لایەن ئەندامانی حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بە زمانەکانی ئاڵمانی، کوردی و فارسی پەیامی ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان سەبارەت بە مەحکوم کردنی پەلامارە هەوایی و مووشەکیەکەی رۆژی شەممە ٨ی سێپتامبر"١٧ای خەرمانانی ١٣٩٧" و لە سێدارە دانی چوار بەندی سیاسی کورد لە بەندیخانەکانی ئێران، خوێندرایەو.

### دەقی پەیامەکە:

**بەیاننامەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران: بە هەڵوێستێکی شیاو و یەکگرتووانە بەرەوڕووی تاوانەکانی ئەو ڕێژیمە دەبینەوە!**

**ڕۆژی ١٧ی خەرمانی ئەمساڵ(٨ی سیپتامبری ٢٠١٨) ڕێژیمی جینایەتکاری کۆماری ئیسلامی لاپەڕەیەکی ڕەشی دیکەی خستە سەر مێژووی پڕ لە تاوان و دڕندەیی خۆی بەرامبەر گەلی کورد. ڕاست لە بەرەبەیانی ئەو شەوەدا کە جەللادەکانی ئەو ڕێژیمە،٣ بەندیی سیاسیی کورد بە ناوەکانی زانیار و لوقمان مرادی و رامین حوسینپەناهییان لە دار دا، سوپای پاسداران بنکەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیان لە نزیک شاری کۆیە دایە بەر هێرشی مووشەکی. لە ئاکامی هێرشی مووشەکیی سوپای پاسداران، ١٣ کەس لە ئەندامانی ڕێبەری و کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و، دوو کەس لە پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران شەهید بوون. نزیکەی ٤٠ کەس لە تێکۆشەران و بنەماڵەکانی کوردی ڕۆژهەڵات بە هۆی ئەو هێرشە مووشەکییە، بریندار بوون کە بە داخەوە بارودۆخی ژمارەیەکیان ناجێگیرە.**

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران تاوانی دڕندانەی ئێعدامی ٣ لاوی ئازادیخوازی کورد، شەهیدان رامین حوسین پەناهی، زانیار و لوقمان مرادی، هەر وەها هێرشی مووشەکی و کۆمەڵکوژانەی سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی حدک بە توندی مەحکووم دەکا. ئێمە وێڕای هاوخەمیی قووڵمان لە گەڵ بنەماڵە و هاوسەنگەرانی شەهیدەکان، چاکبوونەوەی هەر چی زووتری بریندارەکانی ئەو هێرشە دڕندانەیە بە ئاوات دەخوازین.**

**تیرۆر، دەستدرێژی و تاوانخوڵقێنیی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەرامبەر بە گەلی کورد و ڕۆڵە ئازادیخوازەکانی نەتەوەکەمان، بەردەوام و لە زیادبوون دا دەبێ، ئەگەر خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستان و هێزە سیاسییەکانیان بە هەڵوێستێکی شیاو و وڵامێکی ددانشکێن بەرەورووی ئەو ڕێژیمە نەبنەوە. ئێمە لە ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بە سەرنجدان بەو ڕاستییە، داوا لە خەڵکی خۆڕاگر و بە هەڵوێستی کوردستان دەکەین ڕۆژی**

دووشەممەی داهاتوو، ١٩ی خەرمانان بە مانگرتنی گشتی، بێزاریی خۆیان لە نوێترین تاوانەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران رابگەیەنن. جارێکی دیکە بە نەهاتنەدەر لە ماڵەکانتان ، چۆلکردنی شەقامەکان و داخستنی دوکان وبازاڕ، نمایشێکی پڕ شکۆ لە بێزاربوون و "نا"گوتنی خۆتان بەو ڕێژیمە خوێنرێژ و دژە کوردە، نیشان بدەنەوە. لە هەموو چالاکێکی ئازادیخوازی کورد لە نێوخۆی کوردستان و دەرەوەی وڵاتیش، داوا و چاوەڕوانیمان ئەوەیە بە هەموو توانای خۆیانەوە پشتی ئەم بانگەوازە بگرن و هەوڵی سەرخستنی بدەن.

ڕسوایی و نەمان بۆ ڕێژیمی تیرۆر و سەرکوت و تاوان، کۆماری ئیسلامیی ئێران،

سەرکەوێ ئیرادەی شۆڕشگێڕانەی گەلی کورد،
ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران
لە درێژەی ئاکسیۆنەکەدا هەر کام لە لایەنەکانی،
حیزبی دموکراتیک تضامن اهواز "الاحواز"
حیزبی دێموکراتی کوردستان
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران
کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان
حیزبی کۆمۆنیستی ئێران شاخەی کوردستان
پارتی ئازادی کوردستان "پاک"، پەیامەکانیان خوێندەوە.

ئاکسیۆنەکە کاتژمێر ١ی نیوەڕۆ دەستی پێکرد و کاتژمێر ٣ی دوا نیوەڕۆ کۆتایی پێهات

١٢ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

## بەڕێوەچوونی خۆپێشاندانێکی بەرین لە کۆپێنهاگی وڵاتی دانمارک بۆ مەحکوم کردنی جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران و پشتگیری لە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان



ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ١٢ی سێبتامبری ٢٠١٨ هاوکات لەگەڵ مانگرتنی سەراسەری خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ نارەزایەتی دەربڕین و لەقاودانی جنایەتەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران و مەحکوم کردنی ئەو کردەوە دژە مرۆڤانەی بەرامبەر گەلی کورد و ڕۆلە خەباتکارەکانی ئەنجام دەدرێ، لە لایەن ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە دانمارک و فدراسیۆنی کۆمەڵە کوردێکان خۆپێشاندانێک ڕێکخرا و ڕێژەیەکی بەرچاو لە کوردستانیان تێیدا بەشدار بوون، ئەوە لە کاتێکدایە کە ڕۆژی شەممە ٩ی سێبتامبر هەر ئەو لایەنانە خۆپێشاندانێکی دیکەیان لە ناوەندی شاری کۆپێنهاگ ئەنجام دابوو و بریار وایە لە ڕۆژی شەمەی داهاتوودا پرسەیەکی هاوبەش بۆ قووربانیانی کارەساتەکەی قەڵای دێموکرات و لە سێدارەدانی بە ناحەقی چالاکانی سیاسی و مەدەنی کورد بەڕێوە ببەن.

سەرەتا خۆپێشاندەران مەودایەکی یەک چارگەیان بە ڕێپێوان بە وتنەی درووشم دژی کۆماری ئیسلامی و بۆ پشتگیری لە شۆرشە ڕەواکەیان بەرەو سفارەتی کۆماری ئیسلامی لە دانمارک بڕی کە بە ئاڵای ڕەنگینی نیشتمان سەفی خۆیان ڕازاندبۆوە.

پاش گەیشتن بۆ بەر دەرگای سەفارەتی ئێران، لە لایەن بەڕێوبەرانی خۆپێشاندانەکە بەخێرهاتنی بەشداران کرا

و کوورتەیەک لە ئامانجی خۆپێشاندانەکە باس کرا و بە سروودی نەتەوەیی ئەی رەقیب و ساتێک بێدەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدانی گەلەکەمان گردبوونەوەکەیان رەسمی کرد و لە یەکەم برگەی خۆپێشاندانەکە پەیامی ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە دانمارک و فدراسیۆنی کۆمەڵە کوردێکان بە زمانی کوردی و بە دانمارکی خوێندرایەوە.

خۆپێشاندانەکە بە وتنەوەی درووشم بە زمانی کوردی، دانمارکی، فارسی و ئینگلیسی و خوێندنی سروود و خوێندنەوەی پەیامی چەند لایەنێک بۆ ماوەیەکی زۆر درێژەی بوو تا برگەی کۆتایی کە خوێندنەوەی قەتعنامەی خۆپێشاندەران و حیزب و لایەنە سیاسی و کۆمەڵایەتێکان و کەسایەتێ سەربەخۆکانی بەشدار لە خۆپێشاندانەکە بوو و بە زمانی کوردی و بە زمانی ئینگلیسی روو لە کۆڕ و کۆمەڵە مرۆڤ دۆستەکان و دەوڵەتانی خاوەن هەڵوێست خوێندرایەوە.

خۆپێشاندانەکە بە زایەڵەی دەنگی "یەکگرتن-سەرکەوتنەی" بەشداربوان و بە خوێندنەوەی سروودی ئەی شەهیدان کۆتایی پێ هات.

ئەو لایەنانەی پەیامیان خوێندەوە و برووسکەیان ناردبوو بریتینە لە:

یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان

حیزبی شیوعی کوردستان

رەوەندی کورد لە دانمارک

یەکیەتی ژنانی رۆژئاوای کوردستان

رێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران(کۆمەڵە).

١٢ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

## خۆپێشاندانی سەدان کەس لە ستۆکهۆڵم بۆ شەرمەزارکردنی موشەک بارانی قەڵای دێموکرات.



ناوەندی هەواڵ- سوید: دوانیوەڕۆی رۆژی چوارشەممە رێکەوتی ٢٢ی خەرمانان، بەرانبەر بە ١٢ی سپتامبر، لەسەر داوای فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان، کۆمیتەی هاوکاریی هێزەسیاسییەکانی کورد و کوردستانی و ناوەندی هاوکاریی هێزەکانی کوردستانی ئێران، خۆپێشاندانێکی بەرین، بە بەشداریی ژمارەیەکی زۆر لە کوردەکانی دانیشتووی ستۆکهۆڵم و دەوروبەر،لە مەیدانی " مینت تۆریەت" لەبەردەم پارلمانی سوئێد، بۆ مەحکووم و شەرمەزارکردنی هێرشی مووشەکی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ سەر بنکەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە قەڵای دێموکرات و بنکەیەکی راهێنانی حدکا لە کۆیە، هەروەها ئێعدامی هاوکاتی سێ لاوی بەندکراوی کورد لە چاڵەڕەشەکانی رژێم دا بەڕێوەچوو.

سەرەتا خۆپێشاندانەکە بە خوێندنەوەی سروودی ئەی رەقیب دەستییێکرد. دواتر وتاری فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە لایەن بەریز، کیا ئیزۆل پێشکەش کرا. دواتر پەیامی ناوەندی هاوکاریی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران لە لایەن بەریز سالار ئاشناگەر خوێندرایەوە.

لە لایەن نوێنەری پارتی سوسیالدێموکرات لە پارلمانی سوئێد رێزدار سەرکان کۆسێ، وتارێک پێشکەش کرا و لە بەشێک لە وتارەکەدا سەرکان کۆسی بەڵێنی دا کە کێشەی کورد بە گشتی و تەڕاتێنی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە

ناوچەکەدا و هەروەها کردەوە تیرۆریستییەکانی ئەم رژێمە لە ئوروپا و بە تایبەت مووشەک بارانی بنکەی سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پارلمان باس بکات و بەدواداچوونی بۆبکات.

پەیامی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە زمانی سوئێدی لە لایەن هاوڕێ ئارێز رەمەزانییەوە پێشکەش کراو و دواتر بە زمانی کوردی لە لایەن خاتوو لەیلا محەمەدی خوێندرایەوە.

دواتر پەیامی کۆمیتەی هاوکاری هێزە سیاسییە کورد و کوردستانییەکان لە لایەن بەڕێز ئەمیری سوڵتانییەوە خوێندرایەوە.

لە بەشێکی دیکەی بەرنامەکەدا بەریز کاک پۆلای نانەوازادە شێعرێکی خوێندەوە.

هونەرمەندی ناوداری گەلەکەمان کاک ناسری رەزازی و کاک فەریبورزی فەخاری و خاتوو شنۆ ئەحمەدی بە خوێندنەوەی سروودی ئەی شەهیدان، و ژەنینی مۆسیقا، هاوخەمی خۆیان بۆ رووداوەکە دەربڕی و مەحکوومیان کرد.

لە لایەن خاتوو چنوور فتووحی خوشکی شەهید مەنسوور ئەکبەرپوور کە لە مووشەک بارانی قەڵای دێموکرات دا شەهید کرا، بەشێک لە نامەیەکی شەهید مەنسووری خوێندەوە و پەیمانی درێژەدانی رێگای خەباتی شەهیدانی ئەم کارەساتەی نوێ کردەوە و داوای یەکڕیزی و یەکگرتنی لە حیزبەکان کرد.

لە لایەن بەڕیز حەسەن رەحمانزادە، نوێنەری کۆمەڵە، رێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمونیستی ئێران وتارێک پێشکەش کرا.

خاتوو ئامینە کاکە باوە، ئەندامی پارلمانی سوئێد لە سەر لیستی حیزبی چەپ، وتارێکی پێشکەش کرد و بەڵێنی دا لە دەوری داهاتووی کاری پارلمانی سوئێد دا مەسەلەی کورد و کێشە رەواکەی بە گەرمی بەرێتە پێش و بەتایبەت سات و سەودای دەوڵەتی سوئێد لە گەڵ رژێمی ئێران لە قاو بدا و پێشی پێبگرێت.

کاتژمێر ١٩ی دوای نیوەڕۆ خۆپیشاندانەکە کۆتایی هات.

حیزبی دیموکراتی کوردستان- کومیتەی سوید

١٢ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

## پرێسکۆنفرانسی جێگری سکرتێری حیزبی دیموکراتی کوردستان




ڕۆژی چوارشەممە، ٢١ی خەرمانان بەئامادەبوونی نیزیک بە ٢٠ پەیامنێری ئاژانس و هەواڵدەرییە بیانی و نێوخۆییەکان پرێسکۆنفرانسێک بۆ جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەڕێو ەچوو.

لەو پرێسکۆنفرانسەدا د. ئاسۆ حەسەن زادە، وێرای باس لە وردەکارییەکانی هێرشی مووشەکیی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر بنکەی سەرەکیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، وەڵامی پرسیاری میدیاکاران و کاناڵەکانی ڕاگەیاندنی بەشدار لە پرێس کۆنفرانسەکەی دایەوە.

لێرەدا دەقی قسەکانی د. ئاسۆ حەسەن زادە لەو پرێس کۆنفرانسەدا دەخەینە بەرچاوی خوێنەرانی "کوردستان":

سڵاو لە هەموو لایەک. سوپاس کە لەم پرێسکۆنفرانسەدا بەشدارن. ئەمن سەرەتا بە وەبیرهێنانەوەیەکی کورتی ڕووداوەکە دەست پێ دەکەم. پاشان ڕوانگە و هەڵسەنگاندنی خۆمانتان پێشکەش دەکەم. دواتریش چاوەڕوانیمان لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی باس دەکەم. بێگومان کاتیش دادەنێین بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی ئێوە.

ڕووداوەکە ئێستا بۆ هەموو لایەک ئاشکرایە. ڕۆژی شەممە، ٨ی سپتامبر، لە کاتێکدا کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی ئێمە لە حاڵی بەستنی پلینۆمدا بوو، دەوروبەری سەعات ١٠:٤٠ بنکەی سەرەکیی حیزبی ئێمە و ڕێک شوێنی کۆبوونەوەکە کەوتە بەر هێرشی مووشەک بارانی کۆماری ئیسلامی. بۆ ئەوانەی شارەزا نین، بارەگای سەرەکیی ئێمە لە نیزیک شاری کۆیەی پارێزگای هەولێر و زیاتر لە ١٥٠ کیلۆمیتر لە سنووری ئێرانەوە هەڵکەوتووە. هێرشەکە بووە هۆی گیان لەدەستدانی پازدە کەس (کە دواتر بوون بە ١٦ کەس) کە شەش کەسیان لە ئەندامانی سەرکردایەتیی حیزبی ئێمە بوون و نزیکەی چل کەسیش بریندار بوون. لەنێو قوربانی و برینندارەکاندا ژنان و منداڵان هەن. لەگەڵ ئەوەدا کە دەفتەری سیاسیی ئێمە لەنێو بنکەی نیزامیی ڕێژیمی پێشووی عیراق هەڵکەوتووە و لەلایەن پێشمەرگەکانیشمانەوە دەپارێزرێ، بەڵام ئەو شوێنە شوێنێکی نیزامی نییە. ئۆرگانە سیاسی و مەدەنییەکانی ئێمە و ڕێکخراوەکانی ژنان و لاوان و منداڵپارێزی لەوێ هەڵکەوتوون. هەروەک یەکسەر پاش هێرشەکە ڕامانگەیاند، ئێران بەرپرسیاری ئەو هێرشانەیە چونکە ئێران تەنیا ڕێژیمە کە ئێمە بەدژی لە خەبات داین و چەندین مانگیش بوو کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی هەڕەشەی زەربەوەشاندن لە ئێمەیان دەکرد. سەرچاوە و سروشتی هێرشەکە ئێستا ڕوون بۆتەوە. مووشەکەکان، کە وا دیارە ٥ تا ٧ دانە بوون، لە بنکەی ئەلمێهدی لە ورمێ ڕا هاوێژراون.

دیارە زانیاریی جۆراوجۆر و تەنانەت پێچەوانەی یەکتر سەبارەت بە ژمارە و شوێنی هاویشتن و جۆری موشەکەکان لەو چەند ڕۆژەدا بڵاو بۆتەوە. کۆمەڵێک فڕۆکەش کە ڕەنگە فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان بووبن لەکاتی مووشەک بارانەکەدا لە ئاسماندا خولاونەتەوە و پێ دەچێ بۆ ئەوە بەکار هاتبن کە شوێنی ئامانجی موشەکبارانەکە بە وردی دەستنیشان بکەن و وێنە هەڵ بگرنەوە. ئێمە ئەو فڕۆکانەمان تەنانەت ڕۆژی دواتر لە کاتی ناشتنی شەهیدەکانمان لە ئاسماندا بەدی کرد. تەنانەت ئەم بەیانییەش جمۆجۆڵی نائاسایی فڕۆکەوانی لە ئاسمانی کۆیە بەدی کرا کە دیارە هی ئەمڕۆ دڵنیا نین کە فڕۆکەی کوێ بوون. قەڵای دێموکڕات ئامانجی سەرەکیی مووشەک بارانەکە بووە بەڵام بەشێک لە موشەکەکان خوارتر یا سەرتر لە قەڵای دێموکڕات کەوتوونەتە سەر عەرز و بەم جۆرە دوو پێشمەرگەی حدکاش لە شوێنی ڕاهێنانی پێشمەرگەکانیان شەهید بوون. ئەمە بەبێ دوودڵی قورسترین و

بێ سابقەترین هێرشی لێدانی ئاسمانییە کە ڕێژیمی ئێران تا ئێستا لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆی بۆ سەر لایەنێکی ئۆپۆزیسیۆنی کردبێ. لە حاڵەتەکانی پێشوودا بۆ نموونە ئەوەی موجاهیدین توانای زیانگەیاندنی موشەکەکان زۆر لەوانەی لەسەر ئێمە بەکارهاتوون کەمتر بوو و هێرشەکانیش زۆربەی کات هەر لەنێو خاکی عیراق ڕا و بە هاودەستیی حکومەتی عیراقیی لایەنگری ئێران یان تاقمە شیعەکانی سەر بە ئێران بەڕێوە چوون. لە دیدی ئێمەوە، هێرشی مووشەکیی ئێران بۆ سەر بارەگای ئێمە لە هەموو ڕوویەکەمەوە ناقانوونییە. ڕاستە کە حیزبی ئێمە حیزبێکە کە بۆ ڕووخانی کۆماری ئیسلامی خەبات دەکا. ڕاستە کە ئێمە لە ڕابردوودا موقاوەمەتی چەکدارانەمان لە دژی ئەو ڕێژیمە بەڕێوە بردووە و ئێستاش هێزی پێشمەرگەمان هەیە، بەڵام چالاکیی پێشمەرگەکانی ئێمە لە ساڵانی ڕابردوودا لە نێوخۆی ئێراندا زۆرتر بەمەبەستی سیاسی و تەشکیلاتی بووە. لە زۆربەی ئەو دەرگیریانەشدا کە ڕوویان داوە دەرگیرییەکان بەهۆی کەمین و هێرشی هێزەکانی ڕێژیم بۆ سەر پێشمەرگەکانمان ڕوویان داوە. هەربۆیە ئەوە کە ڕێژیم دەڵێ ئەم هێرشە وڵامێکە بۆ چالاکیی سەربازیی ئێمە لەنێو ئێران هیچ بنەمایەکی نییە. بە پێچەوانەوە، لە ساڵانی ڕابردوودا حیزبی ئێمە ئەو حیزبە بووە کە زۆرترین جەختی لەسەر شێوازە ناچەکدارییەکانی خەبات و بەهێزکردنی بزووتنەوەی مەدەنی لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کردووە. بەشێوەیەکی گشتی بەدرێژایی چوار دەیەی ڕابردوو، ئێمە هەمیشە گوتومانە پرسی کورد لە ئێران ڕێگاچارەی نیزامیی نییە. هەمیشە پشتیوانیمان لە شێوازەکانی سیاسی و مەدەنیی کار وتێکۆشان کردووە. ئێمە تەنانەت ڕێبەرانمان لەسەر مێزی موزاکرە لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا شەهید بوون. بەڵام کۆماری ئیسلامی حیزبی ئێمەی و حیزبەکانی تری لە وڵات دەرکردووە و هەمیشە وڵامی داواکارییەکانی خەڵکی ئێمەی بە ئینکار و تەبعیزی زیاتر بەدژی گەلی کورد و بە زیندان و شکەنجە و ئێعدام و تیرۆری تێکۆشەرانی حیزبی ئێمە و تەنانەت چالاکانی بێچەکی مەدەنی لە نێوخۆ داوەتەوە. هەر بەیانیی مووشەک بارانەکە، سێ کەس لە چالاکانی سیاسی و مەدەنی لە زیندانەکانی ئێراندا ئێعدام کران. بۆ دەربڕینی بێزاری و ئیعتراز لە ئێعدامی چالاکانی نێوخۆ و موشەکبارانی بنکەکانمان ئەمڕۆ و هەر ئێستا مانگرتنێکی سەراسەری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئارادایە کە تەواوی خەڵکی کوردستان پێشوازیی لێ کردوە. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ڕێژیمی ئێران لە هەموو کاتێک زیاتر ئایندە و مانەوەی خۆی لە مەترسیدا دەبینێ. بەلەبەرچاوگرتنی شەپۆلی نارەزایەتییەکانی خەڵک لەم دواییانەدا، ئەوەی ڕێژیم زۆرتر لە ئێمەدا لێی دەترسێ، زۆرتر توانمان بۆ ڕێکخستنی هێزی جەماوەریی خەڵکە نەک چەکەکانمان. ئەم پرسە ڕەهەندێکی حاشاهەڵنەگری نێودەوڵەتیشی هەیە. ئەگەر سەرنج بدەینە خێرایی و سەرکێشیی سوپای پاسداران بۆ وەئەستۆ گرتنی بەرپرسایەتیی مووشەک بارانی سەر ئێمە بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو ڕێژیمە بەم جۆرە

هەروەها ویستی پەیامێکیش بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەتایبەتی ئەمریکا بنێرێ هەتا توانای تێکدەرانە و خراپکارانەی خۆی پێ نیشان بدا. بەو حاڵەش دژکردەوە نێودەوڵەتییەکان لەئاست قورسی و دڕندەیی مووشەک بارانەکە نەبوون. بێگومان لێرە و لەوێ هێندێک مەحکوم کردنمان دیوە. بەڵام ئەوە بە هیچ جۆر کافی نییە. هەربۆیە زەرووره کە شورای ئەمنیەتی نەتەوە یەکگرتووەکان، یەکیەتیی ئورووپا و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا زیاتر بێنە سەر خەت و هەرچی زووتر هەنگاوی بەکردەوە هەڵگرن بۆ ئەوەی پێش بە ئێران بگرن کە ئەو جینایەتە کە لە هەقی ئێمەدا کردی دووبارە بکاتەوە. هەر دوێنێ سەرۆکی ستادی گشتیی هێزە نیزامییەکانی ئێران هەڕەشەی لە ئێمە کردوە کە بە نیازن زەبری دیکەشمان لێ بوەشێنن. ئەوە مووشەکانەی وە ئێمە کەوتن هەر هەمان ئەو مووشەکانە بوون کە ڕێژیمی ئێران داونی بە حیزبوڵڵای لوبنان. نەتەوە یەکگرتووەکانیش قبووڵی کردووە کە ئەوە مووشەکانەی لە عەرەبستانی سعوودی وە عەرزی کەوتوون سەرچاوەکەیان ئێرانە. مەبەستم ئەوەیە بڵێم کە مووشەک بارانی بارەگای ئێمە نابێ تەنیا وەک کێشەی نێوان ئێمە و کۆماری ئیسلامی چاو لێ بکرێ بەڵکوو پێویستە بخرێتە چوارچێوەی گشتیی ئاشتی و سەقامگیری لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیش. لە کۆتاییدا ئەمن لە هەموو ئێوە داوا دەکەم کە بانگەوازی ئێمە ڕوو بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بڵاو بکەنەوە بۆ ئەوەی ئێران ناچار بکا ئەو دەستدرێژییانە ڕابگرێ و بۆ ئەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کەمپەکانمان و ئەندامانمان و خانەوادەکانیان بپارێزێ.

لەلایەکی دیکەشەوە، بە لەبەرچاوگرتنی زیانەکان و ئاکامە ئینسانییەکانی ئەو مووشەک بارانە، لە هەموو ڕێکخراوە بەشەردۆست و ئینسانیەکان داوا دەکەم کە بێن لە کۆیە سەردانمان بکەن و لە نزیکەوە پێویستییەکانمان و ئەوە کە چۆن دەتوانن بە هانامانەوە بێن هەڵبسەنگێنن.

سوپاستان دەکەم.

***

شایانی باسە لەو پرێسکۆنفرانسەدا چەندین هەواڵدەری دەرەوە و کوردستانی بەشدار بوون کە درکرێ ئاماژە بە هەواڵدەرییەکانی ڕۆیتێرز، والستریت ژوورناڵ، ئەلعرەبییە، مۆنیتۆر، ئانادۆڵ، ڕادیۆ فەردا و زۆربەی هەرەزۆری تەلەویزێۆن و ناوەندە هەواڵدەرییەکانی کوردستانی بکەین.

١٣ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

## سەردانی هەیئەتێکی کومیتەی ح د ک بۆ وەزارەتی دەرەوەی سوید

ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ١٣ی سێپتامبری ٢٠١٨ی زایینی، هەیئەتێکی کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ولاتی سوید پێکهاتوو لە هاوڕێیان کەمال گرویسی بەرپرسی کومیتەی گشتی و هاوڕێ ئاریز ڕەمەزانی بەرپرسی بەشێ پەیوەندییەکانی کومیتەی حیزب لە سوید، سەردانی وەزارەتی دەرەوەی ئەو وڵاتەیان کرد و لە لایەن " دانیەل پێتێرسۆن Daniel Pettersson " بەرپرسی بەشی پەیوەندییەکانی وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە وەزارەتی دەرەوەی سوید پێشوازییان لێکرا. لەو دانیشتنە دا هەیئەتی حیزبمان باسێکی تێروتەسەلی سەبارەت بە دەستدرێژییەکانی ڕژیمی ئیسلامی بۆ سەر سەروەری وڵاتانی ناوچەکە، دۆخی نالەباری ناوخۆی ئێران، پشتیوانی ئەو ڕژیمی لە گرووپ و تاقمە تێرۆرسیتییەکان و پێشێل کردنی مافی گەلانی ئازادی خوازای ئێران بە گشتی و گەلی کورد بە تایبەتی پێشکەش کرد. پاشان ڕاپۆرتێکیان لە پەیوەندی لەگەڵ دوایین هێرشی تێرۆریستی ڕژیمی تاران بۆ سەر بنکەی دەفتەری سیاسی و قەڵای دیموکرات کە بووە هۆی شەهید و بریندار بوون دەیان کەس لە کادر و پێشمەرگەکانی حیزب و لە ناویاندا ٦ ئەندامی ڕێبەری حیزبەکەمان دایە ئەو نوێنەرەی وەزارەتی دەرەوەی سوید. پاشان لە پەیوەندی لەگەڵ پێشل کارییەکانی ئەو ڕژیمە دژ بە مافەکانی مرۆڤ و گرتن و ئەشکەنجە و ئێعدامی جیا بیران، بە تایبەی الوانی کورد و دوایین سزای ئێعدام کە بە سەر چوار لاوی کورد دا سەپێندرا ئاگاداری پێویستیان دایە دانیەل پێتێرسۆن و داوایان کرد کە حکومەتی سوید ئاوڕ لەو بڕیارنامە و پەسندکراوە نێودەوڵەتییانە بداتەوە کە خۆی بنیاتنەری بەشێکیانە و ڕێگە نەدەن کە ماف و ئازادییەکانی گەلانی ئێران و گەلی کورد، بکرێتە قوربانی سات و سەودای ئابووری نێوان دوو وڵات.

نوێنەری وەزارەتی دەرەوەی سوید وێڕای دەربڕینی خۆشحاڵی لەو چاوپێکەوتنە بەڵێنی دا کە لەمەو دوا

هەڵسووکەوتی کاربەدەستانی ئێران بە تایبەت دژ بە گەلی کورد بخاتە ژێر چاوەدێری وردەوە و ئەو ڕاپۆرتانە بگەیەنەتە وەزارەتەکەی و لە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کاربەدەستانی ئێراندا بیانخەنە بەر باس. هاوکات لایەنی سویدی جەختی لە سەر بەردەوامی ئەو دیدارانە لە داهاتووش دا کردەوە.

١٣ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

## هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان سەردانی بارەگای سەرەکیی نەتەوە یەکگرتووەکانیان لە نۆرویژ کرد




ناوەندی هەواڵ - نۆرێژ: هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە پێک هاتبون لە بەڕێزان کاک حەسەن غەمبار بەرپرسی کومیتەی نۆرویژی حیزب و کاک کەریم ئەڵلاوەیسی بەرپرسی پەیوەندییە نۆرویژییەکانی کومیتەی نۆرویژ و کاک ناسر قادرپوور بەرپرسی گشتیی یەکیەتی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد لە دەرەوی وڵات، سەردانی بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکانیان لە وڵاتی نۆرویژ کرد و لە لایەن سکرتێری گشتیی UN لە نۆرویژ بەڕێز خاتوون "ئانە کاترینە سیلڤا" و بەڕێز "یوناس ئیڤرسۆن" راوێژکاری سیاسیی UN لەو وڵاتە، بە گەرمی پێشوازییان لێ کرا.

لەو دیدارەدا، بەڕێز "ناسرقادرپوور" باسێکی لەسەر دۆخی کورد لە ئێران و فتوای جیهادی خومەینی دژی گەلی کورد و کردەوە تیرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی و تیرۆری ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات و تێکۆشەرانی کورد و ئێعدامی زیندانیانی سیاسی و دوایین کردەوەی تیرۆریستی کۆماری ئیسلامی و هێرشی مووشەکیی ١٧ی خەرمانان بۆ سەر قەڵای دێموکرات لە قوڵای خاکی هەریمی کوردستان و شەهید و برینداربوونی دەیان کەس لە تیکۆشەرانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان، پێشکەش بە هەیئەتی خانەخوێ کرد و لەو پەیوەندییەدا کۆمەڵێک بەڵگەیان بۆ خستنە ڕوو.

هەر لەو چاوپێکەوتنەدا، هەئیە تی حیزبی دێموکراتی کوردستان داوای لە سکرتێری نەتەوە یەکگرتووەکان کرد کە بە هانای حیزبە وە بێن و هەموو دامودەزگا نێونەتەوییەکانی سەر بە UN لەو کردەوە تیرۆریستییەی کۆماری ئیسلامی ئێران ئاگادار بکەنەوە و مەحکوومی بکەن.هاوکات باسیان لە مەترسی هێرشی نامرۆڤانە و تیرۆریستیی دیکە کۆماری ئیسلامی بۆسەر تیکۆشەرانی کورد و هێز و لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات کرد.

پاشان لە لایەن سکرتێری گشتی و راوێژکارەکەیەوە کورتەیەک لەسەر کارو چالاکییەکانی UN باس کراو بۆ زیاتر گەیاندنی دەنگی کورد بە ڕێکخراوی نێونەتەوە یەکگرتووەکان چەند پێشنیارێک بۆ زیاتر گەیاندنی کێشەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێشکەش بە هەئیەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان کرا و پشتیوانی خۆیان بۆ مافەڕەواکانی کورد ڕاگەیاند و کردەوە تیرۆریستییەکەی کۆماری ئیسلامییان بۆ سەر حیزبی دێموکراتبە ناڕەوا و بێ بەزەیانە وەسف کرد.

حیزبی دێموکراتی کوردستان - کومیتەی نۆڕویژ

١٣ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

## دیدارێکی تایبەت لە پارلمانی بریتانیا



پاشنیوەڕۆی ڕۆژی پێنجشەممە ١٣ی سپتامبەری ٢٠١٨، نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بریتانیا، لە مێزگردێکدا لەگەڵ بەڕێز "جاک لۆپرێست"ی ئەندام پارلەمان و سەرۆکی گرووپی پارلەمانتاران بۆ کاروباری عێراق و خاتوو "ماری کلیندۆن" ئەندامی پارلەمانی بریتانیا و بەڕێز "لۆرد مۆریس گلاسمەن" و بەڕێز "لۆرد لۆید راسێل مۆیل" و بەڕێز "گاری کێنت" کە سەرپەرستی کۆبوونەوەکەی دەکرد، کۆ بووەوە.

لەم کۆبونەوەیەدا بەڕێز مەولوود سوارە ئەندامی ڕێبەری حیزب و نوێنەری حیزب لە بریتانیا لەسەر هێرشی مووشەکی بۆ سەر قەڵای دێموکرات و چۆنیەتی هێرشەکە و شەهید و بریندارەکان و ئیعدامی سێ زیندانی سیاسی کورد و هەروەها مانگرتنی خەڵکی ڕۆژهەڵات وەک دەسکەوتێکی گەورەو بەهێزترین چەک دژی کۆماری ئیسلامی بەدرێژە قسەی کرد. هەروەها سیاسەتی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکەو ئالۆزی و شێواندنی ئەمن و ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەتایبەت عێراق و باشووری کوردستان تەورێکی دیکەی باسەکان بوو. بەشێکی تر میزگردەکە بەشداربووان را و بۆچونی خۆیان پێشکەش و بەپەرۆشبوونی خۆیان لەو کارەساتە راگەیاند و داوای ساغی و سەلامەتیان بۆ بریندارەکان خواست و رایانگەیاند کە لەو بارەوە بەجیدی و شێلگیرانە بەدوای داخوازیە ڕەواکانمانەوە دەچن و لەگەل وەزارەتی دەرەوە،نەتەوەیەکگرتوەکان و پارلمانی بریتانیا لەم بارەوە دەکەونە وتووێژ و دانوستان.

بەشێکی تری دانیشتنەکە پرسیاری ئەندامان و لۆرد و راوێژکارەکانیان بوو لەسەر رۆژهەڵاتی کوردستان و قەڵای دێموکرات بوو کە لەلایەن نوێنەری حیزبەوە وەڵامیان درایەوە.

جێگای ئاماژەیە کە هاوڕێ خاتوو ژاڵە لەو دانیشتنەدا لەگەڵ نوێنەری حیزب بەشدار بوو.

نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کورردستان - بریتانیا

١٣ی سپتامبری ٢٠١٨

---

## سەردانی شاندێکی هاک پارتی لە سکرتاریای حیزبی دێموکراتی کوردستان




شاندێکی هاک پارتی، پارتی ماف و ئازادی لە باکووری کوردستان سەردانی سکرتاریای حیزبی دێموکراتی کوردستانی کرد.

دوانیوەڕۆی ڕۆژی پێنجشەممە، ٢٢ی خەرمانان شاندێکی هاک پارتی بە سەرپەرستیی لەتیف پۆزدیمیر، جێگری سکرتێری گشتیی ئەم حیزبە سیاسییەی باکووری کوردستان سەردانی سکرتاریای حیزبی دێموکراتی کوردستانی کرد

و لەلایەن شاندێکی حیزب بە سەرپەرستیی مستەفا مەولوودی، سکرتێری گشتیی حیزبەوە پێشوازییان لێ کرا. شاندی هاک پارتی وێڕای ڕاگەیاندنی هاوخەمیی خۆیان و حیزبەکەیان سەبارەت بە کارەساتەکەی ١٩ی خەرمانانی قەڵای دێموکرات، ئەم دەستدرێژییەی کۆماری ئیسلامی و سنووربەزاندنی ئەم ڕێژیمەیان مەحکووم کرد. هەروەها پێیان لەسەر هاوپێوەندیی نێوان هاک پارتی و حیزبی دێموکراتی کوردستان داگرتەوە.

١٣ی سپتامبری ٢٠١٨

## پشتیوانی کردنی خەڵکی مەریوان لە حیزبی دێموکراتی کوردستان




بەشێک لە خەڵکی شاری مەریوان بە بەرزکردنەوەی دروشمی "مەریوان قەڵای دێموکراتە" هاوخەمیی خۆیانیان بە نیسبەت کارەساتی دڵتەزێنی ١٧ی خەرمانان دەربڕی و پشتیوانی خۆیانیان لەگەڵ ڕێباز و ئامانجەکانی دێموکرات دووپات کردەوە.

لەدرێژەی پشتیوانی کردنی خەڵکی شاروناوچەکانی کوردستان لە حیزبی دێموکرات و مەحکوومکردنی نوێترین جینایەتی کۆماری ئیسلامی لە دژی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژی ڕابردوو ٢٢ی خەرمانان بەشێک لە دڵسۆزانی ئەو حیزبە بە بڵاوکردنەوەی تراکتی پێوەندیدار ، هێرش بۆ سەر قەڵا، بنکەی سەرەکیی حیزبی

دێموکراتی کوردستانیان بە توندی مەحکووم کرد و، لەگەڵ بنەماڵەو کەسوکاری تازەترین شەهیدانی گەل، هاوخەمییان دەربڕی.

هەروەها لەو چالاکییە تەبلیغییەدا لایەنگرانی دێموکرات بە ڕێزلێنان لە یەکریزی و، یەکگرتوویی خەڵک لە ڕۆژی ٢١ی خەرمانان و، بەڕێوەچوونی مانگرتنی گشتیی کوردستان، داوای یەکگرتنەوەی هەر دوو حیزبی دێموکراتیان کرد.

١٣ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

## لە شاری سەقز، ڕێز لە شەهیدانی ١٧ی خەرمانان گیرا




لە چالاکییەکی تەبلیغیدا لە شاری سەقز، وێڕای مەحکوومکردنی کارەساتی دڵتەزێنی هێرش بۆسەر بنکەی سەرەکیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، یادی شەهیدانی ١٧ی خەرمانان بەرز ڕاگیرا.

دۆستان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە شاری سەقز، بە بڵاوکردنەوەی تراکت و نووسراوەی پیوەندیدار بە هیرش بۆ سەر قەڵای دێموکراتی کوردستان ، سەر لەنوێ لەگەڵ ڕێبازی شەهیدانی گەل پەیمانی وەفادارییان نوێ کردەوەو ڕایانگەیاند؛ کە سەقز قەڵای دێموکراتەوە جێگەو پێگەی حیزبی دێموکرات لە نێو دڵی کۆمەڵانی خەڵکی

کوردستاندایە.

شیاوی باسە لەو چالاکییە تەبلیغییەدا لایەنگران و خەمخۆرانی حیزبی دێموکرات بە لەبەرچاو گرتنی یەکریزی و هاوهەڵوێستی خەڵکی شارەکانی کوردستان ، لە مانگرتنە سەرانسەرییەکەی رۆژی چوارشەممە ٢١ی خەرمانان، داوایان لە هەردوو حیزبی دێموکرات کردوەو کە یەکبگرنەوە.

جێیئاماژەیە لە رۆژانی رابردوو خەڵکی بەپەرۆشی کوردستان بە شێوازی جۆراجۆر لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان پشتیوانی خۆیانیان دەربڕیوە.

١٣ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

## بەڕێوەچوونی چالاکیی تەبلیغی بۆ پشتیوانی کردن لە حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە شاری سەردەشت




لە شاری سەردەشت بۆ جارێکی دیکە وێڕای مەحکوومکردنی کارەساتی ١٧ی خەرمانان، لە چالاکییەکی تەبلیغیدا لە گەڵ سەرجەم شەهیدان و تێکۆشەرانی دێموکرات پەیمانی وەفادارییان نوێ کردەوە.
بەشێک لە خەمخۆران و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەشاری سەردەشت، لە چالاکییەکی تەبلیغیدا، هێرش بۆ سەر قەڵای دێموکراتیان مەحکوومکرد و بە پشتیوانی کردن لە مانگرتنی سەرانسەریی کوردستان، لەگەڵ

شەهیدانی ١٧ی خەرمانان پەیمانی وەفادارییان نوێ کردەوەو، ڕایانگەیاند: کە ئیرادە و سووربوونی ئەوان لەسەر داوا ڕەواکانی گەلی کورد، چەکێکی هەرە گەورەیە بەرانبەر بە کۆماری ئیسلامی و کردەوە تیرۆریستییەکانی ئەو ڕێژیمە.

شیاوی باسە دوای کارەساتی دڵەزینی مووشەکباران کردنی بنکەی سیاسیی حدک، لەلایەن سپای پاسدارانەوە، خەلکی کوردستان بەشێوازی جۆراوجۆر پشتیوانی خۆیانیان لە حیزبی دێموکراتی کوردستان دەربڕی و لە چالاکییەکی هاوشێوەدا لە شاری مەهاباد و جۆانڕۆ، هۆگرانی حیزب، بە نووسینی دروشم و بڵاوکردنەوەی تراکتی پێوەندیدار ڕایانگەیاند کە "قەڵای حیزبی دێموکراتی کوردستان" لە دڵی ئەوان دایە.

١٣ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

## بەڕێوە چوونی ئاکسیۆن لەبەر دەم کۆنسولگەری ئامریکا لە شاری فرانکفۆرت



ناوەندی هەواڵ - ئاڵمان؛ پێنج شەممە ١٣ی سێپتامبری ٢٠١٨ ئەندامان و لایەنگرانی حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان و هێزە کوردستانییەکانی نیشتەجێی وڵاتی ئاڵمان بۆ مەحکوم کردنی هێرشە مووشەکیەکەی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و مەحکوم کردنی لەسێدارە دانی زیندانیانی سیاسی لە لایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە، لە بەر دەم کۆنسولگەری ئامریکا لە شاری فرانکفۆرتی ئاڵمان

ئاکسیونێکی گەورەیان پێک هێنا.

سەرەتای ئاکسیۆنەکە بە خوێندنەوەی سروودی نەتەوایەتی ئەر رەقیب و وتنی درووشمی رق و بێزاری لەمەڕ سیاسەتە دژە مرۆییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران دەرحەق بە نەتەوەی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان، دەستی پێکرد.

لەم ئاکسیۆنە دا کاک ژیلوان حەسەن بە نوێنەرایەتی لە ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی رۆژهەلاتی کوردستان پەیامی ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی رۆژهەلاتی کوردستانی بە زمانی ئالمانی کە بۆ مەحکوم کردنی هێرشە مووشەکییەکەی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ سەر بنکەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و لە سێدارە دانی بەندییە سیاسیەکان نووسرابوو، خوێندەوە.

لە بەشێکی تری ئاکسیۆنەکەدا کاک خالید حەسەن پوور ئەندامی رێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان بەخێر هاتنی بەشداربووان کراو لە کورتە وتارێک دا ئاماژەی بە شکەستی سیاسەتە سەرکوتکەرەکانی رژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران کرد لە بەرانبەر مانگرتنە مێژووییەکەی ٢١ خەرمانانی کۆمەلانی خەلکی رۆژهەلاتی کوردستان.

لە بەشێکی دیکە ئاکسیۆنەکە بەرپرسی حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆمیتەی ئالمان کاک سولتان گولاوی بە زمانی ئالمانی وتارێکی بۆ لەڤاودانی سیاسەتە دژە مرۆییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ بەشداربووان خوێندەوە.

**دەقی پەیامی ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی رۆژهەلاتی کوردستان.**

**هەروەک ئاگادارن**

رۆژی ١٧ی خەرمانانی ئەمساڵ (٨ی سیپتامبری ٢٠١٨) رێژیمی جەنایەتکاری کۆماری ئیسلامی لاپەڕەیەکی ڕەشی دیکەی خستە سەر مێژووی پڕ لە تاوان و دڕندەیی خۆی بەرامبەر بە گەلی کورد.

لە بەرەبەیانی ئەو شەوەدا کە جەللادەکانی ئەو ڕێژیمە۳ بەنکراوی سیاسی کورد بە ناوەکانی زانیار و لوقمان مرادی و رامین حوسینپەناهییان لە سێدارە دا، لە هەمان کاتیشدا سوپای پاسداران بنکەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیان لە نزیک شاری کۆیە دایە بەر هێرشی مووشەکی.

لە ئاکامی هێرشی مووشەکیی سوپای پاسداران، ١٥ کەس لە ئەندامانی ڕێبەری و کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و، دوو کەس لە پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران شەهید بوون. نزیکەی ٤٠ کەس لە تێکۆشەران و بنەماڵەکانی کوردی ڕۆژهەڵات بە هۆی ئەو هێرشە مووشەکییە، بریندار بوون کە بە داخەوە بارودۆخی ژمارەیەکیان ناجێگیرە.

لەو پەیوەندییەدا هاوکاری هێزە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە پشتیوانی و هاوخەباتی ئێوە تێکۆشەران و ئازادیخوازان هەڵدەستێت بە بەڕێوەبردنی ئاکسۆنیک لە بەردم کنسوڵ گەری ئەمریکا لە شاری فرانکفورت.

لە درێژەدا قەتعنامەی هاوبەشی هێزە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێشکەش دەکرێت.

## قەتعنامە

ئێمە نوێنەرانی حیزب و ڕێکخراوەکان و کەسە بێلایەنەکانی بەشدار لە م خۆپیشاندانە دا ویستەکانمان بە شێوەی خوارەوە پەسند دەکەین وداوا لە دامەزراوەکانی جیهانیی بەرگری لە مافی مرۆڤ، دەوڵەتە دێموکرات و پێشکەوتوەکان، حیزب و ڕێکخراوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان و دامەزراوەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکان دەکەین لە پێناوی وەدی هاتنی ئەو خاڵانە دا پشتیوان و یارمەتیدەرمان بن.

١ - جەنایەت و کردوە تیروریستیەکانی حکومەتی کۆماری ئیسلامی ئێران بە توندی مەحکوم بکەن، سەبارەت بە موشەکبارانی پلینۆمی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و بنکەی فێرگەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ئێران لە ڕۆژی ٨ - ٩ - ٢٠١٨ دا لە دەوری کۆیە کە شارێکی کوردستانی عێڕاقە و لە ژێر سیادەی سیاسی حکومەتی عێڕاق دایە.

وهەروەها داواکارین لێکۆڵینەوە لە سەر دۆسیەی ئێعدامی بە کۆمەڵی بەند کراوانی سیاسی لە ئێران و بە تایبەتی لە کوردستان بکەن.

٢ - داوا لە سازمانی نەتەوە یەکگرتوەکان دەکەین لە هەمبەر ئەو تاوان و رەشەکوژیانە کۆماری ئیسلامی هەڵوێست بگرن.

لەم ئاکسیۆنەدا هەرکام لە لایەنەکانی:

کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی ئێران
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
پارتی دێموکراتی رۆژاوای کوردستان
پارتی شپێلەی رۆژاوای کوردستان
پارتی ئازادی کوردستان پاک، پەیامەکانیان خوێندەوە.

شایانی باسە پەیامی ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی رۆژهەلاتی کوردستان بە زمانی ئینگلیسی و کوردی خوێندرایەوە.

ئاکسیۆنەکە کاتژمێر ١١ی نیوەرۆ دەستی پێکرد و کاتژمێر ١ی نیوەرۆ بە دانان و وتنەوەی سروودی شۆڕشگێری کۆتایی پێهات.

١٣ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

## بەڕێوەچوونی خۆپێشاندانی ناڕەزایەتی لە پاریس لە دژی کۆماری ئیسلامی




کاتژمێر ١ی پاشنیوەڕۆی ڕۆژی هەینی ١٤ی سێپتامبر (٢٣ی خەرمانان) لە مەیدانی یێنا نزیک لە باڵوێزخانەی کۆماری ئیسلامی لە پاریس بەڕێوەچوو. لەم خۆپێشاندانە دا دەیان کەس لە تێکۆشەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و هێز ولایەنە ئێرانی وکوردستانیەکان بەشدار بوون.

ئەم خۆپێشاندانە کە بۆ مەحکووم کردنی هێرشی مووشەکیی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب و ئیعدامی ٣ رۆڵەی کورد لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی دا رێک خرا بوو کۆمەڵێک پەیام پێشکەش کران کە بریتی بوون لە پەیامی کەسایەتی سیاسیی کورد کاک عەزیز ماملێ، پەیامی کۆمیتەی فەرانسە حیزبی دیموکراتی کوردستان، پەیامی کۆمتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان ئێران، کۆمەڵە زەحمەتکێشانی کوردستان ئێران، شبکە همبستگی برای حقوق بشر در ایران.

ئەم خۆپێشاندانە کە بە یارمەتی و هاوکاری کۆڕی کوردەکانی نیشتەجێ لە فەرانسە پێک هاتبوو،بە وێنەی شەهیدانی ١٧ی خەرمانان و لاوانی ئیعدام کراو و بە ئارمی حیزب رازا بۆوە و دوای ٢ کاتژمێر کۆتایی پێهات. پێویستە بگوترێ وێڕای هێز ولایەنە سیاسییەکان، ژمارەیەکیش کەسایەتیی کوردستانی و ئێرانی بە شدار بوون.

بە دوای کۆتایی هاتنی خۆپیشاندانەکە ژمارەیێک لە خەڵکی تووڕە و نارازی لە کردەوە تێروریستیەکانی کۆماری ئیسلامی هێرشیان کردە سەر باڵوێزخانەی کۆماری ئیسلامی لە پاریس.

پەیامی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە خۆپێشاندانەکەدا:

پەیامی کۆمیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە فەرانسە

بە بۆنەی مووشەکبارانی کەمپەکانی حیزبی دێموکرات لە باشووری کوردستان و ئێعدامی زیندانیانی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

ئامادەبووانی بەڕێز!

خوشک و برایانی ئازیز!

هێزو لایەن و کەسایەتییە سیاسیەکانی ئێران و کوردستان!

کۆڕ و کۆمەڵی نێونەتەوەیی و ڕێکخراوەکانی داکۆکیکاری مافی مرۆڤ!

بەخێر بێن بۆ ئەم ڕێپێوانە ئیعتیرازیە.

دیسان وەک زۆر جاری دیکە لەدەوری یەک کۆبووینەوە تاکوو جینایەتێکی دیکەی ڕێژیمی ئاژاوەگێڕو تێرۆریستی کوماری ئیسلامی دەرهەق بە رۆڵە ئازادیخوازەکانی کورد مەحکووم بکەین. لێرە کۆبووینەوە تا ڕێز لە یاد و ناوی پۆلێکی دیکە لە ڕێبەران و رۆڵە قارەمانەکانی کورد بگرین. لە درێژەی ئەو فەرمانە جیهادەی خومەینی نزیک بە ٤٠ ساڵ لەومەوبەر لەدژی خەڵکی کوردستانی راگەیاند، دیسان ڕێژیمەکەی دەورێکی دیکەی لە کوشتار و کۆمەڵکوژی لەدژی رۆڵە ئازادیخوازەکانی کورد هەڵگرتوە. جگە لەوەی رۆژانە خەڵکی کاسبکاری کورد لە ناوچە سنوورییەکان دەکەونە بەر تەقەی راستەوخۆی سپای پاسداران، ئێعدامی لاوانی کورد و چالاکانی بواری مەدەنی بۆتە دیاردەیەکی رۆژانە. هەر چەند رۆژ لەوە پێش ٤ چالاکی بواری ژینگە پارێزی لە شاری مەریوان بە شێوەیەکی گوماناوی بوونە قوربانی. لە بێشەرمی و چێرەگرتووی کۆماری ئیسلامی دا کار گەیشتە جێگایەک کە ئەم ڕێژیمە لە رۆژی ٨ ی سێپتامبر(١٧ی خەرمانان) دا بە پێچەوانەی هەموو ڕێوشوێنە نێونەتەوەیی و ئەخلاقیەکان بە مووشەکی قورس هێرش بکاتە سەر کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە قووڵایی باشووری کوردستان. لە

ئاکامی ئەم هێرشەدا ١٥ کەس لە تێکۆشەرانی ئەم حیزبە شەهید بوون کە ٦ کەسیان لە کۆمیتەی ناوەندیدا ئەندام بوون و ٤٥ کەسیش بریندار بوون. لەو مووشەکبارانەدا کە هەردوو لایەنی دیموکراتی گرتەوە ٢ رۆڵەی تێکۆشەریش لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران شەهید بوون. هەر لە بەرەبەیانیی ئەورۆژەدا ٣ زیندانیی سیاسیی کورد بە ناوەکانی زانیار مرادی، لوقمان مرادی و رامینی حوسێن پەناهی لە زیندانەکانی کوماری ئسلامی دا لە سێدارە دران.

دۆستانی بەڕێز!

مێژووی ٤ دەیە تەمەنی کۆماری ئیسلامی سەلماندوویەتی چاوەڕوانیی ئەوەکە ئەم رێژیمە سنوورێک بۆ ئاژاوەگێڕی و کردەوە تێرۆریستییەکانی دابنێ، چاوەڕوانییەکی بێسوودە. دروشمی هەناردە کردنی شۆڕش بۆ دەرەوەی شتێک نەبوو جگە لە ناردنەدەرەوەی تێرۆر. هەر لەسەرەتاوە "ام القرا"ی ئیسلام بوو بە "ام القرا"ی تێرۆریزم و ولی امر مسلمین بوو بە "ولی امر"ی تێرۆریستەکان. لە سایەی پشتیوانی و پووڵە نەفتییەکانی کۆماری ئیسلامی دایە کە ئەمڕۆ گرووپ و تاقمی تێرۆریستی سەیروسەمەرە ئاسایش و ئەمنییەتی خەڵکیان لە سەرانسەری جیهاندا شێواندووە. تا ئەو رێژیمە لەسەرکار بێ تێرۆریزم بە قووەتی خۆی هەڕەشە لە جیهان دەکا و جیهان رووی ئاشتی بەخۆیەوە نابینێ. ئەگەر لەسەرەتاوە وڵاتانی بەهێزی جیهان بە تایبەتی وڵاتانی ئورووپایی سنوورێکیان بۆ هەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی و کردەوە تێرۆریستییەکانی دانابا و لە ماڵی ئەوان و بەبەر چاوی ئەوانەوە رێبەران و کەسایەتییە سیاسییەکانی کورد و ئێرانی تێرۆر نەکرابان و لە فکری سات و سەودا و ئیمتیاز وەرگرتن لە کۆماری ئیسلامی دا نەبووایەن، ئەمڕۆ شەقامەکانی پێتەختی وڵاتەکانیان نەدەبوو بە رمبازێنی تێرۆرستە رەنگاورەنگەکان کە هەموویان لە بیروباوەڕی دامەزرێنەر و رێبەرانی کۆماری ئیلهام وەردەگرن.

دۆستان و لایەنگرانی مافی رەوای کورد!

حەرەکەتی ئیعتیرازی و خۆپێشاندانەکانی خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران چەند ساڵێکە دەستی پێکردوە و ئێستا لەبەرەبەری خۆرۆشان دایە و رۆژێک دێ ئەو رێژیمی وەبەر لافاوی خۆی بدا. قەیرانی قووڵی ئابووری، دزی و فەسادی بەربڵاو لە دامودەزگاکانی حکوومەتیدا، سەرکوت و ئەشکەنجەو ئێعدامی لەرادەبەدەر، تاقەت و حەوسەلەی

خەڵکیان بەسەر بردوە. فشارو تەحریمی دنیای دەرەوەش زیاتر لەهەر کات ئەم ڕێژیمەیان خستۆتە تەنگانەوە. مووشەکبارانی کەمپی هێزە کوردییەکان لەدەرەوەی سنوور و ئێعدامی ڕۆڵەکانی نەک لە رووی قەدرو قودرەتەوە بەڵکوو تەنیا پەلەقاژەیەکی شێتانە و سەرەڕۆیانەیە لە بەرامبەر دۆخی ناوخۆو دەرەوەدا و لە دڵەڕاوکێ و ترس لە داهاتووی سەرانی کۆماری ئیسلامییەوە سەرچاوە دەگرێ.

کورد و هێزە ئازادیخوازەکانی قوربانیانی هەرە سەرەکی و پێشەوەی ماشێنی شەڕ و تێرۆری کۆماری ئیسلامین. کورد لە رابردووشدا کارەساتی لەم چەشنەی زۆر تاقی کردوونەوە، بەڵام بزووتنەوەکە پاشەکشەی نەکردوە. ئەگەر سەرکوت و کوشتار و تێرۆر کاریگەریی لەسەر ئیرادەی ڕۆڵەکانی کورد هەبووایە، بزووتنەوەی کورد لە جوغرافیای کوردستاندا ئاوا بەربڵاو و لە نێو خەڵکی کوردستاندا ئاوا قووڵ نەدەبۆوە. ئەوەتا! ئەگەر ڕۆژێک مەهاباد و دەوروبەری مەڵبەندی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی کورد بوو، ئەمڕۆ سنە و کرماشان ئەوە دەبن و بە ناوەندی ئەم بزووتنەوەیە. دژکردەوەی خەڵکی کوردستان لەبەرامبەر رووداوی ٨ی سێپتامبردا ئەم راستییەی سەلماند.

ئەندامان و لایەنگرانی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان!

ئەگەر رووداوی ٨ی سێپتامبر خەسار و کارەساتێکی گەورە بوو بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان و هەموو بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات، "بەڵێ"ی گەورەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بانگەوازی ئێوە، بۆ مانگرتنی گشتی دەسکەوتێکە کە دەیان ساڵ بوو بەم شێوەیە وەدی نەهاتبوو. ئەم مانگرتنە دەکرێ وەک شۆرشێکی نوێ سەیری بکرێ. ئەم حەرەکەتە هەڵگری مانا و تایبەتمەندییەکی زۆرە. تایبەتمەندیی هەرە گەورەی ئەم مانگرتنە گشتییە یەکڕیزی و یەکدەنگیی خەڵکی سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هەموو چین و توێژ و ناوچە جیاجیاکانیەوە بوو. دەبێ ئیعتراف بکەین ئەوان لەو ئەرکە گرنگ و چارەنووسسازەدا پێشڕەو بوون. ئەگەر هێزە سیاسییەکانیش وەڵامی "بەڵێ" بەو یەکگرتنەی خەڵکی کوردستان نەدەنەوە ئەو سەرکەوتنە مەزنە بەفیڕۆ دەچێ. حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ گەیشتن بەو ئامانجە نەتەوەیی و نیشتیمانییە لە هیچ هەوڵێک درێغی ناکاو پێشوازی لە هەر چەشنە هەنگاوێک لەم پێناوەدا دەکا.

– سڵاو لە یاد و ناوی شەهیدانی ٨ی سێپتامبر،

– سڵاو لە ئیرادەو سەبووریی بنەماڵەو کەسوکاری شەهیدانی تازەمان،

– برووخێ ڕێژیمی شەڕخواز و تێرۆریستی کۆماری ئیسلامی

لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە و لە ڕێگەی کۆمیتەی حیزبەوە لە فەرانسە پڕ بەدڵ سپاسی ئێوە دەکەین کە زەحمەتتان کێشاوە و لە ڕێی دوور و نزیکەوە هاتوون لە ڕێپێوانەدا بەشدار بوون.

کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە فەرانسە

١٤ی سێپتامبری ٢٠١٨(٢٣ی خەرمانانی ١٣٩٧)

## دژ بە هێرشی مووشەکیی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆسەر قەڵای دێموکرات، لە نۆرویژ ئاکسیۆنێک بەڕێوە چوو



بەمەبەستی مەحکومکردنی هێرشی یی مووشەکیی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆسەر بنکە و بارەگاکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و لەسێدارەدرانی سێ چالاکی دیکەی سیاسیی کورد لە ناوخۆی وڵات و گەیاندنی دەنگی ناڕەزایەتی بە گوێی بیروڕای گشتی و وڵاتان، ڕۆژی هەینی، ١٤ی سپتامبەری ٢٠١٨، ناوەندی هاوکاریی هێزەکانی

ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نۆرویژ، بە بەشداریی سەدان کەس لە کوردستانییان ئاکسیۆنێکی لەبەردەم باڵەخانەی وەزارەتی دەرەوەی نۆرویژ پێک هێنا.

سەرەتا بەڕێزان خاتوو" بەفرین رۆستەمی" و "شێرزاد زریان"ەوە بە دوو بە زمانی کوردی و نۆرویژی بەخێرهاتنی بەشداران کرا و کورتەیەک لەسەر ئاکسیۆنەکە قسە کرا. پاشان پەیامی هاوبەشی ناوەندی هاوکاریی هێزەکانی ڕۆژهەڵات بە زمانی نۆرویژی لە لایان خاتوو "شنۆ شەیعەت پەنا" و بە زمانی کوردی لە لایان بەڕێز "فاروق عەباسی"یەوە پێشکەش کران کە لە بەشێک لە پەیامەکەدا هاتبوو: "ئێمە وەک نوێنەری حیزب و ڕێکخراوەکان و ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە نۆرویژ تاوانی دڕندانەی ئێعدامی ٣ لاوی ئازادیخوازی کورد، بە ناوەکانی: رامین حوسین پەناهی، زانیار و لوقمان مرادی، هەر وەها هێرشی مووشەکی و کۆمەڵکوژانەی سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی حدک بە توندی مەحکووم دەکەین و هاوکات داوا لە دەوڵەت و بە تایبەتی وەزارەتی دەرەوەی وڵاتی نۆرویژ دەکەین بەرامبەر بە دەستدرێژی و تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی لە دژی ئازادیخوازانی کورد لە نێوخۆی ئێران و لە دەرەوەی سنوورەکان بە تایبەتی بەرامبەر کۆمەڵکوژیی ڕۆژی ٨ی سێپتامبەر لە قەڵای دیموکرات بە دەستی ئەو ڕێژیمە، بێدەنگ و بێهەڵوێست نەبن و دەنگی نارەزایەتی خۆتان بە ڕێژیمی ئێران رابگەیەنن و ئەو جینایەتە مەحکوم بکەن."

لە ئاکسیۆنەدا، یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، ڕێکخراوی کوردستانیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران - کۆمەڵە، پارتی سۆسیالیستی چەپی نۆرویژ SV، بەڕێز "رەحمان ساکی" و "رەزا چواردۆڵی" هەریەک پەیامی تایبەتیان بەم بۆنەوە هەبوو.

١٤ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

## بەڕێوەچوونی سمیناری "کورد قوربانی تیرۆریزم"



بە بەشداری ژمارەیەکی بەرچاو لە کوردستانیان و ئێرانیان دانیشتووی فینلاند، سمیناری "کورد قوربانیی تیرۆریزم" لە شاری هێلسینکی بەڕێوە چوو. رۆژی شەممە ١٥ - ٩ - ٢٠١٨ سمینارێک لە ژێر ناوی "کورد قوربانی تیرۆریزم" بە بۆنەی ٢٦مین ساڵڤەگەری تیرۆری دکتۆر سەعید و هاورێیانی و هەروەها بۆ یادی شەهیدانی ١٧ی خەرمانانی ئەمساڵ لە شاری هێلسینکی بەڕێوە چوو. ئەم سمینارە کە لەلایەن ناوەندی هاوکاری حیزبە سیاسیەکانی کوردستان رێک خرابوو سەرەتا بە سروودی نەتەوایەتی ئەی رەقیب و خولەکێک بێدەنگی بە یادی شەهیدانی کوردستان دەستی پێکرد.

سمینار لە لایەن فایق مەسعوودی بە نوێنەرایەتی ناوەندی هاوکاری کرایەوە. بەدوای ئەودا پەیامی ناوەندی هاوکاری هێزە سیاسیەکانی کوردستانی ئێران لە فینلاند، لە لایەن خەلیل عەلیزادە پێشکەش کرا. ئەمجار پەیامی لیژنەی رێکخراوی فینلاندای پارتی دێموکراتی کوردستان لەلایەن حاکم عوسمان پێشکەش کرا. لە بەشێکی دیکەی پەیامەکاندا راگەیاندراوی ناوەندی هاوکاری هێزە سیاسیەکان بە زمانی فارسی لە لایەن سادق عەسکەریەوە پێشکەش کرا. دوای پێشکەش کردنی پارچە شێعرێک لە لایەن عەبدوڵا حاجی چەند پارچە سروودی شۆرشگێری لە لایەن هونەرمەندی کورد رەشید فەیزی نژادیەوە خوێندرایەوە.

لە بەشی دووەمی سمینارەکەدا مەجید حەقی وتارێکی لە ژێر سەردێری "ستراتیژی تیرۆریزم لە کۆماری ئیسلامی ئێران تیرۆری میکۆنۆس و شوێندانەری لەسەر پێوەندیەکانی ناونەتەوەیی بۆ پرسی کورد" پێشکەش کرد. بەدوای

ئەودا دکتۆر جەواد دانشپەژووی وێڕای ناساندنی کتێبی "کوشتاری بی پایان" ئامارەکانی تیرۆر و ئێعدامەکانی ڕژێمی ئێران لە ماوەی ٤٠ ساڵی ڕابردوو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نیشانی بەشداران دا. لە بەشێکی دیکەدا جەعفەر مستەفا سوڵتانی، وتارێکی لە ژێر سەردێری "تۆڕەکانی تیرۆری ڕژێم لە ناو حیزبەکاندا" پێشکەشی بەشداران کرد. لە کۆتاییدا وتاربێژان لە پانێلێکدا وەڵامی پرسیار و سەرنجەکانی بەشدارانیان دایەوە.

سمیناری "کورد قوربانی تیرۆریزم" لە کەشێکی هاوکاری و برایانە و یەکگرتووخوازانەدا بەڕێوەچوو و لە گەڵ پێشوازی گەرمی بەشداران بەرەوروو بوو.

١٥ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

## کۆڕی پرسە و ڕێزلێنان لە شەهیدانی کارەساتی قەڵای دێموکرات لە دانمارک بەڕێوەچوو




ڕۆژی شەممە ١٥ی سێبتامبری ٢٠١٨ هاوکات لەگەڵ بەسەرچوونی هەفتەیەک بەسەر جنایەتەکانی شەممەی خوێناوی واتە لە سێدارەدانی تێکۆشەرانی کورد و موشەکبارانی قەڵای دێموکڕات لە هەشتی سێبتامبر، ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان - کۆمیتەی دانمارک کۆڕێکی پرسە و ڕێزلێنانیان لە شاری غۆسکیلدەی وڵاتی دانمارک بەڕێوە برد.

سەرەتا رێورەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتی ئەی رەقیب و ساتێک بێ دەنگی بۆ گیانی شەهیدانی ئەم کارەساتانە و هەموو شەهیدان و گیانبەختکردووانی رێگای رزگاری وڵات دەستی پێکرد و داوا لە هاورێ سولەیمان کەلەشی کرا تا وەکوو بەرپرسی کاتی ناوەندەکە چەند وتەیەک پێشکەش بکا و رێورەسمەکە بکاتەوە، ناوبراو لە وتەکانیدا جەختی لە درێژەدانی رێگای ئەو رێبوارانەی ئازادی گەلەکەمان کردەوە و باسی لە زەروورەتی یەکدەنگی و بە یەکەوە بوونی لایەنەکانی کرد و سپاسی بە دەنگەوە هاتنی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستانی کرد.

بەشی یەکەمی کۆبوونەوەکە تایبەت بوو بە خوێندنەوەی پەیامی ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران کە لە لایەن هاورێ خالید رەواندووست پێشکەش بە ئامادەبووان کرا و تێیدا وێرای بەخێرهاتنی میوانان سپاسی بەشداری هەموو لایەکی کرد کە لە ماوەی یەک هەفتەی رابردوودا یەکدەنگ و یەکهەڵوێست لە دژی کۆماری ئیسلامی دەنگیان هەڵبریوە و هەروەها باسی لەوە کرد کە ئێمە سەرەڕای بە ژان بوون و گەورەیی کارەساتەکە لە خەبات و تێکۆشان سارد نابینەوە و باوەرمەند بە هێزی جەماوەری کوردستان بەردەوام دەبین تا رووخاندنی دێوزمەی کۆماری ئیسلامی ئێران.

هەر لە بەشی یەکەمدا پەیام و برووسکەی چەند لایەنێک خوێندرایەوە کە هەر هەموو بە تێکڕایی هاوخەمی و هاوسۆزی خۆیان دەگەڵ بنەماڵەی ئەم شەهیدانە راگەیاند و هەنگاوەکانی لێک نیزیک بوونەوەی هێز و لایەنەکانیان بەرز نرخاند و پشتگیری خۆیان لە جەماوەری رۆژهەڵاتی کوردستان دووپات کردەوە و ئیدانەی ئەو هێرشە درندەیە و لە سێدارەدانی لاوانی کوردیان لە لە لایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە کرد.

لە بەشی دووهەمی کۆڕەکەدا لە لایەن ئەحمەد رەحمانی پەخشانێک تایبەت بەم کارەساتانە ئامادە کرابوو کە جەنابیان پێشکەشی بەشداربووانی کرد و پاشان سوپاسنامەی ناوەندی هاوکاری لە لایەن هاورێ کاوە فتووحی خوێندرایەوە و بۆ جارێکی دیکە سپاس و پێزانینی ناوەندیان ئاراستەی هەموو کوردانی دانیشتووی وڵاتی دانمارک کرد کە لەو ماوەیەدا شانبەشانی خوشک و براکانیان لە رۆژهەڵات لەسەرشەقام بوونە و پشتگیریان لە رۆڵەکانیان کردووە.

لە کەشێکی پڕ ماتەم و پڕ لە هاوسۆزی دەگەڵ بنەماڵەی شەهیداندا، هاوکات لە کەشێکی پڕ لە هیوا و هومێد بۆ

داهاتوو بە سروودی ئەی شەهیدان و هەستانە سەرپێی بەشداران کۆتایی بە ڕێوڕەسمەکە هات.

ئەو هێز و لایەنانەی لە کۆڕەکەدا پەیام و بروسکەیان بوو بە ریزی خوارەوەن:

پارتی سۆسیالیستی کوردستان باکوور

پارتی دێموکراتی کوردستان

یەکیەتی نیشتمانی کوردستان(برووسکە)

حیزبی شیوعی کوردستان(برووسکە)

پارتی دێموکڕاتی پێشرەوی رۆژئاوا

پارتی دێموکراتی کوردستانی رۆژئاوا

کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی دێموکرات

فدارسیۆنی کۆمەڵە کوردیەکان لە دانمارک

١٥ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

## خۆپیشاندانی کوردانی ئۆتریش دژ بە ڕژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی ئێران و مەحکووم کردنی هێرشی مۆشەکی قەڵای دیموکرات



لە سەر بانگهێشتی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان کۆمیتەی ئوتریش، لە ڕێکەوتی ١٥ی ٩ی ٢٠١٨ بە بەشداری و هاوکاری بەشێکی هەرە زۆری حیزب و لایەنە سیاسیەکانی کورد و خاریجی لەم وڵاتە، خۆپێشاندانێک دژی موشەکبارانی تێکۆشەرانی دیمۆکرات لە سێدارەدانی شۆڕشگێڕانی کورد وەڕێ خرا. ئەم خۆپێشاندانە کە لە ڕێکەوتی ١٥ - ٩ - ٢٠١٨ لە کاتژمێر ٢ی دوانیوەڕێ لە بەر دەرکی ئۆپێرای شاری ڤییەن لە ناوەندی شار دەستی پێکرد، بەشێکی زۆر لە حیزب و ڕێخراوەکوردیەکان و ئوتریشی بەشداربوون.

بەرنامەی ئەم خۆپێشاندانە بە سرودی نەتەوایەتی ئەی رەقیب دەستی پێکرد و پاشان پەیامی هێزە سیاسیەکانی کورد بە زمانی کوردی لە لایەن کاک دوکتۆر جەزا ساڵح یەوە خوێندرایەوە، ئەوجار هەر هەمان پەیام بە زمانی ئاڵمانی لە لایەن محەممەدی فەقێ عەلی یەوە خوێندرایەوە.

لە دوای خوێندنەوەی پەیامی هێزە سیاسیەکان بە هەردوو زمانی کوردی و ئاڵمانی، وتەیەکی خاتوو سیمۆنە دینها هارتمان، لە دامەزرێنەرانی ڕێکخراوی Stop the Bomb کە ڕێکخراوەیەکی دژی بۆمبی ئەتۆمی ئێرانە و لە وڵاتەکانی ئاڵمان و ئوتریش چالاکی بەرچاوی هەیە لە لایەن خۆیەوە پێشکێش کرا، خاتوو سیمۆنە وێڕای مەحکوم کردنی ئەم ترۆرە، ئیشارەی بە بێ دەنگی ناوەندەکانی نێونەتەوەی وزلهێزەکان کرد لە بەرانبەر

کردەوەکانی ترۆریستی کۆماری ئیسلامی ئێران بە داخەوە هەموویان بێ دەنگی هەڵدەبژێرن.

لە بەشێکی دیکەی بەرنامەکەدا پەیامی یەکییەتی ژنانی دیمۆکراتی کوردستان لە لایەن کورش حاجی عەزیزی دەوە خوێندرایەوە.

لە ناو ئانخی بەرنامەکە دا، یەک دوو پارچە هەڵبەست لەلایان هاورێ ئەکرەم حەسۆ خوێندرایەوە، هەروەها لاوی دەنگخۆش پڕ لە هەست سامان عەباسی سردوی من پێشمەرگەی کوردستانمی پێشکەش بە بەشداران کرد.

پەیامی هەر یەک لە بێریوان ئەسڵان لە حیزبی سەوز و دیدی چاخ لە حیزبی کۆمونیستی ئوتریش و هەروەها دوکتۆر تۆماس شمیدینگەر دۆستی کورد خوێندرایەوە، هەریەک لەوانە بە نۆبەی خۆیان هاوخەمی و هاودەردی خۆیان بۆ حیزبی دیمۆکرات و بنەماڵەی قوربانیەکان دەربڕیبوو و ئەم جنایەتەی کۆماری ئیسلامی ئێرانیان بە توندی مەحکوم کرد.

پێویستە بگوترێ کە ئەم حیزب و ڕێکخراوانە بەشدار و پشتیوانی ئەم خۆپێشاندانە بوون.

حیزبی دیمۆکراتی کوردستان
حیزبی دیمۆکراتی کوردستان ئێران
پارتی دیمۆکراتی کوردستانی سوریە
حیزبی شیوعی کوردستان
پارتی ئازادی کوردستان
ئەنجومەنی کوردەکانی سوریە
پارتی دیمۆکراتی پێشوەڕۆی کورد لە سوریە
پارتی یەکیەتی دیمۆکراتی کوردستان الوەحدە
پارتی یەکیەتی کورد لە سوریە
ئەنجومەنی کوردە ئێزیدیەکان

**ڕێکخراوی Stop the Bomb**

**١٥ی سێپتەمبەری ٢٠١٨**

## کۆڕیادی ڕێزگرتن لە شەهیدانی ١٧ی خەرمانان بە بەشداری زیاتر لە ١٢٠٠ کەس لە ستۆکهۆڵمی پایتەختی سوید بەڕێوە چوو



**ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٤ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاویی بەرامبەر بە ١٥ی سێپتامبری ٢٠١٨ی زایینی، کومیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی سوید، بە هاوکاری کومیتەی یەکێتییەکانی ژنان و لاوان لەو وڵاتە، بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدانی سوورخەڵاتی ١٧ی خەرمانانی قەڵای دێموکرات و لاوانی کورد کە لە لایەن جەلادانی ڕژیمی کوردکوژی ئیسلامی ئێرانەوە لە سێدارە دران، لە شاری ستۆکهۆڵمی وڵاتی سوید، ڕێوڕەسمێکی بەشکۆیان ڕێکخست. لەو ڕێورەسمە دا زیاتر لە ١٢٠٠ کەس بەشدار بوون و نوێنەری زۆربەی هەرە زۆری حیزب و ڕێکخراوەکانی هەر چوارپارچەی کوردستان، ئەندام و لایەنگر و دۆستانی حیزبمان و کۆمەڵێکی یەکجار زۆر لە کوردانی خاوەن هەڵوێستی نێشتەجێی وڵاتانی سوید، نۆرویژ و دانمارک تێیدا بەشدار بوون، ڕێز لە گەورەیی شەهیدانی ١٧ی خەرمانان و هەموو شەهیدانی کوردستان گیرا.**

بەرنامەکە کاتژمێر ٢,٣٠ خولەکی پاشنیوەڕۆ بە وتەی دەستپێک و بەخێرهێنانی میوانان لە لایەن بەڕێوەبەرانی کۆڕیادەکە، هاوڕێیان سۆزان فەتحی و مەریوان نەستانی و بە سرودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب کە لە لایەن کۆرسی سروودی یەکێتی لاوانەوە پێشکەش کرا دەستی پێکرد. پاشان پەیامی بنەماڵەی شەهیدانی ١٧ی خەرمانان لە لایەن خاتوو شۆعلە قادری، خوشکی شەهیدی سەربەرزی حیزبەکەمان سوهەیلا قادری،یەوە خوێندرایەوە.

ئینجا بەڕێز سەعید بیگزادە، ئەندامی ڕێبەری و بەرپرسی تەشکیلاتی دەرەوەی وڵاتی حیزبی دیموکراتی کوردستان پەیامێکی پڕ بایەخ کە هەڵگری سیاسەت و وتەی ڕێبەری حیزب بوو پێشکەش کرد.

هاوڕێ سەعید بیگزادە لە وتەکانی دا بە ئاماژەبەو دۆخەی کە بۆ حیزب و نەتەوەکەمان هاتووەتە پێش وتی:

خۆمان ئامادە دەکرد کە لە دەوروبەری سەرساڵی شەهید کردنی دکتور سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانی، یادی ئەو گەورە و مەزنانە لە دەرەوەی وڵات بکەینەوە. ساڵی ١٩٩١ ئەو ڕێبەرانە بە دەستی تێرۆریستانی ڕژیمی خوێنڕێژی ئیسلامی ئێران گیانیان لێ ئەستێندرا. دوژمنان ئەو کاتە پێیان وابوو کە بە لێدانی مێشکی سەرەکی گەلی کورد خەباتی ئەو گەلە دەخەوێ، غافڵ لەوەی کە ئەو میللەتە فێرە، ڕاهاتووە، فیداکاری ڕۆڵەکانی خۆی بۆ ئازادی و بەختەوەری فیدا دەکات. مۆڵەتی ئەوەمان پێنەدرا، ڕووداوی ١٧ی خەرمانان هاتە پێش. خۆمان بۆ ئەو یادە ئامادە دەکرد دوو کۆسپی دیکەشمان بۆ هاتە پێش. تێکۆشەرێکی زۆر دێرین، کە بە تەمەنی حیزبی دیموکراتی کوردستان خەباتی پێشمەرگانە و خەباتی سیاسی هەبوو، سیمایەکی ناسراو لە ناوچەی بانە، مامە قالە فەتحییان، ناسراو بە "مامە قالەی شۆڕش"، ئەندامێکی بە وەفای حیزبی دیموکراتی کوردستان لێرە بەجێی هێشتین. هەر بەوەوە ماندوو بووین و هێشتا وەخۆ نەهاتبووینەوە بەرنامە ڕێزییەکانمان تەنزیم بکەین، خەسووی ڕەفیقی تێکۆشەر و هاوڕێی خۆشەویستمان کاک ئەبوو بەکری ڕاد و دایکی هاوڕێ و خۆشکی ئازیزمان سوڕەیا گەنجە بەجێی هێشتین. ئەو دوو ئازیزە بۆ گەورەیی ئەم ڕۆژە، سەرفی نەزەریان کرد لە دانانی مەراسیمی تایبەت بە خۆیان و شینی خۆیان تێکەڵ بە وەفاداری بە ڕێبازی ئەو شەهیدانە کرد و هاتن لەگەڵماندا دانیشتن سپاسیان دەکەین و هاوخەمیانین.
ڕۆژی ١٧ی خەرمانان کاتێک کە کۆمیتەی ناوەندی ح د ک نۆهەمین پلۆنۆمی خۆی بەڕێوە دەبرد، سەعات ١٠ و ٤٧ دەقیقەی بەیانی شوێنی کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندی کەوتە بەر هێرشی مووشەکیی کۆماری خوێن و سێدارە. پتر لە ٦٠ لە ئەندامانی ڕیبەری و کادرە بە وەجەکانی ح د ک و دوو پێشمەرگەی حیزبی حدکا لەو هێرشەی ڕژێمی

جمهوری ئیسلامی دا بۆ سەر قەڵای دێموکرات شەهید و بریندار بوون. ئەندامانی ڕێبەریی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بەشدار لەو پلینۆمەدا، هەر هەموویان یان شەهید بوون یان بریندار بوون. کۆماری ئیسلامی، و کۆماری پەت و خوێن پێی وابوو ئەگەر لە مێشکی حیزبی دیموکراتی کوردستان بدات، سەرکەوتنێکی زۆر گەورە بە دەست دێنێ. سەرەڕای ئەوەی کە بەشی هەرە زۆری ڕێبەری حیزب بریندار و شەهید بوون، بەڵام بەشێکی دیکە لە ئەندامانی ڕێبەری کە حزووری فیزیکییان لەو کۆبوونەوەیە دا نەبوو، لە ماوەی کەمتر لە سەعاتێک دا سوکانی تەواوی ئۆرگانەکانی حیزبیان گرتەوە دەست. بۆ ڕووداوی ئاوا قوورس باس و قسە کردن لە مەجالێکی ئاوا کورت دا ناگونجی، بەڵام ئێمە کە هاتنین بووین بە پێشمەرگە هاتین بووین بە خەباتکاری میللەتەکەمان، دەمانزانی ئەو ڕێگایانەمان لە بەرە، بۆیە بێگوومان ئەو زەربە و زەربەی لەوە قورستریش ناتوانێ بە چۆکماندا بێنێ. ڕووداوی ١٧ی خەرمانان و ئێعدامی ڕۆڵەکانی کورد لە نێوخۆی وڵات، تێکۆشەرانی خەباتی مەدەنی و نێوخۆیی وڵات، بۆ تۆقاندن، بۆ ترساندن و بۆ پاشەکشەکردن بە هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بۆ چاوترسێن کردنی خەبات کاران لە لایەن جمهوری ئیسلامییەوە ئەنجام درا. بەڵام ئایا جمهوری ئیسلامی مەبەستی خۆی لەم ئێعدامانە، لەم مووشەک بارانە، لە شەهیدکردنی ڕێبەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان وەدەست هێنا؟ وڵامەکەی ئەو هەڵوێستە بە هێزەی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە هاودەنگی لەگەڵ یەکتر ڕوو لە کۆڕ و کۆمەڵی نیوخۆی وڵات بۆ پشتگری کۆی جەماوەری خەڵکی کوردستانیان کرد و لە ئیلام و کرماشانەوە تا سەڵماس بە دەنگی هیزەکانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هاتن، جوابێکی قورس، ددان شکێن و مەحکەم بە دەوڵەتی ئێران بوو، کە کورد لە پشت یەکە، لەگەڵ یەکە و دەردی یەکە، داواشی یەکە و خەباتیشی یەکە. لە حیزبی جیا دا کار دەکەین، لە ڕێکخراو و تەشەکوولی جیا دا کار دەکەین بەڵام مەبەست ومەسیر و ڕێگا و چارەنووسمان یەکە. بۆیە لە پشت یەک و لەگەڵ یەک، خەڵک ئەم جارە لە هەموو جارێک چاکتر سەلماندی کە ئەگەر ئێمە لەگەڵ یەک بین ئەوانیش لەگەڵمانن و پشتگرمانن، بۆیە دەستخۆشی بۆ هەموو ئەو حیزبانەی کە هاودەنگ بوون بۆ ئەم حەرەکەتە گەورەیە.

مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات ئەگەر زەربەی گەورەی لە حیزبی دیموکراتی کوردستان دا، بە تەنیا ڕووی لە حیزبی دیموکراتی کوردستان نەبوو. ئەو حەرەکەتەی کۆماری ئیسلامی لە ڕاستی دا پەلە قاژەکانی دواییەتی کە ویستی ددان تیژ و چیر کاتەوە لە هەموو ئەو دەوڵەتانە و ئەو هێزانەشی کە لەو ناوچەیە دا لەگەڵیان لە بەربەرەکانی دان. لە بن گوێی ئەو وڵاتانەی کە شەڕی داعش دەکەن، زلەیەکیش لە بن گوێی ئەوان دەدرێ. لە

ڕاستی دا دەوڵەتی ئێران بەو مووشەک بارانە، لەگەڵ لێدانی ئێمە ویستی بەئەوانیش بڵێ ئەگەر بمانەوێ لە بەرامبەر ئێوەش دا دەتوانین بێینە پێش. دەتوانین لێتان دەین بەو جۆرە کە لە حیزبی دێموکراتی کوردستانمان داوە. ئەو مووشەکانەی کە جمهوری ئیسلامی لە لێدانی قەڵای دێموکرات بە کاری هێنا، لە هیچکام لە شەڕەکانی ناوچە دا ئێران، تا ئێستا بە کاری نەهێناوە.

کەوابوو ئاکامی ئەو حەرەکەتەی جمهووری ئیسلامی، سەرەڕای ئەو زەبرەش کە لێیدان، بەڵام نەتەنیا تێیدا سەرکەوتوو نەبوو، بەڵکوو بێگوومان ئەو کردەوە داوێنی زۆر توندتر لە پێشوو دەگرێ. ئەو ناوچە پڕ لە کێشە و شەر و ئاژاوە، بێگومان ئەو کەڵەوەکێشییە لە کۆماری ئیسلامی قبووڵ ناکات، نەک لەبەر ئێمە، بەڵکوو لە بەر بەرژەوەندییەکانی خۆیان.

دوای کارەساتی ١٧ی خەرمانان، خرۆشانی ٢١ ی خەرمانان و بەدەنگەوە هاتنی خەڵکی کوردستان چەند پەیام بە ئێمە دەدا. لە ماڵ نەهاتنە دەری کۆمەڵانی خەڵک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە زۆر جار وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان گوتوومانە شوێنی بەهێزی خەباتی ئێمە، مستی مەحکەمی خەباتی ئێمە دژ بە داگیرکەران و دوژمنانی گەلەکەمان کۆمەڵانی خەڵک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانن، خاڵێکی وەرچەرخان و نوقتە عەتفێکە لە خەباتی سەرانسەری ئێرانیش دا. جارێکی دیکەش ڕۆژهەڵاتی کوردستان نیشانی دا کە لە ئێراندا پێشەنگە. خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەو حەرەکەتەیان نیشانیاندا کە ئەگەر حیزبەکانی یەکگرتوو بن ئاوا وڵامیان دەدەنەوە. بە دەوڵەتی ئێرانیان گووت تۆ ڕۆڵەکانمان دەکوژی ئێمە لێت قبووڵ ناکەین ئاوا وڵامت دەدەینەوە. لە هەمانکاتدا دا ئەو جوابەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دایانەوە پەیامێکی قایم بوو بە نوێنەرەکانی خۆیان، بە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە ئێوە ئەگەر یەک بن ئێمەتان ئاوا هەیە. ئێمە وەک حیزبی دیموکراتی کوردستان سەرەکیترین زیانمان وێ کەوت، بەڵام ئەو خەڵکە هەمووی بۆ ئێمە نەهاتە دەر، هەموو بۆ ئێمە دانەنیشت، هەمووی بۆ ئێمە خەفەتی هەڵنەگرت، بۆ کۆمەڵە کردی، بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران وبۆ خەباتیشی کرد.

هاوڕێ سەعید بیگزادە لە بەشێکی دیکەی قسەکانی دا ئاماژەی بە یەکدەنگیی ئەندام و لایەنگری حیزبەکان و ڕەوەندی کوردی لە دەرەوەی وڵات کرد و ئاماژەی بەو خۆپێشاندان و مانگرتن و شەپۆلی هاودەردییە کرد کە بۆ

هاوخەمی لەگەڵ حیزبەکان لە خۆیان نیشان دا، کە جێی خۆیەتی لە لایەن حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە هەم سپاسێکی گەرم ئاڕاستەی کۆمەلانی خەڵک لە ناوخۆی ڕۆژهەلاتی کوردستان بکەین و هەم بۆ ئێوەی تێکۆشەر لە دەرەوەی وڵات کە ئەو سەنگەرەتان ئاوا بەتین و بە گەرم وگوڕی ڕاگرتووە، سپاستان ئەکەم.

بەڕێز ئەندامی ڕێبەری حیزب لە درێژەی وتەکانی دا سەرەرای تیشک خستنەسەر دۆخی نالەبار و ناسکی حکومتی هەرێمی کوردستان، هاوکات گلەییەکی دۆستانەی لە دەسەڵاتدارانی حکومەتی هەریمی کوردستان کرد کە لە ڕووداوەکانی ١٧ی ڕەشەمە و تەنانەت ڕووداوەکانی پێشووتریش دا هەڵوێستێکی فەرمی گونجاو بەو هێرش و دەستدرێژییانەی ئێرانیان نەداوەتەوە و هەر ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی کە ڕژێمی تاران بوێرێ کردەوەی قێزەونتر ئەنجام بدات.

بەڕێز سەعید بەگزادە لە کۆتایی قسەکانیدا وێڕای دەربڕینی خەم و پەژارەی قووڵی حیزبی دێموکراتی کوردستان سەبارەت بەو کارەساتە، بۆ جارێکی دیکە هاوخەمی و هاودەردیی خۆی لەگەڵ بنەماڵەی سەربەرزی ئەو شەهیدانە و هەموو خەڵکی کوردستان دەربڕی و داوای کرد کە یەکرێزی و یەکگرتوویی خۆیان بپارێزن.

لە بەشێکی دیکەی ئەو کۆڕیادە هاوڕێ شللێر حەسەنپوور پەیامی ڕێکخراوی یەکێتی ژنانی دیموکراتی کوردستانی خوێندەوە. ئینجا هونەرمەندی خاوەن هەڵوێست و موزیسیەنی بە توانا کاک "پێدرام شەهلایی" چەند وتەیەکی لە سەر گەورەیی ئەو کارەساتە هێنایە زمان و ڕێزی لە شەهیدانی حیزب و نەتەوەکەمان گرت.

لە بەشێکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمە دا سروودی هێزی پێشمەرگە نابەزن و مەڕۆ مەڕۆ ، بە دەنگی خۆش و دڵ لاوێنی هونەرمەندان و کۆڕی سروودی یەکێتی لاوان و هاوکاری چەندین هونەرمەندی دەنگ خۆش و خاوەن هەڵوێست پێشکەش کرا. پێویست بە ئاماژەیە کە ئەو بەرنامە هونەرییە بە هاوکاری و ڕێنوێنی موزیکژەنی بەتوانای کورد، کاکە پێدرام شەهلایی،یەوە ئامادە کرابوو.

دواتر پەیامی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە وڵاتی سوید لە لایەن بەختیار عەبدولڕەحمان محەممەد پێشکەشی ئامادە بووان کرا. لەو پەیامەدا، نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان، سەرکۆنەی ئەو

هێرشەی حکومەتی ئێران و هاودەنگیی و دەست لێک گرێ دانی حکومەتە دژ بە کوردەکانی ناوچەکەی کرد و داوای کرد کە ڕێز لە سەروەری حکومەتی کوردستان و عێراق بگرن.

پاشان پەیامی کومیتەی سویدی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە لایەن خاتوو مەستوورە سوڵتانی،یەوە پێشکەش کرا.

لە بەشی دووهەمی ئەو کۆڕیادەدا پارچە هۆنراوەیەک لە لایەن خاتوو شیلان ساڵحی،یەوە خوێندرایەوە. پاشان کاک عەلی ئەسغەری خوسرەوی لە لایەن سازمانی دیموکراتیکی پارسانەوە وتەیەکی پێشکەش کرد. بە دوای ئەواندا تێکۆشەری دێرین و کەسایەتی سیاسی ڕۆژهەلات، کاک ئێقبال سەفەری وتارێکی بەپێزی پیشکەش کرد .

پێویستە بگووترێ کە ئاپۆڕەی خەڵکی بەشدار بە ڕادەیەک بوو کە لەبەر کەمی جێگە و بچووکی ساڵۆنەکە، سەدان کەس لە دەرەوەی ساڵۆنەکە وەستابوون و بەشداری ئەو کۆڕە ماتەمینییە بوون.

جێگەی ئاماژەیە کە چەندین پەیامی هاودەردی و پشتگیری لە لایەن حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکانەوە بۆ ئەو ڕێوڕەسمە ناردرابوو، کە لە بەر کەمی کات تەنیا ئاماژە بە ناوەکانیان کرا کە بریتی بوون لە:

- کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەیکێشانی ئێران
- کۆمەلەی زەحمەتکێشانی کوردستان
- حیزبی شیوعی کوردستان
- کۆمەڵە- ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کمۆنیستی ئێران
- پارتی دیموکراتی کوردستان
- سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران
- پارتی ئازادی کوردستان
- یەکێتی نیشتمانی کوردستان
- ڕێکخراوی خەباتی شۆڕشگێڕی کوردستان

- پارتی سەربەخۆیی کوردستان
- کۆمەلەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان
- کەسایەتی ناوداری کورد و حیزبی دیموکراتی کوردستان " کاک بابە حەلی مێهرپەروەر"
- کەمپینی یەیکبوون
- پەیامی هاودەردی هاوڕێ کاک ئەبووبەکر ڕاد
- پەیامی کاک ئەحمەدی شەریفی
- کومیتەی سویدی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان " پژاک"

۱۵ی سێپتەمبەری ۲۰۱۸

## پەیمانی وەفاداریی بەشێک لە ژنانی نێوخۆی وڵات، لە گەڵ شەهیدان "نەسرین و سوهەیلا"




دوای شەهید بوونی دوو ژنە پێشمەرگەی لێهاتوو، لە کارەساتی دڵتەزێنی ۱۷ی خەرمانان، بەشێک لە ژنان و کچانی چالاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە ڕێگای جۆراجۆرەوە، پەیامی سەرەخۆشی خۆیانیان پێشکەش بە هاوسەنگەران و بنەماڵەی شەهیدان نەسرین حەداد و سوهەیلا قادری کردووە.


لە پەیامی ژنان و کچانی چالاک و تێکۆشەر نیوخۆی وڵات وێڕای مەحکووم کردنی کردەوە تیرۆریستییەکەی ١٧ی خەرمانان و مووشەکبارانی کردنی بنکەی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە دەستی کۆماری ئیسلامی، لە گەڵ ڕێبازی شەهیدانی گەل، بەتایبەتی دوو ژنە شەهیدی حیزبی دێموکراتی کوردستان پەیمانی وەفایان نوێ کردوتەوەو، ئەو دوو ژنە شەهیدەیان بە سەمبۆلی ژنانی خۆڕاگری کوردستان لە قەڵەم داوە.

شیاوی باسە ئەو دوو ژنە تێکۆشەر و لێهاتوویە، کە چەندین ساڵ لە ریزەکانی حیزب وەکوو دوو کادری بەوەج و بە توانا ، لە ئۆرگانەکانی حیزبی دێموکرات ئەرک و بەرپرسایەتییان وەئەستۆ گرتبوو، رۆژی شەممە ١٧ی خەرمانان بە هۆی هێرشی هەوایی و مووشەکبارانی بنکەی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان گیانیان لەدەستداو پەیوەستبوون بە کاروانی شەهیدانەوە

جێیئاماژەیە لە درێژەی هاوخەمی کردن و پشتیوانی کردنی بەربڵاوی خەڵکی کوردستان لە گەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان، ژنان و کچانی نیشتمانپەروەر بە پەرۆشەوە هاوخەمیی خۆیانیان دەربڕیوەو شەهیدان سوهەیلا قادری و نەسرین حەدادیان بە هێمای خۆیان بۆ رووبەرووبوونەوە گەڵ دەسەڵاتی دژە ژن و دژە کوردی کۆماری ئیسلامیی ئێران ناوزەد کردووە.

١٥ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

## چالاکیی تەبلیغی بە بۆنەی شەهیدانی ١٧ی خەرمانان لە شاری سنە




لە چالاکییەکی تەبلیغیدا لە شاری سنە، هیرش بۆ سەر قەڵای خۆڕاگریی دێموکراتەکان مەحکوومکرا. چالاکان و لایەنگرانی بە ئەمەگی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری سنە ، شەوی ڕابردوو لە چالاکییەکی تەبلیغیدا بە بڵاوکردنەوەی تراکت و نووسراوەی پیوەندیدار بە هیرش بۆ سەر قەڵای دێموکراتی کوردستان ، سەر لەنوێ لەگەڵ ڕێبازی شەهیدانی گەل پەیمانی وەفادارییان نوێ کردەوەو ڕایانگەیاند؛ کە سنە قەڵای دێموکراتە.

شیاوی باسە ئەندامان و دۆستانی حیزب لە شاری سنە بە بڵاوکردنەوەی نووسراوەو تراکتی پێوەندیدار هاوکات لەگەڵ پشتیوانی کردن لە گەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە گەڵ ڕێباز و ئامانجی سەرجەم شەهیدانی حیزبی دێموکرات، بەتایبەتی شەهیدانی ١٧ی خەرمانان، پەیمانی وەفادارییان نوێ کردەوە.

جێیئاماژەیە لە ڕۆژانی ڕابردوودا، خەڵکی بە پەرۆشی کوردستان بە شێوازی جۆراجۆر لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان پشتیوانی خۆیانیان دەربڕی و کردەوە تیرۆریستیەکەی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیان مەحکووم کرد.

١٥ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

## ڕێوڕەسمی بەرز ڕاگرتنی یادی شەهیدانی قەڵای دێموکرات و تیرۆری میکۆنووس.



شەممە ١٥ی سێپتامبری ٢٠١٨ حیزبی دێموکراتی کوردستان - کۆمیتەی ئاڵمان ڕێورەسمێکی بۆ بەرز ڕاگرتنی یادی شەهیدانی قەڵای دێموکرات و تیرۆری میکۆنووس لە شاری کۆڵنی ئاڵمان پێک هێنا.

سەرەتای ڕێوڕەسمەکە بە خوێندنەوەی سروودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب و دەقەیەک بێدەنگی بۆ ڕێز لێنان لە گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێکرد.

لە لایەن پێشکەشکاری ڕێوڕەسمەکە هاوڕێ شەهێن قوربانی فەر داوا لە کاک قادر وریا ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان کرا کە بەنوێنەرایەتی لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستان، چەند وتەیەک پێشکەش بە بەشداربووانی ئەم ڕێوڕەسمە بکات.

بەڕێز کاک قادر وریا دوای بەخێر هاتنی بەشداربووان و دەربڕینی هاوخەمی لەتەک بەشداربووانی ئەم ڕێوڕسمە، خەباتی فرە ڕەهەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان و کاریگەری لەسەر پانتای سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستای وەک هۆکار بۆ کرەوە تیرۆریسیەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ سەر حدک ناوبرد و ئاماژەی بە تیرۆری میکۆنووس کرد

کە بوو بە هۆی گەرم و گوڕی چالاکی لێبڕاوی لە نێوان تێکۆشەرانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان و کۆمالآنی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

بەڕێز وریا لە درێژەی قسەکانی باسی لە هاوپێوەندی و هاوخەباتی نێوان تێکۆشەرانی ڕێگای ئازادی کوردستان و کۆمەلآنی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد کە لە دوای مووشەکبارانەکەی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ سەر بنکەو بارەگاکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و ئێعدام کردنی چوار بەندی سیاسی کورد، لە نێوانیان دا پێک هات.

بەڕێز وریا لە بەشێکی دیکەی قسەکانی دا وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان مانگرتنە مێژووییەکەی ٢١ی خەرمانانی وەک نوقتە گۆڕانێک لە خەباتی ئازادیخوازی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناو برد و بە ئاماژەکردن بە یەکگرتوویی چین و توێژە جیا جیاکانی کۆمەڵگای کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان داوای لە هەموو لایەنەکانیش کرد بە یەکگرتووییەکی زیاترەوە بەرەو چارەسەری پرسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەنگاو بنێن.

دوای تەواو بوونی قسەکانی بەڕێز وریا، داوا لە دکتور ئازاد کرا کە وتارەکەیان پێشکەش کات.

دکتور ئازاد دوای هاوخەمی کردن لەتەک بەشداربووان، ڕەسەنایەتی کۆماری ئیسلامی ئێرانی بۆ تیرۆر و ترساندن و تۆقاندن ناو برد و داوای لە هەموو لایەنەکان کرد کە بە یەکگرتووییەوە هەنگاو بنێن.

لە بەشێکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا لە لایەن سمکۆ ڕەشیدزادە، شێعرێک پێشکەش بە بەشداربووان کرا.

لە دێژەی ڕێوڕەسمەکەدا داوا لە خاتوو کوێستان فتووحی ئەندامی پێشووی ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان کرا کە وەک هاوسەنگەرێکی شەهیدانی قەلآی دێموکرات و شەهید سۆهەیلا قادری و شەهید نەسرین حەداد چەند دەقەیەک بۆ بەشدار بووان قسان بکان.

خوشکە کوێستان دوای دەربڕینی هاوخەمی و هاوسۆزی لەتەک بەشداربووان، شەهید بوونی خوشکە سۆهەیلا قادری و خۆشکە نەسرین حەدادی وەک خەسارێک نەک بۆ جولآنەوەی ژنان لە نێو ئەحزابی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵکوو

بۆ هەموو جووڵانەوەکانی ژنان لە رۆژهەلاتی کوردستان ناو برد..

دوای تەواو بوونی قسەکان خوشکە کوێستان فتووحی داوا لە بەرێز کاک رەفیق حسێن پەناهی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران کرا کە پەیامەکەیان پێشکەش بە بەشدار بووان بکەن.

بەرێز حسێن پەناهی لە سەرەتای قسەکانی دا بە ئاماژەدان بە شەهیدانی رێگای ئازادی کوردستان ئی هەموانن، باسی لە یەکگرتوویی ئەحزابی رۆژهەلاتی کوردستان کرد کە دوای هێرشە مووشەکییەکەی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆسەر بنکە و بارەگاکانی حیزبی دێموکرات و ئێعدام کردنی چوار بەندیی سیاسی کورد توانیان لە راگەیەندراوێک دا داوا لە خەڵکی رۆژهەلاتی کوردستان بکەن دژی سیاسەتە سەقەتەکانی و سیاسەتی سەرکوتکەرانەی، مانگرتنی گشتی بکەن.

بەرێز حسێن پەناهی بە ئاماژە دان بە مانگرتنەکەی ٢١خەرمانان باسی لە داوای رەوای نەتەوەکەمان کرد کە هەڵگری پەیامی یەکگرتوویی کۆمەلانی خەڵکی رۆژهەلاتی کوردستان بوو و هاوکات باسی لەوەش کرد کە ئەم پەیامە هەڵگری پەیامێکیشە بۆ حیزبەکانی رۆژهەلاتی کوردستان و پێویستە ئەو پەیامە بە هێند وەرگیرێ.

لە بەشێکی دیکەی ئەم رێورەسمە هونەرمەندی نەتەوەکەمان کاک بەکر لەگزی لە دوای هاوخەمی دەربڕین لەتەک بەشداربوانی ئەم رێورەسمە سروودێکی پێشکەش بە بەشدار بووان کرد.

لە بەشێ کۆتایی رێورەسمەکە لە لایەن کاک عیسا زوورانی پەخشانێک پێشکەش بە بەشدار بووان کرا.

شایانی باسە لەو رێورەسمەدا پەیامی سەرەخۆشی لە لایەن:

کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستان

حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، شاخەی کوردستانی

ناوەندی لێکۆڵینەوەی کورد لە ئاڵمان

پارتی دێموکراتی کوردستان

پێشکەشی حیزبی دێموکراتی کوردستان ـ کۆمیتەی ئاڵمان کرا.

ڕێورەسمەکە کاتژمێر ٣ی دوا نیوەڕۆ دەستی و پێکرد و کاتژمێر ٦ی ئێوارە کۆتایی پێهات

١٥ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

## خۆپیشاندانی نارەزایەتی کوردانی دانیشتووی سویس لە بەردەم ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان




لە سەر بانگهێشتی کومیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی سویس، بەشێکی بەرچاو لە کوردانی دانیشتووی ئەو وڵاتە ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٥ی سیپتامبری ٢٠١٨ی زایینی، بە مەبەستی نارەزایەتی دەربڕین دژ بە دەستدرێژییەکانی ڕیمی تێرۆریستی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ سەر خاکی هەرێمی کوردستان و لیدانی بنکەی سەرەکی دەفتەری سیاسی حیز ی دیموکراتی کوردستان و قەڵای دیموکرات لە شاری کۆیە، لە بەردەم بارەگای نەتەوە یەکگرتوەکان خۆپیشاندانێکیان ڕیکخست. خۆپیشاندەران بە دانی درووشی جۆراوجۆر و بە دەنگی بەرز

داوایـان لە بەرپرسـانی ئەو ڕێکخـراوە نێـودەوڵەتییە، ڕێکخراوەکـانی پـارێزەری مـافی مـرۆڤ و کـوڕی گشـتی نەتەوەیەکگرتووەکـان کـرد کە بێـدەنگی خۆیـان لە بەرامبەر سەرکێشییەکانی ئەو ڕژیـمە سـەرەڕۆ و تیرۆریسـتە دا بشکێنن و ڕێگە نەدەن کە ئاوا بە ئاسانی سەروەری خاک و ئاسمانی هەرێمی کوردتسان و عێراق پێشێل بکات.

خۆپیشاندەران داوایان کرد کە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان ئەو ئەو هێرشەی ڕژێمی تـاران بە تونـدی سـەرکۆنە و ڕیسوا بکات.

پێویست بە ئاماژەیە کە جگە لە حیـزب و ڕیکخـراوە کوردسـتانییەکان، نـوێنەری چەنـدین ڕیکخـراوی سـویس،یش بەشداری ئەوکۆبوونەوە ناڕەزایەتییەیان کرد.

لەو خۆپیشاندانە ئەو پەیامانەی خوارەوە خوێندرانەوە

- پەیامی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە هەر سێ زمانی ئینگلیسی ،فارسی، کوردی لە لایەن هاوڕێیـان ،کـاروان شێخ محەمەدی، تەها سەید محەمەدی و فارووق سیرووسی پێشکەش کرا

- هەروەها بڕیارنـامەی خۆپیشـاندەران لەوێ بە دەنگی کـاک ئەحمەد شێربەگی پێشکەش کـرا وهەمـان پەیـام بە زمانەکـانی ئینگلیسـی و فەرانسـەوی لەلایەن کـاک بابـان ئەلیاسـی و کـاک ئـازاد سـەڵەواتی خوینـدرایەوە. جێگای ئاماژەیە ئەو ڕێکخراو و کەسایەتیانەی کە لەوێش بەشدار بوون پەیامیان پێشکەش کرد بریتی بوون لە:
- سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران
- ئۆپۆزیسیۆنی سیکۆلار دێموکراتی ئێران

هەروەها ڕۆژنامەنووسی باکووری کوردستان کاک ئایدین بە توونـدی ئیـدانەی ئەو هێرشـەی کـرد و مەحکوومی کـرد هەروەها داوای یەکگرتوویشی لە هێزە سیاسیەکان کرد

ئەو خۆپێشاندانە بە چەندین سروود و درووشمی دژ بە کۆماری ئیسلامی بـۆ مـاوەی دوو سـەعات بەردەوام بـوو و لە

کۆتاییش دا بڕیارنامەی خۆپیشاندەران لە لایەن کاک ئازاد سەڵەواتی بەرپرسی ڕێکخراوی زاگرۆس بۆ مافەکانی مرۆڤ برایە ژووری نەتەوە یەکگرتوەکان و درا بەو ڕێکخراوە جیهانیە

جێگای باسە کە ئازاد سەڵەواتی و ڕێبوار مووسەوی بەڕێوەبردنی ئەو خۆپیشاندانەیان لە ئەستۆ بوو.

١٥ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

## خۆپیشاندانی کوردستانیانی دانیشتووی شاری ترۆندهایمی نۆروێژ دژ بە هێرشی ڕژیمی تاران بۆ سەر قەڵای دیموکرات ئێعدامی لاوانی کورد



خۆپیشاندانی کوردستانیان لە شاری "ترۆندهایم" بەمەبەستی شەرمەزارکردنی هێرشی هەوایی ڕژێمی تیرۆریستی ئێران بۆسەر بنکەو بارەگاکانی (حدک و حدکا) هەروەها لەسێدارەدانی لاوانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

ڕۆژی شەممە بەرواری ١٥ - ٩ - ٢٠١٨ لە شاری ترۆندهایم ڕەوەندی کوردی و نەرویجی و سەرجەم هێزولایەنی سیاسی و ڕێکخراو کەسایەتی نەتەوەیی و سەربەخۆ خۆپیشاندانێکیان سازکرد، بەمەبەستی شەرمەزارکردنی هێرشی هەوایی سەر بنکەو بارەگاکانی (حدک) حیزبی دیموکڕاتی کوردستان و (حدکا) حیزبی دیموکڕاتی کوردستانی ئێران

و لەسێدارەدانی نارەوای لاوانی بێگوناهی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هاوکات سەرجەم کارە تیرۆریستی و دەستێوەردانی ڕژێمی ئاخوندی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەگشتی. شایانی ئاماژە بۆکردنە هێزە کوردستانییەکان پەیامێکی هاوبەشیان بە هەر سێ زمانی (کوردی،نەرویجی و ئینگلیز)ی پێشکەش کرد، کە هەریەکە لە بەڕێزان (عەزیز مەعروفی)، (بێکەس بەرواری)، (کامڕان تەیموری)، پەیامەکەیان خوێندەوە، کە کورتەی پەیامەکەیان بریتی بوو لە:

پێشکەشکردنی داواکاریەک لە کۆمەڵگای نەرویج و حکومەت و پارت و ڕێکخراو لایەنی پێوەنداری کۆمەڵگای کوردی و سەرجەم پارت و ڕێکخراوە کوردستانییەکان تێکڕای ئەو کەسایەتی و لایەن و ڕێکخراوانەی کە بڕوایان بە ئازادی و ئاشتی و مافەکانی مرۆڤ و هەروەها مافی گەلان هەیە، لە هەر جێگایەکی جیهان کە هەن داواکاری هێزو لایەنە سیاسییەکانی بەشداربوو و ڕێکخەرانی خۆپیشاندانەکە بریتی بوون لە ئێمە وەک نوێنەری حیزب و ڕێکخراوەکانی کوردستانی وگە لی کورد لە شاری ترۆندهایم و دەوروبەری، تاوانی دڕندانەی لە سێدارەدانی( ٣) لاوی ئازادیخوازی کورد، بە ناوەکانی: "ڕامین حوسین پەناهی، زانیار و لوقمان مرادی"، هەروەها هێرشی هەوایی و مووشەکی و کۆمەڵکوژانەی سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی، بۆ سەر پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی حدک و شەهیدکردنی ئەندامانی حدک و حدکا و خەڵکی سیڤیل بە توندی مەحکووم دەکەین و هاوکات داوا کۆمەڵگای (نە رویجی و حکومەت وپارت و ڕێکخراوە نەرویجیەکان وکۆمەڵگای نێودەڵەتی و مرۆڤ دۆستانی جیهان) دەکەین کە بەرامبەر بە دەستدرێژی و تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی لە دژی ئازادیخوازانی کورد، لە نێوخۆی ئێران و لە دەرەوەی سنوورەکان، بە تایبەتی بەرامبەر کۆمەڵکوژیی ڕۆژی ٨ ی سێپتامبر لە قەڵای دیموکرات بە دەستی ئەو ڕێژیمە بێدەنگ و بێهەڵوێست نەبن و دەنگی نارەزایەتی خۆتان بە ڕێژیمی ئێران ڕابگەیەنن و ئەو جینایەتە مەحکوم بکەن وبێ هە ڵوێست نە مێنن، چونکە بێ هەڵوێستی وبێ دەنگێ دەبێتە هۆی بەردەوامی دان بە وکارە نامرۆڤانەی ڕژێمی ئیسلامی ئیران. لە ئاکامی هێرشی مووشەکیی سوپای پاسداران، ١٣ کەس لە ئەندامانی ڕێبەری و کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و، دوو کەس لە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران شەهید بوون. نزیکەی ٤٠ کەس لە تێکۆشەران و بنەماڵەکانی کوردی ڕۆژهەڵات بە هۆی ئەو هێرشە مووشەکییە، برینـدار بوون کە بە داخەوە بارودۆخی ژمارەیەکیان ناجێگیرە. ڕژێمی ئێران ڕژێمێکی دیکتاتوری یە و دە یان ساڵە گەل ونەتەوەکانی ناو وڵاتی دەچەوسێنێتەوە ورۆژانە چالاکوانی سیفیل وچالکاوانی سیاسی لە سێدارە دە دات و زۆڵم وستەم لە کەمە نەتەوەکان دەکات وبەتایبەت گەلی کورد و زیندانیکردنی

کەسانی بێ تاوان وئەشکەنجە دانیان کارێکی ڕۆژانەی ئەو ڕژێمەیە. ڕژێمی کوماری ئیسلامی ئیران ڕۆلێکی زۆر نێگاتیفانەی هەیە لە ڕوداوەکانی ناوچەکە وهۆیەکی سەرەکی یە لە خۆلقاندنی شەڕ و نانەوەی ئاشووب و کێشە لە ناوچەکە و دروستکردن وپێکهێنانی گروپ و ڕێکخراوی توند ڕەو لە ناوچە کە دا.

لەکۆتایی خۆپیشاندانەکە دا چەندین دروشم دژ بە کردارە تیرۆریستیەکانی ڕژێمی ئێران، لە لایەن خۆپیشاندەرانەوە گووتراو پاش کاتژمێرێک کۆتای بە خۆپیشاندانەکە هات.

حیزب و لایەنە سیاسییەکانی بەشداربوو و ڕێکخەری ئەم خۆپیشاندانە بریتی بوون لە:

١- پارتی دیموکراتی کوردستان
٢- یەکێتی نیشتیمانی کوردستان
٣- بزوتنەوەی گۆڕان
٤- پارتی کرێکارانی کوردستان
٥- حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران
٦- کۆما جڤاکێ کوردستان
٧- پارتی ژیانی ئازادی کوردستان
٨- پارتی یەکێتی دیموکراتیک(پەیەدە)
٩- حیزبی دیموکراتی کوردستان
١٠- پارتیا یەکێتی یا دیموکراتا کورد لە سوریا

دەستەی ڕاگەیاندنی خۆپیشاندانی شاری ترۆندهایم

١٥ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

## لەشاری بریزبێنی ئوسترالیا کۆڕێک بۆ ڕێزگرتن لەشەهیدانی هەشتی سیپتامبر بەڕێوە چوو



ڕۆژی یەک شەممە ١٦- ٩ - ٢٠١٨ لەشاری بریزبێنی ئوسترالیا ڕێ و ڕسمێکی تایبەت بۆ شەهیدانی ٨ی سپتامبری حیزبی دێموکرات کە لە هێرشێکی وەحشیانەی ڕێژیمی ئیسلامی گیانیان بەخت کرد، پێک هات. سالۆنی کۆبوونەوەکە بە وێنەی شەهیدان ڕازا بۆوە. سەرەتا کامران سوهرابی تێکوشەری دێرین بە پەیڤیک ئامادە بوانی بە خێر هێنا و سوپاسی هەستی کوردەکانی دانیشتوی بریزبن و گۆڵد کۆستی کرد کە وەک هەمیشە پشتیوانی حیزبی دێموکراتن. پاشان پەیامی کاک مستەفا مەلودی سکرتێری گشتیی حیزب لە ڕێگای پرۆژوکتۆرەوە پێشکەش کرا. ڕیژوان پوورئەسە بە خۆێندنەوەی وتارێک بە زمانی ئینگلیسی جنایەتی ڕێژیمی ئیسلامی هێنایە بەرباس.

پاشان سناتۆڕ ئاندرو بارتلت بەوتەیەکی گۆنجاو هەڵوێستەیەکی لە سەر جنایەتەکانی حکومەتی ئێران کرد و هێرشی موو شەکی ئەو دوابیا نەی مەحکوم کرد و پشتیوانی خۆێ و حیزبی سەوزەکانی بۆ جولانەوەی کورد و حیزبی دێموکرات دووپات کردەوە. سناتۆڕ کلیر مۆڕ بە ناردنی پەیامی هاوخەمی سەرەخۆشی لە گەلی کورد کرد. شاعیری خاوەن هەستی ئیلامی نەبی قدوسیان بە شیعرێکی حەماسی کۆڕەکەی ڕازاندەوە. شانیا سوهرابی بە خوێندنەوەی شیعرێک بە زمانی ئینگلیسی، سەرنجی بەشدارانی ڕاکێشا. سەلاح پورئەسەد لە وتارێک دا باسی چلۆنایەتی کارەساتەکە و هەڵوێستەیەک لە سەر ژیانی خەباتکارانی شەهید و ئامانجە چەپەڵەکانی ڕێژیمی ئێران وئاماژەیەکیشی بە مانگرتنە سەرکەوتوانەکەی ڕۆژهەڵات کرد. لە کۆتایی ڕێورەسمەکە دا چەند ویدیوی

کوردکاناڵ و سرود و هۆنراوە و مۆسیقای خەمگین ناوئاخنی بەرنامەکە بوو.

١٦ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

## ڕێو ڕەسمی ڕێزگرتن لە شەهیدانی ١٧ی خەرمانان و شەهید دوکتۆر سادق شەڕەفکەندی و هاوڕێیانی!



ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ١٦ی سێپتامبری ٢٠١٨ی زایینی، ڕێ و ڕەسمێکی بە شکۆ بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدانی هێرشی مووشەکی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ سەر پلینۆمی کومیتەی ناوەندی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە قەڵای دێموکڕات، لە شاری " تورکو"ی وڵاتی "فینلاند" بەڕێوەچوو. ئەو ڕێوڕەسمە هاوکات بوو لەگەڵ ٢٧مین ساڵوەگەڕی تێرۆری ڕێبەری شەهیدمان دوکتۆر "سادق شەڕەفکەندی" و هاوڕێیانی بە دەستی تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە بێرلینی پێتەختی وڵاتی ئاڵمان.

ئەو ڕێو ڕەسمە بە بەشداریی سەدان کەس لە بنەماڵەی شەهیدان، نوێنەر و ئەندامانی حیزب و ڕێکخراوە سیاسیەکان،کەسایەتی و شاعیر و هونەرمەندان،ئەندام و لایەنگر و دۆستانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و کوردستانیانی وڵاتی فینلاند و نەتەوەکانی تر بەڕێوە چوو.

کۆڕیادەکە سەرەتا بە سروودی نەتەوایەتی ئەی رەقیب لە لایەن کۆڕی سروودی یەکێتی لاوان و ساتێک بێدەنگی بۆ رێزگرتن لە شەهیدان کوردستان دەستی پێکرد. پاشان وتار و پەیامی حیزب و لایەنەکان،بابەت و شێعر و پەخشان و موزیک و کورتە فیلم پێشکەشکران.

. پەیامی کومیتەی حیزب لە فینلاند لە لایەن "سەید خدرمیرسەیدی" خوێندرایەوە، ئینجا بەشێک لە وتەکانی شەهید دوکتۆر"سادق شەرەفکەندی" لە رۆژی تیرۆری شەهید"دوکتۆر قاسملوو" و هەروەها ژیاننامەی شەهید دوکتور سەعید لە فیلمێکی دێکۆمێنتاریدا پێشکەشی بەشداران کرا.

بە دوای ئەوە دا پەیامی کومیتەی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە لایەن"مەجید حەقی" خوێندرایەوە و "کوردنژاد ئیبراهیمی" پەخشانێکی لە وەسف و یادەوەری شەهیدێکی ١٧ی خەرمانان پێشکەش کرد.

لە بەشێکی دیکە ئەو کۆڕیادە دا هونەرمەند "رەشید فەیزنژاد" بە کەمان و دەنگە بە سۆزەکەی سروودی ئەی شەهیدان و دوو شێعر و ئاوازی پێشکەشی بنەماڵەی شەهیدان و بەشدارانی رێ و رەسمەکە کرد

ئینجا پەیامی بنەماڵەی شەهیدان لە لایەن"ئاوات حەسەن پوور" خوێندرایەوە کە لە پەیامەکەدا وێرای بەداخبوون بە لە دەستدانی رۆڵەکانی گەلەکەمان،لە لایەن بنەماڵەی شەهیدانەوە سپاسی هاودەردی و هاوسۆزی حیزب و کەسایەتی و خەڵکی کوردستان کرابوو.
" نزار کوێستانی" هۆنراوەیەکی لە سەر شەهیدانی ١٧ی خەرمانان پێشکەشی بەشداران کرد و بە دوای ئەو دا پەیامی "کۆمەڵە- رێکخراوی کوردستانی حیزبی کومونیستی ئێران " لە لایەن "جەماڵ ئەویهەنگ" خوێندرایەوە. پاشان هونەرمەندی لاو " فەرهاد ئالانی" بە هاوکاریی " شەهێن زادئەحمەد"هۆنراوەیەکی پێشکەشی بەشدارانی رێ و رەسمەکە کرد.

. فیلمێکی دێکومێنتاری لە سەر هێرشی مووشەکیی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ سەر قەڵای دێموکرات و ئاسەوارەکانی ئەو مووشەکبارانە پێشانی بەشدارانی رێ و رەسمەکە درا و هەر لەو برگەیە دا لە لایەن " دیار" و "پێشەوا میرسەیدی" پارچە مۆسیقایەک و سروودێکی شۆڕشگێڕی ئاراستەی بەشداران کرا.

پاشان پەیامی یەکێتی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان' لە لایەن "شەهێن زادئەحمەد"ەوە خوێندرایەوە. و " مەحموود ئاشتیانی" بابەتێکی لە سەر رووداوە تاڵەکانی مێژووی کورد پێشکەش کرد. هەروەها لە لایەن "عەبدوڵڵا حاجی" شێعرێک پێشکەشی بەشداران کرا.

بەڕێز "وڵات نەهری" سەرۆکی "فیدڕاسیۆنی کۆمەڵە کوردیەکانی فینلاند" وێڕای هاودەردی وتەیەکی لە سەر شەهیدانی ١٧ی خەرمانان پێشکەش کرد و هەر بەدوای ئەو دا " وەستا رەحمان" بە پێشکەش کردنی پەخشانێک هەستی خۆی بە بۆنەی ئەو کارەساتەوە دەربڕی، هەروەها "عەزیز شێخانی" کورتە پەخشانێک و بابەتێکی لە پێوەندی لەگەڵ شەهیدانی ١٧ی خەرمانان ئاراستەی بەشداران کرد.

لە بەشێکی دیکەی مەراسمەکە دا پەیامی هاودەردی و هاوخەمی "یەکێتی نیشتیمانی کوردستان" و "بزووتنەوەی گۆڕان" بەبۆنەی کارەساتی ١٧ی خەرمانانەوە بۆ دەستەی بەڕێوەبەری رێ و رەسمەکە نێردرابوو ئەو رێ و ڕەسمە کە زیاتر لە چوار سەعاتی خایاند، بە سروودی " ئەی شەهیدان" کۆتایی بە ڕێ و ڕەسمەکە هات.

١٦ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

## لە شاری ناشویلی ولاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا کۆڕیادێک بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدانی قەڵای دیموکرات بەڕێوە چوو



ڕۆژی یەکشەممە ١٦ی سێپتامبری ٢٠١٨ بۆ بەرز ڕاگرتنی یادی شەهیدانی ١٧ی خەرمانانی قەڵای دیموکرات وکۆیە و لە سێدارەدانی ٣ لاوی بێ تاوانی کورد، کۆریادێک لە لایەن کومیتەی ناشویلی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ئامریکا بە بەشداری کۆمەڵێکی بەرچاو لە کوردانی نیشتەجێی ئەو شارە و نوێنەرانی ڕێکخراوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان، پێک هات.

کۆریادەکە بە سروودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب و ساتێک بێ دەنگی بۆ روحی شەهیدان دەستی پێکرد و بە خۆێندنەوەی پەیامی کومیتەی ناشویل و پەیامی هاودەردی و سەرەخۆشی ڕێکخراوەکان و خوێندنەوەی چەند شێعر و پەخشان، پاش ٢ کاتژمێر لە ناو خەم و پەژارە و هاوخەمی بەشداربووان کۆتایی پێ هات.

١٦ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

## لە شاری ئادالایدی وڵاتی ئوسترالیا ڕێز لە شەهیدانی هێرشی موشەکی ڕژیمی تاران بۆ سەر قەڵای دیموکرات گیرا




بە مەبەستی ڕێزگرتن لە شەهیدانی ڕۆژی هەشتی سیپتامبر و بۆ بەشداریکردن لە هەڵمەتی یارمەتی کۆ کردنەوە بۆ قەرەبووی زیانە ماددییەکانی ئەو مووشەکبارانەی کۆماری ئیسلامی، ڕۆژی یەکشەممە ١٦ی سیپتامبر لە شاری ئادلایدی وڵاتی ئوستڕالیا کۆڕێک پێک هات. لە کۆڕەکەدا کە لەلایەن کۆمیتەی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانەوە بەڕێوەچوو ژمارەیەکی زۆر لە کوردانی هەر چوارپارچەی کوردستان بەشدار بوون. لەو کۆڕەدا بەرپرسی حیزب لە ئوستڕالیا پاشئاماژە بە چۆنیەتیی هێرشەکە و زیانە گیانی و ماددییەکانی، لە مەبەستەکانی ڕێژیم و ئاکامەکانی دوا. بەرپرسی حیزب لە ئوستڕالیا هەروەها باسی هاودەنگی و هاوپێوەندیی خەڵکی کوردستانی لە نێوخۆ و دەرەوە کرد و لەو هەوڵ و تێکۆشانەش دوا کە بە مەبەستی لەقاودانی سیاسەتە دژی ئینسانییەکانی کۆماری ئیسلامی لە ڕادەی نێونەتەوەییدا وەڕێ خراون. پەیامی هاوخەمیی بزووتنەوەی گۆڕان و کۆنگرەی نەتەوەیی کورد و هەروەها چەند پەخشان و شێعر لە لایەن بەشدارانەوە پێشکەشی کۆڕەکە کران. پێویستە بڵێین خوشک و برایانی کورد زۆر دڵسۆزانە دەستی هاوکارییان بۆ حیزب درێژ کرد و لەبارییارمەتییماڵییەوە درێغیان نەکرد.

١٦ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

## کۆڕ یادی ڕێز گرتن لە شەهیدانی موشەکبارانی ١٧ی خەرمانانی قەڵای دێموکڕات لە ڤانکۆڤێری کانادا



دوا نیوەڕۆی ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ١٦ی سیپتامبری ٢٠١٨ی زایینی حەوتوویەک دوای کارەساتی موشەک بارانی قەڵای دێموکڕات بە هاوکاری کومیتە و ئەندامانی دوو لایەنی دێموکڕات و بە بەشداری سەدان کەس لە کوردستانیانی خەمخۆری دانیشتووی ڤانکۆڤێری کانادا، کۆڕێکی ڕێز گرتن لە شەهیدانی قەلای دێموکڕات کە بە هۆیی موشەک بارانی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و قەڵای دێموکڕات لە کۆیەی باشوری کوردستان لە لایەن ڕێژیمی ترۆریستی ئێران شەهید کران ڕێکخرا.

سەرەتای بەرنامە لە لایەن بەڕێوەبەرانی بەرنامە عوسمان مەحمودی و حیکمەت قولێزادە وێڕای بە خێر هێنانی بەشدار بووان بە خویندنەوەی سروودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب و خولەکێک بێ دەنگی بۆ ڕێز گرتن لە گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێ کرد. دواتر پەیامی کومیتەی حیزبی دێموکڕات کوردستان لە لایەن بەرپرسی کومیتەی حیزب کاک ئەنوەر کریمی پێشکەش کرا. دواتر پەیامی کومیتەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران لە لایەن بەرپرسی کومیتە ئیسماعیل ئیبراهیمی خوێندرایەوە.

لە بەشێکی دیکەی بەرنامەکە دا ژیاننامەی شەهیدان جەماڵ ئەکبەری و محەممە حەسەن پوور کە بنەماڵە و کەس کاریان لە بەرنامەکەدا بەشدار بوون لە لایەن عوسمان مەحمودی (چۆمەڵانی) ئەندامی کومیتەی گشتی حیزبی

دێموکڕاتی کوردستان خوێندرایەوە. هەروەها ژیان نامەی فاروق حەسەن خەیات لە لایەن کیومەرس بیگی خوێندرایەوە.

ئەو حیزب و لایەنانە جگە لە ناردنی نوێنەر، پەیامی هاوخەمیشیان ناردبوو کە لە بەرنامەکە دا خوێندرایەوە:

١- کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
٢- یەکێتی نیشتیمانی کوردستان
٣- پارتی دێموکڕاتی کوردستان
٤- سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران
٥- حیزبی شیوعی کوردستان
٦- تەلا خۆشکەلام چالاکوان
٧- ماڵی کورد لە ڤانکۆڤێر
٨- پەیامی کوردانی ڕۆژئاوا
٩- یەکێتی کومونیستەکان
١٠- خوێندنەوەی شێعر لە لایەن نادر قازی
١١- چەند وتەیەک بەو بۆنەیەوە لە لایەن سۆهراب کەریمی
١٢- هۆنراوەیەک لە لایەن کامەران محەممەد چالاک وان

پێویستە بگوترێ پێشکەش کردنی چەند هەڵبەست و پارچە شێعر و دانانی فیلمێک لە کورد کاناڵ بۆ شەهیدانی قەڵای دێموکڕات کە لە لایەن بەڕێوەبەرانی بەرنامە ئامادە کرابوو ناو ئاخنی بەرنامەکە بوو.

جێگای ئاماژە پێکردنە لەگەڵ ئەوەیکە سەرجەم بەشداربووانی بەڕێزی ئەو کۆڕیادە زۆر بە پەرۆش و دڵگران بوون بە شەهیدانی موشەکبارانی قەڵای دێموکڕات، بەڵام زۆر دڵخۆش بوون بەوەیکە ئەندامانی دوو لایەنی دێموکڕات بە یەکەوە ئەو کۆڕیادەیان ڕێکخستبوو.

١٦ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

## بەڕێوەچوونی کۆڕێکی یادکردنەوە لە شەهیدانی ٨ی سیپتامبر لە وڵاتی سویس



رۆژی یەکشەممە ١٦ ی سێپتامبری ٢٠١٨ لە شاری گرێنخێن لە وڵاتی سویس رێورەسمێکی بە شکۆ بۆ یادکردنەوە و پەیمان نویَ کردنەوە لەگەڵ نوێترین شەهیدانی هێرشی موشەکی ڕژیمی تێرۆریستی کۆماری ئیسلامی کە کرایە سەر بنکەی سەرەکی حیزبی دێموکراتی کوردستان و پلۆنیۆمی حیزب لە قەڵای دێموکرات کردە ئامانج، بە بەشداری سەدان کەس لە کوردانی دانیشتووی وڵاتی سویس بەرێوەچوو.

لەو رێورەسمە دا کە نوێنەری چەندین رێکخراو و هێزی سیاسی و کەسایەتی کوردستانی دانیشتووی سویس بەشدار بوون، سەرەتای رێورەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتی ئەی رەقیب دەستی پێکرد و پاشان چەندین سروودی نەتەوەیی فەزای سالۆنەکە و رووحی بەشدار بووانی مەراسمەکەی ئارام کردەوە. پاشان تێکۆشەری دێرین مامۆستا عەزیز ئەحمەدی وەک کەسایەتی دیاری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی سویس بە خێرهاتنی میوانەکانی کرد و لە لایەن هەموو ئەندامانی حیزبی دیموکرات پەیمانی وەفا نوێکردنەوەی بە تازەترین شەهیدانی حیزب و گەل دا و سپاسی هەموو بەشدار بووانی کرد. بە دوای ئەو دا لە لایەن زاهیر قادر حاجی بەرپرسی کۆمیتە پەیامی کۆمیتەی سویسی حیزبی دێموکراتی کوردستان خوێندرایەوە کە تێیدا ئەو جنایەتە مەزنەی کۆماری ئیسلامی کە ٨ ی سێپتامبر دەرحەق بە حیزبەکەمان کرا مەحکووم کرا و هەروەها مانگرتنەکەی ٢١ی خەرمانانی ئەمساڵی کە بۆ مەحکووم کردنی هێرشەکەی قەڵا لە رۆژهەڵاتی کوردستان بەرێوەچوو وەک رێفراندۆمی رۆژهەڵات وەسف کرد.

هەروەها لە لایەن کۆمیتەوە زۆر سپاسی هەموو حیزب و لایەنە کوردستانییەکانی جێگیر لە سویس،ی کرد کە لە

سەرەتای ئەو کارەساتەوە کە بەسەر حیزبەکەمان هات هاوخەممان بوون. پاشان لە لایەن کۆری سروودی "قەڵا" بە هاوڕێیەتی هوونەرمەندی دەنگ خۆشی ڕۆژهەڵاتی کاک سەلیم دەرماناوەیی سروودی ئەی شەهیدان پێشکەش بە بەشداربووان کرا پاشان پەیامی کۆمیتەی سویسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە لایەن کاک کامڕان ڕەسووڵی بەرپرسی کۆمیتەیان خوێندرایەوە کە تێیدا ڕووداوی ١٧ ی خەرمانان واتا ٨ ی سێپتامبری بە یەکێک لە ڕۆژە ڕەشەکانی مێژووی حیزبی دێموکرات و گەلی ڕۆژهەڵات وەسف کرابوو، هەروەها ئاماژەی بەوە کرابوو کە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی تەنیا کوردبوونی ئێمەی بۆ بەسە بۆ ئەوەی بمانکووژێ. لە بەشێکی دیکەی ئەم یادکردنەوەیەدا هاوڕێی ئازیز و تێکۆشەری لە مێژینەی ئێوریزەکانی حیزبی دێموکرات کاک عەلی خزرنیا ( سوورەچۆمی ) پارچە هۆنراوەیەکی ئیحساسی پێشکەش کرد و لە هۆنراوەکە دا پەیمانی وەفاداری بە ڕێباز و ئامانجی شەهیدان دایەوە. دواتر پەیامی یەکێتی ژنان لە لایەن بەرپرسی کۆمیتەی یەکێتی ژنان لە سویس لە لایەن خاتوو پەروین شەکووری بەرپرسی کۆمیتەی یەکێتی ژنان لە سویس خوێندرایەوە و ئەو ڕووداوەی مەحکووم کرد و پەیمانی لە گەڵ تازەترین شەهیدان و بە تایبەتی تر لە گەڵ دوو هاوڕێ و تێکۆشەری یەکێتی ژنان شەهیدان، سۆهەیلا قادری و نەسرین حەداد نوێ کردەوە. دواتر پارچە هۆنراوەیەک کە لە ناوخۆی ڕۆژهەڵاتەوە بۆ کارەساتی ٨ ی سێپتامبر بۆ کۆمیتەی سویس نێردرابوو لە لایەن هاوڕێمان ڕەحمان ئیبراهیم زادە تێکۆشەری لە مێژینە پێشکەش کرا. هەر لە درێژەی مەڕاسیمەکەدا پەیامی یەکێتی نەتەوەیی خوێنداکارانیش لە لایەن هاوڕێ زوورار زەرزا خوێندرایەوە کە تێیدا جەخت لە پشتیوانی خوێندکاران بۆ حیزبی دێموکرات کرابووەوە. دوای ئەو پەیامە پارچە هۆنراوەیەک لە لایەن خاتوو خەبات پیرانشاری کچە شەهیدی حیزب خوێندرایەوە پاشان پەیامی یەکێتی لاوان لە لایەن ڕێبوار مووسەوی بەرپرسی بەشی تەشکیلاتی یەکێتی لاوان لە سویس خوێندرایەوە کە تێیدا ئەو ڕووداوە بە تەواوی مەحکووم کرا و داوای لە هەردوو لایەنی حیزبی دێموکرات کرد کە داوای خەڵک بۆ یەکگرتنەوە لە بەر چاو بگرن و ئەو داوا بە جێیەی خەڵک پشت گوێ نەخەن هەروەها وەبیر بەشدار بوانیش هێندرایەوە کە لە ماوەی چوار دەیەی ڕابردوو دا زۆر هەوڵ دراوە کە هەوڵە تیرۆریستیەکانی کۆماری ئیسلامی پێشیان پێ بگیرێ بەڵام هەوڵەکان بێ سەمەر بوون و کۆماری ئیسلامی ڕۆژ دوای ڕۆژ تیرۆر و ترساندنە بێ سەمەرەکانی پەرە پێدەدا. پاشان کاک سەلیم دەرماناوایی هوونەرمەندی دەنگ خۆشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان سروودی شۆڕشگێری "تۆ بەهێزی نامری"پێشکەش بە رووحی نوێترین شەهیدانی مووشەک بارانی قەڵای کۆیە کرد. پاشان کاک هێژا مەنگووڕ چەند خوێندنەوەیەکی خۆی لە سەر مانگرتنی ڕۆژهەڵات خستە بەر چاوی بەشدار بووان دواتر پارچە هۆنراوەی "پێشمەرگە"کە لە لایەن کاک خوسرەو خزری ئەندامی حیزبی دێموکرات ئامادە کرابوو خوێندرایەوە هەروەها چەندین پەیامی هاوخەمی کە لە

لایەن حیزبە سیاسیەکانی بەشداربووئامادە کرابوون پێشکەشی ئامادەبووان کرا کە بریتی بوون لە.

- سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران
- پەیامی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان
- برووسکەی ماتەمینی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان
- پەیامی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد

هەروەها پارچە شیعرێک لە لایەن کاک ئامانج عەزیز کەندی پێشکەش بە رووحی شەهیدان کرا. شایانی باسە کۆڕگێری ئەو مەراسیمە خاتوو شادی ویژدانی بە بانگهێشتی .کۆری سروودی قەڵا و پێشکەشکردنی چەند سروودێک کۆتایی بە رێورەسمەکە هێنا.

١٦ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

## لە دەڤەری واشنگتۆن.ی پایتەختی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕێز لە شەهیدانی١٧ی خەرمانانی قەڵای دیموکرات گیرا.




ڕۆژی ١٦ی سێپتامبر لە دەڤەری واشنگتن، ڕێوڕەسمی کۆڕیادی ڕێزلێنان لە شەهیدانی کردەوەی تیرۆریستی مووشەکبارانی قەڵای حیزبی دێموکراتی کوردستان، بە ئامادە بوونی بۆ وێنەی ئەندام و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و هەروەها نوێنەرانی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی سەرجەم پارچەکانی کوردستان بەڕێوەچوو. دیارە ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران ئەرکی بەڕێوەبردنی ئەم کۆڕیادەی وەئەستۆ گرتبوو.

سەرەتای بەرنامەکە بە سروودی نەتەوەیی ئەی ڕەقیب دەستی پێکرد و دواتر بە ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی و وەستان بە پێوە، ڕێزیان لە گیانی پاکی شەهیدانی سوورخەڵاتی گەلەکەمان گرت.

بەڕێز کاک کەریم بەختیاری وەک بەڕێوەبەری کوڕەکە لە سەرەتادا بە وتارێکی کورت، کردەوەی تیرۆریستی کۆماری ئیسلامی ئێرانی ئیدانە کرد و یەکڕیزی و یەکدەنگی لایەنەکانی بەرز نرخاند. دواتر بەڕێز مۆژدە خانم عەزیزی کچی شەهید هاشم عەزیزی ئەندامی کومیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە کەشێکی ماتەمینیدا پەیامی بنەماڵەی شەهیدانی قەڵای دێموکراتی بۆ ئامادەبووان خوێندەوە.

دواتر بەڕێز کاک سەلاح بایزیدی بە نوێنەرایەتی ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران، وتار و هەڵوێستی ئەم ناوەندەی پێشکەش کرد. کاک سەلاح هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر بنکەوبارەگاکانی دێموکرات و ئێعدامی زیندانیانی سیاسی مەحکووم کرد.

پاشان بەڕێز کاک کامران باڵنوور نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ئەمریکا، وێڕای بەخێرهێنانی ئامادەبووان بە زمانی کوردی و بە زمانی فارسی، خەم و پەژارەی خۆی بە بۆنەی کارەساتی قەڵای دێموکرات دەربڕی. ناوبراو لە بەشێک لە وتەکانیدا ئاماژەی بە دژکردەوەی مەدەنی و مانگرتنی سەرانسەری خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی کرد و ئەم هێزەی بە ئیرادەی نەتەوەیی بۆ بەرخودانی گەل وەسف کرد. پاشان بەڕێز کاک حیکمەت بامەڕنی بەرپرسی لقی ٧ی پارتی دێموکراتی کوردستان لە ئەمریکا و کانادا، لە پەیامەکەی خۆیدا وێڕای دەبڕینی پەژارەی خۆیان، بە توندی هێرشی مووشەکی بۆ سەر قەڵای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیدانە کرد و ئەمەی بە کردەوەیەکی تیرۆریستی دانا کە هاوکاتیش دەبێتە هۆی ناسەقامگیری و تێکچوونی ئەمن و ئاسایشی هەرێم.

لە برگەیەکی تردا بەڕێز کاک عەبدووڕەحمان حەسەن بەرپرسی ڕێکخستی کومیتەی یەکێتی نیشتمانی لە ئەمریکا، هاودەردی و هاوخەمی خۆی بۆ بنەماڵەی شەهیدانی کارەساتی کۆیە دەبڕی.

بەڕێز ڕووبارخانم کەریمی وتاربێژێکی تری ڕێوڕەسمەکە بوو کە بە زمانی ئینگلیسی ئاماژەی بەدۆخی داڕماوی ناوخۆی کۆماری ئیسلامی کرد و بەرەو هەڵدێرچوونی کۆماری پەت و سێدارە.

بەڕێوبەری بەرنامە کەریم بەختیاری بە بۆنەی ساڵوەگەڕی تیرۆری شەهیدی سەرکردە دوکتور سادق شەرەفکەندی، چەند وتەیەکی پێشکەش کرد.

پاشان بەڕێز کاک ئارەش ساڵح نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ئەمریکا، لە وتارێکدا هاوخەمی خۆی بۆ ئەم ڕووداوە دڵتەزێنە دەربڕی و ئەم یەکڕیزی و یەکدەنگییەی نێوان لایەنە سیاسییەکان و خەڵکی بەرز نرخاند.

دواتر نوێنەری پارتی دێموکراتیکی گەلان (HDP) هاوخەمی گەلی باکووری هێنایە بەرباس بە یەکڕیزی و تەبایی.

بەڕێز کاک جەلیل ئازادیخواز نوێنەری کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران لە قسەکانیدا ئاماژەی بەوە کرد کە سەرئەنجام سەرکەوتن بۆ کوردە و شکست بۆ نەیارانی کورد.

کاک سالار سەلیم نوێنەری بزووتنەوەی گۆڕان لە ئەمریکا، ئیدانەی هێرشی تیرۆریستی کۆماری ئیسلامی کرد و هاوخەمی بزووتنەوەکەی بۆ ئەم ڕووداوە تاڵە دەربڕی.

لە بڕگەیەکی تر بەرنامەکەدا بەڕێز کاک ناسر باباخانی نووسەر و کەسایەتی سیاسی، ئاماژەی بەمە کرد کە بە هۆی ئەم نافەرمانە مەدەنییە بەربڵاو و بێ وێنەیەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، مێژووی هاوچەرخی کوردی ڕۆژهەڵات دەکرێ بە بەر لە ٢١ی خەرمانان و دوای ٢١ی خەرمانان دابەش بکەین. ناسر باباخانی داوای کرد کە ٢١ی خەرمانان لە ڕۆژژمێری کوردستاندا وەک "ڕۆژی بەرخودانی نەتەوەیی" دیاری بکرێ.

بەڕێز کاک مراد ئەحمەدی پێشمەرگەی دێرینی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وتەکانیدا وێڕای دەبڕینی ئەوپەڕی خەم و خەفەتی خۆی کوتی ئەم پۆلە شەهیدە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ پەیوەندییم لەگەڵیان هەبووە و بەشێکن لە جەستەی زامدارم. ناوبراو سپاسی سەرجەم لایەنەکانی کرد بۆ بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمەکە.

بەڕێز حەسەن ساماڵی ئەندامی شووڕای حیزبی "ازادی و رفاه اجتماعی ایران" بە زمانی فارسی پەیامهێنی پەژارەی حیزبەکەی خۆی بوو بۆ کۆڕیادەکە.

بەڕێز کاک خەبات ئیبراهیمپوور بەرپرسی کومیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ئەمریکا، وێڕای سپاس کردن لە هەموو لایەنەکان بەتایبەتی ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران، کوتی گوتاری حیزبی دێموکراتی کوردستان، گوتارێکە کە لەرزەی خستۆتە لەشی کۆماری ئیسلامییەوە و سیاسەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەمیشە بایخدان بەناوخۆ بووە و پێی وا بووە ئەوەی بە هێزی لەبڕان نەهاتووی گەل دەکرێ بە هیچ لایەنێک

ناکرێ!

شایانی باسە لە بەرنامەکەدا چەند هاوڕێیەک بە خوێندەوەی شیعر و پەخشان کۆڕەکەیان دەوڵەمەندتر کرد، ئەم بەڕێزانە بریتی بوون لە: کاک جەعفەر فەقێ نەبی، کاک محەممەد گرژاڵی، کاک محەممەد داستان و ماۆستا سەلیم. هەر وەها کاک سلێمان عزیزی ئەرکی بەرێوەبەری سالۆنەکەی بە ئەستۆ بوو.

هۆڵی کۆڕیادەکە بە وێنەی شەهیدانی قەڵای دێموکرات و وێنەی زیندانیانی ئیعدامکراوی سیاسی و شەم و گوڵ ڕازابۆوە. بەشداری بێ وێنەی خەڵک نیشاندەری ئەوپەڕی ئەمەگ و وەفا بوو بۆ گیانی شەهیدانی گەل!

۱٦ی سێپتەمبەری ۲۰۱۸

## پێکهاتنی کەمپەینێک لە ژێرناوی "من دێموکراتم" لە کوردستان




خەڵکی شار و ناوچەکانی کوردستان بە مەبەستی پاڵپشتی کردن لە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕێگای جۆراجۆرەوە بەردەوامن و، لە رۆژی ۱۷ی خەرمانانەوە پشتیوانی زیاتری خۆیان لە حیزبی دێموکراتی کوردستان دەربڕیوە.

بە پێی ئەو زانیارییانەی کە بە دەستمان گەیشتووە، چالاکانی سیاسی و لایەنگرانی بزووتنەوەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە شارەکانی ( مەریوان، پاوە و جوانڕۆ، سنە، بۆکان، سەقز) لە دوای کارەساتی هێرش بۆ سەر بنکەی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و، شەهید و، بریندار‌بوونی پۆلێک کادر و ئەندامی ڕێبەری و پێشمەرگەکانی ئەو حیزبە، بەمەبەستی ئاگادار کردنەوەی ڕای گشتی و، گەیاندنی پەیامی خۆیان بە کۆماری ئیسلامی، کەمپەینێکیان لە ژێر ناوی" من دێموکراتم" پێکهێناوە.

جێی‌ئامازەیە چەندین ساڵە کۆماری ئیسلامی ، حیزبی دێموکراتی کوردستانی بە حیزبێکی هەڵوشاوەو بێ جێگەو پێگە باس کردوە، بەڵام دوای کارەساتی هێرش بۆ سەر قەڵای دێموکرات و، مانگرتنی سەرانسەریی خەڵکی کوردستان لە ڕۆژی ٢١ی خەرمانان، بۆی دەرکەوت کە تووشی هەڵە بووەو هەر بۆیە ناوەندە ئەمنییەکان دەستیان دایە ترساندن و بانگ کران و دەسبەسەرکرانی بەشێک لە چالاکانی مەدەنی و سیاسیی کورد.

لە پێوەندی لەگەڵ مەحکوومکردنی کردەوە تیرۆریستییەکەی کۆماری ئیسلامی و، هێرش کردن بۆ سەر قەڵای دێموکرات، ڕۆژی یەکشەممە ٢٥ی خەرمانان لە درێژەی چالاکییەکان بەو بۆنەوە، بە دەستپێشخەریی چالاکانی مەدەنی و لایەنگرانی بزووتنەوەی مافخوازانەی گەلەکمان کەمپەینێک بە ناوی"من دێموکراتم" پێکهاتووە.

لەو کەمپەینێکەدا، بەشداربووان، بە بڵاوکردنەوەی داواکارییە ڕەواکانی حیزبی دێموکرات و، هەروەها باس کردن لە یەکگرتوویی نێوان حیزبە سیاسییەکانی کوردستان، لە هەوڵدان پەرە بە ڕوحی هاوکاری و هاودەنگی بدەن ، بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ پیلان و جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران.

هەروەها ماوەیە حەوتەیەکە، لە چالاکییەکانی تایبەت بە کارەساتی مووشەکباران کردنی قەڵای دێموکرات، لایەنگران و، دلسۆزانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بە شێوەی جۆراوجۆر ڕایانگەیاندوە؛ کە هەمووی شارەکانی کوردستان قەڵای دێموکراتە.

١٧ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

## چالاکیی تەبلیغی بە بۆنەی شەهیدانی میکۆنووس و شەهیدانی قەڵای دێموکرات لە شاری شنۆ



هاوکات لە گەڵ سالڕۆژی تێرۆری شەهید دوکتور سادق شەرەفکەندی وهاوڕێیانی بە دەستی کۆماری ئیسلامی، لە چالاکییەکی تەبلیغیدا یادی نوێترین شەهیدانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری شنۆ بەرز ڕاگیرا.

لایەنگران و دۆستانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری دێموکراتپەروەری شنۆ، بە بۆنەی ساڵڕۆژی کردەوەی تیرۆریستی میکۆنووس و، هەروەها هێرش بۆ سەر قەڵای دێموکرات و، شەهیدانی ١٧ی خەرمانان، چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوەبردو، لەو ڕێگایەوە وەفاداریی خۆیانیان بە شەهیدانی سوورخەڵاتی گەلەکەمان سەلماند.

تێکۆشەرانی شنۆیی شەوی ٢٦ی خەرمانان بۆ جارێکی دیکە لەگەڵ ڕێبازی شەهیدانی ڕێبەر و سەرجەم شەهیدانی کوردستان پەیمانی وەفادارییان نوێ کردەوە.

١٧ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

## کۆبوونەوەی نارەزایەتی بە دژی مووشەک بارانی قەڵای دێموکرات لە وڵاتی سوئیس




لە درێژەی چالاکیە یەک بە دوای یەکەکانی کۆمیتەی سوئیسی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە دژی هێرشی نارەوای کۆماری ئیسلامی بۆ سەر بنکەی سەرەکی حیزب لە قەڵای کۆیە ، رێکەوتی ١٧ ی سێپتامبری ٢٠١٨، کومیتتەی حیزی دیموکراتی کوردستان بە هاوکاری کۆمەڵێک لە کوردانی دانیشتووی وڵاتی سوئیس و بە بەشداری بەشێک لە حیزب و رێکخراوە کوردستانییەکانیەکان، خۆپیشاندانێکیان لە یەکێک لە مەیدانە سەرەکیەکانی شاری بێرن بەرێوە برد.

لەو خۆپیشـــانەدا کۆمەڵێـــک پەیـــام خوێنـــدرانەوە بە زمانەکـــانی ئینگلیـــزی و کـــوردی و هەروەهـــا بڕیارنـــامەی خۆپیشاندەران بە ناو رێبوارانی ئەو شەقام و گۆڕەپانە دا بڵاو کرایەوە.

پەیـــامی دەوفـــتەری سیاســـی بە دوو زمـــانی جیـــاواز لە لایەن نیلـــوفەر مـحەمەدزادە و بـــرایم باجیـــان و هەروەهـــا بەیاننامەی ناوەندی هاوکاری هێزە کوردستانیەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان پیشکەش کرا. ئینجا لە لایەن بەرپرسی کۆمیتەی وڵات هاوڕێ زاهیر قادر حاجی،یەوە چەند وتەیەکی سەبارەت بە تێرۆری میکۆنۆس و شەهیدانی سەرکردە چەند وتەیەکی هێنایە زمان.

هەر لەو خۆپیشـــاندانەدا چەنـــدین چـــالاکی دیکە، وەک بڕینـــی رێـــگەی ١٦٠ کیلـــۆمەتر بە پـــێ لە لایەن یەکێـــک لە بەشدارانەوە و پەیوەست بوونی کوردیکی دڵسۆزی دیکە بەو رێپێوانە بە وێنەی شەهیدانەوە ئەنجـام دران. هەروەهـا

یەکێک لە ئەندامانی حیزب لە وڵاتی سویس، بە پۆشینی بەرگی زیندانەکانی بەر پەت و سێدارە، پرسی ئێعدام و لە سێدار دانی لە ڕژیمی ئێسلامی دا بە هاووڵاتییان سویس ناساند.

لە کۆتایی دا چەندین درووشمی جۆراوجۆر دژ بە ڕژیمی کۆنەپەرستی ئیسلامی ئێران لەلایەن خۆپیشاندەرانەوە گوترانەوە.

جێگەی باسە کە ئەو حیزب و ڕێکخراوانە لە خۆپیشاندانەکە دا بەشدارییان کرد

- پارتی کرێکارانی کوردستان پ ک ک
- کومەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان
- سازمانی خەباتی نەتەوایەتی کوردستانی ئێران

١٧ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

## به بەشداری سەدان کەس لە وڵاتی نۆرویژ کۆڕی پرسە و ماتەمینی شەهید "مامە قالە ریشە" بەڕێوە چوو.




ئێوارەی ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ٢٠ی سێپتامبەری ٢٠١٨ی زایینی بەرانبەر بە ٢٩ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی، بە بەشداری سەدان کەس لە ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بەشێک لە ئەندامانی بەڕێزی بنەماڵەکەی و کوردستانیانی دانیشتووی نۆرویژ، کۆڕی پرسە و ماتەمینیی شەهید "قادر عێززەتی" ناسراو بە "مامە قالە ریشە" پێشمەرگەی دێرینی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە "ناوەندی ئایینی قازی"ی شاری ئۆسلۆ پێتەختی وڵاتی نۆرویژ بەڕێوە چوو.

لەو کۆڕە ماتەمینەدا کەسایەتی ناسراوی ناو بزووتنەوەی کورد و ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەڕێز کاک حەسەن ڕەستگار چەند وتەیەکی پێشکەش کرد و وێڕای بەخێرهێنانی بەشداربووان ئەو کۆڕە ماتەمینە، سوپاس و پێزانینی خۆی ئاڕاستەی بەشداران کرد و باسێکی لەسەر کەسایەتی و لێهاتوویی شەهید "مامە قالە ریشە" و تێکەڵاویی بەڕێزیان لەگەڵ ئەو شەهیدە نەمرە و بنەماڵەکەیان خستە ڕوو.

ناوبراو لە درێژەی قسەکانیدا ئاماژەی بە کارەساتی ١٧ی خەرمانان و هێرشی مووشەکیی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر قەڵای دێموکرات کرد کە بوو بەهۆی شەهیدبوونی پۆلێکی بەرچاو لە تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و یەکرێزی و یەکگرتوویی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی لەو ئان و ساتەدا بەرز نەرخاند و پێی وابوو ئەو یەکرێزییە بوو

بەهۆی ئەوەی کە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە گشتی بە پیل بانگەوازی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتەوە بێن و بۆ یەک ڕۆژ لە ماڵەکانی خۆیان نەیەنە دەرێ و دوکان و بازار دابخەن و پشتگیری خۆیان بۆ هێزەکانی ڕۆژهەڵات دووپات بکەنەوە و بەو هەڵوێستەیان ئەو کردەوە دزێو و تیرۆریستییەی کۆماری ئیسلامیی ئێران مەحکووم بکەن. هەروەها ناوبراو پێی وابوو کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەو ڕۆژەدا ڕێفڕاندۆمێکی تریان لە دژی کۆماری ئیسلامی ئێران کرد کە ئەو مانگرتنە گشتییە پیامێکی توند بوو بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران.

شەهید "مامە قالە ریشە" یەکێک لە بریندارەکانی کارەساتی ١٧ی خەرمانان بوو کە دوای چەند ڕۆژ بەربەرەکانی دەگەڵ مەرگ، بەداخەوە ڕۆژی چوار شەممە ٢٨ی خەرمان ماڵئاوایی لە ژیان کرد و شەهید بوو.

٢٠ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

## چالاکیی تەبلیغی ئەندامانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان، لە شاری تاران




کچان و ژنانی تێکۆشەر و سەر بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان، لە شاری تاران، یادی سوهەیلا ونەسرین، دوو ژنە تێکۆشەری نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان کە لە کارەساتی ١٧ی خەرمانان گیانیان پێشکەش بە ئازادی گەل و نیشتمان کرد، بەرزڕاگرت.

لە رۆژانـی رابـردوو کچـان و ژنـانی لایەنگـری یەکیەتیـی ژنـانی دێمـوکراتی کوردسـتان، دوای بیسـتنی هەواڵـی شەهیدبوونی خاتوو سوهەیلا قادری سکرتێری ئەو ڕێکخراوەیە و، مامۆستا نەسرین حەداد یەکێک لە ژنە پێشمەرگە بە ئەزموونەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان ، لە چـالاکیی تەبلیغـیدا وێـڕای مەحکـوومکردنی نـوێترین کـردەوەی تیرۆریستی رێژیمی دژە کورد و دژە ژنی کۆماری ئیسلامی، لەگەڵ ڕێبـازی سـەرجەم شـەهیدان پـەیمـانی وەفادارییـان نوێ کردەوەو، هەروەها شەهیدان"نەسرین و سوهەیلا" یان، بە هێمای تێکۆشان و خۆڕاگری ژنانی کوردستانی ئێران لە قەڵەم دا.

یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان، سپاس و پێزانینی خۆی پێشکەش بە سـەرجەم ژنـان و کچـانی تێکۆشـەر لە نێوخۆی وڵات دەکات و، دڵنیایان دەکاتەوە کە وەکوو هەمیشە درێژە بە خەبات و چالاکییەکانی خۆی دەدا.

٢٠ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

## بەرزڕاگرتنی یادی شەهیدانی قەڵا، لە پارێزگای ئیلام




دوای تێپەڕبـوونی زیـاتر لە حەوتەیەک بەسـەر کارەسـاتی هێـرش بـۆ سـەر بـنکەی سیاسیی حیزبـی دێمـوکراتی کوردستان و شەهیدکرانی پۆلێک لە ئەندامی ڕێبەری و کادرو پێشمەرگەکانی ئەوحیزبە بە دەستی سپای پاسداران،

چالاکییە تەبلیغییەکانی خەڵکی ئەمەگناسی کوردستان بەو بۆنەیەوە هەروا درێژەی هەیە.

لە تازەترین چالاکیی تەبلیغیدا لایەنگرانی چاونەترس و خەمخۆری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پارێزگای ئیلام بە بڵاوکردنەوەی تراکت و وێنەی پێوەندیدار بە شەهیدانی قەڵای دێموکرات، وێڕای مەحکوومکردنی مووشەکبارانی بنکەی سەرەکیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لەگەڵ ئامانج و ڕێبازی شەهیدانی گەل و نیشتمان، پەیمانی وەفادارییان نوێ کردەوەو خۆیانیان بە درێژەدەری ڕێگای شەهیدانی کوردستان زانی.

کوردانی نیشتمانپەروەر وخوێنگەرمیی پارێزگای ئیلام لەشارەکانی سۆمار، شاباد و نێوشاری ئیلام بەبڵاوکردنەوەی وێنەی شەهیدانی قەڵای دێموکرات، هاوخەمی و پشتیوانی خۆیانیان لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان دووپات کردەوە.
کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان ، سپاس و پیزانینی خۆی پێشکەش بە سەرجەم تێکۆشەرانی نێوخۆی وڵات دەکا و، سەرکەوتنیان بۆ بە ئاوات دەخوازێ.

٢٠ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

## چاوپێکەوتنی بەرپرسی بەشی پێوەندییەکانی دەرەوەی کۆمیتەی ح د ک لە سوید لەگەڵ نوێنەری حیزبی کۆمونیستی ئەو وڵاتە



ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ٢٠ی سێپتامبری ٢٠١٨ی زایینی، هاوڕێ ئاریز ڕەمەزانی بەرپرسی بەشی پەیوەندییەکانی دەرەوەی کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە وڵاتی سوید لەگەڵ نوێنەری حیزبی چەپی ئەو وڵاتە دیدار و کۆبوونەوەیەکی پێک هێنا. لەو چاو پێکەوتنەدا ئاریز ڕەمەزانی باسی کارە تێرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی لە هەموو وڵاتانی جیهان و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بە تایبەتی مووشەکبارانی بنکەی دەفتەری سیاسی و قەڵای دیموکراتی کرد. هاوکات گرتن، ئەشکەنجە و ئێعدامی لاوانی کوردی هێنایە بەر باس و لە ڕێگای نوێنەری حیزبی کمۆنیستی سوئێدەوە، خوازیار بوو کە چیدیکە ئەو کوشت و برینەی کۆماری ئیسلامی ئێران نەکرێنە قوربانی سات و سەودای ئابووری سوئێد و ئێران و پشتگوێ نەخرێن و مەحکووم بکرێن. دوای باس و خواستێکی زۆر ئەو ئەندام پارلمانەی حیزبی کۆمونیست بەڵێنیدا لە دانیشتنەکانیاندا بە تایبەتی لە سەر جنایەتەکانی کۆماری ئیسلامی دژ بە گەلی کورد هەڵوێستە بکەن و بەدواچوونی بۆ بکەن و هەوڵ بدەن بۆ گەیاندنی دەنگی کورد بە داودەزگا پەیوەندیدارەکانی ئەو ولاتە. لە کۆتاییشدا خۆشحاڵی خۆی لەو چاوپێککەوتنە دەربڕی و هیوا خواست کە ئەو جۆرە کۆبوونەوانە بەردەوام بن.

پێویست بە ئاماژەیە کە حیزبی کمونسیتی سوید، لە حکومەتی هاوبەش دا لەگەڵ سوسیال دیموکرات و پارتی ژینگەی ئەو ولاتە دا شەریکە و لە بڕیار و پەسند کراوەکاندا کاریگەری زۆری هەیە.

٢٠ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

## کۆڕیادی شەهیدانی ١٧ی خەرمانان لە شاری "ترۆندهایم"ی نۆڕویژ بەڕێوە چوو



ئێوارەی ڕۆژی هەینی،٣٠ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی بەرانبەر بە ٢١ی سپتامبەر، کۆمیتەی ترۆندهایمی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی نۆڕویژ، بۆ بەرزڕاگرتنی یاد و ناوی شەهیدانی ١٧ی خەرمانان و بە بەشداری بەشێک لە ئەندامانی بنەماڵەی شەهیدانی ئەو هێرشە تیرۆریستییە و نوێنەرانی هێز و لایەنە سیاسییەکان و بەشێکی بەرچاو لە ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و کوردستانیانی دانیشتووی ئەو سنوورە، کۆڕیادێکی پێک هێنا. سەرەتا هاوڕێ "ڕامین شێنانی" پێشکەشکاری کۆڕیادەکە، بەخێرهێنانی بەشدارانی کرد و کۆڕەکە بە سرووی نەتەوەیی " ئەی رەقیب" دەستی پێ کرد. پاشان پەیامی کۆمیتەی ترۆندهایمی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە لایان بەڕێز "کامیل ئوستاد ئەحمەدی"یەوە پێشکەش کرا. بەڕیز "ئوستاد ئەحمەدی" وێڕای ئاماژەدان بە کارەساتی مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات کە بوو بەهۆی شەهیدبوونی ١٤ تێکۆشەڕی بەوەج و لێهاتووی حیزبەکەمان و شەهید بوونی ٢ پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هاوکات لە داردرانی سێ چالاکی سیاسیی کورد لە لایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە، تیشکی خستە سەر کارنامەی ٤٠ ساڵەی تەمەنی تیرۆر و ڕەشەکوژی و قەڵاچۆی ڕێژیم کۆماری ئیسلامی ئێران . لە بەشێک لە پەیامەکەی دا، ناوبراو مانگرتنی خەڵکی شیلگیر و مافخوازی کوردستان و هەڵوێستی مێژوویی خەڵکەکەمانی لە ڕۆژی ٢١ی خەرمانان دا بەرز نرخاند و هەنگاوی شۆڕشگێڕانە و نیشتمانپەروەرانە و کەم وێنەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بە سەرکەوتن بۆ خەباتی پێشکەوتووی نەتەوەکەمان و شکستیش بۆ ڕێژیمی ترۆریستی کۆماری ئیسلامی لە قەڵەم دابوو.

پاشان هاتە سەر، کاردانەوەی هێز و لایەنی کورد و کوردستانی و نێونەتەوەیی بەویژدان و مەحکومکرانی جینایەتی سامناکی هێرشی مووشەکی بۆ سەر پلینۆمی حیزبەکەمان و قەڵای دێموکرات. لەو بارەوە بە گرینگییەوە ئاماژەی بە نوینەری ئەمریکا "نیکی هێلی" لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی ئاسایشی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان دا کە ئازایانە پەردەی لەسەر موشەکبارانی ١٧ خەرمانان و هەروەها ترۆریزمی هەوسار پچڕاوی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ئاستی نێودەوڵەتی لادا و مەحکوومی کرد.

بەدوای ئەودا، کورتە فیلمێک کە بە وێنەی شەهیدانی کارەساتی ١٧ی خەرمانان و بە هونراوەیەکی جوانی شاعیری نیشتیمانپەروەر مامۆستا ئاشق، نەخشیندرابوو، لە رێگای داتاشۆوە نیشان درا.

ئەوجار مۆمی زیندووڕاگرتنی یادی شەهیدان لە لایەن؛ "دڵکەش شێنانی" کچی فەرماندەی شەهید کاک "عەبدوڵلا شێنانی، گریلا عێززەتی کچی شەهید " مامە قالە ڕیشە" و "دیمەن ئەکبەر پوور" خوشکی شەهید "مەنسور ئەکبەرپوور" داگیرسێندرا.

پاشان، وتاریک لە لایەن بەڕێز "عیرفان رەهنمون" بە نوێنەرایەتی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پێشکێش کرا. بەدوای ئەودا، شاعیری هەست ناسک خاتوو "کەژاڵ مەرزبان" دوو هۆنراوەی شۆڕشگێڕیی خۆی خوێندەوە کە بەم بۆنەوە ئامادەی کردبوون. ئەوجار پەیامی نوێنەرایەتی کۆمەڵە – رێکخراوی کۆردستانیی حیزبی کۆمەنیستی ئیران، لە لایەن بەڕیز "ڕەزا فاتحی" و پەیامی هاوبەشی کۆما جڤاکی کوردستان و پارتی یەکێتی دێموکراتیک ( پەیەدە) و بزووتنەوەی گۆڕان، لە لایان بەڕێز "کامەران خەلیل" (هەڤاڵ سیپان) و پەیامی پارتیا دێموکراتا کورد لە سوریە لە لایان بەڕێز "نزار عیسا" و برووسکەی ماتەمینیی پارتی دێموکراتی کوردستان کە بەم بۆنەوە نێردرابوو، خوێندرانەوە.

لە بەشێکی دیکەی ئەو کۆڕیادەدا، هاوڕێ "فەردین میلانی"، سروودێکی شۆڕشگێڕی کە بۆ ئەو پۆلە شەهیدی نوێی گەلەکەمان ئامادە کردبوو. پێشکەشی بەشداران کرد.

کورتە پەخشانی " چەند ڕۆژێکە" لە لایەن هاوڕێ "ئاکام خوسرەی" و شیعری "هاوارێکی لە قۆڕگا خنکێنراو" لە

لایان بەڕێز "بێکەش بەرواری" دوو بڕگەی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمە بوون.

پاشان نۆرە گەیشتە، پەیامی بنەماڵەی شەهیدان. خاتوو "دیمەن ئەکبەر پوور" خوشکی شەهید "مەنسور ئەکبەر پوور"، بە نوێنەڕاتی بنەمالەی شەهیدانی ١٧ی خەرمانان وێرای مەحکومکردنی ئەو هێرشە موشەکی و تڕۆریستییە، سوپاس و پێزانینی کەسوکاری شەهیدانی بە هاوڕێیان و خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان و هێز و لایەنە سیاسییەکان ڕاگەیاند کە هاودەردییان کردووە و ئەو خەمە قورسەیان دەگەڵ بەش کردوون.

بڕگەی دواتری ئەو کۆڕە ماتەمینە، سوپاسنامەی کۆمیتەی ترۆندهایمی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕوو بە خەڵکی کوردستان، هێز و لایەن سیاسییەکان، چالاکانی نێوخۆ، تێکۆشەرانی حیزب و گەل و هەموو ئەوانەی لەو کارەساتەدا پشتیوان و خەمخۆری حیزبی دێموکرات بوون کە لە لایان هاوڕێ "عەزیز مەعرووفی" بەرپرسی کومیتە ناوچەی ترۆندهایمەوە پێشکەش کرا.

شایانی باسە، دوای دووو کاتژمێر، کۆڕیادەکە بە سروودی "ئەی شەهیدان" کۆتایی پێ هات.

٢١ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

## بەڕێوەچوونی کۆڕیادی شەهیدانی قەڵای دیموکرات لە شاری یۆتێبۆری سوید




ڕۆژی شەممەڕێکەوتی ٢٢ی سێپتەمبری ٢٠١٨ی زایینی بەرامبەر بە ٣١ی خەرمانان ١٣٩٧ی هەتاوی لە سەر بانگهێستنی کومیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆریادێک بۆ شەهیدانی قەڵای دێموکرات لە شاری یۆتۆبۆری ڕۆژئاوای سوید بە بەشداری زیاتر لە ٢٠٠کەس لە کوردانی خاوەن هەڵوێستی نیشتەجێی ئەو شارە و شارەکانی دەورووبەری، نوێنەری حیزبی و ڕیکخرا و کۆڕ و کۆمەڵە کوردستانییەیان و ئەندام، لایانگر و دۆستانی حیزب بەڕێوە چوو. ساڵونی کۆریادەکە بە ئاڵای پیروزی کوردستان و وێنەی ڕێبەرانی شەهید و ١٤ شەهیدی قەڵای دێموکرات ٢شەهیدی حدکا و ٣ لاوی کورد کە ڕۆژی ١٧ی ڕەشەمە لە لایەن جەلادانای ڕژیمی کوردکوژی ئیسلامی ئێرانەوە لە سێدارە دران و هەروەها تراکت و دروشمی دژی کۆماری ئیسلامی ڕازێندرابووەوە.

سرودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب و خولەکێک بێ دەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدان دەستپێکی کۆریادەکە بوو. پاشان لە لایەن خاتوو بەهار وەیسی بەڕێوەبەری کۆریادەکە داوا لە خاتوو بەیان بامرووەت کچی شەهیدیکی حیزب کرا کۆریادەکە بکاتەوە. بە دوای ئەو دا کاک کەریم جاف، ئەندامی کومیتەی گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە وڵاتی سوید وتارێکی بەپێزی لە لایەن کومیتەی حیزبەوە پێشکەش کرد. بەرێزیان لە باسەکەی دا ئاوری لە هەموو لایەنەکانی ئەرێنی و نەرێنی هێرشە مووشەکیەکەی کۆماری ئیسلامی دایەوە و هۆکاری دەستنیشانکردنی بنکەی دەفتەری سیاسی و کۆبوونەوەی پلۆنۆمی ڕیبەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی وەک قوربانی ئەم کردەوە تیروریستی بۆ قوورسایی و جێگە و پێگەی ئەو حیزبە لە گۆڕەپانی شۆڕشی ڕۆژهەڵاتی

کوردستان و هەروەها کارتێکەری وتاری سیاسی و هەوڵ تێکۆشانی حیزب بۆ برەو دان بە خەباتی مەدەنی و جەماوەری لە ناوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران و ترس و دڵەراوکێی کاربەدەستانی ئەو ڕژیمەی لەو شێوە خەباتەی حیزبەکەمان زانی. بەڕێز کەریم جاف ئیشارەی بەو راستیە کرد کە حیزبی ئیمە دەمێکە خەبات و تێکوشان بە تەک رەهەندی سەیر ناکات و هەوڵ دەدات لە هەموو بەستێنەکانی مەووجوود بۆ بە سەر مەنزلگەیاندنی خەباتی رۆژهەڵاتی کوردستان کەڵک وەردەگرێ. سەبارەت بە ئاکام و ئەنجامەکانی ئەو کردەوە تێرۆریستییەی ڕژیمی ئیسلامی بۆ ئەو ڕژیمە، ئاماژەی بە نوێترین هەڵوێستی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە کۆڕی گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد و لەو بڕوایە دا بوو کە ڕژیمی ئیسلامی بەو هێرشەی بۆ سەر بنکەی دەفتەری سیاسی و قەڵای دیموکرات گرفتێکی گەورەی دیکەی بۆ خۆی ساز کرد کە ئاوا بە ئاسانی لێی دەرباز نابێ. بە دوای ئەودا پەیامی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە لایەن خاتوو هانا وریا پیشکەش کرا. پاشان پەیامی کۆمەڵەی زەحمەتکیشانی کوردستان لە لایەن بەڕێز کاک رەزا لووتفی خوێندرایەوە و بەڕێز ساماڵ بە نوێنەرایەتی حیزبی شیوعی کوردستان چەند وتەیەکی لە پەیوەندی لەگەڵ موشەکبارانی قەڵای دیموکرات پێشکەشێ ئامادە بووان کرد. پەیانی پارتی دێموکراتی کوردستان ڕێکخراوی یۆتۆبۆری لە لەیەن بە ڕێز دوکتور ئەرشەد مەعرووف،ەوە پێشکەش کرا. لەو پەیامەی پارتی دیموکراتی کوردستان دا وێڕان مەحکووم کردن ئەو کردەوە دژی کوردانەی ڕژیمی ئێران، داوای هاوکاری و هاوپەیوەندی گشت وحیزب و لایەنە کوردستانییەکان کرابوو بۆ بە گژا چوونەوە پلان نەگریسەکانی ڕژیمی تاران و یەکخستنی هەوڵەکان بۆ ڕوخاندنی ئەو حکومەتە دژ بە کوردە.


لە بەشێکی دیکەی ئەو کۆڕیادە دا ئازادیخوازێکی فارسی دۆستی کورد بە ناوی ئاغای آبتین آینە، پەیامی کۆمەڵەی هنر ورزان خارج ایرانی پێشکەش کرد و هاوکات پارچە قەسیدەیەکی پڕ نیوەرۆک لە سەر وەسفی شەهیدانی ١٧ی خەرمانان دا خوێندەوە. پەیامی کۆمەڵە- ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کومونیستی ئیران لە لایەن بەڕێز کاک کاوە پێشکەش کرا و بە دوای ئەو دا پارچە شێعری(پیرە دار)ی شاعیری سەردەم ماموستا جەلال مەلەکشا لە لایەن هاورێ کەماڵ حەسەن پوور دۆڵەگەرمی خوێندرایەوە کەرتی ڕێکخستی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان لە یۆتۆبۆری بە بروسکەی سەرەخوشی بەشداری کۆڕیادەکەیان کرد. کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکیشانی کوردستانی ئیران لە یۆتۆبۆری بروسکەی سەرەخوشیان بۆ کۆڕیادە ناردبوو.

کچە میدیاکاری ناسراوی دیموکرات ئاوارە هەورامی لەو کۆڕیادە دا پەیڤێکی کورت و بە پێز و شێعری بەخشەندە کێن بە دەنگە بە سۆزەکەی پێشکەش کرد. کۆتـایی کوڕیـادەکە تەرخـان کـرا بـۆ پـارچە موسیقایەک و سرودێکی شۆرشگێری لە لەیەن هونەرمەنـدی دەنـگ خـۆش و شۆرشگیر کـاک ئەسعەد رەزازی. بەدوای ئەو دا هـاوریێ جەلال بهلـوولزادە بەرپرسـی کـومیتەی حیـزب لە یۆتۆبـۆری سپاسـی بەشـداربووانی کـۆر یـادەکەی کـرد. کانـاڵی کوردسـتان ٢٤ ڕێپۆرتـاژێکی ڕاسـتەخۆ لە کوریـادە بـڵاو کـردەوە و لەگەڵ چەنـدین کەس لە بەشـداران دا وتووێژی پێک هێنا.

پێویست بە ئاماژەیە کە ناو ئاخنی بەرنامەکەمان چەنـد کلیپ و سرودی شۆرشگیری بـوون کە لە لایەن هاوڕێیـانی بەشی فەننی کومیتەوە ئامادە کرابوون.

٢٢ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

## چاوپێکەوتنی بەرپرسی پەیوەندییە بیانیەکانی حدک لە رۆژئاوای کانادا لەگەڵ ران مەکانن ئەندام پارلمانی فیدراڵی کانادا



ئێوارەی رۆژی شەممە رێکەوتی ٢٢ی سیپتامبری ٢٠١٨ی زایینی، بەرێز محەممەد خادەمیانی بەرپرسی پەیوەندیە بیانیەکانی حدک لە رۆژئاوای کانادا لەگەڵ " ران مەکانن " ئەندام پارلمانی فیدراڵی کانادا سەر بە حیزبی دەسەڵاتداری لیبراڵ دیدار و چاوپێکەوتنی ساز کرد. هاورێ محەممەد خادمیانی نوسخەیەکی دێکیۆمێنتی لە بڵاوکراوە و پشتیوانی نێونەتەوەیی سەربارەت بە موشەک بارانی قەڵای دێموکرات کە لە لایەن بەرێوبەرایەتی کومیتەی دەروەی حدک ئامادەکراوە و هەروەها نامەیەکی تایبەتی گەیاندە بە بەرێز مەکانن و هەر لەو دیدارە باش لە چەندین تەوەری جیاواز لە پەیوەندی لەگەڵ بارووودۆخی ئێستای ئێران، کوردستان و شپرزەیی رژیمی ئیسلامی لە ترسی سەرهەڵدانی خەڵک لە ناوخۆی وڵات دا باس و خواسیان کرد. مووشەک بارانی قەڵای سەربەرزی دێموکرات و بنکەی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە لایان سپای پاسداران و رژیمی ئێران و شەهید بوونی ١٦ شەهید و برینداد بوونی نێزیک بە ٥٠ کەس کە لە ناویاندا شەهید جەمال ئەکبەری دەبیندرێ کە هاوڵاتییەکی کەنەدی بوو، تەوەرێکی دیکە باسەکانی ئەو چاوپێککەوتنە بوو. لە پەیوەندی لەگەڵ شەهید کرانی جەمال ئەکبەری و لەسێدارەدانی چوار لاوی کورد لە دوو رۆژ دا داوا لە دەوڵەتی کانادا کرد لێکۆلینەوەی لەسەر بکات و کاربەدەستانی رژیمی ئێران وەڵامدەرە و ئەرکدار بکات. پێشمەرگەی کوردستان پشتیوان و یامەتیدەری هێزی کانادا بە دژی تیرۆریستانی داعەش بووە و ئەورۆ دەوڵەتی کانادا دەبێ پشتیوانی پێشمەرگەی کوردستان بێت. پێویست بە ئاماژەیە کە رۆژی ١٣ای مانگی ٦ی ٢٠١٨ پارڵمان و دەولەتی کانادا گەڵاڵەی خستنە ناو لیستی

تیرۆری سپای قودسی پەسەند کرد و داوای کرد هەرچی زووتر بخرێتە بواری جێبەجێ کردن و رژیمی ئێران بۆ پشێلکاری بەردەوامی ماڤی مرۆڤ گەمارۆ بدات. رژیمی ئێران بێڕێزی بە یاسای نێونەتەوەیی و سەروەری وڵاتانی دراوسێ دەکات، خەڵکی مەدەنی دەکوژێت و هۆی سەرەکی ناسەقامگیری ناوچەکەیە. تیرۆریزمی دەوڵەتی ئێران و یارمەتیدانی ماڵی و سەربازی بە گروپە تیرۆریستەکان لە سەرانسەری رۆهەڵاتی ناوەراست هەناردەکردنی موشەک و چەکی قورس بۆ گروپە تیرۆریستەکانی ناوچە دەستێوەردان لە کاروباری ولاتانی دروسێ بەتایبەت عیراق و لوبنان و سوریە و یەمەن. هاورێ محەممەد خادمیانی باسی ئەوەی کرد کە ئەگەر پێش بەو سەرەرۆییەی رژیمی ئێران نەگیرێت، ریبەرانی ئێران سەراسەری رۆژهەلاتی ناوەراست ناسەقامگیرتر، رادیکاڵتر و میلیتاریزەتر دەکەن. ناوبراو داوای کرد دەوڵەتی کانادا لکۆلینەوە لە کارەساتی بکات، موشەک بارانی قەڵای دێموکرات وەک جنایەت بە دژی مرۆڤ مەحکوم بکات. بەرێز ران مەکانن هاوخەمی خۆی بۆ ئەو کارەساتە دەربری و هیوای باشبوونەوەی بۆ زامدارەکان کرد. بەرێز مەکانن بەڵێنی دا ئەو بەڵگەنامانە و نامەیە بە دەستی وەزیری دەرەوەی کانادا بگەیێنێت.

٢٢ی سیپتەمبەری ٢٠١٨

## پرسی شەهیدانی قەڵای سەربەرزی دێموکرات گەیشتە پارڵمانی کانادا



رۆژی دوشەممە رێکەوتی ٢٤ی مانگی سپتامبر بەرپرسی پەیوەندیەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان هاورێ محەممەد خادمیانی سەبارەت بە هێرشی موشەکی رژیمی تیرۆستی ئێران بۆ بنکەی دەفتەری سیاسی حیزب،

نامەیەکی تایبەتی بە شێوەی ئیلکترۆنیک ئارستەی سەرجەم ٣٣٥ ئەندام پارلمانی فیدراڵی کانادا کرد. هەروەها ئەو نامەیە بەتایبەت بۆ بەرێزان جەستن تردو سەرۆک وەزیرانی کانادا، کریستیا فریلەند وەزیری دەرەوە، هەرجیت ساجان وەزیری بەرگری، جودی ویلسن-ریبۆند وەزیری داد و پارێزەری گشتی، ئەندروو شیر رێبەری حیزبی کەنسرڤەتیڤ، جەگمیت سین رێبەری حیزبی دێموکراتی نویٚ، ماریۆ بۆڵیۆ رێبەری حیزبی بلاک کەبێکوا، ئێلیزابیت مەی رێبەری حیزبی سەوز، مەکسیم برینێر رێبەری حیزبی خەڵک، ڕەوانە کرا. دەقی نامەکە بە جۆرەیە: دوو هەفتە لەمەوبەر جماڵ ئەکبەری، کوردی-کانادایی بە هێرشی تیرۆریستی و موشەک بارانی سپای پاسدارانی ئێران لە باشوری کوردستان گیانی لە دەست دا. سلاوێکی گەرم لەو نوسراوەدا دەمهەویٚ ئەوپەری نیگەرانی خۆم و حیزبەکم سەبارەت بە نوێترین پێشیلکاری مافی مرۆڤ و بێرێزی بە یاساکانی نێونەتەوەی دەسەڵادارانی ئێران بەتایبەت سپای پاسداران بە دژی گەلی کورد و هێزە سیاسیەکانی رۆژهەلاتی کوردستانتان پێرابگەیینم. رۆژی دوشەمە رێکەوتی ٨ی سپتامبر سپای پاسدارانی رژیمی ئێران بنکەی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە لە باشووری کورستان و ژێر دەسەلاتی سیاسی عیراق دایە، موشەک بارانی کرد. هاوکات هەر ئەو رۆژە سیٚ لاوی چالاکی سیاسی کوردیان لە سێدارە دا. لە کاتێکدا کە حیزبی دێموکراتی کوردستان پلۆنۆمی کومیتەی ناوەندی خۆی بەرێوە دەبرد بنکەی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان کەوتە بەر هێرشێکی تیرۆریستی درندانە و لە ئاکامدا ١٦ ئەندامی رێبەری و کادر و پێشمەرگە و لەناویان دا جەماڵ ئەکبەری کوردی- کانادا،ییش گیانی لەدەست دا و نێزیکەی ٥٠ کەسی دیکە بریندار بوون. بەرێز سەرۆک وەزیران دەوڵەتی کانادا، رژیمی ئێران وەک دەوڵەتی پشتیوانی تیرۆریزم لە جیهان دا دەناسیٚ و رۆژی ١٣ی مانگی جولای ٢٠١٨، حیزبی لیبراڵ بە رێبەری بەرێزتان و ئەندامانی پارلمان وێرای مەحکوم کردنی رژیمی ئێران، بە پێی یاسای جینایی کانادا سپای پاسدارانتان لە لیستی رەش هاویشت. داواکارم هەرچی زووتر ئەو بریارە بخەنە بواری جێبەجیٚ کردن و بە هۆی پێشێلکاری سیستماتیک و بەردەوامی مافی مرۆڤ، گەمارۆی ئابووری بخەنە سەر رژیمی ئێران. پێشمەرگەی کوردستان پشتیوان و یامەتیدەری هێزی کانادا بە دژی تیرۆریستانی داعەش بووە و ئەورۆ دەوڵەتی کانادا دەبیٚ پشتیوانی بەهێزی پێشمەرگەی کوردستان بێت. داواکارم دەوڵەتی کانادا ئەو هێرشە تیرۆریستیەی رژیمی ئێران بە توندی مەحکوم بکات و وێرای لێکۆلینەوە لە شەهید کردنی جەمال ئەکبەری و هاوولاتیانی مەدەنی، لە زووترین کاتدا وەزیری دەرەوەی ئێران و کاربەدەستانی رژیمی ئێران وەلامدەر و ئەرکدار بکات. ماشێنی تیرۆریزمی دەوڵەتی ئێران ناوەستیٚ ورێبەرانی ئێران سەروەت و سامانی خەڵک دەکەنە یارمەتی ماڵی و سەربازی بە گرووپە تیرۆریستەکان لە سەرانسەری رۆهەلاتی ناوەراست و جیهان. رژیمی ئێران بەردەوام بێرێزی بە یاسای نێونەتەوەیی

و سەروەری وڵاتانی دراوسێ دەکات، دەست لە کاروباری وڵاتانی دروسێ بەتایبەت عیراق و لوبنان و سوریە و یەمەن وەردەدات، موشەک و چەکی قورس بۆ گروپە تیرۆریستەکانی رەوانە دەکات. خەڵکی مەدەنی دەکوژێت و هۆی سەرەکی ناسەقامگیری ناوچەکەیە. بەرێز سەرۆک وەزیران، ئەگەر دەوڵەتی کانادا و کۆمەڵگای نێونەتەویی سەبارەت بەوە سەرەرۆیی و کۆمەڵکوژیانەی رژیمی ئێران بێدەنگ بن، رێبەرانی ستمکاری ئێران سەراسەری رۆژهەلاتی ناوەراست ناسەقامگیرتر، رادیکاڵتر و میلیتاریزەتر دەکەن، دوبارە داواتان لێدەکەم کە ئەو هێرشە تیرۆریستیە وموشەک بارانی قەڵایی دێموکرات وەک جینایەت بە دژی مرۆڤایەتی بە توندی مەحکوم بکەن و توندترین سزا و گەمارۆ بخە سەر رژیمی ئێران.

٢٤ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

---

## خۆپیشاندانی ئەندامانی حدک و دژ بە رانی رژیمی ئیسلامی لە بەردەم رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان




لە درێژەی کار و چالاکییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان کومیتەی ئەمریکا رۆژی ٢٥ی سێپتامبر وەفدێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێکهاتوو لە ئەندامانی کومیتە و ئەندامانی حیزب و لایەنگرانی حیزب، بۆ پرۆتێستۆ کردن و شەرمەزار کردنی هێرشی تیرۆریستی سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران، بۆ قەڵای هەمیشە خۆڕاگری حیزبی

دێموکراتی کوردستان لە شاری کۆیەی باشووری کوردستان، لەبەردەم بینای نەتەوە یەکگرتووکان لە نیۆیۆرکی ئەمریکا حازر بوون. ئامادەبووان بە بەرز کردنەوەی وێنەی سەرجەم شەهیدانی کارەساتی قەڵا و، ئاڵا و لۆگۆی حیزبی دێموکراتی کوردستان و هەروەها چەندین پلاکارد بە زمانی ئینگلیسی سرنجی ئامادەبووانی نەتەوەکانی تر و حیزب و لایەنەکانی تریشیان بۆلای خۆیان ڕاکێشا.

دیارە ئەم کۆبوونەوەیە ناڕەزایەتییە بە بۆنەی هاتنی حەسەن ڕووحانی سەرکۆماری ئێران بۆ دانیشتنی ساڵانەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیۆیۆرک سازدرابوو. شایانی باسە سەرجەم لایەن و حیزبە ئۆپۆزیسیۆنەکانی ئێران لەبەردەم بینای ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووکان کۆبوونەوە و بە دژی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران دروشمیان دەدا و لافیتەیان بەرز کردبۆوە. هەر لەم گردبوونەوەیەدا لەگەڵ نوێنەری زۆربەی حیزبەکان ئاڵوگۆڕی بیرورا کرا و برووشوورێک کە پێشتر ئامادە کرابوو لە ناو ئامادەبوواندا بڵاو کراوە.

ئەمە سێهەم چالاکی بە کۆمەڵی کومیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ئەمریکا بوو. لەوە پێشتر، کومیتەی حیزب بە ڕێکخستنی کۆبوونەوەیەک لەبەردەم وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا مووشەکبارانی قەڵای حیزبی دێموکراتی کوردستانی شەرمەزار کردبوو. هەروەها لە ڕێوڕەسمێکی پڕشکۆدا بە بەشداری سەرجەم لایەنە سیاسییەکانی هەر چوار پارچەکانی کوردستان یادی شەهیدانی قەڵا بەرز ڕاگیرا.

٢٥ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

## سەردانی بەرپرسی بەشی پەیوەندیەکانی حدک لە نوسینگەی هەردووک وەزیری بەرگری و دادی کانادا



ناوەندی هەواڵ- کانادا: رۆژی سێشەممە ریکەوتی ٢٥ی سێپتامبر هاوڕێ محەممەد خادمیانی بەرپرسی بەشی پەیوەندیەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە دوو کاتی جیاواز سەردانی نوسینگەی بەرێزان " هەرجیت ساجان" وەزیری بەرگری و" جودی ویلسن-ریبۆند" وەزیری داد و پارێزەری گشتی کانادای لە شاری ڤەنکۆڤەر کرد و لە لایان بەرێوەبەری هەردووک نوسینگە پێشوازی لێکرا. بەرێوەبەرانی نوسینەگەکان ئاماژەیان بەوە کرد کە وەزیرانی بەرگری و داد، گەراونەوە ئۆتاوا بۆ پارلمانی کانادا. هاوڕێ محەممەد خادمیانی سەبارەت بە نوێترین هێرشی تیرۆریستی و پێشیلکاری مافی مرۆڤ و بێرێزی بە یاساکانی نێونەتەوەی دەسەڵاتدارانی ئێران بەتایبەت سپای پاسداران بە دژی گەلی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستانی لەگەڵ بەرێوەبەرانی هەردووک نوسینگەی باس کرد کە موشەک بارانی بنکەی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکرات بۆتە هۆی شەهید بوون ١٦ ئەندام رێبەری و کادر و پێشمەرگە و بریندار بوونی نێزیک بە ٥٠ کەسی دیکە. شەهید کردنی پشمەرگەی کوردستان، جەمال ئەکبەری کوردی-کانادایی تەوەرێکی دیکەی گرینگی باسەکە بوو کە داوا کرا ئەو وەزیرانە و وەزیری دەرەوەی کانادا زۆر بە جیدی لێکۆلینەوە و پێداچوون بۆ شەهید کردنی هاوڵاتێکی دیکەی کانادایی و ئەو کارەساتە بە گشتی بکەن. بەرپرسی پەیوەندیەکانی حدک ئاماژەی بەوە کرد کە بۆ وەستاندنی ماشێنی تیرۆریسمی دەوڵەتی رژیمی ئێران دەبێ کۆمەڵگای نێونەتەوەیی و دەوڵەتی کانادا زۆر بە جیدی هەنگاو بنێن. ئەوە ئەرکێکی ئەخلاقی و مرۆیە کە دەبێ دەوڵەتی کانادا سەبارەت بە خوێنی شەهید جەماڵ و هەموو شەهیدانی قوربانی تیرۆریسمی ئێران بێدەنگ نەبن. لە کۆتاییدا هاوڕێ محەممەد خادمیانی وێنەیکی لە داکیۆمێنتەکانی بڵاوکراوە و مەحکوم کردنی نێونەتەوەیی سەربارەت بە موشەک بارانی قەڵای دێموکرات کە لە لایەن بەرێوبەرایەتی کومیتەی دەروەی حدک ئامادەکراوە و

هەروەها نامەیێکی تایبەتی ئاراستەی بەڕێوبەرانی نوسینگەکە کرد. بەڕێوبەری هەردوووک نوسینگە وێرای دەربرینی بێزاری لەو کارەساتە مرۆیە، هاخەمیان خۆیان دەربڕێ و بەڵێنیان دا کە نامە و نیگەرانی و داواکانی بەرپرسی پەیوەندیەکانی حدک لە رۆژئاوای کانادا بگەینە وزیرانی بەرگری و دادی کانادا

حیزبی دیموکراتی کوردستان- کومیتەی کانادا

٢٥ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

## چالاکیی تەبلیغی لە شاری سنە، بە بۆنەی ١٧ی خەرمانان



دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە دوو حەفتە لە کارەساتی هێرش بۆ سەر قەڵای دێموکراتی کوردستان و، شەهید و برینداربوونی پۆلێک لە ئەندامانی ڕێبەری و کادروپێشمەرگەکانی ئەو حیزبە، چالاکییەکان لە نێوخۆی وڵات، بۆ مەحکوومکردنی ئەو هێرشە بەردەوامە.

شەوی ڕابردوو لە شاری سنە، بۆ جارێکی دیکە بە بۆنەی بەرزڕاگرتنی یادو بیرەوەریی شەهیدانی ١٧ی خەرمانان، چالاکیی تەبلیغی بەڕێوەچوو.

لەو چالاکییە تەبلیغییەدا بە ئیلهاموەرگرتن لە نیگارەو نەققاشییەکانی سەر دیواری قەلا، کە بەرهەمی هونەرمەند، شۆڕش ئاهیە،  پۆستێر و تراکت ساز کراون و بڵاو کراونەتەوە.

هەروەها لە ڕۆژانی رابردوو، لە شارەکانی دیکەی کوردستان بۆ پاڵپشتی کردن لە حیزبی دێموکراتی کوردستان و مەحکووم کردنی کردەوە تیرۆریستییەکەی ١٧ی خەرمانان، چالاکیی تەبلیغی هاوشێوە بەرێوەچووە.

٢٥ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

## سەردانی بەرپرسی کومیتەی بەڕێوەبەریی دەرەوەی وڵاتی حدک لە وەزارەتی کاروباری دەرەوەی هولەند



رۆژی چوارشەممە ٢٦ - ٩ - ٢٠١٨ بەڕێز کاک مستەفا شڵماشی بەرپرسی کومیتەی بەڕێوەبەریی دەرەوەی حدک و ئەندامی دەفتەری سیاسی، سەردانی وەزارەتی دەرەوەی هولەندی کرد و لە لایەن ئاغای" نیک پووڵن" بەرپرسی بەشی ئێران لەوەزارەتی دەرەوە و خانمی" سیمۆنە فان دو پۆست" بەرپرسی بەشی عێراق لە وەزارەتی دەرەوە بە گەرمی پێشوازی لێکرا.

لەو دیدارەدا سەرەتا لە لایەن کاک مستەفا شڵماشی،بەوە باسێک لە پێشێلکارییەکانی کۆماری ئیسلامی لە بواری مافی مرۆڤ، مافی ئازادی رادەربڕین و کاری سیاسی، یاساکانی پەیوەندیی نیونەتەوەیی و بەرەسمی ناسینی سەروەری خاکی ولاتانی دەوروبەر کرا. هەروەها باسێکی تێر و تەسەل سەبارەت بە تیرۆری بەربلاوی کوماری ئیسلامی لە دژی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و کوردی بە گشتی و حیزبی دێموکراتی کوردستان بە تایبەتی هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاریەوە کرا و تیشک خرایە سەر تێرۆری ڕێبەرانی حیزب لە ئوروپا، تیرۆری بەربلاوی کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی ڕێبەری لە باشوری کوردستان و لە کۆتایی دا هیرشی تیرۆریستی نیزیک دوو ساڵ لەمەوبەر بە بۆمب دانانەوە لە نزیکەی بنکەی سەرەکی حدک و موشەکبارانی ڕۆژی ٨ - ٩ - ٢٠١٨ لەسەر قەلای دێموکرات بنکەی دەفتەری سیاسی حیزب و دەوروبەری، کە ئامانجەکەی پلینۆمی حیزبی دیموکڕاتی کوردستان بوو و لە ئاکام دا ١٤ کادر و پێشمەرگە و لە نێویان دا ٦ ئەندامی ڕێبەر ی حدک و دوو ئەندامی حدکا شەهید بوون و زیاتر لە ٤٠ کەس بریندار بوون پێشکەشی هەیئەتی خانەخوێ کرد. هەر لەو پەیوەندیە دا کۆمەڵێک دۆکومێنت و بەیاننامە و خەبەری سەبارەت بە هیرشی موشەکی دران بە هەردووک بەڕێز واتە ئاغای پوڵن و خانمی فان دو پۆست. لە کۆتایی دا داوای کرد کە وەزارەتی دەرەوەی هولەند نفوز و توانای خۆی بەکار بێنێ بۆ دەست کورتکردنەوەی ڕژیمی ئێران لە ولاتانی دەور و بەردا، بۆ پاراستنی ئەمنیەت وژیانی بەنابەران و حیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی ئێران لە باشوری کوردستان و بۆ مەحکوم کردنی حکومەتی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە کردەوەی تیرۆریستیی موشەکباران. جگە لەوەش داوای کرد کە لێکۆڵینەوە لەو موشەکبارانە و لەو موشەکانەی کە بەکار هاتوون بکرێ، بەتایبەتیش کە دەنگۆی ئەوە هەیە ئەو موشەکانە، موشەکی ناتۆ بووبن.

لە بەشێکی دیکەی قسەکانی دا کاک مستەفا ئیشارەی بەوە کرد کە کوردەکان لە ئێران و ولاتەکانی دیکەش دا تەنیا مافی ئینسانی خۆیان داوا دەکەن. دژی توند و تیژین و بە ردەوام داوایان کردوە کە مەسەلەکەیان لە ڕێگای ووت و وێژەوە چارەسەر بکرێ. وەلامی تیرۆریان بە تیرۆر نەداوەتەوەو بەدرێژایی ئەو سالانەی کە خەباتیان کردوە، هەرگیز پەنایان بۆ تێرۆر نەبردوە.

پاشان ئاغای پوڵن بەرپرسی بەشی ئیران لە وەزارەتی دەرەوە لە سەرەتادا هیرشی موشەکی بۆسەر قەلای دێموکراتی مەحکوم کرد و ڕایگەیاند کە لە موناسەباتی دیپلۆماتیک دا بێشک ئەو مەسەلەیە لەگەڵ ئیران باس دەکرێ و بە توندی داوا دەکرێ کە شتی وا دووپاتە نەبێتەوە. ناوبرا لە درێژە دا گوتی: ئەو زانیاریانەی داوتە

بە ئێمە یارمەتیدەر دەبێ لە پەیوەندیەکانمان دا و تەنانەت دەچێتە بەردەم بەڕێز وەزیری دەرەوەش کە قەرارە لە یەک دوو ڕۆژی داهاتو دا لە گەڵ ئاغای زەریف وەزیری کار وباری دەرەوەی ئێران چاوپێکەوتنیان ببێ. بەڕێز پوڵن لە درێژەی قسەکانی دا ئیشارەی بە بەرجام کرد و کوتی کە ئێمە وەک وڵاتێکی بێ لایەن لەو کێشانەدا چ بۆ خۆمان بەتەنیا و چ لە چوارچێوەی یەکیەتی ئوروپادا هەمو کۆششمان ئەوەیە کە خەڵکی ئێران بە گشتی زیانبار نەبن و کۆماری ئیسلامی ماف و ئازادیەکانیان لە بەر چاو بگرن و واز لە دەستتێوەردان لە کاروباری وڵاتانی ناوچە و بەرهەمهێنانی چەکی ئەتۆمی و موشەکی دوورهاوێژ و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ هەڵبگرێ و ئەو ئیمکاناتە ئابوریەی لەو زێدەڕۆییانەی دا خەرج دەکا بیگێڕێتەوە بۆ خەڵکی ئێران تا لەو دۆخە دژوارەی کە تێی دان ڕزگاریان بێ. هەروەها ئیشارەی بەوە کرد کە ئەگەر بسەلمێرێ موشەکەکان لە جۆری موشەکی ناتۆ بوون، ئەوکات مەسەلەکە قووڵاییەکی دیکە بەخۆیەوە دەگرێ و بەرپرسایەتیەکی دیکە دینێتە ئاراوە. هەروەها ئیشارەی بە حەقانییەتی ویستی کوردەکان کرد و داواکانی ئەوانی بە سەرەتایی ترین مافی ئینسانەکان زانی.

دوای ئەو خانمی فان دو پۆست لەگەڵ مەحکوم کردنی موشەکبارانی کۆماری ئیسلامی ئیشارەی بە وەزعی نالەباری عێراق و گرفتی زۆری ئابوری و سیاسی ئەو وڵاتە کرد و گوتی ئێمە کار لەسەر ئەوە دەکەن کە دەسەڵات و سەروەری عێراق بگەڕێتەوە بۆ عێراقیەکان و نە ئێران و نە ئەمریکا ونە هیچ وڵاتێکی دیکە دەخالەتی تێدا نەکەن. هەروەها ئیشارەی بە دەستێوەردانەکانی کۆماری ئیسلامی کرد لە عێراق و ناوچەدا و پێی وابو کە پێویستە ئێران بکشێتەوە بۆ سنورەکانی خۆی و عێراقیەکان ئازاد بن لە دیاریکردنی چارەنوسی خۆیان دا. جگە لەوەش ئیشارەی بە ڕۆڵی کورد کرد لە خەبات لە دژی داعش و رایگەیاند کە پیویستە کوردەکانیش لە ناوجەی خۆیان دا ئازاد بکرێن و دەست لە کار و باریان وەر نەدرێ

٢٦ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

## دیداری جێگری سکرتێری گشتیی حیزب لەگەڵ بێرنارد کوشنێر و پیتەر گاڵبریس سەبارەت بە موشەکبارانی قەڵای دێموکڕات



جێگری سکرتێری گشتیی حیزب لەگەڵ وەزیری پێشووی کاروباری دەرەوەی فەڕانسە و پیتەر گاڵبریس باڵیۆزی پێشووی ئەمریکا لە کرواسی و دیپلۆماتی ناسراوی ئەمریکایی کۆبووە.

دوانیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە، ٢٦ی سێپتامبری ٢٠١٨ی زایینی (بەرامبەر بە ٤ی ڕەزبەری ١٣٩٧ی هەتاوی)، د. ئاسۆ حەسەن زادە جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە هاوڕێیەتیی کاک سۆران نوری نوێنەری حیزب لە سلێمانی لەگەڵ دوکتور بێرنارد کوشنێر وەزیری پێشووی فەڕانسە و پیتەر گالبریس گەورە دیپلۆماتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کۆبۆوە.

لەو دیدارەدا کە لە کەشێکی زۆر دۆستانەدا بەڕێوە چوو و نزیک بە دوو سەعاتی خایاند، جێگری سکرتێری گشتیی حیزب پرسی موشەکبارانی ئەم دواییانەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە و لایەنە جۆربەجۆرەکانی ئەو هێرشە تێرۆریستییەی لەگەڵ بێرنارد کوشنێر و پیتەر گاڵبریس هێنایە بەر باس و زانیاری و ڕوونکردنەوەی پێویستی دایە ناوبراوان.

وەزیری پێشووی کاروباری دەرەوەی فەڕانسە و دیپلۆماتی بەئەزموونی ئەمریکایی وێڕای وەبیر خستنەوەی رابردووی دۆستایەتی و پشتیوانییان لە گەلی کورد و حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، بێزاریی خۆیان لەو کردەوە

جینایەتکارانەیەی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەربڕی و هاوخەمیی خۆیان بە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەتایبەتی خانەوادەکانی قوربانییانی ئەم موشەکبارانە راگەیاند.

دواتر ئاسۆ حەسەن زادە وێڕای ئاماژە بە کاردانەوە نێودەوڵەتییەکان و هەڵوێستی وڵاتانی رۆژئاوایی بەتایبەتی ئەمریکا، سەرنجی بەڕێزان کوشنێر و گاڵبریسی بۆ ئەو نیگەرانییە راکێشا کە کاردانەوەکان هێشتا هەر لە ئاستی مەحکومکردن و مشت و مڕدان و پێویستە هەرچی زووتر کۆمەڵگای نێودەوڵەتی یا لانیکەم وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەنگاوی بەکردەوە بۆ سنووردانان بۆ دەستدرێژییەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستانی عیراق و بۆ پێشگیری لە دووبارەبوونەوەی جینایەتی لەم چەشنە بەدژی حیزبی دێموکڕات و تێکۆشەرانی دیکەی رۆژهەڵاتی کوردستان لە باشووری کوردستان راکێشا.

دواتر هەر یەک لە وەزیری دەرەوەی پێشووی فرانسە و دیپلۆماتە ئەمریکاییەکە را و بۆچوونی خۆیان لەو پێوەندییەدا دەربڕی و سەرنجەکانی خۆیان لەمەڕ پێشنیارەکانی جێگری سکرتێری گشتیی حیزب بۆ ئەکتیڤ کردن و هەماهەنگ کردنی زیاتری تۆڕی دیپلۆماتەکانی دۆستی گەلی کورد و رێکارە گونجاوە نێودەوڵەتییەکان لەو پێوەندییەدا خستە ڕوو.

لە کۆتایی کۆبوونەوەکەدا هەردوولا سەبارەت بە رەهەندە جۆربەجۆرەکانی موشەکبارانی قەڵای دێموکڕات و جێگە و پێگەی ئەم هێرشە تێرۆریستییە لە چوارچێوەی گشتیی کێشە و ململانێ ناوچەیی و جیهانییەکاندا ئاڵوگۆڕی بیروڕایان کرد.

٢٦ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

## گردبوونەوەی ڕێکخراوی ژنانی دێموکرات ، بە مەبەستی مەحکووم‌کردنی مووشەکبارانی حیزبی دێموکرات، لە هەولێر



ڕۆژی ڕابردوو ڕێکەوتی ٤ی ڕەزبەر خۆپێشاندانی ڕێکخراوە سینفییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و حدکا لە هەولێر، بە ئامادەبوونی بەشێک لە ئەندامان و ژنانی چالاک لە بەردەم نوێنەرایەتیی نەتەوەیەکگرتووەکان لە شاری هەولێر بەڕێوەچوو.

لەو خۆپێشاندانەدا وێڕای مەحکووم کردنی هێرش بۆ سەر بنکەکانی حیزبی دێموکرات و بەتایبەتی بە ئامانج کردنی بنکەی سەرەکیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و شەهید وبریندداربوونی پۆلێک لە ئەندامانی ڕێبەری و کادرو پیشمەرگەکانی ئەو حیزبە، کە لە نێوانیاندا دوو ژنە تێکۆشەری نێو ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ناوەکانی سوهەیلا قادری و نەسرین حەداد دەبیندرێت، داوایان کرد کە بە جیددی پێش لە سەرەڕۆییەکانی کۆماری ئیسلامی بگیردرێت.

لەو گربوونەوەدا سەرەتا "خاتوو تەوار قادری" چالاکی بواری ژنان بابەتێکی لەو پێوەندییەدا بە زمانی ئینگلیزی پێشکەش کرد.

پاشان سکرتێری نوێ ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان خاتوو شلێر مەحموودی بە ئاماژەدان بە هێرشی هەوایی و مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات ڕایگەیاند؛ کە دەبێ ئەم کردەوە تیرۆریستییە بە توندی

مەحکووم بکرێ و کۆڕوکۆمەڵە نێونەتەوەییەکان دەبێ پێش لەو دووپات بوونەوەی ئەو کارەساتە بگرن.

شلێر مەحموودی بە وەبیر هێنانەوەی شەهیدبوونی دوو سکرتێری یەک لە دوای یەکی ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە رۆژی ۱۷ی خەرمانان خوازیاری ئەوە بوو کە هەموو هەوڵە یاسایی و نێونەتەوەییەکان وەگەڕ بخرێت، بۆ ئیدانە کردنی سیاسەتەکانی دژە کورد و دژە مرۆڤی کۆماری ئیسلامیی ئێران.

شیاوی باسە لە کۆتایی ئەو مانگرتنە، ئامادەبووان سەردانی باڵێوز خانەی ئامریکایان کرد لە شاری هەولێر و، بە دوو زمانی ئینگلیزی و کوردی روو بە بەرپرسانی ئامریکا داوکارییە سینفیەکانی خۆیانیان پێشکەش کرد

۲۶ی سێپتەمبەری ۲۰۱۸

## سەردانی د. بێرنارد کوشنێر لە قەڵای دێموکڕات



دوکتور بێرنارد کوشنێر وەزیری پێشووی کاروباری دەرەوەی فەڕانسە و دۆستی لەمێژینەی گەلی کورد و حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، سەردانی قەڵای دێموکڕاتی کرد.

دوابەدوای موشەکبارانی پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، دوکتور بێرنارد کوشنێر وەزیری

پێشووی کاروبـاری دەرەوەی  فەڕانسـە بـۆ دەربڕینـی هاوخـەمی و هاوپێوەنـدیی خـۆی لەگـەڵ حیزبـی دێمـوکڕات و بنەماڵەی شەهیدانی ئەو موشەکبارانە، بەیانیی ڕۆژی ٢٧ی سێپتامبری ٢٠١٨ گەیشتە قەڵای دێموکڕات.
لە پێشوازیی دوکتـور کوشنێردا سـەرەتا کیژۆڵـەی دێموکڕات، ژیـوار ئیبراهیمی، یادگـاری شـەهید ئیـراهیم زێـوەیی ئەنـدامی کۆمیتـەی ناوەنـدیی حیـزب و کـادری بـەوەجی بەشـی دیپلۆماسیی حیـزب، لـە جلوبـەرگی پێشـمەرگانەدا دەستەگوڵێکی پێشکەش بە بەڕێز بێرنارد کوشنێر کرد.

ئینجا هـاوڕێ مستەفا مەولودی سکرتێری گشـتیی حیزبـی دێمـوکڕاتی کوردستـان و ئەنـدامانی دەفتـەری سیاسـی و کەسایەتییەکانی نێو حیزب  بە گەرمی بەخێرهاتنی دوکتور کوشنێریان کـرد. لـەدوای ئـەوە، بنەماڵـەی شەهیدانی ١٧ی خەرمانانی قەڵای دێموکڕات کە بە ریز لە پێشوازی دوکتور کوشنێر وەستابوون بە ناوبراو ناسێندران. بێرنارد کوشنێریش بەدرێژی لەگەڵ هەرکام لە کەس و کـاری شـەهیدەکان ڕاوەسـتا و بـە گـەرمی هـاودەردیی خـۆی  و گـەلی فەڕانسەی لەگەڵ دەربڕین.

ئـەمجار بێرنـارد کوشـنێر سـەردانی سکرتـاریای حیزبـی دێـموکڕاتی کوردسـتان و شـوێنی کۆبوونـەوەی ڕێبەرایـەتیی حیزبی دێموکڕات کە کەوتبوونە بـەر پـەلاماری موشەکبارانەکەی ڕێـژیم کـرد و لـەوێ چەنـد و چـۆنی ئـەم هێرشە تێرۆریستییەی لەلایەن هاوڕێیانی حیزبییەوە بۆ روون کرایەوە.

لـە بەشی دووەمی ئـەم سـەردانەدا، دوکتـور کوشـنێر و هاوڕێیـانی دەفتـەری سیاسـی و بنەماڵـەی شـەهیدان پێکەوە کۆبوونەوە. لە دانیشتنێکی پڕ لە هەست و بەنێوەرۆکدا، سـەرەتا کـاک مستەفا مەولودی سکرتێری گشتیی حیـزب سەبارەت بەو سەردانەی بەڕێز کوشنێر لەو کات و ساتە هەستیارەدا کە حیزبی ئێمـە و گـەلی کـورد لـە ڕۆژهـەڵاتی کوردسـتان پێویسـتییان بـە پشـتیوانیی زیـاتری نێودەوڵـەتی هەیـە سـوپاس و قـەدردانیی کـرد. نـاوبراو وێـڕای وەبیرهێنانەوەی ئەوە کە د. کوشنێر هەمیشە لـە کاتـە سـەختەکا بەتـایبەتی لـە وەختـی تێـرۆری ڕێبەرانمانـدا لـە تەنیشت حیزبی دێموکڕات بووە، هیوای خواست کـە  هاوپێوەنـدی و پشـتیوانیی نـاوبراو  و دۆسـتانی دیکـەی گـەلی کورد لە دنیای دەرەوە لەمەودوا زیاتر پەرە بگرێ. سکرتێری گشتیی حیزب دواتر ڕوانگە و هەڵسەنگاندنی حیزبـی دێمـوکڕاتی کوردسـتانی سـەبارەت بـە هۆکـار و دەرەنجامـەکانی ئـەو هێرشـە بێوێنەیـەی کۆمـاری ئیسـلامی و چاوەڕوانییەکانی حیزبی دێموکڕات لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بۆ سنووردان بۆ دەستدرێژییەکانی کۆماری ئیسلامی

خستە ڕوو.


پاشان بێرنارد کوشنێر، وێڕای دووبارەکردنەوەی هاوخەمیی خۆی لەگەڵ حیزبی دێموکڕات بەتایبەتی لەگەڵ بنەماڵەی شەهیدان، رابردووی ناسیاری و دۆستایەتیی خۆی لەگەڵ حیزبی دێموکڕات وەبیر خستەوە. ناوبراو روو بە بنەماڵەی شەهیدان رایگەیاند ئەگەر کەس و کاری ئێوە شەهید بوون لەبەر ئەوە نەبووە کە ئەوان خەباتێکی توندوتیژییان بەڕێوە بردبێ، چونکە ئەوان لایەنگری توندوتیژی نەبوون. ئەوان رێک لەبەر ئەوە کرانە ئامانج چونکە ئەوان وەک میراتگری رێبەرانی شەهیدیان خەباتێکی سیاسی و ئینسانی و شارستانییانەیان بەڕێوە دەبرد و هەڵگری پەیامێکی دێموکڕاتیک و پێشکەوتنخوازانە بوون. دوکتور کوشنێر دواتر باسی رەهەندی سیاسی و نێودەوڵەتیی ئەو موشەکبارانە و بەگشتی خەباتی حیزبی دێموکڕات لە چوارچێوەی گشتیی ململانێ نێودەوڵەتییەکاندا کرد. بە بڕوای ناوبراو لەگەڵ ئەوەدا کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەهۆی کێشەی بەرژەوەندییەکان لە بەرامبەر ئێراندا ستراتژییەکی هاوبەش و یەکگرتووی نیە، بەڵام حیزبی دێموکڕات ئێستا لە خەباتی خۆیدا تەنیا نیە و بەرەیەکی بەرفراوانی نێودەوڵەتی بەدژی کۆماری ئیسلامی روو لە شکلگرتن و پەرە گرتنە.

دواتر دوکتور کوشنێر و هاوڕێیانی حیزبی لە پێوەندی لەگەڵ رووداو و پێشهاتەکانی ئێران و ناوچە و ئایندەی مشت و مڕی نێودەوڵەتی سەبارەت بە کۆماری ئیسلامی ئاڵوگۆڕی بیروڕایان کرد. لەو بەشەدا هاوڕێیانی حیزبی سەبارەت بە چۆنیەتیی پارمەتیدانی دوکتور کوشنێر و دۆستانی ناوبراو بە راکێشانی زیاتری سەرنجی ناوەندە بڕیاردەرە نێودەوڵەتییەکان بۆ لای خەباتی حیزبی دێموکڕات و هەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی و بە گشتی بزوتنەوەی کورد لە ئێران کۆمەڵێک پێشنیاریان خستەڕوو. دوکتور کوشنێریش وێڕای خستنەڕووی تێبینیەکانی خۆی، پێشوازی لە رێکارە باسکراوەکان کرد.

لە کۆتاییدا دوکتورکوشنێر پاش دەربڕینەوەی هاوسۆزیی خۆی لەگەڵ بنەماڵەی شەهیدان، بە گەرمی ماڵئاوایی لە رێبەرایەتی حیزبی و پێشمەرگەکانی پارێزەر و راگری قەڵای دێموکڕات کرد.

٢٧ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

## سەردانی بەرپرسی کومیتەی بەڕێوەبەریی دەرەوەی وڵات لە بنکەی سەرەکی ئەمنیستی ئینتەرناشناڵی هولەند لە ئەمستردام




ڕۆژی پێنجشەممە ٢٧ - ٩ - ٢٠١٨ کاک مستەفا شڵماشی ئەندامی دەفتەری سیاسی وبەرپرسی کومیتەی بەڕێوەبەریی حدک لە دەرەوەی وڵات، سەردانی بنکەی سەرەکی ئەمنێستی ئینتەرناشناڵی لە ئەمستردام کرد و لە لایەن خاتو ئانەماری بوسەر، کارگێڕی ئەو بنکەیەوە بە گەرمی پێشوازی لێکرا.

تەوەری سەرەکی باسەکان لەگەڵ ئەمنێستی ئینتەرناشناڵ(ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی) بریتی بو لە زیانەکانی باری مرۆڤی موشەکبارانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بۆسەر قەڵای حدک و پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤ بە شێوەیەکی بەربڵاو لە لایەن ئەو ڕژیمە دژی ئینسانیەوە. لەسەرەتاوە باسێکی تێر و تەسەل لە لایەن بەرپرسی کومیتە دەرەوە کرا سەبارەت بە کردەوە دژی مرۆڤیەکانی کۆماری ئیسلامی بە شێوەی جۆراوجۆری وەک، ئیعدام، تیرۆر، گرتن و زیندانی کردن و شکەنجە کردن لە زیندانەکان دا، هێرشی نیزامی، بۆمدانانەوە و هێرشی موشەکی کە بەدرێژایی تەمەنی کۆماری ئیسلامی هەمو ئەو کردەوە دژی مرۆییانە لە سەر گەلانی ئێران بە گشتی و گەلی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستان بە تایبەتی تاقی کراوەتەوە. هەر لەو کاتەدا ئیشارە بەوە کرا کە موشەکی دوور هاوێژی لەم چەشنە تازەیی هەیە و بۆ یەکەمجارە ئاوا لە دوورەوە و بەقوڵایی نیزیکەی ١٣٠ کیلۆمیتر لە نێوخاکی وڵاتێکی دیکە دا لە دژی حیزبێکی سیاسی بەکار دەهێنرێ.

تەوەری دووەمی باسەکان پەیوەندی هەبو بەوەوە کە چۆن ڕێکخراوی گەورەی ئەمنێستی کە لە زووربەی وڵاتانی

جیهان دا چالاکە هەیە دەتوانێ هاوکار بێ بۆ لە قاودانی ئەو کردەوە نا مرۆڤانەیەی کۆماری ئیسلامی و بۆ ئەوەی بەربەستێکی جیهانی لە بەردەم کۆماری ئیسلامی دروست بکرێ تا جارێکی دیکە نەتوانێ ئاوا بە ڕوو هەڵماڵاوی هێرشی بەم جۆرە بکا، کە هەم فاجیعەی ئینسانی لێ بکەوێتەوە و هەم سەروەری خاکی وڵاتێک پێشێل بکا. هەرلەو کاتە دا بەستەیەک دۆکومینت سەبارەت بە کردەوە تیرۆریستیەکەی کۆماری ئیسلامی تەحویلی خانمی بوسەر دران.

خاتو بوسەر لە لایەن ئەمنێستیەوە نیگەرانی قووڵی خۆی بۆ ڕووداتی ئەو کارەساتە دەربڕی و ڕایگەیاند کە ئەوان بە توندی دەستدرێژی ئاوا ئاشکرا، بۆسەر گیان و ژیانی ئینسانەکان مەحکوم دەکەن و ئەوەی لە دەستیان بێ هەوڵ دەدەن کە کۆماری ئیسلامی دەستی ئاواڵە نەبێ کە کردەوەی لەم جۆرە ئەنجام بداتەوە. هەروەها ڕای گەیاند کە سەرەخۆشی قووڵی خۆیان دەنێرن بۆ بنەماڵەی شەهیدەکان و داوای چاک بونەوەی هەرچی زووتر دەکەن بۆ بریندارەکان. ئەوەشی ڕاگەیاند کە بە داخەوە کۆماری ئیسلامی پەروەندەیەکی زۆر قورسی هەیە لە پیشێلکردنی مافی مرۆڤ دا و بە دەیان جار لە لایەن ئەمنێستی ئینتەرناشناڵەوە مەحکوم کراوە و داوای لێکراوە کە دەست لەم کارە دژی مرۆڤیانە هەڵگرێ، بەڵام زۆر کەم گوێی بیستنی هەبوە.

لە کۆتایی دا هەر دوو لا بە پێویستیان زانی کە لەمەولا پەیوەندی زۆرتر بێ و پێکەوە لەسەر ئەو کەیسە کار بکەن و لە گەڵ بنکەی سە رەکی ئەمنێستیش پەیوەندی بگرن تا بە هاوکاری ڕێکخراوە جیهانیەکانی دیکە هەوڵ بدەن کە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی ئاوڕێکی جیددی لە وەزعی حیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی ئێران و پەنابەرانی کوردی ئێران لە باشوری کوردستان و عێڕاق بدەنەوەو ژیان و ئەمنیەتیان دەستەبەر بکەن.

٢٧ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

## سەردانی چیمەن خان بەرپرسی یەکیەتیی ژنان لە سنووری شاری کۆیە بۆ یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان



سەرلە بەیانی رۆژی پێنجشەممە ٢٧ی سێپتامبر،چیمەن خان بەرپرسی یەکیەتیی ژنانی لە شاری کۆیە،بە مەبەستی هاوخەمی و بەردەوامی پێوەندی، سەردانی بنکەی سەرەکی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی لە قەڵای دێموکرات کرد.

سەرەتا چیمەن خان بە بۆنەی شەهید بوونی کۆمەڵێک کادر و پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات و لە نێویشیاندا شەهیدان سۆهیلا قادری سکرتێری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان و شەهید نەسرین حەداد سکرتێری پێشووی ئەو رێکخراوەیە و بریندار بوونی زیاتر لە٥٠ کەس، لە ١٧ی خەرمانان،بە هۆی هێرشی مووشەکی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان ،هاوخەمی خۆی دەربڕی و هیوای سلامەتی بۆ برینداران خواست.

چیمەن خان باسی لە کۆمەڵێک کار وچالاکی رێکخراوەی خۆیان لەگەڵ یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان کرد و گووتی تا ئێستا توانیومانە وەک رێکخراوەکانی ژنان زۆرکاری هاوبەش و بەسوود بۆ بەرەوپێشچوونی دۆزی ژنان بکەین و لەمەودوش لەسەر ئەو پێوەندییە بەردەوام دەبین.

دواتر خاتوو شلێر مەحموودی سکرتێری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان وێرای بەخێرهاتنی چیمەن خان، گووتی: لەدەست دانی سکرتێری ڕێکخراوەکەمان ڕاستە خەسارێکی گەورە لەو بزووتنەوەیە،بەڵام ئێمە بە هەموو هێز و تواناوە بەردەوام دەبین لەسەر ڕێگاو ڕێبازی شەهیدان.

خاتوو شلێر مەحموودی لە درێژەی قسەکانی دا ئاماژەی بەو کارەساتە گەورەیەی ١٧ی خەرمانان کرد و باسی لەوە کرد کە کۆماری ئیسلامی ئەوە یەکەم جاری نیە کە تاوانی ئاوا گەورە بکا و گیانی خەباتکاران و ڕێبەرانی ئەو بزووتنەوەیە بستێنێ، ڕێکخراوەی یەکیەتی ژنانیش هموو هەوڵی خۆی دەدا تاکوو بتوانێ ئەو جینایەتانە بە دونیو بناسێنێ و دەنگی هەموو ژنانی وەزاڵەهاتوو بگەیەنێتە کۆڕ و کۆمەڵە نێودەولەتییەکان و لە کۆتاییش داجارێکی دیکە سپاسی خەڵکی کۆیەی کرد کە وەک هەمیشە لە ١٧ی خەرمانان پشتیوان و هاودەردی حیزبی دێموکرات و خەڵکی ئێمە بوون.

شایانی باسە کە چیمەن خان دۆستی لە مێژینەی ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان و هەروەها شەهیدان سۆهیلا قادری و نەسرین حەدادە.

٢٧ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

پەیجی کارو چالاکیەکانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان

# سەردانی نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بریتانیا لە پارلمانی ئەو وڵاتە



لەدرێژەی کارو چالاکییە نێونەتەوەییەکانی بۆ لە قاودانی کار و کردەوە تێرۆریستییەکانی ڕژیمی ئیسلامی ئێران بە تایبەت دوایین کردەوەی تێرۆرسیتی ئەو ڕژیمە بە موشەکبارانی بنکەی دەفتەری سیاسی و قەڵای دێموکرات لە ٨ی سپتامبری ٢٠١٨ کە بووە هۆی شەهید بوونی ١٤ تێکۆشەری حیزب و بریندار بوونی زیاتر لە ٤٠ کەس لە ئەندام و پێشمەرگە و تێکۆشەرانی دێموکرات، ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ٩ی ئۆکتۆبری ٢٠١٨ی زایینی، بەڕێز مەولوود سوارە نوێنەری حیزب لەبریتانیا دیدارو چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ بەریز فابین هەمیلتۆن ئەندامی پارلمانی بریتانیا (وەزیری ئاشتی و چەک داماڵین لە دەسەلاتی سێبەر) لە حکومەتی بریتانیا پێک هێنا.

لەم دانیشتنەدا سەرەتا نوێنەری حیزب باسێکی لە چۆنیەتی موشکباران و شەهید و بریندارەکانی حیزب کرد و هەروەها سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی لەناوچەکەدا و بەتایبەت عێراق و چەندین کردەوەی تێرۆرسیتی لە ساڵانی رابردوو دژ بە حیزبی ئێمە، بۆ وێنە نانەوەی بۆمب لە نزیک بنکەی دەفتەری سیاسی لە ڕۆژی ٢٠ی دسامبری ٢٠١٦ و شەهید بوونی ٦شەش کادرو پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات و پێشمەرگەیەکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەروەها کردەوە تیرۆریستیەکەی ٧ی مارس و شەهید کردنی فەرماندەی بەوەجی حیزبەکەمان شەهید قادر قادری پێشکەش کرد.

تەوەرێکی تری دانیشتنەکە تەرخان کرا بۆ باس لە کۆلبەران و پێشلکاریەکانی مافی مرۆڤ لە ئێران و کوردستان،

کە لەو بەشەش دا بەڕێز سوارە ئاماژەی بەتازەترین قوربانی کۆلبەری کورد لەناوچەی نەوسوود کرد.

بەڕێز فابین هەمیلتۆن سەرەتا پەرۆشی خۆی لەو کردەوە تێرۆریستییانەی ڕژیمی تاران و بە تایبەتی هێرشی موشەکی بۆ سەر قەڵای دیموکرات دەربڕێ و بەڵێنی دا کە ئەو باسانە لەگەڵ شوێنە پیوەندیدارەکان و بەتایبەت وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا بێنیتە بەرباس.

جێگای ئاماژەیە کە نامیلکەیەک کە تایبەت بە هێرشی موشەکی ڕژیمی ئیسلامی بۆ سەر قەڵای دێموکرات لە ٤٤ لاپەرەدا و دێکۆمێنتی کردەوە تیرۆریستیەکەی دسامبری ٢٠١٦ لە بنکەی دەفتەری سیاسی کە بە زمانی ئینگلیسی ئامادە کرابوو و پێشکەشی بەرێزیان کرا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ٩ی ئۆکتۆبری ٢٠١٨

سەرچاوەکان: ماڵپەڕی کوردستان و کورد و حدک میدیا

# دیدو بۆچوونی نووسەران کورد

## هاوەردیی و وردە تێڕوانینێک لە سەرکردەوەی تیرۆریستی کۆماری ئیسلامی ئێران لە دەشتی کۆیە




**عەزیز شێخانی**

**پەیامی سەرەخۆشی**

**بەڕێزان: بنەماڵە و هاوڕێیانی شەهیدەکانی دەستی غەدر،**

**حیزبی دێموکڕاتی کوردستان**

**حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران**

**لە گەڵ ئێوە، بنەماڵە و کەسوکاری سەرجەم شەهید و بریندارەکانی هێرشی مووشەکی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ سەر بنکەی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و هەروەها فێرگەی سیاسی - نیزامی حیزبی دێموکڕاتی**

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران هاودەردم. لەو کۆست و خەمەدا شەریک و هاوبەشم. گیانی شەهیدەکان شاد و ئازیزەکانیان پارێزراو و سڵامەت بن.

ڕووداوە تاڵەکان بۆ وانەوەرگرتن دەبن و گەلان لە شکان و کەوتنەکان زیاتر فێر بوون. هێرشی مووشەکی ڕیژیم بۆ سەر بنکەی دێموکڕاتەکان لە دەشتی کۆیە ڕووداوێکی تاڵە و پڕە لە وانە و ئەزموون. تێچووی ئازادبوون و دەستەبەرکردنی مافە ڕەواکان زۆرە. مرۆڤەکان لە سەر گۆی زەوی بە خوێن و گیان توانیویانە نیعمەتی ئازادیی و هەروەها مافە ڕەواکانیان دەستەبەر بکەن.

سەرکەوێ خەباتی ڕەوای کوردان

عەزیز شێخانی

---------------------------

## وردە تێڕوانینێک لە سەر کردەوەی تیرۆریستی کۆماری ئیسلامی ئێران لە دەشتی کۆیە

هێرشی موشەکی ڕێژیمی تاران بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی دیموکڕاتەکان جێگەی تێڕامانە و ناکرێ بە ئاسانی پشتگوێ بخرێ. مەبەستی کۆماری ئیسلامی ئێران لەو هێرشانە کورتخایەن و درێژخایەنن. ئەوان بەو کردەوەیە بە پارت و ڕێکخراوە ڕۆژهەڵاتییەکانیان ڕاگەیاند، کە لە قووڵایی باشووردا دەتوانن زەبریان گەورەیان لێبدەن. کردەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران دژ بە خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پارتە سیاسییەکان و بە تایبەت دێموکڕاتەکان لە دەشتی کۆیە کردەوەیەکی چاوەڕوانکراو بوو. بەرپرسانی ڕێژیم لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا چەند جارێک پرسی پەلامار و هێرش بۆ سەر مەکۆ و بنکەی حیزبە ڕۆژهەڵاتییەکانیان لە باشووری کوردستان خستۆتە بەرباس. ناکرێ هەڕەشەکانی ڕێژیم بە فرۆفیشاڵ پێناسە بکەین و مەیدان و دەرفەتی زەبروەشاندن بە ڕێژێمک بدەین، کە تەنیا لە زمانی هەڕەشە و تیرۆر تێدەگا. کۆشک و تەلاری کۆماری ئاخوندی لە سەر بناخەی ترس و تۆقاندنی گەلانی ئێران و جیابیران دامەزراوە. ئەو نیزامە سەلماندوویەتی، کە بۆ سەرکوتکردنی خەباتی

گەلانی ئێران و بە تایبەت گەلی کورد لە هیچ کردەوەیەک ناپڕینگێتەوە. لۆژیکی نییە، دەستی شاراوەی دەزگا هەواڵگرییەکانی ئێران و تورکییە لە باشووری کوردستاندا نەبینین. زەبری ڕێژیم لە چالاکانی سیاسیی و پارت و ڕێکخراوە سیاسییە ڕۆژهەڵاتییەکان لە باشووری کوردستان پاشخانێکی کۆنی هەیە. لەو پێوەندییەدا چەند خاڵێک شایانی لێوردبوونەوەن، کە لێرەدا ئاماژەیەکی کورتیان پێدەکرێ:

- گۆڕینی تاکتیک و ستراتیژی خەبات و تەنانەت فۆڕم و شکڵی حیزبایەتی و پێشمەرگایەتی خاڵێکی گرینگە. تاریفکردنی جۆری سیاسەت و خەبات، نەخشەی تێکۆشان ئاشکرا و ڕەنگڕێژی دەکات. کات و سەردەم ڕۆڵی سەرەکی لە خوێندنەوە و تاریفکردنی بابەت و پرسەکاندا هەیە. خەباتی چەکداریی و هەروەها پێشمەرگانە، لەو یاسایە بەدەر نییە و تاکتیکی تازە و شێوازی نوێی دەوێت. ئەوەی پێشمەرگەکان لە ڕابردوودا کردوویانە، مەرج نییە لەم سەردەمەدا بکرێ. شەڕی چەکداری لە گەڵ ڕێژیم بەم شێوازەی ئێمە عادەتمان پێگرتوە، بەرهەمی کەمە و ڕووداوەکانی چەند ساڵی ڕابردوو سەلماندوویەتی، کە پێشمەرگەکان زۆر لە جاران زیاتر زەبریان لێدەدرێ.

- کارکردن بۆ سادەکردنەوەی خەباتی چەکداریی و بوونی پێشمەرگەی سەلْت. پێشمەرگە و چەکداری پارتیزان بە ژمارەیەکی کەم و نەبوونی ژن و منداڵ باشتر دەتوانن لە گەڵ دۆخە دژوارەکان خۆیان بگونجێنن. ژنانیماڵدار و هەروەها منداڵ و بەساڵداچووان باشترە لە کەمپەکان جێگربن و لە ژێر چاوەدێری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکاندا بن. شایانی باسە، کە ڕێکاری دێموکڕاتیک و مرۆڤانە دژ بە دیکتاتۆرییەت و هێز کاریگەری نییە. لەبارە، کە بزوتنەوەی کورد بۆ مانەوە و هەروەها بەهێزبوون خەباتی چەکداری لە فۆڕمێکی تازەدا ڕێکخاتەوە، کە بۆ ڕێژیم تازە بێ. لەو نێوەدا خەباتی گەلانی دیکە بۆ وانەوەرگرتن دەبێ و ڕەنگە کردەوەیەکی گەورە لە تاران بە ڕێژەیەکی گەورە پرسی کورد لە ئێران لە ئاستی ناوچە و جیهاندا بورووژێنێ.

- ڕێژیم لە ئێمەی کورد خاوەن تکنیک و دەسەڵاتی زیاتر و زۆرترە. ئەوان لە هێز و پارە و هەروەها شارەزایی بۆ لێدان لە پرسی کورد و بزوتنەوەی کورد کەڵکوەردەگرن. ناسینی ڕێژیم و شارەزابوون لە سیاسەت و تاکتیکەکان ڕیژیم پێویستی بە کاری بەردەوامە و زانیارییە کۆنەکان چارەسەری پرسە تازەکان ناکەن. بە واتایەکی دیکە، لەو مەیدانەدا ئەگەر هونەر و شارەزایی نەبێ، بە ئاسانی لە داوی فرت و فێڵی ڕێژیم دەکەوین. خۆپاراستن لە هێرشی دوژمن و خوڵقاندنی ترس لە دڵی دوژمندا ڕق و کینە و هەروەها سەرمایەگوزاریی و کانالیزەکردنی ڕق و باوەڕ و

کردەوەی دەوێ.

- پارت و حیزبە رۆژهەڵاتییەکان خاوەنی رێکخستنی زۆر تۆکمە نین. رێژیم و دەزگا سیخوڕییەکانی لە کۆنەوە بە ئاسانی لە نێو حیزب رۆژهەڵاتییەکاندا گەرایان خستوە و سیخوڕ و هاوکاری خۆیان لە ریزەکانیاندا حەشارداوە. دوو هۆکاری سەرەکی ئەو دۆخە نادڵخوازەیان خوڵقاندوە. یەکەم، لاوازی کەسایەتی تاکی کورد، کە بە ئاسانی فریوی وەعد و بەڵێنی بەرپرس و کاربەدەستانی رێژیمیان خواردوە. دووهەم، سادە و ساکاربوونی بەشێک لە کادر و ئەندامانی حیزبەکان، کە بە ئاسانی کەوتوونەتە داوی رایەڵکە سیخوڕییەکانی ئێران.

- تێکەڵبوونی دوو دیاردەی دژ بەیەک لە گۆڕەپانی خەباتدا. یەکەم، بەکارهێنانی تێکنۆلۆژی تازە سەرەڕای قازانجەکانی، پارتە سیاسییەکان و رێکخستن و بنکە و مەکۆکانیان کردۆتە ئامانجی ئاشکرا بۆ دەزگا سیخوڕییەکان. لە رێگای بەکارهێنانی ئامێرە جیاوازەکان، هێڵی تەلەفوون و ئینترنێت و هەروەها تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و بڵاوکردنەوەی زۆر وێنەی نەگونجاو کاربەدەستانی رێژیم دەتوانن حیزبەکان تۆق بکەن. دەسەڵاتدارانی تاران خاوەنی تێکنۆلۆژی ورد و هەروەها هێزی مرۆڤی زۆرن، کە بە ئاسانی دەتوانن دیواری ئەمنییەتی رێکخستنی ئۆنلاینی حیزبە نەیارەکان بڕوخێنن و بە شاراوەیی سوود لە زانیارییەکان وەرگرن. خەباتکردن بە مانای بڵاوکردنەوەی وێنەی زۆر و زەوەندی ئەم و ئەو نایەت و لەو مەیدانەدا کاربەدەستانی رێژم سوودمەند دەبن.

- نەبوونی ستراتیژی و دووربینی لە خوێندنەوەی بارودۆخەکە، بزوتنەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی لە بازنەی قەیرانە جیاوازەکاندا خستۆتە ژێر پاڵەپەستۆ. خۆهەڵاوەسینی بەشێک لە چالاکانی کورد لە نێو و دەرەوەی حیزبەکان بە فکر و هزری "ئیسلاحتەڵەبە نێوخۆییەکان" و هەروەها بڵاکردنەوەی دەنگۆی ئاڵوگۆڕ لە پەیکەری نیزام، ساختاری بیرکردنەوەی درێژخایەن و وردی کوردە رۆژهەڵاتییەکانی وێران کردووە. هێزێکی چەکدار، سیاسی و بەرپرس لە جیاتی خۆ هاویشتنە نێو داوی جاڵجاڵۆکەیی ئاخوند و بژاردەی رێژیم، بیر لە خۆپاراستن و زەبرلێدان لە رێژیم دەکاتەوە. شوعار و خوێندنەوەی هەڵەی بارودۆخەکە گیانی شۆڕشگێڕی کوردانی رۆژهەڵاتی تاراندوە و سەرلێشێواوی بەرینی لە گۆڕەپانەکەدا خوڵقاندوە. هونەری سیاسەت تەنیا لە قسەکردندا نییە، بەڵکو تێگەیشتن لە هەوێنی رووداوەکان و دیتنی کۆی وێنەکە و بڕیاری هەڵسێنگێندراوە.

- بەشێک لە کۆنە سیاسەتکارەکان سیاسەت و خەباتیان لە مانا بەتاڵ کردۆتەوە. ئەوان لە پێناوی بەرژەوەندیی و پێگەی خۆیان لە باشوور، بڕستیان لە بزوتنەوەی کوردی ڕۆژهەڵات بڕیوە و پارتە سیاسییەکانیان لە کۆڵانە داخراوەکاندا هێشتۆتەوە. ئەرکە مرۆڤە خەباتکارە ڕێبەرەکان جیاوازە و ئەوان دەرفەت دەخوڵقێنن و بە هەنگاوی چووک و بەردەوام ڕووداوی گەورە دەخوڵقێنن. ئەوانی ڕۆژهەڵات بەداخەوە بە هۆکاری جیاواز لە ئیدارەکردنی قەیرانەکاندا ناسەرکەوتوو بوون و پارتەکانیان وێڕای بەشێک لە هاوڕێکانیان تووشی پەتای دابڕان کرد.

- تێگەیشتن لە هاوکێشەی جۆرەکانی خەبات دژ بە ڕێژیم بایەخێکی زۆری هەیە. ڕێژیم لە کوردستاندا و نیزامی ئاخوندی لە سەرتاسەری ئێراندا، بە مەحکومکردنی ئەم و ئەو گوێی نابزون. حیزبە کوردییەکان و بژاردەی کوردەکان دەبێ لە گەڵ هەڵبژاردنی ڕێگا، تەحەممولی ئاکامەکانی بکەن. ئێمە لە هەڵبژاردنی جۆری خەباتدا ئازادین، بەڵام ئاکامی کردەوە و هەڵسوکەتەکان ناتوانین خۆمان دیاری بکەین. ئەگەر پێشمەرگە بۆ کاری پێشمەرگانە دەچێتەوە کوردستان یان باقی شوێنەکانی دیکەی ئێران، باشترە باوەڕ بەخۆمان بێنین، کە بۆ گیانی پێشمەرگەیەکی دیل لە بەر ڕێژیم نەپاڕێینەوە. شەڕی ئازادی دژوارە و مافەکانی بە پاڕانەوە مسۆگەر نابن. بە پاڕانەوە و هاوارکردن هێز و وزەیەکی زۆر بەفیڕۆ دەڕوا و ئاویکی خەراپیش بۆ خەباتکارانی دوارۆژ دەڕژێ. خەباتکاری کورد لە بەندیخانەدا نابێ بۆ گیان بپاڕێتەوە و خەڵک و هێزە سیاسییەکان بۆ بەرپەرچدانەوەی سیاسەتەکانی ڕێژیم سیاسەتی پێچەوانە بگرنە بەر.

- تێکهەڵکێشکردنی لۆژیک و درووشم لە پێناو خزمەتکردن بە باوەڕ و ئیرادەی ئازادیخوازانەی تاکی کورد و تەنانەت ئەندام و لایەنگرانی پارتە سیاسییەکان. قەڵای هەرمۆتە و ناونانی بە قەڵای دێموکڕات کاریگەرییەکی زۆری لەسەر تێکۆشانی حیزبی دێموکڕاتەوە نییە. ئەو ساڵانە، بە هۆکاری جیاواز و بە تایبەت کێشەی لایەنە لێکجیابووەکان ژمارەیەک درووشم و دەستەواژە بوونە باو، کە ڕەگیان لە خاکدا نییە. بۆ خەباتی ڕۆژهەڵات و حیزبە سیاسییەکان باشترە کە شار و گوند و شاخەکانی ڕۆژهەڵات سەمبول و قەڵای خۆڕاگری بن. درووشم و وشەکان تەعبیر لە ئیرادە و جیهانبینی مرۆڤ دەکەن، بۆیە زۆر گرینگە دەربڕینەکان و کردەوەکان یەکانگیر و هاوبالانس بن. بە هەموو پێوانەیک ڕەوایە، کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و خەڵکەکەی لە سەر بناخەی زۆر فاکتۆری جیاواز ببنە لەمپەری بەردەم بیری نگریسی دەسەڵاتدارەکانی تاران و خۆڕاگری لە هەناوی خەڵک و لە ئامێزی خاکدا گوڵ بکات.

- هێزە سیاسییەکانی باشوور و تەنانەت حکومەتی حیزب، لە باشوور بۆ کوردانی ڕۆژهەڵات گۆچانی دەستی مووسا نین. ئەوان لە ماوەی دەسەڵاتدا سەلماندوویانە، کە دژ بە بەرژەوەندی تەنانەت خەڵکی خۆیانن و لە دەرەوەی بازنەی بەرژەوەندییەکانیان هیچ نابینن. کەسایەتی ئەوان و کردەی سیاسیان لاوازە و بە قسەش ناتوانن بەرامبەر بە تورکییە و ئێران بەرگری لە خۆیان و سەروەری خاکەکەیان بکەن. ئەوان لە پێناوی شکاندنی یەکتردا زۆر سنووریان شکاندوە و بەکردەوە مانەوەی خۆیان لە هەموو شتێک بۆ پیرۆزترە. ئەزموونی باشوور لە پاراستنی گیانی کوردانی بە تایبەت ڕۆژهەڵاتدا تاڵە و قابیلی بەرگریکردن نییە.

- مانەوە لە باشوور بە مانای مەرگی هێواشە و حیزبە سیاسیی و تەنانەت بەشێک لە بازرگانە سەیر و سەمەرەکانی باشوور لە پێناوی گیرفان و ورگدا چرای دەستی ئێران و تورکییەن. ئەو هێرشانەی کراون و زۆربەی تیرۆرەکانی ساڵانی رابردوو کەم و زۆر بە هاوکاری پارتە سیاسییەکان و کەسانی باڵادەست لە نێو حیزبە باشوورییەکاندا ئەنجام دراون. ئەوان بۆ مانەوەی خۆیان وەک حیزب و پارتی سیاسی پەنایان بۆ هەموو دەوڵەتە سەردەستەکانی کوردستان بردوە و لەو پێوەندییەدا هیچ سنوورێک ناناسن.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ٨ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

# چاوساغو سیخوڕەکانی ئیتیلاعات لەکوێیە کێن؟



***ئێران ساڵانێکی زۆرە دەستی کراوەیە لەکوردستان، ئاڕاستەی روداوە سیاسیو سەربازییەکان دیاریدەکات، لایەنەکان بەشەڕ دەداو پاشان ناوبژییان دەکات، نەیارەکانی خۆی بەرۆژی روناکو بەشەوی تاریک تیرۆر دەکات. چاوساغەکانی ئێران لەهەرێمی کوردستان کێن؟***

**ئا: ئاوێنە**

لای کەس شاراوە نییە کە لەساڵانی رابردودا سەدان نەیاری کۆماری ئیسلامی ئێران لەهەرێمی کوردستاندا تیرۆر کراون، ئیتیلاعاتو سوپای پاسدارانیش لەپشت ئەم تیرۆر کردنانەوە بون. لەم سێ چوار ساڵەی رابردودا جموجۆڵی ئێران بەشێوەیەکی بەربڵاوتر لەهەرێمی کوردستاندا هەست پێدەکرێ، بەتایبەتی گوشار خستنە سەر دیموکراتو کۆمەڵەکانو پارتی ئازادی. لەم ساڵانەی دواییدا چەندین تۆڕی سیخوڕیی لەنێو ئەو حیزبانەو دەرەوەی ئەو حزبانەشدا ئاشکرا بون کە سەر بەئیتیلاعات بونو پیلانیان داڕشتوە بۆ تیرۆرکردنو تەقاندنەوەی بۆمبو زانیاری کۆکردنەوە لەسەر جموجۆڵی کەسە چالاکەکانی ئەم حزبانە بەمەبەستی تیرۆرکردنیان.

ئەم تۆڕە سیخوڕیانە جگە لەو کارانە کاریان لەسەر هەڵخراندنو فریوودانو بردنەوەی پێشمەرگەی حزبەکانو رادەست کردنەوەیان کردوە، لەهەمانکاتیشدا رۆڵیشیان هەبووە لەخستنە بۆسەی بەشێک لەو پێشمەرگانەی گەڕاونەتەوە کوردستانی رۆژهەڵات بۆ ئەنجامدانی چالاکی سیاسی یاخود کاری چەکداریی. ئەم تیمو تۆڕانەی کە

پەیوەندی راستەوخۆیان لەگەڵ ئیتیلاعاتو هێزی قودسی سوپای پاسداران هەبوە، بەشێکیان خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستانو بەشێکیشیان هاوڵاتی هەرێمی کوردستان بون کە پێکەوە ئیشیان کردوەو هاوکاری ئیتیلاعات بون.

ئیتلاعات، یەکێکە لەو کۆڵەکە قایمانەی کۆماری ئیسلامی ئێرانییان لەسەر بنیاتنراوە. ئیتلاعات لەگەڵ دەزگای موسادی ئیسرائیلیدا، بەگەورەترینو بەکاراترین دەزگای سیخوڕیو پۆلیسی نهێنی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دادەنرێن. ئیتیلاعات لەساڵی ١٩٨٣دا دەستی بەکارکردو بەتیرۆرکردنی سەدان کەسایەتی ناڕازی کۆماری ئیسلامی لەناوخۆی ئێرانو لەوڵاتانی دەرەوەدا تاوانبار دەکرێت. کوردستان، لەدوای راپەڕینەوە ئامانجێکی ئیتلاعات بوە.

ئێستا چالاکیەکانی ئیتیلاعاتو سوپای پاسداران لەڕوی چۆنایەتییەوە پێدەنێتە قۆناغێکی نوێوە، کە بەموشەک یاخود بەفڕۆکەی بێ فڕۆکەوان هێرشدەکەنە سەر بنکەو بارەگاکانی حزبی دیموکرات لەکۆیە، بەبێ ئەوەی هێزی زەمینی تیا بەکاربهێنرێ.

ئەوەی لەم چالاکییەدا جێی سەرنجە، شوێنو کاتی پلینیۆمەکەی حزبی دیموکراتی کوردستانە بەوردی، وەک لەئامانج پێکانی موشەکەکانی ئێراندا دەردەکەوێ. ئەم چالاکییە کاری هاوبەشی ئیتیلاعاتو سوپای پاسدارانە، کە ئیتیلاعات لەڕێگەی سیخوڕەکانیەوە زانیاری وردی هەبوە لەسەر کۆبونەوەی سەرکردایەتی حدکو سوپای پاسدارانیش لەسەر بنەمای ئەو زانیاریانە چالاکییەکەی ئەنجامداوە.، کە بوە هۆی شەهیدکردنو برینداركردنی دەیان کادێری ئەو حزبە.

لەچالاکییەکی بەمجۆرەدا گومان دەکرێ ئێران چاوساغو سیخوڕی زۆر گرنگو متمانەپێکراوی هەم لەناو دیموکراتدا هەبوبێتو هەم لەناو هەرێمی کوردستانیشدا. ئەم سیخوڕانە کێن؟

پرسیارەکە وەڵامدانەوەی زۆر ئاڵۆزە، بەسەرنجدان لەو هەمو کارە تیرۆریستیانەی بەرامبەر بەنەیارانی کۆماری ئیسلامی ئێران ئەنجامدراون، تا ئێستا کەس روبەڕوی سزادانو حوکمدان نەبوەتەوە، تەنانەت ئەگەر کەسێک یان چەند کەسێکیش بەو تۆمەتە دەستگیرکرابێتن زۆری نەخایاندوە ئازاد کراون.

دیموکراتو کۆمەڵەکانو هاوڵاتیانی کوردستانیش نیگەرانن لەئاشکرا نەکردنی ئەو سیخوڕانەو چاوساغانەی

ئیتیلاعاتو سوپای پاسداران کە تاوانبارن. بەشێک لەچاودێران هۆکاری ئاشکرانەکردنی دەگەڕێننەوە بۆ ئەو پەیوەندییە توندوتۆڵەی لەنێوان ئێرانو یەکێتیو پارتیدا هەیە، کە ئەمە وایکردوە ئاسایش دەستی کراوە نەبێت لەئاشکراکردنی هەمو سەرەداوو بکەرەکانی ئەم هێرشەو تەقینەوەو تاوانو تیرۆرکردنەکانی رابردودا. بەحوکمی ئەوەی زۆرجار یەکێتیو پارتی پەیوەندییان لەگەڵ ئێران پێگرنگترە لەئیعتباری دەزگای ئاسایشەکەی خۆیانو ئارامی ناوچەکەیان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - ٩ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

---

## بۆردومانەکەی ئێران



**ئاری محەمەد هەرسین**

ناڕازاییەکانی شاری بەسرەی شیعە نشین پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێوە، ئەویش چونکە توندو تیژیەکان قوربانی زۆرتریان لێ کەوتۆتەوە و جگە لە دام و دەزگا حکومیەکان، خۆپیشاندەران هێرشیان کردۆتە سەر کۆنسولخانەی کۆماری ئیسلامی ئێران و بە بەرچاوی کامێراکانەوە ئاڵای ئەو وڵاتەیان سوتاندوە.

ئەگەر خەڵکی بەسرە لە هەژموونی کۆماری ئیسلامی ئێران لە دەڤەرەکەیان توڕەن، ئەوا مەنتقی بوو ئەو توڕەییە بەڕوی ئەو لایەنە عێراقیانەدا بتەقێننەوە کە مەجالیان بۆ ئێران کردۆتەوە بۆ ئەوەی لە بەسرە باڵادەست بێت. هە موو کەس دەزانن کە ئەرکی ئێران نیە ئاوی پاکی خواردنەوە و کارەبا بۆ خەڵکی بەسرە دابین بکات و کێشەی

بێکاریان بۆ چارەسەر بکات.

عێراق وڵاتێکی دەستکردی ئیستیعمارە و، ئەو کەسانەشی کە ڕێکلام بۆ عێراقێکی یەکگرتوو و بەهێز دەکەن خەیاڵپڵاون و خەریکی پینەو پەڕۆکردنن. عێراق هەرگیز دەوڵەتێکی سروشتی و هۆمۆجین نەبوە و هەرگیزیش وای لێ نایەت. هەر ئەوەشە وا دەکات کە هەموو دونیا خاوەن بڕیار بێت لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتە دەستکردەدا، دانیشتوانەکەی لێ دەرچێت.

ئێمەش (زۆر بەداخەوە) وەک بەشێکی بەزۆر لکێنراو بە عێراقەوە، وەک لە ماڵی خۆماندا خاوەن ماڵ نەبین وایە. ئەوەتا ڕۆژێک تورکیا بە مافی خۆی دەزانێ سنوری نیشتیمانەکەمان ببەزێنێت و ئەوەی حەزی لێیە جێبەجێی دەکات و، ڕۆژێکیش ئێران. لە هەردو حاڵەتەکەشدا دەوڵەتی عێراقە کە چرای سەوز بۆ ئەم دوو دراوسێیەی لێدەدات کە لە هێرش و مانۆڤرە سەربازیەکانیاندا لە چوارچێوەی سنورەکانی عێراقدا دەستکراوە بن.

بەداخەوە ئەمڕۆ فەرماندەی ئۆپەراسیۆنە تایبەتیەکانی هێزەکانی سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی ئێران بە چەکی پێشکەوتوو ئاڵۆزەوە هێرشیان کردە سەر بارەگاکانی کوردانی خۆرهەڵات لە قەزای کۆیە. دیارە کۆماری ئیسلامی ئێران بەرنامەیەکی زۆر ووردی بۆ ئەم ئۆپەراسیۆنە داڕشتوە، چونکە هەر ئەم بەیانیە رامین پەناهیان لە سێدارەداو شەهیدیان کرد. بە واتایەکی تر ئامۆزا نەژادیەکەمان، بە یەک ئاڕاستە دوو هوشداری جیاوازی بۆ ڕەوانە کردین، کە یەکێکیان پەیامێکی سەربازیە، ئەوەی تریشیان سیاسی (ڕامین پەناهی لەسەر تلیاک کێشان نەگیرابوو، چونکە ئەگەر وابوایە ئەوا دەبوو دەوڵەتی ئێران نیوەی گەورەساڵانی ئێرانی لەسێدارە بدایە).

ئێمە داگیرکەری فەلەستین نەبوین، کەچی سەددام و حیزبی بەعسی عەرەبی لە ترسنۆکیان بەرامبەر بە ئیسرائیل ئێمەیان کیمیایی باران و جینۆساید دەکرد. ئێمە نەچوین و هیچ کوردێکی خۆرهەڵاتیش نەچوە هێرش بکاتە سەر کۆنسولخانەی ئێران لە بە سرە و ئاڵای وڵاتەکەیان بسوتێنێت، کەچی ئێران لە ترسی ئەمەریکا و ئەسرائیل تەکنۆلۆژیا سەربازیەکەی لەسەر ئێمە تاقی دەکاتەوە.

کۆماری ئیسلامی ئیران باشترە جورئەتی هەبێت و بەرەو ڕوی ئەمەریکا و ئیسرائیل ببێتەوە، با شەڕەکە

نەگوێزتەوە بۆ نیشتیمانی کوردستان. باشترە تاران بیر لە بەرژەوندی هاوبەش بکاتەوە نەک دەست شکاندن. بەم جۆرە کردەوانە نابێت کۆماری ئیسلامی ئێران لای سەیر بێت هاوسۆزی بۆ براکانیان و تورە بونیان، وا لەخەڵکی باشوری کوردستان بکات کە بە فەوج (و رایت الناس یدخلون فی دین الله افواجا- النسر ٢) لە ڕیزدا بوەستن بۆ بە خۆبەخش خۆ ناونوسکردن لە ڕیزەکانی خەڵکی کورد لە خۆرهەڵاتی کوردستان، لە دژی کۆماری ئیسلامی ئێران. داهاتویەکی لەو جۆرە لە قازانجی کەس نیە. هیوادارین کۆماری ئیسلامی ئێران ئەم هەڵە کوشەندەیە دوبارە نەکاتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - ٩ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

## بۆردومانی کۆیە!



**ئاریز عەبدوڵڵا**

١- بۆردومانکردنی بنکەو بارەگاکانی دیموکرات و ئاوارەکان روداوێکی ئاسایی نیە و ناکرێ تەنیا وەکو پێکدادانی نێوان حکومەتی ئێران و نەیارەکانی لێک بدرێتەوە. ئەو ڕوداوە پێشێلکاریەکی راست و راشکاوی سەروەری خاکی عێراق بەگشتی و هەرێم بەتایبەت و یاسا نێودەوڵەتیەکانە و پێویستە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لە ئاستیدا بێ دەنگ نەبێ.

٢- سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی هاورێ و کەسوکاری شەهیدان دەکەین و هیوای زووچاکبونەوەش بۆ برینداران دەخوازین. ئەو کردەوەیەو هەموو کردەوەکانی لەو شێوەیەش ریسوا دەکەین.

٣- ئەو روداوە نیگەرانیەکی قوڵی لەناو دڵ و دەرونی خەڵکی کوردستان و ئێرانیش دروستکردوەو کۆماری ئیسلامیش بەو هەنگاوە کێشە دەرەکی و ناوخۆیەکانی خۆی قوڵتر کردنەوە.

٤- دوێنێ قونسلخانەی ئێران لە بەسرا سوتێندرا، ئێمە پێی نیگەران بووین. چونکە لەلایەک بەکارهێنانی زەبروزەنگ دژی بنکە و بارەگا دیبلۆماسی و نوێنەرایەتی وڵاتان کارێکی ناڕەوا و نا یاساییە، لەلایەکی دیکەش تێکچوونی پەیوەندیەکانی هەردوو وڵات لەبەرژەوەندی نیە. ئێمە پێمان وابوو دوای سوتاندنی قوسلخانەکەی ئێران هەڵوەستەیەک لەخۆی دەکاو بیر لەچارەسەرکردنی قەیرانەکانی دەکاتەوە. بەڵام بەداخەوە بە بوردومانکردنی کۆیە سەلماندی کە نایەوێ بە لۆجیکی گفتوگۆ کێشەکانی خۆی چارەسەر بکات.

٥- بارودۆخی ناوچەکە بەگشتی لە گۆڕان و کوڵاندایە، زلهێزەکان لێرە یاری دەکەن و دەیانەوێ کێشەکانیان یەکلایی بکەنەوە و هەرێمی کوردستانیش لەم بارودۆخە بەرگەی ئەو هەموو پیلان و پلان و فشار و داگیرکاریە ناگرێ، بۆیە لەسەر هەموو هێزو لایەنە کوردستانیەکان پێویستە کە رەچاوی ئەو بارودۆخە بکەن و بیانو نەدەنە دەستی وڵاتانی دەرو دراوسێ و رێز لە یاسا نێودەوڵەتیەکان و عێراق کوردستانیش بگرن وخاکی هەرێمی کوردستان نەکەنە بنکە و بارەگای پەلامارو شەڕی چەکداری.

لە کۆتاییدا بە حکومەتی ئێران دەڵێین دوای سوتاندنی قونسلخانەکەتان ئەمرۆ ئەگەر لە جیاتی ئەو روکێتانە شاندێکتان بۆ گفتوگۆی ئاشتیانە ناردبایە کۆیە ئەوا لەجیاتی لەخۆ کردن دڵی هەموو گەلانی ئێران و عێراق و هەرێمی کوردستانتان بەدەست دێنا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - ٩ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

# هێرشەکەی کۆیە و چەند ڕاستییەکی سادە



**فەیسەڵ شێخانی**

لە پەراوێزی ئەو هێرشە تیرۆرستییەی کرایە سەر تێکۆشەرانی (حدک و حدکا) لە کۆیە، لێرەدا مەبەستمە دوو قسە لەسەر سیناریۆی ڕژێمی ئێران بکەم.

دیارە بارودۆخی عێراق بە گشتی و زۆنی سەوز بەتایبەتی، بەجۆرێک کەوتووەتە ژێر هەژموونی ڕژێمی ئێرانەوە کە بڕیارێک دەردەچێت بەر لەوەی لە تەهران جێبەجێ بکرێ، لەو شوێنانەی وەک کۆیە جێبەجێ دەکرێ، ڕێک وەکوو تاقیگەکانی لێهاتووە، سەرەتا ژەهرەکانیان بەسەر ئێمە تاقیدەکەنەوە و دواتر دەیکەن بە پڕۆژەی خۆیان.

لە ڕاستیدا دارشتن و جێبەجێکردنی ئەو سیناریۆ تیرۆرستییە بۆ سەر تێکۆشەرانی دیموکرات، سیماکانی زۆر روونە، واتە ئەو دەستە زۆر کەشفە کە کارێکی وا قێزەونی ئەنجامداوە، چونکە هەر یەکێک تۆزێک زانیاری هەبێ لەبارەی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان، دەزانێ کە ئەو جۆرە فڕۆکانە زیاتر لە سنوورێکی دیاریکراو هەڵدەفڕن و دەنیشنەوە، بۆیە ئەگەرێکی دوورە ئەو فڕۆکانە لە سنووری ئێرانەوە هاتبنە سەر کۆیە، بەڵکو ئەگەری ئەوە نزیکترە لە ڕاستییەوە، بۆ نموونە لە قەڵاچوڵانەوە فڕۆکەکان ئاراستە کرابن، یان لە هەیبەت سوڵتانەوە کە بەرزاییەکەی بەسەر شارۆچکەی کۆیەوە دەڕوانێ و هەر لەوێشەوە زانیاریی سیخوڕی درابێ.

هەرچی پەیوەندی بە بەیاننامەی پاسدارانی ئێرانیشەوە هەیە کە کردە تیرۆرستییەکەی لە ئەستۆی خۆیەوە

گرتووە، گوایە بە مووشەکی زیرەک ئامانجی خۆیان لە کۆیە پێکاوە، هەر جێگەی قسە لەسەر کردن نییە، چونکە درۆیەکی شاخدارە و مایەی گاڵتەجاڕییە، هەموو جیهان دەزانێ ڕووسیا لە هاوکێشەکە دەربچێ، ئێران هەردوو باڵی دەشکێ و بستێک ناتوانێ هەڵفڕێ، ئیدی ئێران و مووشەکی زیرەکی چی؟

بە گشتی لە هەموو بارێکدا زۆنی سەوز لەو تاوانە قێزەونە بەشداری کارایە، بەڵکو ئەمە بۆ خۆی درێژکراوەی زنجیرەی خیانەتکارانەی ١٦ی ئۆکتۆبەرە، ئەو تاقمە سەرلێشێواوانە وەک چۆن ماکینەی ئیعلامیان لە دوای ڕووداوی خیانەتکارانەی ١٦ی ئۆکتۆبەر وایان لە خەڵکی حاڵی کرد کە گوایە کوردستانی سەربەخۆ زیاتر هاوشێوەی هەلومەرجێکە، کە بە تەواوی گەمارۆ دراوە و هیچ دەرفەتێک بۆ گەشەپێدان و پەیوەندی لەگەڵ دونیای دەرەوە نابێت و نامێنێت و نەخشەی هەرێمی کوردستان دەسڕدرێتەوە. ئەوان هەنگاوهەڵگرتن بەرەوە سەربەخۆیی بە شتێکی ئەستەم دەزانن کە پێیانوایە هیچ حزب و بزاوتێک ناتوانێ ئەوە بگەیەنێتە ئەنجام، کەچی ئەمڕۆ ١٨٠ پلە بایانداوەتەوە.

دەمێکە عاقڵمەندان گوتوویانە کە دەمانچە داهێنرا، ئیدی پاڵەوان و ترسنۆک وەکوو یەکیان لێهات، لە قانوونی سیستەمی سەربازیشدا هەر هەڵەیەک سزای خۆی هەیە و هیچ بوارێک نییە بۆ سازشکردن و چاوپۆشین لەو هەڵەیە، تەنانەت ئەگەر شایەنی باس کردنیش نەبێت، بۆیە پێویستە ئەوانەی دەستیان لەو جەریمە تیرۆرستییەدا هەیە، دەستیان ببڕدرێتەوە و دادگای گەل سزایان بدات و تۆڵەی ئەو خیانەتکارییەیان لێ وەرگرێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی باسنیوز - ٩ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

# کوردو جەنگی ناهاوسەنگ



**ئاراس فەتاح**

گوێتە، گەورەشاعیری ئەڵمانیی دەڵێت"من لە رۆژانی یەکشەممەو پشوەکاندا جگە لە جەنگ و هاوارو ناڵەی جەنگ، شتێکی باشتر نادۆزمەوە بۆ گفتوگۆ". گوێتە گازندەی ئەوەدەکات کە سەرەڕای ئەوەی ڕۆژانی پشو بۆئەوەیە مرۆڤ ئارامییەک بەخۆی ببەخشێت، کەچی ئەو بۆ قسەکردن لەسەر جەنگ تەرخانی دەکات. لەڕاستیدا ئەم ڕستەیەی گوێتە لەدونیای ئێمەدا بوە بە دۆخێکی باوی کۆمەڵایەتیی و بابەتی رۆژانەی ژیانی ئینسانی ئێمە، چونکە خەڵکی ئەم دەڤەرە هەمو ڕۆژێک، جگە لە باسی شەڕ و کوشتن و ململانێی توندتوتیژ و ئازار و ناڵەی جەنگ، شتێکی تریان نییە گفتوگۆی لەسەر بکەن.

لەسێدارەدانی سێ گەنجی کوردستانی ڕۆژهەڵات و هاوکات هێرشی موشەکیی دەوڵەتی سێدارەی ئێران بۆسەر بارەگاکانی حزبی دیموکراتی کوردستان (حدک) و حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران (حدکا) و کەمپی ئاوارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە کۆیە کە بوە هۆکاری شەهیدبونی پانزە کەس و بریندداربونی زیاتر لە پەنجا کەس، هەواڵی گەرم و هەست و وێژدان هەژێنی ئەم ڕۆژانە بون بۆ هاوڵاتیانی کوردستان.

### گۆڕانی مانا و رەهەندەکانی جەنگ

جەنگی ناتەبا بە هەمو پێوەرە یاساییە نێودەوڵەتیی و ئێتیکییەکان، شەڕێکی نائەخلاقییە، چونکە هیچ تەبایی و هاوسەنگییەک لەنێوان دوبەرەکەدا بونی نییە. چ لەئاست کەرەسە و چ لەئاست جەبەروتی هێز و چ لە ئاست

تەکنیکی پیادەکردنی هێرش و چ لە ئاست زانیاریی و باڵادەستیی زەمینیی و ئاسمانییدا تەبایی و هاوسەنگییەک لەنێوان هێزێکی دەوڵەتیی و هێزێکی ناودەوڵەتییدا بونیان نییە.

بێگومان ماناکانی جەنگ و میتۆدەکانی پیادەکردنی گۆڕانی قوڵیان بەسەردا هاتوە. گەر سەدەی پێشو قۆناغێک بێت کە جیاکارییەکی ڕون لەنێوان ناوەوە و دەرەوە، لەنێوان دوژمن و دۆستدا کێشرابێت کە لە جەنگی سارددا خۆی بەرجەستەدەکرد، ئەوا لە سەردەمی نوێدا، جەنگ گۆڕانکاریی گەورەی بەسەردا هاتوە و ئەو سنورانە گەر نەڵێین تێکشکێنراون، دەتوانین بڵێین هیچ سنورێکی دەوڵەتیی توانای بەرگریی ڕەهای لەخۆی نەماوە. ئەم دۆخەش هەندێ لە بیریاران بە سەرهەڵدانی پارادایمێکی نوێی هێرش و بەرگریی ناویدەبەن.

بەرگریی کاتێک مانایەکی پۆزەتیڤی هەیە کە بتوانێت لە هێرش بەهێزتر بێت. ئاشتیی ناوەوەی هیچ سیستەمێکی بەرگریی ناتوانێت بەردەوام بێت گەر نەتوانێت ئامادەی بەرپەرچدانەوەی هێرشەکانی دەرەوەی خۆی بێت. ئەم سەردەمەمان سەردەمی سنوری تەقلیدیی نییە. سەروەریی سنورەکان ناتوانرێن بە بازگەی سەربازیی و دیواردروستکردن و خەندەقلێدان بپارێزرێن. نەک تەنها لەبەرئەوەی لەئێستادا سیستەمێکی گلۆبالدا دەژین و هەمو دەوڵەتێک پێویستی بەوی ترە، بەڵکو لەسەردەمی پەیوەندییەکی گشتگیردا دەژین کە هەندێ وڵات بەبێ کەرتی گەشتوگوزار و هاتنی گەشتیار ناتوانێت ئابوری خۆی بپارێزێت. دەوڵەتی ئەم سەردەمەمان ناتوانێت بەبێ کۆمپیوتەر بژی و پەیوەندی لەنێوان پارچەکانی خۆی و دەرەوەی خۆیدا دروستبکات. گەر جاران قەڵا تاکە پەنایەک بوبێت بۆ بەرگریی، ئێستا هیچ قەڵغان و قەڵایەک ناتوانێت ببێت بە بەرگریی ڕاستەقینەی ئەم جیهانە گلوباڵە. گەر جاران گولەی تۆپ چەند کیلۆمەترێک مەوداکەی بوبێت، ئەوا ئێستا ڕاکێتی دورمەودامان هەیە کە دەتوانێت لەماوەی چەند خولەکێکدا ئامانجی خۆی لە دورترین شوێندا بپێکێت. گەر جاران قەڵغان کەرەسەی بەرگرییکردن بوبێت لە جەستە، لەئێستادا قەڵغانێکی مەجازییمان بۆ دروستبوە کە پێیدەڵێن فایەرۆڵ و بەرگریی لە هاتنەژورەوەی دوژمن و ڤایرۆس دەکات.

ئەم سەردەمەی ئێستامان سەردەمی بەکتریا نییە کە بە پەنسلین مەترسییەکانی لەناوببەین، بەڵکو سەردەمی ڤایرۆسە کە دەچێتە ناو سیستەمی جەستەی بیۆلۆگیی و سیستەمی جەستەی کۆمەڵایەتییمانەوە. ڤایرۆس بونەوەرێکە کە دەتوانێت بەخێرایی و بەنادیاریی بچێتە ناو هەمو کۆمپیوتەرێکەوە و کۆی پەیوەندییەکانمان وێران

بکـات. لەسـەردەمی ڤایرۆسـدا سیاسـەتی ڤایرۆسـییش هەیە. واتە سیاسـەتێک کە دەچێـتە نـاو جەسـتەی هەمـو کۆمەڵگایەکەوە و سیستەمی بەرگرییەکەی شەلەل و ئیفلیجدەکات و لە دەزگـایەکی خۆبەڕێـوەبردنەوە دەیگۆڕێت بـۆ بەڕێوەبراو و کۆنترۆڵکراو. چەمکی سەروەریی لە سەردەمی ڤایرۆسدا ئەفسـانەیەکی سیاسییە کە تـاوەکو قۆنـاغی دروستکردنی یەکەم ڤایرۆسی کۆمپیوتەر بڕدەکات.

## ڕۆڵی حیزبی کوردیی لەنێوان ڤایرۆسێکی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤدا

کێشەی چەمکی سەروەریی بـۆ کوردیش لێرەوە دەستپێدەکات. کورد هیچ کاتێـک سیستەمی بەرگریـی خـۆی نەبـوە، بەڵکو بەشێک بوە لەو هێرشانەی کە دەوڵەتە دراوسێکان بەکاریـانهێناوە بۆئەوەی سیستەمی بەرگریی نـاوەوەی هەر یەک لەو دەوڵەتـانە لاوازبکەن کە کورد تیایدا دەژیی. کورد لێرەوە دەبێت بە ڤایرۆسێکی پۆزەتیڤ بۆ یەکێکیـان و بە ڤایرۆسێکی نێگەتیڤ بۆئەوی تریـان. لەهەردو حاڵەتەکەدا ڕۆڵی ڤایرۆسێک دەگێڕێت لەناو سیستەمی بەرگریـی و هێرشی ئیقلیمییدا. ئەم دۆخەش لە دوای دروستبونی هەرێمی کوردستانەوە گۆڕانکاریی گەورەی بەسەردا نەهاتوە.

گەرچی ساڵانێکە هەرێمێکی دەسەڵاتداریێتییمان هەیە و لە دەستوری عێراقـدا دانپێـدانراوە، بەڵام هیچ هێمـایەک لە سیاسـەتی کوردییـدا بـونی نیـیە کە نـاوی سـەروەریی نیشـتیمانیی بێـت. ئەم دۆخەش تەنهـا پابەنـدی ئەو دابەشـکارییە دەسـەڵاتدارێتییە لۆکـاڵییە نیـیە کە هەریەک لە دو حیـزبە گەورەکە هەیـانە و بـونەتە بەشـێک لە قـوڵایی ستراتیژیی جیۆپـۆلیتیکیی هەر یەکێـک لە دودەوڵەتە دراوسێکەی خۆیـان، واتە ئێـران و تورکیـا، بەڵکـو پابەنـدی ئەو پەیوەنـدییە سیاسیی و ئەمنیـی و ئابورییەشە کە هەرێمی جوتسـەروەریی حیزبیـی لە کوردسـتان بە هەریەک لەو وڵاتـانە دەبەستێتەوە. بونی هێزی بەشەکانی تر لە هەرێمیشدا بوە بە نەعلەت و بە نیعمەت بـۆ هەر یەکێک لە دو حیزبە لۆکاڵییەکەی کوردستان.

نەبونی سەروەریی نیشتیمانیی تەنها مانـای نەبونی سیستەمی بەرگریی نییە، بەڵکو مانـای کردنـی ئەم هەرێمەیە بە گۆڕەپـانی ململانێـی هەیـمەنەی ئیقلیمیـی و دابەشبونی بەسـەر ئاساییشـی نەتەوەیـی ئێـران و تورکیـادا. ئەمـڕۆ هەرێمی کوردستان بوە بە بەشێک لە سیستەمی بەرگریی و پاراستنی ئاساییشی ئەو وڵاتـانە و ململانێـی هەیـمەنەی سیاسیی و سەربازییان لە نـاوچەکە. پاداشتی هەریەک لەو دو هێـزە سیاسییە بـاڵادەستەی هەرێم بـۆئەوەی ڕۆڵـی

فایەرۆڵی سیاسیی و سەربازیی بۆ هەر یەک لەو دەوڵەتە ناوچەییە زلهێزە بگێڕێت، ناردنی ڤایرۆسی پۆزەتیڤە بۆیان و دەستکاریکردنی دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکانە لە بەرژەوەندییان.

باجی پاراستن و ڕاگرتنی ئەم سیستەمە لۆکاڵیی کوردییە، وەکو قەڵغانێک بۆ بەرگریی لە دزەکردنی ڤایرۆسیی سیاسیی بۆ ناو ئەو وڵاتانە، زۆرجار ئەو هێزانە دەیدەن کە لەناو سنوری هەرێمدان و شەڕی ئەو دو دەوڵەتە دەکەن. دەوڵەتە ئیقلیمییەکان سەروەریی سیاسیی ئەم دو هێزە لۆکاڵییەی پارتیی ویەکێتیی تەنها بە چەک و پارە ناپارێزن، بەڵکو بە دەستکارییکردنی دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکانیش لە بەرژەوەندییاندا یەکێکە لەو خزمەتگوزارییانەی کە فایەرۆڵی ئەم هێزانە دژ بە ڤایرۆسی ناوەکییان کە لە ئۆپۆزیسۆندا بەرجەستەدەبێت، بەهێزدەکەن. ڕێگەدانیش بە بازاڕی نەوتی قاچاخ کە ئەمڕۆ بەشێکی دانەبڕاوی تێکەڵبونی سەرمایەی نوخبەی سیاسیی کوردیی لەناو سیستەمی سەرمایەی جیهانیی پێکدەهێنێت، لە خزمەتی کۆی سیستەمی بەرگریی و ئابوری هەر یەک لەو دو زلهێزە ناوچەییەدا دەکەوێتەوە.

بەیاننامەکەی حکومەتی هەرێم دژ بە هێرشە سەربازییە دڕندانەکەی ئێران بۆ سەر بنکەکانی حیزبە سیاسییەکانی خۆرهەڵات لە شاری کۆیە، گەواهیی ئەوەیە کە ئەم حکومەتە یەک ئامانجی هەیە، ئەویش ئیشکردنە لە بەرهەمهێنانی عەقلییەتێکی ناسیۆنالیستیی هەرێمییانەی کوردیی. ئەم عەقلییەتە پێماندەڵێت ئێمەی کوردی ئەم هەرێمە لەگەڵ پارچەکانی تر جوداین و دەمانەوێت دەسەڵاتدارێتییەکی هەرێمیی دابمەزرێنین کە خاوەن ناسیۆنالیزمێکی هەرێمیی تایبەت بەخۆیەتیی و نایەوێت ببێت بە مەترسیی بۆ هیچ دەوڵەتێکی دراوسێ. ئەم ناسیۆنالیزمە هەرێمییە لە جەوهەردا مانای نەمانی هیچ هێزێکی بەرگریی ناوەکیی و دەرەکییە بەرامبەر بە هەمو فۆرمەکانی هێرش و دەستکارییکردنی ناوەکیی ئەو دەوڵەتانە لەناو هەیکەلی سیاسیی هەرێم و ڕۆڵی لەناو چوارچێوەی عێراقدا.

## مۆراڵی جەنگ و سنورەکانی تیرۆر

گەر تیرۆر سنوری نەتەوەیی نەناسێت، ئەوا تێپەڕاندنی هەر سنورێکی نێودەوڵەتیی بەبەهانەی لەناوبردنی مەترسیی تیرۆر، وەکو تورکیا و ئێران لە هەرێمی کوردستاندا دەیکەن، دەچێتە قاڵبی تیرۆری دەوڵەتییەوە. تیرۆری دەوڵەتی لێرەدا مانای ئەوەیە کە هەمو ڕێسا و یاسایەکی نێودەوڵەتی پێشێلدەکرێت و بەبێ مۆڵەتی

نێونەتەوەیی دەوڵەتێک هێرشی سەربازیی یان موشەکیی بکاتە سەر سەروەریی دەوڵەتێکی تری دراوسێ و بەناوی پاراستنی ئاساییشی نەتەوەیی خۆیەوە خەڵکی مەدەنیی وڵاتەکەی تر بکوژێت و ئاوارە بکات.

ئەو قسەیەی کە دەڵێت جەنگ مۆڕاڵی نییە، بانگەشەی کوشتارێکی دەستەجەمعیی بێڕێسای نەیارەکانی دەکات. کوشتنی بێڕێساش مانای جەنگی ڕەهایە کە هیچ مۆڕاڵێکی نییە. یەکێک لە کۆدێکسەکانی جەنگ بریتییە لەوەی کە لە بەرەکانی جەنگدا روبەڕوی دوژمن ببیتەوە. هەمو کوشتنێکی بەرامبەر بەبێ بونی ڕێسا دەچێتە دەرەوەی ڕێسای جەنگەوە. لەسەردەمی کلاوزەڤیتزەوە دەزانین کە جەنگ درێژکراوەی سیاسەتە بە کەرەسەی تر. کاتێک باس لە کەرەسەی تر دەکەین، مەبەست تەنها توندوتیژیی نییە، بەڵکو مەبەست سیاسەتە. کوشتاری بێ ڕێسا لەبنەڕەتدا مانای نەهێشتنی هیچ روبەرێکە بۆ سیاسەت لەجەنگدا کە هەمیشە بە دانوستاندن و ڕێککەوتن کۆتاییدێت.

خاڵێکی تر بریتییە لە رەهەندی عەدالەت لە جەنگ. کاتێک باس لە عەدالەت لە جەنگدا دەکەین، مەبەست بونی ڕێز و خۆشەویستیی نییە لە جەنگدا، بەڵکو مەبەست هاوتاییەکە لە بەکارهێنانی کەرەسەکانی جەنگ. کاتێک دوژمنەکەم شمشێری پێبێت بێمانایە من بە فلچەی ددان شەڕی لەگەڵدا بکەم. بەهەمان شێوەش هێرشبردنە سەر دوژمن بە فرۆکەی بێفرۆکەوان دابڕاوە لە هەمو ڕێسایەکی مۆرالی پێکدادانی جەنگاوەرییانە، چونکە ناتەبایی و ناهاوتاییەکی هیجگار گەورە لە نێوان ئەوانەدا هەیە کە لە گۆڕەپانی جەنگدان و ئەوانەی کە لە ئاسمانەوە وەکو یاری کۆمپیوور دوژمنەکەیان بە پەلەپیتکەیەک دەکوژن. جیاوازییەکە ناهاوسەنگیی هێزی بەکارهێنانی جەنگە لەنێوان ئەوانەی کە لەسەر زەوین و هیچ کەرەسەیەکی هاوتایان نییە بۆ بەرگرییکردن لە خۆ و ئەوانەی کە لە ئاسمانەوە هێرش دەبەنە سەر نەیارەکەیان. هەمو کوشتنێک بە کلیکی ماوس لەسەر کۆمپیوتەر لە روی ئەخلاقییەوە جەریمەیە و ناچێتە ناو جەنگێکی هاوتاوە.

شەڕ یان جەنگ روبەڕوبونەوەی دو کەسە یان دو لایەنە لەناو گۆڕەپانی جەنگ، ئازایەتی نییە تۆ نادیاربیت و دوژمن بەدەرەوە، شکۆمەندیی نییە تۆ راکێتی دورمەودات هەبێت و دوژمنەکەت کلاشنکۆف. تیرۆریزم بۆیە جەنگێکی پیسە، چونکە هەمو ڕێساکانی جەنگ تێکدەشکێنێت. هەر دەوڵەتێکیش جەبەروتی هێزی خۆی بەشێوەیەکی ناهاوسەنگ دژ بە نەیارە سەربازیی و سیاسییەکەی بەکارهێنا، دەچێتە خانەی جەنگی نائەخلاقیی و تیرۆری دەوڵەتییەوە.

لەسەردەمی ئەمڕۆدا جەنگی تەقلیدیی کە لە نێوان دو دەوڵەتدا ڕویدەدا، بەرەو نەمان دەچێت. لەبری ئەوە جەنگی نوێ وەکو دیاردەیەکی تازە بونی هەیە کە لە فۆرمی شەڕی ناوخۆ و ئەکتەری نادەوڵەتیی و تۆڕی تیرۆریستییەکاندا بەرجەستەدەبێت. بەنادەوڵەتییکردنی جەنگ لە جەوهەردا وەزیفەی بەناسیاسییکردنێتی. هەمو بەناسیاسییکردنێکی جەنگیش دەچێتە خانەی بەنامۆڕاڵیکردنەوە، چونکە ڕێز لە هیچ ڕێسایەکی جەنگ ناگیرێت.

لە جەنگی تەقلیدییدا دوژمن دەبێت لە گۆڕەپانی جەنگدا ملکەچبکرێت. ئەم ملکەچکردنە دەشێت بە ڕاگرتنی تەقە و ڕێککەوتن لەنێوان دۆڕا و براوە، یان تێکشاکان و تەسلیمبون و خۆبەدەستەوەدان کۆتایی پێبێت. بەڵام لە جەنگی نوێی نادەوڵەتییدا ئەم ڕێسایانە نە بونی هەیە و نە ڕێزیشی لێ دەگیرێت، چونکە کاتێک راکێتێک بەئاسمانەوەیە و ئەوانەی وەکو ئامانج بۆیان دیارییکراوە ئاگایان لە تەقاندنی ئەو راکێتە نییە، بۆیە نە توانای گفتوگۆیان هەیە، نە توانای تەسلیمبون و نە فرسەتی هەڵهاتنیشیان لەبەردەستدایە. بەهەمان شێوەش کاتێک فرۆکەی بێفرۆکەوان بە ئاسمانەوە چاودێریی نەیارە سەربازیی و سیاسیەکەی لەسەر زەوی دەکات و ساروخیان تێدەگرێت و وەکو مەگەز دەیانکوژێت، هیچ فرسەتێک بە بەرامبەر نادات وەکو لە جەنگی تەقلیدییدا هەیە کە خۆی تەسلیمبکات یان بریندارەکان ببرێن بۆ نەخۆشخانە و وەکو دیلی جەنگ مامەڵەیان لەگەڵدا بکات. بۆیە ئەو کەسەی کە لە ئاسمانەوە بە راکێت دەکوژرێت وێنای دوژمنی نییە، بەڵکو تاوانکارێکە کە بەبێ دادگا لەلایەن دەوڵەتێکەوە دەکوژرێت. بەمشێوەیەش لەخۆڕا نییە کە کوشتنی بەئەنقەست و بەئامانج، جەنگی لەشکر نییە دژ بە لەشکرێکی تر، بەڵکو جەنگی دەزگاکانی ئەمنیی و ئیستیخباراتییە دژ بە نەیارە سیاسیی و سەربازییەکان کە لەزۆرینەی کاتەکاندا هێزی نادەوڵەتیین.

ئەم جۆرە جەنگە کوشتنی دوژمن نییە لەبەرەکانی جەنگ، بەڵکو کوشتنی بەئەنقەستە کە هیچ یاسا و ڕێسایەکی نێودەوڵەتیی و ئێتیکی جەنگ نایگرێتەوە. ئەم جۆرە لە کوشتار سیاسەت نییە، بەڵکو کوشتنی کردەی سیاسەتە کە هەمیشە لە جەنگدا بوارێک بۆ قسەکردن و دانوستاندن دەهێڵێتەوە. ئەم فۆرمە لە کوشتن چ لەروی یاسای نێودەوڵەتییەوە و چ لەڕوی ئێتیکی جەنگەوە پرۆبلێماتیکە. ڕەهەندی جەنگ دژی تیرۆر بەناوی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی دەوڵەتییەوە بەئاستێک گەیشتوە کە جیاوازیی لەنێوان تیرۆری گروپ و تیرۆری دەوڵەتیی هەڵبگیرێت و ئامانجی سەرەکیی لەم جەنگە نوێیەدا تەنها کوشتار بێت کە جگە لە خوێنڕشتن هیچ بوارێک بە کردەی سیاسەت نادات.

لەو چرکەساتەوەی کە کورد شەڕی چەکداریی ڕاگەیاندوە لە جەنگێکی ناهاوسەنگدایە لەگەڵ دوژمنەکانی. ئەم جەنگە بەشێوەیەکی ناتەبا و ناهاوسەنگ بەڕێوەدەچێت و دوژمنەکانی جیاوازیی لەنێوان چەکدار و بێچەکدا ناکەن، ڕێز لە ڕێسا و یاسا نێودەڵەتییەکانی جەنگ ناگرن و هەمو بەرهەڵستکارێک وەکو دوژمن تەماشادەکەن و لەهەر شوێنکاتێکیشدا بۆیان بکرێت، بەبێ دادگا و ڕێزگرتن لە ڕێسا و ئێتیکی جەنگ، وەکو تاوانکارێک مامەڵەیان لەتەکدا دەکەن و دەیانکوژن. ئەم فۆرمەش لە جەنگ دەچێتە خانەی تیرۆری دەوڵەتییەوە.

-------------------

تێبینی: ئەم بابەتە کورتکراوەی وتارێکی درێژە کە هێشتا بڵاونەکراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - ٩ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

---

## کۆیە



عەزیز ڕەوف

تۆپ باهاوێژن یان نا، بە تەیارە بێن یان بە تانک، تەقینەوە بکەن یان کاری خۆکوژی، دەزانین ئێران و تورکیا لێرەن. مایەی شۆک نیە بە هاوێژانی چەند گوللەتۆپێک بۆ کۆیە توشی شۆک بین بەوەی کە ئێران هاتووە، ئێران

هەمیشە لێرەیە بە خۆی و سوپا و هێز و جاسوس و قاسم سلێمانیشەوە، وەک چۆن تورکیا لێرەیە بەخۆی و سوپا و جەندرمە و میت و ئاردۆگان بە خۆی و هاوبیرە کوردەکانیشیەوە.

ئەم ئەزموونەی ئێمە لە باشور بۆتە بەلا بۆ پارچەکانی تریش. بەڵام لەم گەمەیەدا پارتی لە یەکێتی زیاتر حیسابی بۆ دەسەڵات و هەیمەنەی خۆی کرد و یەکێتی بە ئاشکرا بارەگای کۆمەڵە و دیموکرات وەک دوو هێزی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی جێ کردەوە و بە نهێنیش بێت ژێر دەسەڵاتی یەکێتی بنکە و بارەگای هێزەکانی تری باکور و رۆژئاوای کوردستانی تێدایە. ئەمە بە هەر پێوەرێک بێت لەسەر یەکێتی کەوت و پارتیش ناوچەی خۆی لە ئۆپۆزسیۆنی سەرجەم پارچەکانی کوردستان پاککردۆتەوە و چەند پارتێکی بچوک نەبێت ئەوەش لە سیاسەتی خۆیەوە نزیکن. لە ئێستادا فۆکەس لەسەر یەکێتیە کە رێگەی بە ئێرانیەکان داوە و ژێر دەسەڵاتی پارتیش پڕە لە چەکداری تورکی و بە ئاشکرا لە گوندەکان دەسورێنەوە و پەکەکە پاکتاو دەکەن و کەسیش ورتەی لێوە نایا. میدیای پارتی زۆر بە وردی کار لەسەر ئەجێندای حزبەکەی دەکات و میدیای یەکێتیش سەری لەم گەمەیە دەرناچێت.

ئێمە لە باشور لە کوێی رووداوەکانداین؟ هەرکات تورک بیەوێت دەتوانێت سنورەکان ببەزێنێت و ساتێکیش فارس بیەوێت بە خۆی و پاسدارەکانیەوە نەک گورز لە هێزەکانی نەیاری خۆی بوەشێنێت بەڵکو لە دارشتنی سیاسەتی ئەم ناوچەیە دەستی هەیە.

کورد لە ناوخۆی و نە لە عیراقیش ئەجێندای روونی نیە و ئەوە بۆ دەوڵەتانی دراوسێش راستە کە هەر زۆنە و هەر هێزە و وەلائی بۆ وڵاتێکی ئیقلیمی هەیە و خۆی و نفوز و دەنگ و سامان و کورسیەکەی دەپارێزێت.

کورد هێشتا شەڕی چاڵدێرانی تێنەپەڕاندووە و ناوچەکە لەنێوان عوسمانی و سەفەویدا دابەش بووە و هێزە کوردیەکان و دەسەڵاتی خۆجێیی کوردی هیچ دەسەڵاتێکی لە گۆڕینی ئاراستەکانی ناوچەکە و تەنانەت ناوخۆشدا نیە و بە درێژایی پێنج سەد ساڵی رابردوو رێک لە سەردەمی شەڕی چاڵدێرانەوە ئەم ناوچەیە کەوتۆتە بەر تەپ و تۆزی ئەسپەکانی عوسمانی و سەفەوی.

لە بەسرە سەفارەتی ئێران دەسوتێنن، لە کۆیە تۆڵە دەکەنەوە. ئێران هەمیشە وابووە، شەڕەکە دەباتە دەرەوەی خۆی، لەم یاریە ئێران دەیەوێت چالاکوانانمان بیر بباتەوەو لە سێدارەیان بدات و هەم گورزێکیش لە پلنیۆمی دیموکراتەکان لە کۆیە بوەشێنێت.

ئەی حکومەتی هەرێم لە کوێی ئەم هاوکێشەیەدایە؟ کورد لەم ناوچەیە هەمیشە بە هێزێک دەنازێت کە نیەتی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی لڤین - ٩ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

## ئێران چۆن گەیشتە کۆیە!!



**رەحمان غەریب**

ئەو موشەک یان تۆپانەی ئێران بە ئاسمانی هەرێمی کوردستانی عێراق، لەم ساتەوەختە ئالۆزو پڕ لە گرێ کوێرە سیاسییەدا بەتەنها نامەیەک نییە بۆ حدکا و ئۆپۆزسیۆنی چەکداری ئێرانی، نامەیەکیشە بۆ ئەمریکای پارێزەری ئاسمان و ئەرزی عێراق.

دوێنێ لەسەر زاری وتەبێژەکەیەوە، ئەمریکا ئیدانەی بەئامانج گرتنی تیمە دبلۆماسییەکانی کرد، بەوەی کە لە شاری (بصره)یش رویدابوو. ئێران نەچوو سوپاسی هەڵوێستەکەی بکات، لە بەرامبەر دا ئێران زینجیرەیەک بڕیاری

لە سێدارەدانی جێبەجێکرد و ئینجا بۆردومانی قەڵاکەی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی کرد.

ئیتر لەم پرۆسە سەربازییەدا رادەی پێکانی ووردی ئامانجە سەربازییەکانی خۆی بۆ ئەمریکاو ئیسرائیلیش نارد. ئەگەر تۆپ یان موشەکی بگاتە کۆیە، یانی دەشگاتە عینکاوەی هەولێر، ئەگەر پێویست بکات.

ئاخر تەوقیتی بۆردمانەکە لەکاتی کۆبونەوەی فراوانی حزبێکی ئۆپۆزسۆنی چەکداری نهێنی، ئاستی هەواڵگری سوپای ئێرانی، دەبێت نەک تەنها حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران (حدکا)، بەڵکو کونسڵ و باڵوێزی ئەمریکاو وڵاتانی تر لە بەغداو هەرێمی کوردستان توشی شۆک بکات.

لە پاڵ ئەم نامەندا، ئێران بە دەنگی بەرز بە رووی ئەمریکاو نوخبەی سیاسی عیراقی خنکاو لەناو گۆمی فەزیحەت و دزی هاوار ئەکات: "خۆ بە بەلاش نەهاتومەتە ناو عێراق تا بە دەستی بەتاڵ دەربکرێم"، لە (بەصرە) دەمانکەنە ئامانج و دەمسوتێنن، ئەوە ناوچەیەکی فراوانی عێراق بە بەرژەوەندییکانی ئەمریکاوە، ئامانجی سوپاکەمن.

ساویلەکەیی سیاسیشە ئەگەر وا تێنەگەین، دەنگی ئەو جۆرە تەقینەوانە نەتوانن کەشی هەڵبژاردنیش تێکبدەن، ئەگەر ئیرادەی سازدانی لەرزۆک بێت.

ئێران کە لە ١٦ی ئۆکتۆبەردا بە بەرچاوی ئەمریکاوە بە ئازادی گەمەی دەکرد، پارسەنگی هێزی دەگۆڕی، ئێستا نە بەشێکی هێزەکانی ئەم هەرێمەو نە ئەمریکاش دەتوانن سنور بە فڕکان فڕکانی سیاسی و سەربازی ئەو دابنێن، ئەمە بێ ئەوەی گریمانەی ئەوە بکەین " لە بنچینەدا بۆ هەندێ پرسی لە عێراقدا ئەمریکاو ئێران پێویستیان بە هەمئاهەنگییە نەک دوژمنایەتی راستەوخۆ"

ئینجا لەناو خۆماندا هەموو پسپۆرە سەربازییەکانی کوردستان بۆیان یەکلا نەبۆتەوە، ئەمەی روویداوە بە جۆرە چەکێک ئەنجامدراوە، موشەکی ئاسمانی- زەوییە، یان زەوی – زەوی؟ فرۆکەی بێ فرۆکەوانە؟ بۆ خۆتان لێ بووە بە خەبیری هەواڵگری سەربازی؟ کەچی هەر خەریکی شەڕە پەرۆین و دەمانەوێت لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان

بیسلمێنین لەناو خاکی کوردستانەوە ئامانجەکەی پێکاوە.

کاکە ئێران ئەوەتا لە جنوبی لوبنان- سوریا- یەمن- چەندین هێزە بە وەکالەت شەڕی بۆ دەکات لەعێراقیش گەمەکەری سەرەکییە و بۆ میراتی بڕیاری سیاسی کێبڕکێی ئەمریکا دەکات. لەسەر ئاستی رەسمی و هەڵوێستی هێزی دەسەڵاتدار بەرامبەر ئەم تاوانە شەرمی پێوە دیارە، تۆش تازە بە تازە دەتەوێت بۆم روونبکەیتەوە ئێران چۆن گەیشتە کۆیە.؟ دە برۆ ....

سەرچاوە: ماڵپەڕی لڤین - ٩ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

## بۆردوومانەکەی کۆیە و پەیامەکەی سەرۆک بارزانی



**سوورە مەرگەیی**

سەرۆک بارزانی وەک خاوەنی راستەقینەی پرسی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان، وێڕای ئیدانەکردنی بۆردومانی بنکە و بارەگا و کەمپی ئاوارەکانی هەردوو حزبی دیموکرات لە کۆیە، جارێکی تریش بە دۆست و دوژمنانی گوت: کێشەی کورد بە توندوتیژی و کوشتن چارەسەر ناکرێ و رێگە و شێوازی باشتر هەیە بۆ چارەسەری. کاتێک دەڵێم: سەرۆک بارزانی خاوەنی راستەقینەی پرسی کوردە لە هەر چوار پارچەی کوردستان، مەبەستم ئەوەیە کە پرسی کورد پرسی داگیرکردنی خاکەکەی و کۆمەڵکوژی خەڵکەکەیەتی، چارەسەریشی سەربەخۆیی و

رزگـارکردنی خـاکەکەی و بە ئاسـوودە ژیـانی خەڵکەکەیەتـی، سـەرۆک بـارزانیش ئەو دەنـگە نەمـر و بەرزەیە کە رابەرایەتی چارەسەری ئاشتیانە و دوور لە تونـدوتیژی ئەو پرسە و خواستی بەدەستهێنانی ئامـانجی سـەربەخۆیی دەکات، وەک بارزانی نەمریش فەموویەتی بەلامەوە گرنگە ئـالای کوردستان هەڵبکەم، جا گرنگ نییە هەڵکردنـی ئەو ئالایە لە مهاباد یان دیاربەکر یـان لە هەولێر دەبـێ، بەلای سـەرۆک بارزانیشەوە گرنگ نییە بەدەستهێنانی سەربەخۆیی لە کام بەشی کوردستان دەبێ.

خاڵێکی تر کە سەرۆک بارزانی زۆرتـرین جـار پێداگری لەسـەر کـردووەو لەو پێناوەشدا بـاجی زۆری بە حـزبەکەی داوە، یەکڕیزی ناو حزب و لایەنە کوردستانیەکان و قبوڵ کردنی یەکتری و هاوخەبـاتی نوانیـان بووە، بۆیە دەڵێم: پێویسـتە هەردوو لایـان واتە هەم دوژمنـان و هەم حـزب و لایەنە کوردسـتانیەکان کەڵـک لەو دوو ئامۆژگـاریەی سەرۆک بارزانی وەربگرن، دوژمنان لە چارەسەری پرسی کورددا دەستبەرداری هێـز و زەبـر و زەنـگ و تونـدوتیژی و کوشتن ببن و وەک سـەرۆک بـارزانی دەفەرموێ: رێگە و شێوازی باشتر هەیە بـۆ چارەسـەری پرسـی کـورد، ئەویش گەڕانەوەیە بـۆ چارەسـەری ئاشـتیانە، حـزب و لایەنە کوردسـتانیەکانیش بێـنەوە هـۆش و دەسـتبەرداری سیاسـەتی حزبپەسندی و سـەرەڕۆیی ئایـدۆلۆژی بـبن و وەک سـەرۆک بـارزانی دەفەرمـوێ: کوردسـتانی بـوون و هاوچارەنووسـی بکەنە خاڵی لێکگەیشت و بەدیهێنانی ئامانجە نەتەوەییەکانیش بخەنە سەرووی هەموو ئامانجەکانیان .
گوڵان

سەرچاوە: ماڵپەڕی گوڵان میدیا - ٩ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

# ئێران بە خەونە مەترسیدارەکانیەوە لە پەلەقاژێ دایەو بە تەنهایی دەیەوێ هاوسەنگیی سیاسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بگۆڕێت...



**هادی باڵەیی**

کوردستانیان و هێزەکانی پێشمەرگەی سەدەی بیستویەکەم وەک مامۆستا پەشێوی شاعیر ئاماژەی پێدەکات "لە توخمێکی نوێیە". ئەو هێزە نییە کە بە دوای دانپێدانانێدا وێڵ بێ، بەڵکو هێزێکە کە توانیویەتی هەبوونی خۆی و ناسنامەی خۆی بەسەر واقیعدا داسەپێنێت و بیێتە ئەو ئاکتۆرەی کە ئیتر نادیدەگرتنی نامومکینە! بۆیە بە بڕوای من و بە پێی ئەو ڕووداو پێشهاتانەی کە لەدوو دەیەی ڕابردوو کە هەن، نە کۆبوونەوەی لوتکەی سێقۆڵی ڕوسیەو تورکیەو ئێرانی ئاخوندی دەتوانێت چۆک بە میللەتی کورد دابدات، نە پەلەقاژێ ڕزگارکەری ئێران و هاوپەیمانەکانی دەبێت و نە سیاسەتی لە ناڵ و بزماردانیش..

دووژمنانی کورد دەبێ تێگەیشتبێتن: لە ئەمڕۆدا شەڕو هێرشی موشەکی و هەر جۆر کردەیەکی سەربازی تەنها کاتێک دەتوانێت قازانجی بۆ ئەوان هەبێ کە لە خزمەتی سیاسەتدا بێ، واتە بتوانێت لە ئەنجامدا بواری ئەرێنی و گونجاو بۆ سیاسەت و ئاکتۆرەکانی ناو سیاسەت بخوڵقێنێت. کردەی سەربازی بۆ سەر گەلی کورد تەنیا زیان گەیاندنە بە خۆیان و موکوڕترکردنی ئەو میللەتەیە لە بۆ بەدەستهێنانی ماف و ئازادییەکانی.

ئاشکرایە کە ئێران لە قۆناغی دە ساڵی ڕابردوودا هەموو ستراتیژیی سیاسەتی دەرەوەی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەسەر نەهێشتنی کورد و لاوازکردنی دەسەڵاتی کوردستانی باشورو بەهێزکردنی جێگە و پێگەی خۆی لە

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بە تایبەتی لە عێراقدا بنیاد ناوە.

ئێران ئێستەیش پێی وایە کە لە باربردنی دەستکەوتەکانی کوردستانی باشور و لێدان لە بەرژەوەندیەکانی، دەتوانێ زیانەکانی سەرنەکەوتن لە گفتگۆی لە گەڵ ڕۆژئاواو گەمارۆ ئابووریەکانی ئەمریکا لەسەر وەڵاتەکەی بۆ قەرەبوو بکاتەوە و دەتوانێ جارێکیتر هاوسەنگیی هێز لە نێوان خۆی و گۆڕانکاریە سیاسی و جیۆپۆلۆتیکیەکان ساز بکاتەوە، لە وەها دۆخێکیشدا جوولە و پەلەقاژەی ئێران و تورکیە لە ناو گۆڕانکاریە ئاکتۆرە گەورەکان کە خۆی لە سەر ڕەوتی لاوازیی و بنەبەستدایە، لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا هیچ ئاسویەکیان نابێ .

کە لە سۆنگەی هێرش و پلانگێڕی و گەلەکۆمەی ڕوسیەو ئێران و تورکیە..، بەتایبەت هێرشە مووشەکییەکانی ئەمرۆی ٨ - ٩ - ٢٠١٨ ی ڕژێمی ئاخوندی ئێران بۆ سەر ئۆردووگەو هێزەکانی پێشمەرگەی ڕۆژهەڵات لە کۆیە و بەشێک لەسەر سنوور بڕوانین، بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ئێران لە دۆخێک نیگەرانە کە تێیدا کاریگەریی سیاسی-ستراتیژیکی خۆی لەدەستداوە و لە بەرامبەر ئەمەشدا دوژمنە سەرەکییەکەی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی و ئیسرائیلن، ئەوا بەشێکن لە ئاکتۆرەکانی گۆڕەپانی لەشکەریی و دەستدرێژییەکانی مووشەکی - سیاسیی بۆسەر هێزە کوردیەکانی ڕۆژهەڵات و وەلێدان لە بەرژەوەندییەکانی هەرێمی کوردستان.

بەداخەوە دەیڵێم ئەو ڕووداو پێشهاتانەی دوایی چەندە سەرکەوتنی گەورەی وەک ئەنجامی ڕێفراندۆم و ....... بۆ کورد تێدابووە لە هەمان کاتدا کورد ڕووبەڕووی مەترسی گەورەش بۆتەوەو ئاشتەوایی سیاسی و کۆمەڵایەتیشی لە داوە تا ئەو جێیەی کە خیانەتی گەورەی نیشتیمانی کراوەو دەکرێت.

فەیلەسوفی یۆنانی (هێراکلیتۆس) دەڵێت:. "لە ڕووبارێکدا دوو جار ناتوانی مەلە بکەی" دەزانن چۆن..؟! * بە پێی تێگەیشتنی هێراکلیتۆس مێژوو دووبارە نابێتەوە، وەک ئەوەی زۆر جار گوێبیستی دەبین بە تایبەت دەربارەی خیانەتی نیشتیمانی. نەک تەنها مێژوو بەڵکوو ژیان دووبارەبوونەوەی تێدا نییە، ئەو ئاوەی کە جاری یەکەم لە ڕووبارێکدا خۆتی پێ تەڕ دەکەی هەمان ئەو ئاوە نیە کە دووهەم جار خۆتی تێهەڵدێنی. واتە ئەو شەرت و مەرجانەی کە سیاسەت تێیدا تێپەڕ دەبن، قەت وەک یەک نین و ڕەوتی هێزو سییاسەت دووبارەبوونەوە قەبووڵ ناکات. ئەمە ڕێک لە دژی ئەو تێگەیشتنە باوەیە کە دەڵێت سییاسەت دووبارە دەبێتەوە، یان مێژوو خۆی دووبارە

دەکاتەوە لەسەرمان.

لەوباوەڕەدام لە ئێسادا هەڵوێستی ئەمریکا و وەلاتانی هاوپەیمانی، پاراستنی پارسەنگی سیاسیی- سەربازییە. بۆ ئەو مەبەستەش گەمارۆی چڕی ئقتصادی خراوەتە سەر ئێران و لە هەمان کاتیشدا دەستی ڕژێمی ئێران لە کوشتن و بڕینی کوردان لە نێوەخۆو لە دەرەوە، هاوشێوە لە گەڵ کردە مووشەکییەکەی ئەمرۆی کۆیە..... کردتۆتەوە و پێشم وایە کە هاوکاریی هەوالگری وڵاتانی ناتۆ و ئەورووپاو ئێران لەو قۆناغەدا، بۆ شەڕی ئاخوندی ئێران و ئەرتەشی تورک دژ بە کوردانی ڕۆژهەلات و کوردانی ڕۆژئاوا و کورد لە باکووری کوردستان، بەردەوامی دەبێت، تا ئەو جێیەی ئێران بە تێوەگلانێک، شەرعیەت بە ئەمریکا دەدات بۆ جێبەجێکردنی قۆناغێکی تر لەسەر ئێران و هەوڵی تەواوی ڕووخاندنی ئەو ڕژێمە جێبەجێ دەکرێت.

ئێرانیش بە خەونە مەترسیدارەکانیەوە لە پەلەقاژێ دایەو بە تەنهایی خەریکە هاوسەنگیی سیاسی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست، وەبەرژەوەندی خۆی بگێڕێت، ئاخر کێشەی ئێران بۆ ئەمریکا و بە تایبەت جولەکەکان وەک کێشەی ئاڵمانی نازی وایە، وا دەزانێت کە خۆی بە ڕووس هەڵواسێت، دەتوانێ بۆ سالانێکیتر درێژە بە هەژموونی دەسەلاتەکەی خۆی بدات. هیتلەر بە هۆی ئەوەی خەونی زۆرگەورەو لە ڕادەبەدەری بەربلاوو شەڕانگێزیەکەی بوو شکستی هێنا و لە چەند بەرەیەکی شەڕدا نەیتوانی بەربەرەکانێ بکات، دیارە گرفت و سەرکێشیەکانی ئێران بۆ بەهیلالی کردنی شیعی جیاوازترە و ئێران بە شێوازێکیتر دەیەوێت بەسەر گەمارۆکاندا باز بدات و بەردەوام لە جیهانی برسیی ئەمرۆدا ئاڵتێرناتیڤ لە بەرژەوەندی ئاخوندی دروست بکات.

لە لایەکی ترەوە ئێران بەو هەموو قەیرانەیەوەو بەو هەموو مەترسییانەی کە لەسەریەتی، چانسێکی بەهێزیشی هەیە دەربارەی ئەوەی کە خاوەنی ئۆپۆزیسیۆنێکی کوردی نایەکگرتووە و ئەوەش وایلێکردووە لە گەمارۆی کۆن و نوێی ڕۆژئاوادا، تەنها قەیرانە ناوخۆییەکان تێپەڕێکات و دەرهەقی کێشەی گەلانی وەک کوردی بندەستی خۆی نەبێت، مەبەستمە بڵێم بە شێوەیەکی پاوانخوازانە لە ناوچە کوردییەکاندا پەل بهاوێ، لە عێراق و زۆنی مللەوەنی کوردستانیشدا ئەوە ئێرانە قسەی یەکەم بۆ تێکدانی بارودۆخەکە دەکات و لە دوایین کردەی تێکدەرانەی خۆیدا کوردانی ڕۆژهەلاتی دانیشتووی کۆیەی کردە ئامانج.

**ئیتر کوردەکانیش لە ئێستادا بەرەوڕووی دۆخێکی تایبەتی مێژوویی بوونەتەوەو چارەنووسی دیپلۆماسییەتی کورد و جیهان پێوەردەکرێت. تەنها هاوهەڵوێستی و یەکگوتاری ئەزموونی کورد دەباتە قۆناغێکی نوێوە، بە گشتی گرنگە یەکێتیی نێو ماڵی کوردان قائیمتربێت و ئاگاداریی جیهانیش بۆ پاڵپشتیکردنی دۆزی کورد ببرێتە ئاستێکی بەرزترو هەستیارتر.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی گوڵان میدیا - ٩ی سێپتەمبەری ٢٠١٨**

## پێگەی بەرزی حیزبی دێموکراتی کوردستان و کردەوەی ترسەنۆکانەی تاران




**سمایل شەرەفی**

**هێرشەکەی رۆژی ١٧ی خەرمانان  بۆ سەر حیزبی دێموکرات نەتەنیا نیشانەی هێز و دەسەڵاتی رێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران نیە، بەڵکوو ڕاست بە پێچەوانەوە نیشانەی ترس و زەبوونیی ئەم رێژیمەیە بەرانبەر بە بزووتنەوەیەکی مافخوازانەی ڕەوا. دەسەڵاتی سیاسیی ناوەندگەرای تاران کە زیاتر لە حەفتا ساڵە بە شێوەی جۆراوجۆر زەربە لە بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان بە رێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەوەشێنێ، تەواوی هەوڵی ئەوەیە کە ئەم میللەتە تەسلیمی ئیرادەی دژیگەلیانەی تێکەڵ بە**

مەزنیخوازیی شۆڤێنیزمانەی خۆی بکات.

هەر دوو دەسەڵاتی پاشایەتی و ئیسلامی لە تاران کە سەرچاوەی سیاسەتی دژیگەلیانەیان لە تێفکرینێکی تەواویەتخوازیی نەتەوەیەکی درۆیینی بە ناو "ئێران"ەوە یەک دەگرێتەوە، هەمیشە هەوڵیان داوە بە لێدانی "سەر"ی بزووتنەوەی نەتەوەیی لە کوردستانی ئێران کە هەمان حیزبی دێموکراتە، بزووتنەوەکە تووشی نسکۆ و، نەتەوەکە ناچار بە تەسلیمبوون و لە کۆتاییدا توانەوە بکەن. بۆ ئەم ئامانجە سەرەتا بە رووخانی کۆماری کوردستان وەک نوێنگەی ئیرادەی سیاسیی نەتەوەیی خەڵکی کوردستان و لێدان لە دەسکەوتە شوناسخوازەکانی کە توانی هۆڤییەتێک لە "باوەڕبەخۆبوون"، "خاوەنداریێتی" و "سەروەریی نەتەوەیی" بە میللەتێک ببەخشێ، ویستیان ئەم میللەتە تووشی بێهیوایی و بەتاڵبوونەوە بکەن. دواتر بە تێرۆری ڕێبەرانی ئەم حیزبە تەواوی هەوڵیان ئەوە بوو کە جووڵانەوەکە تووشی لاوازی و بێتوانایی و دابڕان لە کۆمەڵگای کوردستان و لە کۆتاییدا ئیزۆلە بوون بکەن.

بەڵام وەک دەبینین حیزبی دێموکرات سەرەڕای زۆر گرفتی دەروونتەشکیلاتی و بڕینی دنیایەک هەوراز و نشێوی پڕ لە ئەستەم و کارەساتبار دیسانیش هەر وەک شەهید دوکتور قاسملووی شەهید دەڵێ، بە سێ هۆکاری ئەساسی کە بریتین لە گرتنە پێشی سیاسەتێکی درووستی واقعبینانە، پشت بەستن بە ئیرادەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و خاوەنی باشترین ڕۆڵەکانی ئەم میللەتە لە چوارچێوەی هێزی پێشمەرگەدا، توانیویەتی جێگە و پێگەی مێژوویی خۆی لە نێو خەڵکی کوردستاندا بپارێزێ و وەک هەمیشە بە "ڕێبەری بزووتنەوەی میللی دێموکراتیکی خەڵکی کوردستان" بمێنێتەوە.

کردنە ئامانجی کۆبوونەوەی ڕێبەرایەتیی حیزب لە ڕۆژی ١٧ی مانگی خەرمانانی ئەمساڵدا لە قەڵای سەربەرزی دێموکرات، سەلمێنەری دوو واقعیەتی ئینکارنەکراوە: یەکەم ئەوەیکە حیزبی دێموکرات تا ئێستایش سەرەڕای تەواوی ئەو کەموکوڕییانەی کە بەداخەوە ئەمڕۆژانە هەموومان بەتایبەت لە رووی لێکدابڕانی تەشکیلاتییەوە لێی ئاگادارین و دەیزانین، بەخۆشییەوە دیسانیش متمانەپێکراوترین جەریانی سیاسییە کە بە پاشخانێکی دەوڵەمەندی مێژوویی پڕە لە شانازی و گیانبازییەوە بۆ بزووتنەوەی نەتەوەیی و دێموکراتیکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەر ڕێبەر و ڕێنیشاندەرە. دووهەم ئەوەیکە هەر ئەم جێگەو پێگەیەی حیزب لە نێو بیروباوەڕی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە


کە بەتەواوەتی دەسەڵاتی سیاسیی تارانی تووشی ترس و دڵەڕاوکێ کردوە.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران کە لە ڕەفتاری سیاسی و مەدەنیی ڕۆژانەی خەڵکی کوردستاندا هەست بە ڕەنگدانەوەی گوتار و سیاسەتی شوناسخوازانەی نەتەوەیی و نیشتمانیی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەکات و بۆی دەرکەوتووە ناتوانێ ئیرادەی ئەم میللەتە بە چۆکدا بهێنێت، بۆیە ترسەنۆکانە و زەبوونانە وەک پیشەی هەمیشەیی خۆی، ئەم حیزبە و ڕێبەرایەتییەکەی دەکاتە ئامانج و بە خەیاڵی خاوی خۆی پێی وایە دەتوانێ لەم ڕێگایەوە هاوتای ترسەنۆک بۆ خۆی پەیدا بکات.

حیزبی دێموکرات تا خاوەنی پشتیوانیی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بێ و بتوانێ وەک تا ئێستا کردوویەتی سیاسەتێکی گونجاوی واقعبینانەی بگرێتە بەر و خاوەنی باشترین و وەفادارترین ڕۆڵەکانی ئەم میللەتە وەک کادر و پێشمەرگە بێت، بە دڵنیاییەوە کردەوە ترسەنۆکاوییەکانی تاران نایترسێنێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ١٠ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

## "هێرشەکەی سەر کۆیە پەیامێکە لە ئێرانەوە بۆ ئەمریکا و سعودیە و ئیسرائیل"




**عەلی زەڵمی**

رۆژنامەی "ئورشەلیم پۆست"ی ئیسرائیلی بابەتێکی دەربارەی هێرشە مووشەکیەکەی ئێران بۆ سەر بارەگاکانی هەردوو حیزبی دیموکرات لە کۆیە بڵاوکردوەتەوە و تێیدا هاتووە، دەبێت ئەو بۆردوومانە لە چوارچێوەی وێنەیەکی گەورەی هەڕەشە مووشەکییەکانی ئێران لە سەرانسەری ناوچەکەدا سەیری بکرێت.

بابەتەکە لە لایەن "سێز فرانتزمان"ـەوە نووسراوە و تێیدا نووسەر دەڵێت، لە ماوەی ئەم ساڵەی رابردوودا مووشەکە ئێرانییەکان و گرووپەکانی سەر بە ئێران سوودیان لە توانای راوێژکارانی تەکنیکی ئێرانی وەرگرتووە و لە یەمەنەوە بۆردوومانی سعودیە و لە سووریاوە بۆردومانی ئیسرائیلیان کردووە. ئەو هێرشەی بە رۆژی ڕووناک سوپای پاسدارانیش بۆ سەر بارەگاکانی هەردوو حیزبی دیموکرات لە کۆیە ئەنجامیدا پەیامێکە لە تارانەوە بۆ ناوچەکە، کە دەتوانێت هەر کارێک بکات مەبەستی بێت، نەک تەنیا لە عێراق، بەڵکو لە سەرانسەری رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

نووسەر لە بابەتەکەیدا دەنووسێت، هاوپەیمانەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا سیستەمی دژە مووشەکیان بۆ ڕووبەڕووبونەوەی هەڕەشەکانی ئێران هەیە. ئیسرائیل ژمارەیەک سیستەمی دژە مووشەکی هەیە، لەوانەش "ئایرن

دەوم" و "دەیڤدز سلەنگ" و "ئارۆ". سعودیە سیستەمی "پاتریۆت" بۆ تەقاندنەوەی مووشەکەکانی حوسییەکانی یەمەن بەکاردەهێنێت. هەربۆیەش سوپای پاسدارانی ئێران بڕیاریدا مووشەکەکانی بەو جۆرە تاقی بکاتەوە کە گرووپە کوردە بێ بەرگرییەکان لە هەرێمی کوردستان بکاتە ئامانج.

ئەمە لە کاتێکدایە ڕۆژی (٨ - ٩ - ٢٠١٨)، بارەگای هەردوو حیزبی دیموکرات (حدک و حدکا) لە کۆیە لەلایەن ئێرانەوە بۆردوومان کران، لە ئەنجامدا ١٧ کەس گیانیانلەدەستدا و زیاتر لە ٤٦ کەسیش برینداربوون.

داڕشتنەوە؛ ڕاوچی حەسەن

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕووداو نێت - ١٠ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

## پەلاماردانی کۆیەو زیاتر لەپەیامێک



هیوا سەید سەلیم

ڕۆژی 8ی ئەیلول سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران مووشەکە زیرەکەکانی ئاڕاستەی بنکەو بارەگاکانی حزبی دیوکرات لە کۆیە کرد، ئەگەرچی تا ئێستا دیارنیە ئەو مووشەکانە لە کوێوە ئاڕاستە کراون، بەڵام ئەوەی کە روونە ئامانجە سەربازیەکەیە، بەڵام لە پشتی ئەوەشدا ئامانجی سیاسی تر هەیە، کە ئێران وەک زیاتر لە

پەیامێک بۆ زیاتر لە لایەنێک لەو ڕۆژە ناردی.

بەرلەوەی باس لە پەیامەکان بکەین، مەبەستمانە بڵێین ئەو کارەی کە سوپای ئێران کردی زۆر چاوەڕوانکراو بوو، چونکە دەمێکە بەو زمانە دەدوێتو چەند جارێکیش ئەو کارەی لێرەو لەوێ ئەنجام داوە، بەڵام دیارنەبوو کە کوێ بە ئامانج دەگیرێت و چ لایەنیش دەبێت قوربانی.

ئەمەریکا لایەنی یەکەمە کە ئێران بەو مووشەکبارانەی کۆیە ئاگاداری کردەوە ، ئەو مەبەستی بوو لەو پەیامەی بۆ ئەمریکا بڵێ: ئەک سلوکی خۆم چاک ناکەم بگرە دەتوانم هەمیشە مایەی هەڕەشە بم بۆ سەر بەرژەوەندیەکانتان، بەڵام بۆچی کۆیەو و حزبی دیموکرات ؟ خۆ بڕیار بوو ئەو بەو مووشەکانە ئیسرائیل بسووتێنێت!!

لایەنی دووەم کە ئێران وویستی وشیاری بکاتەوە دەولەتی عێراقە، دوای سووتاندنی بارەگای کونسڵیەی ئێرانی لەلایەن خۆپیشاندەرانی پارێزگای بەسرە، ئەو سوکایەتیەی لەو پارێزگایە بە ئاڵاو هێماکانی ئێران کرا، دەبوو ئێران وەڵامێکی هەبێت، وە بە عێراق بڵێت منیش دەتوانم سەروەری تۆ بخەمە ژێر پێ، کە هەمیشەش جلەوی سەروەری عێراقی لە دەستی خۆی بینیوە، بۆیە خاڵی لاوازی عێراقی لە کۆیە دۆزیەوە، وە بەبێ حسابکردن بۆ هیچ لایەنێک ئەو تاوانە گەورەیەی لە کۆیە ئەنجام دا کە دەیان کەس لە کادیر و سەرکردە و ژن و منداڵ بوونە قوربانی.

دوایین لایەنیش کە ئێران بە مووشکبارانی کۆیە پەیامی بۆ نارد، بریتیە لە پارتی و یەکێتی، ئەو دوو حزبەی کە ماوەیەکە کەوتونەتە بەر کوتک و سندانی ئەمەریکا لە لایەک و ئێران لە لایەکەی دی، بۆیە ئەوان نازانن لە پرسی پێکهێنانی حکومەتی تازە لە عێراقدا خۆیان بەسەر کامە بەرە دا ساخ بکەنەوە، هەر بۆیەشە ئێران دێت تایبەت بە ئەو دوو هێزە، لە ڕێگەی مووشەکەکانی ئاڕاستە کراو بۆ کۆیە زیاتر لە پەیامێک بۆ ئەودووانە دەنێرێت.

پەیامە هەرە روونەکەی ئێران بۆ ئەو دوو هێزە، بریتیە لە ئەوەی کە ئەگەر بەلای بەرەی ئەمەریکا شکاندتانەوە دەبێت حساب بۆ مووشەکە زیرەکەکانمان بکەن.

دوای کارەساتەکەی کۆیە دەبێت هەمووان پەیامەکەیان وەرگرت بێت، بەر لە هەمووشیان ئەمەریکا، دەبێت ئەمەریکا وەک زلهێزێکی گەورە کە گوایە ئێران سزادەدات تا سلوکی خۆی لە دەستوەردان لە وڵاتانی ناوچەکە بگۆڕێت، تێبگات ئەو وڵاتە نەک سلوکی ناگۆڕێت بگرە مووشەک بارانی کۆیە سەلماندی ئەو ولاتە سلوکی مرۆڤایەتی لەژێر پرسیارە، بۆیە ئەگەر ئەمەریکا جدیە لە دژایەتی ئێران دەبێت ئەو ولاتە وەک ئەوەی هەیە بناسێت ، تا ژێتر خەلکیش نەکرێتە قوربانی سیاسەتەکانی.

لێرەدا بەرپرسیارەتیەک دەکەوێتە ئەستۆی هەریەک لە پارتی و یەکێتی، وەک دوو حزبی حوکمڕان لە هەرێمی کوردستان، کە بەرپرسیارەتی پاراستی خەڵکی کوردستان و هی تریشیان لە ئەستۆیە، کە ئەو پرسە بە جدی لەگەڵ ئەمەریکا باس بکەن و داوای گرەنتی لێبکەن، ئەگینا هێندە ئاسان نیە ئەوان بتوانن پارسەنگ بۆ ئەمەریکا لە عێراق ڕابگرن و بکەونە ئەو سەنگەرەی کە ئەمەریکا مەبەستیەتی، چونکە هەرێمی کوردستان بە زیاتر لە هۆکارێک بۆ ئەم هەنگاوە ئامادە نیە، چ جای ئەوەی دەولەتێکی وەک ئێران هەرەشەی لێبکات.

لە کۆتایدا مەبەستمانە بڵێین خستنەڕوووی دیوی دواوەی پەیامی مووشەک بارانی کۆیە بۆ ئەوە نیە لەگەڵ ئەو پەیامانە سازش بکەین، بگرە دەبێت هەوڵ بدەین قوربانیە گەورەکە لە نێوانی ئەمەریکا و ئێران وەک هەر جارێک لە جارانی ڕابردوو کورد نەبێت.

ناوچەکە لەبەردەم شەڕ و ملاملانێی گەوەرە دایە، دەرباز بوونی کوردستان لەو شەڕە بە کەمترین زیانەوە پێویستی بە یاریزانی باش هەیە کە گومان دەکرێت کەکورد ئەو یاریزانە باشە بێت.

ئەوەی تا ئێرە روونە لە نێو ئەو هەمەوو ململانێ دەولی و ئیقلیمی و بەرژەوەندی ولاتان، قوربانی گەورە کورد داویەتی رووداوەکەی کۆیەش گەواهی دەری ئەو قسەیەمانە بۆیە دەبێت وورد تر لە جاران هاوکێشەکان بخوێندرێنەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - ١٠ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

# هێزی مووشەکیی ئێران و تەگەرەی ئەمنییەتی



**دوکتور محەممەد حسەینزادە**

ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران چەندین ساڵە کە بە بێ لەبەرچاوگرتنی نیگەرانی و گۆشار و گەمارۆ و سزای وڵاتانی جیهانی و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ سەر خۆی و شارۆمەندانی، مووشەکی جۆراوجۆر یان لە وڵاتانی دیکە وەک کوریای باکوور و چین و ڕووسیە هاوردە دەکات و یان بەرهەمیان دێنێت و تاقیان دەکاتەوە. شیاوی ئاماژەیە کە هەوڵی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بۆ دروستکردنی مووشەک دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای شۆڕش و بە تایبەت شەڕی هەشت ساڵەی ئێران و عێراق. بەڵام ئەو هەوڵە لە دوو دەیەی ڕابردوودا بە شێوەیەکی بەربڵاو پەرەی سەندووە. زنجیرە مووشەکەکانی "شەهاب ١ ، ٢ ، ٣"، "سجیل ١ ، ٢ "، "قیام"، "زلزال١ ، ٢ ، ٣ ، ٤ "، "خۆڕەمشار"، "کەنداوی فارس"، "فاتح" ، "عیماد" "عاشوورا"، "نازعات"، "فەجر" و "قەدر" کە لە ٣٠٠ تا ٢٠٠٠ کیلۆمیتر دەپێون؛ بەشێک لەو مووشەکانەن کە ئێران هەتا ئێستا تاقی کردوونەتەوە و بەرپرسان و هەواڵدەرییەکانی ئێران ڕایانگەیاندووە کە ئەو مووشەکانە لە پرۆسەی تاقیکردنەوەدا ئامانجە دیاری کراوەکانی خۆیان بە سەرکەوتوویی پێکاوە.

زۆربەی وڵاتانی ڕۆژئاوا و بە تایبەت ئامریکا و هەروەها بەشێکی زۆر لە وڵاتانی عەرەبی - ئیسلامی، ناوچە لەسەر ئەو باوەڕەن کە چالاکی و هێزی مووشەکیی ئێران بووەتە هۆی ناسەقامگیری ناوچە و جیهان و ئەو هێزە بە مەترسی و هەڕەشەیەک بۆ سەر بەرژەوەندی و ئاسایشی نەتەوەیی خۆیان دەبینن. بە بڕوای ئەوان ئێران لە

داهاتوودا ئەو مووشەکانە بۆ هێرش کردنە سەر ئەو وڵاتانە بە کار دەهێنێت. هەڵبەت ئەو نیگەرانییە بێ هۆ نییە و بەرپرسانی سیاسی و ئەرتەشی ئێران زۆر کات هاوکات لەگەڵ تاقی کردنەوەی مووشەکەکانیان هۆشداریان داوەتە وڵاتانی دیکە و بە تایبەت هاوپەیمانانی ئامریکا لە ناوچەدا و ئەمە نیگەرانیی زۆری لای ئەو وڵاتانە درووست کردووە و هەر بە هۆیەوە هەتا ڕادەیەک گۆشار و گەمارۆیان خستووەتە سەر ئێران.

بەڵام لە بەرانبەردا بەرپرسانی ڕێژیمی ئێران کاتێک کە بەرەوڕووی گوشار و گەمارۆ دەبنەوە دەڵێن کە هێزی مووشەکیی ئەوان هەڕەشە بۆ سەر هیچ وڵاتێک درووست ناکات و توانای مووشەکیی وڵاتەکەیان هێزێکی بەرگریکارانە و پێشگیرانەیە. یانی وای ڕادەگەیەنن و بانگەشە دەکەن کە چۆن وڵاتانی دوژمن وەک ئامریکا و ئیسرائیل بەردەوام لە فکر و خەیاڵی ئەوەدان کە هێرش بکەنە سەر ئێران و دەسەڵاتی ئەو وڵاتە بڕووخێنن کەوابوو ئەوان ناچارن کە بە مەبەستی بەرگری و پێشگری لە هێرشی وڵاتانی دوژمن، ژمارە و ئاستی تەکنیکیی مووشەکەکانی خۆیان بەرز بکەنەوە. بەڵام ئەو ڕوانگەیە هەڵگری ڕاستی نییە. دەزانین کە ئێران پێشتریش لە قۆناغە جیاوازەکاندا کە بەرەوڕووی هیچ جۆرە کێشەیەکی ئەمنییەتیش نەبووەتەوە مووشەکی تاقی کردووەتەوە و بووەتە هۆی ناسەقامگیری لە ناوچەکەدا. تەنانەت دوای ڕێکەوتنی ناوکیی ئێران و ئامریکا لە دەورەی ئۆبامادا سپا و ئەرتەشی ئێران چەندین جار مووشەکی دوورهاوێژیان تاقی کردەوە بە جۆرێک کە لە نێو خودی ئێرانیشدا هێندێک لە چالاکانی سیاسی و کارناسان لەسەر ئەو بڕوایەن کە ئەو هەوڵانەی ئێران بوونە هۆی ترسی دۆناڵد ترامپ و ڕێگای بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو ڕێکەوتننامەیە خۆش کرد. لە ئەساسیشدا توانای مووشەکیی ئێران خۆی لە خۆیدا دەبێتە هۆی ناسەقامگیری و هەڵگیرسانی تەگەرەی ئەمنییەتی(Security dilemma) لە ناوچەدا. دیارە تەگەرەی ئەمنیش کڕین و فرۆشتنی چەکوچۆڵ یان کێبڕکێی چەکوچۆڵی لێ دەکەوێتەوە کە یەکێک لە هۆکارەکانی شەڕە.

تەگەرەی ئەمنییەتی (یان دیلێمای ئەمنییەتی یان تەنگەژەی ئەمنییەتی) یەکێک لە بنەماکانی سیاسەتی ڕاستیوازانە(Realistic)یە. تەگەرەی ئەمنییەتی دەرئەنجام و بەرهەمی دۆخی ئانارکی(Anarchy) سیستەمی نێودەوڵەتییە. هەر وڵاتێک هەوڵ دەدات کە لە ڕێگای بەرزکردنەوەی ئاستی توانایی و بەهێزکردنی خۆیەوە ئاسایش و ئەمنییەتی خۆی دابین بکات. بەڵام ئەو هەوڵە دەبێتە هۆی ترس و دڵەڕاوکەی وڵاتانی دیکە و بە تایبەت وڵاتانی دەوروبەر.

ئەوانیش لە بەرانبەردا تێدەکۆشن هێزی خۆیان بەرفراوانتر بکەن. ئەم ڕەوتە چەرخەیەک لە ئەمنییەت و نائەمنی دێنێتە ئاراوە کە هیچ ڕێگاچارەیەک بۆ دەرچوون لەو چەرخە بوونی نییە. لە دۆخی تەگەرەی ئەمنییەتیدا هەست بە نائەمنی کردن کە خۆی بەرهەمی ترس و دڵەڕاوکێی دوولایەنەیە وا دەکات کە هەموو دەوڵەتەکان بۆ وەدەستهێنانی هێزی زیاتر بە مەبەستی پاراستنی ئەمنییەتی خۆیان بکەونە کێبڕکێ. هەرچەندە لێرەدا هەر کام لە وڵاتان وای ڕادەگەیەنن کە تەنیا هەوڵ بۆ دابینکردنی ئەمنییەتی خۆیاندان دەدەن و بە هیچ جۆرێک هێرش ناکەنە سەر هیچ وڵاتێک بەڵام وڵاتانی دیکە کە لە دۆخێکی ئانارکیدا دەژین هیچ متمانەیەکیان بەو قسانە نییە و ناتوانن دڵنیا بن کە ئەو بەهێزبوونە نابێتە هەڕەشەیەک بۆ سەر ئەوان و کەوابوو بە ڕەشبینییەوە دەڕواننە پلان و بەرنامە و هێزی وڵاتانی دیکە. بۆیە بە ناچاری بەهێزبوونی هەر ئەکتەرێک دەبێتە هۆی ترسی ئەکتەر یان ئەکتەرانی دیکە.

لێرەدا هیچ دەوڵەتێک ناتوانێت بە وتن و دووپات کردنەوەی ئەوەی کە نییەت و قەستی خراپم نییە و بەهێزبوونی من تەنیا بەرگریکارانەیە نەک هێرش کردن، ئەکتر و لایەنەکانی دیکە دڵنیا بکاتەوە. دەوڵەتەکان سیاسەتی خۆیان بەپێی قسەی ڕێبەرانی وڵاتانی دیکە دانارێژن. ئاشکرایە ئەوان هەر جۆرە بەهێزبوونێکی وڵاتانی دیکە وەک هەڕەشەیەک لە سەر خۆیان دەبینن. بەتایبەت وڵاتانێک کە لە مێژوویاندا نیشانیان داوە پابەندی زۆر یاسای نێودەوڵەتی نین ترس و دڵەڕاوکێیەکی زیاتر دەخوڵقێنن. کەوابوو تەگەرەی ئەمنییەتی بەرهەم و ئاکامی بێ‌متمانەیی و ترس و دڵەڕاوکێیە و ئەم تەگەرەیە خۆی لە خۆیدا سەرچاوەی زۆرێک لە شەڕ و پێکدادانەکانە. هەتا ئێستا و ئەم کاتە هیچ ڕێگاچارەیەک بۆ ئەم تەگەرەیە نەدۆزراوەتەوە.

ئاشکرایە چالاکیی چەندین ساڵەی مووشەکیی ئێران و تاقی کردنەوەی هەموو جۆرە مووشەکێکی زەوینی و زەریایی و ئاسمانی و کورت هاوێژ و نێوان هاوێژ و دوورهاوێژ بە برشتی جۆراوجۆر و سووتەمەنیی ڕەق و شلەمەنییەوە بووەتە هۆی سەرهەڵدانی تەگەرەی ئەمنییەتی لە ناوچەدا. ئێران لە ڕوانگەی وڵاتانی دەوروبەرییەوە وڵاتێکە کە جێگای متمانە نییە و هەر بۆیە خۆبەهێزکردنی تاران بووەتە هۆی ترس و دڵەڕاوکێی وڵاتانی دیکە و تەگەرەی ئەمنی لێکەوتووەتەوە و ئاکامی ئەو تەگەرەیەش کێبڕکێی چەکوچۆڵ لە نیو وڵاتان دایە. ئەمەش چاوەڕوانکراوە لە کاتێکدا زۆربەی وڵاتان متمانەیان بە ئێران نییە و ئەو هێزە بە هێزێکی هێرشبەرانە دەزانن و نەک بەرگریکارانە و پێشگیرانە و ئەمنییەتی خۆیان لە مەترسیدا دەبینن هێچ ڕێگایەکیان بۆ نامێنێتەوە جگە لە کڕینی چەکوچۆڵ و

بەرزکردنەوەی ئاستی توانای خۆیان بۆ ڕووبەڕوونەوە لەگەڵ ئێران.

هەر بۆیە وڵاتانی عەرەبی بە تایبەت وڵاتانی ناوچەی کەنداو لەم ساڵانەی دواییدا پووڵ و پارە و سەرمایەیەکی هێجگار زۆریان بۆ کڕینی چەکوچۆڵ لە وڵاتانی بەرهەمهێنەری چەکی پێشکەوتوو دابین کردووە. هەر وەها هێندێک لەو وڵاتانە وەک عەرەبستان بە کڕینی مووشەکی دوورهاوێژ یان قەتەر و ئیمارات بە کڕینی سیستەمگەلی دژە مووشەکی لە ئامریکا و ڕووسیە و دامەزراندنی هەموو جۆرە ئامراز و کەرەستەی پێویست بەو سیستەمانە لە وڵاتەکەیاندا خۆیان بۆ هەر جۆرە ڕووبەڕووبوونەوەیەک لەگەڵ مووشەکەکانی ئێران ئامادە کردووە. بەڵام مەترسیی گەورە ئەوەیە کە ئێران لە هەوڵ و تێکۆشانی خۆی بۆی کڕین و هاوردە کردن و دروووست کردن و تاقیکردنەوەی جۆری مووشەکەکان ڕاناوەستێت و هیچ سنوورێکی دیاری کراوی لەو بووارەدا نییە و تەنانەت لە ئێستاشدا کە بە هەڵوەشاندنەوەی ڕێکەوتننامەی ئەتۆمی بەرەوڕووی گەمارۆ و سزای ئامریکا بووەتەوە و لانیکەم لە ڕووی ئابوورییەوە دۆخێکی زۆر خراپی بە سەر شارۆمەندانیا سەپاندووە، هەر جۆرە دانووستان و گفتوگۆیەک لەسەر هێزی مووشەکی بە هێڵی سوور دەزانێت. هاوکات دەستێوەردان و هەڕەشەی لەسەر وڵاتانی دیکەی ناوچە ڕوو لە زیاد بوون دەکات. ئەم سیاسەتە نەک هەر ئێرانی لە ناوخۆدا بەرەو قەیران بردووە، بەڵکوو وای کردووە وڵاتانی دیکەش سنوورێک بۆ کڕین و دامەزراندنی چەکوچۆڵ دیاری نەکەن و دیارە ئەوە لە داهاتوودا دەبێتە هۆی ناسەقامگیریی هەر چی زیاتری ناوچە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردپا - ٩ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

## ڕۆژهەڵاتی کوردستانم: (دەبێت دەستووبردکەن)



**سەرکەوت کەلاری**

ئەو دەست درێژیەی کە کۆماری ئیسلامی ئێران لە بەیانی ٩ - ٨ بە تۆپ و موشەک کردیە سەر بارەگای حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەکۆیە کە کۆمەڵێک شەهید و بریندراری لێکەوتەوەو هەر هەمان ڕۆژ چالاکوانی کوردی ڕۆژهەڵات ڕامین حسین پەناهی و لوقما ن و زانیار موڕادی لەسێدارە ئەدات و لە چەند ڕۆژی ڕابردووشدا تۆپبارانی بارەگاکانی ئەم حیزبەی لە ناوچەی هەڵگورد دەستپێکردووەو لەڕاگەیەندراوێکیشدا باس لە شەهیدبوونی چەند گەریلایەکی پەژاک ئەکات لە ناوچەی کامیارانی سەر بە شاری سنە. وە هەروەها لەئێستادا گۆڕانکاری یەکانی ئێران وردە وردە خەریکن دەرئەکەون و تاوەکو دێت سزاکانی سەر ئەو وڵاتە لەلایەن ئەمریکاوە زیاترو قورستر دەبن و کاریگەریی یەکی گەورەی کردۆتە سەر ئابووری ئێران و دراوی تمەنیش ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر نرخەکەی لەدەست دەدات و مامەڵە بازرگانیەکانی بەرەو دواوە هەنگاو دەنێت و ڕێژەی بێکاریش لە هەڵکشاندایە،هەروەها خۆپیشاندان و مانگرتن دوور نیە دەست پێ بکات و لەهەر ئەگەرێکدا بگۆڕێن بۆ خۆپیشاندانی سەرتاسەری و توندوتیژیان لێ بکەوێتەوەو دواتر بگۆڕێن بۆ پێکدادانی چەکداری وەکو سوریای بەشار ئەسەد توشی قەیرانی جەنگی ناوخۆیی ببێت.

حکومەتی ئێران چی بە جەنگ بێت یان بە ڕێککەوتن لەناوچە کوردنشینەکان ئەکشێتەوە ،چونکە باش دەزانێت ئەو ناوچانە لە هەموو جێگاکانی تری ئێران زووتر لە ژێر ڕکێفی دەرئەچن و وە هیچ هێزێکیش لە ڕۆژهەڵاتی

ناوەڕاستدا هێندەی کورد بەدی ناکرێت کەتامەزرۆی ئازادی و دادپەروەری بێت و توانای ڕوبەڕوبونەوەی چەکداری هەبێت بەرامبەر نەیارەکانی،بۆیە لە هەموو بارێکدا ئەگەرێکی کراوەیە کە ئێران هەمان کێشەی سوریای ڕووبەڕوو ببێتەوە تووشی جەنگێکی گەورەی ناوخۆیی و دەرەکی ببێت و ئەم ڕۆبێت یان لە داهاتوویەکی دووریش بێت وڵاتی ئێران لێکهەڵبووەشێتەوە، لەبەر ئەم هۆکارانەی کە ڕوونمان کردەوە هیچ پاساوێک نەماوە بۆ گشت پارتەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پێویستەو فەرزیشە لەسەر هەموویان بەزووترین کات ئەم هەنگاوانە بنێن بۆ ئەوەی هەرکاتێک ئەم ڕووداوانە واتە (دەستدرێژی یان جەنگی ناوخۆیی) بەرجەستە بوون بەو پەڕی بەهێزیەوە ڕووبەڕووی ببنەوە:

**یەکەم:** کۆبوونەوەی سەرجەم لایەنەکان و دانانی پلانی (کورتخایەن و درێژخایەن) بۆ چۆنێتی بەڕێوەبردنی ئەو ناوچانەی کە ئەتوانن لەماوەیەکی کورتدا بیخەنە ژێر دەستی خۆیان و هەروەها دەبێت ( ئەنجومەنێکی خۆبەڕێوەبەری مەدەنی دیموکرات ) دابمەزرێنن.

**دووەم:** لەو ئەنجومەنەدا دڵنیایی مافی ئاین و مەزهەب و کەمە نەتەوەکانی تری تێدا پارێزراوبێت،چونکە هەندێک لە شارە کوردیەکان مەزهەبی شیعەن و نەتەوەی ئازەری و مەسیحی لەتەک نەتەوەی کوردا تێیدا دەژین،وەلە داهاتووشدا ڕەنگە هەندێک شاری ئازەر نشینی وەک تەورێزو و لوڕ نشین(هەندێکیان خۆیان بەکورد نازانن)ی وەک لوڕستان و لەوانەشە شارە عەرەب نشینەکانی نمونەی وەکو ڕەققە لە سوریادا داوای یەکگرتن بکەن لەتەک خۆبەڕیوەبەریە نوێکەدا.

**سێ یەم:** درووستکردنی هێزێکی چەکداری نیشتمانی یەکگرتوو لەژێر هەر ناوێکدا بێت و جێگەی هەموو گەلێکی تێدا بکرێتەوە ئەگەر بیەوێ بەشداربێت تێیدا نموونەش وەکو ئەزموونی (هێزەکانی سوریای دیموکرات) کە زۆر لەبەرەی کوردستانی باشوور سەرکەوتووتر بوو بەهەموو کەم و کورتیەکانیەوە، کە لە داهاتوودا دەبێتە بەربەستێک تا وەک باشور تووشی شەڕی ناوخۆی هێزە کوردیە جیاوازەکان نەبێت کەماوەی ٢٧ ساڵە نەیانتوانیە هێزەکانی پێشمەرگە ڕێکخەن و دوژمنانی نەتەوەکەمان بەدڵی خۆیان بەکاریان دەهێنن نمونەش بۆ ئەمە کە زۆر بەداخەوە لە ٨ ئابی ئەمساڵدا مانۆڕی پێشمەرگەی سۆسیالیست دەرخەری ئەو ڕاستیە تاڵەبوو کە پێشمەرگەی پێوە دەناڵێنێت.

**چوارەم:** یەکتر قبوڵکردنی لایەنە کوردیەکان و بەرژەوەندی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی ڕۆژهەڵات لەپێش بەرژەوەندی حیزبی و تاکەکەسی بێت.


**پێنجەم:** ڕۆژهەڵات دەوڵەمەندە بەسامانی سرووشتی وەکو نەوت و تەنانەت زێڕیش، بۆیە پێویستە هەنگاوی جدی بنرێت بۆ بەنیشتمانی کردنی سامانی سروشتی ڕۆژهەڵات و سەرپەرشتی کردنی لەلایەن ئەنجومەنی مەدەنیەوەو بخرێتە خزمەتی هاوڵاتیان نەوەک دواتر هەرلایەنێک بۆ بەرژەوندی حزبیو تاکە کەسی دەست بگرێت بەسەر ئەو سامانە نیشتمانیەدا.

**شەشەم:** بۆ ئیسە بەبۆچوونی زۆر کەس کە هاوڕان دەسەڵاتی هاوسەرۆکی و دامەزراندنی کانتۆنەکان ئەزموونێکی زۆر باش و سەرکەوتوون کە لە زۆربەی وڵاتانی دیموکراتی پەیرەو دەکرێن و باشترینیان کە ئێمەی کورد دەیبینین و شانازی پێوە دەکەین ئەو سیستەمە سەرکەوتوەی ڕۆژئاوای کوردستانە.

لەکۆتاییدا هیوادارم تاوەکو درەنگ نەبووە کات لەبەردەم لایەنەکانی ڕۆژهەڵات ماوە زووترین ماوە دیاری بکەن بۆ کۆبوونەوەی هەموویان و باشترین ڕێگا چارە بڕیاری لەسەر بدرێت، پەنا بەخوا خۆری ئازادی لە ڕۆژهەڵاتیش بەکەم ترین زیان هەڵبێت و هەموومان بیبینین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئین ئار تی - ٩ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

## ئەوەی لە کۆیە روویدا نیشانەی شکڵگرتنی خواستی نەتەوایەتی کوردە لە چوارچێوەی ئێران



**هیدایەت جان**

لەدوای گرژی نێوان کابینەی ترەمپ و کۆماری ئیسلامی ئێران و بە ئامانجکردنی ناوخۆی ئێران لەلایەن کۆشکی سپی، یەکەم پەلاماری تاران بەرەو کورد و ئۆپۆزسیۆنەکەی بوو، بەڵام بۆچی کورد بوو بەئامانج؟ ئەوە ئەو پرسیارە جەوهەرییەیە رەنگە بەهۆی تاسانمان لەو کارەساتە تا ئێستە لەخۆمان نەکردبێت.

زیاد لە دوو دەیەیە ئۆپۆزسیۆنی رۆژهەڵات لە تاراوگە و دوور لە جەماوەرەکەی ژیانی سیاسیی تێدەپەڕێنێ، هەرچەند ئەو دوورییە خەساری زۆری بە بزووتنەوەی چەکداری و سیاسیی کورد گەیاند، لە هەمان کاتدا کۆمەڵێک سوودی چەند ئەوەندەی زیانەکەی هەبوو بۆ دەوڵەمەندکردنی میتۆدی خەبات و سیاسەتکردنی بەرامبەر تاران.

لە ماوەی ئەو دوو دەیەیەدا رۆژهەڵات کە ماندوو و شەکەتی نیو سەدە تێکۆشانی سیاسیی و چەکدارانە بوو، توانی پشوویەک بە جەستەی خوێناوی بدات و نەوەیەک بهێنێتە کایەوە بتوانێت سەردەمیانە بڕوانێتە خەباتکردن لە پێناو مافەکانی، ئەوەی لەو دوو دەیەدا لە شەقامەکانی سنەو کرماشان و مهاباد روویدا خواستێکی روون و پەتی بوو بەرامبەر داگیرکەر، نەوەیەک نوێنەرایەتی ئەو خواستانەی گرتە ئەستۆ کە چەکی لەشان نەبوو، بەڵام لە هەمان کاتدا هەمان ئەو مافانەی بەرجەستە دەکرد کە لە پێناویدا نیو سەدە خەباتی بۆ کرابوو، ئاوێنەی هەمان

ئەو خواستانە بوو کە باب و باپیرانی لە پێناویدا گیانیان بەخت کردبوو.

شەقامی ڕۆژهەڵات لەو دوو دەیەدا فێرگەیەکی سیاسیی بوو بۆ سەرجەم نەتەوەکانی ناو جەگرافیای ئێران، ئەو شەقامانەی بەردەوام دەسەڵاتیان هەراسان کردبوو، ئۆپۆزسیۆنی ڕۆژهەڵات بە پشتیوانی و هاندان لە دوورەوە کەم و زۆر ڕێبەرایەتی ئەو شکڵگرتنە سیاسییەی دەکرد و دوور و نزیک پێوەندی پێوە دەکردن، هەرچەند ئەندازەی ئەو پێوەندییە هێندەی کرانەوە و داخرانی فەزای سیاسیی ناوخۆی ئێران بوو، بەڵام ئەوە وەک بنەمایەکی نەگۆڕ بە ئەسپایی لەناو دەمارەکانی ئۆپۆزسیۆندا هاتووچۆی دەکرد.

ژمارەی زیندانیانی سیاسیی کورد لەو مەودایەدا تا دەهات بەرەو هەڵکشان دەچوو و هەر سێ زیندانی سیاسیی کە لە سێدارە دەدران، ئەگەر هەرسێکیان کورد نەبان لایەنی کەم دوانی کورد دەردەچوو، ئیتر خەبات لە پێناو مافە نەتەوایەتییەکاندا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە خەباتێکی بژاردە و دانسقەوە چووە ناو فەزای گشتی و بوو بە خەباتی سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵات.

کورد لەناو ئێراندا وەک وشیارترین نەتەوە بەرامبەر ئەویتری خۆی لە ناوەند وەستایەوە و سنوورە ئیتنیکییەکانی خۆی دیاری کرد، واتا ئەگەر ڕژێم لە مهاباد پەنجەی بۆ کوردێک درێژ دەکرد، شەقامەکانی سنە دەخرۆشان و لە مەریوان چالاکێکی سیاسیی کوردیان لە سێدارە دەدا، لە بۆکان مشتی تۆڵەیان بەرامبەر ناوەند توند دەکرد.

ئەوە ئەو ئاستە لە وشیارییە کە پێشەوا خەونی پێوە دەبینی و بناغەدانەری ئەو میتۆدە لە ناسیۆنالیزمی کوردی بوو "کە دەشێ ئێستە بە کوردبوون ناوی ببەین" واتا نەوەیەک بە ئاگا لە شووناسی نەتەوایەتی خۆی، ئەو میتۆدەی کۆماری ئیسلامی ئێران و ڕژێمی پاشایەتی هەراسان بوون لە شکڵگرتنی، شکڵگرتنی جەستەیەکی یەکانگیر و بە ئاگا لە شووناسە نەتەوایەتییەکانیان، ئەو جەستەیەی ئەگەر لە ئیلام درکێک لە بەری پێی رابچێت، لە ورمێ هاواری لێ بەرز دەبێتەوە، ئەوە یەکەمجارە لەدوای درووستبوونی دەوڵەتی مۆدێرن کورد بگاتە ئەو ئاستە لە ئاگایی نەتەوایەتی و کوردبوونی خۆی.

پرسیارە جەوهەرییەکە ئەوەیە ئایا کورد بە هەموو پێوەرەکان مافی خۆی نییە کۆماری ئیسلامی ئێران بە دوژمنی

سەرەکی خۆی هەژمار بکات و بە سەرەکیترین مەترسی هەژمار بکات لەبەردەم مانەوەی لە دەسەڵاتدا؟

بێگومان ئەگەر یەکەم پەلاماری تاران بۆسەر بنکە و بارەگاکانی دیموکرات و ڕەنگە لە دواتریشدا کۆمەڵەکان نەبێت، ئەوا دەبوایە بەخۆماندا بچینەوە کە زیاد لە حەوت دەیەیە لەپێناو چیدا خەبات دەکەین و قوربانی دەدەین، بۆیە ئەو پەلامارە موشەکییانەی تاران بەرامبەر ئۆپۆزسیۆنی کورد پێشاندەری ئەو ڕاستییەن کە کورد توانیویەتی لە چوارچێوەی جوگرافیای سیاسیی ئێراندا خۆی وەک نەتەوەیەکی مافخواز بەرجەستە بکات و لەو پێناوەدا هەنگاوی کاریگەر و سەرکەوتووانە بهاوێژێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی وشە - ١١ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

## مووشەکەکان پەیام بوون، یان ستراتیجی ئێران؟



عارف قوربانی

دوای ساڵی ١٩٩١ و لەسەر داوای یەکێتی و پارتی و بۆ موراعاتی ئەزموونی باشووری کوردستان، حیزبە شۆڕشگێڕەکانی ڕۆژهەڵات خەباتی چەکدارییان ڕاگرت. پێویست بوو ئێران بەدەم ئەو هەڵوێستەی ئەوانەوە بهاتایە، کرانەوەیەکی لە ناوخۆی وڵاتەکە بۆ کاری سیاسی و ئازادییەکانی کورد بڕەخساندایە و دەرگای گفتوگۆی خستبایە سەرپشت. بەڵام پێچەوانەی ئەوەی کرد و بەدرێژایی نزیکەی سی ساڵی ڕابردوو، دەوروبەری 300 کەسی

لە پێشمەرگە و کادر و ئەندامی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات لە باشووری کوردستان تیرۆر کردووە. لەناوخۆی وڵاتەکەش چەند قاتی ئەو ژمارەیەی لەسێدارەداون.

حیزبەکانی ڕۆژهەڵات لە کەمپەکانی باشووری کوردستان کەوتنە بەر ڕەخنەیەکی زۆر و بەردەم پرسیاری ئەوەی کە تاکەی چاوەڕوان بن لە کاتێکدا ئێران هیچ ڕەحمی بەوان نەکردووە؟ هەروەها بینییان کە ئێران تەنانەت موراعاتی هەرێمی کوردستانیشی نەکرد و سوپای پاسداران و حیزبوڵڵای لوبنان و حەشدی عێراقی و ئەفغانی هێنایە سەر خورماتوو و کەرکووک و بەنیازی گرتنی هەولێریش بوو. لەوێوە جۆرێک لە هەڵوێست و بڕیار لای تێکۆشەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دروست بوو کە پێویستە دەست بە خەباتی چەکداری بکرێتەوە.

چەند مەفرەزەیەکی پارتیزانی چوونەوە سەنگەرەکانی پێشووتریان و لە شوێن و کاتی جیاجیادا کەوتنە چالاکیی پێشمەرگانە. ئێران زۆر زیاتر لە قورسایی و کاریگەریی دەستپێکردنەوەی ئەم شێوازەی خەبات، هەڵوەستەی کرد و ترسی ئەوەی لا دروست بوو کە لە ئاستی نێودەوڵەتی و هەرێمایەتیدا پشتیوانی بکرێن وەک چۆن خۆی دەستی خستووەتە ناو کێشەی وڵاتانی ناوچەکەوە.

ئێران هەستیارییەکی لە ڕادەبەدەری نیشاندا، بۆیە چاوەڕوانکراو بوو کاردانەوەکەشی لە ئاستی هەستیارییەکەیدا بێت. چاوەڕێ دەکرا لەناو هەرێمی کوردستان پەلاماری بنکە و بارەگاکانی حیزبی دیموکرات بدات. بەتایبەتی دوای ئەوەی لە زاری بەرپرسە باڵاکانی ئێرانەوە چەند جارێک ئەوەیان دووپات کردەوە کە سوپای پاسداران بیر لەوە دەکاتەوە لەو ناوەندانە بدات کە لە وڵاتانی ناوچەکەوە گرووپە چەکدارەکان ئاراستە دەکەن. بەڵام ئەوەی چاوەڕواننەکراو بوو، حیسابنەکردنی دیموکراتەکان بوو بۆ مەترسی و هەڕەشەکانی ئێران. دەبوو ئەوەیان لەبەرچاو بێت کە عێراق و هەرێمی کوردستان گۆڕەپانێکی کراوەن بۆ ئێران بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سەربازی لە دژیان. مەعلوم بوو ئێران گورزی گەورەیان لێدەوەشێنێ، بەڵام کەی و لە چ ڕێگەیەکەوە؟ ئەوە پێویستی بە بەدواداچوون و لێکدانەوە بوو زیاتر لەوەی بپرسین ئێران بۆچی ئەمەی کرد.

ئایا کاتی پەلامارەکە هیچ پەیوەندییەکی هەیە بە کێشە و ئاڵۆزییەکانی ناو عێراقەوە؟ دەکرێ گرێ بدرێت بە قووڵبوونەوەی ناکۆکییەکانی لەگەڵ ئەمریکا؟ هیچ پەیوەندییەکی بە ئەنجامەکانی هەڵبژاردن و

خۆیەکلانەکردنەوەی هێزە کوردییەکانەوە هەیە لە چوونە پاڵ کام بەرەی سیاسی ئێستای بەغدا؟ ئایا دەکرێ کورد لە باشوور ئەمە وەک پەیامێک وەربگرێت، یاخود بەشێکە لە ستراتیجی رێککەوتنە هەرێمایەتییەکەی پارساڵ لە نێوان تورکیا و ئێران و عێراق و سووریا بۆ لەقاڵبدانی کورد؟ دەبێ هێزە سیاسییەکانی کورد لە باشوور لای خۆیانەوە بە وردی بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارانەدا بچن.

دیموکراتەکان دەبوو وانەیان لە شەهیدکردنی سکرتێر و سەرکردەکانی حیزبەکەیان وەرگرتبایە کە ئێران لە چ هەلومەرجێکدا تیرۆری کردن. لە ناوجەرگەی ئەورووپای دیموکراسی و ئازادی و مافی مرۆڤدا، ئێران دەستی بگاتە گەورەترین سەرکردەکانیان و تیرۆریان بکات، چ لۆژیکێک لەوەدایە گومانی ئەوەت نەبێ لە ناوچەیەکی ژێر هەژموونی ئێراندا هەموو سەرکردە و کادیرەکانت کۆبکەیتەوە و بە ئاشکرا کۆبوونەوەی فراوانی حیزبەکەت ببەستی و ئەگەری ئەوە دانەنێی کە ئێران دەتوانێ بتکاتە ئامانج. بەتایبەتی دوای ئەوەی لە دوو هەفتەی رابردوودا بە پشتبەستن بە زانیاریی هەواڵگری، ئەوە بڵاوکرایەوە کە ئێران چەند سەکۆیەکی مووشەکی گواستووەتەوە بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان و بە دڵنیاییەوە ئامانجەکەش تەنها دیموکرات نییە.

ئەوەی روویدا چاوەڕوانکراو بوو، لەوەش زیاتر چاوەڕوان دەکرێت لەشکرکێشی سەربازیشیان بکرێتە سەر، وەک چۆن ئێستا تورکیا بە دەیان کیلۆمەتر لە قووڵایی باشووری کوردستان و رۆژئاوای کوردستاندایە بە دوای پەکەکەوە. ئەی ساڵی رابردوو تورکیا و ئێران و عێراق و سووریا رێکنەکەوتن لەسەر ئەوەی لە هەر شوێنێ مەترسییان لەسەر بوو بۆی بچن؟ ئێستا لە ستراتیژی چوار دەوڵەتی داگیرکەری کوردستاندا، کورد بەگشتی وەک مەترسی دەبینن. بە دڵنیاییەوە بە هەماهەنگی یەکتری کار بۆ تێکشکاندنیشی دەکەن. ئەوەی لە 16ی ئۆکتۆبەر لە کەرکووک و شنگال و خورماتوو رویدا، گەلەکۆمەی سەر عەفرین لە رۆژئاوای کوردستان، پەلاماری دیموکراتەکان لە کۆیە و ئەوانەشی لە مانگەکانی داهاتوودا روودەدەن، هەموویان پێکەوە گرێدراون و جێبەجێکردنی پیلانێکی درێژخایەنی هەرێمایەتییە لەسەر کورد.

لای من پرسیارەکە ئەوەیە کورد چی دەکات بۆ ئەوەی ئەم قۆناغە سەختە تێپەڕێنێ؟ ئایا کەرەسەی ئەوەی هەیە خۆی بپارێزێت لە کاتێکدا چەک و تەکنەلۆجیای سەربازیی دەوڵەتانی سەردەستە بە بەراورد بە چەکی دەستی کورد زۆر نابەرابەرە؟ ئایا دەکرێ بە گۆڕینی شێوازی خەبات، یاخود بوون بە سەرچاوەی کێشە لە ناوخۆی

وڵاتەکان، ئەو دەوڵەتانە ناچاری گرتنەبەری ڕێگەی دیکە بکات؟ کورد دەتوانێ لەکوێی ئەو هاوکێشانەدا بێت کە وەک پێشهاتێک چاوەڕوان دەکرێت لە ناوچەکە ڕووبدەن؟ ئایا کورد لە باشوور ئازایەتی ئەوەی تێدایە ببێتە داینەمۆی گۆڕانکارییەکی سیاسی ئەوتۆ لە عێراق کە سەرئەنجام هاوکێشە هەرێمایەتییەکە بگۆڕێت؟

لەو کاتەوەی کوردستان کەوتووەتە ژێر داگیرکاری عوسمانی و سەفەوی، هەروەها لە سایکس پیکۆ و دابەشکردنی کوردستان بەسەر چوار دەوڵەتی سەردەستەی ناوچەکەوە، لە هەر قۆناغێکدا ئەم دەوڵەتانە ناکۆک و ناتەبا بووبن، دەروازەیەک بۆ کورد کراوەتەوە کە نەفەسێک بە ئازادی بدەن، هەرکاتیش ئەم دەوڵەتانە پێکەوە بووبن، کورد تێدا بووەتە قوربانی. مەترسی گەورەی سەر کورد ئێستا ئەمەیە کە هەر چوار دەوڵەتەکە کەوتوونەتە یەک جەمسەرەوە.

لە سێ بەشی کوردستانی داگیرکراوی ئەم چوار دەوڵەتە، بزووتنەوەی کوردی تا ئاستێکی زۆر باڵای کردووە. ئێستا بە گۆڕینی ئەو هاوکێشانەی هەر چواریانی یەکخستووە، چاوەڕوان کراوە کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان قوربانیی ئەم هاوکێشە تازەیە بێت. تاکە ڕێگەیەک دەروازەی ڕزگاربوون بۆ کورد بکاتەوە، گۆڕینی ئەو هاوکێشە هەرێمایەتییە و تێکچوونی هاوپەیمانیی چوار قۆڵی نێوان تورکیا، ئێران، عێراق و سووریایە. ئەمەش بەشێکی بەستراوە بە ستراتیژی تازەی ئەمریکاوە لە ناوچەکە و بەشێکیشی کەوتووەتە سەر ئەوەی کورد خۆی چی دەکات.

کێشەکانی ئێستای عێراق بۆ پێکهێنانی حکومەتی داهاتوو، کاریگەریی زۆر گەورەی دەبێت لە خزمەتکردن بەو هاوپەیمانییە چوار قۆڵییە یان درز تێخستنی و گۆڕینی هاوکێشە هەرێمایەتییەکە. کورد لە کوردستانی عێراق ئێستا وەک دۆخێکی کاتی دەرفەتی ئەوەی بۆ ڕەخساوە کە ڕۆڵی یەکلاکەرەوە ببینێت لەوەی کۆتایی بەو هاوپەیمانییە دەهێنێ یاخود تەمەنی درێژ دەکاتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕووداو - ١١ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

## تا لەنێو هەژموونی زلهێزەکاندا نغرۆ نەبووین!



**مستەفا محەمەد**

سێ ڕۆژ بەرلە ئێستە لە عومقی جوگرافیای کوردستانی باشوردا هێرش کرایە سەر پێگە و بارەگاکانی حزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ، ئەم ڕێککار و پێشهاتە سەربازیەی ئێران ئاماژەی گوشار و نەهامەتیەکی مەترسیداری ئیقلیمیە و زۆر لە پێشبینی هەندێ کەس و لایەن گەورەترە کە گەرەکیانە دەستە چەورەکە بە سەری یەکێتی وەک دەسەڵاتی قەڵەمڕەوی دەڤەری سەوز بسڕن.

بە درێژایی مێژووییەکی پتر لە پێنج سەدساڵە ، لەدابەشکاری ڕۆڵ و ساغ کردنەوەی ناکۆکیەکاندا کورد بەشی بریتی بووە لەکاولکاری خاکەکەی ، پاکتاوکردنی نەتەوەیی و ئەتنیکی و لاوازکردنی سەنگەکەی، بەو تێڕامانە دەتوانین بڵێین هەر پێشهاتێکی جیۆسیاسی کە لە ناوچەکەدا ڕوودەدات ڕیشەیەکی مێژووی کوردی هەیە ، هەر لەشەڕی چاڵدێرانەوە بگرە بۆ سایکس بیکۆ و تا دەگاتە ئەمڕۆش چاوی هەژموونگەرایی بەرژەوەندخوازیی زلهێزەکان هەر وەک خۆیەتی و نەگۆڕە ، ئەوەی گۆڕاوە تەنها کاراکتەر و ناوەکانن ، دەنا ئەوەی تاکە قوربانی ناکۆکیە ئیقلیمیەکانی ناوچەکەیە کوردە ، بەداخەوە بەهۆی تەسفیەی حسابات و پیاپژانی زلهێزەکان و ململانێ و ڕکابەری بەرژەوەندیە سیاسی و ئابوریەکانیان لەسەر جەستە و پێگەی کورد ، ئێمە هەر لە جێی خۆمان تل دەخۆین و هەوڵ و هەڵپە و وچانی جوڵانەوە سیاسیەکانیشمان بۆ بەدیهێنانی دەسکەوتی نەتەوەیی هەر لە بازنەیەکی داخراو قەتیس ماوە!

وێستگە دیرۆکیەکانمان پێمان دەڵێن هەڵچون و داچوونی سیاسی لە کوردستاندا بەندە بە پارێزراوی بەرژەوەندی ئەو زلهێزانە و هەرکاتێک بەریەک کەوتن لەئاستی مەترسی نزیک بێتەوە ئەوا پڕشکی ئەو بەریەک کەوتنە کورد و خاکەکەشی بەیەکەوە سوتاندووە. گرنگتر لە هەر تێبینی و سەرنجێکی پارێزکارانە ، دەبێ ئەوە لامان ڕوون بێ کە ناوچەکە لەگەمە و پلانێک و سیناریۆیەکی گەورەی ئێران و تورکیای ئەمڕۆدا خۆی نمایش دەکاتەوەو نەهامەتی و نیگەرانیەکەش بۆ ئێمەی کورد بەکاریگەری ئەجندای دەرەکی و وڵاتانی دراوسێ هەر جارە زێدەتر قوڵ دەبێتەوە ، تەقینەوەی ناکۆکیەکانیش دەبنە مایەی سەرئێشە و لێدانی بەرژەوەندی و دەسکەوتە نەتەوەییەکان.

هەروەک دیاریشە زەمینەی پێشگریی و لەقاودانی هەیمەنە و ماف و داخوازیەکانی کورد بۆ تورکیا و ئێران لە ئێستادا تەواو لەبارە و بەهاریکاری ڕوسیا دەیانەوێ بەربەستی بلۆکی خۆرئاوا پوچەڵ کەنەوە و لە سەرێکی تریشەوە دەرفەتی کولانی ناوچەکەش یارمەتیدەرە تا ئەو دوو دەوڵەتە مەترسی و تەنگژە سیاسی و ئابوریە قەبەکانیان لەقولایی هەژموونی فەرمانڕەوایی خۆیان بۆ کاتێکی تر دوابخەن، کورد خۆیشی هاریکارێکی بەهێزە تا دەروازەی هاتنە ناوەی دەوڵەتانی دراوسێمان بخاتە سەر گازەرای پشت بە دەلیلی ئەوەی کە ناتەبایی و فرە جەمسەریی نێوخۆیی و هەڵتەکاندنی شیرازەی نێوماڵی کورد بەهۆی فرە کوێخایی و ناهاوسەنگی گوتاری سیاسی و بەرژەوەندی کورت مەودامان گەیشتۆتە ئاستێکی باڵا!

کەواتە بەرخوردی ئەو دۆخە بۆ کورد لەهەر کوێیەکی کوردستان بێ تا سوچی وونکردنی ئایندەی گەلەکەمان نەکەوێتە ئەستۆ چارمان نیە جگە لە بەخۆداچوونەوە و دیاری کردنی ستراتیژێکی ڕوون تا لەبەریەک کەوتنی بەرژەوەندی و نفوزی زلهێزەکاندا نەبینە قوربانی پلە یەک، ئەمەش بە ڕێکخستنەوەی نێوماڵی کورد و هەست کردن بە هەستیاری دۆخەکە و هەنجەت نەدانی لایەنە کوردیەکان بە نەیارەکانمان لە هێرش کردنە سەر ئەزموونی کوردستانی باشور بەدی دێ ، وە لەبری دروستکردنی گرژی و ئالۆزی و پێکدادانی سەربازی لەسەر سنوورەکان پێویستە مێزی گفتوگۆ بەچارەسەری گەیشتن بە مافەکانیان ببینن ، وە دیاری کردنی لۆبیەکی بەهێز و هەوڵدان بۆ داڕشتنەوەی بەرژەوەندیەکانمان بەئاراستەی بونیادنانی پەیوەندیەکی تۆکمە لەناوخۆ و دەرەوەدا دەتوانین خۆمان لەشەڕی بەوەکالەتی هێزە جیهانی و ئیقلمیەکان لابدەین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ١١ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

# هێرشەکەی ئێران بۆ سەر کوردەکان، پەیامێکە بۆ واشنتۆن، ڕیاز و ئۆرشەلیم




**سێس جەی. فرانتزمان**

**وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: پەیڕەو ئەنوەر**

سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، دووپاتی کردەوە کە هێرشی مووشەکیی کردۆتە سەر ئۆپۆزیسیۆنی کوردی لە قەزای کۆیەی باکووری عێراق. هێرشەکە لە ڕۆژی شەممەدا بووە و کۆمەڵێک خەڵکی کوشتووە و ژمارەیەکی زۆریش بریندار بوون. یەکەم جار بوو هێزەکانی ئێران ئەم جۆرە مووشەکە لە هێرشێکی لەم جۆرەدا لەناو خاکی عێراق بەکار بهێنن.

ئەم هێرشە مووشەکییە قێزەونە کە بە ڕۆژی ڕووناک ئەنجام درا، پەیامێک بوو لە تارانەوە بۆ وڵاتانی ناوچەکە، بەوەی کە هەرچییەکی بوێت دەتوانێت بیکات؛ نەک بەرامبەر بە وڵاتانی دراوسێی عێراق، بەڵکوو بەرامبەر بە هەموو وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ساڵی پار، مووشەکەکانی ئێران و ئەو گرووپانەی کە لە لایەن ئێرانەوە پشتگیری دەکرێن، سوودیان لە ڕاوێژکارە تەکنیکییەکانی ئێران وەرگرت و سعوودیای عەرەبییان لە یەمەن و، ئیسرائیلیشیان لە سووریاوە کردە ئامانج. لە ئێستادا کە واشنتۆن گوشاری زیاتر دەخاتە سەر ئێران، هەڕەشەی مووشەکەکان هێمایەکی ڕوون و ئاشکرایە کە تاران دەیەوێت لە ڕێگەیەوە ماسوولکە و هێزی خۆی لە بەرامبەر ئەو

سزایانەی کە کراوەتە سەری، پیشان بدات.

سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەوڵی هێرشێکی سەرپەڕاندن و کوشتنی ئەندامانی حزبی دیموکراتی کوردستانی-ئێرانی دا کە گرووپێکی ئۆپۆزیسیۆنی دژ بە ئێرانە و بارەگاکەیان لە قەزای کۆیەیە. ژمارەیەکی بەرچاو لە بەرپرسە باڵاکانی ئەم حزبە لە کۆبوونەوەکەدا بوونە، کاتێک مووشەکەکان بارەگاکەیانی پێکاوە. ئەم هێرشە توندوتۆڵ بووە و، پێشتر هاوشێوەی نەبووە. هەرچەندە ئێران پێشتر گرووپە کوردییەکانی لە عێراقدا کردۆتە ئامانج و، مووشەکی تری ئاراستەی گرووپە ئۆپۆزیسیۆنەکانی تر کردووە. ئەو مووشەکانەی کە لەم هێرشەدا بەکار هاتوونە، توندوتۆڵ بوونە و بۆ دەرخستنی توانا و هێزی دەزگەی هەواڵگریی ئێران بووە.

ئەم هێرشە مووشەکییە بۆ سەر کۆیە، نابێت تەنیا وەک هێرشی ڕژێمێکی پەراوێزخراو بۆ سەر گرووپێکی ئۆپۆزیسیۆن ببینرێت. ئێران چەندین ساڵە لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی کوردی دەجەنگێ و پێکدادانەکان لەناو خودی ئێرانیش لە زیادبووندان؛ بەڵکوو ئەو هێرشە مووشەکییە بەرزبوونەوەی زیاتری تەنگەژەکانە و، دەبێت لە چوارچێوەی یارمەتیی سەربازیی ئێران بۆ حووسییەکان ببینرێت بۆ بەئامانجگرتنی ڕیاز لە ڕێگەی مووشەکی بالیستییەوە کە ٩٠٠ کیلۆمەتر لە خاڵی دەستپێکردنییەوە ئامانجەکەی خۆی دەپێکێت. هێزەکانی ئێران لە سووریایش سیستەمی بەرگریی ئیسرائیلیان بەئامانج گرتووە. فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوانیان لە مانگی شوباتدا هەڵفڕاندووە و دواتر مووشەکێکی ئیسرائیلیان لە مانگی ئاياردا بەئامانج گرتووە. دوایین وێنەی مانگە دەستکردەکان ئاسانکارییەکانی بەرهەمهێنانی مووشەک لە باکووری سووریا لە لایەن ئێرانەوە، پیشان دەدەن. ڕاپۆرتەکانیش دەری دەخەن کە ئێران مووشەکەکانی خۆی گواستۆتەوە بۆ حەشدی شەعبی و میلیشیا شیعەکان لە عێراق و، مووشەکیشی بە حزبوڵڵا داوە و پشتگیریی تەکنیکییشی پێشکەش بە حەماس کردووە.

لەم نێوەندەدا، وێنە گەورەکە هەڕەشەی مووشەکە ئێرانییەکانە لە ناوچەکە. یاسای دەسەڵاتپێدانی بەرگریی نیشتمانی لە مانگی ئابدا لە لایەن دۆناڵد ترامپ واژوو کراوە، کە بڕگەیەکی دەربارەی هەڕەشەی مووشەکە بالیستییەکانی ئێرانە. کۆنگرێس بەوریاییەوە لەوە دەڕوانێت و تێ گەیشتووە کە چۆن بەرنامە مووشەکییەکەی ئێران هەڕەشە لە ناوچەکە دەکات! لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیی مانگی حوزەیران لە دامەزراوەی بەرگری و دیموکراسی، جێگری وەزیری خەزێنە بۆ پرسی تیرۆر و هەواڵگریی دارایی، "سیگاڵ ماندێلکێر" ڕای گەیاند: "ئێران

دەبێت کۆتایی بە پەرەپێدانی مووشەکی بالیستی بهێنێت."

هاوپەیمانەکانی ئەمریکا لە ناوچەکە تەکنەلۆژیی بەرگریی مووشەکییان هەیە بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشەکانی ئێران. ئیسرائیل سیستەمی بەرگریی مووشەکیی هەیە لەوانە: "ئایرۆن دۆم"، "دەیڤدس سلینگ" و بەرنامەی ئەرۆو؛ هاوکات سعوودیایش مووشەکی پاتریۆتی بۆ وەستاندنی مووشەکەکانی حووسییەکان بەکار هێناوە و ئەمەیش کاریگەریی خۆی هەبووە. بۆیەیش ئێران بڕیاری تاقیکردنەوەی مووشەکەکانی خۆی داوە و گرووپە ئۆپۆزیسیۆنە کوردییەکانی باکووری عێراقی پێ تاقی کردۆتەوە.

هێرشەکەی سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ سەر کوردەکان، پەیامێکە بۆ واشنتۆن و ئیسرائیل و، گوزارشت لەوە دەکات کە چۆن سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە سنوورەکان و لە ناوچەکە کار دەکەن. ئەمە دەرخستنی سیاسەتی ئێرانە لە یەمەن، عێراق، سووریا و لوبنان کە بەستراوەتەوە بە بەرنامەیەکی گەورەتر. سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەرپرسی گرووپێکیشە بۆ کارکردن لەگەڵ هاوبەشە جیاوازەکان و میلیشیا شیعەکانی لە ناوچەکەدا. وەڵامی ئیدارەی ئەمریکا بۆ هێرشە مووشەکییەکەی باکووری عێراق، دەری دەخات کە ئایا واشنتۆن دەیەوێت گرنگیی ڕژد بەو بەرە نوێیە بدات (ئۆپۆزیسیۆنی کورد لە ئێران) یان گرنگی بە گفتوگۆکان بدات لە ڕێگەی عێراقەوە وەک بەرەیەک بۆ وەستاندنی چالاکییەکانی ئێران و ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەی ئەم مووشەکانە، یان عێراق بەردەوام دەبێت وەک ڕووبەرێک کە ئێران بەئازادیی خۆی لەناویدا بجووڵێتەوە و کاری خۆی تێدا بکات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی پێنووس - ١٢ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

# لە تۆڵەی کەربەلاکەی دەشتی کۆیە




**رێبوار کەریمی**

*ڕەنگە زۆرمان ئەو چوارینە بەناوبانگەی هێمن موکریانیمان بیستبێ کە دەڵێ:*

*"دەمگرێ ئەمما لە گرتووخانە ڕق ئەستوورترم*
*لێم دەدا ئەمما لەسەر داوا ڕەواکەم سوورترم*
*دەمکوژێ ئەمما بە گژ جەللادەکەمدا دێمەوە*
*کوردم و ناتوێمەوە، ناتوێمەوە، ناتوێمەوە."*

**من هەمیشە ڕەگەزێکی نائەفلانیم لەو دەربڕینەی هێمندا بینیوە: چۆن دەکرێ تۆ ئەوەندە قیرسیچمە و گیانسەخت بی، تەنانەت بە کوژراویش نەتوێیتەوە؟! بەلام، ئایا دەکرێ بەبێ بوونی ئەم ئیرادەگەرییە تاقەتپڕووکێن و ئەقڵبەزێنە، لە نهێنیی مانەوەی میللەتێک بگەیت کە وەک "سوورپێستەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست"ی پێکراوە، کەچی نەک هەر لەناو نەچووە، بەڵکو بووە بە مۆتەکەیەکی ئەبەدی بۆ گیانی ئەوانەی خەونیان بە لەناوبردنییەوە بینیوە. لەڕاستیدا درێژەکێشانی بێ بڕانەوەی تراژێدیەکانی ئێمەش هەر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە نە ئێمە مل بۆ توانەوە دەدەین، نە دوژمنەکانیشمان لە هەوڵی تواندنەوەمان نائومێد دەبن.**

**ئەوەی لە مێژووی ئێمەدا هەزاربارە بووەتەوە و چیتر سەیر نییە، داستانی درێژی کۆست و کارەساتەکانمانە.**

ئەوەی سەیرە، کانگای ئەفسووناویی ئەو وزەیەیە کە هەموو جارێ تینی هەستانەوە بەر کورد دەنێ، تا هەروەک قەقنەس لەناو ئاگری سووتانی خۆیەوە ڕابێتەوە. لەدوای کوشتاری ئەو کەربەلایەی دەشتی کۆیەش، کە ڕۆژی هەشتی ئەم مانگە نوێنەرانی داعشی شیعی لە ئێرانەوە بۆ تێکۆشەرانی کوردی ڕۆژهەڵاتیان بەرپا کرد، ئەوەی دیسان سەرسوڕهێنەر بوو، ئەوە بوو کە دێمۆکراتەکان، لە کاتێکدا هێشتا تەرمی هەموو شەهیدەکانیان لە ژێر داروپەردووەکاندا بۆ دەرنەهاتبوو، کەچی بە لاچاوی بریندار و جەستەی زامارەوە، بەڵێنی درێژەدانی ڕێی خەباتیان بە یەکتری دەدا. ئەوەی دۆست و دوژمن پێی حەیرانە، ڕێک ئەم ڕۆحی کۆڵنەدانە بێ وچانەیە.

لەدوای ئەو کەربەلایەی دەشتی کۆیەوە، کە بەجارێک قەتماغەی تێرۆری ڕێبەرانی حیزبی دێمۆکرات و تێرۆری پتر لە سێسەد تێکۆشەری ڕۆژهەڵاتی لەسەر خاکی ئازادی باشووری کوردستان هەڵکەندەوە، ئەو پرسیارە زەق دەبێتەوە کە ئاخۆ چ ئەزموونێک لەم کارەساتە مەزنە وەربگرین؟

لەناو تێکۆشەرانی خوێنگەرمی ڕۆژهەڵاتدا، ئەوەی ئێستا لەهەرکات زیاتر باسی دەکرێ بیری "تۆڵە"یە. دیارە بەشێوەیەکی زۆر سروشتی، ئاساییە کە مرۆڤە شۆڕشگێڕەکان لە کاردانەوە بەرامبەر غەدرێکی گەورەدا بیر لە تۆڵەسەندنەوە بکەنەوە. ئەگەر بۆ چرکەساتێک، لەگەڵ بیری تۆڵەسەندنەوە هاودڵی بکەین، ئەو پرسیارە دێتە پێش کە ئاخۆ چۆن دەکرێ تۆڵە لە دەوڵەتێکی زۆرداری وەک کۆماری ئیسلامی بکرێتەوە؟

کۆماری ئیسلامی کە گەمارۆ ئابوورییەکان بەرەو بەچۆکداهاتنی ڕۆژلەدوای ڕۆژ زیاتری دەبەن، کەوتۆتە زەلکاوی قەیرانێکی هەمەلایەنەوە. لەڕاستیدا ڕووداوی ستراتیژیکی ئەم چەند ڕۆژە، نەک پەلاماری تێکۆشەرانی دێمۆکرات لەلایەن کۆماری ئیسلامی، بەڵکو پەلامردانی کونسوڵگەریی ئێران بوو لەلایەن خەڵکی بەسرەوە. چیتر کۆماری ئیسلامی ناتوانێ وەک پێشوو، گەمە بە کارتەکانی بکا. لەڕاستیدا تاکە چەکێک کە کۆماری ئیسلامی بەدەستیەوە ماوە و، هەر ئەو چەکەشە کە ساڵانێکە ئیش بۆ پەرەپێدانی دەکا، چەکی توندوتیژییە. ئەمە ئەو تاکە گۆڕەپانەیە کە کۆماری ئیسلامی شارەزای زمانەکەیەتی.. بۆ ئەوەی لەم گۆڕەپانەشدا کارتەکەی نەسووتێ، خەریکی ڕاکردنە بۆ پێشەوە. خەریکی دەستوەشاندنی دەسپێشخەرانەیە. هیچ زیرەکی و وریاییەک لە بەدەمەوەچوونی کۆماری ئیسلامی لەم بوارەدا نییە!

جاریَ، ئەوە ڕوونە کە کۆماری ئیسلامی بە کورد ناڕووخیَ؛ بەهیَزی چەکداری پۆشتەوپەرداخی هەشتاکان نەڕووخا، بە جەولە و دەستوەشاندنی تیمە بچووکە چەکدارەکانیش ناڕووخیَ. کەواتە ژیریی تیا نییە بچیتە شەڕیَکەوە کە چەکە بەهیَزترەکەی لای دوژمنەکەتە. من لیَرەدا نامەویَ بچمە سەر وەردانەوەی ڕەخنەگرانەی چالاکییە چەکدارییەکانی ئەم دواییەی حیزبەکانی ڕۆژهەلاَت. نامەویَ لەو باسەش بدویَم کە ئەگەر قەرار بیَ سیگنالیَکی ئەمنیەتی بە کۆماری ئیسلامی بدریَ (واتە بەجۆریَک لە جۆرەکان چاوترسیَن بکریَت)، دەبیَ ئەو سیگنالەی لە ناوەندی ئیَران، لە تاران پیَ بدریَ نەک لە شاخ و دۆلە چۆلەکانی خۆمان.

باس لە کارەساتەکەی دەشتی کۆیە و وروژاندنی بیرۆکەی تۆلەسەندنەوەیە. ئایا تۆلەسەندنەوە کارسازە؟ زەقکردنەوەی گوتاری تۆلەسەندنەوە، ئەگەر لەلایەکەوە کاردانەوەیەکی عاتفی و ئیحساسی بیَ بەرامبەر بە تاوانیَکی ناجوامیَرانە، بەلاَم هاوکات دەشیَ ڕیَکاریَکی خۆدزینەوەش بیَ لە بەرەوڕووبوونەوەی ئەرکە ڕاستەقینەکان. لە جیَدا تۆلەسەندنەوە کاریَکی بیَهوودەیە، چونکە پشت بەو پرینسیپە دەبەستیَ کە پیَی دەلیَن "داش بە داش"، واتە بەقەدەر ئەو زەبرەی ویَتکەوتووە، زەبر لە دوژمنەکەت بوەشیَنیتەوە. بەلاَم ئایا ئەمە هیَنانەخواری ئاستی شەوکەتی شەهیدانی ڕیَگەی ئازادی بۆ ئاستی جەللادە دیکتاتۆرەکان نییە؟! ئایا کاتیَک بە کوشتنەوەی چەند جاش و پاسداریَک دلی شۆڕشگیَڕەکان سوکنایی بیَت، ئەمە مانای هەرزانفرۆشکردنی خویَنی شەهیدەکان نییە؟!

بە بڕوای من، بەزەبرترین تۆلە، تۆلەی جەستەیی نییە، بەلکو تۆلەسەندنەوەیەکە کە تەرازی ئەخلاقیی گەلیَکی ئازادیخواز و بەهای مەعنەویی خەباتی ڕزگاریخوازانەمان بباتە سەرەوە. ئەمەش بە "هیَزی هیَمایی" دەکریَ نەک هیَزی چەکداری.

ئەرکی ڕاستەقینەی ئیَستای شۆڕشگیَڕانی ڕۆژهەلاَت، قۆلَ هەلمالیَن و دەستوبردە لەو ئەرکانەی کە دەیان سالە پشتگوێ خراون و هەرجارەی بە بیانوویەک خۆیان لیَ دەدزریَتەوە. ئەرکی ڕاستەقینە دلنیاکردنەوەی بە کردەوەی کۆمەلاَنی خەلکی ڕۆژهەلاَتی کوردستانە کە ئەم حیزبانەی ئیَمەش – سەرباقی هەموو خویَندان و گیانبازییەک-، لە ئەگەری ڕووخانی کۆماری ئیسلامیدا، ئەزموونی دەردەداری پارتە شۆڕشگیَرەکانی باشووری کوردستان دووپات ناکەنەوە. ئەرکی ڕاستەقینە سەلماندنی بەکردەوەی ئەو پرینسیپە سادە بەلاَم چارەنووسسازەیە کە شۆڕشگیَڕانی ڕۆژهەلاَت، دەسەلاَتی سبەینیّیان بۆ خەلک دەویَ نەک بۆ خۆیان. هەموو ئەمانەش شتیَکن کە دەشیَ هەر ئیَستا و

ئەمڕۆ نیشان بدرێن و ڕاستی و دروستییان بسەلمێنرێ. ئەگەر ڕژانی خوێنی شەهیدان بۆ ئەوە بێ مەشروعیەتی شۆڕشگێڕانەی پێ زاخاو بدرێتەوە، ئەوە وەک ئەوەیە هیچ نەکرابێ.

باس لە سەریەکخستنەوەی ئەم حیزب و ئەو حیزب و، پرسی یەکگرتنەوە نییە. باس لە "یەکگرتن بۆ بەیاننامەی هاوبەش دەرکردن"یش نییە. لیستی ئەو کارانەی کە دەبوو بکرێن و نەکراون، درێژە. بەڵام خاڵی بنچینەیی شتێکی سادە و ستراتیژییە: تێپەڕین لە قۆناغی درێژمەودای "پێشمەرگەداریی حیزبی". "پێشمەرگەی حیزبی" خراپترین وماڵوێرانکەرترین داهێنانی حیزبەکانی کوردستانی نیو سەدەی ڕابردوو بووە. بەبێ دۆزینەوەی میکانیزمێکی جێگرەوە کە گەل بکاتە خاوەن یەک هێزی چەکداری یەکگرتوو؛ بەبێ داڕشتنی مێکانیزمێک کە کۆی هێزە چەکدارەکان بکاتە تابعێک لە ئیرادەی ناوەندێکی بڕیاردەری هاوبەش، هیچ ڕێفۆرمێکی جددی لە حیزبی سیاسی- چەکداریی کوردیدا مەیسەر نابێ. ئەمەش شتێک نییە حیزبەکانی ڕۆژهەڵات هەڵیگرن بۆ داهاتوو. ئەگەر ئێستا زەحمەت بێ، لە داهاتوودا دەبێ بە موستەحیل!

گرینگ ئەوە نییە "هێزی پێشمەرگە" چەندە کاریگەری لەسەر هاوکێشەکان دەبێ، گرینگ ئەوەیە کە میللەت هەست بکا حیزبەکانی خاوەن ئیرادەی هاوبەشن. "پێشمەرگە" کانگای مەشروعیەتە. ئەو هێزە کە ئەم مەشروعیەتە پێکی دەهێنێ، دەبێ بگەڕێتەوە بۆ گەل، بۆ ناوەندێکی بڕیاردەری هاوبەش کە ئیفادەی ئیرادەی گەل بکا، نەک هی هیچ حیزبێکی تایبەت. تا هێزی پێشمەرگە یەک نەخرێ، حیزبی شۆڕشگێڕی کوردی بۆ دڵپێخۆشکردن نابێ!

بەبڕوای من پاڕادایمی یەکگرتنخوازی لە ڕۆژهەڵات، دەبێ ئاوەژوو بکرێتەوە: یەکیەتیی ڕاستەقینە دەبێ لە خوارەوە بۆ سەرەوە چێ بکرێ؛ لە پێشمەرگەوە بۆ سەرکردایەتی، نەک بە پێچەوانەکەی! هۆیەکەشی سادەیە: پێشمەرگە، کەمترین گرێدراویی بە پلەوپایە و کورسییەوە هەیە، بۆیە ئاسانتریش لەگەڵ یەکتر هەڵدەکا. ئەگەر کورسیپەرستە دەسەڵاتخوازەکان لێ بگەڕێن!

ئەوەی ڕۆژهەڵات پێویستیەتی، نیشاندانی ئەوەیە کە شۆڕشگێڕەکانی لە نوچکەی ئەخلاقیی پێچەوانەی زۆردارانی حاکمی ئێستادا ڕاوەستاون، ئەمەش بەخۆداچوونەوەیەکی سەراسەریی ڕادیکاڵی پێدەوێ، لەسەربنەمای فەلسەفەی پێشمەرگایەتی. ئەگەر شۆرشگێرەکان ئەمەیان کرد، ئەوە نەک هەر تۆڵەیەکی مێژوویان کردووەتەوە، بەڵکو جگە

لە شادکردنی گیانی شەهیدانیان، بەرچاوی میللەتێکیشی پێ ڕوون دەکەنەوە، تا هیچ نەبێ بە ئاواتی سبەینانێکی ڕۆشنترەوە، ئەم ڕۆژگارە تاریکەی ئێستای بەڕێ بکات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕووداو نێت - ١٣ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

## خوێنەکەو دیموکرات و ئێران




لەتیف فاتیح فەرەج

١

لە تەک کۆمەڵێک دۆستا سەردانی کۆیەی حاجی قادرمان کرد بە مەبەستی سەرەخۆشی لە حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، سەبارەت بەو کوشت و بڕەی دەرهەقیان کرابوو، لە سەر گۆڕەکان بیرم لەوە دەکردەوە کورد چەند گۆڕ غەریبی وڵاتی خۆیانن، لە قەندیل گۆڕی باکوری و ڕۆژئاوایی و ڕۆژهەڵاتی هەن، لە ڕۆژهەڵات گۆڕی باشوری، لە ڕۆژئاوا گۆڕی باشوری و باکوری و ئەوانی دی، ئەوان ناهێڵن لە شارو شوێنی لە دایک بونمان بمرین، لێ مردنەکە و گۆڕستانەکانمان سنورە دەسکردەکە دەسڕێتەوە، بە باوەڕی من ئیدی کاتی ئەوە نیە بۆ چالاکیەکی کەمنمود باشترین ڕۆڵەکانی خۆمان بکەینە قوربانی، ئاخر چوونی چوار پێشمەرگە بۆ ئەو چیاو چۆڵەی ڕۆژهەڵات و کوشتنی ئەرتەش یان پاسدارێکی لارەخواری دەسەڵات چی لە مەسەلەکە دەگۆڕێت.

٢

نەرۆژهەڵات نەباکور پێویستیان بەوە نیە بە کوشتنی دوو پۆلیس یان دوو پاسدار چالاکیان بۆ بەڕێوە بچێت، پێویستە بیر لە رێگەی دروستتر بکرێتەوە، وەک سەردەمی قەڵەم و موراجەعات، ئەوەی کاتی خۆی بە هادینی ئەدەب و جەلالی جەلالی زادەو ئازادیخوازانی نیشتمان دەیانکرد هەزار چالاکی چەکداری دێنێت، نمونەی فراکسیۆنی کوردەکان لە پارلەمانی ئێران، یان کارەکانی سەلاحەدین دەمیر تاش و هاوڕێکانی، لێگەڕێن با چیتر خوێنی کورد بە هەدەر نەڕوات، ئاخۆ رێگەی دیکە نیە بۆ ئازادی، هەڵبەت ئەمە بۆ رۆژئاوا لەوەوە جیاوازە کە لەوێ داعش و توند ڕەوی بەربەرییانە هەن، وەک پەلامارەکەی سوپای تورک بۆ عەفرین.

٣

ئەمەریکا بێویژدانیەکی گەورە دەکات بەوەی دنەی شەڕو شتی وادەدات و دواتریش وەک کەڕەی شەربەت تەماشا دەکات، لای ئەمەریکیەکان بەرژەوەندی لە سەرو خوێنەوەیە، هەر بۆیە لە بری سەرە خۆشی لە کۆستکەوتوەکان بکەن لەوانەی دەکەن کە رەنگە بەرژەوەندیان تێکهەڵکێش بووبێت، ناخۆشتر ئەوەیە میدیای کوردی هەمیشە دەکەوێتە هەڵەی زەقەوە، ئێران بە فەرمی داوای رادەستکردنی تیرۆریستان دەکات، میدیای کوردی لە باشور بە دێڕی درشت دەنووسن ئێران داوای دیموکرات لە هەرێم دەکاتەوە، بە دینتان شەرم نیە بە کەسانی وەک مامۆستا عەبدوڵای حەسەن زادەو جەلیل گادانی و هاوسەنگەرەکانی قاسملوو شەرەفکەندی بگوترێ تیرۆریست و تۆش بیکەی بە هەواڵ.

٤

چەند شەرم و شورەییە بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران بەوە خەنی بێت هاوڵاتی خۆی لە خوێن و خۆڵدا بە دەستی وی تەپ و تل بدات و باسی مافی مرۆڤ و ئەو شتانەش بکات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی لڤین - ١٣ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

# لە کۆیەوە بەرەو ئەدلب



**هونەر تۆفیق**

لە پاش لوتکەی هەرسێ وڵات ڕوسیا و تورکیا و ئێران لە تاران کە دوورترین لایەن لەناو هەرسێکیاندا ئەردۆغان بوو. ڕاستەوخۆ ئێران جوڵەیەکی توندی بەرانبەر بە کوردە بەرهەڵستکارەکانی ئێران نواند. لەلایەکەوە بۆردمانی ناوچەکانی سنووری لە حاجی ئۆمەرانی کرد، لە یەک ڕۆژیشدا موشەک بارانی بارەگای حیزبی دیموکراتی و لە سێدارەدانی سێ کوردی بەیەکەوە ئەنجامدا!

ڕوسیا لەنێوان ئێران و تورکیادا براوەی بێ مەرجە هەم لەناوچەکە و هەم لەسوریادا بە جۆرێک دەتوانرێت پێ ی بگوترێت سەرکردایەتی سیاسەتی ناوچەکە دەکات. کێشمەکێش و ململانێکە لەنێوان ئێران و تورکیادا قەتیس ماوە بەتایبەتی لە سوریا و عێراقدا. دوا پێگەی تورکی لە سوریادا کە ئەردۆغان پشت ئەستوربێت پێ ی پارێزگای ئەدلبە کە مۆڵگەی ئەو هێزە ئیسلامیانەیە ئەردۆغان پشتیوانیان لێدەکات. بۆ ئەوەی لەبەردەم فشارەکانی پوتیندا بەرگە بگرێت کە هاندەری هێرشەکانە بۆ ڕزگارکردنی ئەدلب لەلایەن سوپای سوریاوە، ئەردۆغان هیوای بە کۆبوونەوەی لوتکەی تاران بوو کە ئێران پشتیوانی لێ بکات. پێکەوە داوا لە ڕوسیا بکەن ڕزگارکردنی ئەدلب دوابخات. بەڵام ئێران پشتیوانی لە تورکیا نەکرد. ئێران لە کۆمەڵێک کارتدا هێزی فشاری بەسەر تورکیاوە زیاترە کە گرنگترینیان پرسی کوردە لە تورکیادا، هەروەها نزیکایەتیەکی شەرمن هەیە لەنێوان پەکەکە و ئێراندا. لەبەرانبەر ئەو کارتەدا تورکیا - ئەردۆغان وەک لە ڕاپۆرتە شیکاریەکانی لوتکەی تاراندا باسکرا، ئەوەی بە گوێ ی ئێراندا داوە ئەگەر ئێوە هاوڕای ڕوسیابن بۆ شەڕی ئەدلب، ئێمەش کارتی کوردی ئێرانمان

بەدەستەوەیە کە بیکەینە هێزی فشار بەسەرتانەوە. ئێران بەبێ ڕاوەستان لە کۆیەوە وەڵامی ئەردۆغانی داوەتەوە. کە ئەدلب جەنگێکە هیچ سازشێکی لەسەر ناکرێت. لێرە بەدواوە دەبێت چاوەڕوانی وەڵامی ئەردۆغان بین لە سوریا و عێراقدا چی بەئێران دەڵێتەوە!؟

سەرچاوە: ماڵپەڕی لڤین - ٩ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

## هاشم گیان، کاروانی سوور و بریندارتان، لە دەشتی کۆیە نیشتەجێ بوون



گەلاوێژی حسینی

هاشم گیان، ئەم ڕۆژانەی دوایی زۆر بە دژواری تێپەڕین و لە گێژاوەی کارەساتێک کە بەسەر خەڵکی کورد هاتووە، خەمبار و ئازیەتبار بووین. سەرم نەپرژا و هەواڵی تۆ بپرسم. شەممەیەکی ڕەش، ١٧ی خەرمانان ڕێک وەک ئەو ڕۆژەی کە سینەما ڕکسیان سووتاند و ئەو هەمووە ئنسانانە بوون بە قەقناز. دوێنێکە دیسانەوە ١٧ی خەرمانان جەرگی زۆر بنەماڵە بەدەستی گلاوی دوژمنانمان سووتان و ژیانی زۆر ئینسان خەرمان کران.

شەممەیەکی ڕەش، ڕەشتر لە تاریکی دنیای تاریک بیران، خەمبار و خوێناوی، بریناوی، پڕ بو لە گڕ و هاوار، سێدارە، جەرگ بڕین، تاقەت پڕوکێن، وەستاندنی دڵی پڕ لە ئاواتی ئینسانگەلێکی ئاواتەخواز و تامەزرۆی ئازادی.

هاشم گیان نەمتوانی هەواڵی دڵی پڕ لە ئاوات و لەشی بریندار و خوێناویت بپرسم. هەوڵم ئەدا کە هەواڵی لەناکاوی کۆچی دوایی تۆی ئازیز بەربەرچ بدەمەوە و سەرم نەپرژا سەردانت بکەم. چاوەڕوان بوم و ئاواتەخوازی بیستنی ناڕاست بوونی کۆچی دووایت بووم و ئەو دەم هەواڵت بپرسم. وادەی ئەم کۆچە بریناوی و خوێناوییە نەبوو.

هاشم گیان، پورزای خۆشەویست و هاوڕێ منداڵیم، من و تۆ پێکەوە بۆ گەیشتن بە ئاواتەکانمان هەنگاومان هەڵگرت و بۆ گەیشتن بە ئاواتەکانمان ڕێگای جیاوازمان هەڵبژارد. جیاوازی بیروبۆچونمان نەبووە هۆی پچڕانی پیوەندیەکانمان. ئاواتمان ئەوە بو پێکەوە بگەڕێینەوە بو بانە، بەڵام تۆ بێ وەفا بوویت و بێ وادە ڕۆیشتیت و دەریایەک لە بیرەوەری و تاسەباریت بۆ هەموومان، سوری خەمباری خێزانت و ڕۆژە، مژدە، بانە و نزاری خۆشەویستت بە چاوەڕوانی و دەریایەک فرمێسک بەجێ هێشت.

هاشم گیان، کاروانی سوور و بریندارتان، لە دەشتی کۆیە نیشتەجێ بوون، بەڵام هەواڵی شوێنی نیشتەجێ بوونی ڕامین، لوقمان و زانیار نازانم.

هەموو کەسێک خەمبار و دڵشکاون و نازانم لە کێ سەرەخۆشی بکەم. لە هەموو ئەو کەسانەی کە لە ڕۆژی ڕابردوو لەگەڵ برینەکانی ئێوە ئێش و ئازاریان کێشا و لە هەموو ئەو کەسانەی کە قین و ئازاری خۆیان ئاوێتەی بەهێزبوون لە خەباتی دژ بە هێزی سەرکوتگەر و جینایەتکاری کۆماری ئیسلامی ئەکەن، سەرەخۆشی ئەکەم.

هاشم گیان یاد و بیرەوەریەکان و دڵی پڕ لە خۆشەویستی تۆ بۆ هەتاهەتایە لای من ئەمێنێتەوە و بە چاو و دڵم دەیانپارێزم.

بۆ سەرجەم گیانی هەموو ئازیزانی قوربانی هێرشی شەمەی ڕەشی مێژووی کوردستان لە زیندانەکانی ئێران تا دەشتی کۆیە سەری ڕێز و حورمەت دائەنەوێنم.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ٩ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

# ناوێک بۆ هەمیشە زیندوو



**بەرزان شیوەجانی**

زۆرن ئەو کەسایەتیانەی کەلەدنیادا مێژویەکی دیار بۆخۆیان تۆمار دەکەن ،جا لەژیان بمێنن یان کۆچی دوای بکەن،  سۆیلا قادری ناوێکی دیاری خەباتی ڕزگاری خوازی ڕێگای کوردایەتی بوو کە یەکەم بینینی دنیای ڕەنگینی لەمەهابادی قیبلەی کوردەواریەوە دەستی پێکرد، هێشتا تازە لاوێکی خوێن گەرمی کوڕی خەبات بوو ئاوارەی شاخ و کەژو کێوەکانی کوردستان دەبێت و چەکی شەرەف دەکاتەشان و دەبێتە پێشمەرگەو ڕیزی حیزبی دیموکراتی کوردستان دەکاتە شاڕێی خەباتی نەپساوەی،

دوای نیشتەجێبونیشی لەشارکۆیە مەجلیس و کوڕی خەباتی بەگوڕتر دەبێت و دوبارە،دەمەزەرد دەبێتەوە بەبیری کوردەواری و هونەری و ئەدەبێ،لەسەرجەم بوارەکانی ژیان ئەسپی خۆی تاو دەدا، ئەولەنێو خۆی حیزبی دیمورات ئەندامی ڕێبەری و کۆمیتەی ناوەندی بوو، لەناو هێزی پێشمەرگە فەرماندەیەکی بەئەزموون و قارەمان بوو، لەنێوبواری نوسین و ئەدەبدا نووسەرو شاعیر و وەرگێڕیکی کەم وێنەبوو،لەبواری ڕاگەیاندنیش ڕۆژنامەنوسێکی بوێرو پێشکەشکارو هەواڵ سازێکی بەئەزمون و نوێگەربوو، لەبواری ڕێکخراوەیش کادیرێکی هەرچالاک و دیاری کوردستان بوو کە هەمیشە ئامادەو سەرپەرشتیاری کارو چالاکیەکان بوو،سکرتێری یەکێتی ژنانی دیموکراتی کوردستان بوو،بۆکاری گروپ و دەستەجەمعی و خۆبەخشی خێری هەمیشە کەسی یەکەم بوو،هیچ کات گوێبیستی ناتوانم نابێت وناکرێت دەبووی لێی هەمیشەکەسێکی دڵسۆزو بەئەمەک و بەوەفا بوو ، ئەو کۆیەیی خۆش دەویست و

دەی وت مهابادی منە،سەرجەم کارو چالاکیەکانی ڕێکخراوەی وچالاکیەکانی تری بەهی خۆی دەزانی دەیگوت کۆیە کەپێشەنگ بێت من ئاسوودەم.

ئەگەر شەهید هەژاری لاوان یەکەم پیاوبێت کە سکرتێری ڕێکخراو بێت بەدەستی تیرۆرستانی داعش شەهیدبوبێت ئەوا سۆیلاقادریش وەک یەکەم سکرتێری ژن هەژمار دەکرێت کەسکرتێری ڕێکخراوی دەنگ بۆ پەرەپێدان و پشتیوانی نابینایانی کوردستان کە ڕێکخراوی ناحکومی کوردستانی (NGO) بوو کەبەدەستی کۆماری ئیسلامی ئێران شەهید بوو گەیشتن کاروانی نەبڕاوەی شەهیدان.

درود بۆ سەرجەم شەهیدان و شەهید سۆیلای قادری و هەژاری لاوان کەناویان هەمیشە وەک ئەستێرەیەکی گەش بەئاسمانی کوردستان دەبریسکێتەوە.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ١٣ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

## مووشەکبارانی بنکەکانی دێموکرات، هۆکار و دەرئەنجامەکانی

### کاروان

کارەساتی شوومی ١٧ی خەرمانان و مووشەکبارانی بنکە و بارەگاکانی حیزبی دێموکرات کە بووە هۆی شەهید و بریندار بوونی پۆلێک سەرکردە و کادر و پێشمەرگەی فیداکار، ئەگەرچی هەمووانی خەمبار کرد و زیانێکی گەورەش بوو بۆ گەلی کورد بە گشتی و بۆ حیزبە شۆڕشگێڕەکانی کورد بە تایبەتی، بەڵام لە هەمان کاتدا دەرخەری ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگریش بوو بۆ هەمووان و بە تایبەتی بۆ ئەوانەی کە بە گومانەوە لە سیاسەت و شێوەی خەباتی ئەو حیزبانەیان دەڕوانی کە ناکرێ لەبەرچاو نەگیرێ، ئەویش گرتنەبەری سیاسەتێکی درووست و کارا و زیندووبوون و بەسەر پێوە بوونی حیزبە شۆڕشگێڕەکانی کوردە کە بەوشێوە ڕێژیمی تووشی ترس و دڵەڕاوکێ کردووە .

دیارە ئێمە لە دڕندەیی، دڵڕەشی و دوژمنکاریی ڕێژیمە یەک لە دوای یەکەکانی ئێران هەر لە سەردەمی سەفەوییەکانەوە بگرە تا ڕێژیمە فاشیست و تۆتالیتێرەکەی ئێستای ئاخوندە کۆنەپەرستەکان، بەرانبەر بە گەلی کورد بە گشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی هیچ گومان و دڕدۆنگییەکمان نەبووە و نییە و بەداخەوە مێژووی نەتەوەکەشمان تەژی لەو ڕووداوە تراژێدیکانەیە کە لە لایەن ئەو ڕێژیمانەوە یان بە هۆی ئەوانەوە بەسەر گەلەکەماندا هاتووە و ئەوەش بۆ هەمووان ئاشکرا و ڕوونە، بەڵام ئەوەی لە دوای ڕووداوەکەی ١٧ی خەرمانان پێویستە زیاتر سرنجی بدرێتێ گەورەیی کارەساتەکە و دڵڕەشیی ڕێژیم بەرانبەر بە کورد نییە، بەڵکوو ڕوانین و

تێفکرینێکی ورد و واقیعبینانە بەرانبەر بەو هۆکارانەیە کە ڕێژیمی بەو شێوەیە تووشی دڵەڕاوکێ و هاری کردووە کە لە ئەنجامدانی هیچ چەشنە جینایەتێک دەرحەق بە ئێمەی کورد خۆی ناپارێزێ .

ئەو هۆکارانە چین؟ چ ئاڵوگۆڕێک لە سیاسەت و هەڵویستی ئەو حیزبانە ڕوویداوە کە تا ئەو ئاستە ڕێژیمی تووشی ترس کردووە؟ ئایا ئەو ئاڵوگۆڕانە لە بەرژەوەندی نەتەویی کورددان؟ هەڵوێستی ئێمە لە ئێستادا دەبێ چی و چۆن بێت؟

بۆ تێگەیشتن لە ڕاستی و درووستیی ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە سیاسەت و شێوەی خەباتی حیزبە کوردییەکاندا ڕوویانداوە  پێویستە بارودۆخ و ئەو قەیرانە ڕەنگاوڕەنگانەی کە بەرۆکی ڕێژیمیان گرتووە و هەروەها گۆڕانکارییە جیهانی و ناوچەییەکانیش لە بەر چاو بگیرێن .

سێ ساڵە کە کوردستانی ڕۆژهەڵات پێی ناوەتە قۆناخی راسانەوە کە شارو شاخ پێکەوە و پشت ئەستوور بە یەک دەچنە پێش. کات، بارودۆخی ناوخۆ، ناوچەیی و جیهانی ببوون بە زەرورەتێک بۆ ڕاگەیاندن و دەست پێکردنی ئەو شێوە نوێیە لە خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، بۆیە ئەو بڕیارە درووست، بە جێ و گونجاو بوو. زۆری پێ نەچوو کە ئەو بڕیارە لە لایەن زۆربەی خەڵکی کوردستانەوە پێشوازی لێکرا و ڕۆژهەڵاتییەکان وەگەڕ کەوتن. هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە ڕێژیم ئەو بڕیارەی بە گرینگ وەرگرت و کەوتە هەڕەشە و گوڕەشە لە حیزبە کوردییەکان و ترس و پشێوی و هەناسە سواریی پێوە دیار بوو. ئاخوندەکان دوای ڕاگەیاندنی "ڕاسان" هەر دەسبەجێ و بە پەلە پەل بڕیاری "خنکاندن"!، لەناو بردن! یان هەر نەبێ کزکردنی ئەو لەمپەڕەیان دا و بۆ سەلماندنی سووربوونیشیان لە جێبەجێ کردنی بڕیارەکەیان، ترسنۆکانە کەوتنە جوڵە و لە ئەنجامدانی هیچ جینایەتێک بەرانبەر بە ئیرادەی ئەو حیزبە خۆیان نەپاراست کە دوایین نمونەشی مووشەکبارانی بنکە و بارەگاکان لە ١٧ی خەرمانانددا بوو

با لە خۆمان بپرسین، ئەرێ هەر بەڕاست ئەگەر ئەو بڕیارەی دێموکرات لە بەرژەوەندیی نەتەوەکەمان و بە زیانی ڕێژیم نەبوایە، ئەوان دیسان بەو شێوە دڕندانەیە بەرەنگارمان دەبوونەوە؟ بێگومان نەخێر. ئەوە ڕاستی و دروستیی راسانە کە دوژمنی نەتەوەکەمانی هار کردووە. کەوابوو ئەرکی ئێمە بەرانبەر بە "ڕاسان" چییە ؟ پشتیوانی و خستنەگەڕی وزە و تواناکانمان بۆ بەهێزترکردنی "ڕاسان" دەبێ بە سەرەکیترین ئەرکی خۆمان بزانین. درووشمی

لێک گرێدانی خەباتی شار و شاخ، خاڵی بەهێزی ئێمە و لاوازی ڕێژیمە .

ڕاستە کە بە لە دەستدانی جەستەیی شۆڕشگێڕەکانمان خەفەتبار و دڵتەنگ دەبین، بەڵام هەرگیز نە بە چۆکدا دێین و نە لە داوا ڕەواکانیشمان پاشگەز دەبینەوە. ئێمە لە مێژە فێری وانەی وەفاداری بە ڕێبازی شەهیدان بووین و بە درێژایی مێژووی خەباتی گەلەکەشمان نیشانمان داوە کە هیچ تەنگ و چەڵەمەیەکیش نەیتوانیوە و ناتوانێ بۆ ساتێکیش لەو ڕێبازەدا هیوابڕاومان بکات، بۆیە دڵنیاین ئەو کارەساتەش کە نیشانەی زەبوونی و ترسەنۆکیی ڕێژیمە ڕیزەکانمان پتەوتر و "ڕاسان"ی ئەوجارەی گەلەکەشمان بەهێزتر دەکات .

لە ١٧ی خەرمانانەوە ئێمە دڵمان لە یەک نزیکتر، ورەمان بەرزتر، ئیرادەمان بەهێزتر، باوەڕمان بە ڕێبازەکەمان قوڵتر و هیوامان گەشتر لە جارانە و زیاتر لە پێشوو سەرکەوتن و گەیشتن بە ئامانجە نەتەوەییەکانمان هەست پێ دەکەین. ئێمە کە لەمێژە بڕیارمان داوە بگەین بە ڕزگاری و ئازادی و لە مێژیشە تێگەیشتووین کە پێویستە نرخی ڕزگاریی نیشتمانەکەمان و گەیشتن بە ئازادی نەتەوەکەمان بدەین، کارەساتی لەو شێوەیە ناتوانێ دڵساردمان بکاتەوە. ڕابردوومان شاهیدە کە لەو پێناوەدا هیچکات نە ماندوو بووین، نە ترساوین و نە پاشگەز بووینەتەوە، بەڵکوو شێلگیرتر و چالاکتر لە جاران، یەکریزتر و یەکگرتووتر لە پێشوو و بەوورەتر و باوەڕمەندتر لە هەمیشە هەنگاوەکانمان بەرەو پێشەوە هاویشتوون. ئەو جارەش بڕیار ئەدەین کە کارەساتەکەی ١٧ی خەرمانان بکەین بە هەوێنی یەکریزی و یەکگرتوویی خۆمان و تا گەیشتن بە تروپکی ڕزگاری یەکجارەکیی کوردستان نەسرەوین؛ دڵنیام بە یەکگرتوویی سەردەکەوین .

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ١١ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

# تێرۆریزمی مووشەکی



**کەریم پەرویزی**

ڕۆژی ١٧ی خەرمانان، ڕۆژی تاوانی گەورەی ڕێژیمی تێرۆریستیی کۆماری ئیسلامییە کە بۆ یەکم جاری نەبووە کە بە تاوانکارییەکی گەورە، دێوی دزێوی ڕێژیمەکەی بۆ دونیا بسەلمێنێ. لە ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧، ٨ی سێپتامبری ٢٠١٨دا سوپای تێرۆریستی پاسداران چەند مووشەکی بە بنکە و بارەگەکانی حیزبی دێموکرات و کەمپی شوێنی نیشتەجێبوونی ژن و منداڵی ڕۆژهەڵاتی لە بنەماڵەکانی دێموکراتەوە نا و بەداخەوە چەند مووشەکێکیان بەر شوێنەکان کەوتوون و کاولکاری و تاوانکارییان خولقاند و ١٥ شەهید و چەندین بریندراری لێ کەوتەوە.

ڕووداوی مووشەکبارانی کەمپی دێموکرات، لە ڕۆژی ٨ی سێپتامبردا کاردانەوە و لێکدانەوەی زۆری بەدوادابوو، هەم مەحکوومکردنی تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی و هەم پشتیوانی لە حیزبی دێموکرات و خەباتی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات و هاوخەمی و هاودەردیی جیهانیی بەدواوە بوو.

لێرەدا بە کورتی باس لە چەند خاڵی گرینگی ئەو ڕووداوە دەکەین و بە دڵنیاییەوە باسی زۆر زیاتر و قووڵتری پێویستە و بەشداریی هەمەلایەنەی هەم بۆ شیکاری و هەم بۆ هەڵوێستگرتنی دەوێ.

دەمهەوێ بەو خاڵە جێی سەرنجەوە بچمە نێو باسەکەوە کە لە ڕووی ڕێکەوتی هەتاویەوە هاوکات بوو لەگەڵ ١٧ی

خەرمانان، کە ساڵی ١٣٥٧، ڕێژیمی پاشایەتییش تاوانێکی وەهای خولقاند و دەیان کەس لە خەڵکی ڕاپەڕیوی ئێرانی کۆمەڵکوژ کرد، لە ڕووی ڕێکەوتی زایینیشەوە چەند ڕۆژ نیزیک بە یازدەی سێپتامبر بوو کە تێرۆریستانی ئەلقاعیدە چەند فڕۆکەیان ڕفاند و کارەساتی تێرۆریستیی بورجەکانی نیۆیۆرکیان خولقاند. بەم بینینەوە دەچینە سەر باسی هێرشی تێرۆریستیی مووشەکبارانی کەمپ و بارەگاکانی دێموکرات لە شاری کۆیە.

ئەم مووشەکبارانەی سوپای پاسداران هەرچەند تاوانێکی گەورە بوو و بەداخەوە پۆلێک لە مرۆڤە نیشتمانپەروەر و خەباتکارەکانی لە گەلی کورد ئەستاند و چەندین بنەماڵە و بە گشتی کوردی داخدار کرد، ڕێژیمیش وای دەویست و دەنوێنێ کە بە زەربە لێدان، هەم ترس بخاتە نێو دڵی خەڵکی کوردستانەوە و هەم نمایشی هێزی خۆی بکا و بە قەولی ڕاگەیەندراوەکانی سوپا و بەرپرسانی ڕێژیم، دوژمنانیان چاوترسێن بکەن و لە فکری ڕووخانی کۆماری ئیسلامی دووریان بخەنەوە، بەڵام بە ئامانجەکانیان نەگەیشتن و چەند هەڵەی ستراتژیکیان کرد.

هەڵە ستراتژیکەکانی کۆماری ئیسلامی و سوپای پاسداران بریتین لە:

یەکەم: ساڵانێکی دوور و درێژە کە کۆماری ئیسلامی لەباری هەزینەی سیاسی و مرۆیی و ماددیەوە هەزینە دەکا کە بە سێ ئامانج لە کوردستان بگات یەکەم؛ هێزە سیاسییەکان لە یەک دوور بخاتەوە و هەوڵی درزتێخستنیان بدا. دووهەم؛ هێزە سیاسییەکان لە خەڵک و کۆمەڵگا داببڕێ و بەگژ یەکیاندا بکا. سێهەم؛ جاری لەنێوچوونی حیزبەکان و فەرامۆشکرانیانی دەدا و دەیگوت لە ئێراندا کێشەیەک بە ناوی کورد بوونی نیە.
ئێستا سوپای پاسداران مووشەکی بە خەیاڵی خۆی بە بارەگاکانی حیزبی دێموکراتەوە ناوە، بەڵام لەوپەڕی بێهزریی و داماویدا، مووشەکی بە پیلانی چل ساڵە و هەموو هەزینەکانیەوە ناوە!

قسەیەکی فارسی هەیە دەڵێ " عدو شود سبب خیر گر خدا خواهد!" یانێ دوژمن دەبێتە هۆکاری خێر گەر خودا بیهەوێ! ئێستە بێئەقڵی و شپرزەیی سوپای پاسداران ئەوەی لێ کەوتۆتەوە.سەرەتا، هێزە کوردیەکان سەرەڕای هەر گرفت و بۆچوونێکی جیاواز کە هەیانبێ و سروشتیە کە جیا لەیەک بیر بکەنەوە، بەڵام ئێستە هەموو حیزبەکان پێکەوە هاوهەڵوێست و هاوهەنگاو بەرەوڕووی ئەم تاوانە وەستاونەتەوە.

دوایە؛ بە دوای ئەو کردەوە تاوانبارەیەی ڕێژیمی تێرۆریستیی تاراندا، بەتایبەت بە مانگرتنی سەرتاسەریی کوردانی ڕۆژهەڵات لە ڕۆژی ٢١ی خەرمانانندا، هەموو پیلانەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ بەگژیەکداکردنی حیزبەکان و کۆمەڵگای کوردستان کران بە بڵقی سەرئاو و ئەوە حیزبەکانن کە بە خۆڕاگری و هاوهەڵوێستییان کۆمەڵگای کوردستانیان بەگژ کۆماری ئیسلامیدا کرد.

دواتریش، ئەم چەندین ساڵە کە کۆماری ئیسلامی دەیهەویست وا نیشان بدا کە کێشەیەک لە ئێران بە ناوی کێشەی کورد نیە و حیزبەکانی کوردستانیش نەماون و تێداچوون، بەو مووشەکە هەموو سیاسەت و فرتوفێڵەکانی خۆی بەبادا کرد و بە دەستی تێرۆریستی و ئەقڵی نەخۆش و پەرێشانی سوپای پاسداران سەلماندیەوە کە هەم حیزبەکان لە مەیدانی خەباتدا هەنە و هەم پرسێکی گرینگ بە ناوی پرسی کورد لە ئێراندا هەیە.

هەڵەی ستراتژیکی دووهەمی کۆماری ئیسلامی بریتیە لەوەی کە ساڵانێکی زۆرە کە هەم لە نێو کوردی بەشەکانی دیکەی کوردستان و هەمو لە نێو خەڵکی ناوچەکە پڕۆپاگەندای ئەوە دەکا کە ئەو وەکوو ڕێژیمێکی دادپەروەر لەگەڵ خەڵکەکەیە. بە تایبەت هەوڵی زۆر و بە فرتوفێڵ و هەزینەی زۆری داوە کە کورد لە بەشەکانی باشوور و باکوور و ڕۆژاوا کۆماری ئیسلامی وەک دۆست ببینن. لێرەشدا ئەقڵی شپرز و پەلەقاژەی کۆماری ئیسلای و سوپای تێرۆریستیەکەی، بە مووشەکباران سەلماندیان کە چل ساڵە درۆ دەکەن و هەزینەی چل ساڵەیان بە فیڕۆ دا! لە هەر سێ بەشەکەی دیکەی کوردستان، زۆربەی هەرە زۆری حیزب و لایەنە سیاسییەکان کردەوەی تێرۆریستیی مووشەکبارانی بنکەکانی حیزبی دێموکراتیان مەحکووم کرد و ڕێژیمی ئیسلامیی تارانیان وەکوو تاوانبار و دژە کورد ناساند و نەتەوەی کورد لە هەر سێ بەشەکەی دیکە کوردستان بینیانەوە کە کۆماری ئیسلامی دژە کوردە. لە ناوچەشدا جارێکی دیکە خەڵکی نیشتمانیی عێراق و خەڵکی وڵاتانی عەرەبی بەچاوی خۆیان دوژمنکاریی کۆماری ئیسلامییان بینی و مەحکوومیان کرد.

سێهەم هەڵەی ستراتژیکی ڕێژیمی شپرزەی تاران ئەوەیە کە بە بەرچاوی دونیاوە سەلماندی کە مووشەکەکانی نەک دیفاعی نین و بۆ پاراستنی وڵات نیە، بەڵکوو هەموو مووشەک کڕین و دابینکردنی تەجهیزاتی کۆمەڵکوژ بۆ هەڕەشە و ئاژاوەیە لە دەوروبەر و هەرچی مەودای مووشەکەکانی دوورتر بڕوا، مەترسیی کۆمەڵکوژی لە لایەن ڕێژیمی تێرۆریستیی کۆماری ئیسلامیەوە زۆر زۆرتر دەبێ و گەر دەستی بە چەکی ناوکیش بگا حەتمەن "وەلیی

فەقیە" فێستیڤاڵی خوێنڕشتن دەگێڕێ. دامەزراوە و چەکی مووشەکی و گەورە کاتێک دەتوانێ سیمای دیفاعیی هەبێ کە هێرشێکی گەورە لە دەرەوە کرابێتە سەر وڵاتێک و ئەویش دیفاع لە خۆی بکا! نەک ئەوەی کە هیچ هێرشێک نەکراوەتە سەر کۆماری ئیسلامی و خۆیشی لەم ساڵانەدا هەمیشە ئیدیعای کردوە کە ئەمنییەتی تەواو پارێزراوە و هیچ مەترسییەکی لەسەر نیە. ئەی لە کاتی نەبوونی مەترسیدا بۆچی مووشەکی دوورمەوەدا بە خاکی وڵاتێکی دیکەوە دەنێ؟ وەلیی فەقیە و سوپای پاسداران هەم دەوڵەتی عێراقیان ناچار کرد کە کردەوەی تاران مەحکووم بکا و هەم هەموو ڕێکخراوە جیهانییەکان لە مەترسیی مووشەکەکانی کۆماری ئیسلامی وشیار بوونەوە و ڕێژیمی تاران تێرۆریستبوونی خۆی بە بەڵگەی مووشەکی و بە فیلم و ڕاگەیەندراو بەهەموو جیهان سەلماند. ئێستە ئیدی دەبێ بەرنامە مووشەکیەکانیشی دەبێ تێکەوە پێچێ دەنا تێکیەوە دەپێچن.

لە کۆبەنددا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە هۆکاری ئەم هەڵە ستراتژیکیانەی کۆماری ئیسلامی و سوپای پاسداران بۆچی دەگەڕێتەوە؟

کۆماری ئیسلامییەک کە چل ساڵە هەزینەی جۆربەجۆر دەکا، لە یەک کردەوەی بێ مێشکانەدا هەمووی بەفیڕۆ دەدا، دەبێ شتێک لەو پشتەوە هەبێ کە وای لێ کردوە. تەنیا شتێک کە دەتوانێ ڕێژیمی تێرۆریست و تاوانباری وەکوو کۆماری ئیسلامی و هێزی دژە گەلیی سوپای پاسداران ناچار بکا کە گەورەترین هەڵەی ستراتژیک بکەن. ترسیان لە دارمانی ڕێژیم و ڕووخانی دەسەڵاتە کە وەکوو ترسی مێژوویی و هەمیشەییان، زەندەقیان لە کوردستان چووە و ترسیان هەیە کە لە کۆتاییەکانی ژیانی ڕێژیمدان و دەبێ زەربەیەکی گەورە لە کوردستان و کورد بوەشێنن هەتاکوو بەشکوو بەو پەلەقاژەیە لە مردن ڕزگاریان بێ.

بەڵام سیستم و سیاسەت و ڕەوتی ڕووداوەکانی ئەمڕۆ ئیدی لە چوارچێوەی پەلەقاژەی تێرۆریستدا بەرتەسک نابنەوە. ئەم پەلەقاژەیەی ڕێژیم بەتەواوی بە زیانی شکاوەتەوە و شکستی گەوری تێدا خواردوە.

داهاتووی شکستەکەشی زۆر زوو دەردەکەوێ و وەک لە ڕووداوەکانی یازدەی سێپتامبردا، هێزی ئەلقاعیدە وای دەزانی کە زەربەیەکی گەورەی لە ئامریکا وەشاندوە، بەڵام هەر ئەو زەربەیە بوو بە دەسپێکی لە نێوچوونی تێرۆریزمی ئەلقاعیدەدە و هاوپێوەندیی جیهانیی لەگەڵ ئامریکا پێک هێنا، تێرۆریزمی مووشەکیی کۆماری

ئیسلامیش هەم کوردستانی یەکگرتوو کرد و هەم هاوپێوەندیی ناوچەیی و جیهانیی بە نیسبەت کوردەوە پێک هێنا و هەم دەبێتە دەسپێکی کورتکردنەوەی دەستی دێوی و لە ئاکامیشدا هەروەک چۆن لێی دەترسێ، دارمانی ڕێژیمی بەدواوە دەبێ.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ١٢ی سێپتەمبەری ٢٠١٨**

## هێندێک کارەسات هەن زۆر دڵتەزێن و جەرگبڕن



**کوێستان فتوحی**

کارەساتی ٨ی سێپتامبر یەک لەو کارەساتانە بوو کە دڵی هەمووومانی تەزاند.

قسە لەوە ناکەم بۆ کەسوکاری ئەو شەهیدانە چۆنە و ئێستا چ هەستێکیان هەیە، چونکە هەرکەسێک ئازێزێکی لەدەست دەدا ڕوونە چ هەستێکی هەیە و چ دەکێشێ. قسە لە هەستی خۆشم ناکەم کە دوو لەخۆشەویستترین هاوڕێکانم کە ساڵانێکی زۆر پێکەوە هاوڕێ وهاوکار بووین و زۆر بیرەوەری خۆش و ناخۆشمان پێکەوە هەیە،

کاتێک کە ناویانم لە نێو ناوی شەهیدەکاندا بیست، چم لێ هات. هەر ئەوندە دەڵێم هەستم کرد لایەک لە ڕوح و جەستم لێبۆوە.

دەمەوێ زۆر بە کورتی باسی سوهەیلا و نەسرینی شەهید بکەم. نەسرین و سوهەیلا، من ناوم لێ ناون قەڵا. قەڵایەک بوون بۆ حیزبی دێمۆکرات و بۆ ژنان. قەڵایەک لە دڵسۆزی و خەمخۆری، قەڵایەک لە تێکۆشان و نەسرەوتن. هەڵبەت گومانم نیە هەموو ئەو تێکۆشەرانەی ئەو ڕۆژە شەهید بوون، دڵسۆز و فیداکار بوون بۆ حیزب و میللەتەکەیان، بەڵام دەبێ بڵێم نەسرین و سوهەیلا تایبەتی بوون. کاریکەری ئەو دووژنە تێکۆشەرە لە لایەک و شەهیدەکانی دیکە لە لایەک. خەمەکەشیان هەر وا.

من تەنیا بۆ نموونە باسی هێندێک مەسەلە دەکەم لە پێوەندی لەگەڵ نەسرین و سوهەیلا:

لە کۆڕی شادی و غەمەکاندا لە کارو چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان، لە پێشوازی میوان و تەرتیبدانی بەرنامەجۆراوجۆرەکان، لەدڵدانەوە و خەمی بنەماڵەی شەهیدان و زۆر ئەرکی دیکە، کارت پێسپاردبان و پشتت لێکردبانەوە.

نەسرین لەکاری خۆیدا کە ماوەی ساڵانێکی زۆر مامۆستا و مودیری قوتابخانەکانی شۆرش بوو، مودیرێکی دڵسۆز و فیداکار بوو. مناڵەکانی دوێنێ و لاوەکانی ئەمڕۆی دێموکرات شاهیدن نەسرین کێ بوو. نەسرین لە کاری خۆیدا مودیر بوو.

سوهەیلای دڵسۆز هیچکات درێغی نەکرد لە هاندانی کچە لاوەکان ئەو کچانەی لە حیزبی دیموکرات دا لە دایک بوون و خوێندیان و پێگەیشتن.

ئەوان هەر کادری ڕێبەری حیزبەکەیان نەبوون، دایک و خوشک بوون بۆ کوڕو کچە پێشمەرگە لاوەکان، بۆ بنەماڵەی شەهیدان، لە دەستچوونیان تەنیا خەسار نەبوو بۆ حیزبەکەیان، بەڵکوو بۆ ژنان و جووڵانەوەی ژنان لە کوردستان خەسارێکی کەم نەبوو. ئەوان زۆریان هەوڵ دا ڕێکخراوەکانی ژنان نەکەونە ژێر کاریگەری و هێژموونی

ململانێ و کێشە حیزبییەکان. ئەو هەوڵانەی ئەوان تا ڕادەیەک لە کارو تێکۆشانی ڕێکخراوەکانی ژنانی سەر بە حیزبەکاندا ڕەنگی دابۆوە. هەر بۆیە لەم ساڵانەی دواییدا ڕێکخراوەکانی ژنان زۆرتر لێک نزیک ببونەوە بۆ کاری هاوبەش.

بۆیە حیزبی دیمۆکرات ئەگەر بیهەوێ کەلێنی نەبوونی سوهەیلا و نەسرینی تێکۆشەر زووتر پڕ بکاتەوە، دەبێ لاپەڕێکی نوێ لە کار و تێکۆشانی بەرانبەر بە ڕۆڵی ژنان هەڵداتەوە. ڕێکخراوەکانی ژنان ئەگەر وەفادار بن بە هاوڕێ شەهیدەکانیان پێویستە ڕێگا و ڕێبازی ئەو دوو ژنە تێکۆشەرە ون نەکەن و زیاترلە جاران پێکەوە کار بکەن بۆ سەرکەوتنی ژنان لە پێناو وەدیهاتنی مافەکانیان.

سڵاو لە شەهیدانی ٨ی سێپتامبر

بەهیوای وەدیهاتنی ئامانجەکانیان.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ١٥ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

## کۆماری ئیسلامی لەبەرچی حیزبی دێموکراتی کوردستانی کردە ئامانجی مووشەکە بالستیکەکان؟



**عەلی بداغی**

ڕۆژی ١٧ی خەرمانان کۆماری ئیسلامیی ئێران بە ٧ مووشەکی بالستیک هێرشی کردە سەر بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و، ئەو هێرشە ١٥ شەهید و زیاتر لە ٤٠ بریندراری لێ کەوتەوە و وێرانییەکی یەکجار زۆری لێ بەجێما.

هێرشی ئەمجارەی کۆماری ئیسلامی لە درێژەی ئەو سیاسەتی قڕکردن و سەرکوتەی بزووتنەوەی کورد و حیزبی دێموکراتدا دێ، کە ماوەی چوار دەیەیە لەسەری بەردەوامە، بەڵام دەبینین کە خەباتی میللەتی کورد و تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ پتر لە پەرەسەندن دایە.

کۆماری ئیسلامی بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی کردە ئامانج و بۆ لە ئێستادا؟ هەموومان دەزانین کە لە ئێستادا کۆماری ئیسلامی لە ژێر بەگوڕترین فشاری نێودەوڵەتی دایە، ئابوورییەکەی لەوپەڕی شپرزەیی و تێکڕمان دایە، کەلێنی خەڵک و دەسەڵات تا دێ زیاتر دەبێ و نارەزایەتییە گشتییەکان لە هەموو شوێنی ئەو وڵاتە هەر بەرین و بەربەرینتر دەبنەوە. ڕێژیم پێویستیی بەوە بوو بۆ ماوەیەکیش بێ سەرنجەکان لەسەر قەیرانە نێوخۆییەکان بباتە شوێنێکی دی. هەروەها پەیامێکیش بەگوێی ئەمریکادا بدا و لەگەڵ ئەوەشدا تاقیکارییەکی مووشەکیش بۆ ئەو مووشەکانە بکا کە بە بەهای خوێن و گیان و ماڵی خەڵکی ئێران لە وڵاتانی بیانیی کڕیوە و، حسێبێکیش بێتە


دەستی کە کاردانەوەکانی دواتر چ دەبن و ئەو چەندە دەستی ئاوەڵا دەبێ بۆ هەنگاوەکانی دواتری. بەڵام بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی کردە ئامانج؟

وەڵامەکەی ئاسانە. کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ماوەی چوار دەیە دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامیدا هەمیشە چقڵی چاوی ڕێژیم بوون. کوردستانێک کە هەر لە سەرەتاوە "نا"یەکی گەورە و یەکدەستی بەو ڕێژیمە گوت و بوو بە سەنگەری خۆڕاگری لە دژی زۆرداری. حیزبی دێموکراتێکیش کە بە مێژووی دامەزرانی کۆماری کوردستان و هەروەها خەباتێکی بەردەوام لە پێناو دابینکردنی مافی گەلی کورد، کۆسپێکی گەورەی بەردەم سیاسەت و بەرنامەکانی ئەم ڕێژیمە بووە. ئەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی لەسەر ئەم دوژمنکارییە ڕژد کردووە، بێگومان پەیام و گوتار و سیاسەتی ئەم حیزبەیە کە پەرەپێدان بە مافخوازیی هەموو چین و توێژەکانی کوردستانە و، سیاسەتی بەهێزکردنی ئیرادە و ویستی جەماوەرییە لەبەرامبەر ئامانجی تواندنەوە و نەهێشتنی شوناسی نەتەوەیی. ئەوەی زراوی ڕێژیمی بردووە خۆشەویستیی ئەم حیزبەیە لە نێو دڵی خەڵکدا کە قسەی لێ وەردەگرن، کە وەڵامی دەدەنەوە، کە کاریگەریی هەیە لەسەر جووڵە و ئاراستەی خەباتی مەدەنی و ماف ویستیی خەڵک. ئەمە شوعار و ئیدیعای سیاسی نییە و مانگرتنە گشتییەکەی ڕۆژی ٢١ی خەرمانان لە کوردستان سەلماندی کە حیزبی دێموکرات چ ڕەگ و ڕیشەیەکی لە نێو دڵی خەڵکدا هەیە و. ڕێفراندۆمێک بوو لە نێوان دوو هەڵبژاردندا: کوردستان خاوەنداری لە کێ دەکا و ئەوەی دیکە کە دەبێ بارگەی تێکەوەپێچێ کێ و کام لایەنە....

شکی تێدا نییە کە ئەم زەبرەی کۆماری ئیسلامی لە حیزبی دێموکراتی داوە قورس بووە، هەم لە ڕووی ئەژماری شەهید و بریندارەکان، هەم لە ڕووی ئەم وێرانی و خەسارەتەی بەر بنکە و بارەگاکانی حیزب کەوتووە. بەڵام ئەوانەی مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان خوێندۆتەوە دەزانن کە ئەم حیزبە زەبری لەو چەشنەی زۆر وێکەوتووە، بەڵام قورس و قایم لەبەریان هەستاوەتەوە. ڕووخانی کۆماری کوردستان و لەداردرانی پێشەوا قازی محەممەد، شکانی ڕاپەڕینە چەکدارییەکەی ٤٦ - ٤٧، تێرۆری دوو ڕێبەری کاریزمای ئەم حیزبە دوکتور قاسملوو و شەرەفکەندی چەند نموونەیەکن کە تێیاندا لە سەری حیزبی دێموکرات درا، بەڵام ئەم حیزبە لەبەری نەکەوت و بەسەربەرزییەوە درێژەی پێدا. بێگومان ئەمجارەش حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەم کۆستە دەکاتە هەوێنی سەرکەوتنێکی دی. بە تایبەت کە چەند ڕۆژ پێش، مانگرتنەکەی کوردستان پێی گوتین کە کوردستان قەڵایەکی لەگیراننەهاتوویە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ١٥ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

# مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات و هەڕەشە بۆ سەر هەرێمی کوردستان



نەبی محەممەدی

موشەکبارانی بنکە و بارەگاکانی حیزبی دێموکرات لە لایەن سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە جیا لە جۆرێک لە خۆنیشاندانی هێزی موشەکیی ئەم ڕێژیمە بە ئامریکا، ئیسرائیل و وڵاتانی عەرەبی و زەربەوەشاندن لە حیزبی دێموکرات، بە جۆرێک هەڕەشەکردنێکی ئاشکرایش بوو لە هەرێمی کوردستان.

کۆماری ئیسلامی ئێران لە کوللیەتی خۆیدا نەتەنیا بە هیچ شێوەیەک چاوی بە هەرێمێکی کوردی کە نوێنگەی دەسەڵاتێکی دێموکراتیکی خەڵکیە لە باشووری کوردستان و ناوچەکە هەڵنایە، بەڵکوو هەوڵیداوە لە قۆناغی جۆراوجۆردا و لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە هەڕەشە لەم هەرێمە کوردییە بکات و تووشی قەیران و بشێوی بکات. هەرچەند هێندێک جار ویستوویەتی خۆی بە دۆست و پشتیوانی ئەم هەرێمە نیشان بدات، بەڵام لە قۆناغە تایبەت و دۆخە هەستیارەکاندا بە کردەوە زەربەی لەم ئەزموونە داوە. هەوڵدان بۆ لەباربردنی پرسی ڕێفراندۆمی

خەڵکی باشووری کوردستان بۆ سەربەخۆیی و پشتیوانی لە دەوڵەتی عێراق و هێزەکانی حەشدی شەعبی بۆ سەر بەشێک لە خاکی باشووری کوردستان، بەرچاوترینی ئەم نموونەیانەیە.

لە قۆناغی ئێستادا کە هەرێمی کۆردستان و لایەنە سیاسییە دەرەوەستەکانی سەرقاڵی خۆسازدان و خۆرێکخستنەوەن بۆ ئەوەی یەکگرتووانە لە پێکهێنانی دەوڵەتی نوێ لە بەغدادا بەشدار بن، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران کە خەریکی پشتیوانیکردن لە ئەجندای خۆی لە بەغدا و سەرخستنێتی لە بەغدا، هەوڵ دەدات کە گوشار بخاتە سەر کوردەکانی باشوور بۆ ئەوەی بە دڵی ئەو بجووڵێنەوە.


ئەم گوشارانە لە کاتێکدا دەتوانێ زیاتر بێت و خۆی بە وازحی نیشان بدات و وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر هەرێمی کوردستان نیشان بدات کە خەڵکی ئەم هەرێمە و هێزە سیاسییەکانی سەقاڵی پرسێکی چارەنووسساز و دێموکراتی وەک هەڵبژاردنەکانی پارلمانی کوردستانن. ڕێژیم ئەم هەڕەشەی خۆی لە ڕێگای موشەکبارانکردنی قەڵای دێموکرات لە خاکی باشووری کوردستان، جێبەجێ کرد.

سپای پاسداران بێ لەبەرچاوگرتنی سەروەریی خاکی هەرێمی کوردستان و وڵاتی عێراق، بە ڕۆژی ڕووناک بارەگاکانی دێموکراتی لە خاکی هەرێمی کوردستان و لە ڕێگای مووشەکە دوور هاوێژەکانیەوە کردە ئامانج. ئەمە ڕاست دەتوانێ ئەو پەیامە بێت بۆ دەسەڵاتی سیاسیی لە هەرێمی کوردستان کە ئێران دەتوانێ بێ لەبەرچاوگرتنی هیچ تەعەهوودێکی نێودەوڵەتی کێشە بۆ ئەم هەرێمە ساز بکات.

بۆیە حکوومتی هەرێمی کوردستان و خەڵکی باشوور پێویستە زۆر بە وردی چاودێری وەزعەکە بکەن و سەرەتا بە پاراستنی یەکگرتوویی خۆیان و جۆری مامەڵەکردنیان لە گەڵ بەغدا و پێوەندییەکانیان لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و وڵاتانی دۆست، ئاگاداری پیلانەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران بن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو نێت - ١٦ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

## بۆمبارانی کۆیەو حکومڕانانی هەرێم



**بەهادین نوری**

هەر ڕۆژێ نە ڕۆژی فڕۆکەکـانی تورکیـا بۆمبـارانی نـاوچەیەکی هەرێم دەکەن گوایـا پەکەکەی تێـدایە. حکـومەتی کۆماری ئیسلامی ئێرانیش هەفتەی رابردو موشەکبارانێکی چڕی بارەگاو خێزانەکانی حدکو حدکای کرد لە کۆیە و دەیەها کوژراو برینـداری لێکەوتەوە. هەمـوو کەس دەزانـێ کە لە تـارانیش و ئە نکەرەش ئیسلامی سیاسی لەسەر کورسی حوکمن. بەس دەپرسێ ئەوانە بە پێی کام ئایەتی قورئان و کام (فەرموودەی پێغەمبەر) ئەم بۆمبارانـانە دەکەن؟ ئەگەر بە زمـانی شارسـتانی و گلۆبـاڵ (عـولمە) ش بپرسـێ: بە پێـی کـام مرۆڤـایەتی و مـافی مـرۆڤ ئەم قەسابخانانە دروستدەکرێن لە نێو ئەم خەڵکە بێتاوانەدا؟

بۆمبارانی کۆیە بەم شێوەیە یەکەمجار نیە، ئەمە لە نەوەدەکانیشدا بەڕەزامەندی جەلال تـالەبانی. ئەو کاتە هێزی سەربازی ئێران بە نـاو خـاکی هەرێمـدا تێپەڕی هەتـا گەیشـتنە سـەر چیـای هەیـبەت سـوڵتان و لەویـوە بۆمبـارانی بارەگاکانی حدکا یکرد. بەڵام تـاڵەبانی ئەوەندەی پیاوەتی کرد کە ژێر بە ژێر حدکا ی لەو پرسە ئاگـادار کـرد، هیچ کوژراو برینداریکیان نەبوو. بەڵام ئەمجارە شتێکی تر بوو، ژمارەیەکی زۆر قوربـانی بەدوا دا هـات.

بە توندی ئیدانەی ئەم دەستدرێژیە دەکەم و پرسەو سەرەخۆشی لە خێزانەکانی هەموو قوربـانیانی بـرایـانی حدکا دەکەم بە هەردوو بـاڵەکەیەوە، بە هیوای شیفای هەموو برینـدارەکانیان. حەز دەکەم ئەوەش بە برادەرانی ڕۆژە لات

بڵێم کە بە هیچ گوتەیەک پشت بە پارتی و یەکێتی و حەیدەر عبادی نە بەستن بۆ پاراستنیان، خۆیان خەمی خۆیان بخۆن و چیان پێدەکرێ بیکەن بۆ پاراستنی سەلامەتی خۆیان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - ١٦ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

## نامترسێنێ گوللە، پەتک، سێدارە



نەسرین یوسفزادە

پێشنیوەڕۆی ڕۆژی ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧ لە کاتێکدا کە کۆبوونەوەی وەرزانەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بنکەی ناوەندیی حیزب لە قەڵای دێموکرات بەڕێوەدەچوو، قەڵای هەمیشە سەربەرزی دێموکرات و کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب بوون بە ئامانجی مووشەکبارانی کۆماری ئیسلامی و بە داخەوە ئەو کارەساتە ناخهەژێنە بوو بە هۆی شەهیدبوونی ١٥ کەس لە کادر و پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات کە لە نێویاندا ٦کەس لە ئەندامانی کومیتەی ناوەندیی حیزب بوون، هەروەها برینداربوونی دەیان کەس لە ئەندام و کادر و پێشمەرگەی حیزب.

ئەوە لە کاتێکدا بوو کە ڕێک بەیانی ئەو ڕۆژە سەرەڕای داوا و هاواری کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و ڕێکخراوە و

ناوەندەکانی مافی مرۆڤ هتد... بۆ لە سێدارەنەدانی سێ لاوی کورد "لوقمان و زانیاری مرادی و ڕامین حوسەین پەنایی" کردیان، بەیانی ئەو ڕۆژە هەرسێکیان بە دەستی کاربەدەستانی ئەو ڕێژیمە دژەمرۆڤییە لە سێدارە دران.
ئەوەی شایانی باسە و من دەمهەوێ لەو بابەتە دا باسی بکەم وێنایەک لە ورەی پۆڵایینی پیشمەرگەیە و من ئەو ڕۆژە تەنیا گۆشەیەکم بە چاوی خۆم بینی. لەوانەیە ڕێژیمی ترسەنۆکی کۆماری ئیسلامی ئیحتمالی ئەوەی دابێ کە بە مووشەکبارانی قەڵا و ڕووخانی و شەهیدکردنی چەندین کادر و پیشمەرگەی و سەرکردە، ورەی پۆڵایینی پێشمەرگە دادەبزێ، بەڵام هەر لە یەکەم ساتەکاندا پیشمەرگەکانی حیزب لە قەڵای سەربەرز سەلماندیان کە وا نییە و دوژمن خەیاڵی خاوە و قەڵای دێموکرات تەنیا دار و دیوار نییە بەڵکوو ورەی پێشمەرگەیە کە پۆڵایینتر لە هەر قەڵایەکە. وهەروەها لەو کاتە هەستیارەدا بە هاناهاتنی خەڵکی کۆیەی خۆشەویست و دەور و بەر کە هەر کام بە جۆرێک ئامادەبوون یارمەتی بریندارەکان و بنەماڵەی کادر و پیشمەرگە بدەن و ئامێزی پڕ لە محیبەتیان بۆ کردنەوە؛ بە دڵنیایەوە ئەوە لە مێژوودا بە لاپەڕەیەکی زێڕین دەنووسرێ و باس دەکرێ.

ئەوەی کە ئەو پێشمەرگە خۆنەویستانە بێ ئەوەی بیر لەوە بکەنەوە لەوانەیە جارێکی دیکە هێرشێکی ئاوا بکرێتەوە سەریان بێ ئەوەی لە لەدەستدانی گیانیان بترسێن کە ئەگە واش بایە بۆ کەسێکی سڤیل و ئاسایی زۆر سەیر نەبوو، بەڵام لەو کاتەدا پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات سەلماندیان کە کوڕی ڕۆژی تەنگانەن. ئەوان لەگەڵ ئەوەی کە تەرمی دانەدانە لە هاوڕێیانیان لە ژێر خاک و دار و بەرد دەردەهێنا - لەوانەیە ئەو دیمەنانە ورە بە هەر لاوێکی ٢٠ - ٢١ ساڵە دابەزێنێ و تەنانەت تەحەمولی کارەساتی وا نەکا، بەڵام ئەوە کادر و پێشمەرگەی قەڵا هەمیشە سەربەرزەکەی دێموکرات بوون کە ماڵی خۆیان چۆڵ نەکرد تەنانەت بەشێکی زۆر لە پێشمەرگە و کادر لەگەڵ ئەوەی کە خۆیان بریندار بوون و بە حەتم ئەگەر ڕۆژی ئاسایی بایە دەبوو چووبایەن بۆ تەداوی و دەرمانی برینەکانیان، بەڵام بێ ئەوەی گوێیان لە برینی جەستەی خۆیان بێ بە پیل برینی قەڵاکەیانەوە هاتبوون.

قەڵای دێموکرات لەگەڵ ئەوەی چەند دیواری ڕووخا و بەشێکی زۆر باش لە کادر و پیشمەرگە و ئەندامانی کومیتەی ناوەندی لە دەست دا، بە ورەی پۆڵایینی "پێشمەرگە سێحەبمالانی ڕاستەقینەی قەڵا" وردە وردە دێتەوە سەر پێ و دەبێتە چقڵی چاوی نەیارانی.

بابەتێکی دیکە کە ئەو ڕۆژانە سەرنجی هەموو دنیای بەخۆیەوە ڕاکێشاوە، بە پیلەوەهاتنی داوای حیزبە ڕۆژهەڵاتییەکان لە خەڵک بوو. جا ئەوەی شایانی باسە ئەوەیە کە لەو بارودۆخی ئەمنیەتی و گرفتاری و قەیرانی ئابووری کە هەر ئێستا قورقورچکەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی گرتووە و مەترسی گیران و زیندانی کران لە لایەن ڕێژیمەوەیان لەسەر بووە، بەڵام بیریان لە هیچکام لەوانە نەکردەوە و ڕۆژی ٢١ی خەرمانان سەلماندیان کە نە پەتی سێدارە کورد بە یەکجاری دەخنکیێنێ و نە تۆپ و خۆمپارە و مووشەک قەڵا و وورەی کورد دەڕوخێنی. ئەوان بەڕاستی وەک لە یەک لە دروشمەکان دا هاتووە "هەموو کوردستان قەڵای دێموکراتە" بە بەپیلەوە هاتنی داوای حیزبە ڕۆژهەڵاتیەکان بە تایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستان بە هەموو نەیارێکی کوردیان گوت کە قەڵا تەنیا لە کۆیە نییە بەڵکوو ورە و غیرەتی هەر کوردێک قەڵایەکە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ١٨ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

---

## سڵاو لە شەهیدانی قەڵای دیموکرات و شارەکانی سنە، مەریوان و میاندواو






### هاشم کەریمی

لە پێشدا سەری ڕێز دادەنەوینم بۆ هاورێیان کەریم، ئیبراهیم، نەسرین، ڕەحمان، سوهەیلا، هاشم، عوسمان، کەریم (مام شێرکۆ)، هاورێ، پێشەوا، جەمال ، و مەنسورو سەرنجام ئاخرین زیندوویادی قەڵای دیموکڕات هاوڕێ

محەمەد حەسەن پوور، کە چەند کەسیان لە هاوڕێیانی لەمێژینەم بوون و هەروەها بۆ هاوڕییان فاڕووق حەسەن خەیات و موختار قادرپوور لە پێشمەرگەکانی حدکا و شەهیدانی ئەشکەنجەگاکانی رژیمی ئیسلامیی ئێران، رامین، زانیار، لوقمان و کەمال.

رژیمی کۆماری ئیسلامی تووشی چەندین قەیرانی نێوخۆیی ودەرەکی بۆتەوە کە هەروا بە ئاسانی بۆی چارەسەر ناکرێ. بۆیە، بەو شیوە درندانە و بێ بەزییانە هەوڵسوکەوت دەکا و دەیەوی لاوازیەکانی خۆی داپۆشێ و وا پیشان بدا کە هێشتا بە هێزە و خاوەنی مووشەکی دوورهاوێژە کە دەتوانێ نەیارانی نێوخۆیی خۆی لەنێوبەرێ.

سێناریۆکانی مووشەکبارانی کۆیە بریتین لەم چەند خاڵە و رەنگە شتی دیکەش. یەکم کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بە کوردانی ئوپۆزسیون دەڵێن کە ئێمە قەدەر قودرەتین ودەتوانین لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێرانیشەوە لێتان بدەین. هاوکات پەیامێکە بۆ حیزبەکانی باشووری کوردستان کە دەبێ بچنە ناو ئەو هاوپەیمانیەی کەسەر بە ئێمەیە کە حکوومەتی عێراق پێک دێنێ، ئەگینا مووشەکەکانمان دەگەنە هەولێر و سلێمانیش. هاوکات بە وڵاتانی ئیسرائیل و عەرەبستانی سعوودی و شێخ نشینەکانی کەنداوی فارس پیشان دەدەن کە کۆماری ئیسلامی خاوەنی چ جۆرە چەکێکی کوژەر و وێرانکەرە.

چەندین ساڵە بە هۆی گەندەڵی و قۆرغکردنی بناغە سەرەکییەکانی ئابووریی وڵات لە لایەن توێژێکی ئاخوندەکان، سەرانی سوپای پاسداران وهێزە نیزامی و ئینتیزامیەکانەوە و لەم دوایەش بە هۆی گەمارۆی ئەمریکاوە، ئابووری ئێرا ن تووشی قیرانی قووڵ بووە و بایی ریاڵی ئێران لە ئاستێکی کەموێنە دا دابەزیوە، و شتوومەکی پێویستی زۆر گران بووە. ئەمانە بە گشتی بۆنەتە هۆی نارەزایەتیی خەڵک؛ کە تەنانەت سەرۆک کۆمار لە لایەن مەجلیسی شۆڕای ئیسلامییەوە دەکەویتە ژێر لێ پرسینەوە. ئەوە بێجگە لە ناکۆکیی باڵی بەناو ئیسڵاح خواز وتوندڕۆی رژیم و هەروەها دەردەکانی کۆمەڵایەتی وەکوو درۆکردن و ریاکاری بە ناوی " تقیە " و بەرتیل خواردن، و تووشبون بە مادە هۆشبەرەکان و دزی و دەستدریژی بۆ سەر ژنان و منداڵان و زۆر کێشە و گرفتی دیکە کە کۆمەڵگەشیان تووشی قەیران کردوە.

ئێران لە بارەی سیاسەتی دەرەوەشدا وەک جاران ناتوانێ بە حاسانی ئەسپی خۆی لێخوڕێ و گاڵتە بە چارەنووسی

گەلان بکا و "شۆڕشی ئیسلامی" لە کەربەلاوە بۆ قودس رەوانە بکا! ئێستا لە سووریە بە هۆی گوشاری ئەمریکا و ئیسرائیل و بۆمبارانی پەیتاپەیتای پایگاکانی لە سوریە لالایەن ئیسرائیلەوە (بە وتەی سەرچاوە فەرمیەکانی ئیسرائیل، ئەم ولاتە لە ماوەی رابردوودا ۲۰۱ چالاکیی وەک بمبابـاران و موشەک بارانی دژی پێگە و ناوەندە نیزامیەکانی ئێران لە سووریە بەرێوە بردووە، کە سەدان کوژراو و بە میلیارد زیانی ئابووریی پێگەیاندوە)، وا وێدەچێ رەزایەتی لاوەکیی رووسیەش هەبێ، خەریکە ئەو ولاتە جێ دێلێ . لە عێراق و هەرێمی کوردستان کە دوای رووخانی سەدام حوسەین بە کەیفی خۆی تەراتێن دەکا و هیندێک لە تاقمە شێعەکانی پڕچەک کردوە و دەیەوی هێژموونی خۆی لەو ولاتە بپارێزێ، لە خۆپیشاندانەکانی بەسرە و شارە شیعەنشینەکانی تردا دەرکەوت کە ئەو کاریگەرییەی جارانی نەماوە و تەنانەت لە بەسرە کونسولگەریەکەی لە لایەن نارازیانەوە دەسووتێ و بەو حیسابە هیلالی شێعە لە ئێرانەوە بۆ لوبنان دەبێتە بلقی سەر ئاو.

راستە هێشتا چەند ولاتی ئوروپایی و چین بۆ پاراستنی بەرژوەندیی خۆیان پێوەندییان لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران باشە، بەلام ئەگەر کۆماری ئیسلامی مل بۆ ویستی ئەمریکا رانەکێشێ، ئەوانیش ناچارن لە نێوان ئێران و ئەمریکا دا، ئەوەی کە لەباری ئابوورییەوە خێری زیاتری بۆیان هەیە هەڵبژێرن، واتە ئەمریکا. تەنیا دەمێنێتە چەند ولات کە لەبەر نێوان ناخۆشیان لەگەڵ ئەمریکا پێوەندی باشیان لەگەڵ ئێرا ن هەیە، کە لە باری ئابوورییەوە نەخشی ئەوتۆیان نیە. رووسیە و تورکیە -کە تورکیەش تەنیا لە سەرکورد کوشتن هاودەنگیەتی- ئەگینا لە کێشەی سوریەدا ناکۆکیان هەیە. هەرچەنەند چەند رۆژ پێشتر کۆماری ئیسلامی لە گەڵ رووسیە و تورکیە لە تاران لەسەر کیسەی سووریە و بەتاتبەت هێرش بۆ سەر "ئەدلێب" کۆبوونەوەی سی قۆلیان هەبوو و بێگومان چراسەوزی لە لایەن ئەودوو رێژیمەوە بۆ ئەم بۆردمانە دراوەتێ و رەنگە بە هۆی رووسیە یان تورکییەوە ئەمریکاشی ئاگادارکردبێ بۆ ئەوەی لە گەل فرۆکەکانی ئەمریکا کە دایم بەسەر هەرێم و عێراقدا دەسوورێنەوە، تێک نەئەنگوون. ئەگەر وابێ کە واتە لەم ساڵدا سێ جار ئەمریکا خەیانەتی بە میللەتی کورد کرد: لە کەرکووک و لە عەفرین و لە کۆیە..

رژێمی کۆماری ئیسلامی لەو کاتەوەی هاتۆتە سەرکار لەبەرئەوەی گەلی کوردستان داوای ئازادی و دیموکراسی و بە رەسمی ناساندنی مافی نەتەوایەتی خۆی دەکا ، بە دایم لە ژێرهەڕەشە و کوشت و بڕی ئەو رێژیمەدا بووە، هەر لە داسەپاندنی شەر تا کوشتاری خەڵکی دەیان گوندی کوردستان تا گرتن و ئەشکەنجە و ئیعدامی بە کۆمەڵی

رۆڵەکانی ئەو گەلە تا تیرۆری رێبەران و کادر و پێشمەرگەکانی حیزبەکانی کوردستان و تا کوشتاری رۆژانەی کۆڵبەران کە لەبەر بێدەرەتانی پەنا بەو کارە بە زەحمەت و پرمەترسیە دەبەن . ئاخرینیش هاوکات لەگەل لەسێدارەدانی رامین و زانیار و لوقمان، موشەکبارانی قەلای دیموکڕات بوو. کە دیارە ئەوە ئاخرین جەنایەتی ریژیم نابێ. لە گەڵ ئەوەش گەلی کوردستانی بۆ بە چۆکدا نەهاتووە ونایەت کە مانگرتنی یەکپارچە و گشتیی تێکڕای شارەکانی کوردستان بە داخوازیی هاوبەشی هەموو هێزە سیاسی‌یەکانی کوردستان لە رۆژی ۲۱ی خەرمانان، وەڵامدانەوەیەکی بەتین و گاریگەر بە کۆماری ئیسلامی بوو. وەڵامدانەوەیەک کە رەنگدانەوەی ناوخۆیی و جیهانی بە داواوە بوو تا ئەو ڕادەیە کە کارناسانی سیاسی بە وەرچەرخانێک لە خەباتی ئازادیخوازانەی گەلی کورد لەم ساڵانەی دواییدا هەڵی دەسەنگێنن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ۱۸ی سێپتەمبەری ۲۰۱۸

## لەو ململانێیەدا کێ چی بەدەست هێنا؟



**عەبدوڵڵا موهتەدی**

رۆژی شەممەی رابوردوو، کۆماری ئیسلامی ئێران دەستی خۆی لە کورد وەشاند. هاوکات هەم رامین و لاوانی دیکەمانی لەسێدارە دا و هەم مووشەکبارانی بنکەکانی حیزبی دێمۆکراتی کرد.

هەڕەشە و گوڕەشە دەمێک بوو دەکرا، بۆمبڕێژ کردن چەند جار کرابوو، تێرۆری تاکەکان قوربانی لێکەوتبووەوە، بەڵام ئەگەرچی دەستی تاوانبار لە هەموویاندا دیار بوو، کۆماری ئیسلامی خۆی نەدەکرد بە خاوەنی. دەست وەشاندنی ئەمجارە نەک هەر قورستر بەڵکوو رووهەڵماڵاوانەتریش بوو. دیار بوو بەتەما بوون مەبەستێک بپێکن و پەیامێک بنێرن.

لە تەمەنی نزیک چل ساڵەی خۆیدا، کۆماری ئیسلامی ئێران قەیرانی زۆر بەسەر هاتووە بەڵام هەرگیز لە بنبەستێکی ئاوا چارهەڵنەگردا بەسەری نەبردووە. شەپۆلی ناڕەزاییەکان کە لە قووڵایی کۆمەڵگاوە هەستاون لە هەموو ئێران بەردەوامن و هەڕەشەی مان و نەمان لە رژیم دەکەن، هیچ ڕێگەچارەیەکی ئابووری لە چوارچێوەی ئەو نیزامەدا بوونی نەماوە و سەرانی رژیمیش ئەو راستییە دەزانن، ناکۆکی و گرژی ناوچەیی و نێونەتەوەیی ئێرانیش گەیشتۆتە ئاستێکی مەترسیدار.

لەڕاستیدا، کۆماری ئیسلامی کە دەیویست لەم بارودۆخە هەستیارەدا زەبرێک لە کوردستان بوەشێنێ و بەخەیاڵی خۆی دەرسێکی بداتێ و وزەی هەستان و ڕاپەڕینی بەتەواوی لێ بستێنێ. بەڵام بەرهەمەکەی، بەحوکمی ئەو ئاکسیۆنە گەورە جەماوەرییەی رۆژی چوارشەممە، بەبڕوای من، بۆ کۆماری ئیسلامی بەپێچەوانە هەڵگەڕایەوە.

مانگرتنی گشتی شارەکانی کوردستان، شانۆیەکی گەورەی خەباتی جەماوەری و نافەرمانی مەدەنی بەدژی کۆماری ئیسلامی بوو کە حاشالێکردنی بۆ کەس مومکین نیە. بەو جووڵە گەورەیە کورد دەستی خۆی وەشاندەوە، هەرچەند بەبێ توندوتیژی، بەڵام بە زەبری زۆر گەورەترەوە. بەو جیاوازییەشەوە کە دەست وەشاندنی کۆماری ئیسلامی بەهەق وەکوو دیاردەیەکی قێزەونی تێرۆریستی و وەڵامی کورد وەکوو کاردانەوەیەکی ڕەوای شارستانیانە ناسرا.

نواندنی ئەو یەکگرتوویییە مەزنە لەلایەن میلیۆنەها خەڵکی کوردستان لە هەمبەر دۆست و دوژمندا رووسووری کردین، بڕوا بەخۆیەکی گەورەی بە گەلی کورد بەخشی، زەمینەی بۆ یەکگرتوویی گەورەتری نێوخۆییمان خۆشتر کرد، قەدر و قیمەتمانی لەبەر چاوی ئێرانییەکان زیاد کرد و ستایش و بە نموونە زانینی خەباتی کوردستانی لە ئێران کرد بەباو، بە هەموانی نیشان دا کە گەلی کورد لەسەر مافی خۆی سوورە و بە تێرۆر و تەقە و مووشەک لە مەیدان ناچێتە دەر، دەری خست کە رژیمی کۆماری ئیسلامی هیچ جێگە و پێگەیەکی لە کوردستاندا نییە، نیشانی

دا کە بزووتنەوەی ڕەوای کورستان، بەپێچەوانەی پڕوپاگەندەی نەیاران، گرێدراوی هیچ هێزێکی دەرەکی نییە و هەڵقوڵاوی ڕەسەنی کۆمەڵگای خۆیەتی و حیزبەکانیش خاوەنی پێگەیەکی بەربڵاوی کۆمەڵایەتین و ئەگەر یەکگرتوو بن وەک مەرجەع قسەیان لێوەردەگیرێ، دنیای دەرەو و کۆمەڵگەی نێونەتەوەییش درەنگ یا زوو حیسابێکی جیددیتر لەسەر توانای کوردستانی ڕۆژهەڵات دەکەن.ئەوانە هەمووی دەسکەوتی گەورەن کە دەبێ بیانپارێزین و بینای داهاتوومانی لەسەر هەڵچنین.

کۆماری ئیسلامی بە مووشەکباران کوشتاری کرد، لاوانی بە پەتی سێدارەوە هەڵواسی، بەڵام ریسواتر و بەدناوتر، دابڕاوتر و داماوتر، بێ هیچ دەسکەوتێک مایەوە. بەوانەشەوە، ئەو رژیمە بێگومان دەست لە تیرۆر و جینایەت هەڵناگرێ و لە کاتی دیکەدا دەستی دیکەمان لێ دەوەشێنێ. ئەو کاتیش هەر یەکگرتوویی خەباتکارانەمان فریامان دەکەوێ.

دەستی هەموو تێکوشەرانی ئەو مانگرتنە شکۆدارە خۆش و لە هەمووان پیرۆز.

هاورێ عەبدوڵڵا موهتەدی سکرتێری گشتیی کۆمەڵە

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاسۆی ڕۆژهەڵات - ١٦ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

# کۆدی قۆناخێکی تازە: پێکدادانی کورد - ئێران!



**زریان رۆژهەڵاتی***

دوای زیاتر لە دوو دەیە، گۆمە مەنگەکەی مەیدانی سیاسیی رۆژهەڵاتی کوردستان بەرەو شڵەقان دەچێت. رەنگە پێکدادانی کورد - ئێران، کۆدی ئەو قۆناخە تازەیە بێت کە بۆ تاران و ناوچەکە دەستپێیکردووە.

ئێستا ئیدی پێویست ناکات شارەزاییەکی زۆرت هەبێت هەتا بزانی گۆڕانێک لە ئێران بەرێوەیە. گوشاری دەرەکی، کێشەی ناوخۆیی و دۆخی نالەباری ئابووری و ناکۆکیی بەرپرسانی دەوڵەت، رێگایان بۆ رووخانی یەکێتی سۆڤیەت کردەوە. لە ئێرانیش ئەو سێ فاکتۆرە هەیە، بەڵام هێشتا روون نییە کە ئایا تووشی هەمان چارەنووسی یەکێتی سۆڤیەت دەبێت یان نا؟ رەنگە بەرپرسانی تاران لە خولەکی کۆتاییدا رێگەی دانوستاندن لەگەڵ ئەمریکا بگرنەبەر و بەوجۆرەش مانەوەی خۆیان گەرەنتی بکەن یان لەرێگەی رووبەڕووبوونەوەی زیاتری وەک تەهدیدی بازاڕی نەوت، تێکدانی ئەمنی ناوچە پەراوێزییەکان، هەوڵی مانەوەی زیاتری خۆیان بدەن. ئەگەر لەم دەلاقەیەوە سەیر بکەین، دەتوانین بێژین کە رەنگە پێکدادان لەگەڵ کورد، کۆدی قۆناخێکی تازە بێت، چونکە: ئێرانییەکان بۆ داپۆشینی کێشە ناوخۆییەکان و گلێرکردنەوەی ناوەند، پێویستیان بە زەقکردنەوەی پرسی کورد هەیە و دەشێ نەیارانی ئێرانیش وەک فاکتەرێکی گرنگ بۆ لاوازکردنی تاران تەماشای کورد بکەن.

## ئێران و پێکدادان لەگەڵ کورد

ئەگەر واز لە مێژووی دوورتر بێنین، لەدوای گشتپرسییەکەی هەرێمی کوردستانەوە ئێرانییەکان بەشێوەیەکی ئاشکرا

و زیاتر لەجاران، رێگەی بەریەککەوتنیان لەگەڵ کورد لە ناوچەکە گرتەبەر. دەشێ هەندێک فاکتەری وەک ناکۆکی و ململانێی ئەتنی لەو سیاسەتەی ئێراندا رۆڵیان هەبووبێت. بۆ نموونە حوسێن باقری، سەرۆک ئەرکانی هێزە چەکدارەکانی ئێران، عەلی شەمخانی، سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی ئێران و حەسەن دانایی فەر، کە لە رووخسارە دیارەکانی بەرەنگاربوونەوەی گشتپرسیی هەرێمی کوردستان بوون، یان ئازەرین یان عەرەبن کە کێشەی ئەرزی و ناسنامەییان لەگەڵ کورد زیاترە!

لەم قۆناخە تازەیەشدا کە کۆیە مووشەکباران کرا، هەرئەو کەسانە لە پۆستە گرنگە ئەمنی و سیاسییەکانی ئێراندان. جێی خۆیەتی ئەوەشمان بیربکەوێتەوە کە کاتی خۆی حوسێن باقری یەکێک بوو لە ئەندازیارانی هێرشەکەی ساڵی ١٩٩٦ی ئێران بۆ سەر کۆیە! حەسەن دانایی فەر، باڵیۆزی پێشوی ئێران کە لەگەڵ عەلی شەمخانی بە رەچەڵەک عەرەبن، رۆڵێکی کارای لە دەرکردنی موجاهیدنی خەڵق لە عێراق گێڕا. عەلی شەمخانی لە سیاسەتی ئێران بۆ هاتنە پێشەوە لە سنوورەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٤دا، دەوری کاریگەری هەبوو.

بەڵام جگە لەوە، درکی بەرپرسانی تاران لە پرسی مانەوەی رژێمی سیاسی وایکردووە تا لەم قۆناخە تازەیەدا پێکدادان لەگەڵ کورد بە پێویست بزانن. ئەوان سەربەخۆیی گریمانەیی هەرێمی کوردستانیان بە تەهدیدێکی راستەوخۆ لەسەر مانەوەی رژێمی سیاسیی ئێران هەژمارکرد. بۆیە خۆیان لەگەڵ بەغدا و تورکیا یەکانگیرکرد هەتا دژی راوەستن.

ئێستاش کە ترەمپ لە ئێرانی گیرکردووە و لەرێی گەمارۆکانەوە دۆخێکی سەختی بۆ تاران خوڵقاندووە، پێکدادان لەگەڵ کورد سوودی بۆ ئێران هەیە، چونکە:

لەرێی گەورەکردنەوەی قەبارەی" هەڕەشەی کورد" دەیانەوێت یەکانگیرییەکی گشتی لە ناوەندی ئێران دروستبکەن.

لەرێی زەقکردنەوەی ئەو باسانەی کە "ئەوە کوردەکان خەریکن ئێران دابەشدەکەن" دەیانەوێت کێشە ئابووری و سیاسییەکانی دیکە لەبیری خەڵکی ببەنەوە! ئەمە هۆکارێکی گرنگی لەسێدارەدانەکان و ئەو هێرشە مووشەکییانە

بوو کە لە رۆژانی رابردوودا کرایە سەر کۆیە. ئەگینا حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان جگە لە هەندێ چالاکیی سنوورداری پڕوپاگەندەی چەکداری، بە کردەوە شەڕیان لەدژی ئێران دەستپێنەکردووەتەوە تا سوپا تینی بۆ بێت و مووشەکبارانیان بکات! جگە لەو پەیامە مووشەکییەی کە بە نەیارەکانی دا، کە نارۆکەکەی ئەوە بوو: "دەتوانم ئاسایشی ناوچەکە تێکبدەم"، ئێران لەڕێی لێدانی کورد و لاوازکردنی و تەنانەت هەوڵدان بۆ دووبارەکردنەوەی سیناریۆی دەرکردنی موجاهیدین، دەیەوێت رێ لەوە بگرێت کە کوردەکان بە پاڵپشتی دەرەوە، شەڕێکی چەکداری گریمانەیی دژی ئێران دەستپێبکەنەوە.

### هەڵوێستی کورد

بەشێوەیەکی گشتی، چوار ساڵی رابردوو بۆ کورد ساڵی نەهات بوون. لەلایەک دنیا وەک پاڵەوانەکانی جەنگی داعش پەسنی کوردی دەدا و بە پەڕو باڵیدا دەهاتەوە، لەلایەکی دیکەش دەیکردە قۆچی قوربانیی بۆ سیاسەتی نێودەوڵەتی!

کارەساتەکەی کۆیە و لە سێدارەدرانی سێ لاوی کورد، ئەڵقەیەکی دیکەی زنجیرەیەک کارەساتی ناخهەژێنی وەک شەنگال و کەرکووک وعەفرین بوون کە لەماوەی چوارساڵی رابردوودا بەسەر گەورەترین نەتەوەی بێدەوڵەتی ئەم ناوچەیەدا بێت.

هەڵبەت مووشەکبارانەکەی کۆیە چەندەی زەربەیەکی گورجکبڕ بێت، مانگرتنە واتادارەکەی خەڵکی رۆژهەڵات و خەمخۆریی و پشتیوانی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش هەستانەوەیەکی شکۆمەندانە بوو.

لە شارە گەورەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان وەک سنە و کرماشان (کە ئەمەیان واتادارە) مانگرتن کرا و پێچەوانەی ئەوەی کە گوتاری رەسمی دەوڵەت لە ئێران بانگەشەی "هەڵوەشاوە" بوون بۆ حیزبەکانی رۆژهەڵات دەکات و پێچەوانەی ئەوەی کە هەندێک لە حیزبە کوردستانییەکان، هێزەکانی رۆژهەڵات بە هێزی کلاسیکی بێ جەماوەر ناودەبەن، خەڵک ئەو پەیامەی دا کە هێشتا خاوەنداریی لە حیزبەکان و رۆڵەکانی خۆی دەکات. بێشک ئێرانیش پەنا بۆ سەرکوتکردنی ئەو خەڵک دەبات، بەڵام لە ماوەی درێژخایەندا زەحمەتە تەنها بە سەرکوتکردن بتوانێت

رێ لەو هێزە جەماوەرییە گەورەیە بگرێت. دۆخی خراپی ئابووریش، وەک کاتالیزۆرێک، رۆڵی لە بەرهەمهێنانەوەی ناڕەزاییە سیاسییەکاندا دەبێت و ئەمەش بەستێنێکی باش بۆ بووژاندنەوەی جووڵانەوەی سیاسی کورد لە رۆژهەڵات دروستدەکات.

هەڵبەت هێشتا دیارنییە کە ئەحزابی کوردی رۆژهەڵات بە تەمای چین. ئایا دوای هێرشەکەی کۆیە، ١٩٦٨ێکی دیکە دووبارە دەکەنەوە و قۆناخێکی نوێ دەستپێدەکەن کە ئەمە بە قەڵا و بارەگای جێگیر ناکرێت، یان هاوشێوەی ١٩٩٦، سەردەمێکی دیکەی بێدەنگیی سیاسی و سەربازی هەڵدەبژێرن؟!

*زریان رۆژهەڵاتی، توێژەر لە ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو

سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو نێت - ١٩ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

## سپاس و پێزانین بنەماڵە شەهید هاشم عەزیزی



*درەختی رەنجی چەند ساڵەم کەمی مابوو چرۆ دەرکا*

*کەمی مابوو بەری باخم ژیانم پڕ لە سێبەر کات.*

## ئازیزان، هاوسەنگەران و دۆستانی نیشتمان

هەروەک ئاگادار بوون پۆلێک لە پێشمەرگە قارەمانەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە ڕێکەوتی: ٨ - ٩ - ٢٠١٨ لە هێرشێکی موشەک بارانی ڕژیمی دژە مرۆڤی ئێران شەهید کران و چوونە ریزی نەمرانی گەلەوە. یەک لەوانە هاوسەری ئازیزم شۆڕشگێری ڕێگەی کوردایەتی و نیشتمان،شەهید هاشمی عەزیزی باوکی جگەر گۆشەکانم رۆژە،مژدە،نزار و بانە بوو. لەم ماوەدا لە دوور و نزیکەوە چ بە سەردانمان و چ لە ڕێگەی تەلەفونەوە هاوسۆزمان بوون و بڕێک لەو خەمەتان لەسەر شان کەم کردوینەوە. هەر بەم بۆنەوە سپاس و پێزانینمان بۆ گشت ئەو ئازیزانە دەردەبڕین و زۆر داوای لێبوردن لەو بەڕێز و خۆشەویستانە دەکەین کە بە هەر هۆیەک نەمانتوانیوە وڵام دەر بین. ئەوەی گرینگ و ئەرکە لەسەرشانمان ئەوەیە کە درێژەدەری ڕێگەی شەهیدی ئازیزمان و گشت شەهیدانی حیزب و گەل بین و بە ورەیەکی زیاتر لە جاران ئەرکە نیشتمانیەکانمان بەڕێوە ببەین. دیسانەوە سپاس بۆ ئێوە ئازیزان و ئاواتمان سەلامەتی و تەمەندرێژیتانە.

ڕێگەی شەهیدانمان پڕ ڕێبوار و سەنگەری خەباتمان ئاوەدان.

لە لایەن:

سورەییا پەیڕەوان

رۆژە، مژدە، نزار و بانە.

نامرن ئەوانەی وا لە دڵی میللەتا دەژین

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ١٩ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

# هاوکاری پێویستی بە فێربوونی هاوبەشە



**مەجید حەقی**

دوای کارەساتی دڵتەزێنی ١٧ی خەرمانان، چەندین چالاکی هاوبەش لە نێوان حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات ساز بوو. لە نزیک بە تەواوی ئەو چالاکیانە کەم و کوڕیی جۆراوجۆ بەدی کراوە کە، لایەنەکانی بەشدار لایەنی دیکەیان تاوانبار بە کەمکاری، بە ئانقەست خۆدزینەوە لە بەرپرسایەتی و زۆر ڕەخنەی دیکەی ڕەوا و نارەوا کردووە. هەندێک کەس بەو ئاکامە بەپەلەیە گەیشتوون کە ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە لە گەڵ فڵانە ڕێکخراو ناکرێ کار بکرێت و جێگای بڕوا نین. هەر وەک ئەوەی کە ڕێکخراوەکان لە ناخۆیاندا هیچ کێشەیەکیان نەبووبێت لە بەڕێوەبردنی کارەکان و تەنیا ڕێکخراوەکانی دیکەن کە دەبنە هۆی کێشەکان و خۆمان بە تەواوی خاوەنی هەموو نیەتپاکیەک هەین. لە کوردستانیش بیستوومە کە فڵانە حیزب و ڕێکخراو جێگای بڕوا نین چونکە یەک دوو جار پێکەوە کار کراوە کارەکان بەو شێوەیەی کە پێویست بوو – لە ڕوانگەی خۆمانەوە – جێبەجێ نەکراوە. کەوابوو کاری هاوبەش زۆر لە گەڵ "ئەوانە" زۆر زەحمەتە.

ئێمە خەبات دەکەین بۆ ئەوەی لە دوارۆژی دەسەڵاتی سیاسی وڵاتەکەماندا بەشدار بین، بە دڵنیاییەوە هیچکام لە حیزب و ڕێکخراوەکانی کوردستانی ئەمڕۆ ناتوانن هەموو دەنگی خەڵکی کوردستان بەدەست بێنن و لە خۆشبینانەترین حاڵەتدا بەشێکی زۆر لە کارەکان دەبێ بەشێوەی کۆئالیسیۆن و هاوپەیمانی لە گەڵ لایەنەکانی دیکەوە بەڕێوە بچێت. جێی خۆیەتی لە ئێستاوە پرسیار لەخۆمان بکەین گەر ئێستا کە حیزب و ڕێکخراوی بچووک و

بێ دەسەڵاتین و جارێ بەرپرسایەتی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگامان لە ئەستۆ نیە، نەتوانین هاوکاری پێکەوە بکەین و لەسەر یاسای کایەکردنی هاوبەش پێک بێین لە دوارۆژی چارەسەری پرسە گەورەکان چۆن دەتوانین هاوکاری یەک بین؟ بنەمای بڕوا لە کوێوە دەست پیدەکات؟ لەو رۆژەوە کە ناچارین یان لە ئێستاوە کە دەبێ کار بکەین بۆ ئەوەی فێری سازکردنی چەمکی هاووڵاتی بەشداریکار و ڕێکخراوی بەرپرس و ئاوەدانکار بین؟

مرۆڤ بە قسەی لێکدەدرێتەوە بە کردەوەی هەڵدەسەگێندرێت. ئێمە کە دەست بە کارێکی هاوبەش دەکەین لە دڵی خۆماندا هۆ یان "ئەنگیزە"یەک دەخوڵقێنین کە لەسەر بنەمای "خەیاڵی" چاوەڕوانی دامەزراوە. بەواتای ئەوەی کە وا دادەنێین کارەکان ڕاست بەو شێوەیە بەرەو پێش دەڕۆن کە ئێمە چاوەڕوانمان هەیە یان ئەگەر لە سەرەتاوە بە بیرێکی نەرێنی چاو لە هاوکاری بکەین، خۆمان بە حەق دەزانین و دەڵێین: "هەر لەسەرەتاوە دەمزانی ئاکامی کاری هاوبەش وادەبێت و ئەوانە بۆ کاری هاوبەش نابن". ڕستەیەکی زۆر ئاشنایە بۆ خۆشت وانیە؟

ویکتۆررۆم لە کتێبی "ئەنگیزەی پشتی بڕیارەکان" (١٩٦٤) بە کورتی هۆیەکانی بڕیاری کەس و چاوەڕوانیەکانی مرۆڤ شی دەکاتەوە. بە پێی تیۆری "چاوەڕوانی" ویستی مرۆڤ بۆ جێبەجێ کردنی کردەوەیەک، لە سەر بنەمای چاوەڕوانی ئەو لەو کردەوەیە و ئەنجامی ئەو کردەوەیە و هەروەها سەرنجراکێشی ئەنجامەکان بۆ خۆی بڕیار دەدات. ڕادەی ئەنگیزەی کەس بۆ ئەنجامی کارەکان گرێدراوە بە باوەڕی ئەو کەسە بۆ بەدەستەوە هێنانی ئەو شتەی کە هەوڵی بۆ دەدات. ئەنگیزەی مرۆڤ پێوەندی هەیە بە ئاستی تێگەیشتنی لە پرسەکان و ئامانجەکانی ڕێکخراو و چۆنیەتی تێگەیشتنمان لە ئامانجەکان. ئەمەش بە ڕادەی دووربینی و ئاسۆبینی کەسانەوە گرێدراوە.

بۆیە لەو سۆنگەیەدا پرسی کاری هاوبەش، پرسی ڕەوتێکی فێربوونی یاساکانی کاری فرەڕێکخراوەیی و وێکگرێدانی چەند کولتووری جیاوازی ڕێکخراوەییە کە ئاکامەکەی لەوانەیە سەدا سەد وەک ئاکامی چاوەڕوان کراوی ئێمە نەبێت و شتەکان بە ویستی خواستی ئێمە جێبەجێ نەبێت. گەورەترین سەرکەوتنی لە وەهاکارێکدا کۆبوونەوەی توانا جۆراوجۆرەکان و سینێرژی بۆچوونە جیاوازەکان لە دەوری بایەخە هاوبەشەکانە. ئەمەش پرۆسەی فێربوونی کاری هاوبەش پەرە دەدات و دەبێتە هۆی ئەوەی کە بتوانرێت وێڕای کۆنترۆلی کێشەناوخۆییەکان بیر لە چارەسەری پرسەهاوبەشەکانیش بکرێت. لەو ڕووەوە کاری هاوبەش فێربوونی هاوبەش پێک دێنێت و ئەشێ پشوو درێژ بین لە پێکەوە کارکردندا بۆ گەیشتن بە بۆچوون و یەکگەیشتنی هاوبەش. دەبێ فێربین ئێمە لە کەس چاکتر نین و

کەسیش لە ئێمە خراپتر نیە، جۆری بۆچوونەکان و نزیکبوونەوەمان بۆ پرسەکان جیاوازە و جیاوازیش دەوڵەمەندیەکی گەورەیە بۆ کۆمەڵگا. بە دانپێنان بەو جیاوازیە و دەوڵەمەندیەیە ئێمە دەتوانین بە یەکگرتوویی کردەوەیی و وێکگەیشتنی کۆمەڵایەتی بگەین.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ١٩ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

## سپاس و پێزانین؛ ژیلوان و ژیوار حەسەنپوور



**وەکوو بەفری بەر سوورەتاو بتوێمەوە**
**وەکوو شەتاو بەو دەشتەدا هەر دێمەوە**

هاوڕێیان، ئاشنایان و خزمانی خۆشەویست

هێندێک خەم هەیە مەگەر هاودەردی لە ژانەکەی کەم بکاتەوە.

شەهید بوونی دایک و بابمان و بە واتایەکی کە دوو پشتیوان و هاوڕێی ژیانمان، کۆستێکی زۆر زۆر گەورەیە. دڵنیاین هەتوانی ئەم برینە ئاسان نییە، بەڵام لەم رووداوە تاڵەدا ئەوە ئێوە بوون کە بە فرمێسکەکانتان،

وشەکانتان، هەست و دڵی پڕ موحیببەتتان قورسایی ئەم خەمەتان هێندێک لێ کەم کردینەوە.

شەهیدان محەمەد حسن‌پور و نەسرین حەداد وەک دوو مامۆستای ژیان و تێکۆشان فێری زۆر شتیان کردین، بەڵام فێری ئەوەیان نەکردین لە نەبوونی ئەواندا چۆن بین. بۆیە ئەگەر بوونی گەرمی ئێوە، پێوەندییەکانتان و نامەکانتان نەبوایە، کە تەنانەت نەمانتوانیوە وەڵامی زۆرێکیشیان بدەینەوە، رەنگبێ زۆر ئەستەم بووبا بەرگەی ئەو برینە قووڵە بگرین.

لێرەدا مەبەستمانە سوپاسی یەک بە یەکتان بکەین کە لە دوور و نزیکەوە لەگەڵمان بوون و لەگەڵمان شانتان وەبەر قورسایی ئەم کۆستە گەورەیەدا و لە باوەشی پڕ خۆشەویستیتان دا لاواندتانینەوە. هیواداریین ئێوە بە خۆشیەکانتان بەسەر بکەینەوە و هیچ کات لە خەمدا نەتانبینین.

روحی شەهیدان شاد و رێگا و رێبازی پڕسەروەرییان گەشاوەتر بێت

ئەوپەڕی رێزمان قەبوڵ بفەرمون

ژیلوان و ژیوار حسن‌پور

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ١٩ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

# با بە کۆدەنگی پلان و پیلانی کۆماری ئیسلامی پووچەڵ کەینەوە



**مستەفا شەڵماشی**

لەمێژە کۆماری ئیسلامی بەرنامەی هەیە بۆ دەرپەڕاندنی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە باشوری کوردستان. لە ساڵەکانی ڕابردوودا بەرنامەی جۆربەجۆری بەڕێوە بردوە و بە پێی نفوزی حیزبەکان لە نێو خۆدا، هەوڵی داوە زەربەیان لێ بدا. بۆیە ئەو حیزبانە کە لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا پایەگایان زۆرترە، زیاتر کەوتوونە بەر پەلاماری کۆماری ئیسلامی و، ڕێژیم چ بە شێوەی تیرۆر بووبێ و چ بە شێوەی پلانی نیزامیی ئاشکرابووبێ، هەوڵی داوە زەربەی کاریگەریان لێ بدا.

زۆر نموونە هەن بۆ سەلماندنی ئەو ئیددیعایەمان کە دەکرێ تەنیا ئیشارە بە چەند نموونەیەکیان بکەین: ڕێژیم بەر لە هەمو شتێک دەستی کرد بە تیرۆری ڕێبەرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و دوکتور قاسملو و دوکتور شەرەفکەندیی تیرۆر کرد. پاشان فشاری هێنا بۆ حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان تا حیزب لە شاخەکان قەندیل و بەربناری دوور خاتەوە و لە ناوچەیەکدا کە دەسڕەسی بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هاسان نەبێ جێگیر بکرێ، کە بەداخەوە ئەوەشی بۆ چۆ سەر.

ڕێژیم کە دیتی بزووتنەوەی کورد و حیزبی دێموکڕاتی کوردستان هەروا لەسەر پێیە و لە چالاکی نەکەوتووە، لە لایەکەوە دەستی کرد بە تیرۆری بەرفراوان و سەدان کادر و پێشمەرگەی لە حیزبەکان تیرۆر کرد کە لێرەشدا

حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەشی شێری بەر کەوت و سەدان کادر و پێشمەرگە و تەنانەت ئەندامی ڕێبەریشی تیرۆڕ کران. بەوەش جووڵانەوەی کورد لە پێ نەکەوت و لەبەر ئەوەی ڕەگی لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا داکوتابوو، دیسان بە شێوەی جۆراوجۆر خەباتی درێژە دا.

کۆماری ئیسلامی، دوژمنی ڤین لە دڵ حەجمینی لێ هەڵ گیراو و هێرشێکی نیزامی ڕاستەوخۆی بەرنامەڕیزی کرد و زیاتر لە ٢٠٠ کیلۆمیتر هاتە نێو خاکی باشووری کوردستان بە هێزێکی چەند هەزار کەسیی تەیار بە هەموو جۆرە چەکێک هێرشی کردە سەر حیزبی دێموکراتی کوردستان. بەڵام لەو هێرشە ئاشکرایەشدا نەیتوانی ئامانجی خۆی بپێکێ و بە سەر شۆڕپییەوە گەڕایەوە دواوە.

کاتێک دووبەرەکی کەوتە نێومالی حیزبی دێموکڕاتەوە و دابەش بوو بەسەر دوو حیزبی دێموکڕاتدا، کۆماری ئیسلامی زۆرتر ئومێدی بەوە بەست کە ئەو دوو دێموکراتە بکەونە گیانی یەکتر و ئەو پالی لێ بداتەوە. بۆیە زۆرتر کاری لەسەر ئەوە دەکرد کە لە ڕێگای دەستوپێوەندەکانیەوە کەلێنی بەینی ئەو دوو دێموکڕاتە زۆرتر بەرین بکاتەوە و لە ئاوی لێڵ ماسی بگرێ. دیارە هەمان سیاسەتیشی بەرامبەر حیزبەکانی دیکەش کە تووشی دابڕان هاتبوون گیرایە بەر. بەڵام حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و حیزبەکانی دیکەش بەو حاڵەش بە سیاسەتی حەکیمانە نەیانهێشت ئەو دابڕان و جیابوونەوانە بەرەو لێکدان و توندوتیژی بڕۆن و لێرەشدا خەیالی خاوی ڕێژیم نەهاتە دی و لێکدابڕانەکان مەهار کران کە حەق وایە ئەو شاهیدییە بۆ ڕێبەری و بەدەنەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بدرێ کە بە شێوەیەکی حەکیمانە بەسەر کەش و هەواکەدا زاڵ بوون و زۆر هەلومەرجی دژواریشیان تەحەممول کرد تا لە کۆتاییدا گرژی و ئاڵۆزییەکان لەو قۆناغەوە بۆ قۆناغی وتووێژ لە پێناو یەکگرتنەوەدا ڕۆیشت. وە لێرەشدا هەوڵەکانی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی مایەپووچ دەرچوون. بەڵام ڕقێکی تازەی قوڵتر قورگی گرت بەتایبەت نیسبەت بە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان کە بە نەرمی و لەسەرەخۆیی و سیاسەتی عەقڵانی توانی ڕۆڵێکی بەرچاو ببینێ لە ئارامکردنەوەی کەش و هەوای حیزبە کوردستانییەکان و، هەروەها لێدانی پردێکی پەیوەندیی تازە لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە گشتی و ڕووناکبیران و چالاکانی فەرهەنگی، مەدەنی و سیاسی بە تایبەتی. حیزبی دێموکڕاتی کوردستان چەند کارێکی گرنگی دیکەشی کرد: لە ڕادەی نێونەتەوەیی، کوردستانی و ئێرانیشدا هەنگاوی زۆرگەورەی هەڵێنا و پایەگا و جێگایەکی باشی بۆخۆی دەستەبەر کرد، کە دەتوانین ئیشارە بە پێوەندییەکی بەربڵاو لەگەڵ حیزب و ڕێکخراوە جیهانییەکان و بوون بە ئەندامی ئەسڵیی سۆسیالیست ئینتەرناشناڵ

و پێکهێنانی یەکگرتویی لەگەڵ دەیان حیزب و ڕێکخراوی سەراسەری و میللییەتی ئێرانی و پەیوەندیەکی بەربڵاو لەگەڵ زۆربەی هەرەزۆری حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکانی هەر چوارپارچەی کوردستان بکەین. ئەوە جگە لە ئۆرگانیزەکردن و بەربڵاوکردنی تەشکیلات لە نێوخۆ و دەرەوەی کوردستان و بەهێزکردنی هێزی پێشمەرگە و جووڵاندنی بەرەو ناوچە سنوورییەکان.

هەربۆیە کۆماری ئیسلامی لە شێتیەوە گۆڕا بۆ هاری و بە پانەوە دەستی کرد بە پیلانگێڕان لە حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبەکانی دی، کە دیارە لێدان و لاوازکردنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی لە سەرووی هەموو بەرنامەکان دانا و بەمجۆرە نیزیک دوو ساڵ لەمەوبەر تەقینەوەیەکی سامناکی لە قەڵای دێموکراتدا سازماندەهی کرد کە ئەوکاتیش ئامانجەکەی پێکانی سەری حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو. وابوو کە لە بیرەوەریی شەوی یەلدادا کە ساڵرۆژی لە دایکبوونی دوکتور قاسملوو بوو، دوژمن بە هەستکردن بەوەی زۆرینەی ڕێبەرایەتیی حیزب لە وێدا بەشدارن دوو بۆمبی تەقاندەوە. کە دیارە سەرەڕای شەهیدبوونی 5 کادر و پێشمەرگەی حیزب و 2 کەس لە هێزی ئاسایشی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ڕێژیم دیسان لە ئامانجە سەرەکییەکەیدا کە لێدانی زەربەی کوشندە لە حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو ناکام مایەوە. بەمجۆرە دیسان تیرۆر و پیلانگێری بۆ زەبرلێدان درێژەی هەبوو، چ لە دژی حیزبی دێموکراتی کوردستان و چ لە دژی حیزبەکانی دیکەدا.

بەڵام هەموی ئەوانە جوڵانەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بە چۆکدا نەهێنا هیچ، بەڵکوو زنجیرەیەک لە چالاکیی سیاسی، دیپلۆماسی و مەدەنیی لە نێو کۆمەڵانی خەڵک و دەرەوەدا دەستی پێکرد کە حیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کوردستانی ئێران ڕەقابەتێکی سالمی دێموکراتیکیان تێدا دەکرد و هەرکام لەوان هەوڵی دەدا مەیدانداری بێ ڕکابەر بێ. کە دیارە لەو مەیدانەشدا حیزبی دێموکراتی کوردستان لە هەموو گۆڕەپانەکاندا سەر و گەردنێ بەرزتر بوو.

لەو نێوەدا ڕوون و ئاشکرایە کە بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەرچەند لە نێوبردنی هەموو حیزبەکانی ڕۆژهەڵات لە دەستوری کار دان، بەڵام حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕیزی پێشەوەی لیستەکەی دایە. هەربۆیە ئەوجارەیان لەبەر دەستەوەستانی چەکێکی لە سەر حیزب تاقی کردەوە کە لە ڕاستیدا لە نێوان دەوڵەتانیشدا یەکەم گوزینە نییە بۆ تاقیکردنەوە، چونکە بە پێی قەرارداد نێودەوڵەتییەکان تەنانەت لە شەڕی نێوان ئەرتەشەکانی

وەڵاتانیشدا نابێ بەکار بهێنرێ و تەنیا لە وەڵامی بەکارهێنانی چەکێکی لەو بابەتە لە دژت، دەتوانی بەکاری بێنی. بەڵام کۆماری ئیسلامی لە دژی کۆبونەوەی سیاسیی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە کاری هێنا و بەو هۆیەوە ١٤ کەس، لە نێویاندا ٦ ئەندامی ڕێبەری و چەند کادری بەوەج و پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات و دوو ئەندامی حدکا شەهید بوون و زیاتر لە ٤٠ کەس بریندار بوون. هەرلەو ڕۆژەشدا بەرەبەیانی زوو سێ زیندانیی سیاسی کورد لە سێدارە درابوون و لە دوو ڕۆژ دواتری ڕووداوەکەشدا سێ زیندانیی سیاسیی دیکەی لە شنۆ و میاندواو لە دار دا.

بەڵام ئەوەش کۆڵی بە حیزبی دێموکراتی کوردستان نەدا و ڕۆژی دواتر پێنج حیزبی ئەندام لە ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێراندا پێکەوە و لەگەڵ چالاکانی نێوخۆ بانگەوازی مانگرتنیان کرد لە دژی هێرشی مووشەکی بۆسەر قەڵای دێموکڕات و لە سێدارەدانی لاوانی کورد. ئەوان داوایان لە خەڵک کرد کە دوکان و بازاڕ دابخەن و نەچن بۆ سەر کارەکانیان، کە لە سەرانسەری کوردستانی ئێراندا وەڵامێکی بەربەرینی پێ درایەوە و کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان جارێکی دیکە ڕێژیم و بیروڕای جیهانی تێ گەیاند کە قورس و قایم لە پشت حیزب و ڕۆڵە تێکۆشەرەکانی خۆی ڕاوەستاوە و کۆماری ئیسلامی قەبوڵ نییە و جینایەتەکانی مەحکوم دەکا.

دواتر بینیمان ڕێژیم کە هلەو مەیدانەشدا دۆڕا، پەنای بۆ پیلانێکی دیکە برد و داوای لە دەوڵەتی عێراق و هەرێمی کوردستان کرد کە هێزە کوردییەکان لەو وڵاتە وەدەر نێن کە دیارە تا ئێستا ئەوەشی بۆ نەچووەتە سەر و زەحمەتە بۆشی بچێتە سەر. لە ئێستادا وەڵامی حیزبە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتیش دەبێ یەکگرتنێکی بەرەیی بێ. پێویستە هەرچی زووتر حیزبە لێکدابڕاوەکان یەک بگرنەوە و بەرەیەکی کوردستانیش لە نێو هەموو حیزبەکاندا پێک بێ. ئەوە باشترین زامنی سەرنەکەوتنی پیلانەکانی کۆماری ئیسلامییە. تەنیا بەو ڕێگایە دایە کە حیزبەکانی ڕۆژهەڵات لە لایەک دەتوانن لابیگەرییەکی باش لە ئورووپا و ئەمریکا بۆ مەسەلەی کوردی ڕۆژهەڵات بکەن و، لە لایەکی دیکەشەوە ببنە هێزێک کە هەمو لایەک حیسابیان لەسەر بکا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ٢٠ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

## مووشەکبارانی "قەڵای دێموکرات" و هەڵەیەکی گەورە



**سمایل شەرەفی**

پێشنیوەڕۆی ڕۆژی شەممە، ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران هێرشی مووشەکیی کردە سەر بنکەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نزیک شاری کۆیەی باشووری کوردستان. ئەم بنکەیە بە "قەڵای دێموکرات" دەناسرێ و بۆ حیزبی دێموکرات و تێکۆشەرانی ڕۆژهەڵاتی و، بە لای خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە وەک هێما و ڕەمزی مقاومەت و بەردەوامبوون لە خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات سەیر دەکرێ. قەڵای دێموکرات لە کاتێکدا لەلایەن ڕێژیمەوە مووشەکباران کرا، کە ڕێبەریی ئەم حیزبە کۆبوونەوەی وەرزانەی خۆی واتە پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی بەڕێوە دەبرد. گەرابەندییەکان بۆ مووشەکباران کردنی حیزبی دێموکرات ڕاست سالۆنی کۆبوونەوەی ڕێبەریی ئەم حیزبە بوو. لە ئاکامی ئەم کردەوە تێرۆریستییەی ڕێژیمی تاراندا بەداخەوە ١٦ کەس لە تێکۆشەرانی دێموکرات کە شەش کەسیان ئەندامی ڕێبەری بوون شەهید و نزیک بە ٤٠ کەسیش کە ژن و منداڵیان تێدا بوو بریندار بوون.

لە پێوەندی لەگەڵ کاردانەوەکان بەرانبەر بەم دەستدرێژییەی نیزامی سیاسیی لە تاران بۆ سەر حیزبی دێموکراتی کوردستان، ئەوەی لە هەمووان بۆ حیزبی دێموکرات و پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان گرینگتر و پڕبایەختر بوو، هەڵوێستی خودی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو. هەر دوای مووشەک بارانکردنی قەڵای دێموکرات کە هەر بەرەبەیانی ئەو ڕۆژە سێ کەس لە زیندانیانیی سیاسیی کورد بە ناوەکانی ڕامین حوسێنپەناهی، زانیار و لوقمان

مـرادی بە بڕیـاری دەزگـای "دادی"ی ڕێـژیم لە سـێدارەدران، لە بـانگەوازێکی گشـتیدا حیزبەکـانی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان و چالاکـانی سیاسـی و مەدەنیـی داوا لە خەڵـک کـرا کە بەرانـبەر بەم پێشـێلکارییانە و سیاسـەتە دژیگەلیـانەی ڕێـژیم هەڵوێسـتیان هەبـێ. بـۆیە وەک دیتمـان ڕۆژی ٢١ی خەرمانـان، ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان بە مانگرتنێکی گشتی و داخستنی دوکان و بازاڕ هەڵوێستێکی کەموێنەیان لە خۆ نیشان دا.

## بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان کرایە ئامانج؟

هۆکاری بە ئامانجگرتنی حیزبی دێموکراتی کوردسـتان و تـاقیکردنەوەی دەیـان جـۆر پیلانـی دژیگەلیـانەی ڕێـژیمە سیاسییەکانی تاران بەرانبەر بەم حیزبە کە نازناوی "ڕێبەری بزووتنەوەی میللی_دێموکراتی خەڵکی کوردستان"ی پێ براوە، ڕیشەیەکی تاریخی هەیە کە پێوەندی ڕاستەوخۆی بە فەلسەفەی وجوودیی ئەم حیزبەوە هەیە. حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک یەکەم حیزبی مودێرنی مێژووی جوڵانەوەی نەتەوەیی خەڵکی کورستان، بە دامەزرانی کۆماری کوردستان و بنیاتنانەوەی سەر لە نوێی کەسایەتیی ئینسانی کورد و خەباتی ئەم میللەتە و هەروەهاجۆری خوێندنەوەی بۆ دەسەڵاتی سیاسی لە تاران و شێوەی فورمولەکردنی داخوازییە نەتەوەییەکانی میللەتێک بە ناوی کورد بەرانبەر بە نیزامی ناوەندگەرای ئێران، بەردەوام لەلایەن ڕێژیمە دژیگەلییەکانی تارانەوە وەک مەترسی سەیری کراوە و هەوڵی لێدان و "لەنێوبردن"ی دراوە.

عەقڵییەتی ناوەندگەرای دەسەڵاتی سیاسی لە تاران کە هەمیشە بە دیدی میلیتاریستییەوە ڕوانیویەتە بزووتنەوەی خەڵکـی کوردسـتان و بەردەوام هەوڵـی داوە بە بەلاڕێـدابردن و چەواشـەکردنی بیـروڕای گشـتیی خەڵکـی ئێـران جووڵانەوەی خەڵکی کوردستان و داخوازییەکانی دژ بە ئێران و ئێرانی تەرجەمە بکاتەوە و، لە بەرانبەر تێفکرین و تێڕوانینەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پێوەندی لەگەڵ بنیاتنانەوەی ئێرانێکی دێموکرات و کوردستانێکی ئازاددا سیاسەتی حاشالێکردن و سڕینەوەی گرتۆتە بەر.

مێتۆد و شێوازی ڕێژیمەکانی تاران بۆ لێدان لەم حیزبە جۆراوجۆر و لە جنسی هەرە سەختی خۆی بوون، وەک؛ ڕووخانی کۆماری کوردستان، قەڵاچۆ و داپڵۆسین و ڕەشەکوژی، لەسێدارەدان و تێرۆری ڕێبەرانی کورد، داسەپاندنی شەڕی نابەرانبەر و خوێنـاوی، تێرۆری بە دەیـان کەس لە کـادر و تۆپبـارانکردنی بنکە و بارەگاکـانی حیزب و لە

کۆتاییدا و تا ئێرە؛ هێرشی موشەکی بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی حیزب و کۆبوونەوەی ڕێبەریی ئەم حیزبە. دوایین شێوازی پیلان و هێرشی دەسەڵاتی ناوەندگەرای تاران بۆ سەر حیزبی دێموکراتی کوردستان کە مووشەک بارانکردنی "قەڵای دێموکرات" (بنکەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان) بوو، بە خەیاڵی خۆیان ڕاست بە مەبەستی لەنێوبردنی یەکجارەکیی ئەم حیزبە و بێهیواکردنی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بوو. ئەوان زۆر باش شارەزای جێگە و پێگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نێو دڵ و باوەڕی خەڵکی کوردستاندا بوون و هەن.

بە ئامانجگرتنی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە تایبەت لەم چەند ساڵانەی دواییدا سەلمێنەری دوو واقعیەتی ئینکارنەکراوە: یەکەم ئەوەی کە ئەم حیزبە تا ئێستایش سەرەڕای تەواوی ئەو کەموکوڕی و کەمایەسیانەی کە لێی ئاگادارین و دەیزانین، بەخۆشییەوە دیسانیش متمانەپێکراوترین جەریانی سیاسییە کە بە پاشخانێکی دەوڵەمەندی مێژوویی پڕ لە شانازی و گیانبازی بۆ بزووتنەوەی نەتەوەیی و دێموکراتیکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەر ڕێبەر و ڕێنیشاندەرە. دووهەم ئەوەیکە هەر ئەم جێگە و پێگەیەی حیزب لە نێو بیر و باوەڕی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە کە بەتەواوەتی دەسەڵاتی سیاسیی تارانی تووشی ترس و دڵەڕاوکێ کردوە.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران کە لە ڕەفتاری سیاسی و مەدەنیی ڕۆژانەی خەڵکی کوردستاندا هەست بە ڕەنگدانەوەی گوتار و سیاسەتی شوناسخوازانە و نەتەوەیی و نیشتمانیی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەکا و بۆی دەرکەوتووە ناتوانێ ئیرادەی ئەم میللەتە بە چۆکدا بێنێ، بۆیە ترسەنۆکانە و زەبوونانە وەک پیشەی هەمیشەیی خۆی، ئەم حیزبە و ڕێبەرایەتییەکەی دەکاتە ئامانج و بە خەیاڵی خاوی خۆی پێی وایە دەتوانێ لەم ڕێگایەوە ئەم حیزبە و جووڵانەوەی ڕەوای خەڵکی کوردستان تووشی شکست و لاوازی و لە کۆتاییدا نەمان بکا. بەڵام هەر لە یەکەم کاتژمێرەکانی دوای ئەم ڕووداوەدا و هەر سێ ڕۆژ دوای ئەم دەستدرێژییە بۆ سەر حیزبی دێموکرات بۆ هەموو لایەک و بەتایبەت بۆ دەسەڵاتی تەواوییەتخوازی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەرکەوت کە ئەم حیزبە زۆر لەوە گەورەترە و ئەم میللەتە زۆر لەوە هوشیارتر و بەهەڵوێسترە کە دوژمنان و نەیارانی لێی دەڕوانن.

## مانگرتنی گشتیی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

خەڵکی کوردستان لەم مانگرتنە جەماوەرییەدا پێش هەموو شتێک ئەو ڕاستییەیان سەلماند کە بە پێچەوانەی ئەو ئیدیعا پڕوپووچانەی کە ڕێژیم و دوژمنانی بزووتنەوەی مافخوازانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەیکەن، حیزبی

دێموکراتی کوردستان وێڕای حیزبەکانی دیکەی ڕۆژهەڵات ڕۆڵی نوێنەرایەتیی ئەم بزووتنەوەیە دەگێڕن و جێی متمانەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانن. دەسەڵاتی سیاسیی ناوەندگەرای تاران کە هەمیشە هەوڵی داوە داواکارییە سیاسییەکانی حیزبی دێموکرات و حیزبەکانی دیکە بە پرسێکی جیاواز و جیا لە مافی نیشتمانی و نەتەوەیی خەڵکی کوردستان پێناسە بکا و لێکیان دابڕێ، دەبێ لەم مانگرتنە جەماوەرییەی خەڵکی کوردستانەوە بەو ڕاستییە گەیشتبێ کە پیلان و سیاسەتەکانی چەندە مایەپووچ دەرچوون.

خەڵکی زۆرێک لە شار و ناوچەکانی کوردستان بەم مانگرتنە گشتی و جەماوەرییە سەلماندیان کە هێرشی مووشەکیی سپای پاسدارانی ڕێژیم بۆ سەر قەڵای دێموکرات، هێرش بۆ سەر نوێنگەی بیروباوەڕی نەتەوەیی و نیشتمانیی میللەتێک بوو. کۆماری ئیسلامی ئەگەر توانی لە گەرابەندیی مووشەکەکانیدا دیقەتێکی ئەوەندە ورد بکا کە شوێنی کۆبوونەوەی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان بپێکێ، بەڵام بێگومان لە تێگەیشتن لە پێگەی ئەم حیزبە لە بیر و باوەڕ و ڕەفتاری خەڵکی کوردستاندا زۆر بەهەڵەدا چووە. ئەم ڕێژیمە کە هەمیشە هەوڵی داوە پرسی مافخوازانەی کورد لە ئێران تەنیا ببەستێتەوە بە حیزبێک و کۆمەڵێک کەس کە لە دەرەوەی وڵات خەبات دەکەن و وا نیشان بدا کە خەڵکی کوردستان بیرکردنەوەیەکی جیاوازیان لە حیزبەکان هەیە، ئێستا و دوای ئەم مانگرتنانە دەبێ باشتری بۆ دەرکەوتبێ کە بە چ هەڵەیەکی گەورەدا چووە.

مانگرتنی خەڵکی کوردستان بۆ نارەزایەتی دەربڕین بەرانبەر بە مووشەکبارانکردنی قەڵای دێموکرات و لەسێدارەدانی سێ چالاکی سیاسیی کورد، دەریخست کە سیاسەتەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ کپکردنی دەنگی خەڵک و تەسلیمکردنیان و دوورخستنەوەیان لە حیزبەکان و ترساندنیان لە هەڵوێست نواندن، بە تەواوەتی شکستی هێناوە. ئەوەی لە ڕۆژی چوارشەممەدا وەک مانگرتنی گشتی و جەماوەری لەڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕووی دا، بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبەکانی دیکەی ڕۆژهەڵات جێی شانازی پێوەکردن و ئافەرین پێ وتنە و بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش جیا لە هەڵەیەکی زەبوونانە و داماوی شتێکی دیکە نەبوو. کاربەدەستانی ئەم ڕێژیمە تووشی هەڵەیەکی گەورە و گرانی قەرەبوونەکراوە بوون کە بە دڵنیاییەوە ئەگەر بە وردی سەرنجی پێگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان و لەسەرهەستبوونی کۆمەڵگەی کوردستانیان دابا، گران بوو وەها ریسکێکی گەورە بکەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ٢٠ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

# ترسی هیستریکی ڕێژیم لە وێژمانی حیزبی دێموکراتی کوردستان



**حەسەن شێخانی**

لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا لێرە و لەوێ پرۆپاگەندەیەکی ژەهراوی و چەواشەکارانە بەدژی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەکرا و دەگوترا هێڵی سیاسی و پراکتیکی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەگەریش لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە ڕەنگرێژ نەکرێ، ئەوە لەگەڵ ئامانجەکانی ڕێژیم یەک دەگرێتەوە! ئەم تەبلیغاتە ژەهراوییە دوو هۆکاری سەرەکیی هەبوون:

١- حیزبی دێموکراتی و وێژمانەکەی لەلایەن کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانەوە و بەتایبەت لەلایەن بژاردەکانی کۆمەڵگەوە بەباشی و بە شێوەیەکی بەربڵاو وەردەگیرا و حیزبی دێموکراتی کوردستان توانیبووی لەژێر تیشکی وێژمان و هێڵی سیاسی و خەباتگێڕانەیدا، پێگەیەکی بەربڵاویی جەماوەری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەدەست بێنێ. بێگومان ڕکەبەر و نەیارانی حیزبی دێموکراتی کوردستان چاوی دیتنی ئەم ڕاستییەیان نەبوو، بۆیە هەوڵیان دەدا بە بەراوەژوو پێشاندانی ڕاستییەکان، بە خەیاڵی خۆیان حیزبی دێموکراتی کوردستان خەوشدار بکەن. خافڵ لەوە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان بەو هەوڵە نەزۆکانە خەوشدار نابێ؛ چونکە خەڵکی کوردستان بەو ئاستە لە تێگەیشتن و وشیاریی سیاسی گەیشتوون کە توانای لێکهەڵاوێردنی ڕاست و هەڵە و، باش و خراپیان هەیە و ئەگەر وێژمان و هێڵە سیاسییەکانی حیزبێکیان بەدڵ نەبێ بە شێوەی جۆراوجۆر دژکردەوەی نەرێنی لە هەمبەر ئەو حیزبە پێشان دەدەن؛ لە بەرامبەردا ئەگەر سیاسەت و هەڵوێستی حیزبێکیان قبووڵ بێ، ئەوە تەبلیغاتی مەنفی و

شایعەسازیی ئەم و ئەو، بچوکترین کاریگەرییان لەسەر دانانێ.

٢- هۆکاری دووەمی پڕۆپاگەندەی نەرێنیی نەیاران بەدژی حیزبی دێموکراتی کوردستان، تێنەگەیشتن لە نێوەرۆک و چیەتیی وێژمانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو. ڕکابەر و نەیارانی حیزبی دێموکراتی کوردستان وایان دەزانی ئەگەر بە شێوەی ڕابردوو سیاسەت نەکەی و هەمان ڕێکارەکانی ڕابردوو دەقاودەق بەکار نەهێنیەوە ئەوە لە هێڵی خەباتگێڕی لات داوە!

ڕووداوی موشەکباران کردنی قەڵای حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ١٧ی خەرمانانی ئەمساڵدا، ئەوەی سەلماند کە بەپێچەوانەی شایعە و قسەڵۆکی نەیاران، وێژمان و هێڵی سیاسی و پراکتیکی حیزبی دێموکراتی کوردستان نە تەنیا بچووکترین هاوتەریبی لەگەڵ سیاسەت و ستراتیژیی ڕێژیم نییە بەڵکوو ڕێک لە خاڵی بەرامبەر و دژیدا جێدەگرێ. پرسیار ئەوەیە کە بۆچی سوپای پاسداران قەڵای حیزبی دێموکراتی کوردستان و بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەکاتە ئامانج؟ خۆ ئەگەر بە قسەی نەیارانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، هێڵی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ ئامانجی ڕێژیم هاوتەریب بێ و وێژمانی حیزبی دێموکراتی کوردستان تەسلیمبوون لەهەمبەر ڕێژیم بڵاو بکاتەوە، نەدەبوو کۆماری ئیسلامی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بنکەی سەرکردایەتییەکەی بکاتە ئامانج! ئەگەر سیاسەتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە خزمەتی کۆماری ئیسلامیدا بوایە، نە تەنیا نەدەبوو سوپای پاسداران موشەکی تێ بگرێ، بەڵکوو دەبوو دەرەتانی پەرەسەندنی بۆ بڕەخسێنێ! لەڕاستیدا موشەکبارانی بنکەی سەرکردایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، هێڵێکی سووری ڕاست و چەپی بەسەر هەموو ئەو تەبلیغاتە ناڕاست و ناڕەوایانەدا هێنا، کە نەیارانی حیزبی دێموکراتی کوردستان وەڕێیان خستبوو؛ ئەوەی سەلماند کە ڕێژیم حیسابێکی زۆری لەسەر سیاسەت و هەڵوێستەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان کردووە و لێی دەترسێ و هەر بۆیەش ویستی سەرکردایەتیی ئەم سیاسەت و هەڵوێستانە لەنێو بەرێ.

با بزانین حیزبی دێموکراتی کوردستان چی کردووە کە ڕێژیم لە ئاستی هەرە سەرووویدا پیلانی بۆ دادەنێ و بە چەکی قورس و بە موشک لێی دەدا؟ ئەگەر وێژمانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ ڕۆحی سەردەم نەهاتبایەوە و لەگەڵ ئاڵوگۆڕەکانی کۆمەڵگە ئاوێتە و یەکانگیر نەبایە و ئەگەر ئەم وێژمانە لەگەڵ داخوازییەکانی کۆمەڵگە یەکی نەگرتبایەوە، ڕێژیم بە چەکی قورس لێی نەدەدا. مەعلوومە ڕێژیم لە ڕێگای دامودەزگاکانی خۆیەوە باش

دەزانێ کە حیزبی دێموکراتی کوردستان و وێژمانەکەی چ پێگەیەکیان لەنێو کۆمەڵگەدا هەیە، بۆیە لە ئاستی هەرە سەروویدا پیلانی بۆ دادەنێ و بە موشک لێی دەدا. ئەوەی کە بۆ یەکەم جارە کۆماری ئیسلامی هێزی موشەکی دژی حیزبێکی دژبەری خۆی بەکاردێنێ، ئەوە گەورەیی و ڕادەی کاریگەری و شوێندانەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆمەڵگەدا دەردەخا. لە گەنگەشەی ڕووداوی ١٧ی خەرمانانـدا، پرسیارێک کە زیاتر لە هەر پرسیارێکی دیکە خۆی دەنوێنێ و زەق دەبێتەوە، ئەوەیە: بەڕاستی حیزبی دێموکراتی کوردستان چی کردووە و چەندە لە کۆمەڵگەدا کاریگەری هەیە و چەندە مەترسی لەسەر ڕێژیم دروست کردووە کە ئاوا بە چەکی قورس لێی دەدا؟ ئەگەر حیزبی دێموکراتی کوردستان هێزێکی بچوکی کەمکاریگەر بوایە، قەت ڕێژیم ئەوەندە حیسابی بۆ نەدەکرد و بەم شێوەیە پەلاماری نەدەدا. بۆیە ڕووداوی ١٧ی خەرمانان ئەگەر لەلایەکەوە کارەسات بوو و حیزبی دێموکراتی کوردستان زەبرێکی قورسی بەرکەوت، بەڵام لەلایەکی دیکەوە کاریگەری و قورسایی حیزبی دێموکراتی کوردستانی لە کۆمەڵگەدا دەرخست. مانگرتنە بەشکۆکەی ٢١ی خەرمانانیش ڕادەی پێگە و کاریگەریی وێژمان و میتۆدەکانی مەدەنیی خەباتی دەرخست؛ ئەو وێژمان و میتۆدانەی،کە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەرەتاوە کاریان بۆ دەکا. لەڕاستیدا مانگرتنی ٢١ی خەرمانان سەلماندی کە ترسی ڕێژیم لەو وێژمان و میتۆدانەی خەبات بێهۆ نییە. ئەگەر هێرشی موشەکیی ١٧ی خەرمانان بۆ سەر بنکەی سەرکردایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ترسی ڕێژیمی لە وێژمان و سیاسەتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان نیشان دا، مانگرتنەکەی ٢١ی خەرمانانیش، ئەو ترسەی ڕێژیمی پشتڕاست کردەوە. بەڕاستی ڕێژیم دەبێ چ ئێشێکی پێگەیشتبێ کە وەک ماری برینـدار بە پێشکەوتووترین چەکەکانی پەلاماری حیزبی دێموکراتی کوردستان دەدا؟ ڕازی تووڕەیی ڕێژیم لەوە دایە کە وێژمانی حیزبی دێموکراتی کوردستان خەڵک و کۆمەڵگە بە بنەما دەگرێ و پۆتاسییێلێکی گەورەی خەباتگێڕانەی هەیە. وێژمانێک کە لەسەر بنەمای بەگژداکردنی هەموو کۆمەڵگە لەگەڵ ڕێژیم بنیات نراوە؛ وێژمانێک کە ئەرکی بەگژداچوونەوەی ڕێژیم، لە ئەرکی کۆمەڵێک کەسەوە دەکاتە ئەرکی هەموو کۆمەڵگە؛ وێژمانێک کە لەنێوان کوچکەکانی خەباتدا پلاتفۆرمێکی هاوبەش بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی چەوسانەوە و ستەمکاری پێک دێنێ. لەڕاستیدا حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەرەتاوە ویستی کەلێنی نێوان خۆی و کۆمەڵگە پڕ بکاتەوە. حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەرەتاوە پێی وابووە بەتەنێ و بەبێ هاوبەشی و هاوتەریبی لەگەڵ کۆمەڵگە ناتوانێ لە ئامانجەکانی نزیک ببێتەوە. وێژمانی حیزبی دێموکراتی کوردستان خەڵکی ڕۆژهەڵات دەکاتە بەردەنگی خۆی و بێ ئەوەی خۆی بەسەریاندا بسەپێنێ هەوڵی داوە پێوەندییەکی تەندروست لەنێوان خۆی و کۆمەڵگا دامەزرێنێ؛ پێوەندییەک بە دوور لە خۆسەنتەربینی و خۆسەپاندن. حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر پێوەندییەکی دینامیک،

ئۆرگانیک و دووسەرە لە نێوان خۆی و کۆمەڵگەدا پێداگرە و هەمیشە خۆی لەوە پاراستوە کە بە ڕوانینێکی خۆبەزلزانانە و لە سەرەوەڕا بۆ خوارێ لە کۆمەڵگە بڕوانێ. حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕێز بۆ کۆمەڵگە و خوێندنەوەکانی دادەنێ و بە هەندیان وەردەگرێ. لەجیاتی پێوەندییەکی یەکلایەنەی دیسیپیلینکراو لە سەرەوەڕا بۆ خوارێ، پێوەندییەکی دوولایەنە لەنێوان خۆی و کۆمەڵگە وێنا دەکا. کە دەڵێین پێوەندییەکی دوولایەنە، مەبەستمان ئەوەیە حیزبی دێموکراتی کوردستان دەیەوێ لەگەڵ کۆمەڵگە بێ؛ لە ڕەوتی ئەم لەگەڵبوونەدا هەم لەسەر کۆمەڵگە کاریگەری دانێ و هەمیش کاریگەری لێ وەرگرێ. ئەمەیە ڕازی وەرگیرانی وێژمانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەلایەن کۆمەڵگەوە و هەروەها ڕازی ترسی هیستریکی ڕێژیم لەو وێژمانە. ڕێژیم دەیەوێ حیزبە دژبەرەکانی، بە شێوەیەک مامەڵە لەگەڵ کۆمەڵگە بکەن کە کۆمەڵگە وەریان نەگرێ و لێیان دوور کەوێتەوە؛ بەڵام حیزبی دێموکراتی کوردستان خۆی لەو شێوەیە بەدوور گرتووە و بەردەوام میتۆد و ڕێکارگەلێکی پێشنیار کردووە و بانگەشەی بۆ کردوون کە هەموو کۆمەڵگە خۆی تێیاندا ببینێتەوە.

هۆکاری ترسی ڕێژیم لە وێژمانی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەوەیە کە ئەم وێژمانە هەموو کۆمەڵگە لە گشتییەتی خۆیدا بۆ بەشداریی چالاکانە لە بیاڤی گشتی و خەبات بەدژی ڕێژیم بانگهێشت دەکا. حیزبی دێموکراتی کوردستان بە شێوەیەک و لە بوارێکدا ڕووبەڕووی ڕێژیم دەبێتەوە کە ڕێژیم لەو بوارەدا توانای مانۆڕدانی زۆری نییە و دەستەوەستانە. ڕێژیم دەیەوێ لە بوارێکدا ڕووبەڕووی ببیەوە کە تێیدا باڵادەستە نەک لە بوارێکدا کە کارێکی ئەوتۆی لە دەست نایە. مانگرتنی ٢١ی خەرمانان بێدەرەتانی و داماویی ڕێژیمی لە هەمبەر ئەو مێتۆدەی خەباتدا سەلماند. لەڕاستیدا کاکڵ و جەوهەری وێژمانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ئەکتیڤکردن و بەهێزکردنی کۆمەڵگە و چڕبوونەوەیەتی لەسەر پۆتاسییێلی ئیعترازیی خەڵک لەدژی ڕێژیم. لەخۆڕا نییە کە وێژمانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆتە زمانی دربڕینی خواستەکانی خەڵک و هەروەها لە خۆڕا نییە کە ڕێژیم لێی دەترسێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستان زۆر باش دەزانێ تا کۆمەڵگە لە بواری جۆراوجۆردا خۆی ڕێک نەخا و تا لەم ڕێگەوە باڵانسی هێز لەنێوان کۆمەڵگە و ڕێژیم بە قازانجی کۆمەڵگە نەگۆڕێ، هیچ گۆڕانگارییەک نایەتە ئارا، بۆیە لە سەرەتاوە کاری بۆ ئەوە کردووە کە کۆمەڵگە لە بواری جۆراوجۆردا خۆی ڕێک بخا تا بتوانێ ڕووبەڕووی کۆماری ئیسلامی ببێتەوە. حیزبی دێموکراتی کوردستان ویستوویەتی و دەیەوێ گیروگرفتە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ژینگەییەکانی کۆمەڵگە، بکاتە پرسی هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە؛ بەچەشنێک کە هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە لە

ئاست ئەو پرسانەدا هەستیار بن و بە پرسی خۆیانی بزانن. ئەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەدوای دایە، هاووڵاتیی بەرپرس و ئەکتیڤە. هاووڵاتییەک کە تەنیا بە پرسە تاکەکەسییەکانی خۆیەوە مژوول نییە، بەڵکوو وەک هاووڵاتییەکی چالاکی بواری گشتی، لە حاند هەموو پرسەکانی کۆمەڵگە، خۆی بە بەرپرس دەزانێ. ئەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان کاری بۆ دەکا ئەوەیە کە تاکەکانی کۆمەڵگە لە بێتەفاوەتیی بێنەدەر و وەک مرۆڤی وشیار و بەهێز بۆ مافەکانیان هەوڵ بدەن. هەر لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا چەندین جووڵە و کەمپەین و ئاکسیۆنی مەدەنیی بەربڵاومان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دیوە، کە ڕێژیمان تووشی شۆک کردووە؛ هەر لە یارمەتیی هەرەوەزیی خەڵکی ڕۆژهەڵات بۆ بوومەلەرزەلێدراوانی کرماشان تا دەگاتە دوایین حەرەکەتی مەدەنیی ڕۆژهەڵات بە بۆنەی گیانلەدەستدانی ٤ ژینگەپارێزی مەریوان، هەموویان وشیاریی مەدەنی و نیشتمانی و نەتەوەیی خەڵکی ڕۆژهەڵاتیان دەرخست و ڕێژیمان ترساند. بۆیە ڕێژیم ویستی داخی دڵی خۆی بە حیزبێک بڕێژێ کە زیاتر لە هەموان ئاڵاهەگریی ئەو حەرەکەت و جووڵە و بزاڤانەیە. ئەمەیە ڕازی لێدانی بنکەی سەرکردایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە موشک.

دوا قسە؛ ڕێژیم دەتوانێ بە بۆمب و موشەک بینایەک خاپوور بکا و لەنێوی بەرێ بەڵام ناتوانێ وێژمانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و پێگە کۆمەڵایەتییەکەی لەنێو بای. وێژمانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆمەڵگەدا ڕەگی داکوتاوە و بۆتە وێژمان و زمانی خواست و داخوازییەکانی کۆمەڵگە و، بە بۆمب و موشەک لەنێو ناچێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ٢٠ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

# تیرۆر و توندوتیژی میکانیزمی هەمیشەییی ڕێژیمی تاران بۆ سەرکوتی گەلی کورد



**ساماڵ ئەحمەدی**

تیرۆر و توندوتیژیی سیاسی ئەو چەمکانەن کە لە دنیای ئەمڕۆدا زۆر بە بەربڵاوی دەبیسترێن. بەڵام ئەوەی کە وێنا جۆربەجۆرەکانی تیرۆر و توندوتیژیی سیاسی لەو دوو چەمکەدا کورت دەکاتەوە، پێناسەیەکی گشتییە کە دەری دەخا جۆرێک گوشار و هێزی فیزیکی لەلایەن کەسانێکەوە بۆ سەر کۆمەڵە کەسانێکی دیکە دەیەوێ ئەوکەسانە ناچار بکات مل بۆ جۆرێک ژیان کەچ بکەن کە بە پێچەوانەی خواست و ویستی خۆیانەوەیە. بە پێی ئەم پێناسەیە تیرۆر و توندوتیژیی سیاسی کەرەستەیەکن بۆ ئەوەی کەسانێک ویست و ئازادیی کەسانێکی دیکە زەوت بکەن، یان هەرنەبێ بە جۆرێک سنووری بۆ دابنێن.

ڕێژیمی ئیسلامیی تاران کە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران بەسەر ڕێژیمی پادشایەتیدا توانی لە ڕێی کەڵکاوەژوویەکی کاهینانەی خومەینی لە سۆزی ئایینیی خەڵکی ئێرانەوە هاتنەسەرکاری خۆی بسەپێنێ، هەر لە چەند مانگی سەرەتای پەیدابوونییەوە ڕەفتاری توندوتیژانەی دژی ویستە سیاسی و نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان گرتە بەر و بە فتوای جیهادی خومەینی دژی نەتەوەی کورد لە مانگی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨دا هێرشی سەربازی کرایە سەر شار و گوندەکانی کوردستان و، ئەو ڕێژیمە کاهینییە قەڵتوبڕی گەلی کورد و زیندانیکردن، سەرکوت، ئەشکەنجە و لەسێدارەدانی ڕۆڵەکانی کوردی کردە میکانیزمی سەرکوتکردنی هەرچەشنە ویست و داوایەکی سیاسی و نەتەوایەتیی خەڵکی کوردستان، کە هەتا

ئەمـرۆش بەردەوامە و دوایـین نموونەشـی ڕۆژی ١٧ی خەرمانـانی ئەمسـاڵ جێبەجـێ کـرد، کە هاوکـات لەگەڵ لەسێدارەدانی سێ چالاکی سیاسیی کورد، بە مووشەک هێرشی کردە سەر بنکە و بارەگا مەدەنی و سڤیلەکانی حیزبی دیموکرات لە شاری کۆیەی باشووری کوردستان، کە دەیان شەهید و بریندار لێ کەوتەوە.

مێژووی ڕێژیمی ناوەندی لە تاران، بەتایبەت ڕێژیمی ئیسلامیی ئێستا هەمیشە تیرۆر و توندوتیژیی سیاسیی وەکوو میکانیزمی سەرکوتی ویست و ئازادییە نەتەوەییەکانی گەلی کورد بەکار هێناوە. بەڵام ئاخۆ توانیویەتی خەباتی پێچەوانەی گەلی کورد دژی تیرۆر و توندوتیژیی سیاسی لەنێو ببا؟ ڕۆژی ٢١ی خەرمانان، چوار ڕۆژ دوای تازەترین تـاوان و جینـایەتە تیرۆریسـتی و توندوتیژەکانی ڕێـژیم، گەلـی کـورد لە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان بە خولقانـدنی داستانی مانگرتنی گشتی و بە دروشمی "لە ماڵ نایەمە دەر"، وەکو مەدەنیترین خەبـات دژی تیـرۆر و توندوتیژی، وەڵامـی ئەو پرسـیارەی بە گورچـووی ڕێـژیم دادایەوە و سـەلماندی کە هەرچەنـد نەتەوەی کـورد لە ڕۆژهەڵات و پارچەکانی دیکەی کوردستان و لە هاوکێشەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا هێزی توندوتیژی هاوسەنگی داگیرکەران و تیرۆریسـتانی بەدەسـتەوە نەبـووە، بەڵام وەکـو گەلێکـی دەیـان ملیـۆن کەسـی کەخـاوەنی یەکێـک لە گەورەتـرین شارستانەتییە دێرینەکانی دنیایە، دەتوانێ بە ئاشتییانەترین شێوە بەرەنگاری توندوتیژانەترین ڕەفتاری دژمنـانی خـۆی ببێـتەوە و بیسـەلمێنێ کە هزرێکـی سیاسیی هاوسـەنگی پێشکەوتووترین وڵاتـانی دنیـای هەیە و هەر لەو سۆنگەیەشەوەیە کە ئێستا بـووەتە یەکێک لە ئەکتەرە گرینگەکـانی بەرەنگـاربوونەوەی توندوتیژی لە ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـتدا، بـۆیە وڵاتـانی وەکـوو فەرەنسـا و ئەمریکـا بە ڕەسمی هێرشە تیرۆریستییەکەی ئەم جـارەی ڕێژیمـی تارانیان بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی شۆڕشگێڕانی کوردستان مەحکووم کرد.

ڕێـژیمە کـاهینییەکەی تـاران کە هەر لە سـەرەتای سـەرهەڵدانییەوە گـرژییە توندوتیژانەکانی وەکـوو میکـانیزمی سەرکوتی هەرچەشنە نەیـارێکی خۆی بەکـار هێنـاوە، بەو کـارە تـاک و کۆمەڵگەی سـەرلەبەری ئێرانـی خستووەتە کەشێکی ناسـەقامگیر و پـڕ لە دڵەڕاوکێـوە، لە کاتێکـدا مەرجـی سـەرەکیی پێگەیشتنوگەشەسـەندنی ئـابووری _ کۆمەڵایەتی لە وڵاتانی ئەمڕۆی دنیادا بوونی کەشێکی ئـارام و سەقامگیری دوور لە توندوتیژییە، کەچی ڕەفتـارە توندوتیژانەکانی ڕێژیمی تاران وێنەیەکی زۆر نیگەتیڤی لە دەرەوەی خۆیدا لێ دروست کـردووە کە گـورزێکی گـرانە لە ناوبـانـگ و ئـابڕووی کۆمەڵگـەی ئێرانـی داوە و نەک هەر بـووەتە ڕێگـر لەبەردەم هێنانەنـاوەوەی سـەرمایەی دەرەکی، بگرە مەترسییە توندوتیژانەکانی ئەو ڕێژیمە وای کردووە کە وەکـوو هەڕەشـەیەک بـۆ سـەر ئاسایشی دنیـا

بناسرێ و گەورەترین گەمارۆ ئابوورییەکانیش لەلایەن ئەمریکا و وڵاتانی گەورەی دنیاوە بخرێتە سەر ئابووریی ئێران و ئابووریی وڵات بەرەو ویرانی بچی و بێکاری و هەژاری و برسییەتی و ناهەنجارییە کۆمەڵایەتییەکانی وەکو گیرۆدەبوون بە ماددەی هۆشبەر و گەندەڵی جنسی خەریکە تەنانەت کانوونی خێزانی ئێرانی لەبەریەک هەڵدەوەشێنێ. کەچی ڕێژیم کە لە میکانیزمی توندوتیژی بەدەر هەرگیز هیچ تەگبیرێکی دیکەی بۆ وەڵامی داخوازییە ڕەواکانی گەلانی ئێران بەدەستەوە نەبووە و ئێستاش لێی ڕوون بووەتەوە کە ئەو میکانیزمە هیچ دادی نادا، بەتایبەت کە لە بەفرانباری ساڵی ڕابردووەوە خەڵکی ئێران لە شارە گەورە و بچووکەکانەوە دەستیان بە ڕاپەڕین دژی سیاسەتەکانی کردووە و تەنانەت دروشمی ڕووخانی ڕێژیمیان بەرز کردووەتەوە، خەریکە پیلانی نوێ دادەڕێژێ و پیلانەکەیشی نیشانەی لە گەلی کورد و مافە ڕەواکانی گرتووە.

ڕێژیمی خومەینی کە لە سەرەتاوە گەلی کوردی بە "دژەشۆڕش" ناساند و بەو بیانووەوە هێرشی کردە سەر کوردستان، ئێستا خەریکە بۆ درێژەدان بە سەرکوتی نەتەوەی کورد و بۆ ئەوەی بتوانێ دڵەڕاوکێ لە نێو خەڵکی ناڕازیی سەرانسەری ئێراندا دروست بکا و پێش بە ڕاپەڕینی سەرانسەریی گەلانی ئێران بگرێ، دەستەوشەی تازەی وەکو "تیرۆریست" و "دژەئێرانی" بۆ گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەکار دێنێ و دەیەوێ هەستی ئێرانچییەتی لە دژی نەتەوەی کورد بجووڵێنێ و ئامانجیشی لەم کارەی ئەوەیە کە لە لایەکەوە لەسێدارەدان و ئەشکەنجە و تیرۆری ڕۆڵەکانی کورد بۆ خۆی بە ڕەوا بقەبڵێنێ و لە لایەکی دیکەشەوە خەڵکی ئێران لە پارچەبوونی جوگرافیای سیاسیی ئێران بترسێنێ و بەو هۆیەوە پێش لە ڕاپەڕینی سەرانسەریی خەڵکی ئێران بگرێ.

سەرباری هەرچەشنە پیلانێکی توندوتیژانەی ڕێژیمی ناوەندەیی تاران، بزووتنەوەی سیاسی نەتەوایەتیی کورد لە چوارچێوەی ئێراندا بە درێژاییی سەدەی ڕابردوو هەتا ئێستا بەردەوامە و داستانی مانگرتنە سەرانسەرییەکەی ٢١ی خەرمانانیش ئەو ڕاستییەی دووپات کردەوە و هۆکاری سەرکەوتنی ئەو حەماسە مێژووییەش داوای یەکدەنگی سەرلەبەری هێزە سیاسی و شۆڕشگێڕەکانی ڕۆژهەڵات بوو لە ڕێی "ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران"ەوە، کە بوو بە وزەی جووڵێنەری قۆناغێکی نوێی خەباتی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە ئامادەییی جەماوەری یەکگرتووی کوردستانە بۆ پشتگیری لە ڕۆڵە شۆڕشگێڕەکانی خۆی، بەو مەرجەی پێکەوە هاوکاری بکەن. حەماسەی ٢١ی خەرمانان لە لایەکەوە ڕێژیمی تارانی دڵنیا کردەوە کە تیرۆر و توندوتیژیی

سیاسی ناتوانێت دەنگی دلێری مافخوازیی گەلی کورد کپ بکا و، لە لایەکی دیکەشەوە پەیامێکی بەرزی بۆ حیزب و لایەنە سیاسی و شۆڕشگێڕەکانی خۆی نارد، کە دەبێ "ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران" بەهێز بکرێ و پەرەی پێ بدرێ و لە نێوخۆ و دەرەوەی کوردستان چالاک بکرێ. پەیامی ٢١ی خەرمانان گلەییەکی ماناداریش بوو لە لەتبوونی حیزبەکان، بۆیە هەر هەنگاوێکی حیزبەکان بۆ یەکخستنەوەی ڕیزەکانیان دەبێ بە هۆی وەدەستهێنانی پشتیوانیی زیاتری جەماوەری گەلەکەیان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ٢٠ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

## حدک و دیفاکتۆی کوردستانی سەربەخۆی لە زەینی تاکی کورددا



ژیوار ڕەسووڵی

هەموو پێدراوەکان ئەوەمان پێ دەڵێ کە کۆماری ئیسلامی ئێران دوا قۆناغی خۆی تێپەڕ دەکا، بەو مانایەی کە هیچ پێدراوێکی نێوخۆیی و دەرەکی بۆ مانەوەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێران نەماوە. ڕووداوی ١٧ی خەرمانان و هێرش بۆ سەر بارەگای حیزبی دیموکراتی کوردستان ئەوەندەی ترسی دەسەڵاتدارانی ئێران لە هێزی حیزبی دێموکراتی بوو، ئەوەندەش بە بۆچوونی خۆیان شەلەلکردنی سەرکردایەتی و لیدەری خەباتی مەدەنی و سیاسی لەنێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو.

ئێستا یەک دۆلاری ئەمریکایی لە ئێران بە نزیکەی ١٥ هەزار تمەنە، ڕێژەی هەڵاوسان لە ئێران زیاتر لە ٣٠%-ە، ڕێـژەی بێکـاری و نائۆمێـدی لەسـەروو ٦٠%-ە، هیـواش بە چـاکبوونی دۆخەکە لە نێـو خەڵـک بەپێـی دوایـین ئامارەکان نزیکەی سەفرە. هەموو ئەوانە لە کاتێکدایە هێشتا قۆنـاغی دووەمی سزاکانی ئەمریکا بـۆ سەر ئێـران جێبەجێ نەکراون، لە مانگی خەزەڵوەردا کۆشکی سپی و بەدیاریکراوی وەزارەتی خەزێنەی ئەمریکا کەرتـی نەوت و گازو پێترۆشیمیی ئێران دەکاتە ئامانج، ئەوەش واتـای ئەوە دەگەیەنێ کە تمەن لە ئێـران چەنـدین قـاتی دیکەش دادەبەزێ. دۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی و بگرە سیاسی لە تـاران و ئێران لەو پەڕی خراپی خۆی دایە، کۆمەڵگەی نێـودەوڵەتیش بەتـایبەت ئەمریکـا، ئیسـرائیل و وڵاتـانی عەرەبیـی کەنـداو خۆیـان لەگەڵ کۆمـاری ئیسلامی ئێـران یەکلایی کردووەتەوە.

لەگەڵ هەمـووی ئەوانەش تـاکە مەترسـیی کۆمـاری ئیسـلامیی ئێــران بـۆ کورتخـایەن و درێژخـایەن ڕۆژهەڵاتـی کوردستانە، لە ئیلامەوە بگرە هەتا سەردەشت. بـۆ ڕوونکـردنەوەی ئەو باسە سەرەتا بـا باسێک لە کاردانەوەکـانی ناوچەکانی دیکەی ئێران جگە لە کوردستان لەگەڵ قەیرانی ئێستای کۆماری ئیسلامی ئێران بکەیـن. زۆربەی هەرە زۆری دروشـمەکان لە میترۆپۆلەکـان بە تارانیشـەوە داخـوازی ئـابووری و لەهەنـدێک کاتیشـدا ئـازادی شەخسـی و مەدەنین نەک سیاسی. ئەگەریش داخوازییەکان بگۆدرێن کە لە هەندێک لە خۆپێشانەکاندا لە ئابووری و سینفییەوە بۆ سیاسی و بگرە ڕووخانی سیستەمی سیاسیش ڕۆیشت، بەڵام گرفتە سەرەکییەکە ئەوەیە کە جێگرەوەیەکی لەسەر پێ و بەهێزبوونی نییە کە لانیکەم بەشێکی زۆری خەڵکی ئێـران لەگەڵ خـۆی هـاوڕا بکـا و ڕێکخسـتنیان بـۆ بکـا. خۆپێشاندانەکانی ساڵی ڕابردوو و ئەمساڵی ئێران دەریخست کە یەکەم نە موجاهیدینی خەڵق و نە پەهلەوییەکـان هێـزی جووڵانـدنی ئامانجـداری شـەقامیان نـیـیە، کەواتـە ناشـتوانن لە کـۆمەڵگەی نێودەوڵەتیـدا خۆیـان وەکـوو ئەلتەرناتیف وێنا بکەن.

ئەوە ڕاستە کە ئالترناتیڤی مەرکەزی لەئێستادا بۆ تاران نییە، ئەوەش دروستە کە زۆربەی ڕەهـای داواکارییەکـانی خەڵک ئابووری و ئازادییە شەخسییەکانن، بەڵام دوو هۆکار هەن کە کۆماری ئیسلامی ئێران ناتوانێ حسێب لەسەر نـاڕێکخراوبوونی دژبەرەکـانی خـۆی بـۆ مـانەوەی خـۆی بکـا. یەکەم لە سیاسـەتی ڕۆژهەڵاتـی نێوەراسـتی داهـاتوودا جێگەیەک بـۆ کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران نەمـاوەتەوە، دووەم قبـووڵکردنی ١٢ مەرجەکەی ئەمریکـا شوناسـی کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران بە تەواوەتـی دەگـۆڕێ، قبـووڵ نەکردنیشـی پرۆسـەی بە کۆریـایی بـاکووری بـوون و تەنـانەت بە

سووریایی و لیبیایی بوونی ئێران دەست پێ دەکا. ئەوەش لە نەبوونی جێگرەوەیەکی بەهێز و جەماوەریدا وا دەکا پرۆسەی ڕووخانی ئەو دەسەڵاتە درێژتر و خوێناویتر بکا، لەو نێوەندەشدا بە بەکارهێنانی هێزگەلی تیرۆریستی وەکوو داعش وەکوو سینارتۆی سووریە سورەتی مەسەلەکە بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بگۆرن.

بۆ ئەو سیناریۆیەی کە سوپای پاسداران بە سەرپەرستیی خامنەیی دایان ڕشتووە، لەمپەرێکی بەهێز هەیە، ئەویش ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەدیاریکراوی دیسکۆرس و گوتاری حزبی دیموکراتی کوردستانە. حیزبی دیموکراتی کوردستان سەڵماندوویەتی کە دەتوانێ لە کەمترین کاتدا زۆرترین و ئامانجدارترین ڕێکخستن بکا، لە دە ساڵی رابردوودا هەوڵدان بۆ سەرپشککردنی کۆمەڵگەی مەدەنی و چالاکان و خەڵکی ئاسایی بۆ چالاکیکردن وایکردووە کە شەقامێکی بزۆز، مەنتیقی، دیموکراتیک و نەتەوەیی دروست ببێ، کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش باش دەزانێت کە لە هەموو ئەگەرێک بۆ بە سووریاییکردنی ئێران کوردستان خاوەنێکی ڕاستەقینەی هەیە، کە دەتوانێ بە کەمترین هەزینە زۆرترین بەرهەمی پێ بدا. لە بنەڕەتدا بۆ ئێستای کۆماری ئیسلامیی ئێران هەموو فیشەکێک لە بەری دەکەوێ خزمەتێکی گەورەی پێ دەکا، بۆ ئەوەی هەم خۆی مەزلووم وێنا بکا، هەم دەرفەتی تاقیکردنەوەی چەکە کۆمەڵکوژەکانی بۆ بڕەخسێ و لەشەڕی ساردی ئێستای لەگەڵ ئەمریکاش مانۆرێکی سەربازی بۆ ترساندنی وڵاتانی دراوسێ و بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا بکا. کەواتا پاشنە ئاشیلی کۆماری ئیسلامی ئێران ئەو گوتارەی حیزبی دیموکراتی کوردستانە بۆ خاوەنداریەتیکردنی خەڵک و چالاکان لە خاک و خەڵکەکەیان. ئەوەش لەهەموو چەکێک بەهێزترە و ئاواتی ڕەشی سوپای پاسداران بۆ درێژکردنەوەی تەمەنی بەپاساوی ئالۆزی نێوخۆیی لەنێو دەبا.

لێدان لە کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ڕوانگەی ژوورە تایبەتەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لێدانە لە سەرکردایەتیی خەباتی نێوخۆ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، تەقینەوەکەی شەوی یەڵدا و موشەکبارانکردنی قەڵای دیموکرات تەنیا دەتوانرێ لەو گۆشەنیگایەوە سەیر بکرێ، ئەگەرچی سوپای پاسداران بۆ ڕەواییدان بۆ هێرشەکەی دەیهەوێ وێنایەکی دیکە لە پیلانە ڕاستەقینەکەیان بکەن. ئەوەی ڕوونە حیزبی دیموکراتی کوردستان لە دە ساڵی ڕابردوودا توانی سەرەتا خەڵک و چالاکان لە بێ تەفاوەت بوون دەربهێنێت، خۆیان بکاتە خاوەن پرسی خۆیان، لە جۆری هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ ڕووداوەکان و چالاکییەکان سەرپشکیان بکا، لەقۆناغی دووەمیشدا گوتاری حیزبی دیموکراتی کوردستان ئەدەبیاتی چالاکانی سیاسی و مەدەنی ڕادیکال کرد، ئەدەبیاتی ڕادیکاڵی نێوخۆیی لە قسەکردن کردارێکی شۆڕشگێرییە. لە دە ساڵی ڕابردوودا ئەوەی کۆماری ئیسلامیی

ئێران بۆ زیادکردنی مەودای نێوان خەڵک و حیزبی دیموکرات کردی، ئەنجامی پێچەوانەی هەبوو، هەر ئەوەش وایکرد کە خەڵک لە هەڵبژاردنەکانی شارەوانییەکاندا ڕاهێنانی دیموکراسی بکەن و هەوڵ بۆ دەرچوونی کوردپەروەرەکان بکەن، لە هەڵبژاردنی مەجلیسدا گوتارێکی ڕاشکاو و دیاریکراوی بەتایبەت بەرامبەر ورمێ هەبوو، هەموو کاتێکیش بە توندی هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری بایکۆت کردووە. کۆماری ئیسلامی ئێران زۆر باش لەوە تێگەیشتووە کە حیزبی دیموکراتی کوردستان خەریکە ئەسبی خۆی لە شەقامەکانی ڕۆژهەڵات و لە چالاکییە مەدەنی و بگرە سیاسییەکاندا تاو دەدا. حدک و سەرکردایەتییەکەی بەڕادەیەک لە سیاسەت و ئەنجامی سیاسەتەکەیان دڵنیابوون کە زیاتر لە سێ ساڵە حدک لە ئاستی سکرتێرەکەیدا داوای ڕیفراندۆم بۆ ئێستا و داهاتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکا.

هەربۆیە گوتاری حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ ئێستای ئێران مەترسیدارترین چەکە، زۆر باش دەزانێ کە ئەو گوتارە دەتوانێ لە کەمترین کاتدا ئەو دیفاکتۆ زەینییەی ئێستا دروستی کردووە بکاتە ئەمری واقیع، ئێستا گوتاری حدک لە ئیلامەوە بگرە هەتا سەردەشت توانیویەتی کوردستانێکی سەربەخۆ لە مێشکی تاکی کورددا دروست بکا، ئەوەش ئیتر نە بە مووشەک بارانکردن و نە بە هیچ پیلانێکی دیکە لەنێو دەچێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ٢٠ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

# بەیاننامە: لەبارەی بەڕێوەچوونی "پلینۆمی شەهیدانی ١٧ی خەرمانانی قەڵای دێموکرات"



خەڵکی نیشتمانپەروەری کوردستان!

ئازادیخوازانی ئێران!

ئەندامان و لایەنگران و دۆستانی حیزبی دێموکراتی کوردستان!

بە ئاگاداریی هەموو لایەک دەگەیەنین کە نۆهەمین پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕۆژی ٢٨ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی (بەرامبەر بە ١٩ی سێپتامبری ٢٠١٨ی زایینی) بە بەشداریی ئەندامانی ئەسڵی و جێگران و ڕاوێژکارانی کۆمیتەی ناوەندی و ژمارەیەک لە کەسایەتییەکانی حیزب و بەرپرسانی هێندێک لە ئۆرگانەکانی حیزب بەڕێوە چوو. ئەو کۆبوونەوەیە کە درێژەی هەمان ئەو کۆبوونەوەیە بوو کە بەیانیی ڕۆژی ١٧ی خەرمانان (بەرامبەر بە ٨ی سێپتامبر) بەهۆی مووشەکبارانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ڕەوتی کارەکانی ڕاوەستابوو، بە ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە یاد و بیرەوەریی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان بەتایبەتی تازەترین شەهیدانی قەڵای دێموکرات و لەنێو ئەواندا شەهیدان کەریم مەهدەوی، ئیبرایم زێوەیی، ڕەحمان پیرۆتی، نەسرین حەداد ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی، و سۆهەیلا قادری و هاشم عەزیزی، ئەندامانی جێگری کۆمیتەی ناوەندی دەستی بە کارەکانی کرد. هەر بۆ ڕێزگرتن لە یاد و ناوی ئەو شەهیدانەش ئەم پلینۆمە بە "پلینۆمی شەهیدانی ١٧ی خەرمانانی قەڵای دێموکرات" ناودێر کرا. شایانی گوتنە کە هەر لە جەریانی کارەکانی پلینۆمدا بوو کە

هەواڵی شەهیدبوونی یەکێکی دیکە لە بریندارەکانی مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات، هاوڕێ قادر عێزەتی ناسراو بە مامە قالە ڕیشە، گەیشت و بەمجۆرە ئاماری ئەو هاوڕێیانەمان کە بەهۆی ئەم جینایەتەی ڕێژیمەوە تێکەڵ بە کاروانی شەهیدانی کوردستان بوون گەیشتە چاردە شەهید.

لە سەرەتای کارەکانی پلینۆمدا، سکرتێری گشتیی حیزب، کاک مستەفا مەولوودی وتەیەکی پێشکەش کرد. ناوبراو لە قسەکانیدا وێڕای سڵاو ناردن بۆ ڕووحی پاکی سەرجەم شەهیدانی ١٧ی خەرمانانی قەڵای دێموکرات و ئەو هاوڕێیانەی لە ئەنجامی مووشەکبارانی قەڵای دێموکراتدا لەنێو کۆڕی هاوڕێیانی ڕێبەریی حیزبدا نەمابوون، بە نوێنەرایەتی لەلایەن ڕێبەرایەتیی حیزب و سەرجەم کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە پەیمانی درێژەدانی ڕێگای شەهیدان و بەردەوامی لە خەبات تا وەدیهاتنی ئاوات و ئامانجی شەهیدانی ڕاگەیاند. سکرتێری گشتیی حیزب ئینجا گرینگیی ئەم کۆبوونەوەیە لەبەر ڕووناکایی هەلومەرجی هەستیاری ئێستا بەتایبەتی لە پاش مووشەکبارانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و هۆکار و دەرەنجام و ڕەهەندە جۆربەجۆرەکانی ئەم هێرشەی خستەڕوو. لەگەڵ ئەوەشدا، لەسەر پێشنیاری دەفتەری سیاسی و پەسندی کۆمیتەی ناوەندی پلینۆم وێڕای تەرخان کردنی بەشێکی گرینگ لە کارەکانی خۆی بۆ پرسی مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات، دەستووری کاری پلینۆمی هەروەک لە کۆبوونەوە پچڕاوەکەی پێشوودا بڕیاری لەسەر درابوو پەسند کردەوە، و پلینۆم بە پێی هەمان دەستووری کار درێژەی بە کارەکانی خۆی دا.

ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر مووشەکبارانی پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەلایەن سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی و هۆکار و دەرەنجامەکانی ئەم جینایەتە کەموێنەیەی ڕێژیم، هەڵسەنگاندنی پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات بەشێوەیەکی فرەلایەنە ڕەهەندە جۆربەجۆرەکانی ئەم پرسەی لە خۆ گرتبوو کە لەنێو ئەواندا دەکرێ ئیشارە بەم خاڵانەی خوارەوە بکەین:

١- ئەوە کە کۆماری ئیسلامی لە هەلومەرجێکدا کە هەم لەگەڵ ناڕەزایەتیی بێوێنەی خەڵکی ئێران بەرەوڕووە و هەم لەژێر فشارێکی زۆری نێودەوڵەتی دایە، بە لەژێرپێنانی سەروەریی وڵاتێکی دراوسێ و هەموو بنەما و پێوەرە قانوونی و ئەخلاقی و ئینسانییەکان کۆبوونەوەی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی مووشەکباران کرد هۆکاری جۆربەجۆری هەیە. هۆکارەکانی ئەم جینایەتەی کۆماری ئیسلامی کە لە مێژووی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو ڕێژیمە لەگەڵ

هێزە نەیارەکانی لە دەرەوەی سنوورەکانیدا بیۆێنەیە، فرەچەشنە و کۆمەڵێک ڕەهەندی نیزامی و ئەمنیەتی و نێودەوڵەتیشی هەیە، بەتایبەتی ئەوە کە سەرانی ڕێژیم بەم کارەیان ویستیان بەردەواميیان لە یاغیگەری و توانای تێکدەرانە و خراپکارانەشیان لە ناوچەدا نیشان بدەن. بەڵام ئەوەی لەو پێوەندییەدا لە هەموو شتێک بڕیاردەرترە ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە مەترسییەکی جیددی بۆ سەر ئایندەی خۆی دەبینێ و دەزانێ کە خەڵکی کوردستانیش قەڵای دێموکرات وەک هێما و سەمبوولی خۆڕاگریی شۆڕشگێڕانە چاو لێ دەکا. کۆماری ئیسلامی لە ڕابردووشدا چەندین جار لە ڕێگای هەواییەوە هێرشی کردووەتە سەر دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات و پێشتریش هەر لە قەڵای دێموکرات کۆبوونەوەی ڕێبەریی حیزبی ئێمەی بۆمباران کردبوو. لە هەلومەرجی ئێستاشدا ئەوە کە پێش هەموو شتێک حیزبی ئێمەی کردۆتە ئامانجی هێرشی ڕێژیم بە چەکێک کە ئەو ڕێژیمە هەرگیز پێشتر لەدژی هیچ هێزێکی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بەکاری نەبردبوو، ڕەگ و ڕیشەی پتەو و زیندووی حیزبی ئێمە لە نێوخۆی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا و کاریگەریی گوتاری و تەشکیلاتیی حیزبەکەمان لەسەر دەکارخستنی هەرچی زیاتری زەرفیەتی خەباتگێڕانەی خەڵکی کوردستانە. لەڕاستیدا ئەگەر حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ساڵانی ڕابردوودا بووە بە ئامانجی پلە یەکی پیلان و هێرشەکانی کۆماری ئیسلامی، بەدەر لە پاشخانی مێژوویی و نفوز و ئیعتباری حیزب، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە حیزبی ئێمە هەوڵی داوە هەموو شێواز و بەستێنەکانی خەبات لێک گرێ بدا و لەو نێوەشدا هێنانە مەیدانی کۆمەڵانی خەڵک و متمانەبەخۆبوونی ئەوان بۆ خەبات بەدژی کۆماری ئیسلامیی لە ئەولەوییەتی کار و بەرنامەکانی خۆیدا داناوە.

٢- حیزبی ئێمە تەبلیغاتی کۆماری ئیسلامی بۆ پاساودانی ئەو جینایەتە کە بەدژی ئێمەی ئەنجام داوە بەتەواوی بەرپەرچ دەداتەوە و ڕەتی دەکاتەوە. ڕووهەڵماڵاویی کۆماری ئیسلامی لە وەئەستۆگرتنی خێرای ئەو جینایەتە و هەڕەشەکردنی بۆ دووپاتکردنەوەی ئەم جۆرە هێرشانە لەسەر ئیدیعای ڕێژیم سەبارەت بە مەترسیی ئێمە بۆ سەر بەناو ئەمنیەتی میلیی ئێران هەڵچنراوە. لەپێشدا دەبێ بڵێین کە ئەوە خودی کۆماری ئیسلامییە کە بە دروستکردنی خەفەقان و سیاسەتی سەرکوت تەنانەت لە بەرامبەر چالاکانی مەدەنی و خەڵکی بێدیفاعدا، تەواوی ئێران و بەتایبەت کوردستانی نائەمن کردوە. پاشان، حیزبی ئێمە لەگەڵ ئەوەدا کە شانازی بە خۆڕاگریی چەکدارانەی لە بەرامبەر هێرشی ڕێژیم بۆ سەر خاک و خەڵکی کوردستان دەکا و ئێستاش خاوەنی هێزی پێشمەرگەی تۆکمە و بە ئەزموونە، بەڵام هەم لە رابردوودا هەمیشە پشتیوان و خوازیاری چارەسەری سیاسی و ئاشتیخوازانەی پرسی کورد لە ئێراندا بووە، هەم لە هەلومەرجی ئێستادا تەنانەت حزوور و چالاکیی

پێشمەرگەکانیشی زۆرتر بەمەبەستی یارمەتیدان بە لەمەیداندابوونی خەڵک و بەهێزکردنی بەستێنی مەدەنی و جەماوەری بووە. ئێستاش کە کۆماری ئیسلامی بەم چەشنە دڕندانەیە هێرشی کردووەتە سەر دەفتەری سیاسیی حیزب، ئێمە وێڕای دڵنیاکردنەوەی خەڵکی کوردستان لەوە کە هێزی پێشمەرگەی حیزبی ئێمە وەک پێشوو لە مەیدان دایە، ڕادەگەیەنین کە بە پشتبەستن بە پاشخان و فەلسەفەی سیاسیی خەباتی گەلەکەمان، ئەولەویەتی ئێمە دیسان بەهێزکردنی بەستێنی خەباتی مەدەنی و جەماوەری بەدژی کۆماری ئیسلامی و بۆ کۆتاییهێنان بەو ڕێژیمەیە.

٣- مووشەکبارانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ئاستی جۆربەجۆردا شەپۆلێکی بەربلاو لە کاردانەوە و دەنگدانەوەی لێ کەوتەوە. لەو پێوەندییەدا پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی بە پێویستی زانی پێش هەموو شتێک ستایش و دەسخۆشیی خۆی لە بەرامبەر سەرجەم ئەندامانی ڕێبەری و کادر و پێشمەرگە و فەرماندەکانی حیزب لە کوردستان و لە دەرەوەی وڵات و بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدەکانی قەڵای دێموکرات ڕابگەیەنێ کە سەرباری ئەو زەبرە قورسە کە وە پەیکەری حیزب کەوت، بەوپەڕی ورە و مشوورخۆرییەوە لە هەموو ئاستەکاندا قورس و قایم ڕووبەڕووی دۆخەکە بوونەوە و لەو کات و ساتە هەستیار و سەختەدا بە ئیرادە و خۆڕاگری و یەکگرتوویی خۆیان حیزبی دێموکراتیان سەربەرز و ڕاوەستاو ڕاگرت و مستێکی توندیان لە دمی بڕیاردەرانی ئەو جینایەتە وەشاند.

٤- پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی ئەمەگناسیی خۆی لە بەرامبەر هەڵوێست و ئیرادەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕادەگەیەنێ کە جیا لە هەموو ئەو پشتیوانی و هاودەردییە کە لە دە ڕۆژی ڕابردوودا بە شێوەی جۆراوجۆر لەگەڵ حیزبی ئێمەیان دەربڕیوە، بە شێوەیەکی بێوێنە بەپیل بانگەوازی چالاکانی نێوخۆ و حیزبی ئێمە و ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بۆ مانگرتنی گشتی و دەربڕینی ئیعتراز بە مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات و ئێعدامی چالاکانی سیاسی و مەدەنییەوە هاتن. ئەو مانگرتنە گشتییە لە مێژووی نارەزایەتییە جەماوەری و مەدەنییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە چوار دەهەی ڕابردوودا ئەزموونێکی بێ وێنە و شیاوی دەرس لێ وەرگرتنە. کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بەمجۆرە "نا"یەکی بەهێزیان بە کۆماری ئیسلامی گوت کە لە یەک ڕۆژدا چەند کەس لە چالاکانی سیاسی و مەدەنیی لە نێوخۆی وڵات ئێعدام کرد و قەڵای دێموکراتی مووشەکباران کرد. پشتیوانی و هاوپێوەندیی کەموێنەی خەڵکی کوردستان لەگەڵ حیزبی دێموکرات و بزوتنەوەی سیاسیی کوردستان و خاوەنداریی

ئەوان لە قوربانییانی تیرۆر و ئیعدام لەم مانگرتنەدا پێویستە وەک سەرفەسڵێکی تازە لە پەرەپێدانی خەباتی جەماوەری و یەکریزیی کۆمەڵگەی سیاسیی کوردستان کەڵکی لێ وەربگیرێ.

٥- ڕێبەریی حیزبی ئێمە بە پێویستی دەزانێ جارێکی دیکە پڕ بەدڵ سوپاسی دامودەزگا و لایەنەکانی هەرێم و خەڵکی باشووری کوردستان بە تایبەتی لە شاری کۆیەی خۆشەویست بکا کە هەم لە کاتی کارەساتەکەدا لە هەموو ڕوویەکەوە بە هانای حیزبی ئێمەوە هاتن و هەم دواتریش بەردەوام هاودەرد و هاوخەمی ئێمە بوون. هەرلەو کاتەدا لەو باوەڕەداین کە بەلەبەرچاوگرتنی ئەوە کە مووشەکبارانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی ئێمە هاوکات دەستدرێژیشە بۆ سەر سەروەری و جێگیریی عیراق و هەرێمی کوردستان، ئیعترازی توندتر لە بەرامبەر ئەم دەستدرێژییەی ڕێژیمی ئێران و هەنگاونان بۆ پێشگیری لە دووپاتبوونەوەی جینایەتی لەم چەشنە و پاراستنی گیانی تێکۆشەرانی ڕۆژهەڵات و بنەماڵەکانیان بەرپرسایەتیی ئەخلاقی و قانوونیی دەوڵەتی عیراق و حکومەتی هەرێمی کوردستانە.

٦- ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر هێز و لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی هاودەنگیی ئەوان بەتایبەتی لە چوارچێوەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بەدوای ئەم کارەساتەدا بە شتێکی موسبەت و هیوابەخش دەزانێ. بەڵام نیگەرانیی خۆی لەو هەقیقەتە تاڵەش دەربڕی کە تەنانەت پاش ئەم کارەساتە کەم وێنەیەش هەماهەنگی و هاوهەنگاویی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک پێویست نییە و هیندێک لایەن لەسەر تاکڕەوی و تەنانەت بەلاڕێدابردنی واقعیەتی ئەم ڕووداوە بەردەوامن. حیزبی ئێمە وێڕای بەردەوامیی بۆ مایەلەخۆدانان لە پێناو ئەوە کە فەزای زێهنیی ئێستا بۆ یەکگرتوویی نێوماڵی کورد لە ڕۆژهەڵات بپارێزرێ و پەرەی پێ بدرێ، سەرنجی لایەنەکانی دیکە بۆ ئەو زەروورەتە ڕادەکێشێ کە ئەگەر دەمانەوێ لە ئاستی هەستیاریی دۆخەکە و چاوەڕوانیی خەڵکی کوردستاندا بین پێویستە بە بەرپرسایەتی زۆرترەوە بیر لە هەنگاوی زیاتر و راستەقینەتر بۆ یەکگرتنی بەکردەوەی هێزەکانی ڕۆژهەڵات بکەینەوە.

٧- سەبارەت بە هێز و لایەن و کەسایەتییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی، پاش ئەم موشەکبارانە و پاش ئەو هاوپێوەندییە یەکدەستە کە خەڵکی کوردستان لەگەڵ حیزبی ئێمە و بزوتنەوەی سیاسیی کوردستانی نیشان دا، هەم کەسایەتی و لایەنەکانی دۆستی ئێمە لە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیدا هاوخەمی و هاوپێوەندیی خۆیان لەگەڵ ئێمە

دەربڕیوە، هەم بەتایبەتی هێندێک ئاڵوگۆڕی موسبەت لە شێوەی ڕوانینی کۆمەڵگەی سیاسیی ئێران بۆ بزوتنەوەی کوردستان و خەباتی حیزبی ئێمەدا بەدی دەکرێ. بەو حاڵەش بەداخەوە نارەزایەتی دەربڕینی کۆمەڵگەی سیاسیی ئێران لەو جینایەتەی کۆماری ئیسلامی و پشتیوانی و هاوپێوەندیی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لەگەڵ حیزبی ئێمە و خەڵکی کوردستان زۆر لەوە کەمترە کە لە ئاستی جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە ڕۆژی ١٧ ی خەرمانانەدا بێ. بەوحاڵەش حیزبی ئێمە هەروا ئامادەیە کە یارمەتی بە دیالۆگ و لێکتێگەیشتنی بزوتنەوەی سیاسیی کوردستان و کۆمەڵگەی سیاسیی ئێران بکا بۆ ئەوەی هاوپێوەندی و هاوخەباتیی نێوان ئەم دووانە کۆتایی بە سەرەڕۆیی لە ئێراندا بێنێ و ئەلترناتیڤی دڵخواز جێگەی ئەو ڕێژیمە بگرێ. بەڵام ئەو هۆشدارییەش دەدەین کە ئەگەر بێت و ئاستی دەرک و پشتگیریی کۆمەڵگەی سیاسیی ئێران و ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە بزوتنەوەی سیاسیی کوردستان هەر بەو جۆرە بێ کە ئێستا دەیبینین، درز و مەوداکانی نێوان نەتەوەی کورد و کۆمەڵگەی سیاسیی ئێران هەر دێت و زیاتر دەبێ و لە ئاکامدا هەر کۆماری ئیسلامی لە پەرش و بڵاویی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و نایەکگرتوویی پێکهاتەکانی نێو کۆمەڵگەی ئێران قازانج دەکا.

٨- دەنگدانەوە و کاردانەوە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکانی مووشەکبارانی بنکەی سەرەکیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە شتێکی کەمتر دیتراو بوو. پلینۆمی نۆهەمی کۆمیتەی ناوەندی وێڕای دەسخۆشی لەو هەوڵانەی تا ئێستا بەشەکانی پێوەندییەکانی دەرەوەی حیزبی ئێمە داویانە بۆ ئەوەی ئەم جینایەتە لە ئاستی مێدیا و ناوەندە سیاسییە جیهانییەکاندا دەنگدانەوە و دژکردەوەی زۆرتری لێ بکەوێتەوە، هاوڕێیانی پێوەندیدار بەم بوارەی ڕاسپارد کە لە کار و هەوڵەکانی خۆیان بەردەوام بن. لەلایەکی دیکەوە، پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی وێڕای لەبەرچاوبوونی هەموو ئەو هەڵوێستانەی تا ئێستا لە دنیای دەرەوەدا بەتایبەتی لەلایەن دەوڵەتانی خاوەن نفووزی جیهانەوە بۆ مەحکوم کردنی ئەو دەستدرێژییەی کۆماری ئیسلامی گیراون، بەلەبەرچاوگرتنی واقعیەتی دەسەڵات و دەستڕۆیشتوویی لە عیراق بەتایبەتی لە ئاستی ئاسمانیدا، بەرپرسایەتیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەتایبەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ هەڵێنانەوەی هەنگاوی بەکردەوە بەدژی ئەم دەستدرێژییەی کۆماری ئیسلامی و پێشگیری لە دووپاتبوونەوەی جینایەتی لەم چەشنە دەستنیشان کرد.

٩- سەبارەت بە ڕەهەندی ئەمنیەتیی موشەکبارانی قەڵای دێموکرات، کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان وێڕای تاوتوێی چەند و چۆنیی شێوازی کار و تێکۆشانی ڕێبەری و ئۆرگانەکانی حیزب و ڕێبەرایەتیی حیزب لە ڕوانگەی ئەمنیەتییەوە، سەبارەت بە کەموکوڕییەکان ڕەخنەی لە خۆی گرت و هەیئەتێکی تایبەتی بۆ تاوتوێی وردتری ئەم لایەنەی پرسەکە و هەڵگرتنی هەنگاوی پێویست بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی زیاتری پیلانەکانی کۆماری ئیسلامی دیاری کرد.

لە برگەیەکی دیکەی کارەکانی پلینۆمی نۆهەمی کۆمیتەی ناوەندیدا، گەڵاڵەیەک بۆ پێداچوونەوە بە هێندێک پرسی ڕێکخراوەیی و ئەساسنامەیی کە لەلایەن هەیئەتێکی ڕێبەریی حیزبەوە لە بەرەبەری کۆنگرەی حەڤدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا ئامادە کراوە، کەوتە بەر دید و بۆچوونی بەشدارانی پلینۆم. پاش گفتگۆیەکی تێر و تەسەل سەبارەت بە نێوەرۆکی ئەم گەڵاڵەیە، پلینۆم دەفتەری سیاسیی حیزبی ڕاسپارد کە بە لەبەرچاوگرتنی تێبینییەکانی ڕێبەرایەتیی حیزب ئاڵوگۆڕی پێویست لەم گەڵاڵەیەدا پێک بێنێ بە چەشنێک کە باشتر وڵامدەری پێویستییەکانی کار و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات لە قۆناغی ئێستادا بێ.

دوایین برگەی نۆهەمین کۆمیتەی ناوەندی تایبەت بوو بە دیاریکردنی کۆمیتەی ئامادەکردنی کۆنگرەی حەڤدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان. لەو بەشەشدا دەفتەری سیاسی هەیئەتێکی بۆ ئەم مەبەستە بە کۆمیتەی ناوەندی پێشنیار کرد و کۆمیتەی ناوەندییش پێکهاتەی هەیئەتەکەی وەک خۆی پەسند کرد.

بەم جۆرە پاش چەندین سەعات کاری چڕ و پڕ، پلینۆمی نۆهەمی کۆمیتەی ناوەندی بە سەرکەوتووییەوە کۆتایی پێ هات و بەشدارانی پلینۆم شێلگیرتر و سوورتر لە هەر کاتێک بۆ درێژەدانی ڕێبازی هاوڕێ و هاوکارە شەهیدەکانیان و بە ئیمان بە سەرکەوتنی خەباتی ڕەوای حیزبی دێموکرات و خەڵکی کوردستان گەڕانەوە شوێنی کار و تێکۆشانی خۆیان.

سڵاو لە شەهیدانی ١٧ی خەرمانانی قەڵای دێموکرات!

سەرکەوتن بۆ خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستان و خەڵکی کوردستان!

ڕیسوایی و نەمان بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران!

حیزبی دێموکراتی کوردستان

دەفتەری سیاسی ٢٩ی خەرمانانی ١٣٩٧ (٢٠ی سێپتامبری ٢٠١٨)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ٢٠ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

## ئەو ڕۆژەی "پێشەوا"م ناسی...



**قادر وریا**

خەرمانانی ٢ ساڵ لەمەوبەر، بۆ دیتنی دۆستانێکی نێوخۆ لە گەڵ چەند هاوڕێیەک چوومە سەرسنوور. لە گەڕانەوەدا پێم خۆش بوو لە بنکەی پێشمەرگەکانی سەرسنوور لە داوێنی هەڵگورد، لادەم و ١-٢ سەعات لە لایان بمێنمەوە و هەواڵیان بپرسم. هەر وا لە تەنیشت بنکەکەیان لە گەڵیان کۆ بوومەوە. لاوێکی پێشمەرگە، کە لەوانی دیکە کەمتەمەنترم هاتە بەرچاو، هەودای قسەکانی لەوانی دیکە وەرگرت. هەتا پتر قسەی دەکرد زیاتر منی سەرسامی خۆی دەکرد. کەم و کوڕییەکانی بنکە و کێشە و گرفتی هەڵسووڕانی شەووڕۆژیان لەو سەر سنوورە و

ڕەخنەی لە بەڕێوەبەریتی کاروباری ڕۆژانەیان و، پێشنیارەکانی بۆ باشتربەڕێوەچوونی ئەرکەکانیان لە سەر سنوور، ئەوەندە ژیرانە و ڕاشکاوانە و ڕێکوپێک، لەوپەڕی ڕاستوێژی و دڵسۆزیدا باس دەکرد، کە بە خۆم نەبوو دەفتەر و قەڵەمەکەم لە جانتا دەستییەکەم دەرهێنا بۆ ئەوەی یادداشتیان بکەم و هیچیانم لە بیر نەچێ و بە ئەمانەتەوە بیانگەیەنمە ئۆرگانی پێوەندیدار. کەمێکیش ئەو قسەیەیم لە دڵ گران هات کە وتی: "بەپرسانی دیکەش هاتوون و گوێیان لە قسەکانیشمان گرتوە، بەڵام گرفتەکانمان هەر وا لە جێی خۆیان دان! دەزانم ئەو جاریش هەر وا دەبێ."

گوتم ناوت چیە؟ هاوڕێیانی کە وا دیار بوو وەک نوێنەر و وتەبێژی خۆیان سەیریان دەکرد، زووتر لە خۆی وەدەست هاتن و وتیان: "پێشەوا". پرسیاری ئەوەشم کرد کە لە کەیەوە پێشمەرگەیە ؟ ئەو کات ماوەکەی پێ گوتم کە ئیستا لە بیرم نیە. بەڵام دیسان بەلامەوە سەرنجڕاکێش بوو کە بەو ماوە کەمە، بووە بەو پێشمەرگە باشە. ڕاستییەکەی دەتگوت لە گەڵ کادرێکی بە ئەزموون و ئاگا بەرەوڕووم. لە خۆم ناڕەحەت بووم کە زووتر نەمناسیوە. کە لەو سەفەرە گەڕامەوە بەیانییەکەی یەکڕاست چوومە کۆمیسیۆنی سیاسی- نیزامی بۆ ئەوەی قسەکانی پێشەوا کە قسەی هاوڕێ و هاوکارەکانیشی بوو بە ئەمانەتەوە بگەیەنم و بە نۆرەی خۆشم پێیان لە سەر دابگرمەوە.

١-٢ حەوتوو دواتر "پێشەوا"م لە "قەڵا" دیتەوە. دوای چاکوخۆشی، گوتم من بەد قەولیم نەکرد و هەر وەک وەعدم دابوو ڕەخنە و پێشنیارەکانی ئێوەم گەیاند. جا نازانم هەتا ئێستا نەتیجەیان هەبووە یان نا؟ زۆر خۆشحاڵ بووم کە گوتی بەڵێ، بەشێکیان چارەسەر کردوە. گوتم تەنانەت داوای گۆڕینی چەک و ڕەختەکەشتم پێ گەیاندن. پێکەنی و وتی بۆیان گۆڕیوم.

"پێشەوا یەک لەو پێشمەرگە لاوانە بوو کە ئەگەر چی تەمەنی پێشمەرگایەتییان کەم بوو، بەڵام لە ڕووی هەستکردن بە بەرپرسایەتی، ماندوویینەناسی و دڵسۆزی لە ئاست حیزب و هاوسەنگەرانیان، دەبوو لە مێژینەکانیش لێیان فێر بن. من کاتی تەقینەوە تیرۆریستییەکەی شەوی یەلدا، ئەوەم بە چاوی خۆم لێ دیتن. پێشەوا و چەندین پێشمەرگەی لاو، ئەو شەوە و بەیانییەکەی و ڕۆژانی دواتر، بە ڕەفتار و کردەوەی بەرپرسانە و جوانیان، خەمی شەهیدەکانی ئەو کارەساتەیان لە سەر دڵی سووک کردین. دیارە چەند کەسێکیان هەر ئەو شەوە

بوونە قوربانیی ئەو دلسۆزی و ئەرکناسییە مێرانەیان و، لە خۆگەیاندنە شوێنی تەقینەوەی یەکەم دا گیانیان بەخت کرد.

دوای شەوی یەلدای خوێناوی و لە ڕەوتی کارو چالاکییەکانی دواتردا، هیوا و دڵخۆشیی مەمانان بەو پێشمەرگە لاوانە زۆر زیاتر ببوو. لە داهاتووی زۆریان دا، کادر و فەرماندە و بەڕێوەبەرێکی لێهاتوومان بەدی دەکرد.بە هەڵەش نەچووبووین و لە مەیدانی کردەوە دا ڕۆژبەڕۆژ پێگەیشتوویی زیاترمان لێ دیتن. ئەوا ئەمجاریش بە داخەوە ڕەشەبای مەرگ و دێوەزمەی تاوان و تیرۆر، لە گەڵ کۆمەڵێک سەرکردە و تێکۆشەری دێرین، سێ لەو لاوانە، پێشەوا سەید عومەر ، جەماڵ ئەکبەری و مەنسوور ئەکبەری پووری لێ ستاندین کە داخی لە دەستدانی هەر هەموویان و یەک بە یەکیان، زۆر قورسە. ئەوەندە هەیە کە حیزبی دیموکراتی کوردستان قوتابخانەی نەبڕانەوەی "پێشەوا"کان و پێگەیاندنی "پێشەوا"کان و ڕووگەی پێشەوادۆستانە. ئەگەر پێشەوا و جەماڵ و مەنسوور بە جێیان هێشتووین، هاوڕێ و هاوسەنگەرانیان لە سەر ڕێگاکەیان بەردەوامن و بەردەوام پێیانەوە زیاد دەبێ.

------------

لە دوای یەکەم ناسینی "پێشەوا" و بە شوێن ناسینی ئەوانی دیکە لە شەوی یەلداوە ، هەتا کامێرای وێنەگرتنم پێ با و تووشی "پێشەوا" و ئەو نەسلە نوێیەی پێشمەرگەکان هاتبام، ئەگەر گونجابا چەند وێنەیەکم لێ دەگرتن. لە سەر دڵم داخە کە نەمتوانیوە لە کاتی خۆی دا هەمووان بۆ "پێشەوا" بنێرمەوە. بەڵام ئەمڕۆ هەڵبژاردەیەکیان هەر دەخەمە بەر چاوی پێشەوادۆستان ، بۆ ئەوەی لە گەڵ ئەم نووسینە دا، هاندەرێک بن بۆ بەرزراگرتنی یادی "پێشەوا" و هەموو ئەو پێشمەرگە هەڵکەوتانەی بە داخەوە زوو شەهید بوون.

یادیان بەڕێز و ڕێگای پڕ سەروەریان تا ڕزگاریی نەتەوەکەیان بەردەوام.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ٢٠ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

# سپاس و پێزانین



**خالید وەنەوشە**

**هاوڕێ خۆشەویستەکانم، دۆست و ناسیارانی بەڕێزم، خوشک وبرائازیزەکانم، خەڵکی بەشەڕەف و ئەمەگناسی کوردستانی لە خۆین داشەلاڵم.**

**نیزیک بە چل ساڵ بەربەرەکانی لە گەڵ دڕندەترین نیزامی ئاخوندی سەردەم کە توونی خۆینی مرۆڤە؟ بۆبەدەستهێنانی ماڤەبەرحەقەکەمان لەخەبات و تێکۆشان داین.**

**هەروەک هەموودونیا شاهیدی جنایەتی ڕۆژی ١٧ی خەرمانانی١٣٩٧ی هەتاوی،بەرامبەری ٨ی سپتامبەری٢٠١٨ی میلادی لە قەڵای مێران،قەڵای دێمۆکرات لە دەشتی کۆیە هەیە، کە کەوتە بەر زیرەکترین مووشەکەکانی ڕیژیمی دژە مرۆڤ و بوو بە هۆکاری لە دەستدانی چاردە هاوڕێ خۆشەویست و زەحمەتکێش و شۆڕشگێری ڕۆژانی سەختی خەباتی پێشمەرگانە کە بە بێ تاوانانە شەهیدکران، و یەکیک لە ئەو شەهیدە خۆشەویستانە هاوڕێ کارسازی هاوسەری کچە شیرینەکەم شەوبۆ وەنەوشە بوو، کوڕی ماڵ و هاوڕێ پێشمەرگایەتیم و یاری هەموو کات و ساتەکانی ڕۆژانەم بوو، و شەوبۆی هاوسەریشی لە ئەو موشەکبارانە سامناکەدا بە سەختی زامدار بۆە و لەچارەسەری بەردەوامدایە و ئینشاالله ساغیو و سەلامەتی بۆ دەگەڕێتەوە. وەنەوشە کارسازیش گلێنەی چاوی هەموومانە.**

بەئەو بۆنەوە لەخەڵکی بەشەرەفی کوردستانی ڕۆژهەلات وخەڵکی شاری کۆیەودەورووبەری وتێکڕایی هاوڕێ و هاوبیرەکانم وله دۆست و ناسیارانم چ ئەوانەی بەسەردان و بەسەرکردنەویان وچ ئەوانەی له ڕیگای تەلەفون ویا وسیلەکانی پیوەندیگرتن هاوخەممان بوون و سۆزی وەفادارییان لە گەڵ دەربڕیویین، و ڕاستیک هەیە، دەبێت بوترێت مانگرتنی سەرتاسەری خەڵکی پشت وپەنای دیمۆکرات لە ڕۆژهەلاتی کوردستان لە چوارشەممەی ڕابردوو کەگرڤەی مووشەکەکانیان بەقورکی دوژمن لە تاران دا کردوە؟ و باری قورسی ئەو خەمە هەژێنەرەیان لەسەر شانمان سووک کردن و ئارامیکیان بەڕووحمانداکردەوە هەربۆیە هێزو ورەیکی زۆریان پێ بەخشینەوە و جەسوورتریان کردینەوە کەلەجاران باشتر دریژەدەری ڕێگای بەرحەقی شەهیدانی ١٧ی خەرمانان و هەموو شەهیدانی کوردستان بین، تا ئەویکە مەشغەڵی سەرکەوتن تا ترۆپکی سەرکەوتن بەئامانج دەگەینین وله ئەوپێناوەدا لە لایان بنەماڵەکانی هاوڕێ کارساز و وەنەوشە و قادری و زندی پڕ بە دڵ سپاسی بێ پایانی خۆمان بۆ هەموو ئیوە ئازیزان و خۆشەویستانی نیشتمانەکەم دەڵیم و ئاوات و ئارەزووی سلامەتی بۆ هەموولایکتان داواکارین.

تیبینی: بەداوای لیبوردن لە هەمووئەو ئازیزو خۆشەویستانەی کە لە ڕیگای دوورەوە بە پەیام و پیوەندی تەلەفونی پیوەندیان گرتوە و نەمانتوانیوە وەلامیان بدەینەوە، و بەگەورەیی خۆیان بمانبخشن و ئەوەشیان لی قەبووڵ دەکەیین کە هاوخەم و هاو سۆزمان بوونە.

لە هەمووی گرینگتر دڕێژەدانی ڕیگا و ڕێبازی شەهیدانی کوردستانە

پێ ناوێ بۆ شەهیدی وەتەن شیوەن و گرین، نامرن ئەوانە وا لە دڵی میللەتا ئەژیین .

بەسپاسەوە خالیدوەنەوشە ٢٩ ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ٢٠ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

# هەیبەتی پێشمەرگانەی بۆ ساتێک لە بەرچاوم ون نابێ




**قادر وریا**

گنجەکانی دەموچاوی مامە قالە(قالە ڕیشە) یا کاک قادرعیززەتی، شوێنەواری ئەزیەتی ڕۆژگار و چەرمەسەریی ژیانی کوردی بێبەش بوون. ورە بەرزی و خۆڕاگرییەکەی، ڕیشەیان لە هەناوی چل ساڵ تێکۆشان و پێشمەرگایەتیەکەی دابوو. لە مەتەریزی پارێزگاری لە نیشتمان و حیزبەکەی، هەر بە ڕیتمی سەرچۆپی گرتنەکانی، بزە و هیوا و گەرمایی دەدا بە کەسانی دەوروبەری. بزە و قاقا هەمیشەییەکانیشی هی گاڵتەکردنی بوون بە مەرگ، بە عەقڵی دوژمنانی داگیرکەر و دڕندە کە پێیان وایە سەرئەنجام کورد بە چۆک دادێنن و خۆیان بۆ هەمیشە دەمێننەوە. سادەیی و قەناعەت وخۆمانەبوونەکەشی، لە هی کەس نەدەچوو لە هی خۆی نەبێ. هەر ئەو بوو کە دەیتوانی هەژاریی ژیانی پێشمەرگانەی بە بزەیەکی پڕلە مێهرەبانی بۆ هاوسەر ومنداڵەکانی و بە ورەیەکی پڕلە هیوا بە داهاتوو تێپەڕێنێ و، لاوەکان بە هەڵسوکەوتی خۆی فێر بکا کە ڕێبواری ئەم ڕێگا سەخت بەڵام پڕلە شانازی و قوربانیدانە، دەبێ کۆڵنەدان و ناهومیدی نەناسێ. دەڵێی قەدەر دەیزانی توانای بەربەرەکانیی لە گەڵ ئازار و برینی لە وانی دیکە زیاترە بۆیە بۆ١٢ ڕۆژ شەڕی مان و نەمان لە گەڵ مردن ئەوی هەڵبژارد!

مامە قالە! هەموو بەیانی و ئێواران بیرت دەکەم . لە قەڵا، لە ئازادی ، لە هەڵگورد، هەیبەتی پێشمەرگانەت بۆ ساتێک لە بەرچاوم ون نابێ. دڵنیام ئەگەر ڕۆژێک هاونیشتمانانت کوردستانەکەیان ئازاد بێ و بیانەوێ لە دەم زرێبار، یا لە ناوەندی شاری مەریوان پەیکەرێک بۆ پێشمەرگە دابنێن، دڵیان نایە ئەم سیما و هەیبەتە پێشمەرگانەیەت ، وەک سەمبول بۆ داتاشینی پەیکەری پێشمەرگە، ببوێرن.

٢٠ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ٢٠ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

## وتاری نیکی هێلی باڵویزی ئەمریکا لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان




**وەرگێر: مەحمەد خادمیانی**

بەڕێز ملادینۆڤ زۆر سپاس بۆ ئەو باسە کورتەت

زۆر بە سۆزەوە گوێم بۆ ووتاری هاوکارەکانم ڕاگرت. بە باوەڕی من هەمیشە لە باس و لێدوانەکان سەبارەت بە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بە ناحەق و لەرادەبەدەر تیشک دەخرێتە سەر ئیسرائیل، بەڵام ئەمڕۆ من دەمهەوێ هەنگاوێک

بچمە پێشتر. شەری فەلەستین و ئیسرائیل زۆر جیدی و گرینگە و شایانی ئەوەیە لەو ئەنجومەنە باسی بکرێت. بەڵام ئەگەر تاکە وڵاتێک کە سەرچاوەی شەر و ناساقامگیریە لە رۆژهەڵاتی ناوەراست، وڵاتێک کە شایانی ئەوەیە کە لە هەر سێ مانگ جارێکی دانیشتنی ئەنجومەنی ئاسایش باسی بکرێت ئەوە ئیسرائیل نیە بەڵکوو ئێرانە.

زیاتر لە ٤٠ ساڵە رژیمی ئێران بە دژی هەموو بنەما یاساکانی کۆمەڵگای نێونەتەوەییە. لە هەموو شەرکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست جێی پەنجەی رژیمی ئێران دەبیندرێت.

رژیمی ئێران پشگیری ئەو دیکتاتۆرانە دەکات کە هاووڵاتیانی خۆیان بە چەکی ناوەکی دەکوژن. ئەوان شەر هەڵدەگیرسنن، یارمەتی ماڵی تیرۆریست و چەکدارانی وڵاتانی دیکە دەدەن. چەک و موشەک دەدەنە میلیشیاکان. بەردەوام دەگەڵ بەرژەوەندی و سیاسەتەکانی ئەنجومەنی ئاسایش بە کردەوە دژایەتی دەکەن. لە سەراسەری رۆژهەڵاتی ناوەراست، لە لوبنان، لە سوریە، لە یەمەن، سەربەخۆیی وڵاتانی دراوسێی لە ژێر پێ دەنێت. هەروەها رژیمی ئێران نیشانی داوە کە ئەوپەری بێرێزی بە سەربەوخۆیی وڵاتی عێراق دەکات کە لە باروخێکی ئەستەمدا، هەوڵی پێشخستنی پرۆسەی سیاسی دەدەن.

رێبەرانی ئێران  هەول دەدەن نێزیکی و لایەنگری ئایینی بکەنە بیانوویەک بۆ دەستێوەردانی وڵاتانی دیکە. ئەوان دەیان هەوێ وا ئیدعا بکەن کە گوایە بۆ دەست تێوەردان لە کاروباری وڵاتانی دیکە بانگهێشت کراون. بەڵام بە پێچەوانەی ئەو ئیدعایە هۆی سەرەکی دەستێوەردانی مەلاکان ئەوەیە کە ئەوان تینووی دەسەڵاتن. سەبارەت بە عێراق،  ئامانجی سەرەکی ئەوان نانەوەی ناسەقامگیری و نارۆونیە بە مەبەستی دروستکردنی دەروازەیێکی کونترۆلکراو بۆ ناردنی چەک و شەرکەر لە تارانەوە بۆ مەدیتەرانە.

لەو مانگەدا کردوە دوژمنکارانەکەی ئێران زیادی کردوە. گرووپە بریکاران یا نیابەتیەکانی  ئێران لە ئێراق بە ئاشکرا بە پارە و  راهێنان و چەکی ئێران، کردەوەی تیرۆریستی دەکەن. لە چەند مانگی رابردوو ئاشکرا بووە کە ئێران چەک و مووشەکی بۆ ئەو گرووپە بریکارانە لە عێراق رەوانە کردووە. بەردەوام خەریکی پەرەپێدانی توانایی ئەو میلیشیا بریکارانەیە کە بتوانن مووشەک لە ناو خاکی عێراق دروست بکەن.

لەوماوەیەدا رژێمی ئیران لەوپەری دەستریژی بە سەروەری خاکی عێراق چەندین مووشەکی لە ئیرانەوە هەڵداونە ناو خاکی عێراق. ئێران هێرشی کردۆتە سەر بنکەی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان (Kurdistan Democratic Party of Iran) و ١١ کەسی کوشتوون. رژێمی ئێران بۆ خۆی ئەو هێرشەی ئەنجامداوە نە گرووپە بریکارەکانی. لە دەساڵی رابردوو ئەوە یەکەم هێرشی سەربازی راستەوخۆی ئێرانە لە ناو خاکی ئێراق دا. ئەو هێرش و دەستێوەردانە لە سەروەری خاکی عێراق بە دژی بریاری ئەنجومەنی ئاسایشە و ئەنجومەن دەبێ هەوڵوێستی هەبێت.

سلێمانی فەرماندە و بەرپرسی سپای قودسی ئێران هەوڵی دەستێوەردان وکارتێکردنی لە دروست کردن حکومەتی نووێی عێراقی هەیە. وەبیر هاوکارەکانم هێنایەوە کە بە پێ بریاری ئەنجومەنی ئاسایش لە ساڵی ٧ ٢٠١ سەفەر کردنی سلێمانی بۆ دەرەوەی ئێران قەدەغەیە. ئەو بریارە دوبارە پەسەندکراوی بریاری ئەنجومەنی ئاسایشە لە ساڵی ٢٠١٥ دا. بێ لە بەرچاو گرتنی ئەو بریار ئاشکرایەی قەدەغەکردنی سەفەر سلێمانی ، ناوبراو لە دوای هەڵبژارتنی مانگی ٥، بەردەوام سەردانی شارەکانی عیراق دەکات. ئەو بابەتە لە نوێترین ریپۆرتی جێبەجێکاری ژمارە ٢٢٣١ی سکرتێری گشتی باسی لێوەکراوە. با بزانین کە سلێمانی خەریکی چییە لە عراق. ناوبراو بۆ دروست کردنی حکومەتێکی بەرپرسیار و وەڵامدەری خەڵکی عێراق نەچۆتە بەغدا بەڵکوو ئەو دەیهەوێ حکومەتێک لە بەغدا دروست بکا کە لە ژێر کۆنترۆڵ و چاوەدێری ئێران دابێت.

ئێران، عێراق وەکوو وڵاتێکی سەربوخۆ سەیر ناکات بەڵکوو عێراق وەک رێگەیێک بۆ گوازتنەوەی چەک و ناوەندێک بۆ راهێنانی گروپە بریکار و نیابەتیەکان دەبینێ. هەرچەند عێراق خاوەنی سەرچاوە و سامانی خۆیەتی بەڵام ئێران دەیهەوێ ئابووری عێراق لاواز بکات و گرێدراوی کات بە شارەزاکانی خۆی بۆ؟.

چونکە ئێران دەیهەوێ لە رێگەی عێراقێکی لاواز پارە نایاسایەکانی خۆی بۆ کردەوە تیرۆریستیەکان بکار بێنێت.

ئێرانیەکان توند و تیژێکی دیکەیان بە تایبەت بە دژی ئەمریکایەکان ئەنجام داوە. دوو هەفتە لەمەوبەر ، دوو گروپی بریکاری ئێران مووشەکیان هاویشتۆتە سەفارەتی ئەمریکا لە بەغدا و کونسولی ئەمریکا لە بەسرە. کەڵک وەرگرتن لە گروپە بریکارەکان لە عێراق و هێرشی ئاوا ناتوانێ رژێمی ئێران بێ بەری بکات. دەوڵەتی ترامپ نە

ئەورۆ و نە لە داهاتوودا ئەوە قەبول ناکات. ئێران دەیتوانی ڕێگری لەو هێرشەی بریکاران بکات بەڵام ئەو کارەیان نەکرد بۆیە کۆشکی سپی لە وەڵامدا بە توندی هەرشەی لە ئێران کرد. ئێمە ڕژێمی ئێران سەبارەت بە هەر هێرشێکی گروپە بریکارەکان بۆ بینا و کارمەندکانمان بە بەرپرسیار دەزانین. ئێمە بەدڵنیایەوە زۆر بە هێزەوە پارێزگاری لە ژیانی ئەمریکایەکان دەکەیین. ڕاگرتنی سەروەری ئەندامانی نەتەوە یەکگرتووەکان هەمیشە بابەتی گرینگی باس کردن لە ئەنجومەنی ئاسایس بووە. هەموو نەتەوەکان مافی سەروەری و خۆبەڕێوەبەریان هەیە. مافی پاراستنی خەڵک و خاک و سنوەرکانی خۆیان هەیە. وەک هەموو وڵاتانی تر عێراق ئەو مافانەی هەیە. بەداخەو تاکوو ئەورۆ و لە هەستیارترین کاتەکانی مێژووی کە عێراقیەکان دەیانهەوێ دەوڵەتی خۆیان پێکبێنن، ئێران بێشەرمانە بێرێزی بە سەروەری عێراق دەکات. ئەوە هەرەشە کردنە لە جەماوەر بۆ پێشخستنی ڕێبەرانی سیاسی خۆیان. قورخکردنی حکومەت بۆ کەڵکوەرگرتن لە هێزی سەربازی و پێشخستنی میلیشیاکانی خۆیان ، دابەزاندنی خاڵی سەرکەی سەروەری وڵاتە.


وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ یارمەتیدان بۆ دروست کردنی حکومەتێکی سەربەخۆ بۆ هەموو پێکهاتەکان لە عێراق دا خۆی بەرپرسیار دەزانێ.عێراق لە هەوڵی بوژانەوە و دروستکردنەوەی دوبارە دوای شەری داعەش و ئێستاش خەریکی سرینەوە و سەرکەوتنە بەسەر میرات و مێژووی ستمکاری سەدام حوسێن دا.

دەستێوەردانی ڕژێمی ئێران نەک هەر ڕێگری لە پێشکەوتنی خەڵکی عیراق دەکات بەڵکوو ئەوان دەگرێنێتەوە بۆ شەر و دووبەرەکی. ئەوە هەمان شەر و دووبەرەکیەیە کە ئێران لە سوریە و یەمەن و لوبنان و سەرتاسەری ڕۆژهەڵاتی ناوەراست بەرێوەی دەبات.

هەموو ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایش کە ڕێز لە پرێنسیپی سەروەری وڵاتان دەگرن دەبێ دڵگران بن. هەروەها هەموو ئەوانەی ڕێز لە مافی خۆبەڕێوبەری خەڵکی عراق دەگرن دەبێ بێن بۆ پارێزگاری کردنی ئەوان.

سەرچاوە:ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ٢٠ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

## ئەگەر گوڵ بان



ئەگەر گوڵ بان
رەنگە بەسەر سینگی کچێکی شۆخەوە بان
تا سیس دەبوون،چەند جارێ بۆنی دەکردن،لە دواییدا فرێی دەدان
یان ئەوەتا،بەسەر لاسکە سەوزەکەی خۆتانەوە
بۆ چەند رۆژێ وەک ئەستێرە دادەگیرسان
لە دواییدا،بە سەر گەڵا و رەگەکانتان هەڵدەپرووکان،
بەڵام خۆشەویستان،خۆ ئێوە گوڵ نین ئیوە شەهیدن
نە سیس دەبن نە دەشوەرن
ئێوە وەک خوێن و خۆشەویستی و ئازادی وان
لە ناو دڵی پر ئومێدی هەموومان دان.

### سوپاس و پێزانین.

خەڵکی خەباتگێر و ئەمەگناسی کوردستان،دۆستان،هاورێیان،خزم و کەسوکاری ئازیز.پێویستە سوپاس و پێزانینی خۆمان ئراستەی ئێوەی خۆشەویست بکەین کە لە هەڵگرتنی ئەو خەم و کارەساتە دڵتەزێنەدا هاوخەممان بوون و

به شێوەی جۆراوجۆر و بە بەشداری لە کۆری پرسە و ماتەم لە دەرەوی وڵات و هەروەها و بە تایبەتی لە ناوخۆی وڵات و یا بە تەلەفۆن کردن و پەیام ناردن هاودەردیتان لەگەڵ کردین.زۆر زەحمەتە بتوانین بەو چەند دێر و وشەیە سوپاسی خۆمان پێشکەش بە ئێوە بکەین،هیوادارین لێمانی قەبووڵ بکەن و لە هەمان کات دا داوای لێبوردن دەکەین کە بە هۆی زیادبوونی پەیامەکان نەمانتوانی جوابی یەک بە یەکی ئێوەی بەرێز بە شێوەی پێویست بدەینەوە.ساخی و سەلامەتی ئێوە ئاواتمانە و هیوادارین ئێمە بتوانین لە شادی ئێوە دا بەشدار بین.جارێکی دیکە سوپاس بۆ گەلی هەمیشە زیندووی کورد و هەموو ئێوەی نیشتمان پەروەر.

لە لایەن بنەماڵەکانی حەداد و حەسەنپوور

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ٢٠ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

## ١٧ی خەرمانان و ١٧ی سێپتامبر دوو "شاکار"ی دەستی تاوان



### ئاوات

٢٦ ساڵ لەمەوبەر لە ١٧ی سێپتامبری ١٩٩٢دا ڕێژیمی تاریکپەرستی کۆماری ئیسلامی لە شاری بێرلێنی ئەڵمان و لە نێوجەرگەی ئورووپای "لانکی ئازادی"دا تاوانێکی سامناکی دەرهەقی حیزبی دێموکڕات بەڕێوە برد. لەوڕۆژەدا تێرۆریستە پیاوکوژەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران دوکتۆر سادق شەرەفکەندی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتیان

دەگەڵ دوو لە هاوڕێیانی کاک فەتاحی عەبدولی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و نوێنەری حیزب لە ئورووپا، و کاک هومایوونی ئەردەڵان، نوێنەری حیزب لە ئەڵمان و تێکۆشەرێکی ئێرانیی دۆستی حیزب بە ناوی "نووری دێهکۆردی" دایە بەر ڕەهێڵەی گوللەی غەدر و تاوان و شەهیدیان کردن.

ئەمساڵیش لە بەرەبەری یادی ٢٦ ساڵەی کوشتاری بێرلیندا ڕێژیمی جەور و جینایەت کارەساتێکی گەورەتری خوڵقاند. لە ڕۆژی ١٧ی خەرماناندا بە مووشەکبارانی بنکەی ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە دەیان کادر و پێشمەرگەی دێموکڕاتی شەهید و بریندار کرد کە لەنێو شەهیدەکاندا شەش ئەندامی ڕێبەریی حیزب دەبینرێن. جێی سەرنجە ڕێژیمی پیاوکوژان هەروەک لە ساڵی ١٣٥٨دا ڕاست ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژ ساڵوەگەڕی کۆدیتا شوومەکەی ڕێژیمی حەمەڕەزاشای بۆ دەرکردنی فەرمانی کوشتاری بە کۆمەڵی خەڵکی کوردستان هەڵبژارد، ئەمساڵیش بۆ بەڕێوەبردنی ئەم کردەوە پڕشوورەییە، ١٧ی خەرمانان ساڵوەگەڕی کوشتاری ڕێژیمی شا لە مەیدانی ژاڵەی تارانی بەگونجاو زانی تا کەس پێی وا نەبێ ڕێژیمی شاهەنشاهی بێ -پاشەوارە و دنیا بزانێ کە کۆماری ئیسلامی لە تاوان و خوێنڕێژیدا دەستی ڕێژیمی پێشووی لەپشتەوەڕا بەستووە.

شایانی باسە کە پیاوکوژە خوێنمژەکانی حاکم بەسەر ئێراندا هەر ئەم ڕۆژەیان بۆ بەڕێوەبردنی حوکمی ئیعدامی ڕامین حوسێن-پەناهی و زانیار و لوقمان مورادی، سێ زیندانیی سیاسیی کورد بە دەرفەتێکی گونجاو زانی تا سیناریۆی دڕندەیی و دژەمرۆیی هیچ کەموکوڕییەکی نەمێنێ.

حاشا لەوە ناکرێ کە جینایەتی سامناکی ١٧ی خەرمانانی ئەمساڵ نەک- هەر زەبرێکی بەژان لە پەیکەری حیزبی دێموکڕات بوو، بەڵکوو ویژدانی بەکۆمەڵی هەموو نەتەوەی کورد و تەنانەت خەڵکی ئێران و بیروڕای گشتیی جیهانیشی هەژاند، بەڵام حیزبی دێموکڕاتی قاڵبووی مەیدانی خەبات دژی سەرەڕۆیی و کۆنەپەرستی و لەویش زیاتر خەڵکی هەمیشە قارەمانی کوردستان نیشانیان دا کە دارێک نین بەو بایانە بلەرن و تاوان هەرچەندی سامناکتر بێ ڕقی پیرۆز و هەستی تۆڵەی گونجاو لە دڵی ئەواندا پتر دەبزوێنێ. ئەگەرچی هەقی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری تەنیا بە وەدیهاتنی ئاواتەکانیان وەردەگیرێ، بەڵام ئەوەی خەڵکی کوردستان لە ڕۆژی چوار شەممە ٢١ی خەرمانانی ئەمساڵدا لە خۆیان نیشان دا جوابێکی پڕبەپێست بۆ هەموو ئەو گەمژە و نەزانانەبوو کە پێیان وایە بە جورم و جینایەت دەتوانن کورد ناچار بکەن واز لە داوای ماف و ئازادییە ڕەواکانی خۆی بێنێ.

جینایەتی ١٧ی خەرمانانی ئەمساڵ دەگەڵ هەموو بەژانی و کارەساتباریی خۆی، تاوانی ١٧ی سێپتامبری ١٩٩٢ی ڕێستورانی میکۆنووسی بێرلین لە بیر تێکۆشەرانی دێموکرات و کۆمەڵانی هەمیشە سەربەرزی خەڵکی کوردستان ناباتەوە، چونکە ئەوان تێ دەکۆشن هەموو غەمەکانیان بکەنە گڕ بۆ ئاورتێبەردانی تەخت- و بەختی ستەمکاران و هەموو فرمێسکەکانیان بکەنە لافاو بۆ ڕماندن و ڕامالینی کۆشکی زۆرداران.

بەڵێ، شەهیدکرانی دوکتۆر شەرەفکەندی و هاوڕێکانی، بەتایبەتی لەبەر ئەوەی هێشتا برینی شەهیدبوونی ڕێبەری هەڵکەوتەی کورد دوکتۆر قاسملوو و هاوڕێکانی لەسەر جەستەی حیزبی دێموکرات و نەتەوەی کورد بەتەواوی سارێژ نەببۆوە کە ئەو کۆستەی بەدوادا هات، کارەساتێکی دڵتەزێن و زەبرێکی ناخهەژێن بوو. (دەزانین کە ماوەی نێوان تێرۆری ئەو دوو ڕێبەرە تەنیا سێ ساڵ و دوو مانگ و چوار ڕۆژ بوو)، بەڵام گەلی قارەمانپەروەری کورد و ڕێبەری کاریزمای دێموکرات تێکۆشەرانی ڕێگای ڕزگارییان وا ڕاهیناوە کە بەرگەی زەبری زۆر قورس بگرن و کارەسات هەرچەند جەرگبڕیش بێ، ئیرادەیان نەڕووخێنێ.

دوکتۆر شەرەفکەندی ئەو ڕێبەرە بەتوانایەی دێموکرات و ئەو قوتابییە بەوەفایەی دوکتۆر قاسملوو بوو کە دەگەڵ ئەوەی نەمانی قاسملوو کەلێنەکەی پێش هەمووان لە ژیانی سیاسی و خەباتگێڕانەی ئەودا خۆی دەردەخست، بەجۆرێک ئەرکەکانی ڕێبەری لەدەستچووی گرتنە دەست و بەڕێوەی بردن کە نە دۆست نە دوژمن نەبوونی دوکتۆر قاسملوو بە حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازنەی کوردی ئێرانەوە کە بە یەکێک لە دژوارترین قۆناخەکانی-دا تێدەپەڕی، نە-بینن وهەستی پێ نەکەن.

لێرەدا وەبیرهێنانەوەی هێندێ لە تایبەتمەندییەکانی دوکتۆر شەرفکەندی -یان وەک هاوڕێکانی بانگیان دەکرد- کاک سەعید بەتایبەتی بۆ شارەزابوونی بەرەی لاوی تێکۆشەرانی دێموکرات بە گونجاو دەزانین. باسی ئەوە ناکەین کە ئەو ئینسانە لەخۆیدا چەندە زیرەک و بەتوانا و لێوەشاوە بوو. قسە لەو خەسڵەتانەیە کە بۆ ئەوە دەبن هەر دێموکراتێک یان هەر تێکۆشەرێکی ڕێگای ڕزگاری فێریان بێت و لە ژیانی خەباتگێڕانەی خۆیدا بەکاریان بەرێ. کاک سەعید چەندی دڵ بخوازێ مودیر و بەبەرنامە بوو. دەگەڵ هەموو هۆشیاری و زیرەکیی خۆی کارەکانی تەنیا بە (حافظە) نەدەسپارد، بەڵکوو دەفتەری یادداشتی هەبوو کە هەموو ئەرک و بەرنامە کارییەکانی تێدا تۆمار دەکرد و بەگوێرەی پێویست ڕۆژانە یان حەوتووانە دەگەڕایەوە سەریان و ئاڵوگۆڕی تازەی لێ زیاد دەکردن. ئەوە

وای کردبوو کە هەر بابەتێکی هاتبایە بەر دەست سەراوان و بنەوانی وەک پێویست و بێ کەموکوڕی لەبەر دەم بوو.

لە ژیانی ئاسایی خۆیدا هەتا بڵێی سادە دەژیا، دەگەڵ هەموو هاورێ و هاوکارەکانی گەرم و میهرەبان و بێ فیزوئیفادە بوو. بەڵام کە کار دەگەیشتە سەر ئەرک و بەرپرسایەتی و کاری حیزبی، کورد گوتەنی "بەسەر بابیشیەوە نەدەچوو" و لە نیزیکترین دۆست و هاورێکانیی قبووڵ نەدەکرد لە ئەنجامدانی ئەرک و بەرپرسایەتییە حیزبی و خەباتگێڕانەکانیاندا کەمتەرخەم بن یان خۆ بدزنەوە. ئەگەرچی قەت وەکوو پێشمەرگەیەک (بە مانا تایبەتییەکەی) کاری نەکردبوو، بەڵام لە کاتی تەنگانە و پەلاماری دوژمندا یەک-جار ئازا و وەرەبەرز بوو، بەجۆرێک کە زۆرجار ئازایەتییەکەی دەگەیشتە سنووری بێباکی و خۆنەپارێزی، کە دیارە بۆ هیچ خەباتکارێک بەتایبەتی بۆ رێبەرێک رەوا نییە و هەر بۆیەش دەکەوتە بەر گلەیی و گازندەی هاورێکانی. لە باری بڕیاری سیاسییشەوە کاک سەعید هەروا ئازا و بەزیبک-و-زاکوون بوو. دیارە هەڵسەنگاندنی پێویستی بۆ هەنگاوەکانی دەکرد، بەڵام بۆ هەڵێنانەوەی هەنگاوی شۆرشگێڕانە سڵی لە هیچ بڕیارێکی سەخت نەدەکردەوە و لە کۆسپ و لەمپەر نەدەپرینگایەوە.

کاک سەعید بە مانای تەواوی وشە نەتەوەیی بوو، کوردی وەک یەک نەتەوەی دابەشکراو سەیر دەکرد و وێڕای لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی نێوخۆیی و ناوچەیی و نێونەتەوەیی ئەوکاتەی قازانجی گشتیی نەتەوەی کورد پێویستی کردبا ئامادە بوو بێ پەروا قازانجی حیزبی و تەنانەت خۆماڵییش فیدای قازانجی گشتیی نەتەوەکەی بکا. نموونەی ئەو هەنگاوانە لەبەر دەستن، بەڵام وەک زۆر شتی دیکە هێشتا وەختی نەهاتوە پەردەیان لەسەر لابدرێ.

لەم ساڵوەگەڕەدا بەجێیە و تەنانەت پێویستە یادێک لە هاورێ و هاوچارەنووسەکانی کاک سەعیدیش بکرێتەوە. کاک فەتاحی عەبدولی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و نوێنەری حیزبی دێموکڕات لە ئورووپا کادرێکی یەکجار لێوەشاوە و بەتوانا بوو، و بە یەکێک لە هومێدەکانی دوارۆژی حیزب دادەنرا. ئەو کە بەداخەوە لە تەمەنێکی کەم-دا دەستی تیرۆر لە باوەشی حیزبەکەی و نەتەوەکەی ڕفاند تا وەختێکی لە کوردستان بوو لە بواری جۆراوجۆردا ئەرکی حیزبیی بەرێوە دەبرد کە لە هەموویان-دا سەرکەوتوو بوو. کاتێکیش بۆ نوێنەرایەتیی حیزب نێردرایە دەفتەری پاریس دەگەڵ ئەوەی ئەزموونی کاری دیپلۆماسیی نەبوو، زۆر زوو لێوەشاوەیی خۆی نیشان دا و

لەماوەیەکی کورتدا هەم زمانی فەڕانسەیی فێر بوو، هەم پێوەندییەکی بەربەرینی دەگەڵ کۆڕوکۆمەڵ و کەسایەتییە ناودارەکانی فەڕانسە دامەزراند.

کاک هومایوونی ئەردەڵانیش کادرێکی بەوەج، تێکۆشەر، مەسئوول و ئازا و بەجەرگ بوو، لە پلەیەکی بەرزی وشیاریی سیاسی - دا بوو کە دەیتوانی لە خەباتی دوارۆژی حیزبی دێموکڕاتدا ڕۆڵی کاریگەری هەبێ. ئەویش تا کاتێک لە کوردستان بوو لە هەر بوارێک-دا کاری پێ سپێردرا سەربەرز وسەرکەوتوو هاتە دەر و لە ئەڵمانیش دەگەڵ ئەوەی ماوەی کارکردنی کورت بوو جێگای شیاوی خۆی کردەوە.

کاک "نوری دهکردی" تێکۆشەرێکی ئێرانیی دۆستی کورد و حیزبی دێموکڕات بوو. ماوەیەکی زۆر لە بنکەی دەفتەری سیاسیی دێموکرات ژیا و بەجۆرێک تێکەڵ بە کۆڕی هاوڕێیان ببوو کە ئەوەی شارەزا نەبووایە وای دەزانی ئەندامی حیزبە. ئەو کە نووسەرێکی بەتوانا بوو ماوەیەکی زۆر هاوکاری ڕۆژنامەی کوردستان و ڕادیۆی دەنگی کوردستان بوو. بەڕادەیەک بە بیروباوەڕ لە حیزبی ئێمە نیزیک بوو کە هیچ-کات وتارێکی لەباری سیاسەتی حیزبەوە پێویستیی بە دەستکاری نەبوو. کاتێک چووە ئەڵمانیش هەمیشە هاوکاریی حیزبی دێموکڕاتی دە-کرد و بەجۆرێک دەگەڵ ئەم حیزبە تێکەڵ بوو کە سەرەنجام شان-بەشانی ڕێبەرانی حیزب شەهید بوو.

ڕووحی هەموو ئەم عەزیزانەمان شاد و ڕێگایان تا گەیشتن بە ئامانجەکانیان بەردەوام بێ، نەفرەت لە ڕێژیمی تیرۆریست و تیرۆریستپەروەری کۆماری ئیسلامیی ئێران و سەرکەوتن بۆ خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد و هەموو گەلانی ئێران بۆ ڕزگاری لە ڕێژیمی تاریکی و نەزانی.

لەو بۆنەیەدا بەجێیە بە ئەمەگناسییەوە سوپاسی ئەو بەشە لەخەباتگێڕانی ئێرانی بکەین کە لە ماوەی سێ ساڵ دادگای تاوانبارانی تیرۆری میکۆنووس - دا هەمیشە بەدوای مەسەلەکەوە بوون. هەم کۆمەگیان بە ڕوون-بوونەوەی ڕاستییەکان کرد و هەم تەواوی ڕەوتی دادگایان بە دیکۆمێنت کرد. لەوانە هەروەک نموونە ناوی "پرویز دستمالچی" و "ابوالحسن بنی-صدر" دەبەین.

هەر لەو پێوەندییەدا ناهەقی دەبێ ئەگەر قەدرزانی لە دەزگای قەزایی ئەڵمانیش نەکرێ کە بەرامبەر بە هەموو

هەڕەشە و فشارێکی ئێران و تەنانەت دەوڵەتی ئەڵمانیش ڕاوەستا هەتا هەقیقەتی تیرۆری میکۆنووسی ڕوون کردەوە و کۆماری ئیسلامیی لەتەواوەتی خۆیدا ڕیسوا کرد.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ٢١ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

## بزووتنەوەی کورد و پرسی کورد لە ئێران لە دەلاقەی ڕووداوەکەی ١٧ خەرمانانەوە



**عەزیز شێخانی**

هێرشی مووشەکی ڕێژیمی تاران بۆ سەر بنکەی دێموکڕاتەکان لە دەشتی کۆیە ئاوێنەی دەرخەری چۆنیەتیی تێڕوانینی دەوڵەتی ئێران و بەڕێوەبەرانی سیاسەت و بڕیار بەرامبەر بە پرسی کوردە. هێرش بۆ سەر مەکۆی سەرەکیی دێموکڕاتەکان لە قووڵایی باشووری کوردستان و لێدانی ورد لە شوێنی مەبەست، جێگای تێڕامان و هەڵسەنگاندنی زیاترە. مەبەستی ئێران لەو هێرشانە ڕەنگاوڕەنگن و جیا لە تۆڵە کردنەوە، هەڵگری ئامانجی کورتماوە و درێژخایەنن. پەیامی ڕێژیم لە ڕووداوی ١٧ خەرمانان (هێرشی مووشەکی و لەسێدارەدانی چەند کەسێک) نیشاندانی هێز و توانای نیزام بە خەڵک، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، هەرێمی کوردستان و هێزە نەیارەکانیەتی. نیزامی ئاخوندی بەم هێرشەی خوازیارە بە هەموو لایەک ڕابگەیەنێ، کە لە قووڵایی خاکی جیرانەکانیدا زەبری گەورە و ورد لە نەیارەکانی دەدا. باوە دەڵێن، لە شەڕدا گوڵ نابەشنەوە، بەڵام هێرشی

ئەمجارەی ڕێژیم بۆ سەر بنکەی دێموکڕاتەکان لە کۆیە لەگەڵ هێرشی ئاسمانی و تۆپباران و تەنانەت تەقینەوەی بۆمب و تیرۆردا جیاوازی بەرچاوی هەیە. ئاشکرایە کە دوای ئەو هێرشانە ڕەنگە داواکاری ڕێژیم دژ بە پارت و ڕێکخراوە کوردییەکانی ڕۆژهەڵات، کە لە باشوور جێگیرن ڕەنگە لە بەغدا و هەولێر چڕتر ببنەوە.

ئێران لە دوو مەیدانی نێوخۆ و نێودەوڵەتیدا لەگەڵ ژمارەیەک ئالەنگاری دژوار و هەستیار ڕووبەڕوو بۆتەوە. خەڵک لە ناوەند و شارە گەورەکانی وڵات زیاتر لە جاران لە سەر شەقامەکان ئامادەن و درووشمی ڕەق و دژکردەوەی توند بەرامبەر بە سیاسەتەکانی ڕێژیم دەنوێنن. کاربەدەستانی ڕێژیم لە جوڵە نێوخۆییەکان دەترسن و دەزانن، کە ئەگەر پەرەبستێنن و کانالیزە بکرێن زەبری گەورە لە نیزام دەدەن. کاربەدەستانی ڕێژیم ئاگادارن، کە کوردەکان لە ڕۆژهەڵات و پارتە سیاسییەکانیان دەتوانن لە دەرفەتدا زیاتر لە حیزب و ڕێکخراوەکانی دیکەی ئێران هەڕەشە و مەترسی بۆ ڕێژیم بخوڵقێنن. هەڵوێستی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و سیاسەتی دەرەکی بۆ پاڵەپەستۆ خستنە سەر ئێران دەسەڵاتی ئاخوندەکانی زیاتر لە جاران کردۆتە ئامانج. بەرپرسانی ڕێژیم تێگەیشتوون، کە سیاسەتی ناردنەدەرەوەی قەیران و نانەوەی ئاژاوە ناتوانێ لەوە زیاتر قەیرانە نێوخۆییەکان پووشبەسەر بکا. لە ئاکامدا، ئەندازیارانی سیاسەت و دەسەڵات لە تاران بۆ ڕەواندنەوەی مەترسییەکان و کۆنترۆڵکردنی تەوژمی هەڕەشەکان دژ بە پایەکانی نیزام، بازنەی تۆقاندن و پەلامارەکانیان بۆ سەر خەڵک و هێزە ئۆپۆزیسیۆنە کوردییەکان زیاتر کردوە.

پرسی کورد و ئازادییەکان لە ئێراندا پێویستی بە تەکانێکی بەهێز، بەردەوام و خاوەن بەرنامەیە. هێشتا ئەم پرسە لە سەرتاسەری ئێراندا نەبۆتە بابەتی دیالۆگ و بە تەواوەتی پەراوێز خراوە. لە ڕوانگەی دەوڵەت و هەروەها بژاردەی نەتەوە باڵادەستەکانی وڵات، خەباتی کوردان و گەلانی دیکەی ئێران دژ بە ئاسایش و هێمنایەتی ئێرانە و لە گەڵ یەکیەتیی و سەروەری سیاسیی دەوڵەتدا ناتەبایە. هێرش و دژکردەوەکانی ١٧ی خەرمانان بۆ سەر بنکەی دیموکڕاتەکان و سیاسەتی سێدارە سەلماندی، کە چارەسەرکردنی پرسی کورد و ئازادییەکان لە ئەمڕۆدا و لە ئێرانی بندەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی خەونێکی نەزۆکە. ئەو ڕووداوانە بە درێژەی سیاسەتی دەوڵەت و هێزە سەرکوتکەرەکانی بەرامبەر بە داخوازییە ڕەواکانی کورد لە ئێراندا پێناسە دەکرێن. سیاسەتێک، کە پڕاوپڕ لە توخمی ڕەشەکوژی و تیرۆریزمی دەوڵەتی و هەروەها سڕینەوە و لێدان لە هەوێنی خۆناسینی مرۆڤی کوردە.

بزوتنەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە دوای ڕووداوەکەی ١٧ی خەرمانان لە جاران زیاتر بە ڕەچاوکردنی ڕێباز و سیاسەتێکی تازە مەحکومە. شیاوی باسە، کە پێداویستیی ئاڵوگۆڕ لە شێواز و ستایلی خەبات لە هەموو گۆڕەپانەکاندا لەمێژ ساڵە قسەی لەسەر دەکرێ، بەڵام بە هۆکاری جیاواز پەراوێزخراوە. سیاسەتی کوردەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا پێویستی بە وەرچەرخانێکی ڕیشەیی هەیە و ناکرێ لە سەر بەستێنی تەنیا دروشم و کەفوکوڵ بەرامبەرکێ لەگەڵ دوژمن و پیلانەکانیاندا بکا. ئەو ئاڵوگۆڕانە بە قسە جێبەجێ نابن، بەڵکوو بیرکردنەوە و هزری ورد، پلان، ئامرازەکانی جێبەجێکردن و ویستێکی ساغی دەوێ. ئاڵوگۆڕەکان دەبێ لاقیان لەسەر زەوی بێ و ئەکتەرەکانی جیهانی سیاسەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا پێویستە بگۆڕدرێن. ئەلفبێی ئەو وەرچەرخانە بریتییە، لە بەهێزکردنی هێزی مەنتق و لۆژیک لە ناخی سیاسەت و کردەوە، ڕەفتاری سیاسیی پارت و ڕێکخراوە کوردییەکان و بڕاردەی کۆمەڵگەدا. ئەگەر کولتووری بیرکردنەوە، پلاندانان و کار و تێکۆشان نەگۆڕدرێن، بێگومان ڕووبەڕووبوونەوەی ئالەنگارییە تازە و بەتەوژمەکان کارێکی دژوارە. لە ئاکامدا، قەیرانەکان زیاتر لە سەر یەکتر کەڵەکە دەبن و کورد توانا و نەخشەی پەڕینەوە لە قەیرانەکانی نابێ. لێرەدا ئاماژە بە چەند خاڵێک دەکرێ، کە لە کاراکردنی بزوتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی نیشتماندا ڕۆڵ و نەخشی بەرچاو دەگێڕن.

یەکەم؛ حیزبایەتی، تێکۆشان، ڕێکخستنی سیاسی و شێوازی شەڕی پێشمەرگانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا لە قەیران دایە. پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکان لە قۆناخی ڕزگاریدا دەبێ سنووری پلۆرالیزمی سیاسی و ئانارشیزم و بێسەرەوبەرەیی تێبپەڕێنن. بارودۆخی ئەمڕۆی کورد لە ڕۆژهەڵات سادەکردنەوەی خەبات و دوورکەوتنەوە لە پەرتەوازەیی دەخوازێ. دابڕان و جیابوونەوەی پارتە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات، جووڵەی خەباتی کوردانیان بەتەوەژم نەکرد و دەستی کۆماری ئیسلامی ئێرانیان بۆ زەبروەشاندن لە حیزب و ریکخراوە سیاسییەکان زیاتر ئاوەڵا کرد. قەیرانە نێوخۆییەکانی ڕێکخراو و پارتە سیاسییەکان، پایە کۆنەکانی ڕێکخستن و ئیدارەی لە بەریەک هەڵتەکاندن و کۆڵەکەی جێگرەوە و جێگای متمانەی ساز و ئامادە نەکرد. لە ژێر سێبەری ئەو پەرتەوازەییەدا خەباتی چەکداریی و هێزی پێشمەرگە پاش سڕکرانی درێژخایەن وڵامدەری چاوەڕوانییەکان نابێ. سەرکەوتن لەو مەیدانەدا بیری ورد، بەرنامەی عەمەلی، ناسین و پێناسەکردنی خاڵە لاواز و ئەرێنییەکان دەخوازێ. سیاسەتکار و کۆنەکارەکان لەو گۆڕەپانەدا ئەرکی گەورەیان لەسەر شانە و نابێ بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە کەسییەکانیان سوکانی حیزبەکان بە گوێرەی تێڕوانینی خۆیان بسووڕێنن. لەم قۆناخەدا شەڕی پێشمەرگانە پێویستی بە سیاسەتی تازە و گۆڕینی ستراتیژی جووڵە و تەنانەت ئامانجە. بۆ سەرخستنی بەرنامە و پلانی تازە ناکرێ

چاوپۆشی لە ئاڵوگۆڕەکانی ناوچە و جیهان و تەنانەت لایەنە بەهێزەکانی دوژمن بکرێ. ئەگەر لە ناسین و خوێندنەوەی رێژیمی تاران و پلانەکانیدا هەڵە بکرێ، دەرفەتی زەبروەشاندن لە بزوتنەوەی کورد و پرسی کوردان زیاتر دەخوڵقێ.

دووهەم؛ چۆنیەتیی مانەوە لە باشوور و کەڵکوەرگرتن لە بنکە و مەکۆکان پێویستیان بە خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی تازەیە. حیزبە رۆژهەڵاتییەکان رەنگە درەنگ یان زوو لەو جۆغرافیایەدا بخرێنە ژێر پاڵەپەستۆ و تەنانەت داوای دەرکران، چەککران و رادەستکردنەوەیان بکرێ. بزوتنەوەی کورد و چالاکانی کوردی رۆژهەڵات لە ماوەی زیاتر لە نیوسەدەی رابردوودا مێژووییەکی ئاڵۆز و تاڵیان لەسەر مانەوە لە باشوور تۆمار کردوە. باشووری کوردستان بە عورفی سیاسی و جیرانەتی ناتوانێ و تەنانەت ئیرادە ناکا و نەیویستووە وردە پارێزگارییەک نەک لە پارتە سیاسییەکان بەڵکوو لە خەباتی رەوا و ئاشتیخوازنەی نێوخۆی رۆژهەڵاتی کوردستان بکا. لە ژێر تیشکی ئەو بارودۆخەدا بیرکردنەوە لە جوغرافیا و شوێنی مانەوەی هێز و بنکەکان کارێکی گرینگ و رۆژانەیە. بۆ چارەسەرکردنی ئەو هاوکێشەیە چەند ئاڵترناتیڤ و جێگرەوەیەک هەن، کە رەنگە هیچیان لە باشترەکان نەبن، بەڵام بۆ مانەوە رۆڵی گرینگیان هەیە. یەکێک لەو ئاڵترناتیڤانە جیاکردنەوەی دوو باڵی چەکداری و سیاسییە. ئاشکرایە، کە ئەو کارە پێویستی بە وەسەریەککەوتنەوەی حیزب و پارتە دابڕاوەکانە و ناکرێ حیزبەکان بەو پەرتەوازەییەی ئەمرۆ ئەو ئەرکە راپەڕێنن. لە ئەگەرێکی ئەوتۆدا، باڵی سیاسی و چەکداری ناچارە خەباتی شاخ بە مانا راستەقینەکەی و هەروەها ژێرزەمینی بە فۆرمێکی ئەمڕۆیی دەست پێ بکا. بەمە شێوازی خەباتی چەکداری و تەنانەت جۆری پێشمەرگایەتی دەگۆڕێ. کەمپەکانیش باشترە بخرێنە ژێر چاوەدێری رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و باشتر لەمڕۆ پارێزگاری نێودەوڵەتیان لێ بکرێ.

سێهەم؛ گۆڕینی سیاسەتی بەرگریی و گواستنەوە بۆ قۆناخی تۆڵەکردنەوە و سیاسەتی زەبرلێدان لە رێژیم. نیزامی تاران لە گەڵ ئازادییەکان ناتەبایە و کاربەدەستانی ئەم نیزامە بۆ سڕینەوەی نەیارەکانیان لە هەموو چەکێک کەڵکیان وەرگرتوە و وەردەگرن. با کەمێک راستگۆیانە لەگەڵ خۆمان و مێژوو بدوێین. هیچ دەوڵەت و نیزامێکی دیکتاتۆر و تەنانەت مەیلە و دێموکراتیک بەو خەباتە سارد و سڕەی ئێمە ئامادە نییە تەنانەت وتووێژێکی جیددی و راستگۆیانە لەگەڵ بەرامبەرەکەی بکا. رێژیم ناخوازێ باڵی توند و رادیکاڵ لە کوردستاندا سەرهەڵدەن، بۆیە ئانارشیزمەی ئەمڕۆی حیزب و رێکخراوە خاوەن پاشخانە مێژووییەکان و هەروەها بنەماڵەیی و ئینترنێتیەکان بە

گونجـاو دەزانــێ. سیاســەتی بەرگـری گەلێکــی چەنـد میلـوێنی نـابێ ئەوەنـدە لاواز و سـڕ بـێ، کە دوژمـن و کاربەدەستەکانی بە ئاسانی سەرکوت و تۆقی بکەن. ئیرادەی بەگژداچوونەوەی ڕێـژیم و سیاسـەتەکانی پێویستیان بە بیروباوەڕ، تێڕوانین، سیاسەتی تۆڵەکردنەوە و کانالیزەکردنی ڕق و تورەیی خەڵک هەیە. خەبـاتی گەلێک بـۆ ئازادکردنی گیراو و دیلێک ناکرێ تەنیا هاواری سەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بن. تـۆڵەکردنەوەی هێرشـی مووشەکی نـاگونجێ تەنیـا نووسین و قسـەکردن بـێ، بەڵکوو لە ژێـر سیاسـەتی خۆپاراستنی ڕەوادا دەکـرێ پێشـمەرگەی ئەمڕۆیی بۆ لێدان لە بنکە و مەکۆکانی ڕێژیم لە تـاران و شارە گەورەکانی دیکەی ئێران ئامادە بکرێن. بەدیلگرتنی مۆرەکانی ڕێژیم و گۆڕینەوەیـان بە دیلە کوردەکـان سیاسـەتێکە، کە بەرهەمـدارە و ڕێـژیم لە سیاسـەتی سێدارە بە ڕێژەیەک دوور دەخاتەوە. دەستبەردانەوە و تەسلیمی سێدارە و سیاسـەتی سـەرکوتی ڕێـژیم بـوون، ڕێگاچـارە نییە. شـایانی باسە، کە لە پانتـایی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان و لە نێـو بیـر و هـزری زۆربەی کوردەکـانی ئەم پـارچەیەی کوردسـتاندا داخـوازییە نەتەوەییەکـان و ناسـنامەی سیاسـی نەبـوونە پرسـی گشـتی. پەروەردە و ڕاهێنـان لاوازە و تەنـانەت ئیـدارەی نارەزایەتییەکـان کـزە. کولتـووری پێکەوەبـوون و وەسـتانەوە بەرامـبەر بە نیزامـی زاڵ گەشـەی نەکردوە و هێشتا شەپۆلە گەورەکانی خۆناسین و مافخوازی نەکەوتوونە گەڕ.

چوارەم؛ خەباتی میدیایی کوردانی ڕۆژهەڵات لاوازە و توانـای وڵامدانەوە بە ڕووداوەکانی گۆڕەپـانی سیاسیی ئێـران و کوردسـتانی نییە. مێـدیا و کانـاڵەکـانی ڕاگەیانـدن توانـای ڕێکخراوکردنـی خەبـات و نافەرمـانیی مەدەنـی لە ڕۆژهەڵاتیان نییە و ناتوانن تینوایەتی چین و توێژەکـانی خەڵـک بشکێنن. ئەوان لە گرێدانی خەبـات و جووڵەی کوردانی نێوخۆ و دەرەوەدا سەرکەوتوو نین. ئاشکرایە، کە دونیا گۆڕاوە و نەخش و ڕۆڵـی مێـدیا و ڕاگەیانـدنەکان گۆڕاون، بەڵام کوردە ڕۆژهەڵاتییەکان لەو مەیدانەدا کارا و ئەکتیو نین. مێدیای حیزبەکان لەو نێوەدا سـەرکەوتوو نەبوون و بەهۆکاری جیـاواز بەشێکیان پـاش مـاوەیەک تێکۆشـان لە کـارکردن وەسـتاون. بـژاردەی کـورد لە دەرەوەی کوردستان و لایەنگر و ئەندامانی حیزبەکان لە دەرەوەی وڵات لە کۆڵانە داخراوەکانی سیاسەت و ئیدۆلۆژی خۆیاندا مـاونەوە. ئەوان لە ژێـر ڕەحمەتـی ئەو پەرتەوازییە ڕەنگـاوڕەنگەدا سـارد و سـڕن و بۆیـان نەلـواوە ناوەنـدێکی مێدیایی نەبەستراوە و ئازاد دابمەزرێنن. نەبوونی مێدیا و کانـاڵی ڕۆژانەی کاریگەر کوردە ڕۆژهەڵاتییەکانی نـاچـار کردوە، کە چـاو لە کانـاڵە کوردییەکـانی باشـوور و بـاکوور بکەن. لە ئاکامدا خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵات لە ژێـر کـارتێکەری ئـارام و شـاراوەی مێـدیاکانی دیـکەدا ڕوانگەکانیـان گـۆڕاون و ڕۆژهەڵاتیـان بەکـردەوە لەبیـر کـردوە. سەرەڕای ئەوە، نەبوونی کانـاڵی فارسی زمـان، پرسی کوردی وەک سـاڵان لە چـاو و گـوێی نەتەوە باڵادەستەکانی

ئێراندا بە تەمومژاوی هێشتۆتەوە. بزوتنەوەی کوردستان لەو سەردەمەدا پێویستی بە ناوەندێکی مێدیایی بەهێز هەیە، کە دەربڕی ویست و داخوازیی و هەروەها جوڵەی ڕۆژانەی خەڵک و بژاردەی کۆمەڵگە بێ. خەباتی کوردان لە ڕۆژهەلات و ڕەوتی جووڵەی خەباتکاران لە گۆڕەپانی نێوخۆ، دەرەوە و پارتە سیاسییەکاندا بەبێ بوونی ناوەندێکی بەهێزی ڕاگەیاندن سەرکەوتوو نابێ. مێدیاکان لە کورتماوە و درێژماوەدا دەتوانن بۆ خەباتی گەلێکی ژێردەست ڕۆڵ و نەخشی گەورە بگێڕن و تاک و کۆی کۆمەڵگە لەگەڵ بەستێنی ڕاستەقینەی خۆیان و ئەوانی دیکە ئاشنا بکەن. مێدیایەک سەردەکەوێ، کە خاوەنی بەرنامەی کار بێ و لەگەڵ سرووشت و کەسایەتیی و کولتووری بینەر و بیسەر بێتەوە و نەبێتە مەیدانی شەڕی زاراوە، ناوچە، ئیدۆلۆژیی و سەلقیەی ئەم و ئەو.

پێنجەم؛ نەبوونی یەکدەنگی و هاوهەڵوێستی لە کاروباری دیپلۆماسیی و تێکۆشانی کوردەکانی دەرەوەدا. دیپلۆماسی کوردانی ڕۆژهەلات، لە ژمارەیەک خۆپێشاندان و بەشداربوون و دیدار لە گەڵ بەرپرساندا کورت دەکرێنەوە، کە قورساییان کەمە. ڕۆژهەلاتییەکان لەو بەستێنەدا لاوازن و کادری شارەزا، ناوەندی لێکۆڵینەوە و هەروەها جوڵەی کاریگەریان نییە. دیپلۆماسیی حیزبەکان زیاتر لە سەر قسە و وتاری قسەکەری یەکەمی حیزبەکان چەق دەبەستێ و خاوەنی قووڵایی ستراتیژی نییە. ئەو قسەکەرانەی کە ڕەنگە چەند دەیەیەک بێ لە لوتکەی حیزب و پارتە کوردییەکاندا جێگەیان گرتووە و لەگەڵ بەرپرسایەتی و کورسی سەرتاپا ئاوێتەی یەکتر بوون! خەباتی ڕەوای گەلی کورد لە دەرەوە لە سەر بناخەی نەبوونی بەرنامە و پەرتەوازەیی پێوەندیی و کار و تێکۆشانی پارتە کوردییەکان هەڵچنراوە. جووڵە دیپلۆماسییەکان، گیانی خوڵقاندنی شەپۆلی گەورە و لۆبیکردنیان نییە و لە ڕووکار و شکڵدا قەتیس ماوەتەوە. خەباتی دیپلۆماسی کوردانی ڕۆژهەلات لە دەرەوەی وڵات خەمخۆرییەکی گەورە و لێزانیەکی زۆری دەوێ. پارتە کوردییەکان دەرفەتی خوڵقاندنی دەرفەتی زۆریان لەو مەیدانەدا هەبووە، بەلام لەبەر نەبوونی پلان و بەرنامە و هەروەها لە ترسی دەرکەوتنی روخساری تازە لە پێدەشتەکانی خەباتی کوردایەتیدا بە هیچ جۆر خۆیان لە قەرەی ئەو پرسە نەداوە. شایانی باسە، کە خەباتی دیپلۆماسی، کولتووری، مێدیایی و ئابوری لە جیهانی ئەمڕۆدا لە گەڵ یەکتردا گرێدراون. کوردە ڕۆژهەلاتییەکان لەو بەستێنانەدا لاوازن. ئەوان خاوەنی هێزی گەورەی مرۆڤین، بەلام بە هۆکاری جیاواز نە سەرمایەگوزاریان لەسەر کراوە و نە کەڵکیان لێ وەرگیراوە.

پارتە سیاسییەکان و بژاردەی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان پاش هێرشی مووشەکی بۆ سەر بنکە و مەکۆی

دێموکڕاتەکان، ناچارن توانا و درووشمەکانیان یەکانگیرتر بکەن. هاوکێشەی کوردە ڕۆژهەلاتییەکان بە وردبینی و هەڵسەنگاندنی ورد، "فیعلی زۆر" و "قسەی کەم" دەگۆڕدرێ. بزوتنەوەی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستاندا پاشخانی بەهێزی هەیە، بەلام بۆ خوڵقاندنی داهاتوویەکی گەش پێویستی بە نەخشە ڕێگایە. لە شەڕدا لایەنەکان زەبریان وێدەکەوێ، بەلام زەبرەکان جیاوازن و شوێنەواری جیا لە دوای خۆیان جێدێلن. ئەگەر کەوتن و شکانەکان ئاراستەی سیاسەت و ڕەفتاری لایەن و کەسەکان نەگۆڕن، بێگومان دەرچوون لە داوی جاڵجاڵۆکەیی سەردەم و دوژمن کارێکی ئەستەم دەبێ. بزوتنەوەی کورد لە ڕۆژهەلات توانا و ئەگەری کارپێنەکراوی زۆرە و هونەری سیاسەت لەوەدایە، کە چەندە و چۆن لەو بەستێنەدا کار دەکرێ. بۆ سەرکەوتنی ئەو خەباتە ئیرادە، بڕیار و نەخشەڕێگای کردەیی پێویستن. بزوتنەوەی ڕۆژهەلات بۆ خۆپاراستن و گەشەکردن و بوون بە بزوتنەوەیەکی سیاسی_کۆمەلایەتی لە نێوخۆدا بژاردەی ئازا، ڕێکخستنی تۆکمە، هێزی لۆژیک و لۆژیکی هێزی دەوێ. لە سەر بنچینەی ئەو ڕێکارانە، کورد دەتوانێ لە ڕۆژهەلاتدا ببێتە خاوەنی پێگەیەکی بەهێز و لە دۆست و دوژمن دیار بێ. کارەساتەکان کۆتایی مێژوو نین، بەلام هەر ڕووداو و کارەساتێک شوێنەوارێک لە دوای خۆی جێدێلێ. ١٧ی خەرمانان لە مێژووی بزوتنەوەی کورد لە رۆژهەلاتدا کەمە و دەکرێ بە وانەوەرگرتن لە خاڵە لاوازەکان و کۆکردنەوەی هێز و توانا و هەروەها دەرچوون لە کۆلانە داخراوەکانی بیرکردنەوە بکرێتە سەرەتایەکی تازە بۆ خەبات دژ بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ٢١ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

# کارەساتی ١٧ی پووشپەر و تەناهی نێودەوڵەتی



**ئاگری ئیسماعیل نیژاد**

**لە کاتی نوسینی ئەم دێرانە ٨ ڕۆژ بەسەر کارەساتی ١٧ی پووشپەردا تێ دەپەڕێ، بەڵام لە ئاستی دیپلۆماسی نێودەوڵەتییدا هەڵوێستێکی بەرچاو نابیندرێ. ئەگەر بمانەوێ ئەو کارەساتە لە ڕوانگەی نێودەوڵەتییەوە تاوتوێ بکەین، باشتر وایە لە ڕەهەندی تەناهی نێودەوڵەتییەوە تاوتوێ بکرێ.**

**لە پاش ١١ سێپتامبری ٢٠٠١ دیاردەیەکی نوێ لە تەناهی نێودەوڵەتییدا سەری هەڵدا، دیاردەکە ئەوە بوو، "هێزێکی بچووک بتوانی هێزێکی گەورە لەسەر خاکی خۆی تووشی قەیرانی تەناهیی نێوخۆیی بکا". پێشتر و لە سەردەمی شەری ساردا، هێزی چەکداری نادەوڵەتی وەک دیاردەیەکی تەناهی لە تەناهیی نێودەوڵەتییدا سەریان هەڵدا بوو.**

**سەرەکیترین هۆکار کە هێزی چەکداری نادەوڵەتی لە تەناهیی نێودەوڵەتییدا بایەخیان پەیدا کرد، شەڕی سارد یان هەمان ململانێی نێوان بەرەی سەرمایەداری و بەرەی کۆمۆنیست بوو. بەڵام ئەو شەڕە بە وەکالەتە تەنیا توانیبووی لە ئاستی نێودەوڵەتییدا و لە دەرەوەی خاکی زلهێزانی پشت شەرەکە ئەوان تووشی قەیران بکا، نەک لەسەر خاکی خۆیان.**

لە پاش ١١ سێپتامبری ٢٠٠١ جۆرێ قەیرانی نوێ لە تەناهیی نەتەوەییدا هاتۆتە ئاراوە، ئەویش گرێدانی زیاتری تەناهیی نێوخۆیی زلهێزان بە ڕۆلی ئەوان لە تەناهیی نێودەوڵەتیدا، بەو مانایە کە چیتر ئامریکا یان وڵاتێکی تر ناتوان تەنیا لە ڕێگایی هێزی سەربازی و لە دەرەوەی وڵات لەگەڵ گرووپی چەکداری نادەوڵەتی بەرەوڕوو ببێتەوە، بەڵکوو ئەگەری هەیە هێزێکی بچووک بتوانێ لەسەر خاکی وڵاتێکی زلهێز قەیرانێکی گەورەی تەناهی ساز بکا. کە دوایین  نمونەکانی پرۆژەی "گورگی تەنیا"ی ڕێکخراوە ئیسلامییەکان لە یەکیەتیی ئورووپایە.

بۆ ڕوونبوونەوەی زیاتر دەبێ بڵێین پێش ١١ سێپتامبر گرووپە چەکدارە نادەوڵەتییەکان لە تەناهی نێودەوڵەتییدا تەنیا وەک ژانەسەرێک یان کەرەسەیەک بۆ دەستەبەرکردنی ئارمانجی سیاسی و ئابووری  لەلایان هێزە جیهانی و ناوچەییەکانەوە سەیریان دەکرا، بەڵام دوایی ١١ سێپتامبر ئەو گرووپانە بوون بە مەترسییەک بۆ سەر تەناهی نێوخۆیی زلهێزانی ناوچەیی و جیهانی.

ئەو دیاردەیە بۆ هەموو وڵاتانی دنیا ڕاستە، واتە هێزێکی چەکداری نادەوڵەتی بێئەوەی هاووڵاتیی وڵاتیک بێ، دەتوانێ مەترسی بۆ سەر تەناهیی نێوخۆیی ئەو وڵاتە هەبێت. کە واتە لە پاش ١١ی سێپتامبرەوە تەناهیی نێوخۆی هەر وڵاتێک گرێدراوە بەوەی لە ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتیدا هەڵسوکەتی لەگەڵ گرووپە چەکدارە نادەوڵەتییەکان چۆنە. پێش ١١ سێپتامبر تەناهیی نێوخۆی زیاتر گرێدرابوو بە جۆری پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتەکان، نەک جۆری هەڵسوکەت لەگەڵ گرووپە چەکدارییەکان.

لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، بەتایبەتی لە قۆناغی پاش بەهاری عەرەبی پێگەی گرووپە چەکدارییە نادەوڵەتییەکان وەک ئەکتێرێکی نێو یارییە تەناهی و سیاسییەکانی ئەو ناوچەیە زۆر چۆتە سەرێ و بەشێوەیەک کە بەشێک لەو گرووپانە لەم ساڵانەی دواییدا وەک ئەکتێری نێودەوڵەتی ناسێندران و دانیان پێداهێندرا.

لێرەدا دەبێ چوونە سەرێی پێگەی گرووپە چەکدارییەکان لە بەستێنی تەناهیی ناوچەی ڕۆژهەڵاتینێوەراستدا زیاتر تاوتوێ بکەین.

پێش ١١ی سێپتامبریش تەناهیی نێوخۆیی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست تایبەتمەندیی خۆی هەبوو، لەو ناوچەیەدا

تەناهیی نێوخۆی لە ڕاستییدا درێژکراوەی تەناهیی ناوچەییە و پێچەوانەکەشی ڕاستە تەناهیی ناوچەیی دەبێتە هۆی ئەوەی تەناهیی نێوخۆی سەقامگیرتر بێ.

هۆکاری ئەو تایبەتمەندییەی ڕۆژهەڵاتی نێوەراست دەگەڕێتەوە بۆ پێنج دیارەی گرینگ کە لەو ناوچەیەدا هەیە، لە هەموو قەیران و پرسە سیاسی و تەناهییەکان ئەو پێنج دیاردەیە ڕۆل دەگێرن دیاردەکان بریتین لە:

١- ئیسرائیل وەک وڵاتێک کە بەشێک لە دراوسێکانی دانی پێدا ناهێنن و هەتا ئێستا سنوورەکانی ئەو وڵاتە ڕوون نییە.

٢- ئەو ناوچەیەی وەک ڕۆژهەڵاتی نێوەراست دەناسرێ٧٠% وزەی دنیا لەو ناوچەیەوە دابین دەکرێ و تەناهی ئەو ناوچەیە ڕاستەوخۆ کارتێکەری دەکاتە سەر تەناهیی وزە و تەناهیی نێودەوڵەتی و تەنانەت تەناهیی نێوخۆیە وڵاتانی کریاری وزە.

٣- پرسی کورد وەک پرسێک کە چوار وڵاتی ناوچە هەر چەشنە ئالوگۆڕێکی ناوچەیی لەو پرسەدا وەک پرس یان قەیران لە بەردەم تەناهیی نێوخۆیی خۆیاندا سەیر دەکەن .

٤- فەلەستین وەک وڵاتێک کە هەتا ئێستا چارەنوسی دیار نییە.

٥- خەونی وەدیهێنانی هیلالی شێعە وەک ئامانجێکی ناوچەیی کۆماری ئیسلامی ئێران.

ئەو پێنج دیاردە گرینگە وای کردووە کە لە ئاستی تەناهیی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا لەگەڵ سێ جۆر ئەکتیر بەرەوڕوو بین:

یەکەم: زلهێزە جیهانییەکان، وڵاتانی خاوەنی مافی ڤیتۆ و ٨ وڵاتی پیشەی جیهان چون ئەو وڵاتانە زیاترین وزەی دنیا بەکار دێنن.

دووهەم: دەوڵەتانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست.

سێهەم: هێزە چەکدارەکانی ناوچەکە کە لێرەدا وەک ئەکتێری نادەوڵەتی پێناسەیان دەکەین، ئەو هێزە چەکدارانە دەتوانن هێزی ڕزگاریخواز بن وەک هێزە کوردییەکان، هێزەکانی سەر بە بزوتنەوەی فەلەستین یان هێزی جیهادی بن وەک گرووپ گەلی داعش "دەوڵەتی ئیسلامی عێراق و شام"، تۆری ئەلقاعیدە، حیزبوڵڵای لوبنان و حوسییەکان.

ئەگەر پاش ئەو خوێندنەوەیە بچینە سەر باسی موشکەبارانی بنکەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کۆیە دەکرێ لە ڕوانگەی تەناهییەوە سێ خوێندنەوە بۆ ئەو کارەساتە بکەین:

١- کۆماری ئیسلامی ڕاستەوخۆ ویستی بە ئیسرائیل و سعودی بڵێ کە ئەو توانایی موشەکیە خاڵکوتی هەیە و باشتر وایە هێزی مووشەکیی ئێران تاقی نەکەنەوە.

٢- کۆماری ئیسلامی خۆی بۆ قۆناغێکی نوێ لە بەرەڕووبونەوەی ناوچەیی و نێودەوڵەتی ئامادە دەکا و دەیەوێ هێزی چەکداری بەرهەڵستکاری خۆی بە تەواوی لە نێو بەرێ، چوون وەک باسمان لێ کرد هێزی چەکداری نادەوڵەتی لە ئێستادا پێگەیان لە تەناهیی نێودەوڵەتیدا زۆر چۆتە سەرێ.

٣- سپای پاسداران بەو کارە دەیەوێ کارتێکەری بخاتە سەر ململانێی نێوخۆیی ڕێژیم و ئەو ململانێیە بە قازانجی باڵی خۆی بشکێنێتەوە، ڕوونە ململانێی نێوخۆیی ڕێژیم چەند ڕەهەندییە و بەمانایی ئەوەش نییە کە لایەنێک لە نێو ڕێژیم بۆ کورد باشترن لە لایەنێکی تر.

لێرە پرسیارێکیتر دێتە گۆڕێ، ئایا سپای پاسداران توانیویەتی ئامانجە تەناهیەکانی بپێکێ؟

بۆ وڵامی ئەو پرسیارە، سەرەتا پێویستە کە پرسی مووشەکیی ئێران لە ڕوانگەی تەناهیی نێودەوڵەتییەوە تاوتوێ بکەین. بەپێی تەناهیی نێودەوڵەتی، یەکێ لە مەترسییەکانی سەر ئەو تەناهییە لە ئێستادا پرسی موشەکیی

ئێرانە بە سێ مانا:

**یەکەم**: ئێران لە ناوچەکەدا خولیای وەدیهێنانی هیلالی شیعەی هەیە و ئەوەش بۆتە مەترسی بۆ سەر وڵاتانی دراوسێی و هاوکات ئێران دەستی لە شەڕی بەوەکالەتەکانی ناوچەکەدا هەیە. شەڕی بە وەکالەتی ئێران لە وڵاتانی ئیسلامی - عەرەبی بۆتە هۆکاری تێکڕووخانی تەواوی تەناهی وڵاتانی عێراق، سووریە، یەمەن، لیبی و هەر وەها مەترسیی تەناهی خستۆتە سەر بەحرەین و کوێت.

**دووهەم**: توانایی مووشەکیی ئێران دەتوانێ مەترسی بێت لەسەر تەناهیی وزە چون ئێران لە ئێستادا لە ڕێگای حوسییەکانەوە دەتوانێ مەترسی بخاتە سەر هاتووچۆ لە "تەنگەڵانی بابولمەندب" هەر وەها لە خاکی خۆشیەوە دەتوانێ مەترسی بخاتە سەر هاتوچۆ لە "تەنگەڵانی هۆرمۆز" لە کەنداودا. هەر چەشنە مەترسییەکی هاتوچۆ لەو دوو تەنگەڵانە دەتوانێ مەترسیی تەناهیی نێوخۆیی لە وڵاتانی کڕیاری وزە ساز بکا و هاوکات تەناهیی نێودەوڵەتیش تووشی قەیرانی زۆر گەورە بکا.

**سێهەم**: بە تەواوی دەرکەوتووە کە ئێران چەک وچۆڵی تایبەت دەدا بە دەستوپەیوەندییەکانی لە ناوچەکەدا، لێرە مەبەست لە دەستوپەیوەندی گرووپە چەکدارە نادەوڵەتییەکان وەک حیزبوڵڵا و ..یە. دانی چەکی تایبەت وەک مووشەک و... بە هێزی چەکداری نادەوڵەتی ئەگەر لەسەر بنەمایی ئەو دیاردە نوێیە کە "هێزی چەکداری بچووک دەتوانێ تەناهیی نێوخۆیی زلهێزان تووشی تەنگژە بکا" سەیر بکەین ئەوە بەو مانایەیە کە وڵاتگەلی وەک ئامریکا کە ئێستا سەرکردایەتیی بەرەی دژە ئێران دەکەن، توانایی مووشەکیی ئێران بۆتە مەترسییەکی نێوخۆیی بۆ ئەوان. هەر لەو بەشەدا دەتوانین ئاماژە بە مەترسی مووشەکی حوسییەکان بۆ سەر بنیاتە نەوتی و ئابوورییەکانی پاشایەتیی سعوودی و مەترسی مووشەکی حیزبوڵڵا بۆ سەر بنیاتە هەستیارەکانی ئیسرائیل بکەین.

کە وایە ئەگەر ئێستا بمانەوێ پاش ئەو لێکدانەوەیە باس لەسەر ئەوە بکەین کە ئایا مووشەکبارانی بنکەکانی حیزبی دێموکرات لەلایان سپاوە بۆ کۆماری ئیسلامی دەستکەوت بووە، یان بە پێی بنەماکانی تەناهیی نێودەوڵەتی قەیرانێکی نوێیە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا؛ دەکرێ بڵێین: لە ئێستادا کۆمەڵگەی جیهانی توانایی مووشەکیی ئێران وەک قەیرانی تەناهی سەیر دەکا و پاش ئەو کردەوەیە کۆماری ئیسلامی وڵاتانی جیهان لە ئاستی

پەیوەندی لەگەڵ ئێران لەسەر توانایی مووشەکیی ئەم وڵاتە هەستیارتر دەبن، ئەوەش بەو مانایەیەکە لە ڕوانگەی تەناهیی نێودەوڵەتییەوە کۆماری ئیسلامی قەیرانێکی تری بۆخۆی سازکردووە و بێباوەری بە کردەوەی ئێران لە ئاستی جیهاندا قووڵتر لە جاران دەبێتەوە.

گرینگی ئەو قەیرانە نوێیە کە ڕێژیم خۆی تووش کردووە زیاتر لە هەموو شتێک پەیوەندی بە کاتی خوڵقانی قەیرانەکەوە هەیە. کۆماری ئیسلامی ئێستا لە ئاستی نێودەوڵەتیدا تەریک بۆتەوە و درێژبوونەوە و قووڵبوونەوەی قەیرانە نێودەوڵەتییەکانیش زیاتر ئەو ڕێژیمە بەرەو ئاراستەی "کورەی باکوور" بوون دەبا. هەرچەند ئەگەر کۆی قەیرانە نێوخۆیی و ململانێکانی نێو ڕێژیم لەسەر قەیرانگەلی نێودەوڵەتی کۆماری ئیسلامی دانێین بە ڕوونی بۆمان دەردەکەوێ کە سپای پاسداران و بنەماڵەی خامنەیی وەک باڵی دەسترۆیشتووی نێو ڕێژیم زیاتر خوازیاری ئەوەن ئێران بەرەو کۆریای باکوور بوون بەرن.

کەوایە لێدان لە بنکەکانی حیزبی دێموکرات لە کۆیە بێگومان کۆماری ئیسلامی لە ئاستی نێودەوڵەتی زیاتر بەرەو تەریک بوونەوە دەبا و نیشان دەدا ئێران بۆ دەربازبوون لە تەنگژەی ڕووخان ئاراستەی کورەی باکوور بوونی گرتووەتە بەر.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ٢١ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

# مووشەک تێگرتن لە "ئەوانی تر"



ڕزگار ئەمین‌نژاد

سەرلەبەیانیی ڕۆژی ١٧ی خەرمانان سێ لاوی کورد لە سێدارە دران کە بە بۆچوونی پارێزەرەکانیان و هەروەها بەشێک لە مافناسان، ئەم کردەوەیە وەک "قەتڵی سیاسی" پێناسە دەکرێ؛ چوونکە ڕەوەندی دادخوازییەکانیان، تەنانەت بە پێی یاساکانی ڕێژیمیش، کۆتایی پێ نەهاتبوو. چەند کاتژمێر بەداوی ئەو قەتڵە سیاسییەدا، بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەکرێتە ئامانجی هێرشێکی مووشەکی و بەداخەوە بەشێک لە کادری ڕێبەریی حدک و کۆمەڵێک لە کادر پێشمەرگەکانی حدک و حدکا شەهید و بریندار دەبن. ئێوارەی هەمان ڕۆژ، سپای پاسداران لە ڕاگەیاندراوێکدا بەرپرسایەتیی ئەو هێرشە دەگرێتە ئەستۆ و وەک کردەوەیەکی ئازایانە باس لە چۆنیەتیی جێبەجێکردنەکەی دەکا. ڕۆژی دواتر لە لایەن ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران داوا لە خەڵکی کوردستان کرا کە ٢١ی خەرمانان بە هەڵوێستێکی شیاو و یەکگرتووانە بەرەوڕووی تاوانەکانی ئەو ڕێژیمە ببنەوە و ڕۆژانی دواتر چالاکانی سیاسی و مەدەنیش لە نێوخۆی کوردستانەوە پشتگری مانگرتنیان کرد. شارەکانی کوردستان بەپیر ئەو بانگەوازەوە هاتن، ڕۆژی ٢١ی خەرمانان لە ماڵەکانیاندا مانەوە و بەم چەشنە ڕکۆردی گەورەترین مانگرتنی گشتی و لە هەمان کاتدا کردەوەییترین شێوەی نافەرمانیی مەدەنییان لە کوردستانی ئێراندا تۆمار کرد. میدیاکان ڕووماڵی ئەم دوو ڕووداوەیان کرد و چاودێرانی سیاسی لە گۆشەنیگای جیاوازەوە شرۆڤەیان کرد. بەڵام ئەو شتەی کە جیگای سەرنجی ئەم وتارەیە؛ شرۆڤە و چۆنایەتیی ڕووماڵی ئەو هەواڵانە بوو کە لە نێوان دوو قۆناغی پێش مانگرتن و دوای مانگرتندا گۆڕانێکی ڕێژەیی بە خۆیەوە بینی. ئاوڕدانەوە لەو

گۆڕانە ڕێژەییە یارمەتیمان دەدا سەرنجێکی زیاتر بە دیاردەیەک بدەین بە ناوی "ئەوانی تر" کە دواتر لەم وتارەدا باسی لێ دەکرێ.

بۆ ئەو کەسانەی کە لەگەڵ کاری میدیاییدا ئاشنان، حەتمەن لە کاتێ ڕووماڵی هێرشە مووشەکییەکانی ڕێژیم بۆ سەر بنکەی دەفتەری سیاسیی حدک، هەستیان بە ڕەوەندێکی ڕۆتینی کردبێ لە هەواڵەکاندا: باس لە ڕووداوێک دەکرێ لە شوێن و کاتێکی دیاریکراو و زیانەکانی، دواتر سەرنجی میدیاکان لەسەر توانای لوجیستیکی ڕێژیم چڕ دەبێتەوە و لە ئاکامدا ئەم پرسیارە بە شێوەیەکی گوماناوی ئاراستەی ڕای گشتی دەکرێ کە داخوا ئەم حیزبانە لە کوێی هاوکێشەکاندا ڕاوەستاون کە بەم چەشنە هێرشیان دەکرێتە سەر؟ هەروەها لە پرسیارەکاندا بە گومانەوە سەیری پێوەندیی نێوان ئۆپۆزیسیۆنی کورد و کۆمەڵگەی خۆیان دەکرا و حیزبەکانی ڕۆژهەڵات زیاتر وەک گرووپێکی چەکداری ئیزۆلەکراو پێناسە دەکران کە لەمێژە لەگەڵ کۆمەڵگەی خۆی نامۆیە. بەم چەشنە بەشێک لە میدیاکان ئەم ڕووداوەیان وەک ڕەوتێکی ئاسایی پیشان دەدا کە درەنگ یا زوو دەبوایە ڕوو بدا. هەڵبەت ئێمە دەتوانین لەوە تێبگەین کە لە کاری میدیاییدا پێشمەرجە فکرییەکان زەمینەی هاتنە ئارای پرسیارەکانیش خۆش دەکەن، بەڵام داخوا ئەو پێشمەرجانە چین کە میدیاکانی بەرەو ئاراستەیەک پاڵ پێونا کە وەها پرسیارێک بەرز بکەنەوە؟ بۆ تێگەیشتن لەو پێشمەرجانە ئێمە ناچارین ئەم ڕەوەندە وەک دیاردەیەک قبووڵ بکەین، دواتر لە کۆنتێکستی خۆیدا سەرنجی پێ بدەین و دواجار وەک هەموو دیاردەکان شرۆڤەی هۆکارە دەرەکی و دەروونییەکانی بکەین.

هۆکارە دەروونییەکان بەشێکن لەو خەسارناسیانەی کە لەلایەن حیزبەکان و هەروەها چاودێرانی سیاسییەوە بە بەردەوامی ئاماژەیان پێ کراوە. حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سەرەتای دەیەی هەشتاوییەوە بە ڕادەیەک سەرقاڵی دێموکراسیی دەروون حیزبی و کێشە سەلیقەییەکانیان لەمەڕ بەڕێوەبەری لە حیزبدا بوون کە بەداخەوە پێگەی کۆمەڵایەتی و ئەرکی سیاسیی خۆیان لەبیر کرد و لە ئەنجامدا حیزبەکانی تووشی لەتبوون کرد. ڕەوتی ئینشیعابی حیزبەکان و شێوازی مامەڵەکردنیان لەگەڵ یەکتر، هەڕەشەیەکی جیددی بوو بۆ سەر سامانی سیاسیی کوردستانی ئێران و تا ڕادەیەکی زۆر خەڵک و تەنانەت حیزبەکانیشی ناهومێد کردبوو. ئەم دۆخە وای لە حیزبەکانی ڕۆژهەڵات کرد کە وزە و توانای خۆیان بۆ پاساوی جیابوونەوەکانیان تەرخان بکەن و کەمتر هەوڵ بۆ گەشەی سامانی سیاسیی بزووتنەوەی کورد لە ئێراندا بدەن.

ئەم هۆکارەی کە ئاماژەی پێدرا و هەروەها دەرکەوتنی تەکنۆلۆژیای دیجیتاڵیش، زەمینەخۆشکەری هۆکارە دەرەکییەکەش بوون و دەستی ڕێژیمی لە جاران ئاوەڵاتر کرد بۆ بردنە پێشی سیاسەتە نەرم ئامێری و سەخت ئامێرییەکانی. ڕەنگە سیاسەتی سەخت ئامێریی ڕێژیم کە مۆدێرنیزەکردنی کۆنترۆڵی هاووڵاتیان و تەکنۆلۆژیای شەڕە، بابەتێکی ئاسایی بێ ئەگەر سەرنج بە هەڵکشانی ساڵانەی بودجەی نیزامی ڕێژیم بدەین. بەڵام سیاسەتی نەرم ئامێری ڕێژیم بۆ لاوازکردنی ئوپۆزیسیۆن، بابەتێکی سایکۆ_فکری بوو کە ئەگەر حیزبەکان و چالاکانی سیاسی سەرمایەیان بۆ تەرخان کردبا ڕەنگە تا ئەو ڕادەیە سەرکەوتوو نەدەبوو. ئاشکرایە کە ڕێژیم هەمیشە ترسی لە نیهادەبوونی ئایدیای کۆمەڵگەی مەدەنی بووە و هەشە، بەڵام سیاسەتی نەرم ئامێری ڕێژیم لە هێندێ دۆخی تایبەتدا توانی لە ڕێگای دیسکۆرسی مەدەنییەوە هەوڵ بۆ لاوازکردنی خەباتی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات بدا و لە بەرچاوی کۆمەڵگەی ئێراندا ئەم حیزبانە وەک ڕەوتێکی نامەدەنی بناسێنێ، چوونکە چەکدارن. هەڵبەت لەم دیسکۆرسە مەدەنییەدا دیار نەبوو کە بۆچی ڕێژیم مافی مەشرووعی هەیە بۆ دەستبردن بۆ چەک! جێی وەبیر هێنانەوەیە کە ئیدەی پێشمەرگە وەک نیهادێکی نەتەوەیی، لە چوارچێوەی کۆنتراکتێکی نیشتمانیدا و لە سەردەمی کۆماری کوردستان باسی لێ کراوە و تەنانەت ماف و ئەرکەکانیشی لە یاسای کۆماری کوردستاندا دیاری کراون. ساڵی ١٣٥٧ ئیدەی دامەزرانەوەی هێزی پێشمەرگە وەک نیهادێکی نیشتمانی بۆ پاراستنی ئەمنیەتی کوردستان و دەسکەوتەکانی شۆڕش دیسان هاتە ئاراوە. لە هەر دوو قۆناغدا تاکتیک و ئیستعدادی نیهادی پێشمەرگە بەرگریکردن بووە و بۆیە قەت نەیتوانی لە چوارچێوەی بەرگری دەرچێ. بەڵام نیهادی پێشمەرگە لە ساڵی ١٣٥٧ بەو لاوە ئەرکی مەدەنیشی لە ئەستۆ بوو؛ بۆ نموونە لە ناوچە ئازادکراوەکاندا پێشمەرگە تەنیا نیهادێک بوو کە بە ناوی مامۆستای شۆڕش هەوڵی دەدا کە منداڵانی کوردستان لە خوێندن دوا نەکەون، لە بنبڕکردنی دیاردە ناپەسەندە کۆمەڵایەتییەکاندا ڕۆڵی کاریگەری هەبوو، هەروەها پێشمەرگە ئەرکی ژینگەپارێزیشی لە ئەستۆ بوو بۆ پاراستنی دارستانەکانی کوردستان. چاوپۆشیکردن لە کارکردی مەدەنیانەی ئەم نیهادە نیشتمانییە و ناساندنی وەک هێزێکی چەکدار کە هەوڵ بۆ ڕووخانی ڕێژیم دەدا، وای لە ئۆپۆزیسیۆنی کورد کرد کە لە حەوزەی عموومیدا کەمتر دەرکەوێ. هەڵبەت سیاسەتی نەرم ئامێری ڕێژیم بەمەش نەوەستا و هەوڵی دا پێناسەیەکی دیکە لە ناسیۆنالیزم دابهێنێ و ڕای گشتی کوردستانی پێوە سەرقاڵ بکا. بزووتنەوەی میللی دێمۆکراتیکی کوردستان هەر لە سەرەتای دەسپێکی خەباتیدا کۆمەڵێ نۆرمی لە ئیدەی ناسیۆنالیزمی کوردیدا نەهادینە کردبوو کە مەجالی تەعامولێکی دێمۆکراتیکی لەگەڵ گەلاندا هەموار دەکرد. بەڵام ئەو ناسیۆنالیزمەی کە لە ڕێگای سیاسەتی نەرم ئامێری ڕێژیمەوە کاری لەسەر دەکرا لەو نۆرمە دێمۆکراتیکانە بەتاڵ کرابوو. ئەم دیاردەیە وای کرد کە بە بۆچوونی

بەشێک لە چالاکانی سیاسی و مەدەنیی کورد، ناسیۆنالیزمێکی سەقەت لە کوردستانی ئێراندا سەرهەڵ بدا کە بەرچاوگەیەکی لێلی هەبێ بۆ گەیشتن بە ئامانج. بێجگە لەمە ڕێژیم لەو ساڵانەی دواییدا مەیدانی بە بەشێک لە نوخبەی کورد دابوو کە لە چوارچێوەیەکی دیاریکراو، لەسەر بنەمای فکریی ئەو ناسیۆنالیزمەی کە لای ڕێژیم قەدەغە نییە و بە هەڵوێستێکی ڕێژەیی باس لە گرفتی کورد وەک دیاردەیەک بکرێ کە لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێراندا هەیە. ئەم شتانەی کە باس کران و زۆر هۆکاری دیکە، هەوڵی دەدا ڕەوتی خەباتی میللی دێمۆکراتیکی کورد لە ئێران وەک بزووتنەوەیەکی پاسیڤیزم دەربخا و بێگومان پێشمەرجە فکرییەکانی میدیاکاران بۆ شرۆڤە و ڕووماڵی هەواڵەکانی ڕۆژهەڵات لە دەوری وەها بازنەیەکی تەسکەدا دەخولانەوە.

بەیانی ڕۆژی ٢١ی خەرمانان، کاتێ وێنە و گرتە ڤیدۆییەکانی مانگرتن بە دونیای مەجازیدا بڵاو بوونەوە، نەک ڕێژیم بەڵکە میدیاکانیشی تووشی شۆک کرد و بە هەمان ڕادە شرۆڤەکانیش تووشی گۆڕانێکی ڕێژەیی هاتن. لە باری نیشانەناسییەوە دەتوانین ئەم گۆڕانە ڕێژییە بەسەر دوو کانسێپتی نێوخۆیی و دەرەکیدا دابەش بکەین. مەبەست لە کانسێپتی نێوخۆیی شێوەی تێگەیشتن و شرۆڤەکردنی چاودێرانی سیاسی نێو ماڵی کوردە کە بەشێکی بەرچاویان هەڵمەتی نافەرمانی مەدەنی خەڵکی کوردستان بە دژی ڕێژیمیان وەک پەیامێکی مانادار شرۆڤە دەکرد کە یەکێ لە بەردەنگەکان حیزبە کوردییەکانن و پێیان وا بوو خەڵک بەم کارەیان حیزبەکانیان ئاگادار کردەوە کە هەرچەشنە جموجۆڵێک بۆ پشتیوانی لە بزووتنەوەی کورد لە گرەوی یەکگرتوویی حیزبەکان دایە. بەڵام کاتێ سەرنج بە کانسێپتی دەرەکی دەدەین، واتە ئەو چاودێرانەی لە دەرەوەی ماڵی کورد شرۆڤەی ڕووداوەکانیان دەکرد، کاردانەوەکان جیاواز بوون. بەشێکی بەرچاو لە شرۆڤەکاران لە ئاست گەورەیی ئەم کردەوەی خەڵکدا بێدەنگیان هەڵبژارد و بەشێکی دیکە بەدەنگەوەهاتنی خەڵکیان وەک هێمایەک بۆ پێگەی بەهێزی کۆمەڵایەتی حیزبە کوردییەکان لە نێوخۆی وڵات قبوڵ کرد.

ئەو شتەی کە لەم میانەیەدا جێگای سەرنجە و ڕەنگە ئامانجی سەرەکیی ئەم وتارەش بێ، دیاردەیەکە بە ناوی "ئەوانی تر". تیۆری "ئەوانی تر" سەرەتا لە زانستی کۆمەڵایەتی و لەمەڕ پرسی ناسنامەدا هاتە بەر باس. تاک ناسنامەی خۆی بە پێی ئەو جیاوازییانە پێناسە دەکا کە لە "ئەوانی تر" دا نییە. بەڵام لە سیاسەتدا "ئەوانی تر" هەر لە بەستێنی ناسنامەدا نەمایەوە بەڵکوو لە خانەی ئاپارتاید و نادادپەروەریشدا دەکار دێ. کەوایە "ئەوانی تر" لە سۆنگەی سیاسەتدا تەعامولێکی نادێمۆکراتیکە لە نێوان زۆرینە و کەمینە، ناوەند و پەراوێز،

ڕەنگ و دەنگە جیاوازەکاندا. دەرکەوتەی ئەم تیۆرە لەسەر کەمینە و پەراوێزنشینەکان دەرەنجامێکی پێچەوانەی هەیە و دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی هەستی "خۆ بوون". لە ڕوومالّی هەوالّ و شرۆڤەکانی ئەم چەند ڕۆژەدا، چ لە کانسێپتی ناخۆیی و چ لە کانسێپتی دەرەکیدا، ئێمە هەست بە نیشانەکانی کارکردی تیۆری "ئەوانی تر" دەکەین. لە گشت شرۆڤەکان کە لە کانسێپتی نێوخۆییدا ئاماژەیان بەم ڕووداوانە کردووە، پرسی کورد لە خانەی "خۆ بوون" و لە کانسێپتی دەرەکیشدا پرسی کورد لە خانەی "ئەوانی تر" کە هێندێ جار لە تێگێشتنێکی ئاپارتایدانەش نزیک بوون، شرۆڤە کراوە. کەوایە پرسی کورد لە هەر دوو کانسێپتدا دیاردەیەکە کە دەبێ بە شێوەیەکی سەربەخۆ ئاوڕی لێ بدرێتەوە. ئەم تێگێشتنە لە مەڕ پرسی کورد بە گشتی و پرسی "ئەوانی تر"، لە ڕاستیدا بەرهەمی تەعامول و گوتاری نەرم و بەرپرسانەی بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنی کوردە لەگەڵ نێوخۆی نیشتمان و بە تایبەت چالاکانی مەدەنیی کورد. گۆڕانی گوتاری ڕۆمانسیانەی کورد بەرەو عەقلییەتێکی پراگماتیک کە خۆی لە خانەی ئادیالۆژیدا زیندان ناکا، بەڵکوو چاوی لەو فاکتۆرە عەقلانیانەیە کە بزووتنەوەی کورد لە ئامانج نزیکتر دەکاتەوە، توانیویەتی زەمینەی سەرهەڵدانی شەپۆلی سێهەمی ناسیۆنالیزم لە کوردستان فەراهەم بکا. پرسی ژینگە، یەکسانیی ڕەگەزی، ئەخلاق، بەرپرسیارەتیی نیشتمانی، ئازادی، دیمۆکراسی، دادپەروەری و گشت نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان، لە خانەی ئەم ناسیۆنالیزمەدا جێی بۆ کراوەتەوە و بەرچاوگەی وەدیهێنانی خەونەکانی کوردی ڕوونتر کردووە. ئەگەر کانسێپتی دەرەکی بەتەمایە لەگەڵ دیاردەی "ئەوانی تر"دا تەعامول بکا، پێویستە سەرەتا تەمرینی تەعامولێکی دیمۆکراتیک بکا لەگەڵ پرسی "ئەوانی تر" و ئەوجار بیر لە سەرلەنوێ پێناسەکردنەوەی چەمکی دیمۆکراسی، ئازادی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی بکاتەوە و بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە "ئەوانی تر" بەشدار بن لەو مەیدانەدا. ڕێژیمی ئێران لە ڕاستیدا سیلەی مووشەکەکانی لە "ئەوانی تر" گرت بۆ ئەوەی ئەم گوتارە عەقلانی و سیاسییە بێدەنگ بکا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ٢١ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

# قۆرتێکی گەورە لە بەردەم ڕێژیمی ئێران



**قادر وریا**

راپۆرتی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە بارەی ڕێژیمی ئێران کە کۆماری ئیسلامیی ئێران وەک پشتیوانی تیرۆریزمی جیهانی دەناسێنێ و هەر لەم مانگە دا بڵاو بۆوە، قسەکانی ئەمڕۆ(٢٠١٨/٩/٢١)ی "نیکی هیلی" باڵوێزی ئەمریکا لە ئەنجومەنی ئاسایشیشی هاتەسەر. هاوکات دۆنالد ترامپ، سەرکۆماری ئەمریکا، رای گەیاندوە کە بۆ خۆی سەرپەرستیی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی ئاسایش لە پیوەندی لە گەڵ ئێران دا-کە حەوتووی داهاتوو پێک دێ- دەگرێتە ئەستۆ.

قسەکانی ئەمڕۆی نیکی هیلی و راپۆرتی ساڵانەی ئەمریکا لە بارەی تیرۆریزم، دەری دەخەن کە ئەمریکا لە گەڵ ئێران هەر تەنیا لە سەر کەیسی ناوکی کێشە و ناکۆکی نیە، بەڵکوو لە سەر چەکی مووشەکی و دەستێوەردانەکانی ئەو ڕێژیمە لە ناوچە و، پشتیوانی کردنی لە گرووپە تیرۆریستییەکانیش، کێشەی جیددی هەیە.

لە کاتی دەرچوونی ئەمریکا لە پەیماننامەی بەرجام، کۆماری ئیسلامی دڵی بە وڵاتانی ئورووپایی خۆش بوو کە پشتی بگرن و لە نیوان ئەمریکا و ڕێژیمی ئێران، کۆماری ئیسلامی هەڵ بژێرن. بەڵام لە گەڵ ئەوەی هێندێک لە وڵاتە گرنگەکانی ئورووپا بەڵێنێکی لەو چەشنەشیان دا، کاتێک زانیان ئەمە لە ڕووی ئابوورییەوە، چەندە بە زیانیانە، بەڵێنەکەیان نەبردە سەر. لەو ماوەیەدا ئەو ڕێژیمە نەک هەر نەیتوانیوە لە ژێر قورسایی پشت شکێنی

شوێنەوارە ئابووری و بازرگانییەکانی دەرچوونی ئەمریکا لە بەرجام و دەستپێکردنەوەی گەمارۆکانی راست بێتەوە، بەڵکوو هەتا دێ پتر تێیاندا نوقم دەبێ. بەو حاڵەشەوە (شڕی و وێرانیی دۆخی ئابووری لە لایەک و، سەرڕێژ بوونی نارەزایەتیی سیاسی و ئابووریی خەڵکیش لە لایەکی دیکە) دەبێ بەرەوڕووی کێشەیەکی دیکەش بێتەوە. کێشە و ململانێیەک کە لەویان دا، هەر بە تەنیا لە گەڵ ئەمریکا بەرەوڕوو نیە. لەم کێشەیەدا، وڵاتانی ئورووپایی و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەرژەوەندێکیان نیە لە گەڵ ڕێژیمی ئێراندا بن. (لە دەرەوەی ئەو جۆگرافیەش ڕووسیە و چین دەمێنن کە لەنگەر بۆ ئەو ڕێژیمە ڕابگرن کە ئەمەش ناتوانێ هەتا سەر بێ.)

جاری پێشوو لە کاتی هاتنەسەرشەقامی خەڵکی شارەکانی ئێران دژی کۆماری ئیسلامی و توند و تیژی نواندنی ئەو ڕێژیمە بەرامبەر خەڵکی نارازی، ئەمریکا ئەو پرسەی بردە ئەنجومەنی ئاسایش. ئەمە پشتیوانییەکی سیاسیی دیار بوو لە مافەکان و داخوازەکانی ئەو خەڵکە وەزاڵەهاتوە. بەڵام زۆر لە ولاتانی ئەندامی ئەنجومەنی ئاسایش دژی هەڵوێستەکەی ئەمریکا وەستانەوە و سەرکوتی خەڵکی نارازیی زیاتر لە ١٠٠ شاری ئێرانیان بە کێشەی خۆیان و ئەنجومەنی ئاسایش نەزانی. بەڵام هاسان نیە کێشەی پشتیوانیی ڕێژیمی ئێران لە تیرۆریزمی جیهانی و دەستێوەردانەکانی ئەو ڕێژیمە لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەراست و، هەڕەشەکانی بۆ سەر هاوپەیمانانی خۆیان و بەرژەوەندەکانیان لەو ناوچەیەش، هەر بەکەم بگرن و دژی تێهەڵپێچانەکانی ئەمریکا بەرامبەر ڕێژیمی ئێران بوەستنەوە. هەموو نیشانەکان پێمان دەڵێن کۆماری ئیسلامی قەیرانی گەورەی لە پێشن. کۆماری ئیسلامیی ئێران، چۆن لەم قەیرانە گەورە دەرباز دەبێ؟ وڵامەکەی لە گرەوی سەرکەوتنی ئەمریکا بۆ پێکهێنانی ئیرادەیەکی جیهانی بە مەبەستی ملکەچکردنی ئەو ڕێژیمە و کۆتاییهێنان بە یاغیگەرییەکانی دایە. بەڵام بێ دروستبوونی خێرای ئەو ئیرادە جیهانییەش، تێکەوتنی کۆماری ئیسلامی لە گەڵ ئەمریکای شێلگیر و لێبڕاوی سەردەمی ترامپ، هاسان نیە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ٢١ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

## بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆتە ئامانجی مووشەکە دوور هاوێژەکانی ڕژێمی ئێران و هاوکات کراوەتە ئامانجی کارە تیرۆریستیەکانی ئێران.




**تاهیر مولان نژاد Tahir Mawlannajad**

وەک چۆن مرۆڤ پێویستی بە هەڵمژینی هەوا هەیە بۆ زیندوو مانەوەی، خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش ( حدک) بە هەوای تەندرووست و سازگاری خۆیان دەزانم.

پێم وانیە بتوانم لە چەند دێڕێکدا جێگە و پێگەی حدک یا ئەو چالاکیە بوونیاتنەرانەی حدک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بنووسم.

لە دوای ساڵانێک کپ بوون و ڕاوەستانی چالاکی و جەولەکانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، حیزبێک بە ناوی حدک لە دایک بوو و بوو بە بزوێنەری خەبات و گڕوو و تینێکی نوێ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

لەگەڵ ئەوەی حدک حیزبێکی تازە کەوتبووە سەر پێ و بێ ئیمکانات و ساوا بوو، بەڵام توانی کەڵک لەو ئیمکاناتە کەمەی خۆی وەرگرێت و لە ڕێگەی میدیا و ڕاگەیاندنەکانیەوە سیاسەت و بەرنامە و پرۆگرامی کاری خۆی پێشکەش بە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بکات و جێگە و پێگەی لە ناو دڵی خەڵکدا بکاتەوە، هەرچەند دامەزرێنەرانی ئەو حیزبە کۆمەڵێک کادر و پێشمەرگەی بە ئەزموون بوون و پێشتریش پێگەی تایبەتی خۆیان لە

ناو کۆمەڵانی خەڵکدا هەبوو.

حدک توانی لە مەودای کەمتر لە دوو ساڵ دوای دامەزرانی هێزێکی پێشمەرگە بنێرێتەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەم هێزە لە کاتێکدا خۆی ئەو دیوی ئێران کردەوە کە ساڵانێکی دوور و درێژ بوو جووڵەی پێشمەرگە کپ و بێ دەنگ کرابوو، بەڵام حدک توانی بۆ یەکەم جار وەک یەکەم هێز هێزێکی پێشمەرگە ڕەوانەی ناو خەڵک بکاتەوە. ئەم هێزە کە نوێنەرایەتی و بانگەشەی سیاسەتەکانی حدک ـیان دەکرد زیاتر قسەیان لەسەر جووڵاندنی خەڵک بەرەو وەرگرتنی مافەکانیان دەکرد و خەڵکیان دڵ گەرم دەکرد بۆ بە دەست هێنانی مافەکانیان، چۆن لە ڕوانگەی حدکەوە خەڵک نەبێت حدکیش نیە واتە حدک هەمان خەڵکە.

ئەم کراوەییەی حدک توانی سرنجی خەڵکی ڕۆژهەڵات بۆ لای خۆی ڕاکێشێت و خۆی بکات بە ئاڵا هەڵگری گۆڕەپانکە وەک پێشەنگ و یەکەم حیزب لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا.

حدک ساڵانێک درێژەی بەم سیاسەتەدا و توانیشی تێدا سەرکەووتوو بێت تا ئاستێکی زۆر باشیش کە ئێستا دەرئەنجامەکانی دەبینین.

لەگەڵ ئەوەی کە حدک لە دوای دامەزرانیەوە دەتوانم بڵێم هەموو ساڵێک هێزی پێشمەرگەی ناردۆتەوە، هاوکات بانگەشەی خەباتی مەدەنیشی کردووە کە دەبێت خەڵک لە تەنیشت پاڵپشتی ئێمەوە داوای مافی خۆیان بکەن لە ڕێگەی مەدەنیانەوە واتە خەباتی مەدەنی.

خەباتی مەدەنی بوو بە پرسی ڕۆژ و پەلوو پۆیەکی زۆری هاویشت تا ئاستێک کە زۆربەی تاکەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕێگەی سۆسیال میدیا و شوێنەگشتیەکان قسەی دڵی خۆیان بکەن لە حاڵێکدا دەیانزانی گیانیشیان دەکەوێتە مەترسیەوە.

حدک لەسەر سیاسەتی پیشتیوانی کردن لە خەباتی مەدەنی و چالاکیە مەدەنیەکان پێداگری زیاتری کرد تا ئاستێکی زۆر باش.

ڕاستە حدک کەسانی چەکداری ڕەوانەی ناو خۆ دەکردنەوە و ئەو ڕەوانە کردنەوەش بەو مانایە نەبوو و نیە کە ئەو پۆڵە پێشمەرگە هێرش بکەنە سەر بنکەیەکی چەکداری ڕژێم، ئەم چەکە تەنیا لەکاتی بەرپەرچدانەوە بەکار هاتووە.

حدک بە سیاسەتی حەکیمانەی خۆی و ڕەوانە کردنەوەی پێشمەرگە بۆ ناو خۆ ترسێکی گەورەی خستە ناو دڵی دووژمنەوە تا ئاست شڵەقاندنی ئەو دووژمنە.

دوای ئەوەی سیاسەتی حدک جێگەی خۆی گرت لە ناو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا ڕژێمی ئێران دەستەوستان ڕانەوەستا و وەک هەمیشە دەستی کرد بە پیلانگێڕی لە دژی حدک.
سیاسەتی وەلەرزە خستنی ڕژێم و بەدەنگەوە هاتنی کۆمەڵانی خەڵک، ڕژێمی تاران و ماشێنی تیرۆریزمی خستە کارەوە، هەرچەند تیرۆر بەشێک لە سیاسەتی ڕژێمی ئێرانە.

ڕژێم شکستی خوارد لە پێش گرتنی جەولەکانی حدک ناچار پەنایی بۆ کاری تیرۆر برد وەک سیاسەتی لە مێژینەی خۆی.


شەوی یەڵدا وەک شەوێکی لە بیرنەکراوە دەمێنێتەوە کە ڕژێمی ئێران ویستی ڕێبەری و کادر و پێشمەرگە لە مەراسمێکدا بکاتە ئامانج، دوای ئەو ڕووداوە تیرۆر کردنی کاک قادر قادری یەکێک لە فەرماندەکانی حدک.

ڕووداوی ١٧ی خەرمانان ئێستا برینەکەی هەر نوێیە کە ڕژێمی ئێران بە مووشەکی دوور هاوێژ کۆبوونەوەی ڕێبەری حدکی کردە ئامانج کە بە داخەوە کۆمەڵێک کادر و پێشمەرگە و ئەندامی ڕێبەری شەهید کران.

حدک حیزبی خەڵکە و هەر خەڵکیش دەمێنێتەوە.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ٢٢ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

# مووشەک بارانی قەڵای دێموکرات و ورەی بەرزی پێشمەرگە



**برایم چووکەڵی**

حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕۆژانی تەنگانەی زۆری بوون کە هەموویانی ئەگەرچی بە زیان، بەڵام بە سەربەرزی تێ پەڕاندووە. ١٧ی خەرمانان یەک لەو ڕۆژانەیە.

ڕۆژی ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی لە کاتێکدا کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆبوونەوەدا بوو، کاتژمێر ١٠و ٤٥ دەقیقەی پێش نیوەڕۆ کەوتە بەر هێرشی مووشەکی دوورهاوێژی کۆماری ئیسلامی و ژمارەیەک لە ڕۆڵە قارەمانەکانی گەلی کورد گیانی خۆیان کردە چرای ڕێگای تێکۆشانی داهاتووی نەتەوەی کورد. لە نێو شەهیدەکاندا شەش ئەندامی ڕێبەرایەتیی حیزب و پێنج کادری بەوەجی ماندوونەناس و سێ پێشمەرگەی قارەمانی نەسرەوتوو، بوونە قوربانی و بە خوێنی گەشی خۆیان ئاڵای خەباتیان نەخشاند.

پەلاماری ڕۆژی شەممە ١٧ی خەرمانانی کۆماری ئیسلامی هەر درێژەی چوار دەیە سیاسەتی دژەکورد و سەرکوتی جووڵانەوەی کورد بوو، بەڵام دیسانەکەش ئاسنی ساردکوتانە، چونکی هەم بزووتنەوەی کورد لەسەر پێیە و هەم تێکۆشەرانی کورد لێ بڕاون هەتا دوا قۆناغی سەرکەوتن لە مەیدانی خەباتدا بمێننەوە.

ئاشکرا و بەڵگەنەویستە کە لە ماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا حیزبی دێموکرات بەهێزترین ڕێکخراوی سیاسی بووە

کە بەرهەڵستی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی و پیلانەکانی لە کوردستاندا بۆتەوە. مێژووی خەباتی حیزبی دێموکرات بۆ زۆر لەوە پێشتریش دەگەڕێتەوە. ئەم حیزبە هەر لە یەکەم ڕۆژی دامەزرانی دوایەش بە پێکهێنانی کۆماری کوردستان و نهادینەکردنی بیری نەتەوەیی و شوناسخوازی و، هەروەها بە خەباتێکی بێوچان بۆ وەدەستهێنانی مافی گەلی کورد، هەمیشە کۆسپێکی گەورەی بەردەم دەسەڵاتە ناوەندییەکان لە تاران بووە. حیزبی دێموکرات لە هەموو ماوەی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامیدا پێشەنگی خەبات و بەربەرەکانی لەگەڵ ئەم ڕێژیمە بووە و هێزی پێشمەرگەی ئەم حیزبە کارنامەیەکی پڕ سەروەریی هەیە لە تێکشکاندنی هەیمەنەی ئەم ڕێژیمە. ڕووداوەکەی 17ی خەرمانانیش دەری خست کە ئیرادەی پێشمەرگە لە بەرامبەر هێزی مووشەکیی ڕێژیم چەند قات بەرزترە و ئەوەی لەو نێوەدا بەزیوە و دەستی بەرداوەتەوە، هەر کۆماری ئیسلامییە. هەموو ساتەوەختەکانی ئەم ڕۆژە ئازایەتی و نەبەردی و نەسرەوتن بوو...

ئەوە یەکەم جار نییە کە تێکۆشەرانی دێموکرات لە قەڵای بەرخۆدان گیانی خۆیان بە سەخاوەتەوە بۆ هاوسەنگەرە شەهیدەکانیان خستە مەترسی، بەڵکوو بەدرێژایی مێژووی خەباتی چەکداری دژی ئەو ڕێژیمە زۆردارە دەیان بەڵگە و دێکومێنت لەبەردەست دایە کە سەلمێنەری ئەم ڕاستییەن. لە مێژووی وەرەبەرزیی تێکۆشەرانی دێموکراتدا دوو مەسەلە زۆر گرینگ و بنەڕەتین. یەکەم ئەوەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و ئازادیخوازان لەخۆبوردوویی و شۆڕشگێڕیی پێشمەرگەیان زۆر باش ناسیوە و وەرەبەرزیی ئەوان لەنێو دڵی خەڵکی کوردستاندا بە تەواوی جێگای خۆی هەیە، بۆ ئەوەش سەدان چیرۆک و بەسەرهات و حەماسەت هەن کە شایهتیی بۆ بدەن. دووهەم؛ دوژمنانی ئازادی و بەختەوەری نەتەوەکەمانن کە هەمیشە هێزەکانی لە ئاستی هێزی لەشکان نەهاتووی پێشمەرگەدا زەبوون و داماو بوون، بۆیە دەبێ قامک بۆ ئەو ڕاستییە درێژ بکەین کە ئەوەی لە ڕۆژی مووشەک بارانی بنکەکانی دەفتەری سیاسیی حیزب هاوسەنگەرانی شەهیدان کردیان، لە مێژووی خوێناویی گەلەکەماندا وەک لاپەڕەیەکی پرشەنگدار دەمێنێتەوە.

مێژووی خوێناویی گەلەکمان لە ڕووداوە خۆش و ناخۆشەکانی نێو ئەو مێژووە، لە سات بەساتی هەوراز و نشێوەکانی و لە فیداکاری و تەنانەت لە شکستەناخۆشەکان و ڕۆژە تاڵ و شیرینەکان پێک دێن. ئازایەتی هەر ئەوە نییە لەشەڕە تفەنگدا دوژمن بەچۆکدا بێنی و ئازایانە لەبەرامبەر دوژمندا ڕابوەستی، بەڵکوو نەبەزی، تاوانی بریندار و ڕزگارکردنی، خۆڕاگری و پشوودرێژی و چۆڵنەکردنی مەیدانی خەبات گەورەترین ئازایەتییە.

بەڵگەکان شایەدی بۆ خۆڕاگریی هیزی پێشمەرگەی دێموکرات دەدەن کە نەک مووشەکەکانی کۆمار ئیسلامی نەی ترساندن، بەڵکوو فرۆکەی بێفرۆکەوان لە ئاسمانی زاڵ بەسەر بنکەکانی حیزبدا هێشتا تەقەی دەکرد کە پیشمەرگە بەبیر و باوەڕەکانی دێموکرات زۆر زوو وەدەستهاتن و بە چەکی قورسی باوەڕ بەرەنگاریان بوونەوە. ڕزگارکردنی بریندارەکان و هێنانەدەرێی تەرمی شەهیدان لە بن داروپەردووی ڕووخاو و لە بن تەوژمی ئاگر و دووکەڵ ئەویش لە ماوەیەکی کورتدا لە دیمەنە پڕ حەمەساتەکانی ئەم تەنگانەیەن.

ئەوەی کۆماری ئیسلامی بە تەمای بوو وەک هەمیشە لەنێوبردن و هەڵتەکاندنی یەکجارەکیی حیزبی دێموکرات بوو، بەڵام خەون و ئاواتی چەپەڵی دیسانەکەش بوونەوە بلقی سەرئاو. هەر چەند ڕۆژ دوای مووشەک بارانی بنکەکانی حیزب بوو کە دوژمن دووهەم زەبری وێ کەوت، ئەویش لە مەیدانی سەرەکیی خەباتی حیزبی دێموکراتدا. ئەوە بوو کە خەڵکی کوردستانی خۆڕاگر، خەڵکی کوردستانی دیموکرات بە مانگرتنەکەیان مستێکی توندیان لە دەمی ڕێژیم و دەزگای سەرکوتەکەی دا و دیسانەکەش سەلماندیان کە حیزبی دێموکرات نەک بێ پشت و پەنا نییە، بەڵکوو هەر دلۆپە خوینێکی پیشمەرگە دەبێتە هەوێنی ڕزگاری و سەربەستیی ئەم کوردستانە و؛ ئەو خوێنانە دەبنە چرای ڕووناکیدەری ڕێی تێکۆشەرانی دێموکرات.

ئەوەی لە ڕۆژی ١٧ی خەرماناندا ڕێژیم چاندبووی، لێی بوو بە چەرمەسەرییەکی گەورە؛ چونکی چوار ڕۆژ دواتر خەڵکی کوردستان ئەو پەیامەی پێدان کە قەڵای سەرەکیی حیزبی دێموکرات هەروا لەجێی خۆیەتی و دڵی ئەم بزووتنەوە شوناسخوازە لە هەناوی کوردستاندا لێ دەدا. بۆیەش ئەوەی ڕێژیم لەو ڕووداوەدا بە نسیبی بوو، دیسانەکەش هەر زەبوونی بوو، دیسانەکەش بەچۆکداهاتن لەبەرامبەر ئیرادە و وورەی بەرز و پۆڵایینی خەڵک و پێشمەرگەی دێموکرات بوو.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ٢٢ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

# هونەری دەروەست لە قووڵایی کارەساتدا



**دیمانە: شەونم هەمزەیی**

***شۆڕش ئاهی: مرۆڤ بە هەڵوێستەوە دەتوانێ هەست بە بوونی خۆی و سەلماندنی کەسێتیی خۆی بکا***

***بەیان سۆهرابی: خوێنمان تێکەڵاوی خوێنتان و بوونمان ئاوێتەی بوونتانە***

***دوای کارەساتەکەی ١٧ی خەرمانان و ڕەوتی نۆژەنکردنەوەی قەڵای دێموکرات و ژیاندنەوەی ڕووحی خەبات و تێکۆشان لەو ژینگە سیاسییەدا، هونەر بەشێک بوو لەو حەماسەتە.***

***شۆڕش ئاهی و بەیان سۆهرابی، دوو هونەرمەندی هاوژین و هاوڕێ، هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵ ڕەوتی ئەم ژیاندنەوەیەدا بە کارە هونەرییەکانیان شوێن پەنجەیان بە قەڵای دێموکراتەوە دیار بوو. ئەوان هەوڵیان دا مانای خۆڕاگری و واتای بەردەوامیی خەبات و تێکۆشان لە ڕێگەی ڕەنگ و وشەوە بە دارودیواری قەڵاوە بنەخشێنن و ئاوازی هەرمانیان پێ بچڕن.***

***لە دیمانەیەکی کورتدا ویستمان لە زمان خۆیانەوە باس لە ئامانج و مەبەستەکانی ئەم زنجیرە کارە هونەرییانە***

***بکەین کە ئەو ژن و مێردە ڕووناکبیر و پەنجەڕەنگینە کردوویانە:***

***کاک شۆڕش ئێوە زوو هاتنە شوێنی ڕووداوەکە و ماوەی دوو حەوتوویە زۆر بە ماندووییش خەریکن. دەکرێ بۆ خوێنەرانی ئێمەی ڕوون بکەنەوە کە خەریکی چین؟***

**ئێمە هەر لە ڕۆژی ئەوەڵەوە لێرە بووین، دیارە دوو ڕۆژ پێش ڕووداوەکەش لێرە بووین و هاتبووین بۆ سەردانی هاوڕێ و خۆشەویستانمان و ئیدی بەسەر کارەساتەکەدا کەوتین.**

**لە یەکەم ساتەکاندا هەموو هەوڵمان بە هاناوەچوونی برینداارانی ڕووداوەکە بوو، دوایەش کە هاتینەوە سەر خاوێنکردنەوە و ئاوەدانکردنەوەی قەلا، ویستمان بەشمان بەو کارانەوە هەبێ کە دەبوا بکرابان. وە کاتێکیش زانیمان دوژمن بەو وێرانیە دلشادە، بڕیارمان دا ئەم خەونەی لێ ئالۆز بکەین. لەبەر ئەوەی کە گەورەترین ئەرکی هونەر ئەوەیە ژیانەوە وەدەست بێنێتەوە.**

***ئێوە بەشێک لە دیوارە زامدارەکانی قەلاتان بە پەپوولە نەخشاندووە. جێگەی پرشکی فیشەک و مووشەک بۆ دەبێتە پەپوولە؟ یان مەبەستتان هەر داپۆشینی ئاسەواری هێرشەکە بوو؟***

**ئەوە ڕوونە کە ئێمە جاری وایە بە زمانی مەفهوومی یا هونەری مەفهوومی قسە دەکەین، ڕاستە کارێکی سادەیە، بەڵام کە هاتین بارودۆخ و شوێنی کارەساتەکەمان بینی. کە بینیمان ئەو پۆلە هاوڕێ زۆر خۆشەویستەمان شەهید بوون و لە نەخۆشخانە بینیمان کە بە مووشەک بارانەکە جەستەکانیان چۆن لەت و پەت ببوون؛ کە من دەزانم ئەوانە چەند ڕوحێکی لەتیف و مەعسوومیان بووە و چ ئینسانێک بوون، ویستم تەعبیر لەو ناخە پەپووکەییانە بکەم. ئێمە لە پێشدا شوێنی پرپشکەکانمان سوور کرد، دوایە ئەو فکرە بە زەینم گەیشت ئەو ئینسانانە ئەو ڕوحە لەتیفەیان بووە و وەک پەپوولەیەکی سادە ژیانێکی خاکی و زۆر شۆڕشگێڕانەشیان بووە، با وەک نمادێک بە دیوارەکانی قەلادا بمێننەوە.**

***وێنەی خاتوو سۆیلا و خاتوو نەسرینت بەسەر لادیوارێکی قەلادا نەخشاندوە. بۆ ئەو دوو شەهیدەمان؟***

فەرق و جیاوازییەک لە نێو شەهیدانی کوردستاندا نییە، چ پێشمەرگەیەک کە لەبەر دەرکەی شوێنی کارەساتەکە نیگەهبانی داوە و چ ئەندامانی ڕێبەریی حیزب کە ئامانجی سەرەکیی پەلامارەکە بوون. ئەوان بە یەک دڵ و یەک ڕوح و ئیمانەوە پێشمەرگایەتیان کردووە و ئەرکی خۆیان بەجێی هێناوە و هەرکەس بە توانای خۆی تێ کۆشاوە. بەڵام ئەوەی کە یەکەمین جارە لە ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکراتدا دوو سەرکردەی ژن لەدەست دەدەین، دوو ژنی چالاکی ڕیزەکانی حیزب لە دەست دەدەین ئەویش لە نیزیک شوێنی ڕێکخراوی ئەکیەتیی ژنان، کە هەر دوو شەهیدەکە بەرپرسی ئێستا و پێشووی ڕێکخراوەکەش بوون، ئەوانە و زۆر شتی دی هەموو هاندەری ئێمە بوون. بۆیە ئێمە وەکوو هێمایەک و وەکوو سیمبولێک ئەوانمان هەڵبژارد، چونکی من پێموایە ئەم ڕووداوە لاوانی کوردستان بەتایبەت کچان بۆ هاتنە نێو شۆڕش هان دەدا و بۆ ڕێزگرتن لە خەبات و ماندووبوونی ئەم دوو ژنە تێکۆشەرەش بڕیارمان دا وێنەیان لەسەر دیوار بکێشینەوە. ئەویش ڕاست لەو دیوارەی بەرامبەر بە بینای ڕێکخراوەکەیان بوو. هەڵبەت بەیانی هاوسەریشم کاریگەریی لەسەر بڕیارە هەبوو. دیارە جیا لەوە ئێمە دەمانەوێ نمادێکی باش و گشتی بۆ سەرجەم شەهیدانی کوردستان دروست بکەین و هەروەها قووڵایی ئەم کارەساتەش بە زمانێکی هونەری پیشان بدەین و لەگەڵ ئەوەشدا هەر بە زمانی هونەر و جوانی باس لە بەردەوامیی شۆڕش و خەباتەکەمان تا ترووپکی سەرکەوتن بکەین.

ئێمە دەمانەوێ ئەو دروشمانەی لە ماوەی زیاتر لە ٧ دەیە خەباتدا هەڵمان گرتووە هەموویان بکەینە هێما و نمادێک لە ئازادی. چونکی خەباتەکەمان بۆ ئازادی بووە، بۆ مافی ڕەوای گەلەکەمان بووە. هەموو تێکۆشانمان بۆ ژیان و بووژانەوەیە و ئێمە بۆ خۆمان دەزانین وڵاتی خۆمان چۆن جوان بکەین نەک داگیرکەر. داگیرکەرئەوە نییە لێت وێران دەکا، بەڵام ئێمە دەزانین کە چۆن دەبێ ئاوەدانی بکەینەوە.

***شەڕ و وێرانی، هونەر و جوانی، داگیرکەر و خانەخوێ،ڕووخاندن و بنیاتنانەوە، کێ دەیباتەوە؟***

هەمیشە جوانی دەیباتەوە، هەمیشە ئاوەدانی دیباتەوە. ئەوە ڕوونە هیچ داگیرکەرێک ناتوانێ وڵاتی ئێمە جوان بکا، ئێمە خۆمان دەزانین چۆن ماڵی خۆمان جوان بکەین ،بەڵام داگیرکەر داگیری دەکا و وێران و تاڵانی دەکا. بۆ ئەو جیاوازیی نییە. غەنیمەتێکە وەدەستی کەوتووە و هەر چۆنێک بێ تاڵانی دەکا؛ بەڵام ئێمە کە باس لە ئازادی دەکەین، ئازادی بۆ جوانییە و ئازادی بۆ ئاوەدان کردنەوەیە. چون کاتێک کە دیکتاتۆرێک سێبەر بەسەر وڵاتێکدا

دەکێشێ هەورێکی ڕەش دێ وڵاتت لێ تاریک دەکا، لێرە دوژمن بە سێ مووشەک کە لە قەڵای دێموکراتی دا، پۆلێک تێکۆشەری لێ ستاندین، بەڵام هەوڵەکە بۆ کارەساتێکی گەورەتر بوو لە نێوخۆی وڵات. بۆ ڕووخاندنی قەڵای خۆڕاگریی خەڵک بوو، بەڵام لەوێش دیمان کە بە هونەری مانگرتن، بە زمانی خۆ بە خاوەنکردن خەونی دوژمنیان ئاڵۆز و پلان و پیلانەکانیان لەبار برد. خەڵکی کوردستا قووڵایی ئەو کارەساتەی هەست پێکردبوو، بۆیە ڕاچەنی و دژکردەوەی نیشان دا. هەڵوێستی نواند، وەک چۆن ئێمە لێرە هەڵویستمان هەبوو. مرۆڤ بە هەڵوێستەوە دەتوانێ هەست بە بوونی خۆی و سەلماندنی کەسێتیی خۆی بکا. وەک چۆن لە کوردستان ئەم هەڵوێستەمان بینی.

***خاتوو بەیان، "چیرۆکی ژیانەوەیەک بە گێڕانەوەی من". ئەوە ناساندنی بەشێک لە کارەکانتە لە زمانی خۆتەوە. ئێوە چۆن باس لەو ژیانەوەیە دەکەن؟***

مرۆڤ بە گشتی و بە تایبەتی ئێمەی کورد بە درێژایی مێژوو لە شەڕدابووین و هەتا ئێستاش شەڕ هەر بەردەوامە، بەتایبەت کوردی ڕۆژهەڵات کە مافخوازی و شێوازی شەڕ و بەرگرییەکەی جۆرێکی ترە. ئەمن لە ڕوانگەی خۆمەوە سەیری ڕەوتی ئەم شەڕ و بەرگرییانە، ئەو کەوتن و هەستانەوانە و ئەو مردن و ژیانەوانە دەکەم. ئەمن لە ڕوانگەی خۆمەوە سەیری ڕووداوەکانی دوای ئەم شەڕ و کاولکارییانە دەکەم. ئەم شەڕ و وێرانییانە ئێمە لە پرسی خۆمان دوور ناخاتەوە، لێکمان دانابڕێ، کەلێنمان تێ ناخا. دەمان کا بە یەک پەیکەر. کارەساتەکانی ئەم دواییانە، هەم پرسی گیانبەختکردنی ژینگەپارێزەکانی مەریوان، هەم ئێعدامی ئەو چەند زیندانییە سیاسییە کوردە و کەمپینەکان بۆ ڕزگارکردنیان، هەم کارەساتەکەی ١٧ی خەرمانان ئێمەی لە دەوری پرسی سەرەکیی خۆمان کۆ کردەوە. سەرنجی دنیای دەرەوەشی ڕاکێشا. لەو نێوەدا گرینگ بوو هەڵوێستەکان ڕوون بن، دیار بن، وە هەموو تاکەکان دەوری خۆیان بگێڕن. ئەمنیش هەوڵم دا بە نۆرەی خۆم و وەک تاکێک بێ هەڵوێست نەبم لەهەمبەر هەموو ئەو پرس و بابەتانەی پێوەندییان بە چارەنووسی خۆم و نەتەوەکەمەوە هەیە.

**ئێوە دارەکان برینپێچ دەکەن. کۆڵەکەی داڕماو و نێوبەتاڵ پڕ دەکەنەوە لە کتێب. ئەوانە واتای چین؟**

یەکێک لەو بابەتانەی کارم لەسەر کرد ئەوە بوو کە باستان کرد. یەکیان برینپێچ کردنی دارەکان و ئەوی دیکەشیان دانانی کتێبەکان بوو لە نێو ئەو کۆڵەکانەی کە ڕووخا بوون. ئەمن بەو دیمەنە و کارە هونەرییە ویستم ئەو پەیامە بگەیەنم ئێمە برینمان هەڵگرتووە بەڵام هێشتا نەکەوتووین. هێشتا بەپێوەین، هێشتا ڕەگ و ڕیشەمان

هەر زینـدووە و ڕەگـاژۆ دەکـا. بە دانـانی کتێبەکـان و پڕکـردنەوەی کـۆڵەکە ڕووخـاو و نێوبەتاڵەکـانی بەردەم کتێبخانە دارماوەکەی نێو قەلاش، ویستم بڵێم کە ئێمە بە فکر و ئەندیشە وەلامتان دەدەینەوە و هەمدیسان هەین و دەمێنین و بەردەوام دەژینەوە. ئەمن باوەڕم وایە پرسی کورد بابەتێکی هەرە گرینگ و حاشاهەڵنگری کۆمەڵگەی ئێمەیە، ئەم پرسە بە توندوتیژی و ڕووخاندن و وێرانکردن چارەسەر نابێ. ئەم پرسە هەم مرۆییە، هەم ڕەوایە، بۆیە دەبێ بە هەڵوێستی مرۆیانەی خۆمان بتوانین چارەسەری بکەین.

### خۆگونجاندنی هونەر لەگەڵ شەڕ و ژینگەی شەڕ چۆنە؟ هونەر دەیەوێ بڵێ چی؟

قەدەر وای کردووە کە کورد هەمیشە لە شەڕ دابێ. شەڕ بەشێکی جیانەکراوە و دانەبڕاو لە ژیانی هەموو ئێمە بووە. بەلام ئێمە کە قوربـانیی ئەم شـەڕە داسەپاوە بـووین، ئـێمە کە زیـانـدیتووی نـاڕەوای ئەم شـەڕە نـابەجێیە بـووین، هەوڵمان داوە لە هەناوی ئەم کاولکارییانەدا باسی ژیـان و ژیـانەوە بکەیـن. هەمووماـن بینیوماـنە ئەو فیشەکانەی تۆپ و خۆمپارە کە بۆ وێرانکردنی ژیـنگەی ئـێمە هـاوێژراون، ژنـان و پیـاوانی ئـاسایی ئـێمە دەیکەن بە گوڵـدان و ژیان و بووژانەوەی تێدا دەچێنن. لەو نێوەدا دەبینین هونەرمەنـدان کەمتر گرینگیـان داوە بە بەرجەستەکردنی ئەم بایەخانە و ئەم چەمکانە لە ژیان و خەبـاتی نەتەوەکەمان.

هونەر چییە؟ من بینیم لە هەناوی ئەم کارەساتەدا، ژن، منداڵ، پیر و لاو لەو ژینگە سیاسییەی پێشمەرگایەتیدا دیسان بۆ داهاتوو دەڕوانن، خەونە پیرۆزەکانیان لە کاولاشی ئەم وێرانییەدا دەبینـنەوە و دەیـژێننەوە. من دڵنیـام نەتەوەیەک ئاوا بۆ ژیان و خەون و مافە ڕەواکانی بڕوانێ، سەرکەوتووە و براوەیە. مانگرتنەکانی ئەم دواییانە لە ڕۆژهەلاتی کوردستان ئەوەی پێ گوتین. خۆڕاگری کادر و پێشمەرگەکان و بنەماڵەکانیان دوای کارەساتەکەی 17ی خەرمانـان ئەوەمـان پـێ دەڵـێن. بێگومـان ئـارامی و هەرمـان و حەسـانەوەی ڕووحـی شـەهیدانمان لە گـرەوی ئەم سەرکەوتنە و وەدیهاتنی ئەم خەونە پیرۆزەدایە هەم هەموو ئێمە دەبێ شانی وەبەر بدەین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ٢٢ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

# بۆچی قەڵا؟ بۆ حیزبی دێموکڕاتی کوردستان؟



**وریا ڕەحمانی**

یەکێک لە دەرهاویشتە نەخوازراوەکانی شێوازی خەباتی چەکداری ئەوەیە کە سیاسەت ڕاکێشی خۆی دەکات. لەو جۆرە فەزایانەدا چەک لە خانەی سیاسەتدا نالوێ بەڵکوو ئەوە سیاسەتە کە بەگوێرەی هێزی چەک پەل داوێژێ و ئیمکانی مانۆڕ وەردەگرێ. ئەوە یەکێک لە کێشە سەرەکییەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان بووە کە بەدرێژایی مێژوو لەژێر باندۆڕی بیری چەپی شۆرشگێریدا سێبەری خەستی خۆی بەسەر فەزای سیاسیی وڵاتدا کێشاوە. هەندێ جار لە هەندێ قۆناغی مێژووییدا تەنانەت لە کوردایەتی و خەبات و سیاسەت ڕێک بەواتای خەباتی چەکداری تەعبیر کراوەتەوە و هەر هەوڵێکی دیکە لە دەرەوەی ئەو تێگەیشتنەدا بە چەشنێک لە لادان و دوور کەوتنەوە لە بایەخە پیرۆزەکان خەملێنراوە.

یەکێکی دیکە لە کێشە سەرەکییەکانی ئەم ڕوویکردە تاک ڕەهەندانەیە بۆ خەبات لەوەدا خۆی دەنوێنێ کە هێزی جەماوەریی کۆمەڵانی خەڵک بە هێند وەرناگرێ و خەبات تەنیا لە بازنەی هێزی مەحدوودی تاقمێک بەناوی پێشمەرگە کە لە چواچێوەی هێزی چەکداری ئەحزابدا ڕێکخراون پێناسە دەکات. بەشی زۆری ئەو حیزبانە خۆیان بە ئەحزابی ڕووخێنەر (برانداز)ی ڕێژیمە داگیرکەرەکانی کوردستان دەزانن. ئەوە لەحاڵێک دایە کە وەزنی کورد لە هیچکام لە وڵاتانی داگیرکەری کوردستاندا فاکتۆری یەکلاکەرەوە نییە بەڵکوو لە باشترین حاڵەتی خۆیدا ئەگەر

هەموو فاکتۆرەکانی دیکەش بەیەکەوە ئامادە بن دەتوانێ دەوری فاکتۆرێکی یارمەتیدەر لەم پێوەندەدا بگێڕێ.

ئیمکانی رووخان یا بە نەتیجەگەیشتنی رێژیی خەباتی کورد لە یەکێک لە وڵاتانی داگیرکەری کوردستاندا کاتێک مسۆگەر دەبێ کە سێ فاکتۆری هاوتەریب هاوکات حزووریان هەبێ.

١- ناوەندی دەسەڵاتدارێتیی ئەم وڵاتە وەک رێژیمی حاکم لاواز بێ

٢- پشگیریی دەرەکی و نێونەتەوەیی هەبێ

٣- خواست و ئیرادەی گشتی و جەماوەری لە نێوخۆی وڵات پێک هاتبێ.

نموونەی رووخانی رێژیمەکانی پەهلەوی لە ئێران و بەعس لە عێراق وەهەروەها کێشەکانی سووریە و ئەو بڕە دەسکەوتەی کورد لەوێ بوویەتی میسداقی روونی ئەم حەقیقەتەن.

ئەزموونی خەباتی دوور و درێژی کورد لە یەک سەدەی رابردوودا دەریدەخا کە کورد وەک خۆی و لەڕێی خەباتی چەکدارییەوە نە دەتوانێ هیچکام لەو وڵاتانە بڕووخێنێ نە دەتوانێ بەرەو دەستەبەرکردنی لانیکەم بەشێک لە مافەکانیشی راکێشیان بکات.

لە خاڵە لاوازەکانی دیکەی روانگەی خەباتی چەکداری ئەوەیە کە وەک پرۆژە سەیری خەبات دەکا و لە بەینی سەرکەوتن و سەرنەکەوتندا هیچ مەجالێکی تری کرداری ناهێڵێتەوە. ئەوە لە حاڵێک دایە کە لە دەرەوەی ئەو روانگە ئابستراکە سیفر و سەدییەدا خوێندنەوەیەکی فرە رەهەندانەتر هەم بۆ خەبات و هەم بۆ سیاسەت لە ئارا دایە و لە پرۆسەیەکی بەردەوامی سیاسیدا مەجالەکانی سەرکەوتن خوێندنەوەی رێژەییتری بۆ دەکرێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستان بە لەبەرچاو گرتنی حەقیقەتەکانی خەبات لە رۆژهەڵاتی کوردستان وەهەروەها خەسارە جۆراوجۆرەکانی تاکرەهەندە بوونی خەباتی چەکداری، بەمەبەستی بەرفراوان کردن و شۆڕکردنەوەی خەبات لە بازنەی مەحدوودی حیزبییەوە بۆ بازنەیەکی بەرینتری جەماوەری، لەپاش کۆنگرەی چواردەوە روانگەی سیاسیی خۆی بەو ئاراستەیەدا گۆڕی. ئەم حیزبە هەوڵی دا مەجالێکی بەرفراوانتر بە چەمکی خەبات لە کوردستانی ئێراندا

ببەخشێ و کۆمەڵانی خەڵک لەگەڵ بنەما و ئێلێمێنتە سەرەکییە سیاسییەکانی سەرەتای دامەزرانی خۆی ئاشت کاتەوە. بەو مەنزوورە رەهەندێکی بەرینتری بە چەمکەکانی خەبات و سیاسەت لە رۆژهەڵاتی وڵاتدا بەخشی و خوازیاری بەشداری و لەمەیداندا بوونی زیاتری خەڵک بوو. هەوڵی دا کە خەڵک خاوەنداریّتیی پتر لە مافە رەواکانی خۆیان بکەن و بە بەشداریی زیاتری خۆیان لە مەیداندا هەلە جۆراوجۆرەکان بقۆزنەوە و بەنیسبەت پرسە سیاسییە ناوچەیی و سەرتاسەرییەکان بێ تەفاوەت نەبن. خوازیاری پێکهاتن و گەشەی زیدەی جەریاناتی موازیی کوردی لە نێوخۆی وڵاتدا بوو و بەئاشکرا بەرگریی لە دروستبوونی رێکخراو و حیزبی یاسایی کوردی لە نێوخۆی وڵاتدا کرد. حدک گرینگییەکی زیاتری بە کۆمەڵگە و شەقامی کوردی لە نێوخۆی رۆژهەڵاتدا دا و هەوڵی دا رووخسارێکی شارستانیانەتر لە خەباتی کورد پێشکەش بە نێوخۆ و دەرەوەی کوردستان و ئێران بکات. بەستێنی کوردایەتی و خەباتی لە بازنەیەکی تەنیای بەرتەسکی چەکدارییەوە بەرەو مەیدانێکی بەرینتری جەماوەری و کۆمەڵگەی مەدەنی گواستەوە. دروشم و سیاسەتی سەرەکیی ئەم حیزبە لە چوارچێوەیەکی ئینقلابی و شۆڕشگێڕانەوە بەرەو فرە رەهەند بوون و جومگە جۆراوجۆرەکانی زەرفییەتی جەماوەری گوازرایەوە و پەرەی ئەستاند.

رووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی ئەم چەند ساڵەی دوایی دەریخست کە هەم خەڵکی کوردستان و هەم کاربەدەستە باڵاکانی رێژیمی ئاخوندی پەیامی سیاسەتە نوێیەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان وەرگرتوە. بەشی بەرچاوی خەڵک بەتایبەت ئێلیت و بژاردەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی وڵات بەپیری بانگەواز و بانگەشە نوێیەکەی حدکەوە هاتن و کەم و زۆر خۆیان تێدا دیتەوە. دەسەڵاتدارانی رێژیم بەتایبەت بەرپرسە نیزامییەکانیان کە ماوەی پتر لە دوو دەیە بوو پێیان وابوو ئاگری شۆڕشی کوردیان لە کوردستانی ئێراندا کوژاندۆتەوە، بە تینی ئەم خوێنە تازەیەی کە لەنێو شادەمارەکانی کۆمەڵگەی کوردیدا دەگەڕا راچەنین. هەر بۆیەش بە بیانووی حزوور و ناردنەوەی چەند جارەیەکی هێزی پێشمەرگە بۆ نێوخۆی وڵات ئەم مووشەکبارانە قورسەیان بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی حیزبی دێموکرات ئەنجام دا کە بە خەیاڵی خۆیان سەری هێرەمەکەی پێ لەناو بەرن. ئەوە لەحاڵێک دایە کە ئەگەر کێشەکە حزوور و دەرگیریی هێزی پێشمەرگە لەگەڵ هێزەکانی رێژیم لە نێوخۆی وڵاتدا بوایە دەبا ئەم مووشەکانەیان ئاراستەی شوێنی دیکە کردبا. چون لانیکەم لە یەک دوو ساڵی ئەخیردا حدک دەرگیرییەکی ئەوتۆی لەگەڵ هێزەکانی رێژیم لە نێوخۆی وڵاتدا نەبووە. هیچ گومانیش لەوەدا نییە کە رێژیم بە زانیاریی تەواوەوە ئەم هێرشەی ئەنجام داوە و باش زانیویەتی کە لە کێ و لە کوێشی دەدات.

بە باوەڕی من ئامانجی ئەم مووشەکبارانە ئەوە بوو کە حدکیش وەک هێزەکانی دیکە راکێشی شەڕی چەکداری بکەنەوە و واداری بکەن دەست لەم شێوە نوێیە لە خەبات هەڵگرێ.

رێژیمە دیکتاتۆڕەکان کە لەسەر حیسابی هێزە چەکدار و ئەمنییەتییەکانیان دەژین وەک نێعمەتێک سەیری شەڕ دەکەن و بۆ سەرکوتە نێوخۆیی و هێرش و هەڕەشە دەرەکییەکانیان کەڵکی لێ وەردەگرن. بۆیە زۆر گرینگە کە رێبەریی حیزبی دێموکرات لەم قۆناغە هەستیارەدا وشیارانە بجولێتەوە و نەکەوێتە داوی سپای پاسدارانی رێژیمەوە، بەڵکوو قایمتر لە پێشوو لەسەر سیاسەتە فرە رەهەندییەکەی سوورتر بێ و مەکۆی خەبات لە شاخە دوورەپەرێزەکانی کوردستانەوە بۆ نێوخۆی شار و شەقامەکانی وڵات بگوازێتەوە.

هیچ سەرکەوتنێک لە شاخەکان دەستەبەر نابێ. سەرکەوتنی راستەقینە لە دڵی شارەکان دایە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ٢٣ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

---

## هێرشی دڕندانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی بۆ سەر قەڵای دێموکڕات و کاردانەوەی لە میدیای جیهانییدا

**کەماڵ حەسەن پوور**

هێرشی دڕندانە کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ سەر قەڵای دێموکرات لە ڕۆژی ١٧ی خەرمانان ڕووداوێکی چاوەڕوان نەکراو بوو و ئەم ڕووداوە بە شێوەیەکی بەربڵاو لەناو میدیاکانی جیهان دا ڕەنگی دایەوە. لەم وتارە دا گوڵبژێرێک لە بەشێک لەو بابەتانەی کە لەم بارەوە لە میدیاکانی جیهان بڵاو کراونەوە دەخەمە بەر دیدی خوێنەرانی ڕۆژنامەی کوردستان.

ماڵپەڕی نەیشناڵ ئینتێرێست لە وتارێک دا بە ناوی "هێرشی مووشەکیی ئەم دواییانەی ئێران نیشاندەری ستراتێژی ئێرانە" بە قەڵەمی سێت جەی فرانتز و زەک هاف بەم شێوەیە لە بارەی ئەو کارەساتە دا دەنووسێ:

سوپای پاسدارانی ئێران پاش چەندین مانگ پێکدادانی پەرەئەستێن لەگەڵ چەند لایەنی چەکداری کورد لە ڕۆژئاوای وڵات هێرشی کردە سەر کوردەکان.

لەم هێرشەدا کەڵک لە مووشەکی بالیستیکی وەرگیرا. ئەم بەرنامەی مووشەکییە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتیی ئێستای ویلایەتە یەکگرتووەکان وەک هەڕەشە سەیر دەکرێ و وەزارەتی دارایی ئەندامانی سوپای پاسداران کە پەیوەندییان بە بەرنامەی مووشەکیی و سوپای قودسەوە هەیە خستۆتە ژێر گەمارۆ. ئەوەی کە تاران بە ئاشکرا توانایی مووشەکیی خۆی نیشان دەدا پەیامێکی ئاشکرایە بۆ واشینگتۆن کە ئێران هەست بە گوشار ناکا. ئەو بە هەمان شێوە بە پێکانی ئامانج و کۆبوونەوەکان توانایی هەوڵگریی خۆی نیشان دەدا. بە بێ ڕووبەڕووبوونەوەی مەیدانیی لە لایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە، تاران هەست دەکا کە لە عێراق بەتەواوی دەستی بۆ هەڵسوکەوت کردن ئاواڵەیە، کە بە ڕۆژی ڕووناک مووشەکان داوێ. ئێران لە لایەن هەوڵگرییە ڕۆژئاواییەکان لە مانگی ئاگوست بەوە تاوانبار کرا کە مووشەکی داوە بە میلیشیا شیعەکان کە لەناویاندا مووشەکی فتح ١١٠ ئێسیشی تێدان.

بە کوشتنی ١٧ کەس لە باکووری عێراق، ئێران سیاسەتەکەی ڕادەگەیەنێ. ئەو دەیهەوێ نیشان بدا کە عێراق بە تەواوی وەک "دەرەوەیەکی نزیک" لە ژێر دەستی دایە و هەر هەوڵێکی ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ پێکهێنانی دەوڵەتێکی لایەنگری واشینگتۆن لە بەغدا دەبێ ئەمە لەبەر چاو بگیرێ. ئەبو مەهدی ئەلموهەندیس سەرۆکی کەتایبی حیزبوڵڵا ئامریکا بە خەتاباری تووندوتیژیی لە بەسرە دەزانێ. هەروەها هادی ئەلعامیری، ڕێبەری مەزنترین حیزبی لایەنگری ئێران کە هەوڵ دەدا دەوڵەتی داهاتوو پێکبێنێ، ڕەخنەی لە نفوزی ویلایەتە

یەکگرتووەکان گرتووە. بەڕیوەبەرایەتیی لێکۆڵینەوەی بەرگریی گشتیی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ڕاپۆرتی ئەمسالدا بە هەمان شێوە هۆشداریی دابوو کە ئەو میلیشیایانە کە لە لایەن ئێرانەوە پشتیوانیی دەکرێن هەڕەشەن بۆ سەر ئامریکا لە عێراق. هێرەشەکانی سەر هەرێمی کوردستان بە سیاسەتوانانی ئامریکا نیشان دەدا هەر چەشنە پشتگیرییەک لە گرووپە کوردییەکان بە هێز وڵام دەدرێتەوە، تەنانەت ئەگەر ئامریکا سیاسەتی وەها داڕێژێ کە بۆ بەرەوڕووبونەوەی ئێران لە ناوچە و کەم کردنەوەی نفوزەکەی لە عێراق بێ.

حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و لایەنەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیۆنی کورد گەمارۆی ئابووری دژی تاران وەک دەرفەتێک بۆ هێنانە ئارای ئاڵوگۆڕ لە ئێران سەیر دەکەن. لە هەمان کاتدا تاران بەم لایەنانە دەڵێ "جیایی خواز" و "تێرۆریست"، حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دەڵێ داوای ئێرانێکی دێموکراتیک و فێدێراڵ دەکا. ئەمە لەگەڵ ئیددیعای بەڕیوەبەرایەتیی ترامپ کە دەڵێ بە تەمای گۆڕینی ڕێژیم نییە بەڵکو دەیهەوێ ڕەفتاری تاران بگۆڕی یەک دەگرێتەوە.

بەڵام کەڵک وەرگرتنی ئێران لە مووشەکی هەنگێو بە پێچەوانەی گۆڕینی ڕەفتارە. ئەمە بەشێکە لە ستراتێژی ناوچەیی، لە گەڵ هێرشی مووشەکی لە لایەن حوسیەکان کە ئێران پشتیوانییان دەکا، بۆ سەر عەرەبستانی سعودی، و ئەو مووشەکانەی کە ئێران لە سورییە دروستیان دەکا و بە ئیسڕائیلییەوە ناون. بە کەڵک وەرگرتن لە فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان لە هێرش بۆ سەر کۆیەی عێراق نیشان دەدا کە ئێران کەڵکی لە فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان بۆ دزە کردنە ناو هەرێمی ئاسمانیی ئیسڕائیل لە مانگی فێورییە و هاویشتنی بیست مووشەک کە لە مانگی مای ئاراستەی ئیسڕائیل کران وەرگرتووە. بە پێچەوانەی ئیسڕائیل کە کەڵکی لە هێزی ئاسمانیی بۆ بەرپەرچدانەوەی هێرشی ئێران وەرگرت، کۆیەی عێراق هیچ بەرگرییەکی مووشەکیی نییە. واشینگتۆن دەبێ نیگەران بێ چونکە هێرش بۆ سەر کۆیە نمایشێکی سەرسوڕهێنەری تواناییەکان و ویستی ئێران بۆ کەڵک وەرگرتن لە مووشەک دژی وڵاتان و تاقمەکانی دراوسێیە.

ماڵپەڕی ئەلمۆنیتۆر لە وتارێکدا لە ژێر ناوی "هێرشی مووشەکیی ئێران دەرگای پەرە گرتنی شەڕ لەگەڵ لایەنە چەکدارە کوردەکان دەکاتەوە" کە فازڵ هەورامی نووسیویەتی بەم شێوەیە باسی ئەم ڕووداوە دەکا:

ئەلمۆنیتۆر لە سەرچاوەیەکی نزیکی ئێران زانیاریی پێگەیشتووە کە سولەیمانی ئەمساڵ سێ جار داوای لە کاربەدەستانی حکومەتی هەرێم کردبوو کە پێش بە حیزبی دێموکڕات بگرن. لە جوابدا، کاربەدەستانی کوردستانی عێراق لەگەڵ حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران و حیزبی دێموکڕاتی کوردستان چاوپێکەوتنیان کردبوو بەڵام بە بێ گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی جێگای ڕەزامەندیی. سەرچاوەکە هەروەها بە ئەلمۆنیتۆری ڕاگەیاند کە سوپای پاسداران بە وردی پلانی بۆ هێرشی ٨ی سێپتامبر دارشتبوو، تا جێیەک کە لەگەڵ ڕوسییەکان کە قەڵای کۆیەیان دروست کردووە لە بارەی شێوەی دروست کردن و پتەویی قەڵاکە ڕاوێژیان کردبوو تا بزانن چەندە تەقەمەنی لە کڵاوی ئەو مووشەکانەدا پێویستە کە کۆبوونەوەکەیان کردە ئامانج.

ئێران بە هێرشی مووشەکیی نەوەستاوە. ئەو ئێستا هێزی لەسەر سنوور کۆ کردۆتەوە و داوای لە بەڕێوەبەرایەتیی کوردستانی عێراق کردووە کە یا شەڕکەرە کوردەکان ڕادەست بکا یا دەریان بکا. لەجیاتی ببێتە هۆی کێشەی ناوخۆیی، هێرشی ٨ی سێپتامبر وێدەچێ بووبێتە هۆی لێک نزیکبوونەوەی لایەنە ناتەباکانی کورد، چونکە ئێستا ئەوان دەیانهەوێ هەوڵەکانیان دژی تاران ڕێکبخەن.

ئەلشەرق ئەلئەوسەت وتووێژێکی لەگەڵ بەڕێز کاک خالید عەزیزی پێکهێناوە کە بەشێک لەم تووێژە بەم شێوە لە ماڵپەڕەکەیاندا بڵاو بۆتەوە:

چەند ڕۆژ دوای هێرشی مووشەکیی سوپای پاسداران بۆ سەر هەرێمی کوردستان، خالید عەزیزی، بەرپرسێکی پایەبەرزی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، گوتی کە تاران بۆیە مووشەکەکانی هاویشت "تا پەیامێکی ئاشکرا بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان و وڵاتانی ناوچە بنێرێ."

عەزیزی، سکرتێری گشتیی پێشووی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە ئەلشەرقەلئەوسەتی گوت کە ڕێژیمی تاران " ئێستا ڕووبەڕووی ئاستەنگی قووڵی سیاسی و ئابووری و ئاستەنگ لە ئاستی ناوخۆیی و دەرەکیی بۆتەوە و بە ئاسانی و بە شێوەیەکی ئاشتیخوازانە لە ژێریان نایەتە دەر."

عەزیزی گوتی:"بە هێرش بۆ سەر بنکەی سەرەکیی ئێمە، ، ئێران پەیامێکی ئاشکرا بۆ لایەنی دیاریکراو وەک

ئامریکـــا و هاوپەیمانەکـــانی لە نـــاوچەدا دەنێـــرێ کە تـــاران توانـــایی پێکـــانی ئەو لایەنـــانەی هەیە کە بەرژەوەنـدییەکانی دەخەنە ژێـر مەترسی. ئەمە بەو مانـایەیە کە ڕێژیمی ئێـران نـاوچەی ئێمە کـردۆتە گۆڕەپـانی تاقیکاریی."

لە پەیوەنـدی لەگەڵ هەڕەشـەکانی تـاران بـۆ دووپـات کـردنەوەی هێـرش بـۆ سـەر هەرێمی کوردسـتان، عەزیـزی گوتی:"ئەگەری هێرشی دیکەی ئێران بەستراوەتەوە بە ئاکامی هەڵبژاردنی کۆنگرەی ویلایەتە یەکگرتووەکان کە بەم زووانە بەڕێوە دەچێ، ئاراستەی وتووێژەکان لە بارەی بەرنامەی ئەتـۆمیی ئێـران و جیـددی بـوونی ئەو هەڕەشانەی کە لە نێوان ئێران و ویلایەتە یەکگرتووەکان ئاڵوگۆڕ دەکرێن."

"من دەتـوانم ئەوە بڵێم کە دووپـات بـوونەوەی هێرشـی ئێـران دژی ئێمە بە تەواوی بەسـتراوەتەوە بە چوارچێـوەی پەیوەندییەکانی تاران و بەغدا، ئاکامەکانی سووتاندنی کۆنسولخانەی ئێران لە بەسرە و ئاراستەی دەوڵەتی نوێی عێراق."

کاربەدەستی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ئـاماژەی بەوە کـرد کە فڕینی فـڕۆکەی بـێ فـڕۆکەوان لە ئاسمانی عێـراق شتێکی "ئاسـایی" بـوو، ئەوەی کە گـرینگە ئەوەیە کە "پەیوەنـدی بە عێـراق و سـەروەرییەکەیەوە هەیە کە ڕێژیمـی ئێران بەتەواوی ژێر پێی ناوە."

دەنگی ئامریکـا لە وتارێکدا لە بـارەی هێرشی مووشکیی ئێـران بە نـاوی "دوای هێرشی مووشـەکیی بەرهەڵستکارە کوردەکـان بەڵێنـی "بەرخـۆدانی نـوێ" دژی ئێـران دەدەن" دەقـی وتـووێژ لەگەڵ بەڕێـز کـاک مسـتەفا مەولـودی سکرتێرتی گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی بڵاو کردۆتەوە و دەنووسێ:

بەرهەڵستکارە کوردەکانی ئێران کە لە سەرەتای ئەم مانگەدا بنکەی سەرەکییان بووە ئامانجی مووشەکەکانی ئێران، ڕایان گەیاند کە بەتەمان چالاکییەکانیان دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران پەرە پێبدەن.

مستەفا مەولودی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە دەنگی ئامریکای گوت"ئەم کارەساتە دەخوازێ

کە ئێمە لە نزیکەوە لەگەڵ یەک هاوکاریی بکەین تا پێش بە تاوانکاریی نوێی کۆماری ئیسلامیی بگرین. لە ئێستاوە ئێمە لاپەڕەیەکی نوێ لە بەرخۆدان دژی ڕێژیمی تاران بۆ ئازادای نەتەوەکەمان دەکەینەوە."

مەولودی گوتی حیزبەکەی دەست بە وتوویژ لەگەڵ حیزبە کوردییە ئۆپۆزیسیۆنەکانی دیکە دەکا تا هێزەکانیان دژی دەوڵەتی تاران یەک بخەن، ئەوەشی زیاد کرد کە گفتوگۆکان بۆ بەرەیەکی یەکگرتوو تەنانەت پێش هێرشەکە دەستی پێکردبوو.

پسپۆڕان دەڵێن پەرە ئەستاندنی گرژییەکان لە نێوان ئێران و کوردەکان شتێکی چاوەڕوانکراوە چونکە بەرهەڵستکارەکان بە هۆی زەختە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی سەر ڕێژیمی ئێران بوێرتر بوون.

بە گوتەی بابەک تەقەوی، کارناسێکی ئێران کە لە ماڵتا دەژی، سنووری ئێران-عێراق وێدەچێ شاهیدی زیادبوونی هێرشی چەکداریی حیزبی دێموکڕات و هێزە چەکدارە کوردییەکانی دیکە بێ کە لەوانەیە کەڵک لەو کەلێنە وەرگرن کە بەو هۆیە دێتە ئاراوە کە دەوڵەتی ئێران ناچار دەبێ بۆ سەرکوتی ناڕەزایەتییەکان لە شوێنی دیکە ناوچە کوردییەکان چۆڵ بکا.

ڕامان قەوامی، لێکۆڵەرێکی دژە-سەرهەڵدان لە لەندەن، گوتی کە ڕێژیمی ئێران دەتوانێ لە تێکهەڵچوون لەگەڵ کوردە چەکدارەکان بۆ وەدەستهێنانی پشتیوانیی فارسە نەتەوەپەرستەکان کە دژی سەربەخۆیی کوردانن کەڵک وەرگرێ.

قەوامی ئەوەی زیاد کرد کە "هێرش بۆ سەر لایەنە کوردەکانی ئۆپۆزیسیۆن و لە سێدارەدانی کوردان تاکتیکێکە کە لە ڕابردووشدا بۆ ڕاکێشانی پشتیوانیی فارسە نەتەوەپەرستەکان کەڵکی لێ وەرگیراوە. بەڵام هەلومەرجی هەنووکەیی ناوخۆی ئێران کاری ڕێژیمی بۆ کۆکردنەوەی پشتیوانیی وەک ڕابردوو دژوار کردووە. تاران لە ڕابردووشدا لە کەڵک وەرگرتن لە کوردان بۆ ڕاکێشانی پشتیوانیی خەڵکی ناوەڕاستی وڵات بۆ دەوڵەت شکستی هێناوە."

گۆڤاری لانگ وار جورنال لە وتارێکدا بە ناوی "هێرشی مووشەکیی ئێران دژی کوردە نەیارەکان لە عێراق" بە قەڵەمی بێهنام بین تالیبلو دەڵێ:

بە پێی نەریت ئێران چەکی بچووک، مووشەک، مووشەکی کورت مەودای بالیستیکی و مووشەکی دژی تانک و دژی پاپۆڕ دەداتە بەکرێگیراوەکان و هاوبەشەکانی تا خوێنی دژبەرەکانی برژێنێ و بیانوەستێنێ و هەروەها خۆێ بشارێتەوە. بەڵام مووشەک هاویشتنی بە ئاشکرا لە خاکی ئێرانەوە بەرەو ئامانجێک لەدەرەوەی وڵاتەکەی لەگەڵ بڵاو کردنەوەی ڤیدیۆ و وێنەی هێرشەکە لەگەڵ بەراورد کردنی زیانەکانی ئەم هێرشە هەمووی نوێن و دەرخەری لانیکەم پێنج دیاردەن:

١- چوونە سەری ئاستی باوەڕبەخۆبوون لە بارەی هەنگێویی هێزی مووشەکیی ڕێژیم.
٢- ویستی بەردەوام بۆ ڕاگەیاندن بە بیروڕای ناوخۆ و دەرەوە کە تواناییە مووشەکییەکانی لە گەشە کردن دایە.
٣- ئاستی خۆبواردن لە هاویشتنی مووشەک بۆ ناو حەوشەی وڵاتێکی دیکە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دابەزیوە.
٤- ڕێژیم دڵنیایە کە کردەوەیەکی لەم چەشنە نابێتە هۆی جووڵانەوەیەکی ناسەقامگیرکەر لە ناوخۆی ئێران.
٥- کاریگەریی مووشەکەکانی ئێران زۆر لە بەهێز کردنی ڕێژیم لە ڕێگای چاوترسێن کردن زیاترە.

ماڵپەڕی کۆمپانیای مێدیایی بلومبەری لە بابەتێکدا بە ناوی "پەیامی دڕندانە و کوشندەی ئێران" بە قەڵەمی ئێلی لەیک بەم شێوەیە باسی هێرشی ١٧ی خەرمانان بۆ سەر قەڵای دێموکڕات دەکا:
کاتێک کە دەسەڵاتێکی ناوچەیی بڕیار دەدا کە دژبەرەکانی بترسێنێ، چەند بژاردەی هەن: مانۆڕێکی سەربازیی بەڕێوەبەرێ، مووشەکێک تاقی بکاتەوە، ڕەنگبێ ژەنراڵێکی پایەبەرز وتارێکی پڕ هەڕەشە پێشکەش بکا. زۆر دەگمەن چاوترسێن کردن بە مانای کوشتنی بێ تاوانانە.

بەڵام ئەوە دەقاودەق شتێک بوو کە سەرەتای ئەم مانگە ئێران کردی، کاتێک کە مووشەکەکانی ئاراستەی بنکەی سەرەکیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان کرد کە ٢١ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندییەکەی لە کۆبوونەوە دابوون. بە وتەی یەکێک لە گیان بەدەربردووان، خالید عەزیزی، ئەندامی کۆمیتەکە، ٦ کەس لە ئەندامانی کۆمیتەکە کوژراون.

هێرشەکە بە چەند هۆ گرینگە. یەکەم، شوێنەکە: دەرەوەی خاکی ئێران لە باکووری عێراق. ئێران پشتیوانیی لەو میلیشیایانە کردووە کە دوای داگیر کردنی عێراق لە لایەن ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ٢٠٠٣ خەڵکی عێراق و هێزی هاوپەیمانانیان لە عێراق کوشتووە. بەڵام لە ناوەڕاستی نەوەدەکانەوە لە کاتی شەڕی ناوخۆی کوردان، ڕاستەوخۆ هێرشی نەکردۆتە سەر خاکی عێراق.

وێدەچوو عەزیزی بەو دۆخەی کە ڕێکخراوەکەی تووشی بووە دڵگران بێ. ئەو گوتی "ئێران هەوڵ دەدا ئێمە بورووژێنێ تا بتوانێ خەڵکی زۆرترمان لێ بکوژێ. ئەوان دەیانهەوێ خەڵکی ئێران بە لاڕێدا ببەن و بڵێن کە ئێمە دوژمنیانین."

بێگومان ئەوە دروستە، و کوردەکانی ئێرانیش دەبێ ژیر بن و خۆ لە وەڵامدانەوە بە شێوەی شەڕەنگێزانەی ئێران بپارێزن. بەڵام ڕۆژئاوا پێویستە ئەم خۆ بواردنەی نەبێ. ڕێبەرانی ویلایەتە یەکگرتووەکان و ئورووپا دەبێ کۆبوونەوەیەک لەگەڵ دەستەیەک لە نوێنەرانی کوردەکانی ئێران پێک بێنن و نیشان بدەن کە دونیای ئازاد یارمەتی خەباتی ئەوان دەکەن. ڕێبەرانی ئێران بگومان ئەو پەیامە وەردەگرن.

جگە لەم سەرچاوانەی لەسەرەوە ئاماژەیان پێکرا، ئەم ماڵپەڕ و گۆڤارانەش باسی هێرشی مووشەکیی ١٧ی خەرمانان بۆ سەر قەڵای دێموکڕاتیان کردبوو:

- ئەنستیتۆی واشینگتۆن بۆ سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی نزیک
- ڕۆیتێرز
- والتسریت جورنال
- ئەلعەڕەبییە
- ئانادۆڵ
- ڕادیۆ فەردا
- تایم ئاف ئیزرائێل
- واشینگتۆن پۆست

- گلۆبال نیوز
- عەرەب نیوز
- یو ئێس نیوز
- چانێڵ نیوز ئەیشا
- گاردا
- میدیل ئیست ئای
- بەشی ئینگلیسی کوردستان ٢٤
- بەشی ئینگلیسی ڕوداو

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ٢٣ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

## کاتێک کۆمەڵگە لە سەر سیاسییەکانی دێتە دەنگ



**خالید محەممەدزادە**

مووشەک بارانکردنی قەلای دیموکرات و لە سێدارەدانی سێ زیندانیی سیاسیی کورد کاردانەوەی گەورەی کۆمەڵگەی کوردی لێ کەوتەوە. کاردانەوەیەک کە بە وتار نوسینی پڕ لە نارەزایە تیدەربرینی نوخبەکانی نێو کۆمەڵگە دەستی پێکرد تا مانگرتنی سەرتاسەریی کۆی کۆمەڵگەی کوردی. وەدەنگ هاتنێک کە تا ئێستا نموونەی نەبووە

کۆمەڵگە لەم ئاستە بەربڵاوەدا لەسەر سیاسییە نارازی و گیراوە سیاسییەکانی بێتە دەنگ.

ئەم هەڵچوون و وەدەنگ هاتنە بە کۆمەڵە، بەرامبەر بە مووشەک باران و لەسێدارەدانی سیاسییەکان، هەر تەفسیرێکی لێ بکرێ، ناکرێ ئەو ڕاستییە سادەیە نادیدە بگرین کە سیاسەتی ٤٠ ساڵەی حکومەت بۆ پچراندنی پەیوەندیی نێوان کۆمەڵگە و سیاسییەکانی ئیتر شکستی هێناوە و بە بەرەکەتی ماسمیدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن و سیاسییە نارازییەکان لەژێر چەتری چاوەدێری و پاراستنی بیرو ڕای گشتیدا دەبن و ئیتر ئەوەی لە دەرەوەی ئەم چەترە دەمێنیتەوە، حکومەت و مەسینە هەڵگرەکانیەتی، نەک سیاسی و هێزە نارازییەکانی کۆمەڵگەی کوردی بە هەموو ئەوانەشەوە ئەم کاردانەوە گەورەیە لە بەرپرسیارەتیی هاووڵاتی و حەسساسبوونی بە نیسبەت چارەنووسی سیاسییەکانی، ئۆپۆزیسیۆنی ئێمە دەخاتە بەردەم بەرپرسیارەتی گەورە کە چی تر کۆمەڵگە ناتوانێ شاهیدی پەرش و بڵاویی ئەم هێزانە و دەستەوەستانییان تا ئاستی بەقوربانی بوونیان بێ و ڕای گشتی دەیەوی، ئەوان لە هێزی بچووکی سیاسییەوە ببن بە هێزی گەورە و ئەکتیڤی سیاسی؛ بە جۆرێک کە ببن بە چەتری پاراستنی کۆمەڵگەی کوردی لە بەردەم ئاسیمیلاسیون و هەڕەشەکانی دەسەڵات.

بۆ ئەمەش کۆمەڵگەی کوردی بەو مانگرتنە سەرتاسەرییە لەگەڵ دووپاتکردنەوەی پشتگیری و هاوخەمیان بۆ سیاسییەکان ئەو پەیامەشی گەیاند کە درێژەدان بە مۆدێلی حیزبی بچووک و مەحفەلی و بەبێ یەکگرتن و بوون بە هێزی گەورەی کاریگەرخوڵقێن نەک هەر هێندەی تر سیاسییەکان دەکا بە قوربانی، بەڵکوو کۆمەڵگەش بێبەش دەبێ لە بوونی هێزی فریادرەس و پارێزەر؛ چونکە ناکری ئەو ڕاستییە سادەش هەست پێ نەکەین کە لە بەردەم هەوسار پچڕاوی و وەحشیگەریی دەسەڵات، ئەوە تەنیا هێزە ئۆپۆزیسیون و سیاسییەکان نین کە پێویستیان بە پاراستنە، بەڵکوو کۆی کۆمەڵگەی کوردی لە بەردەم ئەم وەحشیگەرییەی دەسەڵات پێویستیی بە دیواربەندێکە بۆ پاراستنی. ئەمەش بە پلەی یەکەم ڕەساڵەتی هێزەکانی ئۆپۆزیسیونە کە پارێزەری هاووڵاتی و کۆمەڵگە بن لە بەردەم بەربەرییەتی دەسەڵات و دەستدرێژییەکانی. ئەگەرچی قسەیەکی تاڵیش بێ بەڵام لە بەردەم گەورەیی ئەم کۆمەڵگە وشیارە و خەڵکی بەرپرسیاری، هێزەکانی ئێمە لە ئاستی چاوەڕوانی و خواستی ئەم کۆمەڵگەیەدا نین و ئەگەر ئەوان بەپێی خواست و چاوەڕوانی هاووڵاتی خۆیان فۆرمات نەکەنەوە، هەر دەبنە قوربانیی سیناریۆ و گۆڕانکارییە نوێیەکان و کۆمەڵگەش زیاتر دەکەوێتە بەردەم هاڕینی حکومەت و دەست و پەیوەندییەکانی.

لە ڕاستیدا قۆناغی پێش موشەکبارانی قەلا و قوناغی دوای موشەکبارانی قەلا بە تەواوی دوو قوناغی جیاوازن و چی تر هێزەکانی پێش مووشەک بارانی قەلا ناتوانن هێزی فریادڕەسی کۆمەڵگە و خۆشیان بن و لەمەو بەدوا دەبێ قسە لەسەر پێویستی کۆمەڵە هێزێک بکەین کە هێزگەلی فریادرەسی هەمووان بن، نەک هێزی بوون بە قوربانیی سیناریۆ و گۆرانکارییە نوێیەکان. وەک چۆن تا ئێستاش هێزی بوون بە قوربانی سیناریۆ و و گۆرانکارییەکانن!

کۆتا قسە ئەوە کە لەمەوبەدوا پێش ئەوەی باس لە ئەرکداربوونی کۆمەڵگە و هاووڵاتی بەرامبەر بە ئۆپۆزیسیۆن و سیاسییەکانی بکەین، دەبێ قسە لە سەر ئەرکداربوونی هێزە ئۆپۆزیسیونەکان و سیاسیەکان بکەین، چون کۆمەڵگە ڕەسالەتی خۆی بەرامبەر بە سیاسییەکان خستە ڕوو ئەوەی ماوە ئەرکداربوونی ئۆپۆزیسیون و سیاسیەکانە بەرامبەر بە کۆمەڵگەی کوردی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ٢٣ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

# سیلەلێگردنی هەمیشەیی کۆماری ئیسلامی لە حیزبی دێموکراتی کوردستان، هۆ و هۆکارەکان!



**عومەر باڵەکی**

ڕۆژی ١٧ی خەرمانانی١٣٩٧ی هەتاوی (بەرامبەر بە ٨ی سێپتامبری ٢٠١٨) قەڵای دیموکرات کەوتە بەر هێرشی مووشەکیی سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی. لەو هێرشەدا بەپێی زانیارییە سەرەتاییەکان لە مووشەکی زیرەک لە جوری دروستکراوی ڕووسی کەلک وەرگیراوە و کەلکوەرگرتن لەو جۆرە مووشەکانە زۆرتر لە شەری نێوان دەوڵەتەکاندا باوە و لە کەمتر جێگای ئەو دنیایەدا بەرچاو دەکەوێ کە دەوڵەتەکان لەو جۆرە چەکانە بە دژی ئۆپوزیسیونی خۆیان کەلکیان وەرگرتبێ.

لەو هێرشەدا بە داخی گرانەوە حیزبی دیموکراتی کوردستان ١٤ شەهید و نزیک بە ٤٠ بریندار سووک و قورسی هەبوو کە لەنێو شەهیدەکاندا ٦ کەسیان ئەندامی ڕێبەری حیزب بوون. ئێستا پرسیار ئەوەیە کە بۆچی لەو هەلومەرجەدا کۆماری ئیسلامی ئەو هێرشەی کردە سەر حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە کاتێکدا لە نێوخۆ و دەرەوەی ئێران بە شێوازی جۆراوجۆر کەوتۆتە ژێر فشارێکی زۆر کە ئەو فشارانە بە تەواوی لە سەر ژیانی خەڵک کاریگەرییان داناوە تا ئەو ڕادەیەی کە ناڕەزایەتیی خەڵک لە چەند مانگی ڕابردوودا و هاتنە سەر شەقامیان بە تەواوی دامودەزگای دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامیی تووشی سەر لێشێواوی کرد بە جۆرێک کە هەر کام لە

باڵەکانی دەسەڵات لایەنەکەی دیکەی بە خەتابار دەزانی و لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێرانیش ڕەوتی ڕووداوەکان بە قازنجی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی نەبووە و تەنانەت لە ناوچە شیعەنشینەکانی عێراقیش کە ماوەی نزیک بە ٤٠ ساڵە سەرمایەگوزارییان لە سەر دەکا، کونسولخانەی لێ دەسوتێندرێ و خۆپیشاندان لە دژی دەکرێ؟

بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە پێویستە لایەنی جۆراجۆری مەسەلەکە تاوتووی بکەین هەتا بگەین بە وەڵامێکی دروست. بۆ ئەو مەبەستە پێویستە ئاورێک لە ڕابردووی کۆماری ئیسلامی و حیزبی دێموکراتی کوردستان بدەینەوە. لەوکاتەوە سیستمی کۆماری ئیسلامی بە ڕێبەری خۆمەینی دەسەڵاتی سیاسی و نیزامی و ئابووریی ئێرانی گرتە دەست، کەوتە دژایەتیی خەڵکی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستان. چونکە خەڵکی کوردستان لەڕێگەی حیزبی دێموکراتەوە داوای مافەکانی خۆی دەکرد و هەر لە سەرەتاوە خومەینی و دەستوپێوەندییەکانی دژایەتیی ئەو داواکارییانە بوون. حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕایگەیاند لە ڕێفراندۆمی دیاریکردنی سیستمی سیاسیی ئێراندا بەشداری ناکا بە هۆکاری ئەوە کە دیاربوو ئەو سیستمەی لە بەرانبەر سیستمی پاشایەتیدا پێشنیار کرابوو نەی دەتوانی هیچ کام لە داخوازییەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستەبەر بکا چونکە قانوونی ئەساسی وڵات پەسند نەکرابوو و دیار بوو کە قانوونی ئەساسی بە پێی سیستمی کۆماری ئیسلامی دادەڕێژرێ و لەو جۆرە قانوونەدا ماف بە هیچ کام لە گەلانی ئێران نادرێ.

لەگەڵ ئەوەدا حیزبی دێموکرات و خەڵکی کوردستان بەشداریی ڕێفراندۆمیان نەکرد، بەڵام حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕێزی لە دەنگی خەڵکی ئێران گرت و ڕایگەیاند کە ئامادەیە لە ڕێگای ئاشتیانەوە لە سەر میزی دانوستان کێشەی مافەکانی خەڵکی کوردستان لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەند چارەسەر بکا. بەڵام دیتمان لە بالاترین ڕەدەی ڕێبەریی کۆماری ئیسلامی واتا خۆمەینی فەرمانی جیهاد بە دژی خەلکی کوردستان و حیزبی دیموکراتی کوردستان درا کە بە دوای ئەو فەرمانە هێزە نیزامییەکانی کۆماری ئیسلامی بە هەموو توانای خۆیانەوە کەوتنە سەرکوتی خەڵکی کوردستان و هێرشکردن بۆ سەر پێشمەرگەی کوردستان.

لە ماوەی نزیک بە ٤٠ ساڵی ڕابردوودا ئەو شەڕە بە دژی حیزبی دیموکرات و هێزە سیاسییەکانی کوردی ئۆپوزیسیونی کۆماری ئیسلامی و خەڵکی کوردستان بە هەموو شێوازێک بەردەوامە و هێزە ئەمنی و نیزامییەکانی کۆماری ئیسلامی لە هیچ جینایەتێک دەرحەق بە خەڵکی کوردستان دەستیان نەپاراستووە؛ وەک هێرشی بەربڵاو

وکەڵکوەرگرتن لە هەموو چەکێک، گرتن و زینندانیکردن، ئیعدام کردن، تیرۆر، سووتاندن وکوشتن و کاولکاری، گەمارۆی ئابووری، پەرەپێدانی نەخۆشیە کۆمەڵایەتییەکان، هەژارکردنی کۆمەڵگەی کوردەواری... و دەیان کردەوەی دژە ئینسانیی دیکەی دەرحەق بە خەڵکی کوردستان و حیزبی دیموکرات ئەنجام داوە بەڵام نەیتوانیووە خەڵکی کوردستان و حیزبی دیموکرات و هێزە سیاسییەکانی دیکەی کوردستان بە چۆکدا بێنێ.

ئەگەر چاو بە مێژووی ٧٣ ساڵەی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا بخشێنین دەبینین چ لە سەردەمی پاشایەتی و چ لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیدا ئەو دوو دەوڵەتەوە بە هەموو توانایانەوە هەوڵیان داوە زەربەی قورس و کاریگەر لە پەیکەری حیزبی دێموکرات بدەن و هەوڵی لە نێوبردنیان داوە بەڵام سەرکەوتوو نەبوون. چونکە حیزبی دێموکرات هەڵقوڵاوی ویست و داخوازەکانی خەڵکی کوردستانە و سروشتییە هەر حیزبێک یا هەر دەوڵەتێک خەڵکی لە پشت بێت وا بە ئاسانی لە نێو ناچی. ڕێژیمی پاشایەتی پێی وابوو ئەگەر کۆماری کوردستان هەرەس پێ بێنێ و سەرکۆمارەکەی شەهید بکا، مەسەلەکە تەواو دەبێ، بەڵام دیتمان تەشکیلاتی حیزبی دیموکرات لەگەڵ ئە زەربە گەورەی کە خواردبووی هەر زوو خۆی گرتەوە و دەستی کردەوە بە چالاکی و جموجۆڵی سیاسی و تەشکیلاتی و ئەو چالاکییە لە ساڵاکانی ٤٦-٤٧ی هەتاوی گەیشتنە لوتکەی خەبات و، دوڕگەی ئارامی حمەڕەزاشایان شڵەقاند. دوای ڕووخانی نیزامی پاشایەتی و ڕاگەیاندنی چالاکیی ئاشکرای حیزب دەبینین لە ماوەیەکی کورتی زەمەنیدا حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو بە حیزبی جێگای متمانەی خەڵک و جێگە و پێگەی لە نێو کۆمەڵگەی کوردەواری دەرکەوت و وەک گەورەترین و بەهێزترین حیزب لە گۆرەپانی سیاسیی کوردستان و ئێراندا ڕۆڵی بینی.

هەربۆیە کۆماری ئیسلامی چاوی دیتنی حیزبی دیموکراتی کوردستانی نەبوو کە ڕێبەرایەتیی جووڵانەوەی میللی دێموکراتیکی خەڵکی کوردستانی دەکرد و بە ئاور و ئاسن وەڵامی داواکارییەکانی خەڵکی کوردستانییان دایەوە. هەر وەکی پێشتر ئیشارەی پێ کرا خومەینی فەرمانی جیهادی بە دژی خەڵکی کوردستان دەرکرد و حیزبی دێموکرات و خەڵکی کوردستانی تووشی شەڕێکی داسەپاو کرد کە دەبوایە بە ناچار هێزی پێشمەرگەی کوردستان بکەونە حاڵەتی دیفاعی و بەرگری لە مان و موجوودیەتی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەن. دوای دە ساڵ بەربەرەکانی لە بەرامبەر شەری داسەپاودا کۆماری ئیسلامی هەستی بە زەبوونی و لاوازیی هێزەکانی خۆی لە بەرامبەر ئیرادەی خەڵکی کوردستان و هێزی پێشمەرگەداکردبوو، هەر بۆیە هەوڵیان دا لە تاکتیکێکی دیکە کەڵک وەربگرن بۆ ئەوەی بە خەیاڵی خۆیان حیزبی دیموکراتی کوردستان لاواز و لە مەیدان بەدەری دەکەن، ئەویش

تیرۆری د.قاسملوو، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات بوو کە لە ژێر ناوی وتووێژ بۆ چارەسەری ئاشتییانەی مەسەلەی کورد ئەو کردەوە تیرۆریستییەیان لە سەر خاکی ولاتێکی دیکەدا کرد. بەڵام دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لەوە غافل بوون کە تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات وا پایەرێژی کراوە کە بەرگەی هەموو زەربەیەکی قورس دەگرێ و لە هەموو هەلومەرجێکدا هەڵدەستیتەوە و بە پشتقایمیی خەڵکی کوردستان درێژە بە خەبات دەدا.

دوای سێ ساڵ دیسان دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی کە لە بەرامبەر کار و تێکۆشانی کادر و پێشمەرگەی حیزبی دیموکراتدا دەستەوەستان بوون، کەوتنەوە پیلانگێری ئەمجارەیان بۆ تیرۆری د.سادق شەرفکندی، سکرتێری حیزب و بەداخەوە لەو پیلانەشدا سەرکەوتوو بوون، بەڵام دیسان خەیاڵیان خاو بوو؛ چونکە ئەو جاریش حیزبی دیموکرات نەک لە پێ نەکەوت بەڵکوو شێلگیرتر لە جاران لە مەیدانی خەباتدا مایەوە و لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بە دەیان پیلان و کردەوەی ناحەز و ناجوامێرانە وەک ناردنی ژاری سالیۆم، تەقاندنەوەی بۆمب، تیرۆرکردنی کادر و پێشمەرگەیان ... بە دژی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەڕێوە بردووە و تازەترین پیلانی مووشکبارانی بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بووە و وەک هەموو پیلانەکانی دیکە بە خەیاڵی خۆی ویستوویەتی لە سەری حیزبی دیموکرات بدا وکۆتایی بە جووڵانەوەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێنێ، بەڵام ئەو جاریش وەک هەموو جارەکانی دیکە نەک حیزبی دێموکرات لە پێ نەکەوت بەڵکوو دەک دەبینین هەر وا قورس و قایم لە مەیدانی خەباتدا ڕاوەستاوە وسوورە لە سەر درێژەدانی خەبات هەتا وەدیهاتنی ئامانجەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

لە ڕوانگەیەکی دیکەوە دەتوانین ڕۆڵی گرینگی حیزبی دیموکرات بینینە بەر باس کە کۆماری ئیسلامی زەندەقی لێ چووە و لەو ڕاستایەدا دەتوانین ئیشارە بەو بابەتە بکەین. لە ماوەی ساڵانی رابردوو دا حیزبی دیموکراتی کوردستان تێکۆشاوە لە هەموو ڕەهەندەکانی خەبات بۆ بەرەوپێشچوونی خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەلک وەربگرێ و لەو ڕاستایەدا گوتاری حیزبی دیموکراتی کوردستان کە ئاشناکردنی چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی خەڵکی کوردستانە بە ئەرکە نیشتیمانی و نەتەوایەتییەکان و لە هەمان حاڵدا نارەزایەتی دەربرین و هاتنە سەر شەقام و مانگرتنی گشتی بە پێشێلکردنی مافەکانیان لە لایەن دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامییە.

هەر بۆیە گوتاری حیزبی دیموکرات کوردستان وەک چەکێکی کاریگەر کەوتۆتە گیانی دامودەزگای کۆماری ئیسلامی

لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە هەمان کاتدا بۆتە هۆکاری یەکیەتیی نەتەوەیی و جوڵاندنی شەقامی کوردستان و ئەوە هەمان چەکیکە کە دەسەڵاتدارانی تاران لێ دەترسێن و زەندقیان لێی چووە . بیجگە لەوە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا هەوڵی زۆری داوە کە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دەوری یەکتر کۆ بکاتەوە ولە ڕێگایەدا ئامادەبوو لە زۆر قازانجی حیزبی خۆی چاوپۆشی بکا و ئەگەر چاو بە ئارشیوی کۆبوونەوەکانی نێوان حیزبەکاندا بکەین دەبینین بنکەی دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە شانازییەوە بەشی شێری خانەخوێی ئەو کۆبوونەوانەیان پێ براوە و ئەوەش دەتوانی هۆکارێکی دیکە بێت بۆ ترس و دڵەخورپەی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە حیزبی دیموکراتی کوردستان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ٢٥ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

## مووشەکی کۆماری ئیسلامی و چەکی عەقڵانیی حیزب



**کارۆ حەسەنزادە**

هابێرماس گوتەنی "جیهانژینیی ئێمە ئێستاش نەهاتۆتە ژێر نیزامێکی مۆدێرنی کۆمەڵایەتی". ئێستاش عەقڵانییەتی شەڕ لە کەند و کەلەبەری پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان خۆ ڕادێنێ. لە سیاسەت و دیرۆکی حیزبی دێموکراتی کوردستان هێنانەئارای دیسکۆرسی عەقڵانی بۆ نێو کۆمەڵگە بۆ ئاڵوگۆڕی ڕا و خەبات و دەستەڵاتی سڤیل دەبیندرێ, بەڵام ئێستاشی لەگەڵ بێ لەنێو بەشی هەرە زۆری دەستەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا

**گوفتمانی شەڕ، تیرۆر و ئاژاوە بۆسەر گەلانی ئازادیخواز زاڵە و ڕۆڵی سەرەکیی توندوتیژی دەیگێرێ.**

**هەڵەیە ئەگە پێمان وابێ وڵامی تەحەی پحەیە! و دەبێ وەک بەرامبەرم بجۆڵێینەوە جا بەم شێوازە ڕێگای ئازادی و دێموکراسی چەوڕێژ دەکرێ. ئەگەرچی ئەو تێز و تێرم و بۆچوونانەی لە حەوزەی سیاسی و ئەندێشە و فەلسەفەدا باس دەکرێن بە هەموو ڕێکار و یاسا و دیسپلینانەدا بۆ گەیشتن بە دێمۆکراسی بە پشتیوانیی ئەو تێئۆرییانەی گوتراوە ئەگەر لە جێی خۆیدا ئەزموون و لایەنی تیژ و زبری دەگەڵ نەبێ، قەدری نەرم ئامێریەکەی نامێنێ و خەباتی فرەڕەهەندی بێ مانا دەبێ.**

**چەند موشەکێکی زیرەک، ١٧ی خەرمانان (٨ی سپتامبر ٢٠١٨) بارەگاکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەکاتە ئامانج و خەسارێکی زۆری گیانی، ڕووحی و مادی لێ کەوتەوە، بەڵام عەقڵانییەت و دیسکۆرسی تیرۆر و شەڕ لەلایەن ڕێژیمەوە بە مانگرتنێکی ئارام و کەم تێچوو وەڵام درایەوە، بەوە نەک هەر دوژمن ئامانجەکەی بۆ نەپێکرا بەڵکوو ئەمە بە قازانجی خەڵک و بزووتنەوە شکایەوە. بەشێک لەو دەسکەوتانە دەتوانن ئەمە بن:**

**بەرینترکردنەوەی پێوەندییەکانی حیزب و کۆمەڵانی زویر، یەکگرتنی بێ وێنە و بەجێی خەڵک و حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە قاودانی پیلانگێرییەکانی کۆماری ئیسلامی، هاتنە سەرخەتی حیزب و وڵاتانی ناوچە و ڕۆژئاوایی (لە بەرامبەر پرسی کوردی ڕۆژهەڵات کە زۆر بە غەریبی مابۆوە)، خۆ تێهاویشتن لە کێشەکانی ئاڵۆزی ناوچە (ئێران) و بوون بە ئاڵتێرناتیو بۆ داهاتووی ئێران.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ٢٥ی سێپتەمبەری ٢٠١٨**

# دەقی ووتەکانی لۆرد گلاسمەن و کاک خالید عەزیزی لە پانێلی کنفراسی سالانەی لیبەر پارتی لە لیفەرپوول




## وتەکانی لۆرد گلاسمەن

بەیانیتان باش گشت لایەک و بەخێر بێن بۆ ئەم ڕووداوە بەو بەیانییە زوویە. تێدەگەم ئەگەر کەمێک هەست بە خەواڵوویی بکەن، بە پێچەوانەی عێراق خەڵکی ئینگلیس بیرەیەکی زۆر دەخۆنەوە و ئاسەوارەکانیشی دیارن.

ئەمڕۆ باسی هێرشی ئێران بۆ سەر بنکەی ناوەندیی حدک لە ناوچە کوردییەکانی عێراق دەکەین. ئەم شتانە. ئەوەی کە بەڕاستی دەمهەوێ بیڵێم، پێش ئەوەی کە قسەکەرەکە بناسێنم ئەوەیە کە کوردەکان لە هەموو شوێنێک دەکوژرێن، کەوابوو من لە تورکیە بووم بۆ رێز گرتن لە کوردی کوژراو، لە سورییە بووم بۆ ڕێز گرتن لە کوردی کوژراو بەڵام ڕەنگبێ ئەوەی لە هەمووان کەمتر لە وڵاتی ئێمە ناسراون ئەوەیە کە لانیکەم ١٢ میلیۆن کورد لە ئێران دەژین ئەوێ شوێنێکی ژیانی کەونارا و بەردەوامی کوردان لە نیشتمانی خۆیان بووە بەڵام هەروەک هەمووومان دەزانین کوردەکان قەت لە ماڵی خۆیان خاوەن ماڵ نین، کەوابوو حدک بۆ ئەو کەسانەی کە نایناسن حیزبێکی گەلیک جێگای ڕێزە و سوسیالیستە، ماوەیەکی کورت لە ١٩٤٥ کە دوای شەڕی دووهەمی جیهانی بۆ یەک دوو ساڵ کۆمارێکی سەربەخۆی کوردی بوونی هەبوو لە ئێران بەڵام خێرا کاتێک کە شا دەسەڵاتی بەسەر وڵات دا سەپاند ڕووخاندی. ئێمە دەزانین کە سیاسەتی سەردەمی شا دوای شۆڕشی ئیسلامیی درێژەی پێدراوە کە ناهێڵن کوردەکان

کەڵک لە زمانی خۆیان وەرگرن، ناهێڵن کوردەکان دامەزراوە کولتورییەکانی خۆیان هەبێ، دەتوانین بڵێین کە هەر وەک تورکیە ناهێڵن کوردەکان کورد بن، لە چوارچێوە ڕێژیمدا ئەوان ناچار دەکرێن کە زمانی فارسی بەکار بێنن، ڕێگای خۆ ڕێکخستن بە گوێرەی ڕەگەزی خۆیان یا چینی خۆیان نییە. بە گشتیی وەک تورکیە و وەک چۆن باو بوو لە عێراق و هەروەک لە سورییە پێش لێک هەڵوەشانی ڕێژیم و سەرهەڵدانی پەیەدە، کوردەکانی ئێران هیچ دێموکراسییەکیان نییە، هیچ ئازادییەکیان نییە و ئێستا هەوڵی بەردەوام لە ئارادایە کە کوردی زۆرتر بکوژرێن و پێگەی حدک بۆمباران کرا، ١٤ کەس کوژران. ١٤ کەس کوژران؟ من پرسیار دەکەم، ڕاستە؟ هەندێکیان ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی بوون و ئەوە شتێکی بەڕاستیی حەیاتییە کە ئێمە ئاستی زانیاریی لەبارەی ئەوەی کە لەگەڵ کوردان لە ئێران دەکرێ بەرز بکەینەوە. چونکە ئەوە گرینگە وەک هەمیشە لە پەیوەندی لەگەڵ کوردان، کوردەکان ئەگەر ڕێژیم بە چالش بکێشن ئەوان وەک تێرۆریست حیسابیان بۆ دەکرێ، ئەگەر ڕێژیم بە چالش نەکێشن سەرکوت دەکرێن. ڕێگای بەرەو پێشەوە لەڕادە بەدەر دژوارە کە دیاریی بکەی. بەڵام ئەوەی کەدەمهەوێ تێئێوە بیزانن ئەوەیە کە ئێوە دۆست و پشتیوانتان لە حیزبی ئێمەدا هەن و ئێمە بەهێزین و پشتیوانیی خۆمان نیشان دەدەین. زۆر پێمان خۆشە وتارەکەی ئێوە لە بارەی بۆمبارانەکەدا، لێکدانەوەی ئێوە لەسەر دۆخی سیاسی، داواکانتان لە ئێمە لەبارەی ئەوەی کە بە باشترین شێوە بتوانین پشتیوانیتان لێ بکەین، ببیستین.

## وتەکانی کاک خالید

سپاس لۆرد گلاسمەن و سپاس بۆ کوردیش پرۆگرێس و بەخێرهاتنی ئێوە دەکەم بۆ ئەو کۆبوونەوە و بەیانیتان باش. بەڕاستی چی قەوما؟ ٨ی سێپتامبر کۆمیتەی ناوەندی کۆبوونەوەی وەرزیی (پلێنوم)ی لە بنکەی سەرەکیی ئێمە هەبوو لە کۆی سنجق و ئێمە باسی داهاتووی ئێران، هەلومەرجی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و مەسەلی کورد لە کوردستانی ئێرانمان دەکرد.

بە گوێرەی باوەڕی حیزب و سیاسەتی حیزب ئێمە هەمیشە باوەڕمان بە ڕێگاچارەی ئاشتییانە بۆ پرسی کورد لە ئێران هەبووە بەڵام ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران هەر لە دوای شۆڕشەوە گوێی لە داخوازییەکانی گەلی کورد لە ئێران نەگرت و ڕێزی لە سیاسەتی حیزب نەگرت بۆ وتوویژ لە گەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران. دوای شۆڕش ئایەتوڵڵا خومەینی پێشدا باسی دیتنەوەی ڕێگاچارەیەکی ئاشتییانەی کرد بەڵام پاش ئەوەی کە هێرشیان کردە سەر

کوردستانی ئێران و گەلی کورد بەرامبەر بە ڕێژیمی ئیسلامیی خۆڕاگریی نیشاندا، بۆ جارێکی دیکە بۆچوونیان گۆڕی و باسی وتوویژیان کرد، بە گوێرەی سیاسەتی حیزب، حیزبی ئێمە، حیزبی دێموکڕاتی کوردستان کە حیزبی سەرەکیی بوو و وتوویژی لەگەڵ ڕێژیمی ئێران دەکرد، بەڵام ڕێژیمی ئیسلامیی بڕوای بە ڕێگاچارەی ئاشتییانە بۆ مەسەلەی کورد نەبوو و جارێکی دیکە هێرشیان کردە سەر کوردستانی ئێران و شەڕێکی ناوخۆییان بەسەر ئێمە دا سەپاند، کەوابوو گەلی کورد هیچ ڕێگاچارەیەکی دیکەی نەبوو جگە لە داکۆکی لەخۆ کردن. کەوابوو لەم هاوکێشەیەدا دوو ڕاستیی هەن، ڕاستیی یەکەم ١٠ میلیۆن کورد لە کوردستانی ئێرانە و ڕاستیی دووهەم ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە.

کۆماری ئیسلامیی سیاسەتی تێرۆر و لەسێدارەدان و زیندانیکردنی چالاکانی سیاسی هەڵبژارد. بەدوای ئەوەدا ڕێژەیەکی زۆر چالاکی سیاسییان لە ئێران لە سێدارە دا و بەشێکی بەرچاو لە کادر و ئەندامانی پایەبەرزمان لە کوردستانی عێراق تێرۆر کران و درێژەیان بەو سیاسەتە دا تا ڕووداوی ڤییەن. لە کاتێکدا کە دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملو ڕێبەی حیزب خەریکی وتوویژ لەگەڵ نێردراوەکانی ئێران لە ڤییەن بوو لەوێ تێرۆر کرا. چەند ساڵ دواتر دوکتور سادق شەرەفکەندی دوای بەشداریکردن لە کۆبوونەوەی سوسیالیست ئینتێرناسیۆنال کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ لایەنەکانی ئوپۆزیسیۆنی ئێرانی هەبوو تا لێک تێگەیشتنێک لە نێوان حیزبە ئێرانییەکان وەبینێ، لە میکۆنۆس کوژرا. کاتێک کە دوکتور قاسملو لە ڤییەن کوژرا، کاربەدەستانی ئۆتریشی تێرۆریستەکانی ئێرانیان بەرەو تاران ئیسکۆرت کرد و هیچ دادپەروەرییەک و دادگاییەک لە ئوتریش نەهاتە ئاراوە بەڵام لە میکۆنۆس سیستەمی دادگا و دادپەروەریی ئاڵمان لەڕاستییدا بڕیاری دا کە کاربەدەستانی پایەبەرزی ئێران بەرپرسیاری تێرۆری دوکتور سادق شەرەفکەندی بوون، کە وابوو ئەوە سیاسەتی ڕێژیمی ئێران بوو. لە ماوەی ئەو کردەوە تێرۆریستییانەی ڕێژیمی ئێران ئێمە هیچ چالاکییەکی سەربازییمان لە ناوچەدا نەکرد. ئێمە هەمیشە سیاسەتی ناتووندوتیژیی و وتوویژ و دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەکی دێموکڕاتیک بۆ پرسی کوردمان هەڵبژاردووە و وەک ئەندامی سوسیالیست ئینتێرناسیۆنال چاوەڕوانییمان لە سوسیالیست ئینتێرناسیۆنال و حیزبەکانی ئەندامی سوسیالیست ئینتێرناسیۆنال ئەوەیە کە مەسەلەی کورد بۆ ئاستی ناونەتەوەیی بەرز بکەنەوە.

### بۆچی کۆماری ئیسلامی هێرشی کردە سەر بنکەی سەرەکیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان؟

ئێران ئێستا بەرەوڕووی زنجیرەیەک قەیران بۆتەوە، قەیرانی ئابووری، قەیرانی کۆمەڵایەتی، تەقریبەن هەموو

قەیرانێک لە وڵاتدا هەیە، نرخی دراوی ئێران نزیکەی حەفتا لەسەد دابەزیوە، کەوابوو لە ئێران پشێوییە. ئەو ڕێژیمە هیچ ڕێگاچارەیەک، هیچ پرۆژەیەکی نییە کە قەیرانەکانی ناوخۆی ئێران چارەسەر بکا. بۆیە هەوڵ دەدەن تا ناسەقامگیریی لە ناوچەدا دروست بکەن و بە خەڵکی ئێران بڵێن کە لەدەرەوەی سنورەکانی ئێران دوژمنی زۆری لێن کە هەڕەشەمان لێ دەکەن. بە مووشەکباران کردنی بنکەی سەرەکیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ئەوان پەیامێکی زۆریان هەبوو بۆ ناوچە. یەکەم، ئەوان هێرشیان کردە سەر حیزبی ئێمە چونکە حیزبی ئێمە یەکێک لە سەرەکیترین حیزبەکانە کە پشتیوانی جوڵانەوەی مەدەنی لەناوخۆی کوردستانی ئێران دەکا کە لە ماوەی سێ چوار ساڵی ڕابردوودا دەرفەتێکی مەزن بووە بۆ کوردەکانی ئێران دژی ڕێژیمی ئیسلامیی. دووهەم، ئەوان دەیانهەوێ پەیامێک بدەنە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا وەک زلهێزێکی ئەو ناوچەیە و بۆ وڵاتانی ناوچە بنێرن کە ئەو ڕێژیمە توانایی ئەوەی هەیە کە مووشەک باوێ، ئەگەر پێویست بکا تەقریبەن مووشەک بە هەموو شوێنێکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە بنێ.

بۆچی ئەوان تەنیا حیزبی ئێمەیان هەڵبژارد؟ لەبواری تەکنیکی سەربازییەوە ئەوان حیزبی ئێمەیان هەڵبژارد چونکە حیزبی ئێمە هیچ مووشەکی نییە کە بە بەرەو تارانی بنێرێ. چونکە ئێمە وڵات نین کە بتوانین پارێزگاریی لەخۆمان بکەین. ئێمە تەنیا حیزبێکی سیاسین کە دەتوانین دەنگی کوردی ئێران بەرز بکەینەوە.

بنکە سەرەکییەکە لە کوێیە؟ بنکەکە قەڵایە کە لە نزیک شاری کۆی سنجق هەڵکەوتووە. ئەم قەڵایە شوێنی دامەزراوە جیاوازەکانی حیزبە، یەکیەتی لاوان، یەکیەتی ژنان، ڕێکخراوی منداڵپارێز و ڕێکخراوی پزیشکی و هەموو ڕێکخراوی ئەوتۆ کە خزمەت بە ژن و منداڵ و خەڵکی مەدەنی لەو قەڵایەدا دەکەن.

کێ لەو قەڵایەدا کوژرا؟ ٦ کەس لە هاوکارەکانی من، لە کاتێکدا کە هەموومان لە دەوری مێزێک دانیشتبووین و باسی دیتنەوەی ڕێگاچارەیەکی ئاشتییانە و دێموکڕاتیک بۆ پرسی کورد لەو ناوچەیەمان دەکرد. لەناو ئەوانەی کە بریندار بوون ژن و منداڵی تێدان، ئەوان لە حەوشەی قەڵا بوون. کەوابوو قەڵاکە بنکەی سەرەکیی مەدەنی ئێمە بوو بۆ چالاکییەکانی ئێمە.
کاردانەوەی ئێران چی بوو؟ لە ٩ی مانگی سێپتامبر سپای پاسداران ڕایگەیاند کە مووشەکیان بە بنکەی سەرەکیی ئێمەوە ناوە و ئەوان ئیعتراڤیان پێکرد و قبووڵیان کرد کە ئەو کارەیان کردووە. ئەوە یەکەم جارە دوای شەڕی

ئێران-عێراق کە ئێران مووشەکی ئەرد بۆ ئەردی مەودا درێژ باوێ و ئەوە یەکەمجار بۆ هێرش بۆ سەر بنکەی سەرەکیی حیزب کەڵکی لێ وەرگیرا.

کاردانەوەی کۆمەڵگای ناونەتەوەیی چی بوو؟ تا ئەو جێیەی کە دەگەڕێتەوە سەر میدیای فارسی، کوردی، عەرەبی و ئینگلیسی، ئەوان لەڕاستییدا باسی ئەو ڕووداوەیان کردووە. تەنانەت میدیای ئێرانیش زۆر باسیان کرد. لە پەیوەندیی لەگەڵ کاردانەوەی سیاسی، ئێمە شاهیدی زۆر وڵات و حیزبی سیاسی بووین کە هاوپەیوەندییان لەگەڵ نیشان داوین و کارەکەیان ، ئەو کردەوە تێرۆریستییەی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانیان مەحکوم کرد. تەنانەت نوێنەری وڵاتە یەکگرتووەکان لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە تویێ کۆبوونەوەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، نیکی هەیلی، هێرشەکەی ئێرانی بۆ سەر بنکەی سەرەکیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی مەحکوم کرد. کێ کێیە لەو هاوکێشەدا و لایەنەکانی ئەو هاوکێشە و ئەو سێناریۆیە کامانەن؟ وەک باسم کرد لایەنێک گەلی کورد لە کوردستانی ئێرانە و لایەنەکەی دیکە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانە. ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران ئەو هێرشەی بۆ سەر بنکەی سەرەکیی حیزب کرد، بەڵام پەرچە کرداری گەلی کورد چی بوو؟ ١٢ی سێپتامبر زۆرینەی خەڵکی کوردی ئێران لە کاردانەوەیەکی بەربڵاودا دووکانەکانیان داخستن، لە ماڵەکانیان مانەوە و پەیامێکی ئاشکرایان نارده تاران. لەوانەیە ئێران بنکەی سەرەکیی ئێمە لە داهاتوودا بکاتە ئامانج هەر وەک پێشووش ئەو کارەی کردووە، بەڵام ئێران ناتوانێ ١٠ میلیۆن کوردی ئێران بکاتە ئامانجی مووشەک. کەوابوو مووشەک، کردەوەی تێرۆریستیی لەلایەن ڕێژیمی ئێران دژی گەلی کورد و دژی حیزبی ئێمە ڕێگاچارە نییە. تا ئەو جێیەی مافە نەتەوەیی، ئەتنیکی و دێموکڕاتیکەکانی خەڵکی کورد لە ئێران ڕێزی لێ نەگیرێت، خەباتی ئێمە درێژەی دەبێ، خەباتی ئێمە درێژەی دەبێ و دڵنیام، دڵنیام کە سەرهەڵدان لە ئێران، و قەیرانەکان لە ئێران، و لەوانەیە یەکیەتی لەناو حیزبە سیاسییەکان بە کورد و غەیرە کوردەوە بە بێ لەبەر چاوگرتنی جیاوازیی پێشینە و جیاوازییەکانی ئایدۆلۆژی و ئایینی دەبێتە جێگرەوەیەک بۆ ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران. ئەو ڕێژیمە ناتوانێ بەو شێوە درێژەی هەبێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ڕێژیمێک کە خۆی بەرامبەر بە خەڵکی خۆی بەرپرسیار نازانێ، ئەو ڕێژیمە ڕێز لە یاسا ناونەتەوەییەکان ناگرێ و ئەو ڕێژیمە ڕێز لە سەروەریی عێراق وەک جیران ناگرێ و مووشەک بەوڵاتێکی دراوسێوە دەنێ، و من پێموایە ئەوە تەنیا سەرەتای بڕیاری ئێرانە بۆ درێژە پێدان بە قەیران، قەیرانی زۆرتر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروست دەکا، بۆ ئەوەی کە ئەو قەیرانانە لە وڵاتانی دیکەدا دروست بکا. چی دەقەومێ ئەگەر ئێران بەرەوڕووی مەحکوم کرانی ناونەتەوەیی نەبێتەوە، چی دەقەومێ ئەگەر هەرکام لەو

مووشەکانە بە چەکی شیمیایی تەیار بکرێن؟ چی دەقەومێ ئەگەر هەرکام لەو مووشەکانە لە بەغدا وە ئەردی بکەوێ، لە عەرەبستانی سعودی، لە ئیسرائیل، یا لە هەرکام لەوڵاتانی ئەو ناوچەکە؟ چونکە ڕێژیمی ئێران لە کاتێکدا کە بەرەوڕووی ئەو قەیرانە قووڵە بۆتەوە، هەموو شتێک دەکا بۆ دروست کردنی قەیرانی زۆرتر لە دەرەوەی سنووری ئێران. ئێران هەوڵ دەدا ئەو پەیامە بە خەڵکی خۆی بگەیەنێ کە تەقریبەن هەموو وڵاتانی ناوچە، هەموو ئایینەکان و هەموو چالاکییەک دژی ئێرانە. هەوڵ دەدەن دوژمنێک بۆ خەڵکی ئێران دروست بکەن و پێیان بڵێن ئێمە دەبێ پارێزگاریی لەخۆمان بکەین. بەڵام ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران داکۆکی لە خەڵکی ئێران ناکا، تەنیا دەیانهەوێ کەمێکی تر درێژە بە ژیان بدەن، ئەوان تەنیا داکۆکی لە خۆیان دەکەن و دەیانهەوێ بە دروست کردنی ناسەقامگیریی لە ناوچەدا خۆ لەو قەیرانە دەرباز بکەن و لەوانەیە شەڕێک لەو ناوچەیەدا هەڵایسێنن. ڕێژیمی ئیسلامیی بەرهەمی شەڕ، بەرهەمی تێرۆر و بەرهەمی ناسەقامگیرییە، بۆیە لەوانەیە کەڵک لەو دۆخە وەرگرن و کەڵک لە هەموو شتێک بۆ دروستکردنی ناسەقامگیریی لەو ناوچەیە وەردەگرن.

لە کۆتاییدا ئێمە چاوەڕوانین کە کۆمەڵگای ناونەتەوەیی و بەتایبەتی حیزبی کار وەک حیزبێکی مەزن لە بریتانیا لە ڕێگای دۆستەکانی لە سۆسیالست ئینتێرناسیۆنال پرسی کورد بەرز بکاتەوە بەتایبەتی بەرپەرچی هێرشی مووشەکیی ئێران بداتەوە کە ئەوە لە داهاتوودا قبووڵکراو نییە. تەنیا، تەنیا، تەنیا دەمهەوێ جارێکی دیکەش ئاماژە بەوە بکەم کە ئەگەر هەرکام لەو موشەکانە بە چەکی شیمیایی تەیار بکرێن، لە داهاتوو دا چی دەبێ؟ بۆیە دەبێ ئێران دەبێ بەرەوڕووی کەمێک بەرپەرچدانەوەی کۆمەڵگای ناونەتەوەیی ببێتەوە و من هیوادارم کە حیزبی کار ئەو مژارە لەگەڵ دەوڵەتی بریتانیا باس بکا و ئەو پەیامەیان پێ بگەیەنێ، حاڵییان بکا کە ئێران گەمەیەکی ترسناک لەو ناوچەیەدا دەکا. نابێ بێ جواب بمێنێتەوە.

گەلێک سپاس

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ٢٦ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

# ڕێژیمێکی تیرۆریستپەروەر بە زمانێکی لووسی دیپلۆماتیکەوە



**سمایل شەرەفی**

ناوەرۆکی قسەکانی حەسەن ڕوحانی، سەرۆکۆماری ئێران لە کۆبوونەوەی ساڵانەی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە نیویۆرک جیا لە کۆمەڵێک ئیدیعا و درۆی زەق کە بە زمانێکی لووسی دیپلۆماتیک بەیان کرا، بە گاڵتەگرتنی دەرک و فەهمی ئامادەبوانی ئەم کۆڕەیش بوو. بەتایبەت لە پێوەندی لە گەڵ ڕۆڵی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران لە سەر بنەمای دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتانی ناوچەکە و پشتیوانیکردنی ئەم ڕێژیمە تیرۆریستپەروەرە لە تاقم و گرووپە توندڕەوە تیرۆریستەکان و هەروەها ئەو ئیدیعا درۆزنانەیەی لە سەر "باوەڕمەندبوونی نیزام بە دێموکراسی و سەقامگیربوونی ئارامی لە ناوچەکە"، ڕوحانی زۆر بێشەرمانە خۆی لێ گۆڕابوو کە بە نوێنەرایەتی لە چ ڕێژیمێک قسە دەکات.

ڕوحانی لە حاڵێک دا باسی لە پشتیوانیی ڕێژیمەکەی لە وڵاتانی عێراق و سوریە دەکرد کە هەر لە ماوەی دوو حەوتووی ڕابردوودا خەڵکی ئەم دوو وڵاتە لە چەند خۆپێشاندانێدا نارەزایەتیی خۆیان دژ بە بوونی ڕێژیمی ئێران لە وڵاتەکانیان دەربڕی و بە دەنگێکی بەرز درووشمی "ئێران بۆ دەرەوە لە وڵاتمان"یان بەرز کردوە. ڕوحانی لە حاڵێک دا حزووری ئاژاوەگێرانەی ڕێژیمەکەی لە سووریە لە حزووری چەند ڕاوێژکاری نیزامیدا کورت دەکاتەوە کە تا ئێستا نزیک بە سێهەزار کەس لە هێزەکانی ئەم ڕێژیمە لە سوریە کوژراون کە بە "داکۆکیکارانی حەرەم" ناویان دەهێنن. سەرکۆماری ئیسلامی ئێران لە پێوەندی لە گەل قەزیەی ئیسرائیل و فەلستیندا بە جۆرێک

ڕێـژیمەکەی بە پشـتیوانی لە فەلەسـتینییەکان پێناسـەکرد کە وەک بڵێـی ئەم ڕێـژیمە جیـا لە سیاسـەتە ئـاژاوە گێڕانەکانی ئەم پرسەدا، لە نێو وڵاتەکەی خۆیدا هیچ کێشەیەکی لە گەڵ کەمایەتییە نەتەوەیی و مەزهەبییەکانی ئەم وڵاتە نەبێ. ئەوە لە حاڵێک دایە کە لە ئێستای ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا نە تەنیا مافی هیچکام لە کەمایەتیە نەتەوەیی و مەزهەبییەکان بە ڕەسمی ناناسێندرێ، بەڵکوو لە درێژەی سیاسەتی سەرکوت و داپڵۆسـیندا، ڕۆژ نـیە چالاکـان و تێکۆشـەرانی نەتەوەیـی و مەزهەبـی بە تـاوانی داکـۆکیکردن لە مـاف و ئازادییەکانیان سزای قورسیان بەسەردا نەسەپێ و لە سێدارە نەدرێن.

حەسـەن ڕوحـانی کە لە چوارچێـوەی دیـاریکردنی سیاسـەتەکانی ڕێـژیمەکەیدا وەک سـەرکۆمار خـاوەنی چووکەترین سەڵاحییەتی یاسایی و بەڕێـوەبەری نیەو ئەوە تەنیـا ڕێبەری نیـزامە کە بڕیـادەرە نە کەسێکی دیکە، بە جۆرێک بـاس لە پابەنـدبوون بە دەروەسـتبوون و تەعەهـوود لە پرسـی تەوافـوق و وتـوێژدا دەکـات و دۆناڵـد ترامپـی سـەرکۆماری ئـامریکـا ئاموژگـاری دەکـات، وەک ئەوەی لەبیـری چـووبێتەوە کە ئەوەی ئەوان و ڕێژیمەکەیـان لەم پێوەندییەدا [خوو]یان پێوە گرتووە، نە تەنیـا شکاندنی تەعەهود و دەروەستی نەبـووە و نیە، بەڵکوو نوانـدنی بێئەخلاقـی و بێپڕنسیپی لە هـونەری وتـوێژ و دیپلۆماسـیدا بـووە. ئەوە ئەوان و ڕێژیمەکەیـان بـوون کە وڵامـی داخوازییە ڕەواکانی نەتەوەیەکی ئاشتیخوازی مافویستیان لە سەر مێزی وتوێژ بە کوشتنی ڕێبەرانیان دایەوە. ئەوە ئەوانـن کە تـا ئێسـتایش بـانگەوازی مـافخوازانەی بـزووتنەوەی خەڵکـی کوردسـتان بە موشـەکبارانکردنی بـنکە و بارەگای حیزبە ئاشتیخوازەکانیان دەدەنەوە و تێکۆشەرانیان بە پیلانی جۆراوجۆر تێرور دەکەن، دەیانسووتێنن و لە سێدارەیان دەدەن.

حەسەن ڕووحانی کە لە پشت تریبوونی بەرزترین ئۆرگانی نێونەتەوەییەوە درۆزنـانە خۆی بە قوربـانیی تێرۆریـزم دادەنێ و وڵاتانی ناوچەکە بە "داڵدەدانی تاقم و گرووپـی تێرریستیی دژ بە ڕێـژیمەکەی" تاوانبـار دەکـات، پێـی وایە خەڵکی وڵاتەکەی و بە تـایبەت خەڵکی کورستان بەم خێراییە لەبیریـان دەچێتەوە کە هەر ١٥ ڕۆژ پێش ئێستا بـوو(١٧ی خەرمانـان) کە بە بەزانـدی هەمـوو سـنوورێک، بانـدی مافیـای سـپای پاسـداران مووشـەکبارانی "قەڵای دێموکرات"ی کرد کە لە ئاکامدا بە دەیان پێشمەرگە، کادری ڕێبەری و ژن و منداڵ شەهید و بریندار بوون.

لەوانەیە سەرکۆماری بێدەسەڵاتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران بتوانێ بە زمانێکی لووسی دیپلۆماتیک بۆ ساتێک بە ئیدیعا بێبنەماکانی تریبوونی ئۆرگانێکی بەرزی وەک ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان داگیر بکـات، بەڵام ئەم

ڕێـــژیمە لە بیـــر و زەینـــی بیـــروڕای گشـــتیی جیهـــانی و بەتـــایبەت کۆمەڵگـــای ئیـــراندا ڕێژیمێکـــی بێـــزراو و تیرۆریستپەروەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ٢٦ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

## پاش موشەک بارانی قەڵای دێمۆکرات، زۆر زیاتر و چاکتر لە جاران دەرکەوت کە حدک چ سەرمایەیەکی دەوڵەمەندی ئینسانی هەیە.



**سەعید بەگزادە**

نـاڵێم هەمـوو، بەڵام زۆربەی هەرەزۆری ئەنـدامانی حیـزب لە دەرەوەی وڵات،ئەو توانـایی و دڵسـۆزییەی بە هەمـوو جۆرێک لە خۆیـان نیشـاندا، بەرادەیەک دڵخۆشکەر و جێگای هومێدە کە سپاس زۆر زۆر وشەیەکی کز و بێ توانـایە لە ئاستی دڵسۆزی و وەفاداریتان. بژین.

دەگەڵ ئەوەی کە بەسەت جار لەوەش چالاکتر بین، نابێتە قەترەیەک لە خوێنی ئەو خوشک و برا و سەروەرانەمان کە لە ١٧ی خەرماناندا شەهید بوون، بەڵام ئەو هێزە جێگای هومێدی زۆرە بۆ حدک.

ئەو مـاوە هەمـوو بەرپرسـانی حیزبـی لە تەواوی کۆمیتەکـانی دەرەوەی وڵات، یەکجـار زۆر چـالاک بـوون، بەڵام هێنـدێک لە سیماکان، شەو ڕۆژیـان دەسـەریەک دەکـردەوە. بـۆ هەمـوو کارێـک، دەهەمـوو کـات و سـاتێکدا ئـامادەی خزمەت بوون، یەک لەوانە، هاوڕێی ماندویی نەناس کاک مەولود سوارە بوو.

کاری تـاقەت پروکێنی ڕاگەیاندن، کاری ورد و ژیرانەی دیپلۆماسی، هاوکاری و هاسانکاری بۆ بەرپرسانی سەروتر، ڕاکێشانی سرنج و پشتیوانی سیاسەتمەدارانی ناسراو، بـۆ ڕودوای ١٧ی خەرمانـان و حدک و بگـرە، زۆر کـاریش کە بە ڕاگەیاندن ناکرێن.

منیش ئەندامێکی سادەی ئەم حیزبەم، بە مافی خۆمی دەزانم، سپاس گوزاری ئەو کەسانە بم کە دەرۆژی تەنگانەدا، دەبنە قەڵای قایمی حیزب و شاندەدەنە بەر ئەرکەکان و، ناهێڵن کەم و کەسری بەحیزبەکەمانەوە دیار بێ.

بۆیەش بەدڵ دەڵێم بژی کاک مەولود، ئـافەرین لـۆردی کـوردان. سپاس کە نـازانی مانـدوو بـوون چییە، لەپێنـاوی خزمەت بە حیزبەکەت.
هیوا دەخوازم، هەموو ئاواتەکانت بە چاوی خۆت ببینی و پێیان بگەی.

پایەدار بی کادری بەوەجی حیزبەکەمان، لۆرد گیان!

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ٢٧ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

## سپاس و پێزانین! شەهید برایم زێوەیی



**ئازیزان و خۆشەویستان**

**وەکوو هەموو لایەک ئاگادارن، رۆژی ١٧ی خەرمانان لە کاتی بەڕێوەچوونی نۆیەمین پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان، قەڵای دێموکرات کەوتە بەر پەلاماری مووشەکی کۆماری سێدارەی ئێران و بەم هۆیەوە ژمارەیەک لە ئەندامانی سەرکردایەتی، کادر و پێشمەرگەی بەوەجی دیموکرات شەهید بوون و چوونە ریزی کاروانی شەهیدانەوە. برایم زێوەییش یەکێک لە شەهیدەکانی ئەم کارەساتە دڵتەزێنە بوو.**

**شەهید برایم جگە لەوەی هاوسەرێکی بەوەفا، باوکێکی دڵسۆزو میهرەبان بوو، لە هەمان کاتدا رۆڵەیەکی سادق، پاک، شۆڕشگێڕ، بەبیرو باوەڕوە وەفاداربوو بۆ نیشتیمان و حیزبەکەی. خەمخۆرانە و مەسئولانە ٤٠ ساڵ لە ژیانی خۆی تەرخانکرد بۆ نەتەوەکەی و هەر لەو پێناوەشدا گیانی بەخت کرد بەڵام چ شانازییەک لەوە گەورەتر هەیە کە لە پێناوی نیشتماندا گیانت بەخت بکەی و لەدوای نەمانیشی سەربەرزی و شانازییەکی زۆری بۆ ئێمە و حیزبەکەی بەجێهێشتووە.**

**لەدەستدانی خەمێکی لەبڕان نەهاتوو و زامێکی قووڵی خستە ناو دڵی هاوسەنگەران، دۆستان و بنەماڵەکەی، کە سارێژبوونەوەی ئەو زامە گەلێک ئەستەمە.**

لەو ماوە سەختەشدا ئەوەی کە هێزو وورەی بە ئێمە بەخشیوە وە باری قورسی سەرشانی ئێمەی کەم کردووەتەوە هاوخەمی و هاودەردی ئێوە خۆشەویستانی ناوخۆ و دووره وڵات و هەموو هاوڕێ و هاوسەنگەران و خزمان بووە کە لێرەدا بە پێویستی دەزانین سوپاس و پێزانینی خۆمان لە قوڵایی دڵمانەوە دەرببڕین و داوای لێبووردنیش لە هەموو ئەو ئازیزانە دەکەین کە بە هەر هۆیەک بووبێ نەمان توانیوە وەڵامی هاوخەمی و پەیوەندییەکانیان بدەینەوە.

روحی هەموو شەهیدان شاد و ڕێگا و ڕێبازییان بەردەوام بێ و بەهیوای وەدیهاتنی ئاوات و ئامانجەکانیان.

بە حورمەتەوە

بنەماڵەی شەهید برایم زێوەیی

کەژاڵ عەزیزی، رۆژان، ژینۆ، ژینا، ژیوار

٢٧ - ٩ - ٢٠١٨

دەڕۆم

ئەگەر لەو پێناوەدا

گیانیشم بەخت کەم

هەر دەڕۆم

خوێنم ئەکەم بە ئاڵا و گیانم ئەکەم بە

دروشم و دەڕۆم

گرێک لەو کڵپە تیشکە دەهێنمەوە و

خەرمانی ئەم شەوەزەنگەی پێ دەسووتێنم

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ٢٧ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

# لە وڵامی کۆمەڵە کەسێکی ترسەنۆک و بێئێعتباردا



**سمایل شەرەفی**

دوای موشەکبارانی بنکەو بارەگاکانی حیزبی دێموکرات و بەتایبەت قەڵای دێموکرات و بەئامانجگرتنی کۆبوونەوەی وەرزانەی رێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەم شوێنە، کۆمەڵە کەسێکی نەیار بەم حیزبە کە تەنانەت جورئەتی ئاشکراکردنی ناوی خۆیانیان نیە، بە دوور لە ئەخلاق لە هێندێک کاناڵی سێبەرەوە، هاشاوڵ بۆ حیزبی دێموکرات و شەهیدەکانی دێنن. ئەم کۆمەڵە کەسە کە لەو چەند ڕۆژەدا توانیومە قەڵەمە بێتوانا و زمانە لاڵ و بیرکردنەوە ڕزیوەکانیان بناسمەوە، ترسەنۆکانە و بە ئامانجی درووستکردنی دڕدونگی و نانەوەی دووبەرەکی لە نێو ریزەکانی بنەماڵەی گەورەی دێموکراتدا کە لەمێژە پیشەیانە، هاوئاهەنگ لە گەڵ دەزگا سایبێرییە ئەمنیەتییەکانی رێژیم و ڕاست بە ئەدەبیاتی "دیارونادیار"، بە خەیاڵی خۆیان دەیانهەوێ لە خانەی ئەمنیەتیدا ڕووداوەکەی ١٧ی خەرمانان چەواشە بکەن و وەک پێیان ڕاسپێردراوە لە گەورەیی ئەم جەنایەتەی ڕێژیم و پەیامە گرینگەکەی ئاکامی ئەم موشەکبارانە کە کۆمەڵانی هوشیاری خەڵکی کوردستان لە ٢١ی مانگدا بڵاویان کردوە کەم بکەنەوە.

پرسیارسازکردن لە سەر شەهیدانی ١٧ی خەرمانان و قسەکردن لە سەر موشەکبارانی قەڵای دێموکرات ڕاست بە زمانی "بەرنامەی ٣٦٠ دەرەجە"ی سپای پاسداران دەریدەخات کە ئەم قەڵەمفرۆشانە کە بەداخەوە لە هێندێک کاناڵی سێبەری سەر بە هێندێک لایەنیشدا نووسینەکانیان بڵاو دەبێتەوە، هەدەفیان هێرش بۆ سەر حیزبی

دێموکرات و هەروەها نانەوەی دووبەرەکی لەنێوڕیزەکانی دێموکرات دایە.

ئەم جۆرە کەسانە کە هیچ جێگەوپێگەیەکیان لە نێو ڕێزەکانی حیزب و تێکۆشەرانی ڕێگای ئازادیی کوردستان و خەڵکی کوردستاندا نیە، پێویستە حاشا لە نیەتپاکیان بکرێ و وەک هەمیشە ئیزن نەدەین کە پیلانەکانیان کە بریتییە لە؛ نانەوەی دووبەرەکی و دەنگۆنانەوە بە قازانجی ڕێژیم سەر بگرێ. ئەم ئینسانە بێڕیشە و بێ ئێعتبارانە کە تەنانەت جورئەتیان نیە ناوی خۆیشیان ئاشکرا بکەن، زۆر باش دەزانن کە چەندە لە نێو ڕێزی تێکۆشەرانی دێموکراتدا بێپێگە و بێداهاتوون.

سڵاو لە شەهیدانی ١٧ی خەرمانان

سڵاو بۆ یەکریزی و یەکگرتوویی

ڕووڕەشی بۆ ئاژاوەگێڕان و عاملانی دووبەرەکی

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ٢٨ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

## سەبارەت بە ئیدیعای خەتای یەک کیلۆمتری موشەکەکانی ڕێژیم!



**حەسەن شێخانی**

بەداخەوە ئەو موشەکانەی لە قەڵا دران، خەتایەکی زۆریان نەبوو؛ بریا نەک یەک کیلۆمتر بەڵکوو چەندین کیلۆمتر خەتایان هەبا و یەک شەهید و برینداریشی لێنەدەکەوتەوە.

هیوادارم نەک حدک، بەڵکوو هیچ حیزبێکی دیکە نەبێتە ئامانجی هێرشی موشەکی.

سپای پاسداران لە دیکۆمێنتارێکدا کە لەسەر ئەم هێرشە موشەکیە سازی کردوە بە ڕاشکاوی دەڵێ ئامانج پلینۆمی حدک و سەرکردایەتییەکەی بوون و ئیتفاقەن موشەکەکانی دیکە بە هەڵە بە شوێنەکانی دیکە کەوتوون. ئەوەی کە سپای پاسداران ڕێک پلێنۆمی حدک لە قەڵا دەکاتە ئامانج، کەمتەرخەمی ئەمنیەتیی ئێمەشی وەک فاکتۆرێک تێدا دەخیلە.

وەک لە وێنەی خوارەوەدا دیارە، دوو سێ موشەک، لەو ٧ موشەکەی کە ڕێژیم ئیعلامی کردن، وەقەڵا، وەک شوێنی مەبەست، کەوتوون. بۆیە ئەو ئیدیعایەی کە لانیکەم ئەو دوو سێ موشەکە یەک کیلۆمتر خەتایان هەبووە، لەسەر ئەو فەرزە هەڵەیە بنیات نراوە کە موشەکەکان بۆ ئەوان بوون و بەهەڵە بۆ نموونە وەقەڵا کەتوون!! ئەم ئیدیعایە ئەم پێشفەرزِ یان وەهمەشی لەپشتە کە کۆماری ئیسلامی تەنیا ئەوان بە مەترسی دەزانی و هێرشیان دەکاتە سەر!!

هەروەها لە قـووڵایی زێهنـی مودەعیـدا ئەوەش خـۆی مەڵاس داوە کە گوتـاری حـدک و هەڵوێستەکانی لە هێڵـی "ڕادیکالیزم" لایان داوە و کۆماری ئیسلامی بە مەترسیان نازانێ!! بۆیە لە ڕوانگەی کەسی گۆڕینەوە کۆماری ئیسلامی مەگەر بەهەڵە، ئەگینا موشەک لە حدک ناگرێ!! بەداوای لێبوردن لە ڕۆحی شەهیدان، کەسی گۆڕین دەیەوێ بڵـێ کۆماری ئیسلامی بۆی موهیم نین و مەگەر بەهەڵە ئەگینا ناشتانکوژێ!! زێهنیەتێک کە هەم هێرشی موشەکی بۆ سەر سەرکردایەتیی ئەو گوتار و هەڵوێستانە و، هەم مانگرتنی ٢١ی خەرمانان، بەتەواوی بەتاڵ و پووچەڵی کردەوە. کۆمـاری ئیسـلامی بە چەکـی هەرە قورسی خـۆی لێتـدەدا و پۆلێـک کەسی بەنرخت لـێ شـەهید دەکـا؛ واتە بـۆی موهیممی، بـۆیە بەو چەکە لێتـدەدا، بەڵام ئەو هەر حـازر نیە ئیعتـراف بە هەبـوون و قورسـاییت بکـا، هەر دەڵـێ بەهەڵە لێی داوی!! تکایە لەوە زیاتر ڕۆحی شـەهیدان ئـازار مەدەن و هەستی کەسوکارو هاوسەنگەرانی شـەهیدان مەڕووشێنن. ئەگەر کارەسات و خوێنی شەهیدان لێکمان نزیک ناکاتەوە، لانیکەم خوێ بە برینماندا مەکەن.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ٢٨ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

# تا بمێنم یادت دەکەم.



**ئازاد عەبباسیان**

زۆر گەڕام، وەک جاران لە سوچە بێدەنگەکەی ماڵەوە نەمدیت کە جگەرەکەت لە نێوان پەنجەکانت تێر بسوڕێنی و جار جار پرسارێک و هەواڵێکم لێ بپرسی. نەبوو وەک جاری جاران بمدوێنی نەوەک گرفتێکم هەبێ و بیرەکەی ئازارم بدات و تۆش پێم بڵێی چ بکەم و چی نەکەم. بۆنی جگەرەکانیش جیاواز بوون و هەر دەم لە دووی بۆنێک دەگەڕام کە بیناسمەوە. وەک منداڵ بۆ باوک لێی نزیک بمەوە و منیش ئەو بۆنە تێر بۆن کەم. سووچ و کۆڵان،بن دار و باخان،شەقام و کۆڵان و ماڵ و دووکان نەما سەرەتاتکێی لێ نەکەم. پرسیارم زۆر لە هاوڕێکانت و هاوسەنگەرانت کرد،هەر یەکە و جۆرێک وەسفی تۆیان کرد. پرسیارم لە دارە سەوز و باڵابەرزەکانی قەڵای هەردەم زیندووش کرد،ئەوان قاقایان دەگەشتە ئاسمان. چووم پرسیارم لە نەمامە تازەکانی حەساری قەڵا کرد، نەمزانی ئەوان بۆچی گریان. وەک سۆزی شمشاڵ لەسەر جادەکان بەسەر خەتی نۆتەکان دا ڕام دەکرد و ئەوانیشم شڵەژاندبوو. هەر نۆتەیەک بەجیا مۆڕەی لێ دەکردم. نەمدەزانی کە خەریکن مێلۆدی ئەی ڕەقیب ڕێک دەخەنەوە. لە کاکەیەکی شوانم پرسی و سۆراغی تۆ و هەڤاڵانم گرت،پێکەنی و گووتی ئەی چەندە ئەمڕۆ ژیان بەرگی سەربەزی پۆشیوە. لەویش تێنەگەشتم. کۆمەڵێک کرێکاری قەد و قامەت نەخشاو بە چەکێک و دە میتر پشتوێن و ڕەختێک وەک مروارید بینی،چوومە پێش و دیتم پێشمەرگەن و قەڵایەک لە ورە ساز دەکەنەوە. کەس قسەی لەگەڵ نەدەکردم. چونکە ئەوان دەمووچاوی منی دڵپڕی چاو پڕ ئازاریان نەدەویست. لەگەڵ کار و ئەرکیان، عارەقەی

نێوچاویان کە دەکەوتە سەر عەرزەکە، چڵێک ڕێحانە و چڵێک سەوزایی دەڕوا. جارجاریش نەمامەکان پڕژەیەکیان بەردەکەوت و لە خۆشیان شاگەشە دەبوون. کۆمەڵێک ڕەش پۆشم بینی کە خۆڵیان وەسەر خۆ دەکرد و هاواریان دەکرد. تا هاتم پرسیاریان لێ بکەم، ڕەشەبایەک هەڵی گرتم و گوتی ئەمە ئەو شوێنە نیە کە تۆ بۆی دەگەڕێی. ئەوەی کە تۆ دەتهەوێ، ناگریێن و شین ناکەن.

بۆ تۆ دەگەڕام کە کوێ بگەڕێم تا بتبینمەوە. نەمدەزانی لە کوێت وەبینم. گردێکم لە دوورەوە بینی وم دەزانی تابلۆیێکی وێنەیە. وەڕێ کەوتم تا سەیری بکەم و بزانم ئەو تابلۆیە بە چی نەخشاوە. هاتمە پێش و دیتم ئەمە تابلۆ نیە و و لەسەر تاشە بەردێک نووسراوە: بەخێر هاتن بۆ باخی خۆشەویستی. لە سەر تاشەبەردێکی دیکە نووسرابوو کە چ پرسیار گەلێکت بێ وڵام بووە تا ئێستا،لێرە بیدۆزەوە. یەکەم هەنگاو کە چوومە نێو باخەکە،ئای خوایە چی ببینم.

ئەوەی لە چیرۆکە خۆشەکانی منداڵیدا کە دایکم پێی دەخەواندم و دڵخۆشی دەکردم بە چاوی دڵ بینی. کۆمەڵێکم دیت کە دیار بوو میوانی تازەی ئەو باخە بوون. بۆنی سیگارەکەتم ناسییەوە. منیش سیگارێکم تازە داگیرساندبوو و خێرا کوژاندمەوە گوتم نەوەک بیبینی. چونکە هەر وەک جاران ئەو شەرمەم ماوە سیگارت لا داگیرسێنم. چاوم پێت کەوت و بە گریانەوە هەڵاتم و لە ئامێزم گرتی. بەڵام نازانم بۆ منت نەدواند.؟ لەولاوە یەکێک بە گوێچکەمدا سرتاندی و گووتی ئەوانە حەزیان لە گریان نیە و چونکە هەموو سات خەریکی پێکەنین و قسەی خۆش و سروودی سەربڵێندی دەڵێنەوە. گریانەکەم وێستا و ئەودەم لەگەڵ هاوڕێکانت لە ئامێزتان گرتم. زۆرت قسە لەکەڵ کردم و زۆرت دواندم. قسە و ئامۆژگاریەکانت هەر وەک جاران بە دڵ و ڕۆح هەستم پێدەکردن. پێت گوتم دەبێ بڕۆین و هەموو گوڵە سوورەکانی سەر لۆتکەی شاخەکان ئاوپڕژێن بکەین،چونکە ئەو گوڵانە هەر بە دەستی ئێمە ئاو دەخۆنەوە. وردە وردە هەستم کرد کە ئێستا لەو شوێنەیت کە ئاواتت بوو. چی لەوە خۆشتر ژیان لە شوێنی ئاواتەکان.

ئیتر بۆت ناگەڕێم و بۆشت ناگریم. چونکە دەزانم لە کوێیت و چیت لێمان دەوێ.
تا بمێنم یادت دەکەم.
تا دوا هەناسم پێت سەربەرزم

شەرەفە گەر لێم قەبووڵ کەی سوجدە بۆ ئامانجەکانتان ببەم.
نامرن چونکا لە دڵی میللەتا دەژین.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ٢٩ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

## ئەمڕۆژانە ناخۆشترین و تاڵترین ڕۆژەکانی ژیانم



سورەییا پەیرەوان

ئازیزم پشت و پەنام، ئەمڕۆژانە ناخۆشترین و تاڵترین ڕۆژەکانی ژیانم بەڕێدەکەم بەبێتۆ ئاخر من و تۆ ٣٠ ساڵ و ٣ مانگ و ٢ ڕۆژ ژیانمان پێکەوەو لە هەمووخۆشی و ناخۆشییەکاندا لەگەڵ یەکبووین.

ژیانێکی سادەو پێشمەرگانەمان دەبردەسەر لەگەڵ ٤ گوڵی پشکوتوی باخەکەمان.

ئەمڕۆژانە دەورم زۆر قەرەباڵغە دۆست و هاوڕێیان هەمووی بەدەورمانەوەن بەڵام من بێتۆیم زۆر پێوەدیارە ئاخر تۆ جێگای هەمووکەست بۆمن پڕکردبۆوە.

ئازیزم تۆ ئاواتت ئەوەبوو جگەرگۆشەکانت بێنەوەو لەدەورت کۆوەبن و جارێکی تر ماڵەکەمان ئاوەدان بێتەوەو تۆ بەدەورەیان دا بێت و پچیت ئێستا هەموویان هاتوونەوە ڕۆڤیا بۆخۆی دەڕوات لەزەنگ دەدات و دەڵێت بابە هاشم هاتەوە نڤار داوات دەکات.

خۆشەویستم چوم بۆ قەڵای دیموکڕات ئەوقەڵایەی کە شەوڕۆژت لەسەریەک دانابوو بۆ سەوز کردن و نەخشاندنی بۆئەوەی ئەو پێشمەرگانەی کە لەویّ دەژیان هەست بەئارامی پکەن هەرکەس دەچووە قەڵا ئارامی دەگرت چونکە زۆر سەرسەوز و ئارام و دڵڕفێن بوو.

بەڵام ئێستا دار و درەخت و گوڵەکانی قەڵا ماتەمیان گرتووە بۆتۆو هاوڕێیانت هەموویان خۆلاوین بەڵام قەولت پێدەدەم کە بە هەوڵ و هیمەتی هەموومان بیکەینەوە بە قەڵاکەی ئێوەو دارەکان پخەینەوە سەما و سەرسەوزی کەینەوە.

ئازیزم بێتۆی زۆر سەختە لەهەموو گۆسەوکەنارێکی ماڵەکەماندا بۆت دەگەڕێم ناتبینمەوە ئاخر تۆ زۆر بەکەمی سەفەرت دەکرد بەتەنیاو بێمن نەدەڕۆیشتی بەشاهیدی زۆر لەهاوڕێیان حازر نەبوویت ساڵی جارێک لەگەڵ هاوڕێکانت بۆ سەیرانێک پچیت دەتگوت من چۆن بەبیّ ئێوە سەیران دەکەم . بەڵام بەداخەوە ئێستا ٢٣ ڕۆژە ڕۆشتویت و نەگەڕاویەوە هەرپێم وایە ئەووەختەیە کە تازە ژیانی هاوبەشمان پێک هێنابوو ڕۆشتییەوە بۆ مەنتیقەو چوار مانگ و نیوت پێچو دوای بەسلامەتی هاتنەوە.

ئێستاش هەروا چاوەڕوانم بەڵک و بگەڕێتەوەو پێک شادبینەوە. ڕۆحت شاد هاوسەر و پشت و پەنام بەقوربانی ٤ گوڵەکانی باخی ژیانمان بم گەورەترین یادگاریت بۆ بەجیّ هێشتوم. ڕۆحت شاد کەسم.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ٣٠ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

## هۆی هێرشی موشەکی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر "قەڵای دیموکرات" لە باشور!

### هۆمەر

ئەوکارەساتانەی کە لەم ڕۆژانەدا رویدا خستمیە ناو خەمێکی جەرگبر و فکریکی قولەوە کە نەدەمتوانی بە زمان و نە بە نوسین و نە بە هەست بینوێنم . ئەی کوردینە ئەم پرسیارە هەم لە خۆم و هەم لە ئیوە دەکەم؟ لە حالیکدا گەلی کورد لە هەر چوار پارچەی کودستان بە پیشەنگایەتی کچان و ژنان هاتونەتە سەر پێ هەر ڕۆژ دەیان کورد بە تایبەت گەنجان قارەمانانە لە مەیدانی جەنگدا شەهید دەبن لە باژیرەکان و گوندەکان دەیانکەس دەستگیرو کەلەبچەو زیندانی و ئەشکەنجە و ئعدام و لە سیدارە دەدریت(بە تایبەت لە ڕۆژهەلات) هوی چیە کە کۆماری ئیسلامی زۆر بی پەروا و بە ئاسانی هیرش دەباتە سەر بە ناو بارگاکانی ڕۆژهەلات لە ناو دلی هەریمی باشور؟ هۆی ئەم بێریزیەی بە نەتەوەی کورد چیە؟ دەی خۆ دیارە

دوای ئەوەی گەلی ڕۆژهەلاتتان بە کۆماری ئیسلامی بە جینۆساید دا هەردوکتان( کۆمەڵە و دیموکرات) کە بە خوێنی یەکتر تونی بون، چۆنکە پشتان بە گەل نەبوو لە جیاتی پەنا بەرنە بەر شاخ و دارستانەکانی کوردوستان کە بە خوێنی هەزاران شەهید پاریزراون، روتان کردە هەریمی باشور کە داگیرکەرانی ئیران و تورکیە بە ناوی ناوچەی سەوز و ناوچەی زەرد دابەشیان کردبوو و رمبازێنیان تیا دەکرد چونە بەر دەم بارگاکانی دوو حیزبی گەندەڵ،خیانەتکار،حەڵقە لە گوێ داگیرکەران. قاتلانی وەک محمد حسینی کەریمی و مەلا ئاوارە و خەلیل شەوباش و سلێمانی موعینی و سەدان شورشگێری ڕۆژهەلات چۆکتان دایا.خۆتان نزم کرد دەستان ماچ کردن. ئەوکاتەبوو کە خیانەتتان بە هەموو شەهیدانی گەلی هەر چوار پارچەی کوردستان کرد ئەوکاتەبوو کە خیانەتتان بە ئەساسنامە و پیرەو پروگرامی حیزبەکەتان کرد و تورتاندا و بونە کۆیلەیان. هەر حیزبیک بە هەر بیروباوەیکەوە دەبی بەرپرسیاریەتی و تەعەهودی ئەخلاقی و مروڤایەتی جەوهەری بیت لە پیشدا بە پەیرەو

پروگرام و ئوسوڵەکانی حیزبەکەی و ئەو شەهیدانەی کە بە ناویانەوە بەردی بناخەی ڕیکخراوەکەیان پی دانـاوە. لە پاشدا لە بەرامبەر گەلەکەی خۆی بە بەر پرسیاری یەکەم بزانێت. حیزبی دیموکرات بە جێگەی خۆی بەڵام ئەوانەی کە ناز ناوی کۆمونیستیان سەرخۆ خستووە بونە پەڵەیکی شەرم لە مێژووی پر لە خوێناوی کۆمونیستەکان. ئەودەم پارتەکانی بە کریگیراوی باشور وپیاوەکانی کۆماری ئیسلامی دەیان پیشمەرکە و لایەنگرانیان بە تایبەت حیزبی دیموکرات و چالاکانی سیاسی و مرەڤی بی گوناحی ڕۆژهەڵاتیان بە پارە شەهید کرد. بە تەواوی کەرامەتیان شکاندن بۆ ئەوەی لە قاو نەدرین سەرتان لی نایەوە و خوتان نەکردە خاوەنی. کاتیک تەواو دەستەمۆیان کردن دەسەڵاتی باشور بە نیابەتی کۆماری ئیسلامی لە سەروەت و سامانی دزراوی گەلەکەمان موچەیان بۆ دابین کردن و لە بارگاکان نیشتەجییان کردن بە بۆن و چێژی دولار هەموو لە یەک ڕاست بونەوە و بە بی هیچ جیاوازێکی ئیدەئۆلوژی، سیاسی، پەیرەو پروگرام دیموکراتەکان بە ئیزافە کردنی وشەی کوردستان بون بە دوو. و چەپەکان بە چسپاندنی وشەیک بە دوای کۆمەڵە بونە چەند بەرە ئەمانیش موچەیان بۆ دابین کرا و تلویزیونیان پێ خەڵاتکرا و لە بارگاکان نیشتە جێ کران. خەت و نیشانیان بۆ کیشان سەری خۆتان داخەن و بە بی ئیزنی ئیمە هیچ مەڵین و هیچ مەکەن لە هیچ بواریکەوە کارتان بە گەلی ڕۆژهەڵات و خەلکی باشور نەبێت بخۆن و بنون. پیاوانی کۆماری ئیسلامی ساڵیانیکە لە بارگاکانی ئیوە بی پەروا دەخولینەوە. کە وایە ئەگەر هۆی تروری شۆرشگیرانی ڕۆژهەڵات و هیرشی موشەکی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر بارگاکانتان قەلای دیموکرات لە کۆیە ئیوە خۆتان نین ؟ ئەی کین؟

جێ سەر سورمان ئەوەیە کە هەموتان بە پیشەنگایەتی هیلی چەپ خۆ کەوتون و هۆی ئەم تاوانە لە سەر خۆتان لادەبەن و مەزڵوم نمائی دەکەن و دەڵین ئەمە بی ریزیە بە سەروەری هەریم و بە پیچەوانەی یاسای نێودەوڵەتیە. و داوا لەم دەسەڵاتە دەکەن کە ئەم هیرشە ئیدانە بکات و هەلوێستی ڕادیکال بگریتە بەر: بەخواجوانە* کام دەسەڵات؟ کام سەروەری هەریم؟ لە حالیکدا دەوڵەتی داگیرکەر و فاشیستی ترک بە ڕینوینی ئەم دەسەڵاتە ٢٥ – ٣٠ کیلومەتر لە بەر چاوی گەل و ئیوە پارتەکانی ڕۆژهەڵات دەست درێژی کردووەتە ناو خاکی باشور لە گەل پارتەکانیتر بی دەنگن کە خۆتان بە پاریزەری ئەم ئەزمونەدەناسێنن ئەزمونەکەیشتان ئەم دەسەڵاتە دز و تالانچی و غارەتگەروو خیانەتکارەیە کە خوینی گەلی کورد بە تایبەت باشوری کردووەتە کاسە. یان بە فرمانی تورکیەو ئیران تیاترۆی بی ناوەرۆکی رفراندومیان ڕاگەیاند کە ئیوە دیموکراتەکان و بە تایبەت کۆمەڵەکان (کۆمونیستەکان) پشتیبانی پروپا قورسی بون بووە هۆی ئەوە کە قودسی کوردستان کەرکوک تیکرا ٥٢ لە سەدی

خاکی باشوریان ڕادەستی دەوڵەتی عیراق کردەوە وبەم خیانەتە بی وینە لە مێژودا کەرامەت و سەروەری و شکۆی گەلی کوردیان شکاند. چۆن دەبی کۆمونیستیکی ڕاستین و سیاسیش بێت، ئەگەر گیرودەی دولار نەبێت لە سناریویکی ئەئاوا تیکشکینەری کەرامەتی گەلیک پشتیبانی بکات؟ و ئەم دەسەڵاتە گەندەڵە بە سەروەری گەلی باشور پێناسە بکات؟بەراستی شەرمە!ممکینە ئەم قسانەی من بە بیریزی بزانن بەڵام فەرهەنگی مروڤایەتی و کۆمونیستی راستین شتێکیتر دەڵیت.

سور دیارە ئەم هاوارەتان نە بۆ هەریم، بەڵکوو بۆ خۆڵ کردن لە چاوی گەلی کورد بە تایبەت ڕۆژهەڵاتە. ئەم شین و ڕۆیەتان بۆ خۆتانە و حەقیشتانە تا بازرگانیتان و ژیانی خۆش و تیرو تەسەلتان بە قەولی بەریز عومەری ئیلخانیزادە خواردنەوەی ئیوارانتان لە ناو ئەم گەلە روت و برسی و بیکار و بی کارەبا و بی ئاو بی موچە کە بی کەرامەت کراون تیک نەچیت ئەگینا گەل بۆ ئیوە چ باسە؟ ئەو دەم مەزڵوم نمائی دەکەن چاوەروانن گەل پشتیبانیتان بکەن لە بەرچی؟ ئەوکاتەی کە ئیوە لە بارگاکان سەرولیوی یەکترتان هەڵدەگلۆفت دەمانچەتان لە یەک دەکیشا لە سەریەک کاغزتان بە خەروار رەش دەکردەوە و هەرەشەتان لە چالاکانی سیاسی دەکرد، گەلەکەی ئیمە لەو ڕۆژەوەی جێتان هیشتون و تا ئیستا پتر لە ٣٠ ساڵە ئاورتان لی نەکردونەوە لە لایەن ئەم رژیمە نیگریس و جەنایتکارە بە هەزاران سەرباز و پاسدار و بەسیجی و جاش و سیخور لە ماڵ و ژیانیان گومارو دراون و لەژیر ئەم هەموو زەبرو زەنگە ڕۆژ نیە بە کۆمەڵ بە کچ و ژن بیریزی و توندوتیژی نەکریت رۆژ نیە چەند گەنج لە سیدارە و ئعدام کەلەبچەو زیندانی ئەشکەنجە نەکرین. گرانی و بیکاری و برسیەتی سەختی بژیوی ژیان تەنگی پێ هەڵچنیون. بە گەنج و پیرەوە رویان کردووەتە کۆڵبەری و ڕۆژ نیە یەکیان لە خوێنی خۆی نەگلیت. سەرەرای ئەم هەموو مەینەتە بەردەوام لە شارەکانی ڕۆژهەڵات ئاکسیونی نارەزایەتی و خۆ پیشاندان و مان گرتن هەیە وەک مانگرتنەکانی مەریوان و سنە و مانگرتنی مێژوئی ٢٨ ڕۆژەی بانە شاری سەرهەڵدان بە هۆی مومەلەرزەکەی هەریمی کرمانشا گەل هەر لە ماکۆوە تا هەریمی کرمانشا و ئیلام بە یارمەتیان ڕاپەرین و مارشی* ئاشتی و یەکیەتی نەتەوەیی و نەعرەتەی ئیمە یەکین کوردستان یەکە، شەهید نامری، ئەم نیزامەیان هینایە لەرزە حیزبە کلاسیکەکانی لە خەو ڕاچەند.

گەلە شکۆدارەکەمان ئەم هیرشە موشەکیەی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کۆیە بە پیچەوانەی ئیوە (پارتە کلاسیکەکان) کە بە پێ شێل کردنی سەروەری هەریمتان داناوە. ئەمجارەیش گەل پیشەنگتان بوو بە بیریزی بە تاکی کورد و

ئەمانەتی نەتەوەیی دانا بریاری مان گرتنی یەکپارچەو سەرانسەری لە رۆژهەڵات دەر کرد سەرەرای هەرەشە و ئاستەنگ دروست کردن بۆ گەل شوجاعانە خاوەن ئیرادە و یەک گرتوو دەرکەوتن و سەرکەوتوانە مانیانگرت. هوشداریان دایە کۆماری ئیسلامی ئەگەر تۆ بە موشەکەکانت لە دورەوە خانویک نابود دەکەی تا ورە بدەی بە هیزەکانت و فشەی پیوە دەکەیت و پەیامت بە دەرەوە رادەگەێنیت ئیمەی گەل دەتوانین لە ناو دڵ و جەرگی خۆتا تەواوی سیستم و نیزامەکەت هەلتەکێنین. لە هەمان کاتدا پەیام دەداتە گشت ریکخراوەکانی رۆژهەڵات کە یەک گرن. لە مێژوی ٢٠٠ سالەی گەلی کورد بەردەوام گەل پیشەنگی راپەرین بووە ئەودەم حیزب و ریکخراوەکان سواری بون بەڵام ئەمجارە گەل هوشداریان دەداتی راپەرینەکەمان تەسلیمی ئیوە ناکەین مادام دەتانەوی سەرکەوون وەک گەلەکەتان یەک کەون. شەرتتان بۆ دادەنی کە پشتان بە گەل بیت. گەل سەروەرە. هەر گەل سەردەکەوێت. راستی: * ئەو گەلە یەکگرتووە تەڤگەرێکی یەکگرتووی سیاسی و نیزامی لایەقە کە هەموو داخوازییە نەتەوەیی، چینایەتی و...، لە خۆی بگرێ *

ئیستا پرسیار ئەوەیە: ئایا ئەم کارەساتە و پەیامی گەلەکەمان دەبیتە هۆی ئەوەی کە بارگا نشینەکانی باشور لانی کەم لە سەر بریک خاڵی هاوبەش یەک کەون؟ هەرگیز. گەلی کورد بە خەونیش ئەمە نابینێت. بۆ ؟ لە نوسراوەیکی جیاواز بە کورتی ئەم بابەتە شروڤە دەکەم .

هێرشی تاوانکارانەی رژێمی ئێران بۆ سەر بنکەو بارەگاکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ریسواو شەرمەزار ئەکەم. سەری رێز بۆ شەهیدانی ئەو تاوانە دائەنەوێنم، سەرەخۆشی لە خۆم و گەلی کوردستان و کەس و کارو هەڤالانیان ئەکەم.هیوام چاکبوونەوەی هەر چی زوتری بریندارەکانە.

سەرنجتان بە وەڵامی کلیپێکی ویدیۆئی بەریز شوعەیبی زەکەریائی ماموستای مێژینەتان لە حیزبی کۆمونیست رادەکیشم کە بەم زووانە بڵاوی دەکەمەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی هەڵوێست - ٣٠ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

## یادتان بەخێر مامۆستا نەسرین و کاکە محەمەی ئازیزم.



**ئازاد عەبباسیان**

زۆرم لە دەرگاکەتان دا چاوەڕێ بووم وەک جاری جاران یەکتان بیگوتایە وەرە ژوور کاکە گیان بەخێر بێیت. دەمویست پێش هاتنە ژوورم سەردانێکی گوڵەکان و چیمەنەکەم بکردایە. گوتم گەر دەرگایان کردەوە و چوومە ژورێ، من وەپێش ناکەوم و وەک کوڕی ئەو ماڵە لە ئامێزیان دەگرم و غەریبیی دوور لە دایک و باوکم بەوان قەرەبوو دەکەمەوە. لەو ماڵەدا شاد ببومەوە بەئامێزی دایکم لە یەکەم هاتنی بۆلام. لە پەنجەرەکەشتانم دا،چاوەڕێ بووم یەکێکتان وەک جاری جاران کلیلە خنجیلانەکەی دەرگای پشتەوەم بداتێ و بڵێ ها بابە گیان وەیکە و وەرە ژووریَ.

زۆر بەو خەیاڵەوە وێستام. بەڵام نە کەسێک دەرگای کردەوە و نە کەسێک لە پشت پەنجێرەکەوە بە هانام هات. بەڵام بە باوەش بۆنی ڕێحانەکانی حەسار بەخێر هاتنیان کردم و بە دڵ لە ئامێزم گرتن.

هیچم بۆ نەمابوو، هاتم و دەسکی دەرگاکەم ماچ کرد و گوتم بەڵکوو لە گۆشەیەک دا جێ پەنجەتان بەر لێوم کەوێ.

یادتان بەخێر مامۆستا نەسرین و کاکە محەمەی ئازیزم.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٨

# ئەمشەو سەربازی تۆم فەرماندە



**ئازاد عەبباسیان**

که منداڵ بووین له شەوانی پاییز دا شریخەی هەورەکان و زرمەی بنی پێتان نەک دووژمن بەڵکوو زەویشی بە چۆک دادێنا،دەیانگووت ئەوە هاتنەوە.

لەسەر شاشەی شەوانی پاییز دا بە خەتی باران و هەورە بروسکە ناوی تۆ وەک خۆی نەخشاوە. ئێستاش دوژمن نەیویراوە ناوت وەک خۆی بخوێنێتەوە. چونکە لێت دەترسێ وەک کەمتیارێک کە کە هیچ کات بەرەورووو نابێتەوە. ئێستاش داستانەکەی شێخ چۆپان و قوڵقله و... ترسێکه له نێو خوێن و رۆحی چەپەڵی دوژمن دا. دەزانی بۆ وا زۆر له دوورەوە هێرشیان سەرکردن؟ چونکه ئەوان نەیانتوانی بەرەڕووتان بن. قورسه که کاتێک چاو له نیگای پڕ له بیرەوەری بیرەوەرت دەکەم،زۆر قورسه و نەخشێکی نەخشراو بە بێ پشت و پەناییی هەموو جەستەی داپۆشیوە. بەڵام هەمووکات زەردەخەنەیەک بەسەر لێویەوە دەبینم کە لە فرمێسک و گریان و شیوەن تاڵترە. وەک گشت هاوڕێکانت جێگەت دیارە و وەک هەموان ڕێگەشت پڕڕێبوارە.

چەن ساتێک بە وریایی و خەبەردار لە خزمەتت دا سەر دادەنەوێنین و چاوەڕیی فەرمانی ئازاد باش و وریا بنین.

یادت بەرزە

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٨

## ڕژیم ئامانجی نەپێکا،




**مستەفا شەڵماشی**

حدک نەک تەنیا لە نێو نەچو، بگرە پتانسێلێکی گەورەی بە دینـامیزمێکی کـارا وەگـەڕ کـەوت جینایـەتی سـامناکی کۆماری تیرۆریستی ئیسلامی ئێران لـە موشـەکبارانی کومیتـەی ناوەنـدی حـدک و تێکۆشـەرانی حیزبـی دیمـوکرات بـە گشـتی هەرچەنـد زیـانێکی گیـانی و جەسـتەیی گـەورەی بـە حـدک گەیانـد و دوو ڕۆڵـەی تێکۆشـەریشـی لـە حـدکا ئەستاند، بـەڵام خـوێنێکی تـازەی لـە شـادەمارەکانی حیـزب دا وە جوڵـە خسـت و پتانسـێلی شۆڕشگێڕیی، خـەباتی نەتـەوەیی و هاوکـاریی نەتـەوەیی بـردە سـەرێ. هـەر لـە سـاتەوەختەکانی ڕوودانـی ئـەو کارەسـاتە دڵتەزێنـەدا، تەشکیلاتی حدک لـە جیـاتی ڕووخـان و دەسەتەوەسـتان بـوون، لـە کوردسـتان و لـە دەرەوەی وڵات بـە ئێنێرژیـەکی تـازەوە کـە ووزەی خـۆی لـە قوربانیدانـە گەورەکـە و هەسـتی پڕکردنـەوەی کـەلێنی شـەهیدان وەردەگـرت، بـە دینامیزمێکی خێراوە هاتە مەیدان و دەستی بە ڕاپەڕاندنی کارەکان و بەرپەرچدانەوەی هێرشی خوێنخۆرانە ی ڕژیم و ڕێزدانان بۆ خوێنی شەهیدان کرد.

لـە حاڵێـک دا سـەری حیزبـی دێمـوکڕاتی کوردستان نیشـانە گیرابـو و ئامـانج ئـەوەبو کـە هێـزی مـانۆڕ و تەنانـەت ئیدامە دانیش لـەو حیزبـە خۆشەویسـتەی ڕۆژهـەڵاتی کوردسـتان بـە تـەواوی لـە نێوبـەرن، هەرچەنـد سـەعات دوای ڕووداوە تاڵەکەو لە کاتێـک دا کـە هێشـتا کـادر و ئەنـدامانی حیـزب لـە قـەڵادا سـەرگەرمی هێنانـەدەری جەنازەی پیرۆزی شەهیدان بوون لە ژێر دار و پەردووی ڕووخاوی شوێنی پلینۆمی کومیتەی ناوەندی، یەکەم بەیـانی دەفتـەری

سیاسی لە سەر ڕووداوە تاڵە کە بڵاو بۆوە کە نیشانەکانی خۆ ڕاگری و ڕاوەستانی شێرانە لە بەرامبەر دوژمنی قین لە دڵ، جینایەتکار و تیرۆریست دا لە ووشە بە ووشەی دا دەردەکەوت. دوای ئەوە ستادێکی هاوبەشی ڕێبەری لە کوردستان و دەرەوەی وڵات بۆ ڕووبەڕووبونەوە لە گەڵ ئەو کارەساتە ورێکخستنی خەباتی دوای ڕووداوەکە و نیشاندانی وورە و کارایی حدک لە ڕۆژە سەختەکان دا دامەزرا. کە نەی هێشت هیچ کارێکی حیزب لە هیچ بوارێک دا ، تەنانەت بۆ ڕۆژێکیش ڕاوەستێ.

بەدوای ئەوە دا هێزی لە بن نەهاتوی حدک لە کوردستان و دەرەوەی وڵات بە وورەیەکی پۆڵایینەوە ڕاپەڕی و شەقام و کۆڵانەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان،باشوری کوردستان وشارە گەورەکانی دنیا یان کردە گۆڕەپانی خەبات و کۆماریی تیرۆریستی ئیسلامی ئێرانیان ڕیسوا کرد. لە شاری کۆیە و دەوروبەری خەڵکی دڵسۆز و نەتەوەیی ئەو دەوەرە بە هانای خوشک و براکانیانەوە چوون و ئەوەی لە دەستیان هات کردیان تا کەمێک لە ژانی ئەو زامە گەورەیە کەم کەنەوە. لە لایەکی دیکەوە حیزب و لایەنە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وە خۆ کەوتن و بەدرەبڕینی هاودەردی و ڕاگەیاندنی ئامادەیی بۆ کاری هاوبەش هەستی هاوخەباتی خۆیان ڕاگەیاند. بەدوای ئەوەداچالاکانی نێو خۆو حیزبەکانی نێو ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بانگەوازی مانگرتنێکی گشتیان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڵاو کردەوە کە بە شێوەیەکی زۆر بەربڵاو پێشوازی لێکراو وخەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خاوەنداریان لە شەهیدەکانیان کرد و بە کۆماری تێرۆر و سێدارەیان ڕاگەیاند کە جینایەتەکانی دەرحەق بە ڕۆڵە تێکۆشەرەکانی خۆیان بێ وەڵام نایەڵنەوە. جا ئەو جینایەتانە بە شێوەی ئیعدامی ڕۆڵەکانیان کە لە هەمان ڕۆژی موشەکباران دا سێ ڕۆڵەیان بە ناوەکانی زانیار مرادی، لوقمان مرادی و ڕامین حوسێن پەناهی ئیعدام کرد، یا موشەکبارانی ڕێبەرانیان بێ جیاوزای نییە.

دیارە چاوەڕوانی زۆرزیاتر لە حیزب و ڕێکخراوە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵات دەکرا کە بە دوای ئەو جینایەتە گەورەیەی ڕژیم دا هەنگاوی خێراتر بەرەو یەکگرتن باوێن، کە بەداخەوە لەو بارەوە هەنگاوێکی جیددی و کاریگەر هەڵنەگیرا. هەروەها چاوەڕوان دەکرا کە بنەماڵەی گەورەی دێموکڕات چەندین هەنگاو لە یەکگرتوویی خۆی نیزیک بێتەوە کە ئەوەش بچوکترین نیشانەی لی دەرنەکەوت. چاوەڕوان دەکرا کە لە و کارەساتەدا کە بە سەر حدک دا هاتوە ، حدکا لە ئاستی بەر پرسیاریەتی دەرکەوێ و لە و ڕۆژە دژوارەدا هەمو ماڵە گەورەکە ببینێ، کە بەداخەوە وا نەبو. کوردی ڕۆژهەڵات بە گشتی و هێزە سیاسیە پەرتەوازەکانی دەبو لەو کارەساتە دەرس وەرگرن و هەنگاوی

جیددی و کردەیی بەرەو یەکگرتن باوێن کە بە داخەوە، ئەوەش وا نەبو. هەرچەند ئێستاش نەچوە بچێ. با ئەگەر بۆ جارێکیش بوە، هەر حیزبێک یا ڕێکخراوێک، بەرینتر لە حیزب یا ڕێکراوەکەی خۆی بڕوانێ و بزانێ هەمویان لە یەک کەشتی دان. ئەمڕۆ لە حدک ە، سپەینێ لە ئەوە، دوژمن یەکە و ئامانج یەکە، بەسە پەرتەوازەیی و بەسە یەکتر ئینکار کردن.

سەرچاوە: کوردستان و کورد - ٦ی ئۆکتۆبەری ۲۰۱۸

## لە جیاتی خەڵاتێک



**بۆ جووتە هونەرمەندی دەروەست شۆڕش ئاهی و بەیان سوهرابی**

**قادر وریا**

"شۆڕش"ێک ، بووە بە فڵچە و پەڕەمووچ و نەخشێنەری مەتەرێزی خۆڕاگریی ڕێبەڕیی شۆڕشێک. "بەیان"ێک، بووە بە سروەی بلاوێنی بەیانان و ئێواران و شەوانی قەڵای حەماسەی کۆلنەدان. بووە بە هەتوانی پنجە بریندارەکانی ڕۆژەکانی قەڵا و، برینپێچی نەمام و خەڵفە زامارەکانی ئوکالیپتووس و سەرو و ئەرخەوانە دەسنێژەکانی دوو ئازیز: سەلام و هاشمی عەزیزی.

لە شاکاری دەست و پەنجە و هەستی ئاوێتە بە گەنجی ئێوە لە سەر دیواری قەڵای دیموکرات، مێژوویەک

دەخوێنمەوە پڕی گیانبازی وشانازی، پڕ نەوەستان، پڕ تێکۆشان و کۆڵنەدان. لە تابلۆکانتاندا هیوا دەبریسکێتەوە، شەفەقی ڕووناکی و ئازادیی سبەینێی نەتەوەکەم دەدرەوشێتەوە.

چەپک چەپک گوڵی "نەسرین" و شەبەنگ شەبەنگ تریفەی "سوهەیلا" و تەبەق تەبەق نەجابەت و بزەی میرزا برایم و میرزا ڕەحمانتان پێشکەش. خەندەی ساکاری هاشمی خاکی و سڵاوی سەرتوونیانەی فەرماندە کەریم سەقزی و، وەفای سەرسپییانەی حەمەی حەسەنپوورتان خەڵات. مەڵۆیەک شلێر و بەیبوون و چنووری سەرووی کێلێ و قەڵاتی شای چنراو بە دەستی پڕ لە پاکی و هێمنیی عوسمانی مامۆستا مەلامحەممەدتان ، دیاری بێ. دەسرەی سەرچۆپیی مامە قالە، "ریشە"ی هەمیشە دەم بە پێکەنین و، بەستەی چنراو بە ساتبەساتی ٤٠ ساڵ پێشمەرگایەتیی مامە شێرکۆ و، قاقا و ئارەقەی ماندووییەنەناسانە و، بەرامەی وەنەوشە و شەوبۆی "هاوڕێ"ی دایە مریەمتان پێشکەش.

سروودێکی پێشمەرگانە، کۆراسێک تێکەڵاو لە زیندوێتیی "جەماڵ"ی خۆشەویست، باوەڕی "پێشەوا"ی خۆنەویست، ئەدەب و نیانیی مەنسووری موحتەرەم، ورەی "فارووق" و بەڵێنی "موختار"، کادۆی ساتەکانی خولقاندن ورەنگاندن و نەخشاندنی دیوار و حەوش و حەساری "قەڵا"تان بێ، ئەو قەڵایەی لە بەرزی وسەربەرزی دا، شان لە شانی هەڵگوردو قەندیل دەدا و نەیاران چاوی دیتنیان نیە.

"شۆڕش" و "بەیان"ە هونەرمەندەکەی شۆڕشە خوێناوییەکەی ڕۆژهەڵاتم! قەڵای ئێوە، قەڵای ئێمە، قەڵای ئەوانەشە کە پەتی سێدارەی بێداد و بڵێسەی ئاگری ژینگە سووتێنان، گیانیان دەستێنێ. ئەوانیش لە تۆرەمەی قەڵانشینان وچیاییە پێشمەرگەکانن، ڕۆڵەی یەک خاک و نەتەوەن. گەردن ودڵی ئەوان و گیانی مەمانان، لێکتر جیا نین. با لە سەر دیواری قەڵای نەخشاومان بە دەستی ئێوە، هاواری بەندیی لە سەر ئازادی لە داردراو و، ژینگەپارێزی گیان هەڵکڕووزاوو، کۆڵبەری هەژاری بە ناحەقکوژراو، ئاوێتەی گوڕەی کۆڵنەدانمان بێ. بە ڕەنگێکی سوور، ئاڵ وەکو خوێنی شەهیدەکانی هەرچی سەنگەری بەرگری و مانە، بنووسن:

"ئێرە قەڵایە، قەڵا هێمایە، هەتا ڕۆژهەڵات لە خەبات دابێ، قەڵای باوەڕمان لە شکان نایە."

سەرچاوە: کوردستان و کورد - ٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٨

# قۆناغی نوێی تیرۆری نەیاران لە دەرەوەی وڵات و پێویستیی بەرپەرچدانەوەی



**قادر وریا**

لەو چەند ساڵەی دواییدا، جگە لە تیرۆر و بۆمبدانانەوە و مووشەکباران دژی بنکە و تێکۆشەرانی حیزبەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان لە هەرێمی کوردستان کە بە داخەوە شەهید و برینداربوونی دەیان تێکۆشەری سەر بە حیزبی دیموکراتی کوردستان و حیزبەکانی دیکەی بە دواوە بووە، چەندین چالاکیی تیرۆریستی لە وڵاتانی ئورووپایی بە هۆی بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامی و دامەزراوەکانی سەر بەو ڕێژیمە بەڕێوە چوون. بەداخەوە هێندێک لەو کردەوە تیرۆریستییانە ئامانجەکانیان پێکاوە و بوونە هۆی کوشتنی چەند کەسێک لە نەیارانی ئەو ڕێژیمە لە دەرەوەی وڵات. ژمارەیەکیشیان کەوتوونە ژێر چاوەدێریی پۆلیس و دەزگا ئەمنیەتییەکانی چەند وڵاتێکی ئورووپایی وەک هولەند، فەرانسە، بێلژیک و ئەلمان و، ئەو کەسانەی دەستیان تێدا هەبوون- کە هیچ گومانێک لە بەستراوەییان بە نوێنەرایەتی و باڵوێزخانەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا نەبووە - گیراون.

لە وڵاتی هولەند هەر لە ماوەی ٢-٣ ساڵی ڕابردوودا ٢ کەس بە هۆی تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی گیانیان لێ ئەستێندراوە کە بریتین لە: ١- "عەلی موعتەمید" لە دیسامبری ٢٠١٥ و ٢- "ئەحمەد مەولا ئەبو ناهز"(ناسراو بە ئەحمەد نیسی) لە ٨ی نوامبری٢٠١٧. ئەم ڕۆژانەش ڤیدیۆی کەسێکی بە توندی بریندار و لێدراو کە چالاکێکی سیاسیی بەلووچە بە ناوی " محەمەد ڕەزا نارووییی"، لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا ئەم دەست و ئەو دەست دەکا. بە قسەی ئەو چالاکە برینداره، چەند بەکرێگیراوی دەزگا جاسووسییەکانی ڕێژیمی ئێران بە پێی نەخشەیەک ناوبراو

بانگ دەکەنە شوێنێکی دیاریکراو و بە دەمانچە و چەقۆ هێرشی دەکەنە سەر، کە دیارە ناوبراو بە نیوەگیانی، خۆی لە دەستانیان ڕزگار دەکا!

بەڵام ئەو زانیارییانەی لە بارەی پیلانی بۆمبدانانەوەی تیرۆریستەکانی سەر بەو ڕێژیمە لە کۆبوونەوەی سالانەی هاوینی ڕابردووی ڕێکخراوی موجاهیدین لە فەرانسە بڵاو بوونەوە و میدیاکانیان تەنیوەتەوە، سەلمێنەری بەرینیی پیلانەکە و هاوکاری و هاودەستیی سەفارەتخانەکان و کۆنسۆڵگەرییەکانی ئەو ڕێژیمە لە چەند وڵاتی ئورووپایین. گومانی تێدانیە کە ئەم جۆرە پیلانانە، تەنیا بە پێی بەرنامە و بە هاوهەنگاوی لە گەڵ بەرزترین ئۆرگانە دەوڵەتی و حکوومەتییەکان ڕێک دەخرێن و بەڕێوە دەبرێن. وەدەرنان و قۆڵبەستکردنی ژمارەیەک لە کاربەدەستانی سەر بە دامەزراوە بە رواڵەت دیپلۆماتیکەکانی ڕێژیمی ئێران و تەحویلدانەوەی ژمارەیەکیان بە وڵاتی پێوەندیدار، هەر وەها داخستنی ژمارەیەک لە ناوەندەکانی بەستراوە بە کۆماری ئیسلامیی ئێران بە تاوانی بەشداری لە پیلان و کردەوەی تیرۆریستیدا، لە پەنا ئەمانەش، هەرەشەی پەیتا پەیتای فەرماندەرانی سوپای پاسداران و بەرپرسانی دەزگا ئەمنییەتی و سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم لە دژی نەیاران لە هەر وڵات و شوێنێک، هەموویان بە سەریەکەوە نیشاندەری چالاکبوونەوەی تیرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی بە دژی نەیارانی سیاسیی خۆی لە دەرەوەی وڵاتن.

وا دێتە بەرچاو کە تیرۆریزمی دەوڵەتیی ڕێژیمی ئێران کە بە دوای دەرچوونی بڕیاری مێژوویی دادگای بێرلین لە ساڵی ١٣٧٦ی هەتاوی و شوێنەوارە سیاسی و دیپلۆماتیکەکانی، چالاکییەکانی خۆی لە وڵاتانی ئورووپایی بە شێوەیەکی کاتی ڕاگرتبوو، چەند ساڵێکە دووبارە چالاک بووەتەوە. ئەم ڕاستییە هەم بۆ ژمارەیەک لە وڵاتانی ئورووپایی کە لە دەیەی ٩٠ی زایینیدا ببوونە مەیدانی ڕمبازێنی تیرۆریستەکانی سەر بە کۆماری ئیسلامی، هەم بۆ چالاکانی سیاسیی ئێرانیی دانیشتووی ئەو وڵاتانە پێویستە ببێتە زەنگێکی مەترسی.

وا هەست دەکرێ کە قۆناغی تازەی چالاکبوونەوەی تیرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی و تیرۆرەکانی ئەم ساڵ و چەند ساڵی ڕابردووی ئەو ڕێژیمە لە دژی نەیارانی سیاسیی خۆی، هەم لە هەرێمی کوردستان و هەم لە وڵاتانی ئورووپایی، نەکەوتبنە بەر سەرنجی ڕاگەیەنە فارسی زمانەکانی دەرەوەی وڵات. هەر بەو پێیە حیزب و ڕێکخراوە سیاسییە ئێرانییەکان و، میدیاکاران، چالاکانی سیاسی و تێکۆشەرانی بواری مافی مرۆڤ لە دەرەوەی وڵاتیش، ئەو

گرنگییەی پێویستە پێیان نەداوە و پێشنیار و بەرنامەیەکیان بە مەبەستی هاوکاری و هەنگاوی هاوبەش بۆ لەقاودانی لایەنە جۆراوجۆرەکان و تیشک خستنە سەر ئامانجەکان وچەند و چۆنی بەرێوەچوونی قۆناغی تازەی تیرۆریزمی دەوڵەتیی رێژیمی ئێران نەخستووەتە ڕوو. کاتی ئەوە هاتوە پشت ئەستوور بە ئەزموونی پێکهێنانی کۆمیتەکانی دژە تیرۆر لە دەیەی ۹۰ی زایینیداو، بە سوود وەرگرتن لە ئەزموونی هاوکاریی ئەو کاتی حیزب و ڕێکخراوەکانی ئوپۆزیسیۆن و تێکۆشەرانی سیاسی و بواری مافی مرۆڤ لەو بوارە دا، جارێکی دیکە دەست بکەینەوە بە هاوکاریی چڕ و پڕ لە گەڵ یەکتر و، ئورووپا و هەر وڵات و شوێنێک کە کۆماری ئیسلامی بیەوێ نەیارانی سیاسیی خۆی تێیاندا تیرۆر بکا، بکەین بە ڕاوگەی لەداوخستنی تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی ومەیدانی لەقاودانی پیلانە تیرۆریستیەکانی ئەو ڕێژیمە و، ڕاکێشانی سەرنجی ناوەند و دامەزراوە پێوەندیدارەکان و بیروڕای گشتیی ئەو وڵاتانە بۆ دژایەتیکردنیان.

سەرچاوە: کوردستان و کورد - ۷ی ئۆکتۆبەری ۲۰۱۸

## بۆ تێکۆشەر کاک مەحمەد حەسەن پوور.



**عەلی سوورەچومی**

لە هەر درزێک دەکەوێتە دڵی ئێمە،گولێک سەر هەڵدەدا.ئێمە وەک ڕێواسی نێوان دوو تاشەبەرد"واین نەک هەر لە خاک دەردەچین،بەڵکوو:دڵی شاخ"یش جێگای ئێمەیە.چیرۆکی ژیانی ئێمەو تێکۆشەرەکانی،ئەو ڕۆژە بەرجەستە

دەبێ کە نیشتمان رزگار بێ و دەرفەتێک هەبێ بۆ هەناسەیەکی ئاسوودەو ئاوڕدانەوە لە رابردووی ئەوان.حەسەن پوور"سێ"بەشی تەمەنی خۆی کردە قووربانی خەونێکی گەورە.کاک مەحمەد لە دوا وێستگەکانی تەمەن دا ترسی ئەوەی هەبووە بە مردنێکی ئاسایی دوای دەیان ساڵ دەربەدەری و هیلاکی چۆک دابدات،ئەو دەیەوێ ئەگەر بە خەونەکانیشی نەگات،لانیکەم بەو مەرگانە بمرێ کە بۆ ئەستاندنی ژیانی ئەوان لە کەمین دان.لێرە با کەمێک بوەستین و بیر لە وەها ئاواتێک بکەینەوە،ئاخر ئەو دەمێک بوو نەخۆشی رایدەگووشی،کەچی بێ وچان بیر لە برینی رێگا دەکاتەوە.هەر چەند هیچ نووسینێک ناتوانێ تۆماری ئەو ئازارانە بپێکێ کە حەسەن پوورەکان بۆ رزگاری تووشی بوون،بەڵام:ئەگەر فرمێسکەکانی حەسرەت رێگا بدەن،هەوڵ دەدەین لەو وێستگانە بدوێین.

کوێر بم کاکە:شار بە شار،شاخ بە شاخ هاتی،پێدەشتەکانت بە هەناسەکانت نەخشاند،بنارت بڕین کاکە.دەستێکت لە ناو دەستی قاسملوو و شەرەفکەندی بوو،کە ئەوان کەوتنە بەر دوا تیری دەستی زاڵم،کۆڵت نەداو بەردەوام بۆ گەیاندنی ئەو پەیامە شەوت دەخستە سەر رۆژ.سکرتار"و پێوەندییەکانی،پێوەندییەکانی بەغدا"و هێنان و بردنی نامەو راسپاردەکان،رێکخستن و پێشوازی کردنەکان هەر لە کادرێکی وەک خۆت لێهاتوو جوان بوون.چەند وردو چەند سەرنج راکێش بوون دەرچوونەکانت.لاندکرۆزری"سکرتاریا لە کانی مێو"و لە بناری قەندیل لە بەرچاوی هیچ تێکۆشەرێکی دێموکرات ون نابێ.تۆ لە کوێستانەوە بارگەی خەمە گەورەکانت هێنا بۆ گەرمێن،چاورێ بوویی رۆژێک بێت تیشکی خۆری رزگاری لێت بدات و بگەرێیەوە زێدی خەونە جوانەکانت.کاکە خۆ ئەگەر دەستی قەدەر نەبێ،ئەگەر چارەنووسی تاڵی ئێمە نەبێ،کێ دەتوانێ ئەو راستییە تاڵە قەبووڵ بکات کە تۆ جێت هێشتووین،هەر بەو مەرگە سوور پۆشەی کە ویستی دڵی خۆت بوو...لێرە هەر لە دەروازەی قەڵا"بەرەو سکرتاریا بڕۆی هەموو شتێک بۆنی تۆ دەدا،ئێستاش خەندە شیرینەکانت لە سەر دیوارەکانی قەڵا نیشتوون،قەڵەم و دەفتەرو تەلەفۆنی بەردەستت بە تێک شکاوی چاوەرێی گەرانەوەی تۆن.

قسە خۆشەکانی تۆ چۆن بسڕینەوە،ئەی چۆن کەسێک سەردانی سکرتاریا"بکات و ببینێ تۆ لەوێ نی،دەبێ چەند پڕ ئازار بێ.چەند بە ئەسپایی دەهاتی بۆ بن گوێی هاورێکانت و سرتەو باسی رۆژانەت بە گوێدادەدان،هەمووان لە دەرفەت دا دەهاتن بۆ لای تۆ،تا خەندە بخەیە سەر لێوەکانیان.

بە دەر لەو خاکەراییە،چەند بە پڕنسیپ و ئووسوڵ بووی چەند رەوشت بەرزو کات ناس بووی،من باوەرم وایە

تایبەتمەندییە جوانەکانی دووکتۆر قاسملووت"بە جوانترین شێوە پاراست بوون و زۆر شتی لێ فێر ببووی.
کاکە تۆ لە خۆت نەمردوویی لە ئێمە مردوویی لە حیزبێک کە زۆر پێویستی پێت بوو.

کاکە دەبێ ئەو کاروانە بێ ئێوە بڕوات و ڕێگا نەدات باوەری ئێوە بۆ رزگاری بمرێ.لێرەش بەولاوە ئێوە بەشێکن لەو برینە قوورسانەی کەوتوونە جەستەی ئێمە،بەشێکن لەو ئازارەی بێ بڕانەوە دەیچێژین.

با دوا وتە بۆ دڵنیایی تۆو هاورێکانت بێ بۆ هاوژینی هەموو دەمەکانت نەسرین خان".کە لە کۆچی سووریش دا جێی نەهێشتی،

باش دەزانین ئێوە ماندوون و پێویستیتان بە خەوێکی درێژە.لێرەوە دڵیابن بەڵێنی شەرەف بە خوێنی سووری ئێوە نووسراوەتەوە،ئاسوودە بخەون جەستەی ئێوە زۆر هیلاکە،هیواکانی ئێوە دەپارێزین شاخ بە شاخ و کێو بە کێو هەڵیان دەگرین،لە سەر پەڕەی دڵ رایاندەگرین.خوێنی سووری ئێوە بۆتە چەکەرەی پەیمان و بەڵێن،دوای کۆستی ئێوە رێگا نەدراوە نائومێدی روو لە دەڤەری ئێمە بکات.ئەو پەیمانە بە ئێوە قەرزدارین تا رۆژی رزگاری تا شنەی شەماڵ دەست پێدەکات،ئەو کات جارێکی دیکە دەچینە ژێر تابووتی پڕ لە شەرەفتان و لە پرلاشێزەوە بەرەو چواچراو حزووری" پێشەوا دەکەوینە رێ.

رووحتان شاد بێت.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٨

# یادت لە دڵمایە تا بمێنم



**ئازاد عەبباسیان**

هاوڕێ گیان سڵاو، بەو کوڕانە بڵێ خۆیان سازکەن بۆ ڕێژە و ئەمڕۆ دەبێ زوو تەواوی بکەین و بچینە سەر دەرسەکانی دیکە.

......

خۆزگە جارێک بە ساردی وڵامت داباوە. خۆزگە جارێک لە جارانی ڕۆژەکانی فێرگە تۆم بە سارد و سڕی بدیبایە تاکوو ئێستا ئەو کۆچەت هێند بە ئازار نەبوایە.

هەر دەم تۆم دیت پێش پێکەنینی هەتاو لە بەرەبەیان سەرتاپا بزەو شادیت لێدەباری وەک بارانێک بۆ گشت گوڵە وەنەوشەکان. زانیوتە هەموو گوڵە وەنەوشەکان ئێستا بوونەتە بارانێکی خوڕ و بۆن خۆش و نیان بۆ تاقە وەنەوشەکەی تۆ و گلێنەی چاوی هەموان؟ دڵنیام دەزانی و خۆت هەموو گوڵە وەنەوشەکانت ڕاسپاردووە کە بیپارێزن و چاوی لێ غافڵ نەکەن.

هاوڕێ گیان

گەر قابیل بم ئێستا تۆ مامۆستایت و من بە سوجدە لەسەر گڵکۆکەت دەرسی ئەوین و ژیانت لێ فێر دەبم.


یادت لە دڵمایە تا بمێنم

وەنەوشەکەت بۆن خۆشترە لە جاران و وەک فریشتەیەک بۆ هەر کوێ بچێت پڕی دەکا لە عەتری خۆشەویستی.

ڕۆحت ئارام

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٨

## مووستەندی٣٦٠ دەرەجە و چەند قسەیەک



**برایم چووکەڵی**

لە کاتێکدا ڕێبەریی حیزبی دێموکرات ڕۆژی ١٧ی خەرمانان لە کۆبوونەوەدا بوو، سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی بە بیانووی تۆڵە ئەستاندنەوەی کوژرانی ئەو "مەرزبانان"ەی لە مانگی پووشپەردا لە سیناریۆیەکی زۆر گوماناویدا کوژران، بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی کردە ئامانجی پەلامارێکی مووشەکی. دەنگ و ڕەنگی

کۆماری ئیسلامی دوو حەوتوو دوای ئەم هێرشە مووشەکییە فیلمێکی دیکۆمێنتیی بڵاو کردەوە و لەودا و لە زمان "حەسەن ڕەستگارپەناه، بەرپرسی ناوەندی توێژینەوەکانی میلیی ئەمنیەتی جێگیر" و، "حوسێن دلیریان، کارناسی کاروباری نیزامی و ئەمنیەتی" باس لە ئامانجەکانی ئەم عەمەلیاتە لە دژی حیزبی دێموکراتی کوردستان کرا.

لەو فیلمەدا وا دەگوترا کە حیزبی دێموکرات هەر لە سەرەتاوە خەڵکی کوردستانی لەگەڵ نەبووە و خەڵک بە هەموو جۆرێ لە پشتی دەسەڵات و ڕێژیمەکەیانن، کەچی هەر ئەو کاتەی ئەوان خەریکی دروستکردنی ئەم فیلمە بوون؛ مانگرتنە بەشکۆکەی ٢١ی خەرمانان بەسەریاندا ڕابرد و بینیمان و بینییان کە خەڵک چۆن ئاوی گوێیان دادان و پێیان گوتن کە کوردستان خاوەنی خۆی هەیە و کێ لەوان غەوارەیە...

کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەمجارەیان جارێکی دیکەش بە پیلانێکی تێرۆریستیی دیکە ویستی پێش بە جووڵە و بزاوتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بگرێ، چەکێک کە ڕێک چوار دەیەیە لە دژی بزووتنەوەی کورد لە ئێران و حیزبی دێموکراتی کوردستاندا تاقی دەکاتەوە و بۆ ئەو هەر ئاسنی ساردکوتان بووە. تێرۆری سەرگورد عەباسی، ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە مەهاباد وەک دەسپێکی تێرۆری دژبەرانی سیاسی کە تا ئێستاش درێژەی هەیە، سەپاندنی شەڕی هەمەلایەنە بەسەر کوردستان، قەڵاچۆکردنی شار و گوندەکان و کۆمەڵکوژی لە دەیان ئاوایی، لەکارکردنی جۆرەها چەکی کۆمەڵکوژی وەک بۆمبی شیمیایی و ژاری سالیوم و دانانەوەی بۆمب و ... تەنیا بەشێک لە ڕەفتاری ئەم ڕێژیمە بۆ بەچۆکدا هێنانی کوردستان وەک سەنگەری ئازادی و بەرگری و؛ حیزبی دێموکرات وەک سوارچاکی مەیدانی خەبات لە ئێراندا بووە. سیاسەت و ڕەفتارێک کە نەیتوانیوە گڕکانی شۆڕش و مافخوازی لە کوردستان دابمرکێنێ.

شەڕی نەرمی کۆماری ئیسلامی لە دژی کورد لایەنێکی دیکەی ئەم شەڕە داسەپاوەیە. ڕاگرتنی کوردستان لە دواکەوتوویی ئابووری و پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی، ڕێگری لە خوێندن بە زمانی کوردی لە فێرکردن و پەروەردەدا، دروستکردنی قەیرانی شوناس بۆ نەوەی نوێی کورد لە ڕێگەی نیزامی پەروەردەیی ئیدۆلۆژیک، ڕێگەخۆشکردن بۆ خەسارە کۆمەڵایەتییەکان، نانەوەی دووبەرەکی و سیاسەتی قەیرانخوڵقێنیی بەردەوام بەمەبەستی کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگەی کوردستان بەشێک لەو سیاسەتە بووە کە ڕێژیم بۆ زەبرلێدان لە بزووتنەوەی سیاسیی کورد بەردەوام لەسەری ڕۆیشتووە. هەموو ئەوانەشی هاوتەریب لەگەڵ سیاسەتی تێرۆر بردووەتە پێشێ، چونکی بەهۆی زەبوونی و

دەستەوەستانیی کۆماری ئیسلامی لە سیاسەتی تەعامول و چارەسەری شارستانییانەی پرس و کێشەکان، تێرۆر چەکی هەمیشە لەسەرڕێی ئەم ڕێژیمە بۆ لێدان لە دژبەرانی بووە. تێرۆر بەهەمموو توانا و لە هەموو ڕەهەندەکاندا، لە تێرۆری ڕێبەرانی هەرە هەڵکەوتووی ئەم حیزبە - دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی لەسەر مێزی وتوویژ - ڕا بگرە، هەتا تێرۆری پێشمەرگە و ئەندامەکانی حیزب، لە نێوخۆی وڵات ڕا بگرە هەتا دەگاتە هەرێمی کوردستان و لە نێو دڵی ئورووپادا. سەیر ئەوەیە کە هەموو ئەو تێرۆرانەی بەبەرچاوی کۆمەڵگەی جیهانی و بێ گوێدانە پرەنسیپ و یاسا و ڕێسا نێودەوڵەتییەکان کردووە و "میکۆنووس"ی لێ بەدەر بێ، بۆ ئەوانی دی کەمترین تێچووی بۆ نەداون. هێرشە تێرۆریستییەکەی ١٧ی خەرمانانیش هەر لە درێژەی ئەم ڕەوتەدا هات.


لەو فیلمەدا حوسێن دلیریان دەڵێ هێرشەکە وەڵامدانەوە بە عەمەلیاتی "کوێرانەی چەکداریی" حیزبی دێموکراتی کوردستان بووە کە دواجار و دوو مانگ لەوە پێش لەسەر سنووور مەریوان بووە هۆی کوژرانی کۆمەڵێک هێزی سنوورپارێز.

ئەو چەواشەکارییانەی ڕێژیم لای لایەنگرە تۆخەکانیشیان بڕ ناکا، چونکی مێژووی خەبات و تێکۆشانی بێخەوش و پڕ شانازیی حیزبی دێموکرات لە شەڕ و بەرگریی ڕاستەوخۆش لەگەڵ هێزەکانی کۆماری ئیسلامیدا ڕوون و بەرچاوە. حیزبی دێموکراتی کوردستان هیچ عەمەلیاتێکی کوێرانەی لە مێژووی خۆیدا نییە و ئەوەی کردوویەتی بە شانازییەوە بەخاوەنی کردووە و شانازییشی پێوە کردوون، ئەوەی لە مەریوانیش ڕووی دا، ڕوون نەبوو کێی لە پشت بوو و ئەو سیناریۆیە تەنیا بۆ پاساوهێنانەوە و بیانووداتاشین بۆ هێرشکردنە سەر ناوەندی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە خاکی هەرێمی کوردستاندا بووە. ڕاستە کە لانێکی کوردی بەرپرسایەتیی کوشتنی ئەو ١١ کەسە لە هێزەکانی سنوورپارێزی مەریوانی گرتە ئەستۆ، بەڵام هەم لایەنە سیاسییەکان و هەم هەموو خەڵکی کوردستان دەزانن کە لە ژووره فیکرییەکانی کۆماری ئیسلامیدا بە مەبەستی بەلاڕێدابردنی بیروڕای گشتی و ئاراستەپێدان بە بەرژەوەندییەکانی ڕێژیم پیلان و سیناریۆی چۆن چۆنی دادەڕێژرێ. ئەوەی لەو نێوەدا گرینگە ئەوەیە کە خەڵکی کوردستان زۆر باش ئامانج و سیاسەت و تەنانەت تاکتیکە نیزامییەکانی حیزبی دێموکرات دەناسن و باوەڕیان پێیەتی و لە هەر دەرفەتێکیشدا بۆیان هاتبێتە پێش، پشتیان گرتووە و وەباڵیان بۆ کێشاوە؛ بۆیە دەبێ بڵێین دیسان ڕێژیم لەوەدا ڕەنج بەخەسار دەرچوو.

ڕێژیم ڕەنج بەخەسارە، چونکی چوار دەیەیە هەوڵی شێواندنی مێژووی خەبات و تێکۆشانی کورد دەدا و ئەو مێژووە هەر درەوشاوەیە... چوار دەیەیە بەهەموو توانای ماڵی و بەرنامەڕێژیی نەرمەوە کار لەسەر منداڵ لاوانی کورد دەکا، بەڵام فێرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و سەنگەری خەبات و تێکۆشانی ئەم حیزبە بە دژی کۆماری ئیسلامی هەر ئاوەدانن... چوار دەیەیە دەیەوێ قەڵای باوەڕی خەڵک تێک بڕووخێنێ و ڕۆژی ١٧ی خەرمانانیش مووشەکە بالستیکە خاڵکوتەکانی گرتە قەڵای دێموکرات، بەڵام قەڵای باوەڕ و ئیمانی خەڵکی کوردستان هەر لەسەر پێیە... ئەو لایەنانەی دیکەش کە چاویان بەرایی دیتنی هێزی بەهێزی حیزبی دێموکراتی کوردستان و ئەو قەڵا ڕاوەستاوەی نییە؛ ئەوانیش هەر ڕەنج بە خەسارن، چونکی ئەو قەڵایە لە بن نایە.

سەرچاوە: کوردستان و کورد - ٨ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٨

## نیزامی کۆماری ئیسلامی و ناهاوسەنگیی لەگەڵ نەزمی جیهانی



**عومەر باڵەکی**

سەعاتی ٩:٤٥ خولەکی بەیانیی ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی، ناوەندی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە قووڵایی خاکی باشووری کوردستان - عیراق کەوتە بەر مووشەکی دوورهاوێژی سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی،

بە بیانووی ئەوەی کە لە بەرامبەر چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا دیفاع لە خۆیان دەکەن و لە هەمان حاڵدا تۆڵەی کوژراوەکانیان لە ناوچەی مەریوان دەکەنەوە. ئەو مووشەکبارانە بووە هۆی ئەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان ١٤ کادر و پێشمەرگەی بەوەجی خۆی لە دەست بدا و دەیان کەسیش لەو هێرشەدا بریندار بن. لەو ماوەیەدا گەلێک وتار و لێکدانەوە لە سەر ئەو ڕووداوە جینایەتکارانەیە نووسراون و کراون، هەر بۆیە نامانەوێ بچینەوە سەر ئەو بابەتە کە بۆچی کۆماری ئیسلامی ئەو ڕادە لە دوژمنایەتی لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان درێژە پێ دەدا. ئەوی مەبەستی ئەو نووسینەیە ئەمەیە کە بزانین لە ڕوانگەی یاسا و ڕێسای نێونەتەوەییەوە ئەو کردەوە دەستدرێژیکەرانەی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر حیزبی دێموکراتی کوردستان لە خاکی هەرێمی کوردستاندا لە کوێدا جێ دەگرێ؟ ئەگەرچی کارنامەی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا پڕە لە بەزاندن و پێشێلکردنی قانوونە نێودەوڵەتییەکان.

لە مێژە گوتراوە شەڕ، کردارێکی قێزەونە چونکە بێجگە لەوەی زیان و خەسارێکی زۆری گیان و ماڵی بە لایەنەکانی شەڕ دەگەیەنێ، لە هەمان کاتدا دەتوانێ ئارامی و سەقامگیریی وڵاتان و ناوچە و جیهانیش بخاتە مەترسییەوە.

سپای پاسداران هەر دوا بە دوای هێرشە مووشەکییەکەی سەر قەڵای دێموکرات لە چەندین ڕاگەیەندراودا و تەنانەت بە بڵاوکردنەوەی فیلمێکی دێکۆمێنتاری باس لەوە دەکا کە ئامانجی لەو مووشەکبارانە، بنکەی ناوەندی سیاسی و ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەویش بە دوو مەبەست بووە: یەکەم: مافی بەرگریی ڕەوا و، دووهەم؛ تۆڵەکردنەوە. ئەو باس لەوە دەکا ئەو مووشەبارانەی قەڵای دێموکراتی لە سەر ویستی بنەماڵەی کوژراوانی بەناو سنوورپارێزەرانی ناوچەی مەریوان بەڕێوە بردووە کە هەتا ئێستاش ڕوون نەبۆوە ئەوانە چۆن کوژران و بە پێی تەجروبە و پێشینەی سپای پاسدارانیش کوژرانی ئەو بەناو سنووپارێزانە دەتوانی سیناریۆی سپا خۆی بێت، بۆ ئەوەی خۆی گوتەنی بیانووی هێرشێکی لەو بابەتەی بۆ سەر حیزبی دیموکراتی کوردستان دەست کەوێ.

ئێستا بزانین قانوونە نێودەوڵەتییەکاندا کە کۆماری ئیسلامی وەک دەسەڵاتی سیاسی لە ئێران یەکێکە لەو دەوڵەتانەی کە ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە و بەشێکی بەرچاوی پەیماننامە و ڕێکەوتننامە و

بڕیارنامەکانی ئەو ڕێکخراوەیەی ئیمزا کردووە لەو پێوەندییەدا چۆنن و چ بەرچاوڕوونییەک دەدەن. بە پێی ئوسووڵ نابێ قانوونە نێوخۆییەکانی هیچکام لە ئەندامانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دژایەتیی لەگەڵ مەنشوور و جاڕنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤ و ڕێککەوتننامەکانی ئەو ڕێکخراوەیەی کە تێیدا ئەندامن هەبێ و لە هەمان حاڵدا قانوونی مەدەنی کۆماری ئیسلامی لە ماددەی ٩دا ئەوەی تێ دایە کە "ڕێوشوێنی ڕێکەوتننامەکان کە بەپێی قانوونی بنەڕەتی لە نێوان دەوڵەتی ئێران و دەوڵەتەکانی دیکە ئیمزاکراون حوکمی قانوونیان هەیە. لە هەمان حاڵدا وڵاتی ئێران کە ئێستا کۆماری ئیسلامی نوێنەرایەتیی دەکا، بێجگە لە ئیمزاکردنی مەنشووری نەتەوە یەکگرتووکان لە ٢٧ - ١ - ١٣٠٨ی هەتاوی هەتا ٢٠ - ٧ - ١٣٨٧ نزیک بە ٩٠ ڕێککەوتننامە و پەیماننامەی نێودەوڵەتیی ئیمزا کردووە و بەڵێنیی داوە کە پابەند بێ بەو یاسا و ڕێسایانە کە لەو پەیماننامە نێودەوڵەتییانەدا هاتووە. ئەو پەیماننامانە بابەتی جۆراوجۆری وەک (دیفاعی و نیزامی، دادوەری، وزە، بازرگانیی قاچاغ، مافی مرۆڤ، دادوەری و چارەسەری ناکۆکییەکان، دریایی و پاپۆڕەوانی، پێوەندیی دیپلۆماتیک، فەرهەنگی، کار، مادە هۆشبەرەکان، فڕۆکەوانی، بەربەرەکانی لەگەڵ تیرۆریزم، بەربەرەکانی لەگەڵ گەندەڵی... لە خۆ دەگرێ. کەچی کاتێک نێوەرۆکی قانوونی بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ جەوهەری ئەو پەیماننامانە بەراورد دەکەین دەبینین جیاوازییەکان لە نێوان عەرز و ئاسمان دان و بێجگە لەوە لە کرداریشدا دەبینین کە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی تەنیا کاتێک لە کۆڕ و کۆبوونەوەکانی دەرەوەی ئێراندا بەشدار دەبن لە قسەدا پێبەندیی خۆیان بەو پەیماننامانە دەردەبڕن بەڵام لە ماوەی ٤٠ ساڵی ڕابردوودا نێوەرۆکی ئەو پەیماننامانە بە تایبەتی ئەوانەی پێوەندییان بە ژیانی مرۆڤەکانەوە هەیە نەک کاریان پێ نەکراوە بەڵکوو خستوویانەتە خانەی فەرامۆشی.

قانوونی نێونەتەوەیی وەک هەر سیستمێکی قانوونیی دیکە پێشگیری دەکا لە بەکارهێنانی هێز لەلایەن دەوڵەتەکانەوە بۆ چارەسەری کێشەکانی نێوانیان. بەپێی قانوونە نێونەتەوەییەکان ڕێگری لە بەکارهێنانی هێز لە سەردەمی ئێستادا گرینگترین ئەرکی دەوڵەتەکانە، بەڵام دەبینین دەوڵەتەکان لەگەڵ هەموو ئەو قانوونانە کە خۆیان ڕێککەوتنیان لەسەر کردوە زۆر جاران بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشەکانیان پەنا بۆ هێزی چەکداری دەبەن؛ جا چ ئەو کێشەیە لەنێوان دوو دەوڵەتدا بێ یا لە نێوان دەوڵەتێک و گەلێکی ماف پێشێلکراوی وەک گەلی کورد بێ کە داوای مافی خۆی دەکا.

بەپێی بەندی ٢ی ماددەی ٤ی مەنشووری نەتەوە یەکگرتووەکان "تەواوی ئەندامەکانی لە پێوەندیی نێونەتەوەیی خۆیاندا لە هەڕەشە یا کەلکوەرگرتن لە هێز بە دژی سەروەریی وڵاتێک یا سەربەخۆیی سیاسیی دەوڵەتەکانی دیکە یا بە هەر شێوەیەک لەگەڵ ئامانجەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ناتەبا بێت، خۆ دەپارێزن".

ئەگەر تەنیا لێرەدا لە سەر ئەو بەندە لە مەنشووری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان هەڵوێستە بکەین و کار و کردەوەکانی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا لەگەڵ نێوەرۆکی ئەو بەندە هەڵسەنگێنین، دەبینین کۆماری ئیسلامی بە تەواوی پێچەوانەی نێوەرۆکی ئەو بەندە جووڵاوەتەوە و بەڵگەی حاشاهەڵنەگر و سەرچاوەی هەموو ناتەباییەکانیش قانوونی بنەڕەتیی ئێرانە کە هەناردەی شۆڕش بۆ دەرەوەی سنوورەکانی ئێران بە ئەرکی دەوڵەت و دەسەڵات و دەزگای حاکمە دەزانێ.

هەر وەک پێشتر ئیشارەی پێ کرا شەڕ کردارێکی قێزەونە و دەتوانێ هەموو ئارامی و سەقامگیرییەک هەڵگرێ و بەپێی یاسای نێودەوڵەتی دەستپێکردنی شەڕێکی دەستدرێژیکارانە بۆ سەر خاک و ئاسمان و ئاوی وڵاتێکی دیکە نەک هەر تاوانی نێودەوڵەتییە، بەڵکوو هەموو لایەنە خراپەکانی شەڕیش لە خۆ دەگرێ.

ماددەی ٨ی پێڕەوی دیوانی سزادانی نێودەوڵەتیدا بەو شێوەیە باس لە تاوانی دەستدرێژیی نیزامی دەکا: تاوانی دەستدرێژیی نیزامی بریتییە لە ئامادەکردنی گەڵاڵە بۆ هێرش و ئامادەکاری بۆ جێبەجێکردنی و فەرمانی جێبەجێکردنی ئەو گەڵاڵەیە لەلایەن کەس یان کەسانێکەوە کە سەروەریی سیاسی و نیزامیی دەوڵەتیان بەدەستەوەیە بە جۆرێک کە جێبەجێکردنی ئەو گەڵاڵەیە ببێتە هۆی پێشێلکردنی ئاشکرای مەنشووری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان.

کرداری دەستدرێژیی نیزامی بەو شێوەیە پێناسە دەکرێ کە دەوڵەتێک هێزی نیزامیی خۆی بەکار بێنێ بە دژی سەروەریی دەوڵەتێکی دیکە، یا بەهەر شێوەیەکی دیکە دژایەتیی هەبێ لە گەڵ مەنشوری نەتەوە یەکگرتووەکان کە ئەو کردارانە لە خۆ دەگرێ: هێرش، داگیرکردنی خاکی وڵاتێک، وەسەرخستنی بەشێکی کەم لە خاکی وڵاتیک یا هەمووی خاکەکە بە کەلکوەرگرتن لە هێزی نیزامی، بۆمباران لە شێوازی جۆراوجۆر و ئابلۆقەی نیزامیی ڕێگاکانی ویشکایی و دەریایی.

ئێستا بە خوێندنەوەیەکی کورت بزانین مووشەکبارانی قەڵای دیمۆکرات دەتوانێ بەرگریی ڕەوا یا کردوەی تۆڵەئەستاندنەوە بێ.

لەگەڵ ئەوەدا مافی بەرگریی ڕەوا لە قانوون و عورفی نێونەتەوەییدا هەیە و بە قانوون زاتی و سروشتی دادەنرێ، بەڵام ئەو مافە سروشتییە کاتێک مانا دەدا کە لە گەڵ یاسا و ڕێسا نێودەوڵەتییەکان دژایەتیی نەبێ. بۆ بەرگریی ڕەوا لە قانوونی نێونەتەوەییدا چوارئەسڵ دەستنیشان کراوە:

١) پێویستی ٢) نیاز بە خێرایی ٣) نەبوونی ڕێگای دیکە بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ مەترسی ٤) هاوسەنگی (بەرگری پێویستە لەگەڵ هەڕەشە و مەترسی هاوسەنگ بێ.)

هەروەها بەندی٢ خاڵی ب مادەی ٨ پێڕەوی دیوانی سزادانی نێودەوڵەتی و بۆمبارانی خاکی دەوڵەتێک بەهۆی هێزە چەکدارەکانی دەوڵەتێکی دیکە یا کەلکوەرگرتن لە هەر جۆرە چەکێک بە هۆی دەوڵەتێک بە دژی خاکی دەوڵەتێکی دیکە بەتاوانی دەستدرێژی دادەنی.


وەک پێشتریش باسمان کرد پاساوی سپای پاسداران بۆ مووشەکبارانی ناوەندی سیاسیی حیزبی دیموکرات بە قسەی خۆیان بۆ پاراستن و بەرگری لە ئەمنییەتی خۆی بووە، بەڵام ڕاستیی ڕووداوەکان پێچەوانەیە و ئەوەی لە ماوەی٤٠ ساڵی ڕابردوودا ئەمنیەتی نێوخۆیی ئێران و ناوچە و تەنانەت جیهانیشی تێک داوە هەر سیستمی کۆماری ئیسلامییە بە هەموو دامودەزگاکانیەوە؛ ئەگینا ئەوە چ پێویستییەک و نیازێکی خێرا بوو کە سپای پاسداران بە بڕیاری ڕاستەوخۆی ڕێبەر لە چەکێک بەدژی حیزبی دێموکرات کەڵک وەربگرێ کە نیزامی جیهانی و بە تایبەت دنیای ڕۆژئاوا لەگەڵ بوونی ئەو جۆرە چەکە بەدەست سپای پاسدارانی ئێرانەوە کێشەیان هەیە و تەنانەت تێکچوونی ڕێکەوتننامەی برجام بەشێکی لە سەر دەستڕاگەیشتنی ئێران بەو جۆرە چەکانەیە. لە لایەکی دیکەوە بە پێی یاسای نێودەوڵەتی کۆماری ئیسلامی بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد جیا لە شەر و بۆمباران و مووشەکباران ڕێگاچارەی دیکەی لە پێشدا بووە کە بەهۆی خسڵەتی شەرئەنگێزیی خۆی قەت بەدوای ئەو ڕێگا چارەیەدا نەڕۆیشتووە. جگە لەوە ئەو هێرشە مووشەکییە هیچ هاوسەنگییەکی نەبووە لەگەڵ ئەو هۆکارەی کە سپا بە بەرگری لە خۆی دادەنێ.

تۆڵە ئەستاندنەوە خۆی شێوازێکە لە "قصاص" کە خودی ئەو کردارە غەیرە قانوونییە. بەڵام بەهۆی پاڵپشتیی بەکردارێکی ناقانوونیی دیکە، بەڕێوەبردنی بۆتە کردارێکی باو.

ئەگەر لەو ڕوانگەشەوە بڕوانین کرداری تولە ئەستاندنەوە پێویستە لەگەڵ تاوان هاوسەنگ بێ و ئامانجی ئەو تۆڵەکردنەوەیک بێ کە پێشگیری لە کرداری ناقانوونی بکا و کاتێک مەبەست هاتە دی، دەبێ کرداری تۆڵەکردنەوە ڕابگیرێ. لە قانوونی نێونەتەوەییدا بەکارهێنانی کرداری تۆڵەئەستاندنەوە بە دژی تاکەکان، کەرەسە و شوێنی نیشتەجێبوون ڕێگای پێ نەدراوە و قەدەغەیە. لێرەدا ئەگەر ئەو پرسیارە بەرەوڕووی خەڵکی کوردستان بکەینەوە کە هەڵسوکەوتی حیزبەکانی کوردستان لە ڕوانگەی ئەوانەوە ناقانوونییە یا ڕەفتاری سپای پاسداران بە دڵنیایەوە وەڵامەکەی ئەوە دەبێ کە ڕەفتاری سپای پاسداران و دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی دەرحەق بە خەلکی کوردستان ناقانوونی، ڕێگەپێنەدراو و دوور لە هەموو پێوانەکانی مافی مرۆڤە و ئەگەر قەرار بێ کێشە سیاسییەکان بە ڕێگای تۆڵەکردنەوە و بە پێی فەرهەنگی کۆماری ئیسلامی چارەسەر بکرێن؛ لە دوارۆژدا دەسەڵاتدارانی ئەو سیستمە چۆن لە تۆڵەی خەڵک دەربازیان دەبێ؟

سەرچاوە: کوردستان و کورد - ٨ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٨

# تیرۆر، بەڵگەی ڕوونی ناڕەوابوون



**ڕەحمان سەلیمی**

تیرۆریزم یەکێکە لەو دەستەواژانەیە کە تا ئێستاش پێناسەیەکی گشتگیر و ڕوخسارێکی وێناکراوی نییە، چ لەلایەن بیرمەندان و چ لە لایەن دەوڵەتان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانەوە. جیاوازیی ڕوانگەکان سەبارەت بە تیرۆریزم زیاتر لەوەی پەیوەندی بە ئاڵۆزیی ئەو چەمکەوە بێ، پەیوەندیی بە دژیەک بوونی بەرژەوەندییەکانەوە هەیە. سەرەڕای هەموو ئەو جۆراوجۆرییانەی لە پێناسەی تیرۆریزمدا بوونیان هەن، بەدەستەوەدانی کۆمەڵێک تایبەتمەندیی هاوبەش لەو چەمکە، کارێکی زۆر دژوار نییە و دەکرێ ئەو کردارانە پۆلێن بکرێن کە دەکەونە چوارچێوەی کردەوەی تیرۆریستییەوە، و لە هەمان کاتدا ئامانجەکانی ئەو کردەوانە ڕیز بکرێن.

لە بنەڕەتدا تیرۆر بە هەموو ئەو کردارانە دەگوترێ کە ترس و تۆقاندن و هەڕەشە لە کۆمەڵگەدا دروست دەکەن و دەبنە هۆی تێکدانی هاوسەنگیی دروونیی مرۆڤەکان بە هۆی نەمانی ئەمنیەت. ئەمنیەت وەک پێداویستییەکی سەرەتایی و سروشتیی مرۆڤ و کۆمەڵگە، لە ئەولەوییەتەکانی ژیانە کە بەشێکی بەرچاو لە چالاکییە مرۆییەکان چ وەک تاک و چ وەک کۆمەڵ، بۆ پاراستنی تەرخان دەکرێ. بە دەربڕینێکی دیکە هیچکام لە بوارەکانی گەشەی مرۆیی بەبێ بوونی ئەمنیەت واتایان نامێنێ. نەبوونی ئەمنیەت گەشەی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی ڕادەگرێ و دەبێتە بەربەستێکی گەورە لە بەردەم واتاداریی ژیانی مرۆیی. ئامانج لە تیرۆر تێکدانی ئەو بالانسەیە کە پێویستە لە نێوان هیوا بە داهاتووی باشتر و هەنگاونان بەرەو ئەو وێستگەیە بوونی هەبێ.

تێکچوونی ئەو باڵانسە، کەشێکی لەبار بۆ تیرۆریست دەخوڵقێنێ تا پەرە بە ئیدئۆلۆژی و بنەما فکرییەکانی خۆی بدا و ناسەقامگیریی کۆمەڵگە بکاتە هەوێنی ڕاکێشانی مرۆڤەکان بەرەو خواستەکانی خۆی. جا ئەو خواستانە لەوانەیە بناژۆخوازییەکی دەمارگرژانە بێ بۆ ئیدئالەکانی تیرۆریست یان بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکی هەستەکی و زەوینی بێ. لێرەدایە تیرۆریست، بڕواکانی یا بەرژەوەندییەکانی دەکاتە سەنتەری جیهانبینیی خۆی و هەوڵی زاڵکردنیان دەدا بە سەر مرۆڤەکاندا و لە هەموو ئامرازێک بۆ گەیشتن بەو خواستانەی کەڵک وەردەگرێ.

بەو پێشەکییە کورتە بە دوای چوارچێوەیەکدا دەگەڕێین کە بتوانێ کردارە تیرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەخۆ بگرێ. بڕواداریی ئیدئۆلۆژیک و دوگم بە بنەماکانی خوێندنەوەیەکی دیاریکراو لە ئایین، لەلایەن ڕووحانیەتی شیعە، ئەو بانگەشەیە بوو کە خومەینی و داروودەستەکەی هەر لە سەرەتای هاتنەسەرکاریانەوە جاڕیان دەدا و تا ئێستاش لە سەر هەمان ڕێچکە هەوڵی مۆبیلیزەکردنی کۆمەڵگەی بۆ دەدەن. هەر چەند لە ساڵانی سەرەتادا ڕووبەڕووبوونەوەی خێر و شەڕ، یان بە وتەی خۆیان کافر و موسوڵمان، بوو بە دەسمایەی کۆکردنەوەی زیاترین شوێنکەوتوو لە دەوری خومەینی و بە دەیان و سەدان هەزار لە خەڵکی ئێران ئامادە بوون لەو پێناوەدا تەنانەت لە گیانیان بگوزەرێن، بەڵام بە تێپەڕینی کات، بۆشبوونی ئەو مژدە مێتافیزیکییەی خومەینی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕوونتر بۆوە و چیتر پەیڕەوانی دەمارگرژی خومەینی ئامادە نەبوون بەو ڕوحەوە شەڕی مان و نەمانی بۆ بکەن تا کلیلی بەهەشت بۆخۆیان مسۆگەر بکەن. چاوخشاندنێکی خێرا بە دۆخی شەڕی ئێران و عێراق لە ساڵانی سەرەتای شەڕ و ساڵانی کۆتایی شەڕ، بەڕوونی ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەخا. چەمکی شەهید بە درێژایی ئەو ساڵانە گۆڕانکارییەکی قووڵی لە ناخی شەڕکەرانی ئێران دژی عێراق بەسەردا هات. کۆمەڵگەی ئێران بە هێواشی بەو قەناعەتە گەیشت کە شەڕ بۆ کۆماری ئیسلامی نەک بۆ "لە نێوبردنی فیتنەیە لە هەموو جیهان"، بەڵکوو بۆ پاراستن و ڕەوایی دانە بە دەسەڵاتێکی ئۆلیگارشی، کە ئایینی کردۆتە ئامرازێک بۆ وەدیهێنانی ئامانجە دونیایی و ناڕەواکانی تاقمێکی دەسەڵاتدار.

تیرۆر یان باشترە بڵێین زەروورەتی فراوانکردنی کردەوە تیرۆریستییەکان لەلایەن دەسەڵاتبەدەستانی ئێرانەوە دەرەنجامی لاوازبوونی ئەو ئیدئۆلۆژییە بوو کە لە ناخی بەشی هەرەزۆری کۆمەڵگەی ئێراندا ڕووی دا. ئەوە هەرگیز بەو مانایە نییە کە کۆماری ئیسلامی لە سەرەتای هاتنەسەرکاریەوە دەستی بۆ تیرۆر نەبردووە، بەڵکوو مەبەست ئەوەیە مەشرووعیەتی تیرۆر [بە ئامانجی ڕاگرتنی دۆخی ئاوارتە لە پێناو پتەوکردنی پایەکانی دەسەڵات] زیاتر

لە پێشوو پاساوهەڵگر بوو.

کۆماری ئیسلامی بە پەنا بردن بۆ هەر دوو شێوە تیرۆری دەوڵەتی و نێودەوڵەتی، لە لایەک هەوڵ دەدا بە لەنێوبردنی نەیارانی خۆی لە دەرەوەو نێوخۆی ئێران پێش بە هەر چەشنە بزووتنەوەیەکی ئازادیخواز بگرێ کە ببێتە مەترسی لە سەر دەسەڵاتەکەیان، لە لایەکی ترەوە بە پشتگیری و دنەدانی ڕێکخراو و گرووپە تیرۆریستییەکان لە وڵاتانی تر هەوڵی بەستێنسازی بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی دەدا.

پەنابردنی دەوڵەتان یان ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان بۆ کردەوەی تیرۆریستی، دەرەنجامی ڕاستەوخۆی نارەوابوونی ئەو ئامانجانەیە کە هەوڵی بەدیهێنانیان دەدرێ. واتە ئەگەر بێتوو ئامانجەکان بریتی بن لە بەهای مرۆیی و ڕەوا، ئەوا دەوڵەت، ڕێکخراو یان تاک پەنا بۆ ڕێکاری تیرۆر بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی نادا.

کۆماری ئیسلامی کە هەر لە سەرەتاوە دروشمی زێدەخوازانەی پەرەدان بە پەرگیریی ئایینیی شیعە لە وڵاتانی ئیسلامی دەدا، هەروەها هەوڵی سڕینەوەی هەر چەشنە جیاوازییەک دەدا لە نێوخۆی ئێران کە بەدەر بێ لە پابەندیی بە ئیدئۆلۆژی ویلایەتی فەقیه، تیرۆری وەک ڕێگەچارەی پاراستنی خۆی لە هەر چەشنە جیابیرییەک هەڵبژاردوە.

کوردستان کە هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاری ئەو ڕێژیمەوە سازی ناسازی! لەگەڵ ئەو شێوازە حوکمڕانیە لێ دا و هەر زوو جەوهەری ڕاستەقینەی ڕێژیمی ناسی، زیاتر لە هەموو بەشەکانی دیکەی ئێران بوو بە ئامانجی تیرۆر و بە سەدان و بگرە هەزاران تێکۆشەری کورد لەو پێناوەدا گیانیان لێ ئەستێنرا. کۆماری ئیسلامی کە ئێستا دوای تێپەڕبوونی چوار دەیە بە سەر شەپۆلی تیرۆر و کوشتاری خەڵکی کوردستان، بۆی دەرکەوتووە ئیرادەی گەلی کورد لە شکان نەهاتوویە و خەڵکی کوردستان سوورن لە سەر خواستە نەتەوەیی و ئینسانییەکانیان، پێشکەوتووترین چەک و دوایین تێکنۆلۆژی خۆی دژی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان وەک ڕێبەری بزووتنەوەی مافخوازانەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەکار هێنا. زەبوونیی دەسەڵاتدارانی ئێران لە ئاست ڕوحی مافخوازانەی ئەو گەلە، سەرەڕای وەبەرهێنانێکی قورس و پڕتێچوو لە چل ساڵی ڕابردوودا لە سەر پەروەردەی ئیدئۆلۆژیکی منداڵانی کورد و ڕاکێشانیان بەرەو ئامانجە نارەواکانی خۆی، مووشەکبارانی قەڵای دێمۆکراتی لێ کەوتەوە. کۆماری ئیسلامی بە

تاقیکردنەوەی دوایین تیری خۆی دژی حیزبی دێمۆکڕات زیاتر لە هەمیشە دانی نا بە شکستی پڕۆژەی درۆیینی "نەتەوەی ئێرانی" یان "ئوممەتی موسوڵمانی ئێران". لە لایەکی ترەوە زیاتر لە پێشوو بۆ ڕای گشتی لە نێوخۆ و دەرەوەی ئێران دەرکەوت کە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان نوێنەرایەتیی داخوازە ڕەواکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکا. هاواری خەڵکی کوردستان لە ڕۆژی ٢١ی خەرمانان دژی مووشەکبارانی قەڵای دێمۆکرات و بەدەنگەوەهاتنی خەڵک بۆ پشتیوانیی لە وێژمانی "بە چالش کێشانی ڕێژیم لە لایەن جەماوەرەوە" و سەرکەوتنی بێ وێنەی یەکدەنگی و یەکگرتوویی خەڵک لە حەرەکەتێکی مەدەنی شکۆمەنددا، وڵامێکی شیاو بوو بۆ سەرکەوتنی وێژمانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و پەیامێکی ڕوون بوو بۆ دەسەڵاتدارانی تاران کە لێدانی قەڵای دێمۆکڕات، لێدانی نەبزی بزووتنەوەی نەتەوەیەکە. ئەو کردەوە تیرۆریستییەی کۆماری ئیسلامی هەرچەند زیانبار بوو، بەڵام لە هەمان کاتدا بوو بە کاتالیزۆری پەرەسەندنی خەباتێکی فرەڕەهەندی جەماوەری.

سەرچاوە: کوردستان و کورد - ٨ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٨

## سوپاس و پێزانین: بنەماڵەکانی حەداد و حەسەنپوور



ئەورۆ مانگێک بە سەر کارەساتی موشەکبارانی قەڵای دیمۆکرات و لە سێدارەدرانی بەندکراوانی سیاسی تێپەر بوو. ئێمە بنەماڵەکانی حەداد و حەسەنپور بە هۆی ئەو رواداوە جەرگبرە و بۆ لەدەستدانی ئەو پۆلە تێکۆشەرە زۆر داخدار و خەمبار بووین.

گەورەیی رووداوەکە و کارەساتەکە زۆر لەوە زیاتر بوو کە ئێمە بتوانین بە تەنیایی تەحەموولی بکەین.هاودەری و هاوسۆزی ئێوەی خۆشەویست کە تا ئێستاس پاش یەک مانگ هەر بەردەوامە،قورسایی ئەو زەبرەی لە سەر شانی ئێمە سووکتر کرد.

بۆیە لەگەڵ کرنۆش بردن بۆ سەرجەم شەهیدانی کورد و کوردستان،جارێکی دیکە لە لایەن خۆمان سەرەخۆشی لەبنەماڵەی سەرجەم شەهیدانی قەڵای دیموکرات و شەهیدانی لە سێدارەدراو دەکەین و داوای چاک بوونەوەی زامدارەکان دەکەین.

هەروەها جارێکی دیکە سوپاس و ئەمەگناسی خۆمان پێشکەش بە خەڵکی کورد لە سەرتاسەری جیهان وناوخۆ دەکەین کە تا ئێستاش هاودەرد و خەمخۆرمان بوون.

بنەماڵەکانی حەداد و حەسەنپور

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ٨ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٨

# هونراوەکان

## ئەستێرە بارانە




**ئاشق**

پێشکەشە بە گیانی پاکی هەموو ئەو شەهیدە نەمرانەی دێمۆکرات، کە ڕۆژی ٨ی سێپتامبری ٢٠١٨ لە مووشەکبارانی قەڵای دێمۆکرات و فێرگەی دێمۆکرات، لە کۆیە دا شەهید بوون.

### ئەستێرە بارانە

چ بکەم، چ بڵێم هاوڕێیانم؟
بە چ شێعرێک بتاندوێنم؟
بەگوڕ ئەسرینی خوێناوی
بۆ کامەتان هەڵوەرێنم؟

*******

بەرگی کام هۆنراوەی بەسۆز
بکەمە بەر یادی ئێوە؟
کام ڕستە بکەم بە هاوار
بۆ سەندنی دادی ئێوە؟

******

لە کوێی هەرێمی خۆبەخشی
هێڵێک بۆ سنوورتان دانێم
کام گوڵاڵەی گەشی بۆنخۆش
لە سەر گڵکۆی سوورتان دانێم؟

*******

بە چ زمانێک بڵێم ئێوە
چەندە ئازا و شۆڕشوان بوون؟
تاجی شانازیو لە سەرە
کە قوربانیی کوردستان بوون

*******

کام هەتوان هەیە ئەمڕۆکە
برینی ڕووحم تیمار کا؟
کام حەکیم دەتوانێ دەردی
ئەمجارەی دڵی من چار کا؟

*******

جاران ئەستێرێک ڕادەخوشی
دەمگوت: ئاخ کۆچی یارانە

ئێستا لە عاسمانی قەڵا
ڕێژنەی ئەستێرەبارانە

*******

نیشتمان ئەمڕۆ ڕەشپۆشە و
ڕۆژهەڵات ئێستە زامدارە
هەستی خەم و تۆڵەسەندن
بە ڕوومای خەڵکەوە دیارە

*******

ئێوەش، ڕێبەران، بەرپرسان
ئەی کەنگێ بەیەکگەیشتن؟
چارەی دەردی کوردی ناکا
هەر دمەقاڵە و دانیشتن

*******

هەتا کەی پـڕش و بڵاوی؟
بۆچما قەدەر دەستی بەستوون؟
یان مەگەر خودا نەخواستە
لە خەوی "غەفڵەت" دان، نوستوون؟

*******

دوژمن هار و دڕە و خوێنخۆر
نەمانی کوردی مەبەستە
لێت دەدا و بۆی فەرق ناکا
کام حیزب، کام لا، کام دەستە!

ئەو خوێنانەی دوژمن ڕشتنی
ئێستاش لە برینان دەچۆڕێن
دڵان پڕ خەم و کەسەرن
بەڵام پتەون، ناگۆڕێن

*******

پێتان وا نەبێ کۆڵ دەدەین
یان لە بیریان دەبەینەوە
تۆڵەی هەموو ئەو خوێنانە
بە سەرکەوتن دەکەینەوە

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ٩ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

## تاگومی خوێنم قووڵتر بێ



نزار کوێستانی

کۆماری زوڵم و سێدارە
مەرگت حەتمیە ئەمجارە

تاگومی خوێنم قووڵتر بێ

خنکانیشت زووتر دەبێ

دیارە لە ترامپ و ئیسرایل

ترست کوردە؛ وەک ئیزرایل

پێشمەرگە هەلی هەستانە

کاتی تۆڵەی شەهیدانە

ئەستێرە لە ئاسمان نابڕێ

کینەم گڕکانی دەگرێ

بۆ سوهەیلای سووراو بە خوێن

وەڵاهی وا جەرگم توێ توێن

کە دەت نووسی کومێنت رێزدار

دەت خوڵقاند فەخر بومان هەزار

هو کاک عوسمانی ماموستا

کوا کاتی مەرکت بوو هەستە

بە تەما بوم سەردانت کەم

باسی قسەی ماموستامان کەم

ئاخ کاکە هاشمی عەزیزی

گوڵپەری وەریوی پایزی

فەرماندە کەریمی سەقزی

هەستە گیانە دڵ بۆت تەزی

هو خاتوونە نەسرین حەداد

ژنە سێمبۆلی دژە ئیستیبداد

دوو ساڵ پێش هاورێ حەسەن پوور

لێرە بوون چەشنی دوو گوڵی سوور

کاک شێرکۆی هێزی زمزیران

خوشەویستەکەی هەژاران

دڵ پرە لە قوڵپەی گریانێ

بۆ شەهیدای کوردستانێ

رامینم رۆ بە نامورادی

لە گەڵ برایانی مۆرادی و

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ٨ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

## ئازار و خەم



ئاسۆ خەبات

هاوڕێی دڵم، هاوڕێی گیانم، هاوڕێی شەو و ڕۆژانی دەورەو تەنیایی پێشمەرگایەتی و ڕەمز و ڕازی لاوەتی... هاوڕێ گیان، هەتا شێعرێکم دەنووسی بەو بزە شیرینەتەوە دەتگووت: "زار خوار" گیان (ئەگەر منیش شەهید بووم شێعرێکم بۆ وەخوێنە)..

دەتگووت: ئاسۆ ئاسۆ، ئەوە وەخوێنە کە ئاخرەکەی

" ئازادیە"!

کوێر بم هاوڕێ گیان کوێر............ کوێر بم کە بە دڵێکی پڕ لە برینەوە بۆت دەخوێنمەوە.

ئازار و خەم

جیا لە گریان چەکێ نەبوو کە گیانمان دەخستە چاڵ
عێلێکی ڕەش، هێزێکی لێڵ خوێنی منیان کردبوو حەڵاڵ

بێجگە لە شەو هیچم نەبوو فرمێسکانی پێ داپۆشم
کەچی ئەویش دەمەو سەحەر بێ هیوایی دەنا کۆشم

ئەی تیشکی خۆر بڕۆ بڕۆ با کەس نەزانێ بە شوێنم
با نەزانن منی مناڵ لە نێو لانکی خەم و خوێنم

با نەزانن کە بێکەسم بۆیە مەمکی چیا دەخۆم
با نەزانن ئەمن خەمی هەرچی لێرە گریا دەخۆم

لێرە ئەسرینەکان بە پێ دەچن دەبنە گڕی سەنگەر
دڵۆپەی سووری برینەکان دەبنە بەنکێ گوڵ و گەوهەر

لێگەڕێن با بە کوڵ بگریم کە نرخی پێکەنین مەرگە
ئەمن زادەی بزەی مەرگم کە لە چیا بوومە پێشمەرگە

من هەڵاتووی ژێر سێدارەم زێدی ژانم بەزاندوە
من ژیانم بە ژیانم ژینی ژانم تەزاندوە

من بە ئەسرینی دوو چاوم زام و برینی وان دەشۆم
چۆن دڵم بێ زام ئەبێ من کە ژانی ئەم برینەم خۆم

دەزانن من سەدان هاوڕێم یا گۆڕ غەریب یا گۆڕ ونن؟
بە بۆنی وان کۆرپەکانیان بە مامە مامە دەمرن

خاکی خوێن پێداڕژاوم شەهید بگرە باوەشی خۆت
وەکوو دایکێکی دڵسووتاو بژی و بگری بۆ بەشی خۆت

بگری بۆ ئەو هەڤاڵانەی چەک جەستەیان دەبڕێتەوە
بۆو هاوخەمەی کە ناتوانێ فرمێسکی خۆی بسڕێتەوە

بۆو چاوانەی هەتا دوێنێ پێشەنگی ڕێی ڕووناکی بوون
ئێستا ڕووناکی نابینن شەو ئەبژێرن بۆ ڕۆژی ڕوون

ئەی نیشتیمان ئەگەر دیتت قاچ و پەنجە و چاوێ کەوتوون
ئەوە پڕیشکە پڕشنگن ڕاکشاون بەس نەخەوتوون

نا نا ئەوان قەت ناخەون بە شەو دێن و بزە دێنن
دەچنە ژوانی ژانی وەتەن کۆرپەی شەهید ڕادەژێنن

دەچنە سەردانی دایکی کورد فرمێسکی بۆ دەسڕنەوە
لە تەک باوکە شەهیدەکان سێدارەکان دەبڕنەوە

دەچنە شایی بووکی ڕەشپۆش بەنکێ یادی ئەوین دەبەن
زامەکانیان دەشێرنەوە بە تەنیا پێکەنین دەبەن

پێدەکەنن لە ڕووی عالەم لە قوژبنان بە کوڵ دەگرین
دەڵێن بە ژان و زامەوە، لە ڕێی ئەم خاکەدا دەمرین

یانی بیرمان دەچێتەوە هەنیسکی دەم ئەسرینەکان
یانی چی پیرۆزتر هەیە لە خوێنی گەشی برینەکان

یانی بێ کفن و گۆڕانم هەتا سەر هەر دەبێ وابن
یانی یارانی گۆڕ غەریب میوانی ئەم زێدە نابن

یانی هاودەنگی دەنگێک بم کە بێدەنگ و کپی کردووم
یانی گوێ بگرم لەو دەنگەی کە زیندوو بووم وتی مردووم

نا قەت بیرم ناچێتەوە تیرۆر و کوشت و کوشتارم
لە بیرم دان ئەو دزانەی پێدەکەنین بە هاوارم

پێدەکەنین بە ڕێبازم بە شەهیدم، بە خوێن دانم
بە دڕینی بەرۆکی دایکم بە خۆم و سەر لە قوڕ نانم

خەمەکانی خاکی غوربەت برینی سەر جەستەی منن
دەڵێی شەوانی بێ ماڵی لە ڕۆژەکانم دوژمنن

وەڕەز بووم لێت پەتی ئازار بەسە و خەندەم مەخنکێنە
وەکوو پەنجەی ڕەقی تۆفان کەزیی باخم مەشەمزێنە

خۆت ئەزانی گەر بە گریان وشک و ڕەق و پتەو دەبم
گەرچی نووستووی شاری شەوم هەر خۆم بکوژی شەو دەبم

دەبمە گزینگی بەر بەیان پەردەی شەرمی شەو لادەدەم
بسکی ئاڵی خۆر ماچ ئەکەم تا چۆک بە لێڵی دادەدەم

دەمێکە لە چاوانی من کاروانی ئەسرین بار ئەکەن
لە سەر ڕوومام ئەتوێنەوە چاو لە بەفری بەهار ئەکەن

نا نا ئەمن بە تەنیا نیم زۆر غەریب هەن پێناکەنن
جیا لە تەزووی گەرمی خەبات بە هیچ گڕێ ڕاناچەنن

کێیە دەڵێ نەنگە گریان تا بێم بزەی بخنکێنم
من هەژارم بێجگە لە خەم چیتر هەیە وەی لاوێنم

هەر بینا ڕۆژێکی دیتان فرمێسک و خوێن ڕاپەڕیون
ئاخر ئەوان دایکی بزەن قاقا ئەستۆی هەڵبڕیون

ڕاستە مێژووم هەمووی ژانە بەڵام دەرۆم بەرە و شادی
تاکە هیوای دڵی مردووم تەنیا هەر ئەتۆی ئازادی!

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ٩ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

# گوڵی دڵ



## بێبەش

ڕێگا روونە
دوو ئەسبی تۆڕی یاڵ خوێنین
دەحیلێنن،
دوو گرکانی پەنگ خواردوونە
بەر لە هەستان
ناخی رەشی تاریکستان دەلەرزێنن،
گالیسکەیەک رادەکێشن
پڕ لە گوڵی سووری دڵی دەسچنکراو
بەرەو هەناو
بەرەو هەرمان
بەرەو هەتاو،
نەک هەتاوی ئەسیری شەو.
شەو دەبەزی بە وزەی بێداران

گوڵی سوور بوونە دڵی دڵداران.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ١٠ی سێپتەمبەری 2018

## میوانە تازەکانی گۆڕستانی شەهیدان




**رەسووڵ سوڵتانی**

مەتارەکەت پڕ کە لە ئاو
وا میوانی تازە هاتن
جلوبەرگیان هەڵاڵەیە و
خەونی سووری خۆرهەڵاتن-

***

سفرەی ئێوارە دابین کە
هاوڕێکانی جاری جاران

ماندووی ڕێگەن سەروکاکۆڵ
خوساوی بەر شەستەی باران

***

شەکەتی ئەو ڕێگە دوورەن
بە کۆڵێ زامەوە هاتوون
دەیانەوێ لە باوەشی
دایکی نیشتماندا بنوون

***

مەتارەکەت پڕ کە لە ئاو
گەلێ تینوون، گەروو وشکن
هێندێ هاوڕێ مانگ و هێندێ
لەگەڵ هەتاو دەستەخوشکن

***

هاتوون و ناگەڕێنەوە
خەمی گەلیان لە کۆڵ ناوە
پەنگری بن خۆڵەمیشن
ئاگرستانیان بەدواوە

***

جەستەیان کانیاوی برین
ناسنامەن بۆ بیر و بڕوا
تا خەونەکانیان وەدی دێ
هەروا خوێنیان لەبەر ئەڕوا

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ١٠ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

## شەهید




### ڕەسووڵ سوڵتانی

خەم لە روخساری چیا نیشتووە، گوڵ تۆزاوین
شەختە گرتوویە دڵی پڕ گڕی وەرزی هاوین
ئاورِم داوە هەتا چاو هەتەری کرد دیتم
پەڕی دیرۆکی گەلم یەک بە یەکی خوێناوین
داری ئازادی دەڵێ سەیرە لکم نایەنەبەر
من و ئەو دەشتە لە مێژ ساڵە بە خوێن پاراوین
گوتم ئەستێرە ئەرێ بۆچی چەمت وا سوورن
گوتی ئەمڕۆکە لەسەر تەرمی هەیڤ گریاوین
شین و سوور بۆتەوە ئەو دەشتە لەبەر شینی کورد
دار و بەرد و کەژ و کۆ شیوەنی بۆ گێڕاوین

دەنگی هەرمانە لە شمشاڵی برینانم دێ
نۆتی هەر دەنگێ دەڵێ ئێمە نەمردووین، ماوین
وا شەهید دەنگی لە نێو شیعرەکەما دێ و ئێژێ
مەگرین تۆڵە هەبێ، تۆڵە نەبێ فەوتاوین
پێم دەڵێ زامی لەشم ئەستەمە بشکێ ژانی
تا زەرووی دووبەرەکی لێرە دەمی تێناوین
پێی دەڵێم رێگە بەچی ئێستە وەها روونـاکە؟
پێم دەڵێ ئێمە ئیتر تیشک و شەبەنگی تاوین
لێی دەپرسم کە نەیار بۆچی وەها غەزریوە؟
پێم دەڵێ دەهری بووە، چونکە لە شەو راساوین
کوا قەڵای باوەڕی پێشمەرگە بە مووشەک دەڕمێ
پێشەوا قازیی مەزن دەرسی وەها داداوین
گاڵتەمان بێ بە مەرگ، زەردەخەنەشمان بۆ ژین
زەندەقی چوو نەتەوی، دیتی لە خەو هەستاوین
سوێند بە رێباز و گوڵی زەردەخەنەی قاسملوو
پڕە ئەو رێیە لە رێبوار و پتەو وەستاوین
بە هەسانی رقی پیرۆز و لە رێی ئازادی
خەنجەری تۆڵە ئەگەر کول بووە با بیساوین

رەسووڵ سوڵتانی

خەم و رۆندک بکەنە گورز و هەوێنی تۆڵە
لەشی جاش و عەجەمی پێ بکەنە پڕپۆڵە

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ١٢ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

## دوو خووشک و دوو هاوڕێی دایک شێوەی ژیانی پێشمەرگایەتیم.



**ئاسۆ خەبات**

هەستە کیژی پەنجە سووری قژ ڕەشی لێو ئاتەشین
هەستە بە سواری شەپۆلان تۆزێ شادی دابەشین

ئەم وڵاتە بێ بزەی تۆ ماتو تاریکو ڕەشە
تام و بۆنی ئەم ژیانەی هەستە بۆنت دابەشە

هەستە وەک شاکیژی قەندیل پێ بنێ سەرچاوی من
هەستە دادە، هەستە دایە، هەستە تین و تاوی من

چۆن نەبم قوربانی بسکی شەختەگرتووی نێو ڕنوو
ئەو کچەی کۆشکی لە شاخەو تیشکی بۆتە ئارەزوو

ئەو کچەی تا دوێنێ دیل بوو ئێستە هیوای میللەتە
مۆژدە بێ "هێمن" کچی کورد دژ بە زنجیر و پەتە

شەهیدان مامۆستا نەسرین و مامۆستا سۆیلا، دوو خووشک و دوو هاوڕێی دایک شێوەی ژیانی پێشمەرگایەتیم.

ئیتر بەژنتان هێندە بەرز بۆتەوە کە پێهەڵناگەم دەست لە ملتان کەم!

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ١٤ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

---

## بۆ شەهیدانی خاک




**عەزیز شێخانی**

### شەهید

**با چەکەکانی دوژمن و سیخوڕەکانیان**
**لە هەناسە نەکەون و**
**بە ڕێژنەی گوللە نگریسەکانیان**
**جەستەم دابێژدابێژ کەن**

لێگەڕێن با پارێزەرانی کۆماری مەر
بۆ پاراستنی نیزامی سێدارە و ستەم
بە قرمژنی چەکەکانیان
لە باوەشی دایکی نیشتماندا درێژم کەن
با جەستەی دابێژدابێژ کراوم
هاواری خنکانی مافی چارەنووسی گەلەکەم
سوار لە سەر شەپۆلەکانی گەرمی خوێنم
بە شاگوێی خاک و نیشتمان بگەیەنن
ژانی دواهەناسەکان و ئازاری قوڵی زاری زامەکانم
لێدانی دوا ترپەی دڵم
لەگۆکەوتنی زمانم
دیاری ئازادی و خاکن
چاوەکانم لە دوا ساتەکانی بەخشینی گیاندا
باکیان لە چەکی دوژمن نییە
ئەوان بۆ بزەی دایکی چاوەڕوان و کۆرپەی خەونەکان
لە سەر پشت دەکەون
من پاش کۆچی یەکجاریم
تەرمێکی چاوکراوەم و
کۆیلەکانی دەسەڵات و سیخوڕەکانی
لە چاومدا زەلیل و چوکن
لێگەڕێن با چەکەکانی دوژمن
هەتا دوا گوللە بە سەر جەستەمدا
ببارن و داری ئازادی بە خوێنی رژاوم
تێراو کەن
کاروانی سوورپۆشانی نیشتمان

هەتا دوا هەناسەکانی دیکتاتۆرییەت

بە هەوراز و نشێوی نیشتماندا تێدەپەڕێ و

هەرجارە لە گوند و شارێک بارگە دەخەن

لێگەڕێن با دوژمن نەزانێ

کە تۆفانی خەمی کۆچی ئازیزان چۆن هەڵدەکات و

لە ناو ئاور و ئاسندا

باڵ و پەڕەکانی دەسووتێن

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ١٦ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

## ئەمڕۆ لە کۆڕیادی شەهیدانی ئازیزماندا لە فینلەند!



**نزار کوێستانی**

بۆ هەر دەبێ نەسیبی کوردان ئاوابێ ،،،ڕۆڵەی هەڵکەوتووی هەر بەشی زیندان و سێدارە و شەهید بوون بێ؟؟؟
بەڵام ئاواش،،،، بۆ نایەن هەر لەدەریا بپرسن،،، دەریا بی و بێ شەپۆل مابی؟
بۆنایەن لە تاڤگە بپرسن ،،، تاڤگە بی و بێ پریشکە مابی؟

بۆ نایەن لە هەوران بپرسن،،، هەور بێ و بێ تریشقە مابێ؟

بۆ نایەن لە لووتکە بپرسن ،،، ترۆپکی بێ هێلانە هەڵۆیان نابێ؟

بۆ لە هەڵۆیان ناپرسن،،،، هەڵۆ بێ نێچیر قەت نابێ؟

کەمینی مارە ڕێوی بۆ نێو لانەی قەت لە چاوە تیژی ون نابێ

بۆ نایەن لە باغ و لێرەوار بپرسن کە بێ دارە بەر و داری بەڕوو نابێ ؛ لە خۆوەرزی ژینەوەیدا بێ چریکە و جووکەی

بولبولە دڵدار و

قومریانی تازیەدار نابێ؟

بۆ لە کوردستان ناپرسن،،،، شاحی بێ پڵینگە پێشمەرگە و شاری بێ پێشەنگە پورە مێش هەنگوینە، قەت، قەت نابێ

بۆ نایەن چاوی لە گۆڕستانی گوڵستانیم بکەن،،،، بێ لووتکە کێلی شەهیدانی سوورە خەڵاتی ئازیزی ئاڵا پۆشم،،، کوانێ، کوانێ چلۆن دەبێ؟؟

کەوایە گیانەکەم بە دڵنیایی لە سروە شنینی بەرەبەیانی

گزینگە ئازادی پیرۆزە ئاڵا،،،، گەردانەی فەخری لەیلا و سوهەیلا

نارێژم چی دی بۆ شەهیدە گوڵ

خاتوونە نەسرین ! خوێنینە ئەسرین

تازە دوای ئەو و شەهید حەسەن پوور

فەرهاد دەمێنێ بە شیرنی شیرین؟

یان خۆ بنوێنێ گوڵاڵەی سوورسوور؟

لەم گوڵستانەی شەهیدانماندا

نێو کەس وکاری ئازیزاماندا

شەهیدە براکەم عوسمان عوسمانی

تابژیم لە دونیا نێو دڵا دەمێنی

ئێستا کە میوان مامۆستامانی

ئارامت گرتوە و نێو باوشیانی

ئەی کاکە هاشم ، ئەی کاکەکەریم
مەگەر دڵ بەرد بێ نەتوانم بگریم
دەت نووسی بۆم زۆر بەڕێز عەزیزی
خەبەر هیوا بەخش بە جوانی و ڕێزی
ئەی میرزا برایم هاوڕێکەی ڕێزدار!
بەرپرسی بەرپرسیار ، دڵ بۆە بریندار
بە ڕاستی نێودڵە شەهیدانماندا
کوا هێزی قەڵەم لە وەسفی واندا

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ١٦ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

## تاران لەرزی



**بێبەش**

خۆم و حیزب و نەتەوەکەم بە دامان و رامان و وەستان رانەهاتووین، نا. فێر نەبووین بە بەزین و بە بێکامی لە

ئەسبی شۆڕش دابەزین. ڕێبەران دەرسیان نەداوین بشکێین بە خەم، چاولێڵ کەین بە شین، سەرنەوی کەین، قوڕ بپێوین.

کەمتیاری مێزەر بەسەر! هەر نەتزانی هەناوی کوێستانم گڕە و تا چنگی پیسی لێ گیرکەی، نەک هەر چنگت، مێشکەکەشت دەسووتێنێ؟

هەر نەتزانی رقی گەلم گڕکانێکی پەنگ خواردوویە و بی هەژێنی نەک هەر جەستەت، تارانیشت دەلەرزێنێ؟
هەر دوێنێ بوو سەرپێڵ و کرماشانەکەم بە تف سواخی تەوێڵتیان دا.

هەر دوێنێ بوو پاوە و سەقز و سنەی سەربەرزم لمبۆزە خوێناویکەتیان لە قوڕ وەردا.
هەر دوێنێ بوو مەریوان و بانەی ئازام پەچەی نەنگ و شووم و رەشیان بە رووت دادا.

تۆ درندەی جبەلەبەر! هەر نەتزانی خۆ دوێنێ بوو مەهاباد و شنۆی رەندم بە بێدەنگی رووحیان بردی و خۆڵەمێشی خەمەکانیان رژاندە سەر.

هەر نەتزانی؟ دەبزانە خانێ و سەردەشتی ڕەنگینم پۆلووی رقی کوردایەتیان بە بای تۆڵە گەشایەوە، نەتزایوە؟ دە بزانە بێدەنگیی کوردستانەکەم بوو بە ئاڵا و لە گشت جیهان شەکایەوە.

سووتاندمت، لە دارت دام،بە مووشەک و تۆپ و بۆمبا دڵت کێڵام، تێرۆرت کردم،بە خەردەل و ژار و دووکەڵ قڕت کردم، وەک کوێر بووی کوێرتر بە جەلاد ئەوەتا هەم هەر نەمردم. نانا نامرم ئەمن کوردم.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ١٨ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

# زامی قەڵا



**کوێستان عومەرزادە**

**لە برینی کام لا بدوێم،**
**ژانی کام پەنجەم سارێژ کەم.**
**هەستم، دەستم بیر و هۆشم هەر لای پیرە قەڵای دێموکراتە**

**چاک بزانین!**
**گەرگیانیشمان هەڵوەرێنین،**
**بەژنی قەڵاش بڕوخێنین،**
**قەت ناتوانین**
**ورەی بەرزو هەستی پاکی نیشتیمانمان**
**لێبستێنین.**

***

**ئەمن قەڵای دێموکراتی کۆچی سوری پاییزانم**
**لە ساباتی پڕلە برینی ئەم جارەمدا،**

بەسەر خاڵ و خۆڵی هەڵتەکاودا
جارێکی تر  چرۆدەکەم دەژێمەوە
وەک گوڵاڵە سورەی هەمیشە
لەبن بەژنی تەوارەکانی ئازادی دەمێنمەوە.
من ئیرادەی شۆرشێکم
سەدان هەزار جۆگەلەی خوێنی داوە
من خەیاڵی قەد بڵیندی ڕێبازێکم،
لەناو قورگی هەژاراندا
ڕەگ و ڕیشەی لە خاک ناوە.

***

من لاوێکی ڕێی خەباتی دێموکراتم
من سێبەری بەژنی قەڵای سورخەڵاتم،
نە تانک نە تۆپ نە سێدارە
ئەژنۆی باوەرم لەرزناکا
لە خەباتدا کزم ناکا

***

من لاوی سەربڵێندی دێموکراتم
من قەلای قەد بڵێند و پر لە هیوای
ڕۆژهەڵاتم،
من برینی درەوشاوەیی  ئەم پاییزەم
گەرچی زامم گەلێ قووڵە
بەڵام خاکم وڵاتم ورەی  بەرزە و بە سەبورە.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر  -  ٢٣ی سێپتەمبەری  ٢٠١٨

# لێمگەڕێ با کوڵی دڵ هەڵڕێژم



**ڕەسووڵ سوڵتانی**

لێمگەڕێ با کوڵی دڵ هەڵڕێژم
چیی هەمە شادی لەوێ بینێژم
دادە گیان خۆ تۆ گەلێ ئازیز بووی
چ بوو ئەو فیتنەیە وا لێم زیز بووی
دڵی تۆ بۆ دەبوو گەردی بگرێ
بۆ دەبوو شووشە لە بەردی بدرێ
تۆ لە نێو کۆڕی خەبات رووسوور بووی
لە رق و بوغز و درۆ زۆر دوور بووی
باش بوو ئەوجارە لە ژوانگەی یاران
هاتمەوە خزمەتی تۆ وەک جاران
دیدە پڕ لۆمە وەها لێت روانیم
دڵت پڕ کوڵ بوو منیش زوو زانیم
پێت گوتم سەربەقوڕی دەمشڕ بۆ
ناسرەوێ ئەو قەڵەم و زمانەی تۆ

تۆ کە بەو حیزبە وەها دڵگەرمی
بۆ وەها دەمشڕی وا بێشەرمی
وەک بڵێی هاتبێ بۆنی دووری
پێم گوتی گەورەییە بمبووری
تۆ گوتت هیچ نەبووە واز بێنە
شاعیری گەل بە، شیعر بڕەنگێنە
پێم گوتی دادە بە دڵ ئامادەم
قەت لە ڕێبازی خەبات لا نادەم
تۆ لە شیعرو دڵی سوڵتانی دای
تف لە ئەو ماکەرە وا هانی دای
قەولە پێم داوی هەتاکوو مابم
سەر لە پێناوی گەلی خۆما بم
هەر وەفاداری شەهیدی گەل بم
چاوەڕێی دەرفەت و سات و هەل بم
پڕ بە دەم بۆ گەلی خۆم بخوێنم
تۆڵەتان یەک بە هەزار بستێنم
گەرچی زۆر چۆلە هەموو جێگاتان
پاڵەوان درێژە دەدەن ڕێگاتان
هەر بە تین و گوڕە کاروانی خەبات
ناچەمێ بەرزە قەڵای دێموکڕات

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ٢٤ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

# دارەپیرە، لەناو خوێنا



**عەلی بداغی**

**دارەپیرە، لەناو خوێنا**
**ئەم وشانەی هاتە زارا**
**من نامرم**
**لەناو خوێنا ئەژیمەوە**
**وەک چووزەرە و چرۆ لەسەر**
**کۆتەی خۆما دەڕوێمەوە...**

***

**... ئەوان چوون و دوای شینگێڕیی دارە پیرە**
**مقۆ مقۆ کەوتە چیا**
**باڵندەکان هەواڵێکیان بۆ یەک ئەبرد**
**پیرۆزبایی سەرکەوتنیان لە یەک ئەکرد**
**وتم: چییە چ قەوماوە**
**لە دوای مەرگی دارە پیرە چیمان ماوە**

وتیان نابێبیدرکێنین

نهێنییە و ڕەمز و رازە

کاتێچوومە سەر مەزاری دارە پیرە

دیتم رواوە لەسەر کۆتەی

گوپکە و چووزەی چەتری تازە!

(دارە بریندارەکانی قەڵا دوو حەوتوو دوای کارە هونەرییەکەی بەیان سۆهرابی)

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ١ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٨

## بۆ میرزا برایم زێوەی



محەممەدی فەقێ عەلی

لە ناوزەنگ بوو....

....ناسییم!

بوو بە هاوسەنگەر..... ڕێنوێن ....

..........ڕێبەر ... ئێستاش....

بەشێک لە جەستەو ڕوح...

ئازارێکی نەشاردراوە....

هزر و بیرێکی ئاسۆ ئەنگێو

من و ئەو

بە سەر سینەی مێژوی یەکتر ناسینەوە

ئاڵای پیرۆزی شەیدایی وڵاتی خۆرمان

لە ئاستەمترین دووندی خەبات هەڵداوە

ئەو ئۆغربوو....!

بێ ماڵاوا، ئاڵای لە خۆیەوەپێچاوە

منیش ، تەنیا ڕێباز و ڕێگە ی و ئاواتەکانی ئەو و..

درێژەدانیم بۆ جێماوە

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ٤ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٨

# چەند بیرم کردوون!



**ئاسۆ خەبات**

**حەسەنپوور ڕانکە و چۆغەیەکی سووری جوانی هەبوون، هەموو جارێ کە لە بەری دەکردن بە مامۆستا نەسرینم دەگووت: ئەگەر حەسەنپوور مرد ئەو ڕانکە و چۆغانە بدە بە من، شەهید هاوڕێش دەیگووت ڕاست دەکا،**

**پشتێندەکەشی بۆ من! مامۆستا نەسرینیش بەو بزە شیرینەوە دەیگووت: ڕەبی بە قوربانی بن، ئیشاڵا قەتی هیچ لێ نایە، بڕۆن سەر زلی نا، ئیشاڵا قەتی نابینن!.....**

**دنیایەک شۆخی و گاڵتە و گەپی تر.......**

**کە قەلا بۆردوومان کرا گووتیان حەسەنپوور شەهید بووە، وەک داخێکیان بە دڵیەوە نابم، چزەم لێ هەستا، قوڵپێ گریان لە گرووم و چاوم وەک گۆمێکی مەند داوەستان! شۆخی و قسە خۆشەکانم وەبیر دەهاتنەوە، پێکەنین نا، گریانێ دایگرتبووم گریان!**

**دەمگووت من چۆن زەنگ بۆ نەسەی لێدەم، چ بە ژیلوان و ژیواران بڵێم و چۆنیان لە چاوان ڕامێنم! هەر هات و هەواڵی تاڵ و تاڵتر و تاڵتر هاتن! بۆ ئێوارێ گووتیان مامۆستا نەسرین شەهید بووە، ئای لەو کۆستە گەورەیە!**

کوڕ و کچێکی تاقانە، هەموو ژیانیان ئەو دایک و باوکە بوون و ئەویش.... نەمدەزانی خەمی ئەوانم بێ کە بە جێیان هێشتین، یان هی ژیوار و ژیلوانی کە بە جێماون!

لە سەرەخۆشی مامە قالە ڕیشەدا باوشم لە ژیلواندا، بە ئارامی گووتی:

ڕانکە و چۆغەکانیشم هێناون......... مەگەر بەرد بم نەگریم و نەگریم و نەگریمەوە!

تا پتر لە حەڤدەی خەرمانان دوور دەکەوینەوە، ئازاری ئەو خەسارە و کۆچی ئەو پۆلە شەهیدە بە ژان و بە ژانتر دەبێ...

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٨

## تۆ بڵێی...




**کامەران عەبدوڵاهی**

تۆ بڵێی قەت لە یاد بچنەوە ئێوە؟
تۆ بڵێی زامی لەبڕان نەهاتووتان سارێژ بێت؟

تۆ بڵێی تۆڵەتان لە دووژمن بکرێتەوە؟

تۆ بڵێی ئەو ڕۆژە دابێت خووشکی شەهیدانم ڕەشی نەپۆشێت؟

تۆ بڵێی ئەو ڕۆژە دابێت بابی شەهیدانم چی تر پشتی نەچەمێتەوە؟

تۆ بڵێی ئەو ڕۆژە دابێت فرمێسکی دایکی شەهیدانم کۆتایی بێت؟

تۆ بڵێی ئەو ڕۆژە دابێت مناڵ و جگەرگۆشەکانی شەهیدانم سروودی «خوایە وەتەن ئاواکەی »بڵێینەوە؟

تۆ بڵێی ڕۆژێک دابێت پەیکەری ئازادیتیتان لێ درووست بکرێت؟

تۆ بڵێی ڕۆژێک دابێت ئازادیتان بە دیاری بۆبێنەنەوە ؟

تۆ بڵێی...

تۆ بڵێی.. .

تۆ بڵێی...

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٨

# قەلایەک دەکێشمەوە



**فەوزیە سوڵتان بەیگی**

**قەلایەک دەکێشمەوە**

**چراخانی شەهید**

**بەسەر بەرزترین پیتی پێکەنینەوە**

**تۆش خاوەن شکۆ!!**

**لەئەرشیفی دەنگتەوە هەموو رۆژێ**

**بڕازێنەوە هەواڵەکان**

**سوور...**

**سپی....**

**سەوز...**

**قەڵایەک دەنووسمەوە**

**شان بە شانی خۆر**

**پەیڤی هەزار تیشکی بزێو**

**بەلوتکەی شاخەوە" ئەی رەقیب"!!!**

**قەڵایەک دەگێرمەوە**

لە حیکایەتی دایکاندا:

"گورگە شەوێ گورگانە شەوێ

لە خەوی زارۆکان دورۆ کەوێ

بڕوا بڕوا لە چاڵی ڕەشی نەفرەت کەوێ "

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٨

## بمبوورە کە زۆر کەم گریام



خاڵە قازی

دوێشەوێ بێ تۆ دەگەڵ خۆم و دەگەڵ خەم گریام

وەکوو بارانە بەسەر دشت و چیا و چەم گریام

سێبەرم بووی کە تۆ ڕۆیشتی هەور هات و منیش

دەگەڵ ئاسمان و دەگەڵ ئەشک و دەگەڵ تەم گریام

ئەی پەپولە کە لە دەوری گڕی سینەم دەگەڕای
بە بێ باڵی تۆ شەوێ دیکە دەگەڵ شەم گریام

ڕوح و جەستەم لە پەنا جەستە و ڕوحت بوو گوڵم
بە ڕوحی تۆوە کە دوور بۆوە لە جەستەم گریام

سەحەرێک تاجە گوڵی خەوتوو لەسەر مەقبەرەیەک
وەخەبەر هاتبوو ..دیتی وەکوو شەونەم گریام

گەرچی بارانەیی ئەشکم هەموو دەشتی داگرت
بێ تۆ هێشتا کەمە،،، بمبوورە کە زۆر کەم گریام


ڕوحی هەموو شەهیدانمان شاد، تایبەتەن خوشکە سوهەیلا و داوای سەبووری و ئارامیش بۆ کاک مەنسووری ئازیز دەکەم.

------------------------------------

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٨


١٧ی خەرمانان
هاوڕێی شەهید برایم زیوەیی
رووحی شادو ڕێگای خەباتی پڕ ڕێبوار بێ
ڕەحمان نەقشی


١٧ی خەرمانان
هاوڕێی شەهید نەسرین حەدداد
رووحی شادو ڕێگای خەباتی پڕ ڕێبوار بێ
ڕەحمان نەقشی



١٧ی خەرمانان
هاوڕێی شەهید کەریم سەقزی
رووحی شادو ڕێگای خەباتی پڕ ڕێبوار بێ
ڕەحمان نەقشی


١٧ی خەرمانان
هاوڕێی شەهید سوهەیلا قادری
رووحی شادو ڕێگای خەباتی پڕ ڕێبوار بێ
ڕەحمان نەقشی


١٧ی خەرمانان
هاوڕێی شەهید هاشم عەزیزی
رووحی شادو ڕێگای خەباتی پڕ ڕێبوار بێ
ڕەحمان نەقشی


١٧ی خەرمانان
هاوڕێی شەهید ڕەحمان پیرۆتی
رووحی شادو ڕێگای خەباتی پڕ ڕێبوار بێ
ڕەحمان نەقشی


١٧ی خەرمانان
هاوڕێی شەهید عوسمان عوسمانی
رووحی شادو ڕێگای خەباتی پڕ ڕێبوار بێ
ڕەحمان نەقشی


١٧ی خەرمانان
هاوڕێی شەهید محەممەد حەسەن پوور
رووحی شادو ڕێگای خەباتی پڕ ڕێبوار بێ
ڕەحمان نەقشی


١٧ی خەرمانان
هاوڕێی شەهید کەریم ڕەسوولزادە
رووحی شادو ڕێگای خەباتی پڕ ڕێبوار بێ
ڕەحمان نەقشی


١٧ی خەرمانان
هاوڕێی شەهید قادر عێززەتی
رووحی شادو ڕێگای خەباتی پڕ ڕێبوار بێ
ڕەحمان نەقشی


١٧ی خەرمانان
هاوڕێی شەهید پێشەوا سەید عومەر
رووحی شادو ڕێگای خەباتی پڕ ڕێبوار بێ
ڕەحمان نەقشی


١٧ی خەرمانان
هاوڕێی شەهید هاوڕێ شێخانی
رووحی شادو ڕێگای خەباتی پڕ ڕێبوار بێ
ڕەحمان نەقشی


١٧ی خەرمانان
هاوڕێی شەهید مەنسوور ئەکبەری پوور
رووحی شادو ڕێگای خەباتی پڕ ڕێبوار بێ
ڕەحمان نەقشی


١٧ی خەرمانان
هاوڕێی شەهید جەماڵ ئەکبەری
رووحی شادو ڕێگای خەباتی پڕ ڕێبوار بێ
ڕەحمان نەقشی


١٧ی خەرمانان
هاوڕێی شەهید فاروق حەسەن خەبات
رووحی شادو ڕێگای خەباتی پڕ ڕێبوار بێ
ڕەحمان نەقشی


١٧ی خەرمانان
هاوڕێی شەهید موختار قادرپوور
رووحی شادو ڕێگای خەباتی پڕ ڕێبوار بێ
ڕەحمان نەقشی


سڵاو لە شەهیدانی خەرمانانی خوێناوی
کەماڵ ئەحمەدی نژاد
رامین حوسێن پەناهی
زانیار مورادی
لوقمان مورادی
رەحمان نەقشی


شەهیدان سومبولی خۆراگری نەتەوەیەکن
١٣ گوڵاڵە سورەی تازەی حیزبی دێموکراتی کوردستان
کەریم مەهدەوی(کەریم سەقزی)
ابراهیم ابراهیمی(برایم زیوەیی)
نەسرین حەداد
رەحمان پیرۆتی
سوهەیلا قادری
محەممەد حەسەنپور
هاشم عەزیزی
عوسمان عوسمانی
کەریم رەسووڵزادە(مام شێرکۆ)
هاوڕێ کارساز(هاوڕێ شێخانی)
پێشەوا سەید عومەر
جەماڵ ئەکبەری
مەنسوور ئەکبەری پوور
حیزبی دێموکراتی کوردستان
Kurdistan Democratic Party
WWW.TWITTER.COM/KDP1945
WWW.FACEBOOK.COM/KDP1945




**کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: رەحمان نەقشی**

**ڕەزبەری ٢٧١٨ی کوردی - ئۆکتۆبەری ٢٠١٨ی زایینی**

## بۆ هەموو قەڵاکانی نیشتمانم



**شەهلا دەباغی**

لە "دمدم"ەوە هەتا قەڵای وان، دیاربەکر، هەولێر و هەتا قەڵای دێمۆکڕاتان، ڕووباری فرمێسک و خوێنی کورد لە هەورازان شەپۆل دەدا. خوێنی خانی لەپ زێڕین تێکەڵاوی شێخ ڕەزا و شێخ عەبدولسەلام، خوێنی چیای ئارارات تێکەڵی خواکوورک و خوێنی پێشەوا و فوئاد تێکەڵاوی قاسملوو و نەسرین و سۆهەیلا دەبێ.

ڕووبار ڕووبار دەشتی تینووی ئازادی بە خوێنی بەهار، شەهلا، حیسام، هەژار، کاوە، سەلاح و دوکتور جەعفەر و هەزاران هەزار شەهید ئاو دەدرێ و هێشتا ئەم داری ئازادییە نەگەیشتۆتە بەر. قەڵاکانی مێژوومان بە تۆپ وێران دەکرێن و لە سەر خاکەساری شوێنیان قاشقاشە دەڕوێن.

ئاخ قەڵاکانی نیشتمان کە دڵی ئاشق مەسلەکی منتان ڕفاندووە، چاو لە خوێنی سووری ئەمجارەی دڵم بکەن چەند تۆخە. ئاخر دارە مێوەکەی قەڵا بەری گرتبوو و هەر دەنکە ترێیەکی لە یاقوتێکی گرانبەها دەچوو، بۆیە بڕیار درا ئەم دارە مێوە بە سارووخ شەهید بکەن. دەرگا و بانی قەڵام هەر لە کۆشکی شاهی کوردان دەچوو کە ئاڵای کەسک و سووری بە شنەی بای لەسەر بانی دەشکاوە، بۆیە دێوەزمەی خەوتوو بڕیاری دا قەڵا خاپوور بکا.

شاهی کوردان کە ٧٢ ساڵە چاوەکانت لەسەر یەک داناوە، باوەشت بکەوە ئەوە پۆلێک کۆتر بەرەو تۆ دەفڕن. ئەوە

فرمێسکی منن بێ ئامان دەڕژێن لە بۆ وان چاکەسواران، و دڵم هەر چرکەیەک بۆ یەکێکیان دادەکەوێ. نازانم چ لە دڵم بکەم؟ نازانم چۆنی بلاوێنمەوە؟

ئەی دارەمێوی شەهید! ئەی ئالای رەنگین! تۆ بڵێ من چۆن سارێژی برینانم بکەم؟ برین لەسەر برین، شنگال، کۆبانی، کەرکووک، عەفرین، شەریف، قەڵا، رامین، زانیار و لوقمان. ئای لە برینی دڵی من کە چۆن سەریان بەسەر یەکەوە ناوە. ئای لە برینی کۆن و نوێم کە نازانم دەست بەسەر کامیان دابێنم و کامیان سارێژ کەم.

ئاخ قەڵاکانی نیشتمان، بە ڕووخانی ئێوە قەڵای هەست و بیرم دەکەوێتە بەر تیر، بە ڕووخانی ئێوە شکۆ و غروورم بریندار دەبێ. ئەی قەڵاکانی خاکی داگیرکراو کە سەر لە ئاسمان دەسوون، ئەوە دڵی منە هەزار پارچە دەبێ

ئەوە ڕوحی منە دەقەڵشێ، ئەوە جەستەی منە وەبەر تۆپ دەدرێ...

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ١٨ی سێپتەمبەری ٢٠١٨

